٢٥

ڕۆژنامەنووس

گۆڤارێکی وەرزیی تایبەتە بە کولتووری ڕۆژنامەنووسیی
سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان دەریدەکات
ژمارە ٢٥ پاییزی ٢٠١١

- مام جەلال لە ڕۆژنامەی (کۆمبا) دیاریی ژمارە
- پرێسی زەرد.. د. مەغدید سەپان
- چەند تەوەرێکی ڕێکلام... د. ئازاد ڕەمەزان
- ئاوڕێک لە ڕۆژنامەی پێشکەوتن.. د. دلێر ئەحمەد
- خەرجییەکانی گۆڤاری هاوار.. حەمید بەدرخان
- دیداری ژمارە لەگەڵ فەلەکەددین کاکەیی
- ژمارەی متمانەو متمانەی سەندیکا
- بیبلیۆگرافیای گۆڤاری ڕۆژنامەنووس

بە ئیجازەی سەرنووسەر

خاوەن ئیمتیاز

دوای سێیەمین کۆنگرەی سەندیکا، وا ژمارە (٢٥)ی گۆڤاری (رۆژنامەنووس) بەشێوازو ستافێکی تازەوە، دەرچوو، رەنگ بێ بۆ خۆم راوبۆچوونی تایبەتم هەبووبێ لەسەر (رۆژنامەنووس) لە رابردوودا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نکۆڵی لەوە ناکرێ کە گۆڤاری (رۆژنامەنووس) سەرچاوەو ناوەندێکی گرنگی توێژینەوەی بابەتە رۆژنامەوانییەکان بووە.
لێرەدا دەمەوێ دوو را لەسەر رۆژنامەنووس دەربببرم:
یەکەم:/ من لەگەڵ ئەو رایەی بەڕێز سەرنووسەر نیم کە بارستایی و گەورەترین رووبەری رۆژنامەنووس تەنیا بۆ بابەتە (ئەکادیمییەکان) بێ، چونکە رەنگ بێ ئەم کارە زیاتر بۆ ناوەندە ئەکادیمییەکانی راگەیاندن باشە، بابەتی (رۆژنامەنووس) رایەڵێکی زیندووەو هەمیشە لە جووڵەدایە، نەخاسمە تا ئێستا زۆر کەم لەسەر تەکنەلۆژیای راگەیاندن نووسراوە، (رۆژنامەنووس)یش کە گۆڤاری سەندیکای رۆژنامەنووسانە هەقە لەم بوارانەش قسەی هەبێ.
دووەم:/ قەت نابێ ئەوەمان لەبیربچێتەوە کە سەندیکا ناوەندێکی چاپ و بڵاوکردنەوەو وەزارەتی رۆشنبیری نییە، بەرپرسیار بێ لە هەموو جومگەو کوچ و کەلەبەرێکی رۆژنامەنووسی، ئەو گۆڤارە هەقە ئاگایەکیشی لە بابەتە یاساییەکان و کاری رۆژنامەنووسی و ناساندنی ئۆرگانەکانی جیهانی رۆژنامەنووسی و کاری سەندیکایی بێت، جار جارەش پێناسەو بابەتی هەبێ لەمەڕ ئەو ناوەندو سەنترالانەی گرنگی بە بواری رۆژنامەنووسی دەدەن، هەقە بابەتی توێژینەوەی رۆژنامەنووسیی تەنیا هەر (طرح وضرب)ی رۆژنامەنووسی نەبێ، بەڵکو ئاوڕێکیش لەو چەمک و بۆچوون و تیۆریزمانە بداتەوە کە میدیا دەدوێنن، ئەوەی گرنگە رۆژنامەنووس بە خوێن و رۆحێکی تازەوە هاتۆتە مەیدان و هیوادارم سەرکەوتووبێ.

"25"

ژمارە (٢٥) پاییزی ٢٠١١
www.kurdjs.com
rozhnamanoos@yahoo.com
گۆڤاریکی وەرزیی تایبەتە بە کولتووری رۆژنامەنووسیی
سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان دەری دەکات

خاوەن ئیمتیاز:
- ئازاد حەمەدەمین

سەرنووسەر:
- حەمید ئەبوبەکر بەدرخان

جێگری سەرنووسەر:
- هندرێن ئەحمەد

بەڕێوەبەری نووسین
- د. ئازاد عوبێد

سکرتێری نووسین
- عەبدولغەنی عەلی یەحیا

دەستەی نووسەران
- خالید بەکر ئەیوب
- کارزان محەمەد
- سمکۆ بەهرۆز
- بەناز کوێستانی
- سەلام بالایی
- لوتفی شۆڕش
- عەبدولڕەحمان مەعروف

دەستەی راوێژکاران:
- د. مۆفەق دەرگەڵەیی
- د. جەمشید حەیدەری
- د. مەغدید سەپان
- د. نەجاتی عەبدوڵڵا
- د. رەزوان بادینی
- د. هیمدادی حوسێن
- موسەدەق تۆڤی

نوێنەری گۆڤار لە دەرەوە:
- سالمێ جاسم – بەرلین
havibun@gmail.com

نەخشەسازی:
- ئەیوب محەمەد بابەکر

تایپ و هەڵەچن:
- دارا یاسین
- رابەر ئازاد

ناونیشان: هەولێر– شەقامی کوردستان
"شەست مەتری"– گەڕەکی زانیاری

Tel: +964 66 229 4800
Mobile: +964 750 455 5878 سەرنووسەر
E-Mail: bedrxan@yahoo.com

بابەتەکانی ئەم ژمارەیەی

وتەی ژمارە.....	سەرنووسەر	٣
دیاریی ژمارە.....	د. نەجاتی عەبدوڵڵا	٥
پرێسی زەرد.....	د. مەغدید سەپان	١٥
چەند تەوەرێکی رێکلام و.....	د. ئازاد رەمەزان عەلی	٤٣
سەرهەڵدانی رۆژنامەگەریی سریانی.....	مارلین ئۆیشا	٥٥
ئاوڕێک لە رۆژنامەی پێشکەوتن.....	د. دلێر ئەحمەد	٧١
دەفتەری خەرجییەکانی گۆڤاری هاوار.....	حەمید ئەبوبەکر بەدرخان	٨٥
رێژیار.....	ئازاد عەبدولعەزیز	١١٣
بیبلۆگرافیای بڵاوکراوەکانی بزووتنەوەی ئیسلامی.....	ئەحمەد رەنجیار	١٢٧
لەبارەی رۆژنامەگەری کوردی بەزمانی ڕووسی.....	محەمەد خدر مەولود	١٤١
کاریگەریی ڕووداوە سیاسییەکان.....	فوئاد ئەحمەد	١٤٩
راگەیاندنی کوردی لە ڕاپەوی.....	هەڵەت هەمەوەندی	١٥٩
میدیای کوردی لەبەردەم.....	ئاری عەبدوللەتیف	١٦٧
* وێستگەی ڕۆژهەڵات		١٧١
ژمارەی متمانەو متمانەی سەندیکا.....	سەرنووسەر	١٧٣
رۆژنامەڤانی – رۆژنامەنووسان – رۆژنامەنووس.....	خالید بەکر ئەیوب	١٩٤
دیداری رۆژنامەنووسی (فەلەکەددین کاکەیی).....	ئومێد عەلی	١٩٩
بیبلۆگرافیای گۆڤاری رۆژنامەنووس.....	دارا یاسین	٢١٣
گفتوگۆ لەگەڵ (تامان شاکر).....	رۆژنامەنووس	٢٤٩
(حەسەن عەلەوی) لە رۆژنامەنووسدا.....	رۆژنامەنووس	٢٥٧
خوێندنەوەیەک بۆ هەندێ چاپەمەنی.....	رابەر ئازاد	٢٦٩
لە بەریتانیا، خوێندکارێکی کورد، بڕوانامەی دکتۆر وەردەگرێ	سینەم حەمید	٢٧٣
بە تەمەنترین رۆژنامەی زندووی کوردی (ریا تازە).....	سەرباز سیامەند	٢٧٩
ئینسکلۆپیدیای رۆژنامەگەری کوردی.....	هەژار خەیات	٢٨٣
ڕەوەندی بەدرخان.....	ئاسۆ حەیدەری	٢٨٥
بەشی لاتینی ڕۆژهەڵات		
Di pêşxistina zimanê kurdî.....	Emin YLIDRIM	295–326
*هەواڵ و چالاکییەکانی سەندیکا		٣٢٧

ئا:خالید بەکر–جەمال حوسێن

هەواڵنامەی کتێب

و
رۆژنامەنووس

سەرنووسەر

ئەگەر لاپەڕەی بڵاوکراوەکانی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان و یەکێتی رۆژنامەنووسانی کوردستان هەڵبدەینەوە و دەستنیشانیان بکەین، دەتوانین بڵێین سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان، لە ساڵانی ٢٠٠٠ بۆ ٢٠٠٣ توانی (١٢) ژمارە لە گۆڤاری (**رۆژنامەڤانی**) دەربکات و سەرنووسەرەکانی لە ژمارە (١-٧) بەرێز **مومتاز حەیدەری** سەرنووسەری بووە و لە ژمارە (٨-١٢) بەڕێز **زیرەک کەمال** سەرنووسەری ئەو گۆڤارە بووە، جێگای دەستخۆشی و ستایشە، کە زۆر لەخۆبردووانە کاریان کردووە، بە مەبەستی پڕکردنەوەی ئەو کەلێنەی، کە تا ئەوکاتە بڵاوکراوەیەکی تایبەتمەند نەبووە، رۆژنامەنووسان و ئەکادیمییەکان بەرهەم و بابەتەکانی خۆیان تێدا بڵاوبکەنەوە، هەر لەو سەروبەندەشدا یەکێتی رۆژنامەنووسانی کوردستانیش لە ساڵانی ٢٠٠٢ بۆ ٢٠٠٣ گۆڤاری (**رۆژنامەنووسان**)، کە (٣) ژمارەی لێدەرچووە، سەرنووسەرەکەی (**د.مۆفەق دەرگەڵەیی**) بوو، کە ئەمەش لەو کاتەدا جێگای رەزامەندی نووسەران و رۆژنامەنووسان بوو.

لە دوای یەکگرتنەوەی هەردوو شوێنگەی رۆژنامەنووسان (**سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان و یەکێتی رۆژنامەنووسانی کوردستان**) لە ساڵی ٢٠٠٤، گۆڤارێک لەدایک بوو ناونرا «**رۆژنامەنووس**»، کە ئەویشیان بە هەوڵ و ماندووبوونی سەرنووسەرەکەی (**عەبدوڵڵا زەنگەنە**)، کە توانی لە ماوەی ساڵانی ٢٠٠٤ تا ٢٠١١، (٢٤) ژمارەی لێ دەربکات.

کۆی (١٢+٣+٢٤) کە دەکاتە (٣٩) ژمارە لە دەرچواندنی باشترین گۆڤاری رۆژنامەنووسان، کە ئەمڕۆ قوتابیان بە سەرچاوەیەکی گرنگی دەزانن، بۆ دەستەبەرکردنی زانیاری و وێنەی دانسقە و چەندین جاریش بڵاوکراوەی نوێ و کۆنیان بڵاوکراوەتەوە.

گۆڤاری «**رۆژنامەنووس**» بۆ هەموو رۆژنامەنووسانی کوردستانە بە کورد و سریانی و تورکمان و هەموو ئەو رۆژنامەنووسانەشە، کەم تا زۆر لەو بوارەدا خزمەتیان بە کولتووری رۆژنامەنووسی کوردی کردوە، بە تایبەتی (**د.فائق بطي**)، کتێبی (**موسوعه الصحفية الكوردية في العراق**)ی نووسی و بڵاوی کردەوە. لێرەدا و لەو مینبەرەدا دەمەوێ بڵێم گۆڤاری «**رۆژنامەنووس**»، ماڵی هەموو رۆژنامەنووسانە و بۆ هەموو رۆژنامەنووسانە، ماڵێکە دەخوازێ تەلارێک لە وشەو بڵاوکراوە ونبووەکان دروست بکات و لە دەرگای هەموو نووسەر و رۆژنامەنووس و ئەکادیمی و مامۆستانی زانکۆ دەدات.

هەردوو بەشی راگەیاندنی زانکۆی سەلاحەددین و سلێمانی و هەرسێ بەشی راگەیاندنی پەیمانگەی (**هەولێر و سلێمانی**

و دهـۆک) بەســەر دەکاتــەوە، ســنووره دەســتکردەکان دەبڕێ و دەچێتە بەشــەکانی دیکــەی کوردســتان، بەوەش ناوەســتێ و لە حزوری جووتەبــرا (**میقداد و عەبدولڕەحمان بەدرخــان)** کــە سەرنووســەری رۆژنامــەی (**کوردســتان)** بووە لە ١٨٩٨/٤/٢٢. لە قاهیرە لە چاپخانــەی (**دار الهلال)** هاتــە چاپکردن و دەڵێیــن، تا ئێســتا توانیومانە لــە ٣١ ژمارەی کوردســتان (٣٠) ژمــارەی بدۆزرێتەوە تەنیا ژمــارە (١٩) دیــار نییە و پێشــتر بە هەوڵ و هیمەتی د.کەمال فوئاد، کە ســاڵی ١٩٧٢ (٢٦) ژمارەی چاپکراوەتەوە و لە ساڵانی (٢٠٠٥ و ٢٠٠٦) هــەر (٣٠) ژمــارە لە (**تاران و قاهیرە)** دەزگای چــاپ و بڵاوکردنــەوەی بەدرخــان بــە چاپی گەیانــدووە، **دەگەڕێین و دەگەڕێین و دەگەڕێیــن** بۆ ئــەوەی رۆژنامەنووســانی کوردســتان ژمــارەی (١٩) بدۆزنــەوە لــە لاپەڕەکانی (**رۆژنامەنووس)**دا بڵاوی بکەنەوە، هەرچەنــدە نابێ و ناکرێ رۆڵی نووســەر و رۆژنامەنووسانی وەک (**د. مارف خەزنەدار و د. کەمال فوئاد، کەمال مەزهەر و نەوشیروان مستەفا، د. ئازاد عوبێد و د. نەجاتی عەبدوڵڵا و حاجــی عەبدوڵڵا زەنگەنــە و کەنداڵ نەزان و مومتاز حەیــدەری و نەوزاد عەلی ئەحمەد و عومەر شــێخ مــوس و ڕێناس نەورۆزی و بەهار باجــەلان و جەمال خەزنەدار و ڕەفیق ســاڵح و سدیق ســاڵح، د. فەرهاد پیرباڵ و د. هیمدادی حوسێن، ئیسماعیل تەنیا، مالمیسانژ، مەحمــوود لەوەندی)** لەبەر ئــەوەی ناوەکان زۆرن، داوای لێبوردنیــان لێ دەکەین، چونکە ئەوانــە خزمەتێکــی بەرچاویان لــەو بوارەدا پێشکەش بە دنیای رۆژنامەنووسانی کوردی کردووە.

«**رۆژنامەنــووس**»، باوەڕی تــەواوی بە ئازادی ڕادەربڕین و ڕەخنە و ڕەخنە لەخۆگرتن هەیــە و هەرچی بابەتی ئەکادیمی، هەرچەندە دوورودرێژ بێت، بڵاوی دەکاتەوە، مەبەستیش تەنیا گەیاندنی پەیامی «**رۆژنامەنووس**» ئەو لێکۆڵینەوانەیــە، کــە ئەکادیمین و لــە بواری ڕاگەیاندن دەنووســن و زمانزانانی کوردیش وەربگێڕنە سەر زمانانی دیکە.

سەندیکای رۆژنامەنووسان خاوەنی زیاتر لە ٥٠٠٠ پێنج هەزار ئەندامە، ئاخۆ دەکرێ بۆ نەخشەســازی و هەڵەچنــی و تایپ و بابەتی لێکۆڵینەوە پەکی بکەوێ.

«**رۆژنامەنــووس**» کاردەکات بــۆ ئەوەی گۆڤارەکــەی ببێتــە گۆڤارێکــی زانســتی و ئەکادیمــی لە هــەوڵ دایە لەگــەڵ زانکۆکانی کوردســتان هەماهەنگی بکات، هەرچی زووە لە لایــەن ئەوانەوە، بە تایبەت مامۆســتایانی بەشــی ڕاگەیاندنــی زانکۆکانــی کوردســتان دەتوانن بەرهەمەکانیان تێدا بڵاوبکەنەوە.

لێــرەدا دەخــوازم و ڕووی پرســیار لــە هەمــوو ئەو کەســانە بکەم، کە لــەو بوارەدا کاریان کــردووە، هەرچی زووە بە دوای ئەو بڵاوکراوەنــەدا بچن و لە هــەر کوێیەکی ئەم دنیایە دایە، بیدۆزنەوە و چاپ و بڵاوبکرێتەوە، هەرچەنــدە پتر لە مانگێک لــە وڵاتی نەرویج، لە شــارۆچکەی (**هۆنە فۆس**) کتێبی (**زەبوری حەقیقەت**)م دۆزییەوە، کە (٢٠٩٢) لاپەڕەیە، بە قەبارەی (٣٣سم×٢١سم)ە، کە دەستنووسێکی کــوردی یارســانەکانە (**کاکەییــەکان**)، کــە لە ئەشکەوتی کرماشــان لە لایەن (**یار موراد خەلیفە**)وە نووســراوەتەوە، لە ســاڵی (**١٣١٣ قەمــەری**) و لــەم ژمارەیەدا بــە دیاری چەند لاپەڕەیەکــی بــڵاو دەکەینەوە، بــا هەوڵەکانی رۆژنامەنووســان، ئەوانەی لــەو بوارەدا کار دەکەن، چڕبکەینەوە و خۆمان خەریک بکەین بــە دنیــای کولتــووری رۆژنامەنووســی و دەســەڵاتی کوردیش هەراســان بکەین بۆ لە چاپدانی ئەو بڵاۆک و دەستنووس و بەڵگەنامە کوردییانــەی کــە دەدۆزرێنــەوە. چونکە ئەو بڵاوکراوە کۆنانە، سامانی نەتەوەیی و مولکی کەسی نییە، تەنیا مولکی گەلی کوردە.

لەژمــارە (٢٥)ی (**رۆژنامەنــووس**)ی ئەمجارەشدا هەندێ گۆڕانکاریمان کردووە، بۆ ئەوەی زیاتر بچینە نێو دنیای رۆژنامەنووسانی جیهانی. بۆیە لەم ژمارەیە دا بەشی لاتینیمان زیــاد کردووە، هەر جارەی بابەتێک یا دووان بڵاودەکەینەوە، بە هیواین رۆژنامەنووســانی پارچەکانی دیکەی کوردستانیش سوودی لێ وەربگرن.

دیاریی
ژمارە

هەوالنامەی کتێب

لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی وەزارەتی دەرەوەی فرانسادا:

دیمانەیەکی گرنگی ڕۆژنامەوانیی مام جەلال لە پاریس بەر لە نیو سەدە

ڕۆژنامەی «کۆمبا»، پێنجشەممە، ٢٠ ی حوزەیرانی ١٩٦٣

وەرگێڕانی لە فڕانسییەوە: د. نەجاتی عەبدوڵڵا

پێشەکی:

ئەم دیمانەیە ڕۆژنامەوانییەی فەخامەتی مام جەلال ڕۆژی پێنجشەممەی حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٣ لە ڕۆژنامەی فرەنسی (کۆمبا) واتە (خەبات) بە فرەنسی لە پاریس بڵاوکراوەتەوە و دواتر لەبەر گرنگی دیمانەکە وەزارەتی دەرەوەی فرانسا تایپی کردۆتەوە و بۆ کاری تایبەتیی خۆیان لەناو دۆسییەی تایبەت بە عێراق هەڵیانگرتووە و دوو ڕۆژ دواتر ڕۆژنامەی (La Presse) ی تووسی دەقی چاوپێکەوتنەکەی بە فرەنسی دووبارە لە تووس بڵاوکردۆتەوە، کە ئەمە وای لە باڵوێزخانەی فرانسا لە تووس کردووە کە بە نامەی نهێنی وەزارەتی دەرەوەی فرانسا لە دووبارە بڵاوکردنەوەی ئەم دیمانەیە گرنگەی مام جەلال ئاگاداربکاتەوە. شایانی گوتنە لەناو بەڵگەنامە و دەستاوێژەکانی وەزارەتی دەرەوەی فرانسادا لەناو زۆرێک لەو بەڵگەنامانەی کە تایبەتن بە مام جەلال و لە ڕووی بڕێک لە ڕۆژنامە فرەنسییەکانەوە وەرگیراون و لەبارەی سەفەری حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٣ ی مام جەلال بۆ پاریس نووسیوویانە زۆر بە سەرسامییەوە باسی کەسایەتیی مام جەلال دەکەن و بە کەسێکی «وشیار، ئاشکرا و ورد»، و بەناوی کۆلۆنێل تاڵەبانی ناویان بردووە. جێگەی خۆشحاڵییە کە ڕەنگە مام جەلال، یەکێک لەو سەرکردە دەگمەنە جیهانییانە بێت، کە هەم تەمەن و هەم خەباتی دوورودرێژ و بێوچانی ڕێگەی پێدا بێت کە هێشتا خۆی لە ژیاندا مابێ، کەچی بەڵگەنامە و دەستاوێژە نهێنییەکانی ئەرشیڤخانەیەکی گەورە و دەوڵەمەندی وەکو وەزارەتی دەرەوەی فرانسا کۆمەڵێکی زۆر بەڵگەنامەی نهێنی لەبارەی ئەم کەسایەتییە سیاسییە بەخۆوەگرتبێت، چونکە هیچ بەڵگەنامەیەک لە ئەرشیڤی وەزارەتی دەرەوە ئەگەر بە لای کەمییەوە ٣٠ ساڵی بەسەردا ڕەتنەبێت ناخرێتە بەردەست تۆژەرەوان و مێژوونووسان. وەرگێڕی ئەم دیمانەیە کە ماوەیەکی دوورودرێژە لەناو بەڵگەنامەکانی وەزارەتی دەرەوەی فرانسا گەڕاوە کۆمەڵێکی زۆر بەڵگەنامە و دەستاوێژی نهێنی زۆر گرنگ و سەرنجڕاکێشەری لەبارەی مام جەلال دۆزیوەتەوە و هەمووشیان دەمێکە کراون بە کوردی و لە ئایندەیەکی نزیکدا بە پێشەکی و تێبینی تێروتەسەل لە کتێبێکی سەربەخۆیدا بڵاودەکرێنەوە و وەکو دیارییەکی بچووک پێشکەشی بە خەباتی شەست ساڵەی زیاتری ئەم سەرکردەیە گەورەیەی کورد دەکرێت.

« بـۆ خەبـات لـە پێنـاو بوونی خـۆی، گەلی کـورد ناچارە هەمـوو یارمەتییەک کە پێشکەشـی بکرێ بۆ مانەوەی خۆی قەبوولّـی بکات، کۆلۆنیّل تالّەبانی، نوێنـەری ژێنێرال بارزانی و سەرکردەی گشـتیی سوپای شۆڕشگێڕی کورد، ئاوەها بە ڕۆژنامەی « کۆمبا» ی ڕاگەیاند».

(وتەکە لە لایەن ژان پییّر کۆرنێت وەرگیراوە)

کۆلۆنیّل تالّەبانی هەر لەسەرەتای شۆڕشی کوردەوە، لە پێش دوو سالّدا، یەکێک لە دڵسۆزترین پالّپشتەکانی ژێنێرالّ بارزانی بووە. دوای ئەوەی سـەرکردایەتی دوانزە هەزار پێشمەرگەی کـردووە لە بەرەکانی جەنگ دژ بە سـوپای قاسـم، کۆلۆنیّل تالّەبانی سـەرۆکی وەفدی دەستکراوە بووە بۆ وتوێژ لەگەڵ حکومەتی بەغدا دەربـارەی قەوارەیەکی ئۆتۆنۆمی ناوخۆیی بۆ کوردستان.

دەوروبـەری ٣٥ سـالّی تەمـەن، وشـیار، ئاشـکرا و ورد، کۆلۆنیّل تالّەبانی بەشـێوەیەکی نایاب ئامانج و خواستەکانی گەلی کـوردی بۆ دەستنیشـان کردین. تالّەبانی پێشـوازی لـە ڕۆژنامـەی (کۆمبا) کرد، یەکەمیـن ڕۆژنامەیەک کە بۆ سـەلماندنی ناوەکەی دەسـتیکردووە بە خەبـات لە پێناو سەرکەوتنی پرسێکی دادپەروەرانە.

*** پرسـیار: ئامانجی ئێوە لە سەردانیکردنی قاهیرە و ئەوروپا چی بوو؟**

– وەڵام: قاهیرە ئامانجی سەرەکی سەردانەکەم بوو، پێویست بوو ڕووە حەقیقەتەکانی کێشەکەی خۆمان بۆ سـەرۆک ناسر بخەینە ڕوو.، لە قاهیرە چووم بۆ بەیرووت و ویستم بگەڕێمەوە بۆ بەغدا بەڵام لەوکاتە زانیـم کەوا تـەواوی ئەندامەکانی وەفـدی کوردی کە هاتبـوون بۆ بەغدا بۆ مفاوەزە لەگەڵ حکومەتی عێراقی لە هۆتێلێکدا گیراون و لەژێر چاوەدێری پۆلیس دان.

لەم ڕەوشـەدا پارتی دیموکراتی کوردستان و ژێنێرال مسـتەفا بارزانی داوایان لێکردم سـەردانی ئەوروپا بۆ دروسـتکردنی پێوەندی لەگـەڵ ڕۆژنامـەکان، ناوەندە کوردییەکان و ڕەوشـی ئێسـتەی گەلەکەمـان بۆ ڕای گشـتی ڕوون بکەمـەوە. بۆ سـەرۆک ناسـر وتارێکی لەبـارەی داخوازییەکانمـان پێشکەشـکرد، بـە تەواوی تێبینـی ئـەوەم بۆ کرد کـەوا گەلی کـورد دژایەتی گەلی عەرەب ناکات و بیرۆکەی جیابوونەوەی لا نییە، ئەوەی کە ئێمـە داوای دەکەین ئۆتۆنۆمییەکە لە چوارچێوەی عێراق و ئەگـەر حکومەتی عێراقی دان بە ئۆتۆنۆمی گەلی کورد دابنێ ئەوا دەوڵەتی عێراق بەوە بەهێزتر دەبێت.

سـەرۆک ناسـر داوایەکانی ئێمە عەقلانە بینی و ئامـۆژگاری کردم کە هەوڵبدرێ چارەسـەرێکی

ئاشتیانە بدۆزرێتەوە. سەرۆک ناسر جارێکی دیکە گوتی کە پشتیوانی لە هەموو چارەسەرێک دەکەم کە زامنی دۆستایەتی و ڕێکەوتن بێت لەنێوان کورد و عەرەب لە چوارچێوەی عێراقدا.

*** پرسیار: چ پێوەندییەک لەنێوان کوردەکان و کۆمپانیای نەوتی عێراقدا هەیە؟ ئێوە وادیارە پێتان وایە کەوا کۆمپانیای نەوتی عێراقی دانی بە پرسی نەتەوایەتی کورد ناوە؟**

– وەڵام: پێویستە ئەوە ڕوونبکەمەوە کەوا کوردەکان خاوەنداری چاڵە نەوتەکانن کە لە دەوروبەری کەرکووک تا عێنزالە و خانەقی دا هەن و کۆمپانیا نەوتییەکان دەریدەهێنن. پێوەندی ئێمە لەگەڵ کۆمپانیای نەوتی عێراق ئاسایی نییە، بەو مانایە کەوا وێرای ئەوەی ئێمە خاوەنی ئەم بیرە نەوتانەین، کەچی دوژمنەکانمان داهاتەکە و حەقی ئیمتیازەکەی وەردەگرن.ئەم ڕەوشە پێویستە ڕاستبکرێتەوە. ئەگەر کۆمپیانییەکان ئاگاداری ئەو خەباتە بن کەوا گەلی کورد دەیکات قەبوواڵیان نەدەکرد حەقی ئیمتیاز بە حکومەتی بەغدا بدەن، کە بۆ کڕینی چەکسازی، تێکدانی ئاواییەکانمان، شارەکانمان، کولتوورمان و قەتڵوعامکردنی ژن و منداڵەکانمان بەکاری دەهێنێ.

هەر کاتێک ڕەوشەکە ئاسایی بۆوە، ئێمە بڕیارمان داوە ڕێز لە مافی کۆمپانیا نەوتییەکان بگرین. ئێمە ئێستەکە بڕیارمان داوە لە کۆمپانیای نەوتی عێراق بگەینین کە دەبێ ڕێز لە مافەکانی خاوەنداریتی بگرێ.، ئێمە ناتوانین هەرگیز ئەوە قەبووڵ بکەین کە ئەم داهاتی نەوتانە ببێ بە تانک، بۆمباهاوێژ و هتد.... ئەوە پێچەوانەی دادپەروەری و ئاڕاستەی دروستی ئەوەیە کە ئەم پارەیە، لە بریتی ئەوەی ڕووناکی، ئاوەدانی و پێشکەوتنمان بۆ بهێنێ کەچی بەکاربهێنرێ بۆ تێک و پێکشکاندنی ئێمە.

*** پرسیار: کاردانەوەی ئێوە چییە لە بەرامبەر هەڵوێستی تازەی یەکێتی شوورەوی لە بەرانبەر ئێوەدا؟**

– وەڵام: ئەم شەڕە بۆ ئێمە شەڕی مان و نەمانە.، دوژمن نەک هەر تەنها هەڕەشە لە پێشمەرگەمان دەکات، بەڵکو هەڕەشە هەتا لە بوونی نەتەوەکەشمان دەکات. ئێستەکە ١٥٠٠٠٠ کورد ناچارکراون کەرکووک و ئاواییەکانی دەوروبەری بەجێبهێڵن. سەرباری ئەوە بەڕێز میشێل عەفلەق بەناوی حزبی بەعسەوە ڕایگەیاندووە کە: «ئێمە دەمانەوێ گەلی کورد بکەین بە عەرەب». وەک چۆن گەلی کورد ناچارە خەبات لە پێناو بوونی خۆی بکات، بۆیە ئێمە پێشوازی لە هەموو یارمەیتیەک دەکەین کە پێشەشکمان بکرێ. وەک ئەوەی ئێمە گەلێکی دیموکراتخواز و ئاشتیخوازین و کۆمەنیست نین، ئێمە داوای یارمەتیی لە هەموو گەلانی جیهان دەکەین. ئەو ڕۆژەی کە کوردەکان مافی خۆیان دەستێنن، ئێمە قەناعەتمان وایە کەوا ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست توخمێکی نوێی سەقامگیری بۆ دەبێ.

هێشتا جارێکی دیکە، چونکە ئێمە بۆ مانەوەی خۆمان خەبات دەکەین، هیچ هۆیەکمان نییە بۆ بەچاوسووککردنی ئەو یارمەتییەی کە پێشکەشمان دەکرێ. ئێمە هەروەها ناشاد نین بەوەی کەوا ڕووسەکان ئەو قەسەوەت و وەحشیگەرایەتییە ڕیسوا دەکەن کەوا دەسەڵاتکارنی بەغدا دژ بە گەلەکەمان پیادەی دەکەن و ئێمە دەزانین کەوا ئێمە لەبەرامبەر بەیاننامەی ئەوان هیچمان نییە پێشکەشیان بکەین...

*** پرسیار: ئایا عێراق چەکی لە بریتانیاوە بەدەست گەیشتووە؟**

– وەڵام: بریتانیا چەک و چۆڵ بە حکومەتی بەغدا دەدا و بە تایبەتی بۆمباهاوێژ و ڕاهێنەری ئینگلیز بۆ دەستپێکردنی هێزەکانی ماریشال عارف بۆ بەکارهێنانی ئەم چەکانە ڕەوانەکراون.

*** پرسیار: هەڵوێستی ئێران لەبەرانبەر ئێوە چییە؟**

– وەڵام: من وا هەستدەکەم کە ئامۆزا ئێرانییەکانمان بۆ ئێمە هەڵوێستێکی تێگەیشتوویان هەیە، چونکە مەسەلەی دادپەروەرانەیە و لەبەر ئەوەیش کەوا تاران دژی پان-عەربیزمی لە چەشنی بەعسیستە.

*** پرسیار: .....ئەی گەلی تورک؟**

– **وەلام:** دەمانــەوێ بــە تورکــەکان بڵێیــن کە ئێمــە براین و ئەگەر کــوردەکان مافی خۆیان وەدەســت بهێنــن، تەنهــا قازانجبەخــش دەبێ نەوەکا زیانبەخش بۆ گەلی تورک، کە هاوســێی عەقڵانی دەبێ نەک موتەحەمیسی بەعسیست.

*** پرســیار: چ دەگێڕیتــەوە لــە بــارەی گەشــتی مانەوەتان لە فرانسا؟**

– **وەلام:** ئــەو پێوەندیــەی کــە لەگــەڵ گەلــی نەجیبــزادەی فرانســا بــووم، لەگــەڵ ڕۆژنامەوانــەکان، لەگــەڵ ناوەنــدە جیاجیایــەکان قەناعەتیان پێکردم کەوا یارمەتــی مەعنەوی کە پێشکەشــیان کردین بەهایەکــی ئەوهێندە گەورەی هەیــە کە ناکرێ بە هیچ کۆمەکییەکی ماددی پێوانە بکــرێ. ئەم کۆمەکییە مەعنەوییــە گەلــی کورد لــە خەباتی خۆیدا بەهێز دەکات. بەخشــندەیی و تێگەیشتنێک کە من لە فرانسا بینیم لە ئاوات و خەونی من تێپەریان کرد.

هەواڵنامەی کێبڕکێ

پاشبار
وەزارەتی کاروباری هەندەران
شیفرە خوێندنەوە

تووس، ۲۲ ی حوزەیرانی ۱۹٦۳
ڕۆژی ۲۲ ی حوزەیران کاتژمێر ۲۱ و ۱۵ خولەک گەیشتووە.

۱۹۰۷ NR
ڕێگە بەخۆم دەدەم ئاماژە بۆ وەزارەتی دەرەوە بکەم کەوا چاوپێکەوتنێکی سەرنجراکێش لەبارەی کێشەی عێراقی–کوردی کە لەگەڵ بەڕێز تاڵەبانی کراوە و لــە ڕۆژنامەی (Combat) بڵاوبۆتــەوە و ئەمڕۆ دووبارە لە ڕۆژنامەی تووسیی (La Presse) دا بڵاوکراوەتەوە.

سۆفگانگروس

- COMBAT - Jeudi 20 juin 1963 -

CONTRAINT A LUTTER POUR SON EXISTENCE MEME, LE PEUPLE KURDE ACCEPTE TOUTE AIDE QUI LUI PERMETTRA DE SURVIVRE, déclare à "Combat" le colonel TALABANI, adjoint du Général BARZANI, commandant en chef de l'armée révolutionnaire kurde.

(propos recueillis par Jean-Pierre CORNET)

Le colonel TALABANI a été, dès le début de la révolte kurde, il y a deux ans, l'un des plus fidèles soutiens du Général BARZANI. Après avoir commandé douze mille hommes sur le front, contre les troupes de KASSEM, le colonel TALABANI a été chef de la délégation kurde habilitée à négocier avec le Gouvernement de Bagdad un statut d'autonomie interne pour le Kurdistan.

Agé de 35 ans environ, vif, clair et précis, le colonel TALABANI nous a défini admirablement les buts et les aspirations du peuple kurde. Il a salué en "Combat" le premie journal qui, justifiant son titre, ait commencé la lutte pour le triomphe d'une cause juste.

Q.- <u>Quel était le but de votre voyage au Caire et en Europe ?</u>

R.- Le Caire était le but essentiel de mon voyage ; il était nécessaire d'exposer au Président NASSER les données réelles de notre problème ; du Caire je me suis rendu à Beyrouth ; je voulais rentrer à Bagdad, mais j'ai appris à temps que tous les membres de la délégation kurde venus à Bagdad pour négocier avec le gouvernement irakien se trouvaient aux arrêts dans leur hôtel sous la surveillance de la police.

.../

Dans ces conditions, le parti démocratique du Kurdistan et le Général Mustapha BARZANI m'ont prié de me rendre en Europe pour prendre contact avec la presse, les milieux kurdes et éclairer l'opinion publique sur la situation actuelle de notre peuple.

J'ai fait au Président NASSER un exposé sur nos revendications, je lui ai bien fait remarquer que le peuple kurde ne se dressait pas contre le peuple arabe et qu'il ne nourrissait pas d'idées séparatistes ; que nous demandons une autonomie dans le cadre de l'Irak et que, si le Gouvernement irakien reconnaissait le droit à l'autonomie du peuple kurde (N.D.L.R. : et il avait promis qu'il le ferait...) l'Etat irakien serait en fait plus fort.

Le Président NASSER a trouvé raisonnable notre demande et m'a conseillé d'essayer d'obtenir une solution pacifique. J'appuie, a encore dit le Président NASSER, toute solution qui assurera l'amitié et l'entente entre Kurdes et Arabes dans le cadre de l'Irak.

Q.- <u>Quels sont les rapports entre les Kurdes et l'Irak Petroleum Company ? Vous semble-t-il que l'IPC ait pris conscience du fait national kurde ?</u>

R.- Je dois préciser que les Kurdes sont les propriétaires des puits de pétrole qui se trouvent dans les environs de Kirkouk à Aïn-Zalla et à Khanékin et que les compagnies de pétrole les exploitent. Nos relations avec l'IPC ne sont pas normales, en ce sens que bien que nous soyons les propriétair de ces puits, nos ennemis en touchent les revenus, les royalti Cet état de choses mérite d'être corrigé. Si les sociétés avaient pris conscience de la lutte que mène le peuple kurde,

.../

elles n'auraient pas accepté de verser des royalties au Gouvernement de Bagdad, qui les utilise pour acheter de l'armement, détruire nos villages, nos cités, nos cultures et massacrer nos femmes et nos enfants.

Une fois la situation normalisée, nous sommes décidés à respecter les droits des sociétés pétrolières. Nous sommes pour l'instant décidés à faire comprendre à l'I.P.C. qu'elle doit respecter les droits des propriétaires ; nous ne pourrons pas éternellement admettre que ces revenus se transforment en tanks, bombardiers, etc... Il est contraire à la justice et au bon sens que cet argent, au lieu de nous apporter la lumière, la prospérité et le progrès soit utilisé pour notre destruction.

Q.- Quelle est votre réaction face à l'attitude récente de l'U.R.S.S. à votre égard ?

R.- Cette guerre est pour nous une guerre de survie ou de mort ; elle menace, non seulement des combattants, mais l'existence même de notre nation. Actuellement, 150.000 Kurdes sont obligés d'évacuer Kirkouk et les villages environnants. Au reste, M. Michel AFLAK a déclaré, au nom du Baath : "Nous devons arabiser le peuple kurde". Comme le peuple kurde est acculé à lutter pour son existence, nous saluons toute aide qui nous est accordée. Comme nous sommes un peuple démocratique et pacifique et que nous ne sommes pas des communistes, nous demandons l'aide de tous les peuples du monde. Le jour où les Kurdes obtiendront leurs droits, nous sommes convaincus que le Moyen-Orient aura un nouvel élément de stabilité.

Encore une fois, puisque nous luttons pour notre survie, nous n'avons aucune raison de mépriser l'aide que l'on peut nous accorder. Nous ne sommes pas mécontents non plus que les Russes stigmatisent la cruauté et la bestialité exercées

.../

par les dirigeants de Bagdad contre notre peuple ; et nous savons que nous n'avions rien à offrir aux Russes en échange de leur déclaration...

Q.- L'Irak a-t-il reçu des armes du Royaume-Uni ?

R.- Le Royaume-Uni livre des armements au Gouvernement de Bagdad, et en particulier des bombardiers, des instructeurs anglais ont été envoyés pour initier les troupes du Maréchal A.F à l'usage de ces armements.

Q.- Quelle est l'attitude de l'Iran à votre égard ?

R.- J'ai l'impression que nos cousins iraniens ont pour nous une attitude de compréhension, parce que notre cause est juste, et parce que Téhéran est contre le pan-arabisme de type baathiste.

Q.- ... et le peuple turc ?

R.- Nous voulons dire aux Turcs que nous sommes leurs frères ; si les Kurdes obtiennent leurs droits, ce fait ne peut être que profitable et non préjudiciable au peuple turc qui aurait des voisins raisonnables plutôt que des excités baathistes.

Q.- Que rapporterez-vous de votre séjour en France ?

R.- Le contact que j'ai eu avec le noble peuple de France, avec les journalistes, avec différents milieux m'a convaincu que l'aide morale qui nous est apportée est d'une valeur si grande qu'elle ne peut être mesurée avec aucun matériel. Cette aide morale renforce le peuple kurde dans sa lutte. La générosité et la compréhension que j'ai rencontrées en France ont dépassé mes souhaits et mes rêves./.

پرێسی زەرد - Yellow Press

مێژووی سەرهەڵدان و قۆناغی ئێستای
(پرێسی کوردی و سوێدی وەک نموونە)

د. مەغدید خدر ئەحمەد سەپان*

پێشەکی:

لەپاش راپەڕینی بەهاری ١٩٩١، لە کوردستان دەرگای مەزن بۆ راگەیاندنی ئازاد کرایەوە و بۆ یەکەمجار کورد لە مێژووی خۆی، لە یەک کات و لەیەک شار، توانی ببێتە خاوەن کۆمەڵێک ڕۆژنامە و گۆڤار، ئێزگەی ڕادیۆ و کەنالی تەلەفزیۆن، لە ڕێگای ئەم دەزگا حزبییانەی ڕاگەیاندنیشەوە، تواندرا کادری نوێ پەروەردە بکرێ و ڕێگا بۆ ڕاگەیاندنی ئەهلی خۆش بکرێ. ئەم هەنگاوانەی سەرەوە، زەمینەیەکی لەباریان بۆ لەدایکبوونی پرێسی زەرد لە کوردستان ڕەخساند.

هەبوونی پرێسی زەرد لەهەر ولاتێک، دەکاتە ئەوەی، لەو ولاتە هەڵبژاردن ئەنجام دەدرێ و کەم تا زۆر سیستێمی دیموکراتییەت بۆ بەڕێوەبردنی ولات پەیڕەو دەکرێ و ڕۆژنامەنووس ناترسێ، گوتاری ڕەخنەگرانە دژ بە دەستەڵات و حزب و حکومەت بنووسێ.

توێژینەوەی ئێمە بەناوی: (پرێسی زەرد Yellow Press - مێژووی سەرهەڵدان و قۆناغی ئێستای) هەوڵێکە و جاری یەکەمە لە ڕۆژنامەگەریی کوردی بەو شێوە تیۆرییە لەسەری دەنووسرێ.

گرنگی ئەو بابەتە لەوەدایە، بابەتێکی هەنووکەییە و بۆ ڕاگەیاندنی کوردی زۆر پێویستە بەتایبەتیش، کە تا ئێستا لێکۆڵینەوەی زانستی یان گوتاری دربڕ لەسەر پرێسی زەرد بەزمانی کوردی بڵاونەکراونەتەوە. ئامانج لەم توێژینەوە: خزمەتکردنی ڕۆژنامەنووسی کوردییە و هەنگاوێکی باشە بۆ بە پسپۆر کردنی.

ئـەم توێژینەوەیـە لـە پێشـەکی و دوو بەش لەگەڵ ئەنجام و لیسـتی سـەرچاوەکان پێکهاتووە. لە بەشـی یەکەم، تیشک خراوەتە سـەر مێژووی سـەرهەڵدان و گەشەسەندنی پرێسـی زەرد لـە جیهانـدا. لە بەشـی دووەم باس لە مێژووی پەیدابوونی پرێسی زەرد لە کوردسـتان دەکات. لێرە باس لـە ناوەڕۆکی سـێ بڵاوکـراوەی کـوردی: (هەفتەنامـەی رووداو)، (رۆژنامـەی هاوڵاتـی) لەگـەڵ (گۆڤاری لقین) دەکات. هەر لە بەشی دووەم، بۆ زیاتر تێگەیشـتن لە پرێسـی زەرد، وڵاتی سوێدمان وەک نموونە هێناوەتەوە. لەوێندەر دوو رۆژنامـە AFTONBLADET لەگـەڵ SVENSKA DAGBLADET باس کراون و سوود لە ناوەڕۆکیان وەرگیراوە.

مێتـۆدی تیۆریـای شـیکردنەوەی رۆژنامەگـەری، لـەم توێژینەوەیـە بـەکار هاتووە و بۆ نووسینیشی سوود لە کۆمەڵێک سـەرچاوەی گرنگ بـە زمانەکانی: روسـی، سـوێدی، ئینگلیـزی و کـوردی وەرگیراوە و ئـەو نموونانەی بەکار هێنـدراون، هەموویان لـە زمانی یەکەم، لە رۆژنامـە و گۆڤارەکانی کوردی سوێدی وەرگیراون.

بەشی یەکەم
مێژووی سەرهەڵدان و گەشەسەندنی پرێسی زەرد

١- ١ پێناسەی پرێسی زەرد:

پرێسی زەرد - Yellow Press - تابلۆید:

بە رۆژنامەگەری زەرد، ڕاگەیاندن یان میدیای زەردیـش بەناوبانگـە. جیـاوازی راگەیاندنی کلاسـیک لەگەڵ پرێسـی زەرد لە: ناوەڕۆکی بابـەت، چۆنێتـی داڕشـتنی تێکسـت، دانانی سـەردێر، وێنە، هەڵبژاردنـی بابەت، گوتار و نەخشەسـازی تایبەتـە، بۆئـەوەی زۆرترین دانـە و ژمـارەی لێبفرۆشـرێ و تیـراژی رۆژنامـە یـان ئـەو گۆڤـار بەرزبکرێتـەوە، ئەگەرچـی بەردەوامیش هـەوڵ و ڕووداو و کارەساتەکان زیاد لە پێویست گەورە دەکرێن و زەق دەکرێنەوە.

پرێسـی زەرد: زاراوێکـە بـەو رۆژنامانـە - هەوڵنامانـە- (رۆژنامـە و گۆڤـار) دەوترێ، کە تایبەتمەندە لە بڵاوکردنەوەی دەنگوباسی هەژێـن، بێ گوێدانە بەهای بـەلای مرۆڤەوە، ئـەو دەنگوباسـانەیە کە گفتوگـۆ لەئارەزوو بازییەکانـی مرۆڤ دەکات، بۆیـە تەنها بایەخ بـە ئابڕووبـردن و دەنگوباسـی رەگەزبازی و تـاوان و ژیانـی زۆر تایبەتیـی ناسـراوان دەدات.«١»

پرێسـی زەرد: بـاس لـە سـێکس، کوشـتن، خۆهەڵکێشان، باسکردنی ژیانی تایبەت لەگەڵ ئەو بابەتانەی خەڵک ئارەزووی خوێندنەوەیان دەکات، بێ ئەوەی بیر لە لایەنی ئەخلاقی یان کەموکورتییەکان بکرێتەوە، لەسـەر لاپەرەکان، وەک پرێسـی زەرد ناسران و بڵاودەکرانەوە و لەبازاڕ دەفرۆشران.«٢»

پرێسـی زەرد: زۆر لـەو مێتۆدانـەی بـۆ وەدەستهێنانی زانیاری و نووسین کەلە کۆتایی سەدەی نۆزدە بەکار دەهات و لە پرێسی زەرد بڵاودەکرانەوە، گومانی پشتگوێخستنی لایەنی ئەخلاقییان لێدەکـرا. بەتایبەتیش بابەخدان بە هەواڵ و زانیاری ئاراستەکراو بۆ بیر و هۆش و سەردێرە زەق و بەترسەکان.«٣»

پرێسـی زەرد: راگەیاندنێکی کۆنەپەرستانەی بورژوازی پڕفرۆشـە، بـە ئامانجی وەرگرتن و بڵاوکردنـەوە و بەدواداچوونـی هـەواڵ و زانیـاری ئاراسـتەکراو (سێنساسـیۆن)ی، ناڕاسـت و دروسـتکراو، کرۆنیکای حەیابەر (سـکاندالی)، شـێواندنی فاکـت، تایبـەت بـە ژیانـی تایبەتی خەڵکی بەناوبانـگ لە کۆتایی سـەدەی نۆزدە لە ئەمریکا لە سالی ١٨٩٥ لە رۆژنامەکانی نیویۆرک پەیدابوو.«٤»

پرێسی زەرد: بریتییە لە بەکارهێنانی ڕاپۆرتی بریقەدار و وروژێنراو بۆ ڕاکێشانی سەرنجی خوێنـەر و زیادکردنی تیـراژ. زاراوەکە لە لە ١٨٩٠ دا بـۆ وەسـفکردنی پێشـبڕکێی نێوان دوو رۆژنامـە لـە نیـۆ یـۆرک، (World) و (Journal) داهێنراوە. هەندێ لە تەکنیکەکانی لەلایەن ئەم دوو رۆژنامەیەوە بەکارهێنراون، بـوون بـە سـیمایەکی راسـتەقینە و دایمـی

ڕۆژنامەنووسی، لەوانە دانانی سەردێڕە گرافیکییەکان(banner headlines)، کۆمیکی ڕەنگی(colored comics)، و وێنەی زۆر.«٥»

پرێس زەرد: ئەم جۆرەی ڕۆژنامەنووسی لە دەیەکانی(١٨٩٠- ١٨٨٠) لە ئەمریکا پەرەی سەند، بەڵام ریشەکەی دەگەڕێتەوە بۆ چاپەمەنی بچووکە، کە بەنموونە ڕۆژنامەی (New York Sun) ناسراوە و لەلایەن (Benjamin Day) لە ساڵی ١٨٣٣ەوە بڵاوکراوەتەوە. ئامانجەکەی خوێنەری، خوێندەواری چینی کرێکاری ئەمریکا بوو. پرێسی زەرد، بە ناوەرۆکە پرسۆز و وروژێنەرەکەی لەڕۆژنامەکانی دیکە دەناسرێتەوە، بەسەختی لەگەڵ ئەو ڕۆژنامانەی لەسەر مەنتیقی بوون و میانڕەویی جەخت دەکەنەوە، ناتەبایە و وەک پێشڕەوی ڕۆژنامەنووسیی قەبارە بچووکی وێنەیی (tabloid) دادەنرێ.«٦»

لەناو ڕۆژنامەنووساندا، ئەم جۆرە ڕاگەیاندنە زۆر جار بە ڕاگەیاندنی سووک و ناپسپۆر لەقەلەم دەدرێ، چونکە بە ئەنقەست زۆر باس لە: خوێن، سووتان، وەرگەڕان، دزی، خۆفرۆشی، گەندەڵی، سێکس، تەشکپیش (خیانەتی زەوجی)...هتد دەکات. ئەمجۆرە نووسینانە لەسەر بابەتەکانی سەرەوە لە زۆر لە وڵاتانی جیهان زیاتر لە ڕۆژنامەی ئێواران و قەبارەی تابلۆید بەرچاو دەکەون.

٢-١ سەرهەڵدان و خەسڵەتەکانی پرێسی زەرد:

مێژووی پەیدابوونی پرێسی زەرد، لەگەڵ penny - press (پرێسی – یەک پێنی) لە سەرەتای ساڵەکانی ١٨٣٠ سەریهەڵدا. یەک پێنی، نرخی دانەیەک ڕۆژنامە بوو، کە بۆ ئەوکاتی ئەمریکا زۆر نەبوو، چونکە پێشتر نرخی ڕۆژنامەکان زۆر گرانتر بوون. بابەتی ئەمجۆرە ڕاگەیاندنە نوێیە بۆ یەکەم جار و لە مێژووی ڕاگەیاندن، لە سییەکانی سەدەی نۆزدە لە ڕۆژنامەکانی نیویۆرک بەناوی: The New York Sun، The New York Tribune، The New York Herald وەدیار کەوت. «٧»

لەو ڕۆژنامانەی سەرەوە زۆر باس لە بابەتی: سێکس، کوشتن، سووتان، قەیرانە گەورەکان، تاوان، بەکارهێنانی زەبروزەنگ، دزی و گەندەڵی، لێدان، شەڕ و ئاژاوە...هتد دەکرا. ئەو بابەتانەش، دواتر بوونە هەوێنی پەیدابوونی پرێسی زەرد.

لە ڕاستیشدا، مێژووی ڕۆژنامەگەری جیهان و قۆناغەکانی پێشکەوتنی، بە کۆمەڵێک فاکتەری زۆر گرنگ بەستراوەتەوە هەربۆ نموونە: پێشکەوتنی شۆڕشی پیشەسازی، زیادکردنی بەرهەم، کەمی تێچوونی کاڵا و دابەزینی نرخ، ئاسانی گواستنەوەی کەلوپەل... هتد، ئەمانە وەک زنجیرەیەکی نەپچراون، بۆ باشتر تێگەیشتن لە قۆناغەکانی پێشوەچوونی ڕاگەیاندن لەجیهاندا.

ئەگەر سەیری مێژووی چاپخانە و پێشوەچوونی ئامێرەکانی چاپیش بکەین دەبینین، لە سەرەتای سەدەی نۆزدە، کۆمەڵ پێویستی بە خوێندنەوەی ڕۆژنامە زیاتر هەبووە، چونکە لەلایەک، باری ئابووری خەڵک باشتر بوو، لەلایەکی دیکەش، ڕێژەی نەخوێندەواری کەمی کرد و بزووتنەوەی لیبرالیزم لە گەشانەوە دابوو.. تاکی کۆمەڵ ئازادی زیاتر وەرگرت، ڕۆژنامەنووسان ئازادانەتر لە ڕابردوو دەیانتوانی بیروڕای خۆیان دەربڕن. دروستبوونی ئاژانسی دەنگوباس و فرۆشتنی هەواڵ و بابەتی ڕۆژنامەوانی، دەرکردنی ڕۆژنامە و گۆڤاریان زۆر ئاسانتر کرد. بازاڕی ڕۆژنامەگەری گەرم بوو، مونافەسەی توند لەنێوان دەزگاکان دروست بوو، بۆیە پێشکەوتنی پیشەسازی بەگشتی و داهێنانی نوێ لە چاپخانە، ڕاستەوخۆ کاری کردە سەر زیادبوون و بەرزبوونەوەی تیراژی ڕۆژنامەکان.

یەکەم ئامێری خێرای چاپ لە شاری لەندەن لە ڕۆژنامەی The Times لە ساڵی ١٨١٤ بەکار هات. تا بەکارهێنانی ئەو ئامێرە نوێیە، پرۆسەی چاپکردن بە هەمان شێوەی سەردەمی (یوهان گوتنبێرگ ١٣٩٩-١٤٦٨)

بوو.«٨» تیراژی کەم و ناوەڕۆکی زیاتر بە گوتاری: سیاسی، ئابووری، بازرگانی و فەرهەنگی پڕدەکرایەوە. دەرکردنی ڕۆژنامە بەناوەڕۆکی جددی و نرخی گران، کاری کردە سەر ئەوەی تیراژی ڕۆژنامەکان بوەستن و بەرز نەبنەوە.

دروستکردنی ئەو جۆرە ئامێرانە، کاری دەرکردنی ڕۆژنامەی زۆر خێراتر و ئاسانتر کرد بۆیە سەیرنییە، بەوەی دەخوێنیەوە لە ساڵی ١٨٣٣ لە شاری نیۆیۆرک ١٩ هەزار دانە ڕۆژنامە لە ڕۆژێکدا دەفرۆشرا.«٩»

بە پەیدابوونی ڕۆژنامەی The Sun لە ساڵی ١٨٣٣ لەلایەن Benjamin H. Day، بازاڕی ڕۆژنامە تەواو گۆڕدرا. ڕۆژنامەی ناوبراو لەبەر نرخ هەرزانی، تەنیا یەک پێنی بوو، بووە یەکەمین ڕۆژنامەی جەماوەری، کە خوێنەری زۆری هەبوو. ستایل (شێوەی) نووسینی ئەم ڕۆژنامەیە بەبەراورد لەگەڵ ڕۆژنامەکانی سەردەمی خۆی ئاسان و ڕوون بوو. ئامانجی Benjamin H. Day لەم شێوە ڕاگەیاندنە، گەیاندنی پەیام بۆ زۆربەی هەرە زۆری جەماوەر بوو. ڕۆژنامەی The Sun لە ساڵی ١٨٣٦ تیراژی گەیشتە ٣٠ هەزار دانە.«١٠» دوای دەرکردنی ڕۆژنامەی The Sun، لە شاری نیویۆرک ڕۆژنامەی دووەم The New York Herald دەرچوو. ئەم ڕۆژنامەیە زیاتر لەسەر کێشە کۆمەڵایەتییەکان و دەنگوباسی زەق وەک: نووسینی ڕێپۆرتاژ لەسەر تاوان، سێکس، لەگەڵ نووسینی گوتار لەسەر خەڵکی بەناوبانگی ئەوکات، بازاڕی گەرمتر کرد.«١١» ڕۆژنامەی The New York Herald لەلایەن James Gordon Bennetts دەردەچوو. بەرزبوونەوەی تیراژی زۆر و گەیشتنی ژمارەی ڕۆژنامە بۆ زۆرترین خەڵک، بووە هاندەرێک بۆ بیرکردنەوە لە پێویستی هەبوونی یاسایەکی ڕاگەیاندن، بۆ ڕزگاربوون لەو شێوە ڕاگەیاندنە، بۆیە لە یانەکانیشدا، باس لە دۆزینەوەی چارەسەرێک بۆ باشترکردنی ڕاگەیاندن لەلایەن ڕۆژنامەنووسانی پسپۆر و جددی دەکرا. ئەوانەی سەرەوە بناغەیەکی بەهێز بوون، بۆئەوەی بیر لە دەرکردنی ڕۆژنامەی زەرد بکرێتەوە.

کۆمەڵێک ڕاوبۆچوون لەسەر ناوی پرێسی زەرد هەیە و لایەنێک لەو بڕوایەدایە، لە ڕەنگی کاغەزی زەردی ڕۆژنامە پەیدابووە.«١٢» لایەنی دیکە لەو بڕوایەدان، پەیدابوونی پرێسی

کۆمەڵێک ڕاوبۆچوون لەسەر ناوی پرێسی زەرد هەیە و لایەنێک لەو بڕوایەدایە، لە ڕەنگی کاغەزی زەردی ڕۆژنامە پەیدابووە.«١٢» لایەنی دیکە لەو بڕوایەدان، پەیدابوونی پرێسی زەردەکە دەستپێدەکات



زەرد لە هەبوونی گرژی لە نێوان دوو سەرنووسەر و خاوەنی رۆژنامە لە کۆتایی سەدەی نۆزدە لەسەر چیرۆکی منداڵە زەردەکە دەستپێدەکات. رۆژنامەی یەکەم بەناوی The New York World لەلایەن (Joseph Pulitzer– ١٠-٤-١٨٤٧ – ٢٩-١٠-١٩١١)«١٣» دەردەچوو و بۆیەکەمجاریش چیرۆکی منداڵە زەردەکەی نێو یۆرک، لە رۆژنامەی ئەو بڵاوکرایەوە و رۆژنامە و دووەمیش بەناوی The New York World لەگەڵ گۆڤاری The New York Journal کە لەلایەن (William Randolph Hearst – ٢٩– ٤-١٨٦٣– ١٤-٨-١٩٥١).«١٤» دەردەچوو.

نەخشی منداڵە زەردەکە بۆیەکەمجار لە ساڵی ١٨٩٦ لەلایەن هونەرمەندی گەورەی ئەمریکی (Richard Felton Outcault ١٤ کانونی دوو ١٨٦٣ – ٢٥ ئەیلوول ١٩٢٨) کێشرا.«١٥» لەراستیدا ئەم منداڵە کوڕی هونەرمەند خۆی بوو.

منداڵە زەردەکە، لە سەرەتا بە ڕەنگی ڕەش و سپی لە رۆژنامە چاپەکرا، بەڵام بەردەوام بە نووسین ئاماژە بە ڕەنگی زەرد دەکرا. منداڵە زەردەکە، تەمەنی وەک منداڵەکانی دیکەی رۆژنامەکانی سەردەمی خۆی یەک رۆژ و یەک ژمارەی رۆژنامە یان گۆڤار نەبوو، بەڵکو زۆر زیاتر بوو. بەسەیرکردنی وێنە و خوێندنەوەی کۆمێنتاری باش و گونجاو، خوێنەری دەهێنا پێکەنین، کە هونەرمەندەکانی دیکەی ئەو کات، ئەمەیان بۆ نەدەکرا، ئەمەش بوو وایکرد، کە Richard Felton Outcault بەهۆی ئەم وێنەیەوە لە تەواوی ئەمریکا ناوبانگی دەرکرد.

> **بۆشاییەک لە راگەیاندنی ئەمریکی هەبوو و Richard Felton Outcault لەکات و ساتی خۆی توانی زۆر پسپۆرانە پڕیبکاتەوە، بۆیەش هەر لە ساڵی ١٨٩٦ وە، وێنەی ئەم منداڵە زەردە بۆتە سیمبۆلی پرێسی زەرد**

بۆشاییەک لە راگەیاندنی ئەمریکی هەبوو و Richard Felton Outcault لەکات و ساتی خۆی توانی زۆر پسپۆرانە پڕیبکاتەوە، بۆیەش هەر لە ساڵی ١٨٩٦ وە، وێنەی ئەم منداڵە زەردە بۆتە سیمبۆلی پرێسی زەرد.

نەخشی ئەم منداڵە لە شێوەی کاریکاتۆر کراوە و بەردەوام وەک زنجیرە لەرۆژنامە بڵاودەکرایەوە و خوێنەر چاوەڕێی ئەلقەی داهاتوویان دەکرد و دەیانەویست بزانن، لە ژمارەی داهاتوودا چی بەسەردێت. ئەو منداڵە زەردە، لە سەر رووداو، کارەسات، دەنگوباس، بەتایبەتیش رووداوەکانی شاری نیویۆرک، کە پەیوەندی بە: خەڵاتکردن، شانۆ و چالاکی فەرهەنگی...هتد هەبوو هەموو شتێکی دەزانی. لە ئەلقەکانی دوایی باسی لە: گیروگرفتی خێزانی و کوشتن و برینیشی دەکرد. منداڵە زەردەکە بەهۆی داهێنەرەکەیەوە، لە نیویۆرک

لەدایک بوو و ژیا و گەورە بوو. خەڵک تێدەگەیشت دەیزانی، لە ژمارەی داهاتوو، رووداوی نوێیان بۆ باس دەکات، کە ئەو زووتر پێراگەیشتبوو بیانبینێ، ئەم جۆرە نووسینە لەشێوەی نەخش لە ڕۆژنامەکانی ئەوکات ڕووداوێکی نوێ بوو، زنجیرەیەکی بێ کۆتایی بوو. خوێنەر بەردەوام چاوەڕێی ژمارەی نوێیان دەکرد و ڕۆژنامەکەیان دەکڕی، بۆ ئەوەی بزانن لەنێوان دوو ژمارەی ڕۆژنامە ئەو قارەمانە بچووکە زەردە چی کردووە.

لە ساڵی ١٨٩٦ وێنەی ئەم منداڵە بە ڕەنگی زەرد چاپ کرا وەەر لەوکاتیش لە لایەن دوو خاوەن ڕۆژنامە Joseph Pulitzer، William Randolph Hearst چیرۆکی منداڵە زەردەکە بڵاودەکرایەوە.

لێرە گرژی لەنێوان هەردووک خاوەن ڕۆژنامە ڕووپدا، بەوەی کامە ڕۆژنامە مافی بڵاوکردنەوەی چیرۆکی منداڵە زەردەکەی نیویۆرکی هەیە.«١٦» William Randolph Hearst لەوکات گوتی: تاکە پێوەر و گرنگترین چۆنایەتی ڕۆژنامە، تەنیا تیراژیەتی.«١٧»

گرفتی نێوان هەردووک ڕۆژنامە لەسەر منداڵە زەردەکە گەورە و زەق بوو، نەک تەنیا لای ڕۆژنامەنووسان، بەڵکو خوێنەرانیش هەستیان پێی دەکرد. Wordman Ervin – ١٨٦٥–١٩٢٣ سەرنووسەری New York Press لەسەر گرژی و گرفتی نێوان هەردووک ڕۆژنامە لە ساڵی ١٨٩٦ گوتارێکی نووسی. بۆ یەکەمجار لە مێژووی ڕۆژنامەگەری جیهان لەو گوتارەی ئەو، وشەی Yellow Press – پرێسی زەرد، بەکار هات. پاش بڵاوکردنەوەی ئەم گوتارە، ئەم ناوە کەوتە ناو فەرهەنگی ڕاگەیاندنەوە.«١٨»

لەگەڵ ناوی William Randolph Hears بیر لە پرێسی زەرد و پەیوەندی جەماوەری (پوبلیک ریلیەشن) دەکرێتەوە. هەر ئەویش بوو، کاری زۆری کرد، بۆئەوەی وەک پێویست ڕێز لە ڕۆژنامەنووس بگیرێ. Hearst لە کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ دەستەی نووسەران، دەربارەی ڕۆژنامەکەی گوتی: ڕۆژنامەی من، پێویستە تێیدا بنووسرێ

لەگەڵ ناوی William Randolph Hears بیر لە پرێسی زەرد و پەیوەندی جەماوەری (پوبلیک ریلیەشن) دەکرێتەوە. هەر ئەویش بوو، کاری زۆری کرد، بۆئەوەی وەک پێویست ڕێز لە ڕۆژنامەنووس بگیرێ

و بڵاوبکرێتەوە بەو شێوەی کە: کەسانی کەمخوێندەواری پەناهەندە ئارەزوو لە کڕینی بکەن و تێی بگەن، خەڵکی گێل بیخوێنتەوە، سەرسەری کۆڵانەکان بیکڕن و سەرنجی هەرزەکار رابکێشێ.»[١٩]«

William Randolph Hearst نرخی رۆژنامەی تا یەک سەنت هێناخوار و تیراژی رۆژنامەی زۆر بەرزکردەوە. هەر ئەویش کارگەی دروستکردنی هەواڵی دامەزراند و دەیویست بازرگانی بە فەزیحە (سکەنداڵ) و کێشە و گرفتی کەسانی بەناوبانگ بکات و سەرمایە بە هۆیانەوە کۆبکاتەوە.

Hearst لەکاتی خوێندنی لە زانکۆی هارڤارد، تێگەشت، کۆمەڵ پێویستی بە رۆژنامەیەک هەیە، کەلە لایەڕەی یەکەم: هەواڵی زەق، تاوانی گەورە، خوێن، دزی و گەندەڵی، رووداوی دڵتەزێن، ژیاننامەی کەسانی بەناوبانگ، رزگارکردن و تەشکپیسی (خیانەتی زەوجی) تێدا بنووسرێ. ئەو چاک دەیزانی، خوێندنەوە ئەم سەردێرانە، بڵاوکردنەوەی ئەم بابەتانە، لە نەخشەسازییەکی جوان و دانانی وێنە لەگەڵی، سەرنجی خوێنەر رادەکێشی و بازاڕی ئەمجۆرە راگەیاندنە گەرم دەبێت.

هەر لەو سەردەمەدا پرێسی زەرد، لە بڵاوکردنەوەی بابەت و چاپکردنی وێنە ئەوەندە دوور ڕۆیشت، ئەگەر لەنێوان دوو ژمارە کەس نەکوژرابا، لەوانەبوو وێنەی تابلۆیەکی شەڕ یان خوێناوییان بۆ ژمارەی ئەو رۆژە دادەنا.. بەم سیاسەتە، تیراژی رۆژنامەکان گەیشتنە لووتکە.

جگە لەوانەی باسکران، خەسڵەتێکی دیکەی زۆر گرنگ، کە رۆژنامەی زەردی پێدەناسرێتەوە، هەبوونی سەردێری ڕەش و ئەستوور و گەورەیە، کە زۆربەی جار لەگەڵ ناوەڕۆکی بابەت لەیەک دوورن و یەکناگرنەوە، بەڵکو بەدانانی ئەم سەردێرە ڕەش و قەڵەوانە، دەیانەوێ خوێنەر چەواشە بکەن و سەرنجیان بۆ کڕینی ژمارەی رۆژ ڕابکێشن.

پرێسی زەرد، لە بڵاوکردنەوەی بابەت و چاپکردنی وێنە ئەوەندە دوور ڕۆیشت، ئەگەر لەنێوان دوو ژمارە کەس نەکوژرابا، لەوانەبوو وێنەی تابلۆیەکی شەڕ یان خوێناوییان بۆ ژمارەی ئەو رۆژە دادەنا.. بەم سیاسەتە، تیراژی رۆژنامەکان گەیشتنە لووتکە

٣-١ پرێسی زەرد لە بەریتانیا:

پرێسی زەرد تەنیا لە ئەمریکا پێشنەکەوت و گەشەی نەسەند، بەڵکو لە بەریتانیا لە ساڵی ١٨٨١ هەفتەنامەیەک بەناوی Tit-Bits لەلایەن (Sir George Newnes ١٣-

١٨٥١-٣ – ٩-٦-١٩١٠) دەردەچـوو. ئـەم هەفتەنامەیـە، هەمەڕەنـگ بـوو بابەتەکانـی ناوی جـددی نەبـوون. ئەوان دەسـتییان بە بڵاوکردنـەوەی بابەتـی زەرد کـرد، چونکـە زۆرترین خوێنەری هەبوو. ئەم ڕەوتە لەلایەن برایانـیHarold Harmsworth پـەرەی پێـدرا و مانگانە تیراژی Tit-Bitگەیاندە ٩٠٠ هەزار دانە. هەردووک برا لەسەرەتا گۆڤاری زەردییان دەردەکرد و دواتر لە سـاڵی ١٨٨٨ ڕۆژنامەکانی:

«Daily Mail»،«Evening News» «Daily Mirror» لـەم شـێوە نووسـینە ناجددییەیـان بڵاودەکـردەوە.»[٢٠]« لـەم جۆرە ڕاگەیاندنـە نوێیـە، هـەرزوو بەریتانییـەکان وەپێـش ئەمریکییـەکان کەوتـن، بـەوەی ڕۆژنامەکانی ئەوان، وێنەی زیاتر و نەخشـی گەورەتـری تێدابـوو. هەندێـک لـەو وێنانە، شـوێنی تێکستیان گرتەوە. زۆر لە پسپۆرانی ڕاگەیاندن لەوبڕوایەدان، وڵاتی سـەرهەڵدانی پرێسـی زەرد، ئەمریکا و بەریتانیایە و دوای ئەوانیش، بە سەرتاسـەری جیهان بڵاوبۆوە. پرێسـی زەرد، باشـتر پاش جەنگی دووەمی جیهانی بەرەو پێشەوە چوو.»[٢١]«

بەرەوپێشـچوونی پرێسی زەرد لە هەموو وڵاتانـی ئەورووپـا لـە یەک کات و سـەردەم دەسـتی پێنەکرد، بەڵکـو دەتواندرێ بگوترێ لەیـەک کات، بابەتـی زەرد، لەسـەر لاپەڕەی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان دەستی پێکرد.

١-٤ پرێسی زەرد لە ڕووسیا:

لە ڕووسیا وەک زۆربەی وڵاتانی ئەورووپا، بابەتی پرێسی زەرد (نەک دەرکردنی ڕۆژنامە و گۆڤـاری زەرد)، لـە زووەوە لـە کۆمەڵێک دەزگای ڕاگەیانـدن و ڕۆژنامەکانی سـەدەی نـۆزدەی ڕووسـیا بڵاودەکرانـەوە، وەک لـە: Петербургский листок، (پێتربورگسکی لیسـتۆک – لاپـەرەی پیتربـورگ) لە سـاڵی ١٨٦٤ لـە شـاری پیتربـورگ دەردەچـوو. Петербургская газета، (پیتربورگسکایە گازێتـە – ڕۆژنامـەی پیتربـورگ) لە سـاڵی ١٨٦٧ لـە شـاری پیتربـورگ دەردەچـوو، Московский листок (مەسکۆڤسـکی لیسـتۆک – لاپەرەی مۆسکۆ) لە ساڵی ١٨٨١ لە مۆسـکۆ دەردەچوو، هەروەهـا Газета-копейка، (گازێتـە کۆپێیکـە – ڕۆژنامـەی کۆپێیـک) لـە سـاڵی ١٩٠٨ لـە مۆسـکۆ دەردەچوو.

ئەوانەی سـەرەوە لەو سەردەمدا، هەوڵی بـاش بـوون، بۆ ئـەوەی خوێنەری ڕووسـی لەمجۆرە نووسـینە ڕابهێنن، لـە داهاتوویکی نزیک، ڕووسـیاش ببێتە خاوەنی پرێسی زەرد، بەڵام بە هاتنە سەر حوکمی بەلشەویک لە ساڵی ١٩١٧ و پەیڕەکردنی سیسـتێمی سۆسیالیزم، ئەم هەوڵانە لەگۆڕ نران و هەموو ڕاگەیاندنێکی ئەهلـی قەدەغـە کـرا. لـە یەکێتی سـۆڤێێت، تەنیـا یەک جـۆر ڕاگەیاندن هەبـوو، ئەویش حزبی بـوو. کاری ئـەم ڕاگەیاندنـەش تەنها پروپاگەندە بۆ پارتی کۆمۆنیسـت و دەوڵەتی سۆسیالیسـت و حکومەتی سـۆڤێێت بوو. بۆ جاری دووەم لە ڕووسـیا ڕۆژنامە و گۆڤاری زەرد لەگـەڵ وەرگرتنـی دەسـتەڵات لەلایەن میخایل سێرگێیێڤیچ گۆرباتشۆڤ لە ٢ مارتی ١٩٨٥ وە دەستپێکرد. پەیڕەوکردنی سیاسەتی گلاستنۆسـت و پێڕێسـترۆیکە (کرانـەوە و بیناکردنەوە) بووە هـۆی پەیدابوونی ئازادی زیاتر لە هەمـوو بوارەکان و بەتایبەتیش لە ڕاگەیانـدن، ئەمەش وایکرد، بیر لە دەرکردنی پرێسی زەرد لە یەکێتی سۆڤێێت بکرێتەوە.

١-٥ خەسلەتەکانی پرێسی زەرد:

– زیاتـر باس لـە بابەتکانی قەدەغـە و نامۆ دەکات.

– ڕەخنەی توند دژی دەسـتەڵات و حکومەت و کەسانی ناودار دەنووسێ و بڵاودەکاتەوە.

– بـاس لـە ژیانـی تایبەتی خەڵـک دەکات و زۆربـەی جاریـش بـە نەرێنـی ڕووداوەکان هەڵدەسەنگێنێت.

– دەکرێ لە یەک لاپەڕە مەتریالی پێکەنیناوی و تراگێدیـا بەرچـاو بکەوێـت. جگـە لـەوە ڕووشـدەدات، لە هەمان نووسین یان بابەت، تراگێدیا و پێکەنینی تێدا بێت.

– لـە پرێسـی زەرد، زۆرجـار بەشـێوەی

گاڵتەجاری باس لە مردن دەکا.
- بەشێوەی گاڵتەجاری و توند و ڕەخنەگرانە باس لە ژیانی تایبەت دەکا.
- زۆر بایەخ بە ژیانی تایبەتی خەڵک لە دەرەوەی کار دەدا.
- پرێسی زەرد، بەهیچ شێوەیەک بیر لە ئەخلاقی ڕاگەیاندن ناکاتەوە، بە پێچەوانە پرێسی جددی زۆر بایەخ بە لایەنی ئەخلاقی دەدات.
- پرێسی زەرد شتی زۆر بچووک، زۆر گەورە دەکات بایەخ بە بەزمنانەوە یان نووسینی ئاراستەکراو (سێنساسیۆن) دەدات.
- پرێسی جددی، هەوڵدەدات، زۆرترین زانیاری لەسەر بابەتی کۆمەڵایەتی، ڕۆژانە، کەلە ژیانی ڕۆژانەی خەڵک نزیکە بڵاوبکاتەوە، بەڵام پرێسی زەرد هەوڵدەدات، زانیاری خۆش بۆ کات بەسەربردن بڵاوبکاتەوە.
- پرێسی زەرد، بایەخ بەو بابەتانەی سەرەوە لە ڕۆژنامە یان گۆڤاری خۆیان دەدات، تەنیا بۆ ئەوەی تیراژیان بەرزبێت و دەستکەوتی ماددیان زیاد بکات، بەتایبەتیش کە دەبینن بازاڕی ئەمجۆرە پرێسە هەیە و گەرمە.»۲۲» ئەم شێوە نووسین و جۆرە بابەت بەرزکردنەوەیە، لەگەڵ نەخشەسازییە تایبەتییەکەی، بۆتە هۆی ئەوەی جەماوەر کەمتر متمانە بە ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی زەرد بکا.

بەشێوەیەکی گشتی، متمانە کردن بە پرێس، ڕادیۆ و تەلەفزیۆن لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردووەوە لە دابەزیندایە، بەڵام خراپترین قۆناغ یان ئەزمەی ڕاگەیاندن سالّی ۲۰۰۹ بوو. لە دە ساڵی ڕابردوو لە وڵاتی سوێد ئەو متمانەیە گەیشتە خوارترین ئاست. ساڵی ۲۰۰۹ لە ٤١٪ ی جەماوەر متمانەیان بە ڕادیۆ و تەلەفزیۆن بوو، لە ٢٦٪ متمانەیان بۆ پرێسی ڕۆژانە بوو، بەڵام لە ساڵی ۱۹۹۹ یانی دە ساڵ پێشتر لە ٦١٪ متمانەیان بۆ ڕادیۆ و تیڤی هەبوو و ٣٢٪ ش متمانەیان بۆ پرێس هەبوو. لەنێوان ڕۆژنامەی بەیانیان، کە بە ڕۆژنامەی جددی و هەواڵی ناسراون و ڕۆژنامەی ئێواران، کە بە ڕۆژنامەی زەرد ناسراون، جیاوازی گەلەک زۆرە. سوێدییەکان ٥١٪ متمانەیان بە ڕۆژنامەی بەیانیانە و ڕۆژنامەی AFTONBLADET یش تەنیا بە ڕێژەی ١٤٪ متمانەیان پێیە. (ڕۆژنامەی AFTONBLADET ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەی زەردە).

بۆکەنالی تەلەفزیۆنی، ئێس ڤێ تێ، (حکومییە) ٧٢٪ متمانەیان پێیە، بەڵام بۆ کەنالی ٤، کە ئەهلییە تەنیا ٤١٪ جەماوەر متمانەی پێدەکەن. بۆ کەنالی ٣ ش، کە ئەهلییە بە ڕێژەی ١٥٪ متمانەی پێدەکەن و بە ڕێژەی ٧٩٪ متمانەیان بە ڕادیۆی سوێدی سڤێریێش ڕادیۆ (حکومییە) هەیە.

بە گوێرەی قسەی پرۆفیسۆر Lennart Weibull کە ئەو ئامارەی کردووە، دەڵێت: وێنەی گەورە و سەردێری زەق کاریکردۆتە سەر ئەوەی متمانەی جەماوەر بە پرێس کەمبێتەوە.»۲۳»

ڕۆژنامەنووسێکی کەنالی ٤ ی سوێد Trond Sefastsson بۆ دادگا ڕاکێشرا، بەوەی گومانی وەرگرتنی بەرتیلی لێدەکرا و دواتر بە وەرگرتنی بەرتیل حوکم درا. بە گوێرەی قسەی داواکاری گشتی، ئەم گرتنە تەنیا بۆئەوەبوو، کە ڕاگەیاندنی ئازاد متمانەی لەدەست نەدا و خەڵک بەردەوام بڕوای پێبکەن. وەرگرتنی ئەم پارەیە، بۆ دروستکردنی بەرنامەیەکی تەلەفزیۆن بوو. Trond Sefastsson دەڵێ: ئەو پارەیە وەرگیرایە، بۆ ئەوەی بەرنامەیەک لەسەر بەدواداچوونی یاسایی بکرێ.»٢٤»

بەشی دووەم:
پرێسی زەرد لە کوردستان

٢-١ سەرهەڵدانی پرێسی زەرد لە کوردستاندا:

بابەتی پرێسی زەرد، لە کوردستان لە چەند ڕۆژنامەیەک لە دوای ڕاپەڕینی بەهاری ۱۹۹۱ پەیدابوو. پەیدابوونی پرێسی زەرد لە کوردستان، بە بەرنامە یان بۆ بەرزکردنەوەی تیراژی ڕۆژنامە نەبوو، بەڵکو وەک گوتار و بابەت دەتواندرێ بگوترێ زیاتر لەکاتی شەڕی

ناوخـۆ (١٩٩٤-١٩٩٧) سـەریهەڵدا. لـەو سـەردەم، بۆجـاری یەکـەم، بە ئاشـکرا هێـرش دەکرایە سـەر بەرپرسـانی حزبە سیاسییەکان و زۆربـەی جاریـش ئەم هێرشـانە، بۆ شـکاندی کابرا بـەکار دەهات. لەبـەر بەکارهێنانـی زمانـی زبر، خوێندنەوەیـان بە گەرمی لەلایەن جەماوەر پێشـوازی لێ نەدەکرا، بەتایبەتیش، کە ڕاگەیاندن تەواوی حزبـی بـوو و یـەک ئامانجـی هەبوو، ئەویش پروپاگەندەکردن بۆ حـزب بوو. لەم نووسـینانە، جگە لە بەکارهێنانی زمانی زبر، زمانـی جددی بەکار دەهات، بۆیـە خوێندنەوەیان خۆش یان ئاسـان نەبوو. لەوکات جارێ ڕاگەیاندنی کوردی نەبووبووە خاوەن زمانی تایبەت بەخۆی، زیاتر سـوود لە زمانی ئەدەب بۆ نووسین بۆ ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی کوردی وەردەگیرا.

پرێسی زەرد لە کوردستان، بە شێوەی فەرمی، دەتواندرێ بگوتـرێ لەگەڵ پەیدابوونی ڕاگەیاندنـی ئەهلی و بەتایبەتیش لەگـەڵ دەرچوونی ڕۆژنامـەی هاوڵاتی لە پایـزی ٢٠٠٠ وە دەسـتی پێکرد، بـەڵام زیاتر لـەدوای لێدانی ئێراق لە سـاڵی ٢٠٠٣ جێپێ خۆی گرت. ئەو جۆرە ڕاگەیاندنە تازەیە، بەناوی ئەهلـی، هەمـوو ئـەو بابەتانەیـان دەوروژاند، کەلە پرێسـی حزبی یان ئۆرگانی حزبی باسـی لێـوە نەدەکرا. بەکارهێنانی ئەم شـێوە نووسـینە زەردە، ڕەخنە ئامێزە، لە کوردستان بۆ بەرزکردنـەوەی تیراژ یان دەسـتکەوتنی قازانجی ماددی یان هەرنەبێ وەدەستکەوتنەوەی خەرجی ڕۆژنامە یان گۆڤارەکە نەبوو، بەڵکو ئامانجی سەرەکی لە هەبوونی پرێسی زەرد یان بڵاوکردنـەوەی گوتار و بابەتی زەرد لە شـێوەی: پارانەوە و نووزانەوە، بۆ شکان و سووککردن، هەڵڵا و بەزمانەوە بوو. نووسینەکان دەنووسران و سوود لە نووسینی پرەنسیپەکانی پرێسی زەرد وەردەگیرا.

پەیدابوونـی پرێسـی زەرد، لەلایـەن ڕۆژنامەنووسـانی پسـپۆر و بـاش لـە کوردسـتان بناغـەی دانەمـەزرا، بەڵکو زیاتـر لەلایـەن ڕۆژنامەنووسـانی کەمئەزموون، نا شـارەزا لـە ڕاگەیانـدن، گەنج و خوێنگەرم پەیدابوو. ئەوان لەمشـێوە نووسینانەیان دەنووسی، چونکە زۆربەی جار ڕۆژنامەنووس لە ژێرەوە ڕادەسـپێردرا ئەو بابەت بوروژێنێ و بنووسێ، لە لایەکی دیکەش، سـەرکردایەتی کورد، هەبوونی ڕاگەیاندنێکی ڕەخنەگرانەیـان بـە پێویسـت دەزانـی. ئەو نووسـینانەی لە

پەیدابوونی پرێسـی زەرد، لەلایـەن ڕۆژنامەنووسـانی پسـپۆر و بـاش لـە کوردسـتان بناغـەی دانەمـەزرا، بەڵکو زیاتر لەلایـەن ڕۆژنامەنووسـانی کەمئەزمـوون، نـا شـارەزا لـە ڕاگەیانـدن، گەنـج و خوێنگەرم پەیدابوو. ئەوان لەمشـێوە نووسـینانەیان دەنووسـی، چونکـە زۆربەی جار ڕۆژنامەنووس لە ژێرەوە ڕادەسـپێردرا ئـەو بابـەت بوروژێنێ و بنووسێ...

راگەیاندنی حزبی یان ئۆرگانەکان شوێنیان نەدەبۆوە، لەم سێبەرانە بێترس بڵاودەکرانەوە.

لەبەر ئەزموونی کەم لەم جۆرە راگەیاندنەدا دەتواندرێ بگوترێ: پرێسی زەرد لە کوردستان بە ئیفلیجی لەدایک بوو و تا ئێستاش لە هەمان نەخۆشی رزگاری نەبووە.

سەرۆکی شارەوانی عەنکاوە دەدرێتە دادگا و بەرپرسێکی ناحیەش لە دەدرێ
Rudaw
enkawa.com

ئەگەر پرێسی زەرد لە ئەمریکا و بەریتانیا، بۆ ساغکردنەوەی ژمارە و بەرزکردنەوەی تیراژ و کۆکردنەوەی سەرمایە لەدایک بووبێت، لە کوردستان بە پێچەوانەی ئەوانەوە بووە و زیاتر مەبەستی سیاسی لە پشتەوە بووە. هەبوونی مەبەستی سیاسی وایکردووە، خەڵک بروا بە ناوەرۆکی نووسینەکان نەکا، ئەمەش ناکاتە ئەوەی، پرێسی زەرد لە کوردستان ناخوێندرێتەوە.

بۆ ئەوەی هەر کۆمەڵگایەک، ببێتە خاوەن پرێسی زەردی خۆی، پێش هەموو شتێک پێویستە لەو کۆمەڵگا، ئازادی هەبێت، دیموکراتی گەشەی سەندبێ و راگەیاندن بازرگانی بێت و لە رێگایەوە خەڵک بتوانێ سەرمایە کۆبکاتەوە. خاڵێکی دیکەی زۆر گرنگ هەیە، بەوەی ئەگەر پرێسی زەرد بتوانێ جێ پێی خۆی بگرێ، رۆلی بێلایەنی خۆی بگێڕێ، دەبێ خۆی خۆی بژێنێ و پێویستی بە یارمەتی مادی هیچ حزب و رێکخراوێکی دەرەوەی دەزگا نەبێت.

پرێسی زەرد لە کوردستان، کەموکورتییەکانی پەرلەمان و حکومەت لەگەڵ هەردووک حزبی گەورە بە مەبەستی چاکردن، نادۆزێتەوە، بەدواداچوون لەسەر بابەتی پێویست و رۆژانە ناکات، بەڵکو زیاتر لە نەزانین یان بە ئەنقەست لە جەماوەر دەیانشێوێنێ

پرێسی زەرد لە کوردستان، کەموکورتییەکانی پەرلەمان و حکومەت لەگەڵ هەردووک حزبی گەورە بە مەبەستی چاکردن، نادۆزێتەوە، بەدواداچوون لەسەر بابەتی پێویست و رۆژانە ناکات، بەڵکو زیاتر لە نەزانین یان بە ئەنقەست لە جەماوەر دەیانشێوێنێ.. بۆیەش سەیر نییە، لە خوێندنەوەی رۆژنامەو گۆڤارەکانی کوردی، ژانری بەدواداچوون تەواو پشتگوێخراوە و زۆبەی بابەتەکان یەکجارەکین، ئەمەش ناپسپۆری لە راگەیاندن و دەرکردنی رۆژنامە و گۆڤاری کوردی بەدیار دەخات.

٢-٢ هەفتەنامەی رووداو:

ژمارە ١٢٨: دووشەممە ٣٠-٨-٢٠١٠

هەفتەنامەی رووداو، لەسەرەتای دەرچوونی ژمارەکانی یەکەمی لە بەهاری ٢٠٠٨، وەک هەر یەک لە رۆژنامە کوردییەکانی سەردەمی خۆی بوو، بەڵام هێواش هێواش،

ئاراستەی پرێسی زەردی وەرگرت.

ناوەڕۆکی هەفتەنامەی رووداو پرییەتی لە وشەی: کوشتن، سووتان، تێرۆر، دزی، گەندەڵی ئیداری و مادی، گرفتی خێزانی، تەڵاق...هتد.

لەم توێژینەوەیدا، تەنیا دوو ژمارەی هەفتەنامەی رووداو بە نموونە باس دەکەین، چونکە ناوەرۆکی تەواوی ژمارەکان زۆر لەیەک نزیکن. (گۆران ٢٥٠ هەزار دۆلار کەمتری پارتی وەردەگرێت).»[٢٥]« (لە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی سلێمانی نەخۆش لە ڕاڕەوەکاندا دەخەوێندرێن).»[٢٦]« (پرۆژەی وەزارەتەکان بە تەندەری نهێنی ئەنجام دەدرێن).»[٢٧]« (گوتیان شوقەمان بۆکڕیوی بەڵام هیچ).»[٢٨]« (سالّی ڕابردوو ٤٦٣ هەزار کەس لە هەرێمی کوردستان بە شێرپەنجە مردوون).»[٢٩]« (ریوایەتێک هەیە دەڵێ حیزبی دیموکرات خۆی قاسملووی کوشتووە).»[٣٠]« (ڕێزان لە حەمامی قوتابخانەیەک خۆی سووتاند).»[٣١]« (دوای پێنج ڕۆژ لە سوتانیان نەعیمە و خەزووری مردن).»[٣٢]« (دوو کەس لە کەرکوکەوە هاتن عەبدولواحیدیان کوشت).»[٣٣]« (ژنە بزمار ڕێژ کراوەکە).»[٣٤]« (حەیدەر د تانکەرا گازێدا هاتە سۆت).»[٣٥]«

ژمارە ١٣٠: دووشەممە ٢٠-٩-٢٠١٠

(ئەو ئەفسەرەی هیشام مەحمودی دەستگیر کرد تیرۆر کرا).»[٣٦]« (گۆران سێ مانگە ٦٨٠ ملیۆن دینار وەردەگرێت).»[٣٧]« (ڕێژەی تەڵاقدان و جیابوونەوە لە کوردستان ٦٦٪ زیادیکردووە).»[٣٨]« (دەیانەوێ شەڕی ئێران و ئەمریکا بگوازنەوە هەرێمی کوردستان).»[٣٩]« (پۆلیسێک جبەخانەی پۆلیسی ڕانیەی دزی).»[٤٠]« (ژنێکی کورد منداڵە چوار ساڵەکەی سەر دەبڕی).»[٤١]« (سێ ساڵە بکوژانی دایکی ٤ منداڵ دەستگیر نەکراون).»[٤٢]« (هاوژین دوای تەواوکردنی زانکۆ خۆی سووتاند). »[٤٣]« (ئاران بەهەمان سیناریۆی لەڕێ رفێندرا). »[٤٤]« (فاتیمە بووە قوربانی ژن بە ژنە – ئەڤینی ٤٣ شەوە بێ دایک مایەوە).»[٤٥]« (سێ کەسەکە چۆن لە بیرەکەی توتمێ دا خنکان؟). »[٤٦]« (لە هەولێر باوکێک کورەکەی خۆی دەکوژێت).»[٤٧]« (بەنزینخانەی بێ مۆڵەت ئەلیاسی کوشت). »[٤٨]« (ڕۆژانە لە دادگاکانی هەرێمی کوردستان ١٧ ژن تەڵاق دەدرێن و ٩ جیادەبنەوە).»[٤٩]«

لە هەفتەنامەی رووداو، لە لاپەڕەی یەک، لاپەڕەی ١٢،

ناوەڕۆکی هەفتەنامەی رووداو پرییەتی لە وشەی: کوشتن، سووتان، تێرۆر، دزی، گەندەڵی ئیداری و مادی، گرفتی خێزانی، تەڵاق...هتد

کە تایبەتە بە ژن و لاپەڕە ١٣ش تایبەتە بە کۆمەڵایەتی، زۆرترین بابەتـی زەردیان تێـدا. زۆربەی هـەرەزۆری بابەتـی ئـەم دوو لاپەڕەی دوایـی بەگوێرەی ئەو سەردێرانەی لەسـەرەوە وەک خۆی نووسیومانەوە: کوشتن و سووتان، خنکان، تەڵاق، گرتن، ڕفاندن، دزی و گەندەڵی...هتد، بەگوێـرەی تایبەتمەندییەکانی پرێسـی زەرد، ئەو سەردێرە زەقانـەی ڕووداو دەچنـە خانەی پرێسی زەرد.

لەبەر ئـەوەی لە مێـژووی ڕۆژنامەگەری کـوردی، ئەم بابەتانە نوێن و خوێنـەری کورد جارێ نازانێ، ڕاگەیاندنێک بەناوی پرێسـی زەرد هەیە، بە خوێندنەوەی ئەو سەردێرە زەق و ڕەشانە و تێروانینی ڕەشبینانە بۆ بابەتەکان، متمانەی نێوان پرێس و کۆمەڵ کەمتر دەکاتەوە.

لە بابەتە سیاسییەکانیش، لەزۆربەی ژمارەکان، بەلای کەم، یەک بابەتی تایبەت و نەرێنییانە دژ بە بزووتنەوەی گۆڕان یان دژ بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هەیە. بڵاوکردنەوەی ئەم بابەتانەش، هەر دەچێتە قاڵبی پرێسی زەرد.

٢-٣ ڕۆژنامەی هاوڵاتی:

هاوڵاتی

سەرکردەکانی کورد جێی متمانەی ئەمەریکا نین

بارزانی خاوەنی ٢ ملیار دۆلارە وتاڵەبانیش ٤٠٠ ملیۆن

ڕۆژنامـەی هاوڵاتـی، لـە مالپـەڕی ئەلیکترۆنـی خۆیـان، بەمشـێوەی خـوارەوە بـاس لـە خۆیـان دەکات: ڕۆژنامەیەکی سـەربەخۆ و ئازاد و ئەهلییـە. ژمـارەی سـفری لـە ١٥-١١-٢٠٠٠ دەرچـووە. هاوڵاتی شـێوازێکی نوێـی بۆ دنیای ڕۆژنامەوانی کوردی لە چەرخی تازەدا هێناوەتە ئـاراوە و بەبـێ کۆمەکردن و پشـتیوانی حیزبە کوردییەکان و حکومەت دەسـت بـەکار بووەو لە هەوڵی ئەوەدا بـووە کە لەباری ئابووریـیەوە خاوەن سەرچاوەیەکی سەربەخۆ بێت و کۆمەک لە هیچ حیزب و دەستەڵاتێک وەرنەگرێت.«٥٠»

هاوڵاتی بە یەکەم ڕۆژنامەی ئەهلی لە کوردستان لە پاش ڕاپەڕیـن دەژمێـردرێ، لەگەڵ ئەوەش، ئـەوەی ئەوان لە لەو چەند دێرەی سـەرەوە لە مالپەڕەکەیاندا نووسـیویانە و ئەو سیاسـەتەی لە هەڵمەتی هەڵبـژاردن پەیڕەویان دەکرد، یەکتر ناگرنـەوە، بەتایبەتیـش چونکە تا ئێسـتا ڕۆژنامـە و گۆڤارە پڕفرۆشـەکانیش لەبەر کەمـی داهاتی ریکلام جـارێ گرفتی

داراییـان هەیە. رۆژنامەی هاوڵاتی وەک زۆر لـە رۆژنامە ئەهلییەکانی دیکەی کوردسـتان، یـەک بابەتیـن و رەشـبینانە رووداوەکان هەڵدەسەنگێنن.

لەراسـتیدا پێـش هەفتەنامـەی هاوڵاتـی، مانگنامـەی بەدرخـان لـە ٢٠٠٠/١٠/٢٢، لـە شـاری سـلێمانی لە چاپخانەی دلێـر، یەکەم ژمـارەی لـێ دەرچوو، کە ژمارە سـفر بوو، واتا بەدرخان بە یەکەمین بڵاوکراوەی ئەهلی دادەنرێت، نەک هاوڵاتی.

لەخـوارەوە هەندێک لە سـەردێری ژمارە ٦٦٦ رێکەوتـی ٢٦-٩-٢٠١٠ وەک خـۆی دەنووسینەوە:

(نهێنییەکـە ئاشـکرا دەکـرێ).»٥١« (پارتی پارێزگەران بەرەو هەڵوەشانەوە دەچێت).»٥٢« (سیرێک فەتاح: گرنگ پاکێتییە).»٥٣« (کۆسرەت رەسوڵ بێدەنگیی شکاند داوای دەستەڵاتەکانی لە تاڵەبانی دەکات).»٥٤« (دوو فرۆکەی ئەمریکی، هاوڵاتیـان دەترسـێنن).»٥٥« (لـە رووداوێکی «گوماناویدا» بەڵگەنامەکانی بەشـی یاسـای پۆلیسی دارستان دەسووتێنن).»٥٦« (وتەبێژی حکومەت دەسـت لـە کار دەکێشـێتەوە).»٥٧« (پەکەکە هەوڵی وەرگرتنەوەی ئێسکی گەریلا کوژراوەکانـی هەولێـر دەدات).»٥٨« (شـەڕو دەمەقاڵـێ دەکەوێتە نێوان قایمقامی ئاکرێ و ئەفسـەرێکەوە).»٥٩« (هەڕەشەی تۆمارکردنی داوا لەسـەر چاودێـری دارایی دەکـەن).»٦٠« (شـکاندنی بەرهەم سـاڵح لەسـەر حسـابی نێچیـروان بارزانـی لەنـاو راگەیاندنەکانـی پارتـی بەردەوامـە).»٦١« (گەندەڵـی، بودجەی وشکەسـاڵیی گەرمیانیشـی گرتـەوە).»٦٢« (قاعیدە بۆ موسـڵ و دیالـە دەگەڕێتەوە).»٦٣« (بەغـدا بودجـەی ئامادەکرد، هەولێر هێشـتا بێدەنگە).»٦٤« (دزیکردن دانیشتوانی گەڕەکێکی سـلێمانی هەراسـان دەکات).»٦٥« (رووبـاری سـیروان گەنجانی گەرمیان قـوت دەدا).»٦٦« (مامۆسـتایان هێرشـیان دەخرێتە سەر).»٦٧« (فاشیەت لە رێی یاساوە).»٦٨«

لە هەموو ئەو سـەردێرانەی سەرەوە ئەم وشانەی تێدا: نهێنی، هەڵوەشانەوە، دەستەڵات، ترسـاندن، گومانـاوی، سـووتاندن، دەسـت لەکار کێشـانەوە، کۆژراو، شەڕ و دەمەقاڵێ، هەڕەشە، شکان، گەندەڵی، گەرانەوەی قاعیدە، قوتـدان، هێـرش، فاشـییەت.. بەکارهێنانـی ئـەم وشـە زەقانـە تەنیا لـە یـەک ژمارەی رۆژنامەی هاوڵاتی، هەمان ئەو وشانەن ئێمە لە خەسـڵەتەکان و پێناسـەی پرێسـی زەرد باسمان کردووە.

٢-٤ گۆڤاری لقین:

یەک لە گۆڤارە پڕفرۆشەکانی کوردستانە و خوێنەرێکی زۆری هەیە و بەخۆیان دەڵێن: گۆڤارێکـی سـەربەخۆ و ئـازاد و ئەهلی.»٦٩« لـە هەموو ژمارەیـەک، چەنـد بابەتێکی توند و ڕەخنـە ئامێز بڵاودەکەنـەوە، بۆیە زۆر لە گوتارەکانیان مشتومڕ لەناو خوێنەران دروست دەکات و بەزم (فضیحة) دەنێتەوە، نەک لەبەر ئەوەی شـێوەی دارشتنی نووسینەکان باشە، بەڵکـو زۆربـەی جـار، لەبەر ئـەوەی تونده و جـاری یەکەمـە لەسـەری دەنووسـرێ و بڵاودەکرێتەوە. بە گوێرەی نووسـینی گوتار و بەدواداچـوون، دانانـی وێنە و سـەردێر و نەخشەسازی بەرگ، گۆڤاری لقین بە یەک لە گۆڤارە زەردەکانی کوردی دادەندرێ.

لەم توێژینـەوە ناوەڕۆکـی دوو ژمارەی گۆڤاری لقین: ١٣٨ و ١٣٩ هەڵوەستەی لەسەر دەکەین و هەندێک لە سـەردێر و بابەتەکانی ناوی وەک خۆی دەنووسینەوە.

گۆڤاری لقین. ژمارە ١٣٨، ١٠-٩-٢٠١٠

بەرگـی ئـەم ژمارەیـە بـە دوو وێنـەی گەورەی د. بەرهەم سالح و کۆسرەت رەسول پڕکراوەتـەوە. د. بەرهەم، خەریکی چاکردنی پرچییەتـی، بەڵام بە سـەیرکردنی وێدەچێت، لە شتێک بترسـێ یان سەیری دوور دەکات، یانیش شتێکی سەرسوڕهێنەر دەبینێ. لەسەر وێنـەی د. بەرهـەم نووسـرایە: (د. بەرهـەم بەتەلەفـۆن بەمەسـرور بارزانـی وتووە ئەو کـوڕە بکوژرێـت ئێـوە لێـی بەرپرسـیارن). لەسـەر وێنەی کۆسرەت رەسولیش نووسرایە: (بەگومانی بوونی پەیوەندی نهێنی، کۆسرەت

رەسوڵ سکرتێرەکەی خۆی دەرکرد). لەسەر سەرەوەی گۆڤار بە فۆنتێکی بچووکتر و ڕەش نووسرایە: (بەیانووی ڕووبەڕووبوونەوەی پەکەکە: تالەبانی لە ماوەی دوو ساڵ (۷) ملیۆن و بارزانی لە ماوەی چوار ساڵدا (۸) ملیۆن دۆلاریان لە تورکیا وەرگرتووە). لە خوار خوارەوەش بە فۆنتێکی کەمێک گەورەتر و ڕەش نووسرایە: (فشارەکانی یەکێتی و پارتی، حکومەتەکەی بەرهەم ساڵح ڕووبەڕووی قەیران دەکەنەوە).

دانانی ئەم سەردێرە زەق و ئاراستەکراوانە، لە بەرگی پێشەوەی گۆڤار، بەڕێکەوت و بە ئەنقەست نییە، بەڵکو دەستەی نووسەران دەزانن، ئەمجۆرە نووسینانە، سەرنجی خوێنەر بۆلای تەواوی ژمارەکە ڕادەکێشێت و کاریان تێدەکات و گۆڤارەکە دەکرن.

لاپەرەی یەکەمی گۆڤار یان ڕۆژنامە، زۆر گرنگە بۆ ئەوەی بزانین، ئایا بڵاوکراوەکە زەردە یان نا؟ لەگەڵ ئەمەش، ناوەڕۆک و سەردێر و وێنە و تێکستەکانیش بۆ ناسینەوەی پرێسی زەرد بایەخی خۆیان هەیە و کەم گرنگ نین.

لە خوارەوە هەندێک لەو سەردێرانە دەنووسین، کەلە ژمارەی ۱۳۸ بڵاوکراونەتەوە:

(لە نامەیەکی کراوەدا بۆ مەسعود بارزانی، شێخ تاهیری چوێسە بارزانی ئاگادارەکاتەوە کە ئاسایشی پارتی لە کەرکوک بکوژانی کوڕەکەی تەسلیمی دادگا ناکەن).»[۷۰]« (لەبەر ئەوەی بەبێ ئاگاداری ئەو ڤیزەی ئیسرائیلی وەرگرتووە کۆسرەت ڕەسوڵ سکرتێرە شەخسیەکەی خۆی دەردەکات).»[۷۱]« (شەڕیش لە پێناو ئاشتیدا دەکرێت).»[۷۲]« (تالەبانی و بارزانی مێژووی یەکتر هەڵدەدەنەوە).»[۷۳]« (بارزانی و تالەبانی بۆ شەڕی پەکەکە یارمەتی دارایان لە تورکیا وەرگرتووە).»[۷۴]« (فشارەکانی یەکێتیی و پارتی، حکومەتەکەی بەرهەم ساڵح ڕووبەڕی قەیران دەکاتەوە).»[۷۵]« (حکومەتی عێراق کەرکوک تەعریب دەکاتەوە).»[۷۶]« (لقین گەندەڵییەکانی تێبینەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی کەلار

ئاشکرا دەکات).»[۷۷]« (سیمبۆلیزمی بنەماڵەی بارزانی).»[۷۸]« (دیارکردنی بەرپرسی بازنەکان لەگەرمیان، کێشە لەناو گۆڕاندا دروستەدەکات).»[۷۹]« (کەسێتی نێگەتیڤ).»[۸۰]« (حیزب هێشتا تفەنگی بەشانەوەیە).»[۸۱]«

ئەم سەردێرو نووسینانە و بەکارهێنانی وشەکانی: بکوژانی کوڕەکەی، دەرکردن، شەر لە پێناو ئاشتی، هەڵدانەوەی مێژوو، شەڕی پەکەکە، قەیران، تەعریب کردنەوەی کەرکوک، گەندەڵی، سیمبۆڵی بنەماڵەی بارزانی، کەسێتی نەرێنی، تفەنگی بەشانەوەیە...هتد، بەگوێرەی خەسڵەت و پێناسەی پرێسی زەرد، تەواوی ئەو سەردێرانەی لە ژمارە ۱۳۸ی گۆڤاری لقین، ئێمە وەک نموونە نووسیمانەوە، دەکەونە خانەی پرێسی زەرد. جگە لە دانانی ئەم سەردێرانە، لە ناوەڕۆکی نووسینەکانیش گۆڤاری لقین، زۆر نەرێنییانە ڕووداوەکان هەڵدەسەنگێنن. نووسینەکان ئاراستەی بیروهۆش دەکرێن و خوێنەر ناتوانێ بۆچوون و بیری خۆی هەبێت. ناوەڕۆکی نووسینەکان، بە وێنە دەوڵەمەند کراون، بەڵام ئەگەر پسپۆرانە بابەتەکان هەڵسەنگێنین، بەشێوەیەکی گشتی، تێرنین و نووسەرانیان بە

قوولّی نەچوونەتە ناو بابەتەکان و سەرپێی لەکۆڵ کراوەتەوە. لەناو هەمووشیان ژانری بەدواداچوونی تێدا کەمە و ئەوەی لەژێر ئەم ناوونیشانەش نووسراوە تێر نییە. زۆریش لە نووسینەکان ئاراستەکراون و رای رۆژنامەنووس بە ئاشکرا دیارە: (هیچ کام لەم دوو وەهمە بۆ ئەم سەردەمە نابن، مێژووی هەر یەک لەم دوو حیزبەش، پڕن لە خیانەت و شکۆ).»[٨٢]« (عیرفان قانعی فەرد ئەگەر تاوانبارە، خائین و خۆفرۆش و بەکرێگیراوە، پێویست بە هەڕەشە و تۆقاندنی ئەو گۆڤارە ناکات، کە چاوپێکەوتنی لەگەڵدا کردووە. قانعی فەردیش هەرچییەک بێت، خیانەتی بە ئەندازەی لای کەمی بەشێکی زۆر لە سەرکردە کوردەکان (لە کوردستانی عێراق و ئێران و تەنانەت تورکیاش نەکردووە).»[٨٣]« ئەم دوو نموونەی سەرەوەی ناو کەوانە، نیشانی دەدەن، نووسەرانی بابەتەکان، نەیانتوانیووە بێلایەنی خۆیان بپارێزن، پشتگیریان لە لایەک کردووە. لەکاتێکدا، ئەگەر رۆژنامە یان گۆڤار لە ژێر ناونیشانی بێلایەنی یان ئەهلی و سەربەخۆ دەربچێ، نابێت کەسی نووسەر ئەم رایانەی لە نووسین هەبێت.

رۆژنامەنووس حاکم نییە تا خەڵک و لایەن تاوانبار بکات، بەتایبەتیش ئەگەر بەڵگەی راست و دروست لەبەردەست نەبن. ئەم شێوە نووسینە، بێلایەنی ناپارێزی

گۆڤاری لڤین ژمارە ١٣٩، ٢٠-٩-٢٠١٠

لە بەرگی ئەم ژمارەیە، وێنەیەکی گەورەی سەردەشت عوسمان بە مردوویی و لەناو دارەمەیت چاپکراوە و نووسراوە: (وێنەیەکی سەردەشت دوای شەهید بوونی، لیژنەی لێکۆڵینەوە دەخاتە ژێر پرسیارەوە)، (برایەکی سەردەشت بۆ لڤین: چاوەڕێی سیناریۆمان دەکرد، بەڵام دروستکردنی تۆمەتی ئەنسارولئیسلام بۆ سەردەشت شتێکی چاوەڕوان نەکراو بوو). ئەم سەردێڕەی سەرەوە بە فۆنتێکی گەورە و ڕەش نووسراوە و لە ژێرەوەش بە فۆنتێکی هێشتا گەورەتر سەردێڕێکی تر نووسرایە: (لە راپرسییەکدا ٩٤٪ هاوڵاتیانی کوردستان ئەنجامی لیژنەی لێکۆڵینەوە بە ناراست دەزانن).»[٨٤]«

لەو نووسینانە دەردەکەوێ، سەرنووسەران، ئەو دەنگۆیە بڵاودەکەنەوە، کە پارتی راست ناکات و راستییەکانی شەهید بوونی سەردەشت عوسمان لە خەڵک دەشارێتەوە. ئەوان خۆیان سەردەشتیان شەهید کردووە.

لــە راســتیدا، رۆژنامەنووس حاکــم نییــە تــا خەڵــک و لایەن تاوانبــار بــکات، بەتایبەتیــش ئەگەر بەڵگەی راست و دروست لەبەردەســت نەبن. ئەم شــێوە نووســینە، بێلایەنــی ناپارێزی. جگە لــە بڵاوکردنەوەی وێنەی سەردەشــت بــە مــردووی، کە بینــەر و خوێنــەر غەمبار دەکات، لادانیشــە لە ئەخلاقی پیشەی راگەیاندن.

لــە خــوارەوە هەندێــک ســەردێر لــە ناوەرۆکــی ژمــارە ١٣٩ وەک خــۆی دەنووسینەوە:

(٩٤٪ خەڵکــی کوردســتان راگەیانــدراوی ئەنجامــی لێژنــەی لێکۆڵینەوە بــە ناراســت دەزانن).»٨٥«

(چاوەڕێی ســیناریۆمان دەکرد، بەڵام دروســتکردنی تۆمەتی ئەنسارولئیســلام بۆ سەردەشــت شــتێکی چاوەڕوان نەکراو بــوو).»٨٦« (خودانــی بــارزان، ســەرکردەی لەبیرکــراوی راســتەقینەی شۆرشــی بــارزان).»٨٧« (زۆربــەی حیزبەکان، پەیوەنــدی ژێربەژێریــان لەگەڵ ئێران هەیــە).»٨٨« (نێچیروان بارزانی لەڕێگەی راوێژکارە بیانییەکانییەوە سەرقاڵی داڕشتنی بەرنامــە و پلانە بۆ کۆنگرەی پارتی).»٨٩« (ســەرۆک کۆماری ئێراق بــە کام کەناڵە ئاســمانییەکان ســەرقاڵە).»٩٠« (گوتاری سیاســی پارتە نەتەوەییەکانی کورد، پەلــە پەل و هەڵچوونی پێوەدیارە).»٩١« (ســیناریۆکەی سەردەشــت و ســەرۆک).»٩٢« (جــەلال تاڵەبانی لە کۆنگرەی رۆژنامەوانی ڕێکخراو بۆ چەند کەناڵێکی تایبەت بە یەکێتی و پارتیی رایگەیاند: ئەو تەماشای کەناڵی روسیا (Russia Today) و کەناڵی ڕەسمی کۆماری چین (CCTV News) دەکات و هیچ کامیشــیان سووکایەتی بــە ڕەمــزە نەتەوەییەکانــی خۆیان ناکــەن. بۆچــی تاڵەبانی ئــەو دوو کەناڵە باس دەکات؟.. هیچ ســەیر نییــە کە تاڵەبانی لــەو هەمــوو نموونە جوانانــەی دونیای دیموکراســی و ئەو وڵاتانەی ئــازادی ڕادەربڕین تێیدا بەرزە، نمونەی دوو وڵاتی دیکتاتۆر دێنیتەوە، چونکە تاڵەبانی ویســتێکی هاوبەشی هەیە لەگەڵ ئەو جۆرە ســەرکردانە بۆ چەوســاندنەوە و ئازاردانی رۆژنامەنووسان).»٩٣«

تاڵەبانــی نموونــەی ئــەم دوو وڵاتانــەی ســەرەوەی هێناوەتــەوە، نــەک لەبەر ئــەوەی دیکتاتۆرین، بەڵکو مێژوویان کەم تا زۆر لەگەڵ مێــژووی کورد و کوردســتان نزیکە

رۆژنامەنــووس باشــە بزانــێ، تاڵەبانــی نموونــەی ئــەم دوو وڵاتانــەی ســەرەوەی هێناوەتــەوە، نەک لەبــەر ئەوەی

دیکتاتۆریـن، بەڵکـو مێژوویـان کـەم تـا زۆر لەگـەڵ مێـژووی کـورد و کوردسـتان نزیکـە. لـە روسـیا ٧٠ سـاڵ حوکمی دیکتاتۆری یـەک حزبی (پارتی کۆمۆنیسـت) هەبـوو، ئـەو حوکمەی بووە هۆی کوشـتنی و دوورخسـتنەوە زیاد لە ٧٠ ملیـۆن سـۆڤییتی، ئینجا باس لـە سـکرتێر و دامەزرێنەری پارتی کۆمۆنیسـتی روسـیا و سـۆڤییت، ڤلادیمیـر ئیلیچ لێنیـن بـە باش و خـراپ لە راگەیاندنەکانیـان ناکـەن، بۆیـەش تا ئێسـتا مەفزەلـەی لە مەیدانی سـوور لە شـاری مۆسـکۆ لە کرێملـن هەرمـاوە و بۆ سەیرکردنیشـی، نزیکەی ٨٠ سـاڵە بەردوام سـڕەی سـەدان مەتر بووە. لە وڵاتی چینیش، دیارە شۆڕشـی کولتـوری زیانی بە سـەدان ملیۆن کـەس گەیاند، لەگـەڵ ئەمـەش، ئـەوان باس لـە هەڵـە و کەموکورتییەکانی ما و تسـی تۆنگی سکرتێری مردووی پارتی کۆمۆنیستی چین لە راگەیاندنیان ناکەن. لەم نووسینە، دەبێندرێ، رۆژنامەنووسـی گۆڤاری لڤین، ئـاگای لـە هەڵبژاردنەکانـی لـە سـاڵی ١٩٩١ وە بـۆ پەرلەمـان دەسـتی پێکـرد و هەبوونـی کۆمەڵێـک پارتی بە بیروبۆچوونـی جیـاوازەوە لەناو پەرلەمانی روسـیا نییە. لـە روسـیای ئەمـڕۆ و پاش رووخانـی یەکێتی سـۆڤییت، ئـازادی تـەواوی راگەیاندن هەیە و زۆربەشـیان ئەهلین و بـە ئاشـکرا رەخنـە لـە حکومـەت و سـەرۆک دەگرن، لەگـەڵ ئەمەش، بە بـڕوای رۆژنامەنووسـی گۆڤـاری لڤین، سیسـتێمی بەڕێوەبردنـی وڵات دیکتاتۆرییە، لەکاتێکدا ئەمە لەگـەڵ هەڵبژاردنەکانـی



▼ ناونانی رۆژنامەی زەرد، لەو وێنەیەوە سەرچاوەی گرتووە

هەولێر

روسیا و هەبوونی پەرلەمان وگۆرینی حکومەت و سەرۆک کۆمار یەک ناگرنەوە.

لە ژێر وێنەیەکی مەسرور بارزانی و نێچیروان بارزانی نووسراوە: (مەسرور بارزانی تورەیە).»[٩٤]« ئەگەر سەیری ئەم وێنەیە بکەیت، دەبینی مەسرور بارزانی سەیری دوور دەکات و زیاتر جددیە لەوەی توڕە، بەڵام ئەگەر تووڕەش بێت، خوێنەر پێویستی بە کۆمێنتی ئاراستەکراو نییە، چونکە بینەر ئەو وێنەیە دەبینێت و با خۆی چۆنی بۆ دەچێت یان چۆنی تێیدەگات، با بگات و یارمەتی لە رۆژنامەنووسەوە وەرنەگرێ و بیرۆکەی خراپ لە مێشک تۆمار نەکات و رای خۆی بەسەر نەچەسپێنێ.



لە کوردستان لەبەر ئەوەی تا ئێستا ژیاننامەی نووسەر، هونەرمەند، کەسانی دەوڵەمەند و بەناوبانگ نەبۆتە نەریت لە گۆڤار و رۆژنامەکان باس بکرێن و لاپەڕەیان پێ پڕبکرێتەوە، لە جیاتی ئەوان، گۆڤاری لڤین بەردەوام، باس لە هەردووک حزبی سیاسی کوردستان و ئەندامان مەکتەبی سیاسی یان سەرکردایەتی ئەوان دەکات. لڤین لە نووسین و بڵاوکردنەوەی وێنەکان، تا بۆی کرابێ، کارە باشەکانی ئەوانیان پشتگوێ خستووە یان پوچکردۆتەوە و کەموکورتییەکانیشیان گەورە کردووە و بە فۆنتی گەورە و ڕەش بەرچاو کردووە، ئەمەش ڕێک تەواوی ئامانجە لە دەرکردنی پرێسی زەرد.

پرێسی زەرد مەرج نییە، خراپ بێت، یان ناوەرۆکی درۆ بێت و دوور لە ڕاستی بێت، بەڵکو لە وڵاتانی ئەورووپا و ئەمەریکا و تەواوی ئەوانەی ئازادی ڕاگەیاندنیان تێدا، پرێسی زەرد زۆر پێشکەوتوە و زیاتر بە راگەیاندنی ناجددی یان تابلۆید بەناوبانگە. لەوێندەر ئەوان ئەو جۆرە وشە تایبەتییانە هەڵدەبژێرن و دەنووسن، کە ببێتە هۆی راکێشانی

سەرنجی خوێنەر بۆلای نووسیەنەکان و کڕینی ژمارەی ڕۆژ.

لە کوردستان پرێسی ژەرد کەمێک بەجۆری دیکەیە و مۆدێلی تازە و نوێیە. گۆڤاری لڤین بەگوێرەی ناوەڕکی ئەم دوو ژمارەی وەک نموونە هێنامانەوە، زیاتر بۆ ڕەخنەگرتن لە دەستەڵات دەردەچێ و هەفتەنامەی ڕووداویش لەهەر ژمارە و بەتایبەتیش لە لاپەڕەی یەک، بەلای کەم بابەتێک دژ بە یەکێتی یان بزووتنەوەی گۆڕان بڵاودەکاتەوە. لە لاپەڕەی ژن و کۆمەڵایەتیش، بەردەوام کۆمەڵێک سەردێری زەق و زەرد بەرچاوی خوێنەر دەکەوێ. ئەم جۆرە نووسینانەی ئەمڕۆ لە لاپەڕەی یەک و لاپەڕەکانی کۆمەڵایەتی ڕووداو بڵاودەکرێنەوە، هەمان بابەت و وشە لە ساڵی ١٨٩٦ لەسەر لاپەڕەکانی هەندێک لە ڕۆژنامەکانی نیویۆرکی ئەوکات دەبیندران.

زۆر لە نووسینەکانی هەرسێک بڵاوکراوانەی کوردی: (گۆڤاری لڤین)، (هەفتەنامەی ڕووداو) لەگەڵ (ڕۆژنامەی هاوڵاتی) کە بوونەتە بابەتی سەرەکی تۆێژینەوەکەمان، لە بەرهەمەکانیان بیر لە ئەخلاقی ڕاگەیاندن ناکەنەوە و بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی خۆیان یان فرۆشتنی ژمارەیان لا گرنگترە. ئەوەندەی لەو سێ ناوانەی سەرەوە باس لە: خوێن، خیانەت، گەندەڵی، پارە، کوشتن، تیرۆر، دزی، سەرنەکەوتن، ڕووخان، هێرش، پلان و بەرنامەی نهێنی، سووتان.. هتد دەکرێ، بەدەگمەن لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی دیکەی کوردی بەو شێوەیە ئەم وشانە یان سەردێرانە بەرچاو دەکەون.

بەکارهێنانی ئەم زمانە و دانانی زۆر لەوێنەکان، ناکاتە ئەوەی، ئەم بڵاوکراوانەی سەرەوە خراپن یان باش، بەڵام بێشک لە ڕاگەیاندنی کوردی نوێن و پێشتر نەبووین. نەویستن و ئاشکرانەکردنی دەستەی نووسەرانی هەرسێک دەزگا بەوەی، کە بڵاوکراوەکانیان دەچنە خانەی پرێسی زەرد و لە پرێسی زەردیش ڕەوایە بەمشێوەیە بنووسرێ، هەزاران دوژمنی بۆیان دروستکردووە و دەیان ناو و ناتۆرەیان پێوە نووساندوون وەک: بەکرێگیراو، خۆفرۆش، تێکدەر...هتد.

پرێسی زەرد لە کوردستان نوێیە، بۆیە لەوانەیە زۆر لەوانەی تەواوی ڕۆژنامە یان گۆڤاریان بە ناوەڕۆکی زەرد پرکراوەتەوە نەزانن، کە ئەوان خەریکی دەرکردنی پرێسی زەردن، لەوانەشە هەر ئەوان خۆیان، بە بیستن یان خوێندنەوە بەوەی، پرێسی ئەوان زەردە، تۆرە بن و وەک ئیهانە لێکی بدەنەوە، کەچی لەڕاستیدا پرێسی زەرد، ئەو پرێسە یان ئەو جۆرە ڕاگەیاندنە نییە، کە مرۆڤ شەرمی پێوە بکات، بەڵکو تەنیا ناوەڕۆکی لە پرێسی جددی جیاوازە و خوێنەری هۆشیار زۆر باوەڕ بە ناوەڕۆکی بابەتەکان ناکات، بەڵام ئەم باوەڕ نەکردنە، ناکاتە ئەوەی ناوەڕۆکی گۆڤار یان ڕۆژنامەکە بەهەند وەرنەگیرێ.

هەر بۆ نموونە: ئەو چاوپێکەوتنەی لەگەڵ عیرفان قانعی فەرد لە ژمارەی ١٣٤ لە ١-٨-٢٠١٠ لە لاپەڕە ٦-١٠ ی گۆڤاری لڤین بڵاوکرایەوە، گەورەترین گرفتی بۆ پارتی و سەرکردایەتی ئەوان دروستکرد. زیاد لە دوو هەفتە لە ڕاگەیاندنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، وەڵامدەرایەوە و هەوڵدەدرا، نووسینەکە یان ناوەڕۆکی ئینتەرڤیووەکە پووچ بکەنەوە، دەستەی نووسەران بە خۆفرۆش لەقەڵەم بدەن و بەڵگەنامەکان بە ناڕاست و عیرفانیش وەک جاش و سیخوری بێگانە بەخەڵک بناسێنن. کار گەیشتە ئەوەی، سەرۆک کۆماری ئێراقی فیدرال، خۆی دەربارەی ڕووداوەکانی ئەوکات بەگشتی و ڕابەری شۆڕشی ئەیلول مستەفا بارزانی لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی لە هەولێر و لەماڵی کۆسرەت ڕەسول دەربڕێت و ناوەڕۆکی چاوپێکەوتنەکەی عیرفان قانعی فەردیش پووچ بکاتەوە.

لە هەموو ئەو وڵاتانەی پرێسی زەرد هەیە، زۆربەی خەڵک بەتایبەتیش ئەوانەی تێگەڵاون و لەو جۆرە پرێسە و باسیان دەکرێ، نارازین، بەڵام ئەم نارازی بوونە ئەوان ناگەینیتە هیچ شوێنێک و پرێسی زەرد

بەردەوامە لە دەرچوون و باسکردنی ئەوان. لە وڵاتی سوێد زۆر لە رۆژنامەنووسانی جددی، رازینین لە پرێسی زەرد و بەدەستییەوە دەناڵێنن. (بارودۆخی راگەیاندنی سوێدی زۆر لەو راگەیاندنەی کە ماوەیەکی زۆرە بەسەر جەماوەری بەریتانیا زاڵە دەچێ و لەوێندەر پێیدەڵێن: the yellow press خەریکە بەرۆکی راگەیاندنی سوێدیش بەناوی تابلۆید دەگرێ).»[٩٥]«

(ژانری بەدواداچوون، قەت وەک ئەمرۆ لە سوێد توند نەبووە. رۆژنامەنووسان، کامیرای شاراوە بەکاردێنن، ئەوەی بەرامبەر تورە دەکەن، بۆ ئەوەی ناچار بێت زانیاری بدات، ئەو مێتۆدانەی پۆلیس بۆی نییە بەکاری بهێنێ، کەچی بۆ کارمەندانی دەستەڵاتی سێ ڕەوایە).»٩٦« (راگەیاندن لە سوید بە دەستەڵاتی سێ بەناوبانگە).

پرێسی زەرد وەک لە پێشەوە ئاماژەی پێکرا، لە بەریتانیا بە رۆژنامەی the yellow press ناودەبردرێ، لە سوێد بە تابلۆید و لە کوردستانیش زیاتر بە ڕاگەیاندنی ئەهلی بەناوبانگە. لە راگەیاندنی ئەهلی کوردستان، زیاتر ئەو بابەت و نووسینانە بەرزدەکرێنەوە، کەلە رۆژنامەی حزبی شوێنیان نابێتەوە و باسیان لێوە ناکرێ. ئەوەش ئەمە ناگەیەنێت، کە راگەیاندنی حزبی دووڕە لە ڕەخنە و کوێرانە بەرگری لە حکومەت و پەرلەمان و حزبی خۆیان دەکەن، بەڵکو ئەوانیش ڕەخنە دەگرن و زۆر لە رۆژنامەنووسانی ئەوانیش لەوبڕوایە دان، راگەیاندنی راست و باش، ڕێک ئەو راگەیاندنەیە، کە بەردەوام نارازییە و هەگبەی لە ڕەخنە پڕە.

رۆژنامەکانی حزبی هەرچەند، ڕەخنەی توند بگرن، چوارچێوەیەکی بۆ دیاری دەکەن بیر لە لێپێچینەوە دەکەن، بەڵام راگەیاندنی ئەهلی، لێپێچینەوەی بەرامبەر ناکرێ و ئازادە لەوەی بڵاوی دەکاتەوە، بەتایبەتیش بەیارمەتی یاسا مافی پارێستراوە و کەس بۆی نییە ئەزیەتی بدات، بۆیەش وەک لە وڵاتانی پێشکەوتوو، پرێسی زەرد زۆرتر داوای یاسایی لەسەر تۆمار دەکرێ، بەهەمان شێوەش لە کوردستان، راگەیاندنی ئەهلی زۆرتر لە راگەیاندنی ئەهلی لە پۆلیسخانەکان داوای یاساییان لەسەر تۆمار دەکرێ.

٢-٥ نموونەی پرێسی زەرد لە سوێد:

لەو توێژینەوەمان پێویستە ئاماژەی بکەین بەوەی، ئەو بابەتانەی بۆ کۆمەڵگای سوێدی یان بەریتانی گرنگن، هیچ مەرج نییە لە کوردستان بەگەرمی پێشوازییان لێبکرێ. یانیش ئەو بابەتانەی لە کوردستان بڤەن یان بۆ راگەیاندنی کوردی کرنگن، مەرج نییە، هەمان بابەت بۆ راگەیاندنی بەریتانی یان سوێدی پربایەخ بێت، لە هەمان کات، مەرج نییە، لە هەمان وڵات و هەمان شاریش هەمان بابەت، بۆ رۆژنامەی دیکە گرنگ و سەرنجڕاکێش بن.

لە وڵاتی سوێد رۆژنامەکانی تابلۆید یان ئێواران، بە زەرد ناسراون، ئەوان بۆ بەرزڕاگرتنی تیراژیان، سەردێری زەق بە فۆنتی ڕەش هەڵدەبژێرن.

رۆژنامەی AFTONBLADET:

رۆژنامەیەکی ئێوارانی تابلۆیدە، لە ژمارەی رۆژی سێشەم ڕێکەوتی ٧ ئەیلوول ٢٠١٠ لە لاپەڕە یەک بەم شێوەیە پڕکراوەتەوە: (هەشت لە قاتلانی بە نەخۆشی دەروونی حوکم درابوون – ئەنجامەکەی دوای بەردران بەمشێوە بوو). لەگەڵ هەمان نووسین، سێ وێنەی بچوکیش دانەدراوە. لە هەمان ژمارە و لاپەڕە بەڵام گەورەتر، کە نزیکەی نیوەی لاپەڕەکەی گرتووە، ئەم ناوونیشانە نووسرایە: (بۆڵە بۆڵی نامەی SMS لە نێوان هێدمانس و گرافس لەسەر ملیۆنە بزربووەکان). Magnus Hedman یاریزانی تۆپی پێ بوو و Magdalena Graaf خێزانی پێشتری ئەو بوو. لە یەک لەو نامانانەی بڵاوکراوەتەوە، نووسراوە: (تۆ دەزانی من هیچ پارەم نەماوە، لەگەڵ ئەوەش دەتەوێ ژیانم وێران کەیت...) گرافی خێزانی هێدمان، داوای یەک ملیۆن کرۆن لە مێردی پێشتری دەکات. ئەمە گرفتی خێزانییە و کەوتۆتە ناو لاپەڕەکانی رۆژنامە. هەمان بابەت بۆ رۆژنامەیەکی بەیانیانی هەمان وڵات و شار، هیچ بایەخی پێندراوە و بە یەک وشە باسی لێوە نەکراوە.

لــە رۆژنامــەی SVENSKA DAGBLADET لــە لە ژمــارەی هەمان رۆژ، سێشــەم ٧ ی ئەیلــول ٢٠١٠ گرنگتریــن بابەت لەســەر نەخۆشــی دێمێنس، وێنەیەکــی گەورە نزیکــەی نیــوەی لاپــەڕەی یەکەمــی گرتــووە، کەسێکی نەخۆشی دێمێنسی هەیە لای تابلۆیەکی زانیاری نەخۆشخانە وەستاوە: Demensvård i kris خزمەتگــوزاری نەخۆشــی دێمێنــس لــە قەیران دایە.»[٩٧] (دێمێنس: نەخۆشــێکە، مرۆڤ شت لەبیر دەکات.) تەواوی ژمارەکە بخوێنیتەوە، هیچ ســەردێرێکی زەق بۆنی خوێن یان کوشتن و سوتان یان گرفتی خێزانیت بەرچاو ناکەوێ.

بــۆ ئــەوەی باشــتر تێبگەیــن، هەندێــک لــە ســەردێرەکانی رۆژنامــەی بەیانیانــی SVENSKA DAGBLADET و ژمــارەی ٧ ئەیلوولی ٢٠١٠، کە ناچێتە خانەی پرێسی زەرد، بۆ تێگەیشــتن لە دانانی سەردێر بۆ پرێسی زەد و پرێســی جــددی وەک خۆی دەنووســینەوە: (ئێمــە ناتوانیــن زیاتــر مونافەســەی ئــەوان بکەیــن).»[٩٨] (کڕیارەکان پرۆتســتۆ دەکەن).»[٩٩] (دکتــۆرەکان لــە ئێــراق دەڕۆن).»[١٠٠] (مــرۆڤ پێویست ناکات، بە شــتێک ببەستێتەوە).»[١٠١]... هتد. بە خوێندنەوەی دەبینین، هیچ لەو سەردێر و بابەتانەی بۆ ژمارەی ئەورۆژە هەڵبژێردراون، فێــڵ لــە خوێنەر ناکــەن، بۆئــەوەی رۆژنامەکە بکڕن، چونکە رۆژنامەی بەیانییان زیاتر پشــت بە ئابۆنە دەبەســتێ. ئەوان نایانەوێ بە پرێسی زەرد بناســرێن، بەڵکو لەلایەن خوێنەرەوە زۆر بە جدی سەیریان دەکرێ.

ئەگــەر ســەیری رۆژی رۆژنامــەی AFTONBLADET ژمــارەی هەمــان رۆژ، ٧ ئەیلــوول ٢٠١٠ بکەیــن، دەبینین بە شــێوەی دیکە بابەتەکانی هەڵبــژاردووە: {(قوتابخانەکان ئێســتا لــە بێورکلونــد (وەزیــری پــەروەردە) بێزارن)}.»[١٠٢] (جارێکی دیکە دەستی بە کوشتن کــردەوە).»١٠٣» (شــەڕی یەکەم).»[١٠٤] (شــەر لەسەر هەموو دەنگێک).»[١٠٥] (لەسەر ملیۆنەکان بەشــەر دێــن).»[١٠٦] {(یــان، لــە قوتابخانە چۆن بوویت؟) یان- ناوی وەزیری پەروەردەیە}.»[١٠٧] (خۆشەویســتی لەپێــش سیاســەتەوە دێ).»[١٠٨] (دەرســێکی گــران کــەوت).»[١٠٩] (جاسوســە کوژراوەکــە تاقیبکرابــوو).»[١١٠] (ناچارکــرا بــە کەلەپچــەوە بخــەوێ).»[١١١] {(OZZY: من نەمر نیم).»[١١٢] هونەرمەندێکی گەورەی جیهانە}. {(ملی ســەگی باگگێس یان بڕی (مۆســیقا نووســێکی ســوێدیە)}.»[١١٣] لــەو کاتەی ئەم ســەردێرانەی ســەرەوە بە فۆنتی ڕەش و قەڵەو دەخوێنیتەوە و لــە هەمــان کاتــدا ســەیری وێنە گــەورەکان دەکەیــن دەبینین، تەواوی رۆژنامەکە، بە بابەتی زەرد پڕکراوەتــەوە. رۆژنامــەی ئەفتۆنبلادێت، رۆژنامەیەکی سەرتاسەری ئێوارانی سوێدە و لە ســاڵی ١٨٣٠ لەلایەن Lars Johan hiertەاتە دامەزراندن و لەوکاتــەوە بەردەوام دەردەچێت و ئێســتا رۆژانە نزیکــەی ٢،٥ ملیۆن خوێنەری هەیە.

لە خوارەوە سەردێرەکانی هەمان رۆژنامەی زەردی ســەرەوە ژمارەی پێنجشەم ٩ ئەیلوول ٢٠١٠ وەک خــۆی دەنووســینەوە: {(تــۆ قــەت بەمشــێوەیە، فیلیپــە و فرێدریکــت نەبینیــوە) (ســەرۆک وەزیــران و خێزانەکــەی)}.»[١١٤] (لێرە پیاوە تەمەن ٥١ ســاڵەکە لەنــاو میوانانی چێشتخانە کوژرا).»[١١٥] (شەڕی مافیا لەناوەندی چێشتخانەکان، لەکاتی سوپخواردن کوژرا).»[١١٦] (حزبی مــۆدرات و ژیانی تایبــەت).»[١١٧] (جوان نییــە).»١١٨» (خەونەکانمــان بــۆ بهێنــە دی، ئــەی سیاســەتمەداران).»[١١٩] {(فرێدریــک، زمانــی هەڵبژاردنت چییە؟ (ســەرۆک وەزیرانی ســوێدە)}.»[١٢٠] (ســوپەر پۆلیســەکان).»[١٢١] (مێیــە: لەکاتی خۆیدا، لە نەخۆشــخانە یارمەتی نەدرا).»[١٢٢] (ســکاڵا لەســەر بریتنــی دەربارەی مومارەســەکردنی ســێکس تۆمار دەکات).»[١٢٣] (پرســیارکردنی نوێ لە سەکینە – کەس نازانێ لە پرسیارکردنەکانی دوایی بەرامبەر بە کامیرای ڤیدیۆ چــی گوتووە).»[١٢٤] (سێکســی لەناو پاس کرد و ٥ هەزار کرۆن سزادرا).»[١٢٥] (بێ مۆڵەت ماتــۆری لێخــۆڕی و مــرد).»[١٢٦] (برادەرەکانی ئەویــان کوشــت).»[١٢٧] ئــەو ناوونیشــانانەی ســەرەوە، هەندێــک لەو بابەتانەبــوو، کە فۆنتی ڕەش و قەڵەو لە ژمارەی ئەو رۆژ چاپکراین.

ئــەو دوو ژمــارەی ســەرەوە مــن وەک نموونــەی وەرمگرتوون، لەبەر ئــەوە نییە، لەم دوو ژمارەیە نووسینی نەرێنی یان زەرد زۆرە، بەڵکو رۆژنامەی AFTONBLADET تەواوی ژمارەکانی لەبەر ئەوەی زەردە، ناوەڕۆکی بەو

شێوەی سەرەوە پڕ دەکاتەوە. ئەوان شەرم ناکەن، کە رۆژنامەکەیان خەریکی بڵاوکردنەوەی بابەتی زەردە، بەڵکو خۆیان ئەو ڕێڕەوەیان هەڵبژاردووەو رۆژانەش وەک لەسەرەوە نووسیمان دوو ملیۆن و نیو کەس دەیخوێنێتەوە. ڕاگەیاندن لە سوێد پیشەسازییە و ئەوان ئەو بابەتانە بڵاودەکەنەوە، کە خوێنەری نەک تەنیا هەیە، بەڵکو زۆرە و قازانجی ماددییشیان لێیەوە دەست دەکەوێ.

ئەنجام:

هەبوونی ڕاگەیاندنێک جگە لە ڕاگەیاندنی حزبی و حکومی لە کوردستان زۆر پێویستە، لەلایەک پیشانی دەدات، سیستێمی هەڵبژاردن و دیموکراتییەت لە وڵاتی ئێمە هەیە و لەلایەکی دیکەش، بۆئەوەی جەماوەر، هەواڵ و زانیارییەکان تەنیا لەیەک لا و لەیەک سەرچاوە و بەیەک بیروبۆچوون وەرنەگرێ و بۆی هەبێ لەڕێگای دیکەش زانیاری بەدەست بگات.

لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەی ئێمە لەسەر «پرێسی زەرد Yellow Press» گەیشتینە ئەو ڕاستییەی، کەلە کوردستان ئەمجۆرە پرێسە دەمێکە هەیە و لەژێر ناوی (ڕاگەیاندنی ئەهلی) دەردەچێت، لەگەڵ ئەوەش، جەماوەر و دەستەڵات زانیاری پێویستیان لەسەر پرێسی زەرد نییە، بۆیە ئەگەر لە زووترین کات لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن، باس لە هەبوونی ئەمجۆرە پرێسە نەکرێ، ئەم دیاردە نوێیەی چاپەمەنی کوردی بۆ خوێنەران شینەکرێتەوە، بەدوور نازاندرێ، خەڵک زیاتر متمانە بە ڕاگەیاندن نەکەن و لەنێوان ڕاگەیاندنی جددی و زەرد لێیان تێکەڵ بێت. ئەمجۆرە تێکەڵبوونەش گەورەترین زیان بە ڕاگەیاندنی کوردی دەگەینێ، چونکە پرێسی زەرد و جددی دوو ئامانجی تەواو لەیەکتر جیایان هەیە و لەناوەرۆکیش زۆر لەیەک دوورن.

لێکۆڵینەوە لەسەر پرێسی زەرد، بەیەک گوتار کۆتایی نایێت و ناتواندرێ مافی خۆی پێبدرێ، لەگەڵ ئەمەش، ئەم توێژینەوەیەی ئێمە، کردنەوەی پەنجەرەیەکە لەسەر ئەم بوارە نوێیەی ڕاگەیاندن کوردی، بۆئەوەی پسپۆران لە داهاتوویکی نزیک زیاتر دەوڵەمەندی بکەن. لەڕاستیشدا، پێویستە لێکۆڵینەوەی زیاتر و فراوانتر لە ئاستی نووسینی نامەی ماستەر و دکتۆرا بکرێ، بۆئەوەی باشتر لە ئامانج و قوناغەکانی پێشوەچوونی پرێسی زەرد لە کوردستان تێبگەین، چونکە پەیوەندی بەهێز لەنێوان پرێسی زەرد و پەیرەوکردنی سیستێمی دیموکراتییەت هەیە. ئەگەر دیموکراتییەت نەبێ، دەرگای ڕەخنە دادەخرێ، لەوکات پرێسی زەردیش دەخنکێ و جەماوەر لە وەرگرتنی زانیاری بەنرخ بێبەش دەکرێ.

پەراوێزەکان:

١– جەمـــال عەبـــدول. فەرهەنگی راگەیانـــدن. ئینگلیـــزی – عەرەبی – کوردی، دەزگای ســـەردەم. ٢٠٠٦ سولەیمانی. ل. ٦٩٦.

٢– Joseph R. Dominick. The Dynamics of Mass Communication – Tenth Edition. P. ٨٦

٣– George Roman. Mass Media in a Changing World – Second Edition، 2009. P. 501

٤– http://slovari.yandex.ru/желтая%20пресса/БСЭ/«Жёлтая%20печать

٥– Marcel Danesi، Dictionary of media and communications. 2009، by M.E. Sharp، Inc.

٦– Bob Franklin، Martin Hamer، Mark Hanna، Marie Kinsey and John E. Richardson. Key Concepts in Journalism Studies 2005، by SAGE Publications Ltd.

٧– Stig Hadenius، Lennart Weibull. Massmedier. Falun، 2003. p.47

٨– سەرچاوەی پێش. ل. ٤٦

٩– سەرچاوەی پێش. ل. ٤٧

١٠– سەرچاوەی پێش. ل.٤٧

١١– ســـەپان مەغدید، دکتۆر. ژانرەکانی رۆژنامەوانی و مێـــژووی چاپخانە (١٤٥٠–١٥٠٠). هەولێر، ٢٠٠٥ –. ل. ١٢٠–١٢١

١٢– لە راستیدا، کاغەزی رۆژنامە لەسەرەتا رەنگی بۆرە و پاش ئەوەی ماوەیەک لەبەر رۆژ بۆ فرۆشتن دادەنـــرێ، بـــەرە و زەردی دەچێ، چونکە بۆ رۆژنامـــە لەبەر هەرزانی، خراپترین جـــۆری کاغەز بەکار دەهێنـــدرێ. کاغـــەزی رۆژنامە لە کاغەزی گەراوە بۆ کارگە دروســـت دەکـــرێ، لەبەرئەوەی لە کاغەزی ســـپی هەرزانترە. کاغەزی رۆژنامە پێویســـت ناکات چۆنایەتی باش بێت، چونکە رۆژنامە: لە ماوەی ٢٤ کاتژمێر زۆربەی هەواڵ و گوتارەکان دەنووســـرێن، ئامادە دەکرێ، نەخشەسازی بۆدەکرێ، چاپدەکرێ، بڵاودەکرێتـــەوە، دەخوێندرێتـــەوە و فڕە دەدرێ.. ئەم کاغەزە زەرد و هەرزانەش بۆ ئەم ماوەیە باشـــە و خـــراپ نییە. لێرە زۆر بیر لە ژینگەش دەکرێتەوە، چونکە کاغەز بۆ جاری دووەم بەکار دەهێننەوە. ئەمە تـــەواوی تەمەنی کاغەز نییە و بەڵکو دوای بەکارهێنانی بۆ رۆژنامـــە، جارێکی دیکەش بۆ هەمان کارگە دەبردرێتـــەوە و ئەمجارە کارتۆنی لێ دروســـت دەکەن، بۆ جاری چوارەمیـــش کەلوپەلی و خانووی لێ دروست دەکەن، بۆیە کاغەز یەک تەمەنی نییە و بەڵای کەم چوار تەمەنی هەیە.

١٣– یوســـف پۆلیتزێر Joseph Pulitzer رۆژنامەنووسێکی ئەمریکییە و یەک لە داهێنەرانی رۆژنامەی زەردە و لە ١٩ نیســـانی ١٨٤٧ لە شـــاری ماکۆ لە هەنگاریا لەدایک بووە. لە تەمەنی گەنجی، دێنە شاری پۆداپێشـــت و لەوێنەدەر لای مامۆستای تایبەت دەخوێنی. دواتر بۆ ئەمریکا کۆچ دەکات و لە ساڵی ١٨٧٨ لـــە رۆژنامەی St. Louis Post–Dispatch کە بەزمانـــی ئەڵمانی لەلایەن ئەڵمانەکان دەردەچوو وەک رۆژنامەنووسێک کاری کرد. لە ساڵی ١٨٨٣ رۆژنامەی دووەمی بەناوی: The New York World دەکڕێ. لـــە ٢٩ – ١٠–١٩١١ دەمرێ و لەدوای خۆ ٢ ملیۆن دۆلار بەجێدێڵێ. ســـێیەکی ئـــەم میراتە بۆ دامەزراندنی خوێندنـــی باڵای بۆ رۆژنامەنووس تەرخان کرا. ئەو بڕەپارەیی مایەوەش، ســـاڵانە لە ســـاڵی ١٩١٧ وە رۆژنامەنووسی ئەمریکای پێ خەڵات دەکرێ.

١٤– William Randolph Hearst (٢٩– ٤–١٨٦٣– ١٤–٨–١٩٥١) لـــە سانفرانسیســـکۆ لەدایک بووە و باوکـــی یەک لە ملیۆنێرەکانی ئەمریکا بوو. هێرســـت، خۆی دیموکرات بـــوو زۆریش یارمەتی ماددی حزبی دەدا و لەکاتی پێویســـت قەرزیشـــی پێدەدان. هەر بەهۆی دیموکراتەکانیشەوە لەساڵی ١٨٨٧ کرا بە سینات. هێرســـت لەکاتی خوێندنی لە زانکۆی هارڤارد، بیری بۆڵای ڕۆژنامەی سکەنادال دەچوو. کەمێک پێش تەواوکردنی زانکۆ، گوتارێکی توندی دژ بە مامۆســـتایانی نووسی لە گۆڤاری هەمان زانکۆش بڵاوی کردەوە، دوای ئەمە لە زانکۆ دەرکرا. دواتر لای یوسف پۆلیتزێر لە رۆژنامەی The New York World وەک رۆژنامەنووســـێک دەستی بەکار کرد. ئەو بەمشێوەیە کاری رۆژنامەنووسی دەستپێکرد و دواتر لەگەڵ

هەمان کەس، لەســـەر بازاری رۆژنامە، مونافەســـەری توند پەیدا دەبێت و بە ئاشـــکرا شەڕی پۆلیتزێر دەکات و لە ئەنجامیش هەر ئەو بردییەوە. لە ساڵی ١٩٣٥ سەرمایەی بە ٢٠٠ ملیۆن دۆلار مەزندە دەکرا. لە ساڵی ١٩٤٠ بووە خاوەنی ٢٥ رۆژنامەی رۆژانە، ٢٤ هەفتەنامە، ١٢ ئێزگەی رادیۆ، ٢ ئاژانسی دەنگوباسی جیهانی. لە ١٤-٨-١٩٥١ کۆچی دوایی دەکات. بۆ زانیاری زیاتر سەیری ئەم ماڵپەرە بکە:

http://Журналистика\Yallo press and Lead\Херст، Уильям Рэндольф — Википедия.mht

١٥- http://en.wikipedia.org/wiki/Richard_F._Outcault-

١٦- http://en.wikipedia.org/wiki/Yellow_journalism- یان
http://en.wikipedia.org/wiki/New_York_Press_historical

١٧- http://en.wikipedia.org/wiki/Yellow_journalism#Origins:_Pulitzer_vs._Hearst

١٨- htm.١٧١/http://www.po٤emu.ru/content_categor/raznoe

١٩- http://en.wikipedia.org/wiki/Yellow_journalism#Origins:_Pulitzer_vs._Hearst

٢٠- http://www.spartacus.schoolnet.co.uk/BUharmsworth.htm

٢١- http://en.wikipedia.org/wiki/George_Newnes

٢٢- http://www.Журналистика\Yallo press and Lead\Жёлтая пресса — Википедия. mht

٢٣- http://www.journalisten.se/ledare/21504/vi-maste-reparera-foertroendet-foer-medierna

٢٤- Helena Giertta. Journalisten.se. 2009.12.03.

٢٥- هەفتەنامەی رووداو. ژمارە ١٢٨- ڕێکەوتی ٣٠-٨-٢٠١٠. ل.١

٢٦- سەرچاوەی پێش. ل.١

٢٧- سەرچاوەی پێش. ل.١

٢٨- سەرچاوەی پێش. ل.١

٢٩- سەرچاوەی پێش. ل.٤

٣٠- سەرچاوەی پێش. ل.٩

٣١- سەرچاوەی پێش. ل.١٢

٣٢- سەرچاوەی پێش. ل.١٢

٣٣- سەرچاوەی پێش. ل.١٣

٣٤- سەرچاوەی پێش. ل.١٣

٣٥- سەرچاوەی پێش. ل.١٣

٣٦- هەفتەنامەی رووداو. ژمارە ١٣٠. ڕێکەوتی ٢٠-٩-٢٠١٠ ل.١

٣٧- سەرچاوەی پێش. ل.١

٣٨- سەرچاوەی پێش. ل.١

٣٩- سەرچاوەی پێش. ل.٢

٤٠- سەرچاوەی پێش. ل.٢

٤١- سەرچاوەی پێش. ل.١١

٤٢- سەرچاوەی پێش. ل.١٢

٤٣- سەرچاوەی پێش. ل.١٢

٤٤- سەرچاوەی پێش. ل.١٢

٤٥- سەرچاوەی پێش. ل.١٢

٤٦- سەرچاوەی پێش. ل.١٣

٤٧ سەرچاوەی پێش. ل.١٣

٤٨- سەرچاوەی پێش. ل.١٣

٤٩- سەرچاوەی پێش. ل. ١٥

٥٠- http://83.169.12.202/K_Zaniary.aspx?Jimare=1

٥١- رۆژنامەی هاوڵاتی. ژمارە ٦٦٦. ڕێکەوتی ٢٦-٩-٢٠١٠. ل.١

٥٢- سەرچاوەی پێش. ل.١

٥٣- سەرچاوەی پێش. ل.١

٥٤- سەرچاوەی پێش. ل.١

٥٥– سەرچاوەی پێش. ل.١
٥٦– سەرچاوەی پێش. ل.١
٥٧– سەرچاوەی پێش. ل.١
٥٨– سەرچاوەی پێش. ل.٣
٥٩– سەرچاوەی پێش. ل.٣
٦٠– سەرچاوەی پێش. ل.٣
٦١– سەرچاوەی پێش. ل.٤
٦٢– سەرچاوەی پێش. ل.٥
٦٣– سەرچاوەی پێش. ل.٦
٦٤– سەرچاوەی پێش. ل.٧
٦٥– سەرچاوەی پێش. ل.٨
٦٦– سەرچاوەی پێش. ل.٩
٦٧– سەرچاوەی پێش. ل.١٦
٦٨– سەرچاوەی پێش. ل.٢٠
٦٩– www.lvinpress.com
٧٠– گۆڤاری لڤین. ژمارە ١٣٨. ڕێکەوتی ١٠–٩–٢٠١٠. ل.١٠
٧١– سەرچاوەی پێش. ل. ١٣
٧٢– سەرچاوەی پێش. ل. ١٨
٧٣– سەرچاوەی پێش. ل. ٢٠
٧٤– سەرچاوەی پێش. ل. ٢٢
٧٥– سەرچاوەی پێش. ل. ٣٠
٧٦– سەرچاوەی پێش. ل. ٣٥
٧٧– سەرچاوەی پێش. ل. ٤٠
٧٨– سەرچاوەی پێش. ل. ٤٢
٧٩– سەرچاوەی پێش. ل. ٤٤
٨٠– سەرچاوەی پێش. ل. ٤٧
٨١– سەرچاوەی پێش. ل. ٤٨
٨٢– سەرچاوەی پێش. ل. ٢١
٨٣– سەرچاوەی پێش. ل. ٤٣
٨٤– گۆڤاری لڤین. ژمارە ١٣٩. ڕێکەوتی ٢٠–٩–٢٠١٠. بەرگی دەرەوە
٨٥– سەرچاوەی پێش. ل. ٥
٨٦– سەرچاوەی پێش. ل. ٧
٨٧– سەرچاوەی پێش. ل. ٢٠
٨٨– سەرچاوەی پێش. ل.٢٤
٨٩– سەرچاوەی پێش. ل.٣٠
٩٠– سەرچاوەی پێش. ل.٣٥
٩١– سەرچاوەی پێش. ل. ٣٦
٩٢– سەرچاوەی پێش. ل.٤٩
٩٣– سەرچاوەی پێش. ل. ٣٥
٩٤– سەرچاوەی پێش. ل. ٣٤
٩٥– Paul Ronge. När janne Josefsson Ringer.Falun، 2009. p. 42
٩٦– سەرچاوەی پێش. ل.٨
٩٧– SVENSKA DAGBLADET. Tisdag. 7 september 2010 p.1
٩٨– سەرچاوەی پێش. ل. ٥
٩٩– سەرچاوەی پێش.ل.١٣
١٠٠– سەرچاوەی پێش.ل.١٥
١٠١– سەرچاوەی پێش.ل.١٩
١٠٢– AFTONBLADET. Tisdag. 7 september 2010 p.2
١٠٣– سەرچاوەی پێش. ل. ٦–٧

هەوالنامەی کتێب

١٠٤– سەرچاوەی پێش. ل. ٨–٩
١٠٥– سەرچاوەی پێش. ل. ١٠–١١
١٠٦– سەرچاوەی پێش. ل. ١٤–١٥
١٠٧– سەرچاوەی پێش. ل. ١٦–١٧
١٠٨– سەرچاوەی پێش. ل. ٢٠–٢١
١٠٩– سەرچاوەی پێش. ل. ٢٦
١١٠– سەرچاوەی پێش. ل. ٣٠
١١١– سەرچاوەی پێش. ل. ٣٢
١١٢– سەرچاوەی پێش. ل. ٤٠
١١٣– سەرچاوەی پێش. ل. ٤٢
١١٤– AFTONBLADET. Tisdag. 9 september 2010 p.1
١١٥– سەرچاوەی پێش. ل. ١
١١٦– سەرچاوەی پێش. ل. ٦–٧
١١٧– سەرچاوەی پێش. ل. ٨–٩
١١٨– سەرچاوەی پێش. ل. ١٠
١١٩– سەرچاوەی پێش. ل. ١١
١٢٠– سەرچاوەی پێش. ل. ١٤–١٥
١٢١– سەرچاوەی پێش. ل. ١٨–١٩
١٢٢– سەرچاوەی پێش. ل.٢٠
١٢٣– سەرچاوەی پێش. ل. ٢٢
١٢٤– سەرچاوەی پێش. ل. ٢٤
١٢٥– سەرچاوەی پێش. ل. ٤٠
١٢٦– سەرچاوەی پێش. ل. ٤٤
١٢٧– سەرچاوەی پێش. ل. ٤٨

سەرچاوە لەگەڵ ئەو کتێبانەی
بۆ ئەم توێژینەوەی سوودم لێ وەرگرتوون

بەزمانی سوێدی:
1– Björn Nöljer. Så snickar du en tidningsartikel. Borås، 1994
2– Catharina Grunbaum. Språkbladet. Borås، 1998
3– Lars J Hulten. Journalistikens villkor. Borå، 1993
4– Maria–Pia Boethuius. Mediernas svarta bok. Falun، 2001
5– Marshall McLuban. Media. Falun، 1999
6– .Paul Ronge. När janne Josefsson Ringer.Falun، 2009
7– Rune pettersson. Rubriker. Nyköping، 2003
8– Stig Hadenius، Lennart Weibull. Massmedier. Falun، 2003
9– Söran Larsson. Att skriva i tidning. Stockholm، 1985
10– Åke Edwardson، Kenth Andreasson، per andersson–Ek. Göra tidning. Vär– namo، 1998

بەزمانی روسی:
1– Ворошилов В. В. Журналистика. СПб.، 1999
2– Головня И. А. С чего начиналась фотография. М.، 1991
3– .Гуревич С. М. Номер газеты. М.، 2002
4– Засорина Т، Федосова Н. Профессия – журналист. Ростов н/д; 1999
5– Корконосенко С. Г. Основы творческой деятелъности журналиста. СПб، 2000
6– Лазутина Г. В. Профессионалъная этика журналиста. М، 1999
7– Лазутина Г. В. Основы творческой деятельности журналиста. М.، 2000
8– Мельник Г. С. Mass–media: Психологические процессы и эффекты.СПб،–

1996
9– Михайлов С. А. Журналистика стран северной европы. СПб.، 2003
10– Накорякова К. М. Литературное редактирование. М.، 1994
11– Самолетов С. А. Дизайн современной газеты. СПб.، 1998
12– Сапан М. Печать курдской диаспоры: история и современное состояние. СПб.، 1998

بەزمانی کوردی:

١– سەپان مەغدید، دکتۆر. ژانرەکانی ڕۆژنامەوانی و مێژووی چاپخانە (١٤٥٠–١٥٠٠) کۆڕی زانیاری کوردستان– هەولێر، ٢٠٠٥
٢– د. حەبیب کەرکوکی. هونەری ڕۆژنامەنووسی. وەرگێڕانی/ سەمیرە ئەحمەد.
٣– تۆماس ئێل ماکفیل. تیۆر – ئاراستە – خاوەندارێتی. وەرگێڕانی/ هەندرێن شێرزاد.
٤– جەمال عەبدول. فەرهەنگی ڕاگەیاندن. ئینگلیزی – عەرەبی – کوردی، دەزگای سەردەم. ٢٠٠٦ سولەیمانی.

بەزمانی ئینگلیزی:

1– Bob Franklin، Martin Hamer، Mark Hanna، Marie Kinsey and John E. Richard–son. Key Concepts in Journalism Studies 2005، by SAGE Publications Ltd.
2– George Roman. Mass Media in a Changing World – Second Edition، 2009.
3– Joseph R. Dominick. The Dynamics of Mass Communication – Tenth Edition. 2008.
4– Marcel Danesi، Dictionary of media and communications. 2009، by M.E. Sharp، Inc.

مالپەڕی زیاتر:

1.http://ru.wikipedia.org/wiki/%D0%96%D1%83%D1%80%D0%BD%D0%B0%D0%BB%D0%B8%D1%81%D1%82%D0%B8%D0%BA%D0%B0

2.http://ru.wikipedia.org/wiki/%D0%96%D1%91%D0%BB%D1%82%D0%B0%D1%8F_%D0%BF%D1%80%D0%B5%D1%81%D1%81%D0%B0 Жёлтая пресса

3. http://krylslova.ru/index.php?a=term&d=1&t=1410

چەند تەوەرێکی ڕیکلام و زمانی ڕیکلامی ڕۆژنامەنووسیی

ڕۆژنامە کوردییەکان بە نموونە

د.ئازاد ڕەمەزان عەلی*

پێشەکی

ڕیکلام لایەنێکی گرنگی کاری ڕۆژنامەنووسییە، بێ بوونی ڕیکلام هیچ دەزگایەکی ڕۆژنامەنووسیی ئازاد ناتوانێ بەردەوام بێت و گەشە بکات، بە تایبەتی ئەگەر هاتوو تەنیا پشت بە سەرچاوەی دیکەی دارایی ببەستێت، کە ئەمەش وادەکات ئەو دەزگایە هەر کاتێک ئەو پشتگیرییە دارایییەی لێ بڕا، وەکو ماسی لە ئاو دەرهاتوو دووچاری مردن ببێت. بۆیە بمانەوێ و نەمانەوێ ڕیکلام سەرچاوەی سەرەکی داهاتی دەزگا ڕۆژنامەنووسییە ئازادەکانە لە چوارچێوەی ئەو شۆڕشە گەورەیەی تەکنۆلۆژیای هۆکارگەلی ڕاگەیاندندا، کە ئەمەش وای کردووە دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە ولاتە ئازاد و پێشکەوتووەکانی جیهاندا گرنگی و بایەخێکی تایبەت لە هەموو ڕوویکەوە بە هونەری ڕیکلام بدەن. بەڵام لە مەیدانی کاری ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا هەتا ئێستا وەکو پێویست گرنگی و بایەخێکی زۆری پێ نەدراوە، هۆی ئەم دیاردەیەش دەکرێ بە شێوەی سەرەکی بۆ ئەوە بگەڕێنینەوە، کە دەزگا ڕۆژنامەنووسییەکانی کورد هەتا ئەمڕۆش وەکو سەرچاوەیەکی سەرەکی داهاتی دارایی خۆیان سەیریان نەکردووە، بۆیە وەکو پێویست ئاوڕ لەم لایەنە نەدراوەتەوە. ئەگەر هەتا ئێستاش وابووبێت، بەڵام بەپێی ئەوەی، کە ئەمڕۆ پەنجەرەیەک لە ڕۆژنامەنووسیی ئەهلی لە چوارچێوەی کاری ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا کراوەتەوە، بۆیە پێویستە دەزگا ڕۆژنامەنووسییەکان ئەم بابەتە (ڕیکلام) بە هەند وەربگرن و بتوانن لە ڕێگای ئەم بوارەی ڕۆژنامەنووسی، بژێوی دەزگاکانی خۆیان پەیدا بکەن و چیتر چاویان لە دەستی ئەملاو ئەولا نەبێت، چونکە ئاشکرایە یەکێک لە بنەما سەرەکییەکانی بەدەستهێنانی ئازادی ڕۆژنامەنووسی، ئازادی سەرچاوەی داراییە. لەم لێکۆڵینەوەیەدا وێڕای خستنە ڕووی

چەند
لایەنێکی تایبەت بە ڕیکلام لە
ڕووی ڕەوتی مێژوویی و چەمک و ناساندن و تایبەتییەکان و ئەرکەکان و جۆرەکانی ڕیکلام، چەند ڕێنمایی و ڕاسپاردەیەکی زمانەوانی گشتی بە پشت بەستن بە چەند سەرچاوەیەکی تایبەت بەم باسە خراونەتە ڕوو، لەگەڵ دەستنیشانکردنی هەندێ لایەنی کەم و کورتی زمانەوانی ڕیکلام لە ڕۆژنامە کوردییەکاندا، کە نموونەکانیان بە شێوەی هەڕەمەکی لە ڕۆژنامە کوردییەکاندا وەرگیراون بەو هیوایەی ئەو ڕۆژنامەنووسە کوردانەی، کە کاری داڕشتنی ڕیکلام لە ڕۆژنامە کوردییەکاندا ئەنجام دەدەن، سوود لەو تێبینی و ڕاسپاردانە وەربگرن.

پێویستە دەزگا ڕۆژنامەنووسییەکان بابەتی ڕیکلام بە هەند وەربگرن و بتوانن لە ڕێگای ئەم بواری ڕۆژنامەنووسی، بژێوی دەزگاکانی خۆیان پەیدا بکەن و چیتر چاویان لە دەستی ئەملاو ئەولا نەبێت

تەوەری یەکەم

ڕیکلام

ڕەوتی مێژوویی سەرهەڵدان و بەرەو پێشچوونی ریکلام

ریکلام چالاکییەکی کۆنی کۆمەڵی مرۆڤە، مێژووەکەی بۆ ئەو کاتە دەگەڕێتەوە، کە مرۆڤی سەرەتایی بە مەبەستی بەدەستهێنانی پێویستییەکانی ژیانی پەنای بردۆتە بەر، بە تایبەتی بۆ گوزارشت کردن لە داواکارییەکانی لە کەسانی بەرامبەر بۆ پێکهێنانی پێوەندی ئاڵوگۆڕ کردن و جێبەجێ کردنی بەرژەوەندی هاوبەش بە شێوەک، کە لەگەڵ سروشتی سەردەمدا گونجاو بێ، لە ڕێگای پشت بەستن بە جارپەر. کەواتە ڕیکلام لە سەرەتادا شێوەی جارپەرانی زارەکی لەخۆ گرتووە، ئەوانەی

زیاتر
پەنایان بۆ ئەم شێوازەی ڕیکلام بـردووە، چینی فەرمانڕەواکان بوون، بۆ مەبەسـتی گەیاندنی بڕیار و فەرمانەکانییان بە جەماوەر(الحدیدی، ٢٠٠٢، ل ٧).

هەروەهـا لە لایەکی دیکـەوە دەکرێ بڵێین سـەرهەڵدانی ڕیکلام لـەو ڕۆژەوە بووە، کە مرۆڤ فێـری ئاڵوگۆڕ کردنی کاڵای بازرگانـی بووە و وا پێویسـتی کردووە، کە ڕیکلام بۆ کاڵاکـەی بـکات، ئەمە لە ڕێگای ڕازاندنەوە و خسـتنە ڕووی کاڵاکەی و باسـکردنی تایبەتمەندییەکانی. بۆ ئەمەش جارێدان یەکـەم هۆکاری ڕیکلام کردن بووە، کە مرۆڤ لە سـەردەمە کۆنەکاندا بەکاری هێناوە، بۆیە زۆرجار جارێدەران لە میسری کـۆن و ڕۆما و بابل لە بارەی گەیشـتنی کاروان و کەشـتی بازرگانی و ئەو کاڵایانەی هێناویانن، جارێیان بۆ داوە. (العادلی، ٢٠٠٤، ل ١٤٣).

هەنـدێ لێکۆڵینـەوەی مێژوویی ئاماژە بـەوە دەکەن، کە میسـرییە کۆنەکان دەستپێشخەر بووینە لەم بوارەدا، ئەمەش بە پشـت بەسـتن بەو ڕیـکلام و پەیامانەی لەسـەر کاغەزی گیایی نووسـراونەتەوە، کە لـە یەکێکیاندا میرێک ئەوەی بڵاو کردۆتـەوە ئەگەر هـەر یەکێک بەنـدە (عبـد) ڕاکردووەکەی بـۆ بگەڕێنێتەوە بڕێک پـارەی دەداتێ. ئـەم دیاردەیە ئەمڕۆ دەتوانیـن بە ڕیکلامی خزمەتگوزارییەکانی بچوێنین، ڕیکلامی (بزربووەکان، نادیارەکان). (الحدیدی، ٢٠٠٢، ل ٨).

دەکرێ بڵێین سەرهەڵدانی ڕیکلام لەو ڕۆژەوە بووە، کە مرۆڤ فێری ئاڵوگۆڕکردنی کـاڵای بـازرگانی بـووە و وا پێویستی کردووە، کە ڕیکلام بۆ کاڵاکەی بکات

قۆناغە مێژوویییەکانی ڕیکلام بەم شێوەیەی خوارەوە دابەش کراوە:

- قۆناغی پێش سەرهەڵدانی نووسین و چاپ.
- قۆناغی دوای سەرهەڵدانی نووسین و چاپ.
- قۆناغی شۆڕشی پیشەسازی.
- قۆناغی پێشکەوتنی هۆکارەکانی پێوەندیکردن و گەیاندن و زانست و هونەر و داهێنانی نوێ.
- قۆناغی ماوەی نێوان ڕیکلام و زانستەکانی دیکە، وەکو: دەروونناسی و کۆمەڵناسی و بیرکاری و ڕاگەیاندن، کە ڕیکلام وەکو زانستێک و چالاکییەکی تایبەتمەند ڕێچکە و بنەمای خۆی گرتە بەر.
- قۆناغی شۆڕشی زانیارییەکان و سەردەمی مانگە دەستکردەکان. (العالم، ۲۰۰۲، ل ۱۹-۲۰).

چەمک و پێناسەی ڕیکلام:

ڕیکلام ئەمڕۆ پڕۆژەیەکی گەورەیە و خۆی لەخۆیدا پیشەسازییە، کە لە هەمان کاتیشدا ئامرازێکە خەڵکێکی زۆر بەکاری دەهێنن.

لە کۆمەڵگا سادەکان، یان خاوەن ئابووریی بچووکەکاندا، یان لەگەڵ ژمارەیەکی کەمی جەماوەردا وا پێویست دەکات، کە پێوەندییەکان کەسی و ڕاستەخۆ بن و هیچ شتێکی ناڕاستەوخۆ لە ئارادا نییە. بەڵام لە کۆمەڵگای پیشەسازی گەورە و ئاڵۆزدا، مامەڵەی کەسی و ڕاستەوخۆ وەلاوە دەنرێ و ڕێگا لەبەردەم پێوەندی کردنی ناڕاستەوخۆدا خۆش دەکرێ.

ڕیکلام تەنیا هێزێک نییە بەدەست ڕێکخراوە بازرگانی و پیشەسازیەکان، بەڵکو ئامرازێکە بۆ ئەوان و بۆ ئێمەش.

لە بارەی ناساندنی ڕیکلام شارەزایانی ئەم بوارە پێناسە گەلێکی جۆراوجۆریان خستۆتە ڕوو، وەکو:

- ڕیکلام، بریتییە لە هونەری پێناسە کردن.
- ڕیکلام، هۆکارێکی پێوەندی کردن و ڕازیکردنی ئاراستە کراوە بۆ جەماوەرێکی گەورە.
- ڕیکلام، هۆکارێکی بەکار هاتووە بۆ گەیاندنی پەیامێکی فرۆشتن (سعید، ۲۰۰۳، ل ۵۱- ۵۲).
- کۆمەڵە هۆکارێکی بەکار هێنراوە بۆ ناساندنی جەماوەر بە پێکهاتەیەکی بازرگانی یان پیشەسازی و ئیقناع کردنی بۆ هەڵبژاردنی بەرهەمەکانیان. (الحدیدی، ۲۰۰۲، ل ١٦).
- بریتییە لە کۆمەڵە هۆکارێکی هونەری خاوەن کاریگەری بە کۆمەڵ، کە لە بەرژەوەندی دەزگایەک یان کۆمەڵە دەزگایەک بەکار دێت، بۆ ڕاکێشانی کڕیار و زیاد کردنی ژمارەیان. (الحدیدی، ۲۰۰۲، ل ۲۰).
- ڕیکلام، کۆمەڵە چالاکییەکە بە هۆیەوە چەند پەیامێک ئاراستەی جەماوەرێکی دیاریکراو دەکرێت لە پێناو ئاگادار کردنەوە و کاریگەری کردنە سەریان بۆ کڕینی کاڵایەک، یان گۆڕینی بۆچوونیان بەرامبەر هەندێ شت یان مارکەیەکی بازرگانی. (هەمان سەرچاوە، ل ۲۱).
- ڕیکلام، زانست نییە، بەڵکو ئیقناع کردنە، ئیقناع کردنیش زیرەکییە. (فۆستەر، ۱۹۹۱، ل ٦).
- ڕیکلام، بریتییە لە پرۆسەی پێوەندی کردن، مەبەستی کاریگەری فرۆشیارە بۆ سەر کڕیار بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لە ڕێگای هۆکارەکانی پێوەندی کردنی گشتییەوە. (شهیب، ۲۰۰۷، ل ۲۳).
- ڕیکلام، بریتییە لە هۆکارێکی ناخودی (غیر شخصی) بۆ پێشکەشکردنی بیرۆکە و پرۆپاگەندە کردن بۆ کاڵا و خزمەتگوزاری لە ڕێگای لایەنێکی ناسراو بەرامبەر بە نرخێکی دیاریکراو. (الصحن، ۲۰۰۵، ل ۱۰).

کەواتە ڕیکلام شێوازێکی فرۆشتنە لە ڕێگای هۆکارەکانی ڕاگەیاندنەوە (خوێندراو، بیستراو، بینراو و بیستراو)، هەرەوەها ئەو جۆرەی پێوەندی کردنی ناخودییە، کە مەبەستی نمایشکردن و پێشکەش کردنی کاڵا و خزمەتگوزاری و بیروڕایە لە پێناو کاریگەری کردنە سەر بڕیاری بەکاربەر بەر لە هەڵبژاردندا.

هەوالنامەی زانکۆ

تایبەتییەکانی ڕیکلام

لەو پێناسانەی پێشوو ئەم تایبەتییانە دەکەونە بەر چاو:

١- ڕیکلام پرۆسەیەکی پێوەندی کردنی جەماوەرییە و چالاکییەکی تەواوی بنەماکانی پێوەندی کردنە، چونکە هەموو هۆکارەکانی پێوەندی کردن بۆ گواستنەوەی پەیامی ڕیکلامی تیایدا بەکاردێت، کە لە سەرچاوەوە دەست پێ دەکات ئەمجا پەیام، ناوەرۆک، هێماکان، وەرگر، کاریگەری، کاردانەوەی ئەرێنی یان نەرێنی. (البدوی، ٢٠٠٦، ل ٨١).

٢- ڕیکلام چالاکییەکی زانستی دیراسە کراوە بە نیسبەت ریکلامکەر و ئاژانسی ریکلام کردن و بابەتی ریکلام بۆ کراو. (هەمان سەرچاوەی پێشوو).

٣- ڕیکلام پرۆسەیەکە ئامانجێکی دیاریکراوی هەیە بۆ جێبەجێ کردنی بەرژوەندی لایەنی بانگەوازکەر، کە پەنا بۆ هۆکار و شێوازی جۆراوجۆر دەبات لە پێناو دەستەبەرکردنی ئامانجەکەی، هەروەها چالاکییەکی پێوەندی کردنیشە مەبەستی ئیقناع کردنی وەرگرە. (الحدیدی، ٢٠٠٢، ل ٤٠).

٤- ڕیکلام هەموو دامەزراو و دەزگا و هەتا تاکەکانیش لە پێناو دەستەبەرکردنی پێداویستییەکانیان پەنای بۆ دەبەن، کە دەکرێ پێی بگوترێ پێداویستییە داهێنراو یان دروستکراو یان دانراوەکان.

٥- ڕیکلام ئاراستەی کەرت و کۆمەڵی دیاریکراو لە تاکەکان دەکرێت، لەسەر بنەمای ناسینی پێشتریان لە بارەی تایبەتمەندی و ئاکاری کڕین و بەکاربوونیان و شێوازی ڕووبەڕووبوونەوەیان بۆ هۆکارەکانی پێوەندی کردن.

٦- ڕیکلام ریتمێکی خێراو پانتاییەکی دیاریکراوی هەیە، کە جەخت لەسەر کورتبڕی لە بیرۆکەکە و دارشتندا دەکرێ. هەروەها سادەیی لە لایەنی جێبەجێکاری هونەری و ژمارەی کەسەکانیدا.

٧- ڕیکلام دابەشی دوو جۆر دەبێت، کە ڕیکلامی ڕاستەوخۆ (روون و ئاشکرا)، ئەوی دیکەیان ناڕاستەوخۆ، کە ئەمەی دووەم لە چوار چێوەی بابەتی ڕاگەیاندراودا دەردەکەوێ، وەکو: لە بەرنامەیەکدا سپۆنسەر بێت یان لە درامایەکدا یان لە بەرنامەکانی پێشبڕکێدا، کە هەر یەکێکیان هۆکار و بوار و بەکارهێنانی تایبەت بەخۆی هەیە. (العادلی، ٢٠٠٤، ل ١٥٢).

٨- لە ڕیکلامدا بایەخ و گرنگیدان بە ڕەگەزەکانی سەرنج ڕاکێشان و هۆشداری کارێکی پێویستە، چونکە شتێکی باوە، کە جارێدەر بە دوای جارِ بۆدراوەوەیە تەنیا لە هەندێ بارودۆخدا نەبێت، وەک ڕیکلامی کۆچی دوایی کردن، کە ئەمەش یەکێکە لە دیاردەکانی جیاوازی بنەڕەتی لە نێوان ڕیکلام و ڕاگەیاندندا، کەواتە هەر یەکێک لە نووسین و دەرهێنان ڕۆڵێک دەبینن جیاکردنەوەیان کارێکی ئاسان نییە.

٩- سەربەستی و ئازادی پێوەندیکەر (جارێدەر) بەربڵاوە لەو مەبەستەی، کە دەیەوێ بیگەیەنێتە جەماوەری ئاڕاستە کراو، کە جارێدەر پابەندی بنەماکانی ڕاگەیاندن نابێت تاکو وەڵامی هەموو لێپێچینەوەکانی وەرگر لە بابەتیی و بێ لایەنی بداتەوە.

١٠- لایەنی سایکۆلۆژی لە ڕیکلامدا ڕەهەندێکی گرنگە، چونکە زۆربەی ڕیکلامەکان قسە لەگەڵ سۆز یان ژیربێژی و سۆزدا دەکەن. هەروەها قەبارەی بەڵێندان و ئەندێشە لە ڕیکلامدا گەورەیە.

١١- داهێنان و نوێکردنەوە لە بیرۆکە ڕیکلامییەکاندا کارێکی پێویستە بە مەبەستی ڕاکێشانی سەرنج و دەرچوون لە ترسناکی تێربوونی ڕیکلامی، کە دوور کەوتنەوەی جەماوەری بەدواوەیە.

دەشێ بۆ ڕیکلامی ڕۆژنامەیی ئەم تایبەتیانەی خوارەوە دەست نیشان بکەین:

١- هۆکارێکی خێرایە، بەوەی کە ڕۆژانە دەردەچێت و هەروەها بەڵگەنامەیەکی مێژوویی ڕووداوەکانە.

٢- بواری دووبارەکردنەوە و خوێندنەوەی لە لای خوێنەر تێدایە. (ابو رستم، ٢٠٠٣، ل ٧٩).

٣- کاتی داخستنی کورتە: مەبەست لە کاتی داخستن دواساتی پێدانی فۆرمی ڕێکلامە بە ڕۆژنامەکە، واتە پێش چاپ و بڵاو کردنەوەی، بە تایبەتی ئەم کاتە بۆ ڕۆژنامە ڕۆژانەییەکان لە ٢٤ کاتژمێر تێناپەڕێ، ئەم کاتە کورتە یارمەتی خاوەن ڕیکلام دەدات، کە هەر گۆڕانکارییەک لە ڕێکلامەکەدا بێتە ئاراوە، جێبەجێی بکات پێش بڵاوبوونەوەی بە پێی هەر گۆڕانکارییەک کە لە بارودۆخ و ژینگەی دەوروبەریدا ڕوو دەدات. (مصطفی، ٢٠٠٤، ل ١٠٢).

٤- تێچوونی کەمە بە بەراورد لەگەڵ هۆکارەکانی دیکەی ڕیکلام کردن.

٥- ڕۆژنامە دەگاتە چین و توێژی جیا جیای خەڵک، لەوانە: بازرگانان و فەرمانبەران و پیشەوەران و پیاوانی کار... هتد. ئەمەش هەل بۆ ئەوە ڕێکدەخات، کە ڕۆژنامە وەکو هۆکارێک لە گەلێک بواری چالاکییەکانی ڕاگەیاندن بەکار بێت. (ابو رستم، ٢٠٠٣، ل٧٩).

٦- پلەی متمانەی وەرگر بۆ ڕۆژنامە بەرزە.

٧- توانای چڕبوونەوە و جەخت کردن لە بازاڕەکان و شوێنە جوگرافییە دیاریکراوەکان. (العادلی، ٢٠٠٤، ل ١٥٨).

ئەرکەکانی ڕیکلام

ڕیکلام ئەرکی جۆراوجۆر ئەنجام دەدات و لە ڕێگای ئەم ئەرکانەوە خزمەتی هەموو لایەنە بەشداربووەکانی هەڵمەتی ڕیکلام کردن (بەرهەمهێنەکان، بەکاربەران، بازرگانان) دەکات. (شهیب، ٢٠٠٧، ل ٣٠).

١- ئەرکەکانی ڕیکلام بۆ کەسانی بەرهەمهێن:

أ- کەمکردنەوە لە تێچوونی دابەش کردن: دەکرێ بە دوو ڕێگا بەکاربەر بەو کالایانە بناسێنین کە بەرهەمهێن بەرهەمیان دێنێ: یەکەم لە ڕێگای ریکلامەوە، دووەمیشان لە ڕێگای فرۆشتنی کەسی (ڕوو بە ڕوو)، ئەگەر هاتوو بەراوردمان لە نێوان تێچوونی ڕیکلام و تێچوونی فرۆشتنی کەسی، واتە هەوڵی نوێنەرانی فرۆشتن کرد، هەست دەکەین، کە پێشکەوتوویی هۆکارەکانی پێوەندی کردن و خێرایی گەیشتنی پەیامی ڕیکلام لەم ڕێگایانەوە بۆ ژمارەیەکی زۆری خەڵک لە یەک کاتدا، ئەمە ئەوە ڕوون دەکاتەوە، کە چالاکی ڕیکلام کردن بەشدار دەبێت لە کەمکردنەوەی تێچوونی دابەشکردن. (هەمان سەرچاوە، ل ٣٠-٣١).

ب- ناساندنی بەکاربەران بەو خستنە سەر و چاکسازییانەی بەسەر کالاکەدا هاتووە.

ج- کەم کردنەوەی تێچوونی بەرهەمهێنان.

د- هاندان و یارمەتیدانی نوێنەرانی فرۆشتن.

٢- ئەرکەکانی ڕیکلام بۆ بەکاربەر:

أ- ئاسانکاری بۆ هەڵبژاردنی کالایەک لە نێوان کۆمەڵە کالایەک.

ب- دیاریکردنی شوێن و کاتی هەبوونی کالا.

ج- پێشکەشکردنی هەندێ کارامەیی بەسوود بۆ بەکاربەر.

٣- ئەرکەکانی ڕیکلام بۆ بازرگانان:

أ- بەخشینی ناوبانگ بە کۆگا و شوێنەکان.

ب- بەشداربوون لە ڕاگێشانی بەکاربەر بۆ شوێنی فرۆشتنی کالا ڕیکلام بۆ کراوەکان.

ج- ڕیکلامەکان کار بۆ کەمکردنەوەی کات و هەوڵدان دەکەن لە پێناو ئیقناع کردنی بەکاربەر بەرانبەر بە کالا.

جۆرەکانی ڕیکلام

دەکرێ بەم شێوەیەی خوارەوە ڕیکلام دەستنیشان بکەین: (شهیب، ٢٠٠٧، ل٢٥).

یەکەم: بەپێی ئەو ئەرکانەی ڕیکلام جێبەجێیان دەکات:

١- ڕیکلامی فێرکاری.

٢- ڕیکلامی هەواڵی (ڕێگا پیشاندەر).

٣- ڕیکلامی بەبیر هێنانەوە.

٤- ڕیکلامی ڕاگەیاندنکاری.

دووەم: بەپێی جەماوەری مەبەستدار لە ڕیکلامەکە:

١- ڕیکلامی گشتی.

٢- ڕیکلامی خۆجێیی.
٣- ڕیکلامی پیشەسازی (هونەری).
٤- ڕیکلامی بازرگانی.
٥- ڕیکلامی پیشەیی.

لە سەرچاوەیەکی دیکە جۆرەکانی ڕیکلام بەم شێوەیەی خوارەوە دیاریکراوە: (مجاهد، ٢٠٠٦، ل ٢٦١ – ٢٦٤).

١- بە گوێرەی مەبەستی ڕیکلام:
- ڕیکلامی کۆمەڵایەتی.
- ڕیکلامی دژایەتی (پێچەوانەیی).
- ڕیکلامی پشتگیری.
- ڕیکلامی بیرخستنەوە.
- ڕیکلامی بەراوردکاری.
- ڕیکلامی ئەندێشە وێنەیی.
- ڕیکلامی چالاککەری خواستنی سەرەکی.
- ڕیکلامی چالاککەری خواستنی لاوەکی.

٢- بە گوێرەی چوارچێوەی جوگرافی:
- ڕیکلامی خۆجێی.
- ڕیکلامی نەتەوەیی.
- ڕیکلامی هەرێمایەتی.
- ڕیکلامی نێودەوڵەتی.

٣- بە گوێرەی ئەو جەماوەرەی مەبەستە:
- ڕیکلامی دوابەکاربەر.
- ڕیکلامی بەکاربەری ناوەندی.

٤- بە گوێرەی کاردانەوەی پێشبینی کراو.
- ڕاستەوخۆ.
- ناڕاستەوخۆ.

٥- بە گوێرەی هۆکاری ڕاگەیاندن.

تەوەرەی دووەم
زمانی ڕیکلام

هەندێ کەس بە هەڵە لەوە گیشتوون، کە نووسینی ناوەرۆکی زمانیی ڕیکلام جۆرێکە لە داڕشتن و ڕیزکردنی وشە، بەڵکو لە ڕاستیدا کارامەیی و ئەرکێکە لە پرۆسەیەکی ئاڵۆزدا.

نووسین بۆ ڕیکلام چەند لایەنێکی بناغەیی لەخۆ دەگرێ، وەکو: کارامەیی زمانەوانی، تێگەیشتن لە بواری ئابووری و توانست لە داهێنان لە ژێر فشاری کات و کۆتوبەندی پانتایی شوێن و کاتدا.

ڕەگەزی نووسین لە فاکتەرە یەکلاکەرەوەکانی سەرکەوتنی ڕیکلامە، کە لە چوارچێوەی تواناکانی وشەدا کاریگەری بەسەر بەکاربەردا (وەرگر) دەبێت، ئەشێوازەی ڕیکلامی پێ دەنوسرێتەوە، پلەی ئەو کاریگەرییە دیاری دەکات، کە وا لە بەکاربەر دەکات پەلکێش بێت بەرەو بەرهەمەکە. (وشە و ڕستە لە زماندا کاریگەرییەکی بەهێزیان هەیە و بۆ مەبەستی جیا جیا بەکار دەهێنرێن، وەک ئەوەی لاوێک بەدوای چەند وشەیەکدا دەگەڕێ، تاکو دڵی یارەکەی پێ خۆش بکات، یان هەڵی بخەڵەتێنێ و مەلایەک خەڵکی پێ دەوروووژێنێ بۆ ڕووکردنە چاکە و دوورکەوتنەوە لە خراپە، یان سیاسەتمەدارێک بۆ کۆکردنەوەی جەماوەر و کارکردن لە ڕەوشت و بیریان بۆ بەدیهێنانی مەرامەکان، کە مرۆڤی سادەش هەستی پێ دەکات). (فەتاح، ١٩٩٠، ل٢٩).

یەکێک لە فاکتەرە بناغەییەکانی سەرنج ڕاکێشی و ورووژاندنی وەرگر، واتای دەروونییە، کە لە زۆر بواری جیا جیادا بەکار دەهێنرێت، وەک: (ئەدەب، دەروونناسی و پەروەردە و فێرکردن و ڕاگەیاندن ... هتد). ڕیکلامیش وەک بوارێکی ڕاگەیاندن ئەم لایەنەی تێدا ڕەنگ دەداتەوە و پێویستە کارمەندانی ئەم بواره گرنگی بە واتای دەروونی بدەن، چونکە ڕیکلامنووس (نێرەر) لە ڕێگای ئەم جۆرە واتایە لەگەڵ دەروونی کەسدا قسە دەکات و هەوڵی ئەوە دەدات بەسەر عەقڵ و لۆجیکدا زاڵ بێت، بۆیە بەکارهێنانی وشە و ڕستەی ڕازاوە، کە کاریگەرییان بە سەر دەروونی کەسدا (وەرگر) هەیە، چونکە ئەم وشانە زیاتر ئامانج دەپێکن و کاریگەری دەکەنە سەر جەماوەر و بۆ هەندێ بیرو ڕاو

بەرژەوەندی ڕایاندەکێشێت، (دزەیی، ٢٠٠٥، ل ٧١)، کە لە ڕیکلامدا زیاتر بۆ مەبەستی سەرنج ڕاکێشان و کاریگەری کردنە سەر وەرگرە بۆ کڕینی کاڵای ڕیکلام بۆ کراو. بۆیە ڕیکلامنووس چەند بە لێهاتوویی دەقێکی ڕیکلامی پێشکەش بکات، کە مەرجەکانی سەرکەوتنی تێدا جێبەجێ بووبێت، ئەوەندە کاریگەری بەدەست دێنێ ئەمەش لە ئەنجامی زۆربوونی ڕێژەی خوێنەرانی لە نێوان بەکاربەراندا دەردەکەوێ. تێکستی ڕیکلامی باش خوێندنەوەی ئاسانتر لە پشت گوێخستنی، ڕیکلامنووسیش بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدایە، کە ئەو جۆرە دەقانە پێشکەش بکات، کە خوێندنەوەیان ئاسانتر لە پشت گوێ خستنیان لە لایەن وەرگرانەوە.

بۆ ئەوەی زمانی ڕیکلام کارا و کاریگەر بێت، چەند ڕێنمایی و ڕاسپاردەیەک هەن، کە پێویستە لە کاتی داڕشتنی دەقی ڕیکلامی ڕەچاو بکرێن (الشریف،٢٠٠٢، ل ١٥١):

١- بە شێوەیەک بنووسە، کە خوێندنەوەی ئاسان بێت، بۆ ئەم مەبەستە ڕستەی کورت و وشەی ئاسان و ئاشنا بەکاربهێنە، لەم بارەیەوە ڕۆژنامەنووسی ئەمریکایی (فلاش Flesh_) لە دوای چەند تاقیکردنەوە و ئامارێک لە بارەی تێگەیشتنی جەماوەری خوێنەر بۆ هەر تێکستێک بۆی دەرکەوت، کە ئەوەی پێوەندی بە ئاسانییەوە هەبێت بە سێ لایەنەوە بەستراوە، لایەنی یەکەم: بەکارهێنانی ئەو وشە و واژانەی کە بە شێوەیەکی زۆر و بەرچاو لە ژیانی ڕۆژانەدا بەکار دێن، کە ئەمەش وا دەکات زۆر بە ئاسانی و بێ ماندوو بوون لە واتاکانیان بگات، لایەنی دووەم: کورتی وشە و دەستەواژەکان، ئەمەشیان یارمەتیدەر دەبێت بۆ خێرایی خوێندنەوە، لایەنی سێیەمیش: کورتی ڕستەکان، کە ئەمەشیان لە ئاڵۆزی دووری دەخاتەوە، (کرم، ١٩٨٧، ل ٨٢).

٢- وشەی زیاد بەکار مەهێنە، ئەوە بڵێ کە پێویستە بیڵێی بەبێ زیاد و کەم و دوورکەوە لە تێهەڵکێش کردن و لەو شێوازەی کورتکردنەوە، کە دەبێتە مایەی شێواندنی ناوەرۆکی دەقەکە. (الشریف، ٢٠٠٢، ل ١٥١). هەروەها پێویستە زۆر بە وردی دەستنیشانی ئەو وشانە بکەی، کە کاری فرۆشتن ئەنجام دەدەن، ئەمەش لەو چوارچێوەیەی کە ڕیکلامەکە تیایدا کاردەکات لە لە یاسا و باروودۆخی دەوروبەر و ژینگە و.... هتد. ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە هەر وشەیەک زۆر بە وردی هەڵبسەنگێنرێ بۆ ئەوەی ئاگادار و شارەزای ئەو ناوەرۆکە بیت کە دەشێ پێشکەش بکرێت، بۆیە ئەو وشانە هەڵبژێرە کە ناوەرۆکی گونجاو پێشکەش دەکەن و هیچ جۆرە لێڵی و شێواندنێک لای خوێنەر دروست ناکەن (هەمان سەرچاوە ل ١٥٣).

٣- دەمکاتی ڕانەبردوو و ڕستەی کارا دیار بەکاربهێنە، بە بەکار هێنانیان شێوازەکە ورد و ئاسان دەبێت، بەڵام بۆ دەقی کورت کارا بزر چاکترە، چونکە کاریگەرییەکەی خێراتر دەکات.

٤- لە بەکارهێنانی جێناوە کەسییەکان دوو دڵ مەبە، ئەوەت لە بیر بێت کە تۆ هەوڵی قسە کردن لەگەڵ یەک کەس دەدەی، بۆیە دەبێ وەک چۆن بۆ هاوڕێیەکت قسە دەکەی بەو شێوەیە قسە بکەی و پێویستە جێناوی (تۆ) و جێناوی خاوەندارێتی (خۆت) بەکاربێنی و هەوڵی پارێزگاری کردنی لایەنی جوانی پێوەندی نێوان فرۆشیار و کڕیار بدە، کە دەبێ بە شێوەیەکی نا فەرمی بنووسی، واتە بەشێوەی گفتوگۆیەکی گونجاو و تایبەت، بۆ زیاتر هەستکردنی خوێنەر بە دەقەکە وا چاکە بە شێوەیەکی ڕاستەخۆ قسەی لەگەڵدا بکەیت.

٥- وشە و بڕگەی ناڕێک و لەنگ بەکار مەهێنە، هەوڵی بەکارهێنانی وشە و ڕستەی سەرنج ڕاکێش و سەرسوڕمێن بدە، کەوا لە خوێنەر دەکات بەردەوام بێت لە خوێندنەوەی دەقەکە.

٦- لە بەکارهێنانی خاڵبەندیدا زێدەڕۆیی مەکە، چونکە بەردەوامی دەقەکە دەکوژێ. سپەیس و ماوەدانی نێوان بڕگە و دەستەواژەکان لێپرسراوی یەکەمن لەم کوشتنە، بۆیە هیچ پاساوێک مەدە خوێنەر بۆ بازدان لە ڕیکلامەکەت بۆ ڕیکلامێکی دیکە.

هەندێ لایەنی کەم و کورتی زمانەوانی

بەهـۆی گرنگینـەدان بە ڕیـکلام و بنەما زانسـتییەکانی ئەم بابەتەی ڕۆژنامەنووسـی و نەبوونـی خەڵکانی شـارەزا و پسـپۆر لەم بـوارەی ڕۆژنامەنووسـیی کوردیـدا، کاتـێ چاومـان بـە ڕیکلامـی سـەر لاپەڕەکانـی ڕۆژنامە کوردییەکان دەکەوێت، گەلێک هەڵەی جۆراوجـۆر بـەدی دەکەیـن، کـە لایەنێکیان هەڵـەی زمانەوانییە، لە خـوارەوە هەندێ لەو هەڵانە دەخەینە ڕوو:

١- بەکارهێنانی وشە و بڕگەی لەنگ و ناڕێک و نائاشـنا و لادان لـە دەسـتوور و ڕێزمانی کـوردی، هەروەک لەم نموونانەی خوارەوەدا دیارە.

• با بگەڕێینەوە بۆ ڕەسەنی هەروەک جاران بژین ..... بڕوانە دەقی ژمارە ٦.

- لەم تێکستە ڕیکلامییەدا لەنگی و ناڕێکییەکی زمانیی زۆر بە کەرەستە و ڕستەکانیدا دیارە، وەک دووبارەکردنەوەی مۆرفیمی (با) کە هیچ پێویست ناکات.

- بەسـتنەوەی ڕسـتەکان بەهـۆی ئامرازی پێوەنـدی (وە) کـە ئـەم ئامـرازە لـە زمانی کوردیدا بوونی نییە بەڵکو تەنها (و)ە.

- ئـەوەی ئاشـکرایە لـەم تێکسـتەدا ئەوەیە کە لـە زمانـی عەرەبییـەوە بە ناشـارەزایی وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی.

- دەقی ژمارە (٩)ش وەرگێڕدراوی وشـە بە وشەی زمانی عەرەبییە.

• بـۆ هەمـوو نووسـەران ڕۆشـنبیران و مامۆستایان ..... بڕوانە دەقی ژمارە (٧).

لـەم دەقـە ڕیکلامییـەدا چەنـد هەڵەیەکـی زمانەوانی بەرچاو دەکەوێت:

- کۆکردنـەوەی هەمـوو نـاوەکان بە نەناسـیاوی تەنیا ناوی (دکتـۆران) نەبێت بە ناسیاوی کۆکراوەتەوە و ناوی (بازرگان)یش بە تاک.

- (هەڵدەسـتێ بـە هێنانـی)، وەرگێڕدراوێکی وشـە بـە وشـەیە و گوزارشـت کردنێکە و کاریگەری زمانی عەرەبی بە سـەرەوە دیارە و وا چاکە بڵێ: (هەموو گۆڤار و ڕۆژنامەیەک بە زمانی ئینگلیزی .....) دەهێنێ.

- (بۆ ئەو شـوێنەی کە مەبەستتانە)، نەک (بۆ ئەم شوێنە کە مەبەستتانە)

• لە دەقی ژمارە (٨)دا ڕستەی (تەواوی شارەکە بـە تـۆڕی گاز داپۆشـراوە)، گوزارشـتێکی عەرەبییە وا چاکە بگوترێ (تەواوی شـارەکە تۆڕی گازی بۆ دانراوە) یان هەر تەنیا بوترێ (تەواوی شارەکە بۆڕی گازی بۆ دانراوە).

• لـە دەقـی ژمارە (٣) دا لە ڕسـتەی (لەگەڵ کرپنـت بۆ هەر ئۆتۆمبیلێکی شـیفرۆلێ .....) کاریگـەری زمانی عەرەبی بە سـەرەوەیە و تـا ڕادەیەک شـێوازی وەرگێڕانی وشـە بە وشـەی پێـوە دیـارە، وا چاکە بوتـرێ (هەر ئۆتۆمبیلێکی شـیفرۆلێ بکڕی لە تیروپشـکی بردنەوەی ئۆتۆمبیلێکی تاهۆ بەشدار دەبیت).

٢- لادان لـە ڕیزبەنـدی کەرەسـەکانی زمان لە ناو ڕسـتەدا و ڕەچـاو نەکردنی دەم کاتی فرمانـەکان هەروەک لەم دەقانەی خوارەوەدا دیارە:

• گەلەکەمان بە باروودۆخی ناخۆشـدا تێپەڕ بووە ..... بڕوانە دەقی ژمارە (١).

- لـەم دەقـەدا ڕیکلامکەر سـەرەتا بە ناوی گەلـەوە قسـە دەکات، بـەڵام لـە ڕسـتەی دووەمدا کە دریژەی ڕسـتەی یەکەمە، خۆی دەبێتە تەوەرەی ڕیکلامەکە، مادام مەبەسـت لە (گەلەکەمان) گەلی عیراقە وا چاک بوو بڵێ (ئێمـەی عیراقی ئازارمان ..... هتد). هەروەها فرمانەکانی (تێپەڕ بووە، کێشا) لە ڕووی دەم کاتـەوە نەگونجانی زمانییـان پێوە دیارە، کە پێویسـت بوو بووترێ (تێپەڕبووە، کێشاوە). ئـەم جـۆرە هەڵانە بۆ ئـەوە دەگەڕێنەوە، کە وەرگێڕی ڕیکلامەکە، کە لە زمانی عەرەبییەوە وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی تا ڕادەیەک پابەنـدی وەرگێڕانـی وشـەبە وشـە بووە و شارەزای تەواوی زمانی کوردیش نەبووە.

• بە کەمتریـن ماوە و هەرزانترین نرخ، تکت و ڤیزای (دوبەی)مان لا دەسـت دەکەوێت .... بڕوانە دەقی ژمارە (٢).

- لەم ڕستە سـادە فراوانکراوەی سەرەوەدا، لـە پارچەی یەکەمـدا، کە کەمتریـن ماوە بۆ ڤیـزا دەگەڕێتـەوە وا ڕێکتـر بـوو بکەوێتـە

دوای (کەمترین نرخ) کە ئەمەشیان بۆ (تکت) دەگەڕێتەوە، یاخود بە پێچەوانەوە.

٣- بەکارهێنانی وشە و زاراوەی بیانی و نائاشنا بە بەرچاو و گوێی خوێنەری کورد، هەروەک لەم نموونانەی خوارەوەدا دیارە:

- تکتی کۆنێکشن بۆ هەموو وڵاتانی جیهان دەستەبەر بکەیت.... دەقی ژمارە (٢).
- ئەم هەلە بە کاش لە گشت لقەکانی شیفرۆلێ و ..... دەقی ژمارە (٣).
- لە چاوەڕوانی ئۆفەری نوێدا ..... دەقی ژمارە (٥).
- ئۆفیسەکانی ئەزمر هۆلیدەی ..... دەقی ژمارە (٢)

٤- پێشکەشکردنی یان خستنەڕووی ڕیکلامەکان بە چەند زمانێکی جیاواز لە سەر لاپەڕەی ڕۆژنامەکاندا. بڕوانە دەقی ژمارە (٤).

٥- دریژدادڕی و بەکارهێنانی وشەی زیاد. بڕوانە دەقی ژمارە (١٠).

ئەم جۆرە هەڵانە بۆ ئەوە دەگەڕێنەوە، کە وەرگێڕی ڕیکلامەکە، کە لە زمانی عەرەبییەوە وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی تا ڕادەیەک پابەندی وەرگێڕانی وشە بە وشە بووە و شارەزای تەواوی زمانی کوردیش نەبووە

ئەنجامەکان
لەم لێکۆڵینەوەدا گەیشتوینەتە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە

١- ڕیکلام وەک بابەتێکی ڕۆژنامەنووسیی لە ڕووی زمانەوە پێویستە پلە و پایەیەکی تایبەتی بۆ تەرخان بکرێت و ئەوانەی کاری دارشتنی ڕیکلام لە سەر لاپەڕەی ڕۆژنامەکاندا ئەنجام دەدەن، دەبێ تا ڕادەیک ئاگاداری لایەنی وردەکاری زمانەوانی ئەم بابەتە بن، بەڵام لە چوارچێوەی کاری ڕۆژنامەنووسیی کوردی پێ ناچێ خەڵکی پسپۆر و تایبەتمەندی ئەو بوارە هەبێت.

٢- لەبەر ئەوەی دەزگا ڕۆژنامەنووسییە کوردییەکان لە ڕووی داراییەوە پشت بەکاری ڕیکلام نابەستن، کە ئەمە دەکرێ وەک هۆیەکی گرنگینەدان بە ڕیکلام و زمانی ڕیکلام لە قەڵەم بدرێ.

٣- دەزگا ڕۆژنامەنووسییە کوردییەکان لە ڕووی زمانەوە گرنگی و بایەخێکی تەواویان بەم بابەتەی ڕۆژنامەنووسیی نەداوە بە گوێرەی بنەما زانستییەکان و ڕێنماییە

هەوڵگەی کتێب

ڕۆژنامەنووسییەکان ئەم کارە ئەنجام نادەن.
٤- وا پێ دەچێ کە دەزگا ڕۆژنامەنووسییە کوردییەکان ئەو بابەتە ڕیکلامییانەی کە بۆیاندێت بەپێی خواستی خاوەنەکانیان وەکو خۆیان بڵاویان دەکەنەوە، کە هەندێک هەڵەی زمانەوانی لە وێوە سەر هەڵدەدەن. بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەڵام دیسان کەم و کورتییەکە بۆ ڕۆژنامەکە دەگەڕێتەوە، کە دەکرێ لە لایەن خۆیانەوە بە ڕێککەوتن لەگەڵ خاوەن ڕیکلامەکە ئەم کێشەیە چارەسەر بکەن، چونکە هەموو هەڵەکان بۆ دەزگا ڕۆژنامەنووسییەکە دەگەڕێتەوە.

*** بەشی ڕاگەیاندن – پەیمانگەی تەکنیکی هەولێر**

سەرچاوەکان

– بە زمانی عەرەبی:

١– أبو رستم، رستم وآخرون، الدعاية والاعلان، المعتز للنشر و التوزيع، عمان، ٢٠٠٣.
٢– أبـو قحف، عبدالسـلام وآخرون، محاضرات في هندسـة الاعلان و الاعلان الالكترونـي، الدار الجامعية، الاسكندرية، ٢٠٠٦.
٣– البدوي، محمد علي، دراسات سوسيو اعلامية، دار النهضة العربية، بيروت، ٢٠٠٦.
٤– الحديدي، منى، الأعلان، الدار المصرية اللبنانية، القاهرة، ٢٠٠٢.
٥– الصحن، محمد فريد، الاعلان، الدار الجامعية، الاسكندرية، ٢٠٠٥.
٦– العادلي، مرزوق عبدالحكم، الاعلانات الصحفية(دراسـة في الاستخدامات و الاشباعات)، دار الفجر للنشر و التوزيع، ٢٠٠٤.
٧– العالم، صفوت محمد، الاعلان الصحفي، مطبعة مركز جامعة القاهرة للتعليم المفتوح، ٢٠٠٢.
٨– الشـريف، سامي وآخرون، اللغة الاعلامية، المفاهيم – الاسس – التطبيقات، مطبعة مركز جامعة القاهرة للتعليم المفتوح، ٢٠٠٢.
٩– سعيد، هناو عبدالحليم، الاعلان والترويج، مطبعة مركز جامعة القاهرة للتعليم المفتوح، ٢٠٠٣.
١٠– شـهيب، نجم عبد وآخرون، الدعاية و الاعلان في السـينما و التلفزيون، مكتبة المجتمع العربي للنشر و الطبع، عمان – الاردن، ٢٠٠٧.
١١– فاربي، فن الاعلان، ترجمة عبدالحكيم احمد الخزامي، دار الفجر للنشر و التوزيع، ٢٠٠٤.
١٢– فوستر، نايجل، المرشد الي الدعاية والاعلان، ترجمة جورج خوري، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت، ١٩٩١.
١٣– مجاهد، جمال وآخرون، مدخل الي الاتصال الجماهيري، دار المعرفة الجامعية، ٢٠٠٦.
١٤– مصطفي، محمد محمود، الاعلان الفعال، تجارب محلية و دولية، دار الشـروق للنشر و التوزيع، عمان – الاردن، ٢٠٠٤.
١٥– كرم، جان جبران، مدخل الي لغة الاعلام، دار الجيل، ١٩٩٢.

دەقەکان

دەقی ژمارە (١)

– با سـنووریک دابنێین بۆ ناکۆکێکانمان چونکـە دواڕۆژ چاوەڕێمانە، گەلەکەمان بە بارودۆخی ناخۆشـدا تێپەڕبـووە، ئازارمان زۆر کێشـا بەڵام خۆڕاگربووین، کاتی ئەوە هاتووە کـە ناکۆکێکانمان بیر بچێتەوە وە پێکەوە کاربکەین لە پێناو عیراقێکی ئاسایش و گەشاوە. (کوردستانی نوێ، ژ ٤٨٥٥، لە ٢٧–٤–٢٠٠٩)

دەقی ژمارە (٢)

– بەکەمترین ماوە و هەرزانترین نرخ تکت و ڤیزای (دوبەی) مان لەلا دەست دەکەوێت.
– ئەزمر هۆلیدەی – گەشتی بەردەوام.
– لە ئەزمر هۆلیدەی دەتوانیت بە ئاسانترین شێوە:
• لە هەموو بۆنەکاندا گەشتی سیاحی بۆ وڵاتانی لوبنان و تورکیا بکەیت.
• تکتی کۆنێکشن بۆ هەموو وڵاتانی جیهان دەستەبەر بکەیت.
(ئاسۆ، ژ ١١٣٨، لە ١٧–١–٢٠١٠)

دەقی ژمارە (٣)
– مەنصور بۆ ئۆتۆمۆبیل بەردەوامە لە پێشکەشکردنی بە نرختترین دیاری بەبۆنەی جەژنی نەورۆز.
– لەگەڵ کڕینت بۆ هەر ئۆتۆمبیلێکی شیفرۆلێ بەژدار دەبی لە تیرو پشکی بردنەوەی ئۆتۆمبیلێکی تاهۆ.
– ئەم هەلە بە کاش لە گشت لقەکانی شیفرۆلێ و دابەشکارە باوەڕپێکراوەکانی دەستدەکەوێ و بە شێوەی قیست تەنها لە بانکی دجلە و فرات لە سلێمانی.
(هاوڵاتی، ژ ٥١٩، لە ٢٦–٤–٢٠٠٩)

دەقی ژمارە (٤)
– پیشانگای نێودەوڵەتی تایبەت بە شارەوانی و بیناسازی و پیشەسازییەکانی بەرد و سیرامیک.
– International exhibition for municipality، construction & Erbil stone exhibition & ceramic.
– المعرض الدولی المتخصص للبلدیات واالنشاوات و معرض اربیل ستون للارضیات والسیرامیک.
(خەبات، ژ ٣٣٤٥، لە ١١–١٢–٢٠٠٩)

دەقی ژمارە (٥)
– لە چاوەڕوانی ئۆفەری نوێدا.
– بەشداربووانی بەڕێزی ئاسیا سێل ئاگادار دەکەینەوە کە لە ٥ ی کانوونی دووەمی ٢٠١٠ بڕی باڵانسی بێبەرامبەری کارتی پڕ کردنەوە رادەگیرێت.
– چاوەڕوانی باشترین ئۆفەر و خزمەتگوزاریی نوێ بن.
(هەولێر، ژ ٦٩٤، لە ٥–١–٢٠١٠)

دەقی ژمارە (٦)
– با بگەڕێینەوە بۆ ڕەسەنی هەروەک جاران، وە بژین بەڕێز و با کۆشش بکەین بۆ ڕێکەوتن وە با بەردەوام بین بەڕاستی وە بەشداری بکەین لە بەرپرسی، بەڵێ دەگەڕێینەوە بۆ دروست کردنی عیراق وەک یەک نیشتمان و شانازی پێبکەین هەمووان.
(کوردستانی نوێ، ژ ٤٩٨٣، لە ٢٧–٩–٢٠٠٩)

دەقی ژمارە (٧)
کۆمپانیای هوما بۆ دابەشکردن (میدیای نێودەوڵەتی)
مژدە ..... مژدە
بۆ هەموو نووسەران و ڕۆشنبیران و مامۆستایان و بازرگان و دکتۆرەکان و ڕۆناکبیران و هاوڵاتییان جارێکی تر کۆمپانیای هوما بەشی دابەشکردن و بڵاو کردنەوە هەڵدەستێ بە هێنانی هەموو گۆڤار و ڕۆژنامە بە زمانی (ئینگلیزی، عەرەبی، و زمانەکانی تر) بە شێوەی (بەشداربوون) و ئامادەین بە زووترین کات بۆتان بنێرین بۆ ئەم شوێنە کە مەبەستانە (کۆمپانیاکان، کونسڵخانەکان، دام و دوزگا، ماڵەکان، زانکۆکان) بە زووترین کات.
(هەولێر، ژ ٧٠٢، لە ١٧–١–٢٠١٠)

دەقی ژمارە (٨)
– شاری زێڕین بۆ یەکەمجار لە عیراق هەلێکی زێڕینە، تەوای شارەکە بە تۆڕی گواستنەوەی گاز داپۆشراوە و هەموو ماڵێک بۆڕی غاز بۆ ژوورەکانی دابینکراوە، دەتوانن بۆ ڕووناکی و گەرمی سوودی لێ وەربگرن.
(ئاسۆ، ژ ١١٣٠، لە ٥–١–٢٠١٠)

دەقی ژمارە (٩)
– بە دەنگدانمان سەردەکەوین بەرەو دواڕۆژێکی گەش، گەشتێکی بەردەوامە و بەهەڵمەتێکی تۆندتا پایە بەرز بین بەرەو شکۆ ..... هەمووان.
(خەبات، ژ ٢٠٩٩، لە ١٧–٢–٢٠٠٧)

دەقی ژمارە (١٠)
ئامێری Nokia N series و یارییەکانی N–Gage دەتگەیەنێتە قۆناغێکی نوێ لە جیهانی یارییەکاندا کە تیایدا دەتوانیت بە شێوازێکی پێشکەوتووی تایبەت بە ئامێری جوولێنەر یاری بکەیت، ڕووبەڕوو بوونەوە و بەربەرەکانی لایەنە دژەکانت لە کۆمەڵگاکاندا لەسەر تۆڕی ئەنتەرنێت و تاقیکردنەوەی یارییەکان بەر لە کڕینی، زۆر بە ئاسانی دەتوانیت کە لە یاریزانێکی تۆپی پێوە خۆت بگۆڕیت بۆ شوفێرێکی ئۆتۆمبیلی پێشکەوتن بە هۆی کلیلی تایبەتەوە و هەروەها پێشاندانی یارییەکان بە شێوەی ئاسۆیی، شێوازی فێربوون و ڕاهاتن لەم سەردەمەدا زۆر ئاسانە، کەواتە یاری بکە بەم یارییانە و چێژ لە موزیک وەرگرە و فیلمەکانی ببینە، زنجیرەی داهاتوو لە چێژ وەرگرتن دەست پێ دەکات.
(خەبات، ژ ٢٧٥٥، لە ٨–٢–٢٠٠٨)

پاشکۆ
– ئاسۆ ژمارە ١١٣٠ لە ٢٠١٠\١\٥.
– خەبات ژمارە ٢٠٩٩ لە ٢٠٠٧\٢\١٧.
– خەبات ژمارە ٣٣٤٥ لە ٢٠٠٩\١٢\١١.
– کوردستانی نوێ ژمارە ٤٩٨٣ لە ٢٠٠٩\٩\٢٧.
– هەولێر ژمارە ٦٩٤ لە ٢٠١٠\١\٥.
– ئاسۆ ژمارە ١١٣٨ لە ٢٠١٠\١\١٧.
– خەبات ژمارە ٢٧٥٥ لە ٢٠٠٨\٢\٨.
– کوردستانی نوێ ژمارە ٤٨٥٥ لە ٢٠٠٩\٤\ ٢٧.
– هاوڵاتی ژمارە ٥١٩ لە ٢٠٠٩\٤\٢٦.
– هەولێر ژمارە ٧٠٢ لە ٢٠١٠\١\١٧.

سەرهەڵدانی رۆژنامەگەریی سریانی لە عێراقدا (١٩٠٢-١٩٧٢)

مارلین ئۆیشا

یەکەم: ژینگە و ڕەوشی دەوروبەر

چالاکییە جیاجیاکانی وڵاتانی ڕۆژئاوا، بەرامبەر هەرسێ ویلایەتەکانی عێراق (بەغداد و موسڵ و بەسرە)، لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتاکانی سەدەی بیستەمەوە. چڕبوونەوەیەکیان بەخۆوە بینی، ئەمەش بۆ ئەوەی ئەم وڵاتانە پێگەیان – لەم ناوچانەدا – جێگیر ببێت، بۆ ئەم مەبەستەش پاشەکشێی بەردەوامی تواناکانی دەوڵەتی عوسمانی لە بواری بەڕێوەبردنی ناوچەکانی ژێر رکێفیدا دەقۆزتەوە.

بۆ هێنانەدی ئامانجەکانیاندا. ململانێی نێوان بەریتانیا و فەرەنسا و ئەڵمانیا لە بواری جیاجیاکاندا پەرەیسەندبوو[١] و هەوڵەکانی نێردراوە مژدەبەخشەکانی فەڕەنسی و بەریتانی و ئەمریکی لە نێوان کەمینە ئاینییەکاندا، وەک یەکێک لە دەروازەکانی دابینکردنی پێگە و کاریگەریی بەسەر سیاسەتەکانی عوسمانی. فراوان ببۆوە[٢]..

لەسەر ئاستی ناوخۆییشدا، ئەم قۆناغە گەشەسەندنی ناڕەزایی و بێزاری هەموو توێژە عێراقییەکانی بەرامبەر شێوازەکانی دەسەڵاتی عوسمانی لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا فراوانبووەوە، وەک (نەمانی خزمەتگوزارییەکان و پاشەکشێی پرۆسەی خوێندن و فێرکردن و تێکچوونی باری ئاسایش)، یەکێک لە مێژووناسان بارودۆخی عێراقی لە سەدەی نۆزدەهەمدا بە سێ وشە: (گەندەڵی، ئاژاوەگێڕی، قاتوقڕی)[٣] کورتکردۆتەوە، هەروەها مسیو بونیون کونسڵی فەڕەنسی لە بەغدا، لە نامەیەکیدا بۆ حکومەتەکەی لە ڕێکەوتی (٢٣ی ئاداری ١٨٩١) دا، ئەمەی پشتڕاست کردۆتەوە، کە دەڵێت: (بەرەڵایی لە بەغدا گەیشتۆتە لووتکە، ناشتوانم وێنەیەکی ئەم ڕەوشەی ئەم هەرێمە پێی گەیشتووە بکێشم، خەڵک لێرەدا، هەر لە (والی) تا دەگاتە تاکێکی جەندرمە، دزی و تاڵان دەکەن، ئاژاوەگێڕیش لەم سیستەمی کە لەژێر سێبەریدا دەژین. باشترە)[٤]

سەبارەت بە ڕەوشی سریانەکانیش، دکتۆر عەلی وتوت دەڵێت:

(مەسیحییەکان یان (سریانەکان)، وەک هاوواڵاتی پلە دوو مامەڵەیان لەگەڵ دەکرا، لە زۆرێک لە مافەکانیان بێبەش بوون، تەنیا لە ساڵی ١٨٥٦دا نەبێ، مەرسوومێکی عوسمانی

دەرچـوو، کـە یەکسـانی لـە مامەڵەکردنـدا لەگـەڵ کەمینەکاندا تێیدا راگەیاندرابوو، بەڵام گـەر چۆنیەتی کـرداری کارگێـڕی تورکی و ڕەوشەکەی ئەوسا وێنا بکەین، ئەوا گومانکردن لە ڕادەی کارکردن بەم مەرسـوومە، کارێکی شیاوە.[٥]

ناڕەزایـی عێراقییـەکان بەرامبەر دەسـەڵاتی عوسـمانییەکان، تەنانـەت دوای دەرچوونـی (دەسـتووری ١٩٠٨)یـش، بـەردەوام بـوو، ئـەم ناڕەزایی بوونەش، هـزری نەتەوەیی و سـەربەخۆیی نیشـتمانی بەدواوە بـوو، ئەو ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکانیش لە (میسر و شام) دا دەرچوون، لە زیندووکردنەوە و کاراکردنی هۆشیاری نەتەوەییدا ڕۆڵیان هەبووە.

هەروەهـا ئـەو ڕۆژنامـە عەرەبییانـەی لـە (ئەوروپـا و ویلایەتـە یەکگرتـووەکان) دەردەچـوون و بـۆ خاکـی ئیمپراتۆریەتـی عوسمانی دزەیان دەکرد، هۆکاری بەهێزبوون بۆ وروژاندنی هەسـتی نیشـتمانی لە نێوان گەلانی عەرەبیدا[٦].

(ئـەم ڕۆژنامانە لە لایەن تورکـەکان قەدەغە دەکرا، بەڵام لە ڕێگەی فەرمانگەکانی پۆستەی بیانی دزەیـان دەکرد)، لە ڕووی چاپکردنەوە (عێـراق) لە دواوەی (شـام و میسـر)دا بوو، لـە سـاڵی ١٨٥٦دا، چـاپ لـە عێراقـدا پەیدا بـوو، بۆیـە چاپخانەکانـی (میسـر) خـاوەن چاکەیەکـی گەورەن لە بواری بڵاوکردنەوەی کتێبـە (شـاکارەکانی) عێراقی[٧]، پێویستیشـە ئەمە بگوترێت، کـە[٨] دامەزراندنی چاپخانەی (کلدانـی) لە سـاڵی ١٨٦٤دا، بووەتە پاڵپشـت بـۆ گەشەسـەندنی بزووتنـەوەی ئەدەبی، بە بڵاوکردنـەوەی ژمارەیەک لە کتێب بە زمانی عەرەبی، شانبەشانی بڵاوکردنەوەی دانراو و گۆڤاری سریانی[٩].

دامەزراندنی چاپخانەی (دومینیکان)، لەسـەر دەسـتی نێردەی دۆمینیکی لە شاری موسڵدا، بووە بنەمایەک بۆ سەرهەڵدانی ڕۆژنامەگەریی سریانی لە عێراقدا، کە یەکەم گۆڤاری سریانی (چەپکـە گوڵەکان- اکلیل الورود) لە سـاڵانی ١٩٠٢دا.. چاپکرد.

دووەم: ڕۆڵی (ئاباء دۆمنیکان) و ڕۆژنامەگەریی سریانی لە عێراقدا...

کورتەیەکی مێژوویی:

ڕەبەنایەتی برا دۆمنیکەکان، لەسـەر دەسـتی قەدیـس عەبدولئەحـد دۆمینیکـی و بەنـاوی ئەوەوە دامەزرا[١٠].

ئامانجـی عەبدولئەحـەد بڵاوکردنـەوەی ڕێنماییەکانـی ئینجل لە ڕێگـەی پەیامبەرانی ڕەبانەیەتـی بوو، ئەم پەیامبەرانەش بەسـەر تاسەری جیهان بڵاو ببوونەوە.

ڕەبانەیەتیش، لە ڕەبەنی هەردوو ڕەگەز نێر و مێ و پەیامبەرانی و عیلمانی مێینە، پێکهاتووە و بایەخـی بـە بڵاوکردنەوەی ڕۆشـنبیری و زانسـت داوە، ئاباء دومنیکان لە هەر کوێیەک بووبـن، قوتابخانـە و چاپخانـەو پەیمانگـەو زانکۆیـان دامەزرانـدووە، دەسـتپێخەریش بووینـە، لـە دامەزراندنی کۆنتریـن زانکۆ لە (فلیپین)، ژمارەی زانکۆکانی گەیشـتۆتە (١٢) زانکۆ، دوا زانکۆیان لە (تۆکیۆ) کرایەوە.

هەروەهـا ڕەبەنایەتی (١٥) (پەیمانگای باڵا)ی هەبووە[١١]

ڕەبەنێکـی دۆمینیکـی بەنـاوی (گیلـوم دی مونفیرا) لە سـاڵی (١٢٣٥)دا.. گەیشـتە وڵاتی (میسـۆپۆتامیا – بـلاد مـا بیـن النهرین)، کە سـاڵی (١٢٣٥)، دوای ئەوەی ڕووی لە خاکی پیرۆزی فەلەسـتین کرد بوو، گەیشـتە بەغدا و گەڕانێکی بەناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کرد، بەڵام لە شـاری موسـڵدا کـە دەکەوێتە باکـووری عێـراق، ئـەوا دۆمینیکـەکان پێش (ئاباءی کبوشـیون)[١٢]، گەیشـتنە ئەم شـارە و خزمەتگـوزاری ئایینـی و کۆمەڵایەتـی و ڕۆشـنبیریان پێشکەشکرد، کەچی بە ناچاری لە سـاڵی ١٧٢٤دا ئەم شارەیان جێهێشت دوای ئەوەی تووشی کوشتن و تاڵان بوونەوە.

لە سـاڵی (١٦٢٢)دا یەکەم نێردەی (کەرمەلی) بـە هـەردوو شـاری (بەسـرەو بەغـدا)دا گەیشتووە، بەڵام ماوەیەکی زۆر تیایا نەماوە.[١٣] نێـردەی (ئابـاءی دۆمینکیکان) لە (١٠) ی مانگـی کانوونـی دووەمی ١٧٥٠دا گەیشـتە شـاری موسـڵ، دوای ئـەوەی فەرمانێکـی

(پەیامبەری – رەسوڵی) لە (١٩)ی تەموزی ساڵی ١٧٤٨دا دەرچوو، کە تایبەت بوو بە ناردنەوەی نێردەکان بۆ رۆژهەڵات. نێردەی یەکەم ئیتاڵی بوو، دواتر لە ئەیلوولی ساڵی ١٨٥٦دا بۆ فەرەنسی گۆڕدرا و ئەب (هیاسانت بیسون) وەک یەکەم سەرۆکی پەیامی دۆمینیکی لە شاری موسڵ دەستنیشانکرا.[١٤] چالاکییەکانی نێردەی (ئاباء دۆمینیکان) لە عێراقدا، لە بواری (تەندروستی و خوێندن و فێرکردن و رۆژنامەگەریی و دروستکردنی کڵێسا) بوون، لە بواری پرۆسەی خوێندندا، قوتابخانەی (رەشیدیە)ی تێکەڵاوییان لە ساڵی ١٨٥٤دا. دامەزراند، کە ماوەی خوێندن تێیدا (٣) ساڵ بوو، سەرەڕای بابەتە ئایینییەکان، زمانی عەرەبی و فەرەنسی تیایا دەخوێندرا و ژمارەی قوتابیانی لە ساڵی ١٩٠١، گەیشتە (٦٣٠) قوتابی لە (کوڕ و کچ)..

شانبەشانی ئەم قوتابخانەیە، نێردەی (ئاباء دۆمینیکان)...

چەندین قوتابخانەی سەرەتایی دیکەیان لە ویلایەتی موسڵ دامەزراند، کە ئەوانیش ئەمانەی خوارەوە بوون[١٥]:

• قوتابخانەیەکی ئێواران لە ساڵی ١٨٥٤دا بۆ کچانی بێ دایک و باوک (هەتیوو)، ئەم قوتابخانەیە بەشی ناوخۆیشی هەبوو، کە نووستن و خواردن تیایا بێ بەرامبەر بوو، ژمارەی قوتابیانی لە ساڵی ١٩٠٣دا گەیشتۆتە (١٥) قوتابی.

• قوتابخانەیەکی سەرەتایی تێکەڵاو لە (تلکێف).. ژمارەی قوتابیانی لە ساڵی ١٩٠٣دا، (٨٥) قوتابی بوو، ژمارەی قوتابیانی کچیش هەر لەم ساڵەدا لە (١٥) قوتابی تێپەڕی نەکردووە.

• قوتابخانەی قەدیس (یەعقوب)ی سەرەتایی لە (کردیا)، ژمارەی قوتابیانی لە ساڵی ١٩٠٣، (٢٦) قوتابی بوو.

• قوتابخانەیەکی سەرەتایی کوڕان لە کەرکووک. ساڵی ١٨٦٧.

• قوتابخانەیەکی سەرەتایی لە زاخۆ. ساڵی ١٨٦٧.

• قوتابخانەیەکی سەرەتایی لە ئاکرێ. ساڵی ١٨٦٧.

• قوتابخانەیەکی سەرەتایی لە قەرەقۆش، ساڵی ١٨٦٧.

• قوتابخانەی (أخوات الح٠به.. خوشکانی خۆشەویستی) لە موسڵ، ئەم قوتابخانەیە دوای هاتنی خوشکە رەبەنەکان (الراهبات)، کە ناسراو بوون بە (أخوات المحبة) بۆ موسڵ ساڵی١٨٧٣، کرایەوە، کە بۆ فێربوونی خوێندن و نووسین و هەندێک وانەی کردەیی وەک: دوورمان و نەخش و نیگار تەرخانکرابوو، ئەم قوتابخانەیە قوتابی کچی موسڵمان و غەیرە کاسۆلیکی لەخۆ گرتبوو، ژمارەی قوتابیانی لە ساڵی ١٨٩٠دا گەیشتۆتە (٣٠٠) قوتابی (کچ).

• پەیمانگای (مار یوحنا ئەلحەبیب) بۆ توێژینەوەی ئایینی، لە ساڵی١٨٧٨دا کرایەوە، مەبەست لە کردنەوەی ئەم پەیمانگەیە، ئامادەکردنی پیاوانی ئاینی بوون، ماوەی خوێندن تیایدا (١١) ساڵ دوای تەواوکردنی خوێندنی سەرەتایی بوو، بابەتەکانی خوێندن ئەمانە بووە (زمانی فەرەنسی، عەرەبی، سریانی، لاتینی، ئایینی، لاهوتی ئەدەبی، ئوسولی لاهوت، لێکدانەوەی کتێبی پیرۆز (الکتاب المقدس)، لاهوتی تیۆری و مولاقەنە، سرووت (طقس)، مێژووی شارستانیەتی کریستیانی، فەلسەفە، ژمێریاری، بیرکاری، سروشتزانی (طبیعیات).

ئەوەی شیاوی باسیشە، جگە لە (ئاباء دومنیکان)،نێردەی مژدەبەخەشەکانی ئەمریکی، کە ژمارەیان لە ساڵی ١٨٦٩دا، گەیشتۆتە (٢١) نێردە، رۆڵیان لە سەردەمی ئیمپراتۆریەتی عوسمانلی هەبووە، لە رێگەی هەوڵدانیان بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانیان، بە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری پزیشکی و دامەزراندنی کۆلێژ و قوتابخانە و بڵاوکردنەوەی رۆژنامە و بڵاوکراوە، بەڵام تاکو ساڵی ١٨٩١ دەستیان بەکارەکانیان نەکرد، کاتێ شاری (بەسرە) یان، وەک یەکەم وێستگەی کارکردن لە ناوچەی کەنداوی عەرەبی دەستنیشانکرد، کە دواتر ئەم شارە بووە بنکەیەک بۆ ئەنجامدانی چالاکییە مژدەبەخشەکانیان لەناوچەکەدا، لە

ئەکیل ئەلورود بە سریانی

یەکەم کتێب، کە لەم چاپخانەیەدا چاپکرا، کتێبی کورتەیەک لە ئوسولی رێزمان (خلاصة من اصول النحو) بوو، دانەرەکەی مەتران ئەقلیمس یوسف داوده، بە یەکەم کتێبیش لە بارەی رێزمانی عەرەبیدا، کە لە عێراقدا چاپ بکرێت. دەژمێردرێت

سالّی (١٨٩٥)یش، دوو وێستگەی دیکەیان لە هەردوو شاری (عەمارە و ناسریە) دامەزراند.[١٦]

ئاباء دۆمینیکان و چاپکردن و بڵاوکردنەوە لە لای (ئاباء دۆمنیکانەوە)

دەرکەوتنی چاپکردن لە عێراقدا دواکەوت، وەک وڵاتانی عەرەبی دیکە، کە لەژێر دەسەڵاتی عوسمانیدا بوون، ئەویش بەهۆی سیاسەتی دوورخستنەوە و پەراوێزکردن، کە عوسمانییەکان دژی هەموو دیاردەیەکی پێشکەوتن و نوێخوازی پەیڕەویان دەکرد. تەنیا (لوبنان) نەبێ، کە وەک یەکەم وڵاتی عەرەبی لە بواری چاپدا دەژمێردرێت، کاتێ تائیفەی مارۆنی. یەکەم چاپخانەیان لە (دێرمار قزحیا) لە باکووری لوبناندا لە سالّی (١٦١٠)دا دامەزراند، هەر لەو چاپخانەیشدا کتێبی (ئەلمەزامیر) بە زمانی سریانی چاپکرا.[١٧] یەکەم چاپخانە، کە هاتە عێراق، چاپخانەیەکی بەردین (حەجەری) بوو، کە لە ئێرانەوە لە سەردەمی محەمەد رەشید پاشا، لە سالّی ١٨٥٦، هێنرایە عێراق و لە شاری (کەربەلا)دا دایانمەزراند[١٨]، هەر لەهەمان کاتیشدا بزووتنەوەی چاپکردن لە شاری موسڵدا کارا بوو. هەر لە سەرەتادا (ئاباء دۆمینکان) چاپخانەیەکی بەردینییان لەم شارەدا، بەمەبەستی چاپکردنی کتێب و بەرنامەی خوێندن و ئاسانکردنی ئاستەنگەکانی خوێندن (کە رووبەڕووی قوتابیان دەبۆوە) لە دەستنووسە کۆنەکانداً دامەزراند.

هەروەها بەو مەبەستەی رێنماییە رۆشنبیری و پەروەردەییەکانی رەبەنایاتی بەردەوام بێت[١٩]، دوای تێپەڕبوونی زێدەتر لە سالێک لەسەر سەرۆکایەتیکردنی (ئەب بیسون) بۆ سەرۆکایەتی پەیامی دۆمینیکی لە موسڵدا، هەوڵی ئەوەی دا.. چاپخانەیەکی تایبەت بە رەبەنایەتی دابمەزرێنێت، هەوڵەکانیشی سەرکەوتوو بوون. لە سالّی ١٨٥٧دا[٢٠]، ئەم چاپخانەیەی دامەزراند، کە بە یەکەم چاپخانە لە شاری موسڵدا دەژمێردرێت.[٢١]

یەکەم کتێب، کە لەم چاپخانەیەدا چاپکرا، کتێبی کورتەیەک لە ئوسولی رێزمان (خلاصة من اصول النحو) بوو، دانەرەکەی مەتران ئەقلیمس یوسف داوده، بە یەکەم کتێبیش لە بارەی رێزمانی عەرەبیدا، کە لە عێراقدا چاپ بکرێت. دەژمێردرێت، دانەیەک لەم کتێبە لە کتێبخانەی مۆزەخانەی عێراقی

پارێزراوە.
هەوڵەکانی (دۆمنیکان)، بە مەبەستی پەیداکردنی چاپخانەیەکی نوێ بەردەوام بوون، لەم هەوڵانەشیاندا بە کۆششی نێردراوی پەیامبەری مەتران (هنری ئەمانتون)، لە دەستکەوتنی چاپخانەیەکی ئیتاڵی لە (پاریس)دا، سەرکەوتوو بوون، ئەم چاپخانەیە لە بەندەری ئەسکەندرۆنەوە گەیشتە شاری موسڵ، بەڵام کاتێکی زۆری پێچوو، چونکە لە ڕێگەی وشکانییەوە لەسەر پشتی وشتر گواستراپەوە، لە نیسانی ساڵی ١٩٦٠دا[٢٢]، گەیشتە دێری (دۆمنیکی)، یەکەم کتێبیش کە لەم چاپخانەیەدا چاپکرا، کتێبی وەرزشی ڕێگەی سەلیب (ریاضة درب الصلیب) بوو، کە لە ساڵی ١٩٦١دا چاپکرا.[٢٣]


ئەکلیل ئەلورود بە عەرەبی

ئەم چاپخانەیە شوێنەکەی لە دێری (دۆمنیکان) لە ناوچەی (ئەلساعە) بوو،[٢٤] لە لایەن باوکەکانەوە (ئەلئاباء) وە و بە یارمەتی یەکێک لە براکان و چوار کرێکاری چاپ و برایەکی دۆمینیکی و کرێکارێکی تایبەت بە بەرگسازی (تجلید)...

هەروەها وەرگێڕێک و دقگرەوەیەک (ناسخ) بەڕێوەدەبرا و هەڵەچنێکشیان لەگەڵدابوو، دواتر لەگەڵ فراوانبوونی ئیش و کارەکان ژمارەی کارمەندانی زێدەتر بوو، کەرەستەی خاویش لە ئەوروپاوە بۆ ئەو چاپخانەیە دەهێنرا[٢٥].

ئەم چاپخانەیە بە تێپەربوونی کات ناوبانگی پەیداکرد، ڕووی لە فراوانبوون کرد و کارەکانی پەرەیسەند، ئەمەش بە چاپکردنی کتێب و دانراوەکان، وەرگێڕدراوەکان بۆ سەر زمانی سریانی بە هەردوو زاراوەکەی (ڕۆژهەڵاتی و ڕۆژئاوایی) و بە زمانی عەرەبی و فەڕەنسی و لاتینی و تورکی[٢٦]. ئەم کارانەش لە ئەنجامی کۆششی دوو کەس لە باشترین سەرپەرشتیارانی چاپخانەکە و کەسایەتی شارەزا لە بواری زانستیدا لە شاری موسڵدا، بەدیهاتن[٢٧]، لە نێوانیاندا ئەلئەب دوفال دۆمینیکی و مەتران ئەقلیمس یوسف داود، هەروەها ڕەبەن ئوجین منا، کە دواتر پلەی (مەتران)ی وەرگرت[٢٨] و سەرپەرشتیاری بڵاوکراوەکانی سریانی بوو، چەندین کتێب و دانراوی گرنگی بە زمانی ئارامی بڵاوکردەوە[٢٩].

هەرچەندە ئاراستەی ئایینی و لاهوتی بەسەر بڵاوکراوەکانی ئەم چاپخانە زاڵ بوو، بەڵام کتێبی ڕۆشنبیری و پەروەردەیی وەک: کتێبی قوتابخانەکان و فێرکردنی زمانی سریانی و

هەرچەندە ئاراستەی ئایینی و لاهوتی بەسەر بڵاوکراوەکانی ئەم چاپخانە زاڵ بوو، بەڵام کتێبی ڕۆشنبیری و پەروەردەیی وەک: کتێبی قوتابخانەکان و فێرکردنی زمانی سریانی و فەڕەنسی و تورکی و کتێبی مێژوویی و جوگرافی و بیرکاری بەچاپ گەیاند

فەرەنسی و تورکی و کتێبی مێژوویی و جوگرافی و بیرکاری بەچاپ گەیاند[٣٠].

لەگەڵ هەڵگیرسانی جەنگی یەکەمی جیهانی لە ساڵی ١٩١٤دا، دەسەڵاتی عوسمانی فەرمانی دەرکردنی فەرەنسییەکانی لە خاکەکەی دەرکرد، لەبەر ئەوەی فەرەنسا لەمیانی ئەم جەنگە چووە پاڵ ئینگلتەرا دژی ئیمپراتوریەتی عوسمانی جەنگا، کاتێ (ئاباء دۆمنیکان) عێراقیان جێهێشت، حکومەت لە (٤)ی کانوونی یەکەمی ١٩١٤دا، دەستی بەسەر ئەم چاپخانەیەدا گرت.[٣١] بەم جۆرە ئەم چاپخانەیە وەستا، کە ماوەی (٥٤) ساڵ بەبێ پچڕان بەردەوام بوو. لەم ماوەیەدا، زێدەتر لە (٢٩٣) کتێبی چاپکرد، لە نێوانیاندا: (١٥١) کتێبی بە زمانی عەرەبی، (٧٥) کتێب بەکلدانی و بە سریانی و فەرەنسی (٢٤) کتێب و (٣٣) کتێب بە لاتینی: بە زمانی تورکیش (١٠) کتێب بە چاپ گەیاند، لە نێوانیاندا هەیە، کە زیاتر لە جارێک چاپکراوە، یاخود بەچەند بەشێک بڵاوکراونەتەوە، بەم جۆرە چاپخانەی (ئاباء دۆمنیکان)، یەکەم چاپخانە بووە لە عێراقدا کە بۆ ساڵانێکی دوورودرێژ لە کارکردن بەردەوام بووە، بڕێکی زۆر بڵاوکراوەی چاپکردووە، (ئاباء دۆمنیکان)، دوای گەڕانەوەیان بۆ موسڵ لە نێوان ساڵانی (١٩٢٢-١٩٢٣) دا، هەوڵی ئەوەیان دا چاپخانەکەیان دووبارە بەگەڕبخەنەوە، بەڵام لە هەوڵەکانیان سەرکەوتوو نەبوون.[٣٤]

ئەکیل ئەلورود بە سریانی

دوای (ئاباء دۆمنیکان)، سریانییەکان بە خۆیان، چاپخانەیان دامەزراند، کە بوونەتە پشتیوانییەک بۆ بزووتنەوەی چاپ لە عێراقدا، بە تایبەتی لە موسڵدا. لەم چاپخانانە:

• **چاپخانەی کلدانی:** ئەم چاپخانەیە لە لایەن بە تریرکی کلدانی

لە شـاری موسـڵدا لە سـاڵی ١٨٦٤دا دامەزرا، ئەمەش لەسەر ئەرکی شەماس روفائیل مازجی[٣٦]و پشتیوانیکردن و یارمەتی بەتریرکی کلدانی مار یوسـف ئودو[٣٧] لە شـاری موسـڵ، کە داواکارییەکی فەرەمی پێشـکەش بە لایەنـە پەیوەندیدارەکان کرد، بە مەبەسـتی وەرگرتنی مۆڵەتی دامەزراندنی چاپخانەکە لە (١)ی ئابی ساڵی ١٨٦٤دا[٣٧] کرایەوە.

هەروەهـا (مازجـی) لـە فەڕەنسـاوە بڕێکی زۆری (حوبـر و کاغـەز)ی بۆ چاپخانەکە هێنابوو، کرێکارانی چاپخانەکەش ئـەو کرێکارانە بوون، کە لە چاپخانەی (ئاباء دۆمنیکان) فێری ئەم پیشەیە ببوون[٣٨].


LA
COURONNE DE ROSES
Revue Mensuelle
5e ANNÉE NUMÉRO 3
Mars 1910
Mossoul

ئەکلیل ئەلوورد بە فەرەنسی

ئـەم چاپخانەیە لـە گەڕەکی (حـوش خـان) بەرامبـەر کڵێسـای (شـەمعون سەفا) دانـراو پیتەکانـی سـریانی و عەرەبـی و تورکـی و فەڕەنسی بە سێ قەبارە بۆ دابینکرا، ئەم چاپخانەیەش چەندیـن کتێبـی خوێنـدن و کتێبـی ئاینـی چاپکرد، ئەمەش بە سەرپەرشـتی یاریـدەدەری بەتریـرک مەتـران مارکورکیـس عەبد یشـوع خەیات، کە دواتر بـووە (بەتریرک) بـوو، ئـەم کتێبانەی بە سەرپەرشـتی (خەیات) چاپکرا، ئەمانە بوون[٣٩]:

- سەڵاواتی سرووتی، کە پێی دەگوترێت (قدام و باثر) لە ١٨٦٦دا.
- ملوانەکەی زێڕین لە گۆشـەکانی ئەدەبدا، فێرکردنی زمانی فەڕەنسی لە ١٨٦٩دا.
- ڕێزمانی زمانی سریانی، ١٨٦٩دا.
- باخچـەی سـاوایانی مێردمنـدان (ئەلئەدیب)، لە ئوسـلوی خوێندنەوە و ڕەوشت باشیدا، کە یەکێکە لە دیارترین کتێبەکانی خوێندن، لە دانانی مەترانی کورکیس عەبد یەشوع خەیات.
- ڕێبـەری قوتابیـان، دانانـی قەشـە پولس بیدراو لە سـاڵی ١٩٢٣[٤٠]

چاپخانەی ئاباء دۆمنیکان دەزگای چاپ

هەروەها کتێبی (مەزامیری پێغەمبەر داود)) لە دانانی مەتران عەبد یەشوع خەیات، کە یەکەم کتێبە بە زمانی سریانی چاپ بکرێت و پێشەکییەکەشی بە زمانی عەرەبی بوو.

دوای کۆچی دوایی بەتریرک خەیات لە ساڵی ١٨٩٩دا، ئەم چاپخانەیە بایەخێکی ئەوەتۆی پێنەدرا، دواتر بەتریرکی نوێ عەمانوئیلی دووەم، گیانێکی تازەی بە چاپخانەکە بەخشی و مۆڵەتێکی دیکە بە ناوی (جبرائیل)[٤١] بۆ وەرگرت و دەستی بەکار کردەوە، دوای ئەوەی بۆ چەند ژووریک کە دەکەوێتە نێوان قوتابخانەی ئەکلیریکی و کلێسای شەمعون سەفا گوازرایەوە.[٤٢]

ئەم چاپخانەیە لە میانی جەنگی یەکەمی جیهانیدا. تا کۆتاییەکانی سەدەی رابردوو لەکار وەستا، لەم کاتەشدا قەشە سلێمان سائیغ[٤٣]، مەکینەیەکی بچووک و چەند ئامێرێک لە پاشماوەی چاپخانەی (دۆمینیکان) بۆ دابینکرد و چاپخانەکەش دووبارە کەوتەوە کار و چەندین کتێبی بە زمانی عەرەبی و سریانی تیایا چاپکرا و گۆڤاری (ئەستێرە..ئەلنەجم) لە ساڵی ١٩٢٨دا، هەر لەم چاپخانەیەدا بەچاپ گەیێنرا و هەر بۆیەش چاپخانەکە بە ناوی (ئەلنەجم) ناونرا.

چاپخانە لە کارکردن بەردەوام بوو، تا خاوەنەکەی پلەی (مەتران)ی وەرگرت، ژمارەی چاپکراوەکانی گەیشتە (٥٠) کتێب، ئامێری چاپیشی لە دێری (ئەلسیدە)، جێگیر بوو.[٤٤]

چاپخانەی ئاسوری: لە لایەن (ئەلئەب یوسف قلیتا) وە بە پێی رێنماییەکانی کلێسای رۆژهەڵاتی دامەزراوە، ئەلئەب قلیتا ماوەیەک لە شانشینی یەکگرتوو. بە مەبەستی سەرپەرشتیکردنی لە چاپدانی (ئەلعەهد)ی کۆن بە زمانی

لە سەدەکانی ناوەڕاستدا ئەم نوێژە بەناوبانگ بوو، کریستیانیکان لەگەڵ خوێندنەوەیدا چەپکە گوڵیان، وەک ڕێزلێنانێک بۆ (پاکیزە) لەسەر دادەنا، لە لاپەڕەی دوایی گۆڤارەکەشدا، لیستێک بە ناوی جەژنە ئایینییەکان بڵاوکراوەتەوە

چاپخانەی ئاباء دۆمنیکان
دەزگای بەرگ

سـریانی لە تاوەکو سـاڵی (١٩١١)دا[٤٦] مایەوە، لەم ماوەیەدا فێـری هونەری چاپکـردن و بەڕێوەبردنـی چاپخانەکان بوو، لـە سـاڵی١٩٢٠دا نێردرایە (ملبار) لە هیندسـتان بـۆ هێنانی پیتی سـریانی[٤٧]، دوای (٢) سـاڵ گەڕایەوە شـاری موسڵ و چاپخانەی ئاسوری لە گەڕەکی (باب الجدید) دامەزراند.
لەم چاپخانەیە کتێبی خوێندن و ئایینی و سـرووتی بە زمانی سریانی و عەرەبی چاپدەکرا، زۆربەی چاپکراوەکانی بە زمانی سریانی بوو.[٤٩]

چاپخانەی سریانی کاسولیکی: لە بەغدا دامەزرا، زیاتر لە (٢٠) چاپکراوی لە نێوان ساڵی ١٩٢٢-١٩٣٧ تیایا چاپکرا، هەروەها گۆڤـاری (نەشـرەت ئەلئەحد- بڵاکراوەی یەکشـەممە)[٥٠] لەم چاپخانەیـە بە چـاپ گەیێنرا، کـە بڵاوکراوەیەکـی هەفتانەی ئایینی و زانسـتی و مێژوویی و کۆمەڵایەتی بوو، ئەم گۆڤارە لـە لایـەن عەبدولئەحەد جرجی لـە بەغدا لە سـاڵی ١٩٢٢ تا ساڵی ١٩٣٧ دەردەچوو.

سێیەم: (چەپکە گوڵەکان – اکلیل الورود).. گۆڤارێکی سریانی – عێراقی

(ئەبا دۆمنیکان). هاتنە مەیـدان رۆژنامەگەرییەوە، بەو پێیەی رووبەکی گەشـی رۆشـنبیری بـوون و رێگەیـەک بوون بۆ بڵاوکردنەوەی پەیامی ئایینییـان و گەیاندنیان بە جەماوەری کریسـتیانی، بە هەوڵ و کۆششـی ئەلئەب (یوسف کالان)[٥١]، گۆڤاری (اکلیلا دوردی- اکلیل الورود)[٥٢] لە ساڵی ١٩٠٢دا بە سـێ زمانی عەرەبی و سریانی و فەڕەنسـی دەرکردووە[٥٣]، ئـەم گۆڤـارەش یەکـەم گۆڤـاری عیراقییـە[٥٤] و نۆبـەرەی رۆژنامەگەریی سریانییە لە عێراقدا، هیچ رۆژنامە و گۆڤارێکی

هـەواڵـەکـانـی تـایبەت بـە نـاوچـەکـە و جیهان و لـە بـارەی تـەنـدروسـتی و کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتی هەواڵی هەمەجۆری دیکەشی بـڵاوکـردەوە. گۆشەیەکیش بـۆ ئـەم هـەواڵانـە بە نـاوونـیـشـانـی (هەندێک هـەواڵـی هەنووکەیی) یـان (هـەواڵـەکـان)، تەرخانکرابوو

دیکە پێش ئەم گۆڤارە، بە زمانی سریانی یان بایەخی بە کاروباری سریانی دابێت. نەبووە[٥٥].

هەرچاپێک لەم چاپانە. لە ئەوەی دیکەیان لە رووی بابەت و نووسراوەکانییەوە جیاواز بووە، بەڵام خەتێکی یەکگرتوو و یەک ئاراستەی هەبووە، رۆشنبیری ئایینی و ناساندنی رێنماییە کریستیانییەکان بەسەریاندا زاڵ بووە، بە مانایەکی دیکە سێ گۆڤار بوون، بەڵام یەک ناویان هەبوو، چاپخانە نوێکەش یارمەتیدەر بوو، بۆ لەچاپدانی ئەم گۆڤارانە. (ئاباء دۆمنیکان) ئەم سێ چاپانەیان لەیەک کاتدا دەرنەکردووە، بەڵکو ساڵانی دەرچوونیان جیاواز بووە، بەم شێوەیە[٥٧]:

١- ئەکلیل ئەلوردی عەرەبی: بە زمانی عەرەبی لە مانگی کانوونی دووەم ساڵی ١٩٠٢ دەرچووە، تاوەکو کانوونی دووەمی ١٩٠٩، بەردەوام بووە.

٢- ئەکلیل ئەلوردی سریانی: لە مانگی ئابی ساڵی ١٩٠٤ تاوەکو تەموزی ساڵی ١٩٠٧ بەردەوام بووە.

٣- ئەکیل ئەلوردی فەرەنسی: لە کانوونی یەکەمی ١٩٠٦، تاوەکو کانوونی دووەمی ١٩١٠[٥٨]، بەردەوام بووە..

ئەکلیل ئەلورود بە زمانی عەرەبی (١٩٠٢-١٩٠٩):

ئەم گۆڤارە بە زمانی عەرەبی لە ساڵی ١٩٠٢دا دەرچووە، (٨) ساڵ بە بەردەوامی هەر مانگەی جارێک دەرچووە، ئەم گۆڤارە دەستەیەکی نووسینی راگەیەنراوی نەبووە، بەڵام ناوی هەندێک لە (ئاباء دۆمنیکان) کە بە نووسین بەشداریان تیا کردووە، هاتووە.

ژمارەی یەکەم: ژمارەی یەکەمی ئەم گۆڤارە لە کانوونی دووەمی ١٩٠٢دا(٥٩) دەرچووە. بە هەشت لاپەڕەی (١٧،٥×١١،٥)سم، تەنیا دوو بابەتی لەخۆ گرتووە، یەکەمیان راگەیاندنێک بۆ بەشداربووانی (ئەخەویەی ئەلوەردی پیرۆز)، ئەمەش وەک ناساندنێک بۆ گۆڤارەکە و ئامانجەکانی، تێیدا هاتووە:

(بە بۆنەی یۆبیلی قەداسەتی حەبری مەزن (مار لاون)ی سێزدەهەم، ئێمەی رۆڵەی (مار عەبدولئەحەد)، خۆشییەکی گەورەمان چنگ کەوتووە، وا ئەمڕۆ ئەی برا رۆژهەڵاتییەکانی ئازیز بە ئێوەی رادەگەیێنین، بۆ ئەوەی لەم خۆشییەدا بەشدار بن، ئامانجمان بە بەرەو پیرۆچوونی پەرۆشییەکانی دڵی حەبری مەزنە، ئەویش بە بڵاوکردنەوەی (ئەلوەردیەی پیرۆزە)، نەک تەنیا بە ئامۆژگارییەکانی کە گوێمان لێ بووە، بەڵکو بەڕێگەیەکی دیکە، بۆ ئەوەی ئەوانەی لە ئێمەوە دوورن گوێبیستی بن، ئەم رێگایەش بڵاوکردنەوەی رۆژنامەیەکی بچووکە، کە هەڵگری رامان و چالاکی و هەواڵی بە سوودی پەیوەندیدار بە ئیش و کارەکانی (ئەخەویەی ئەلوەردییەکان) ە، بۆ ئەوانەی لێمان دوورن.

مەبەستیشمان رووبکردنەوەی بڕوای کاسۆلیکیمانە، دووەم جاریش هێزی پەیامبەری ئەلوردیەتان پێڕابگەینین[٦٠].

بابەتی دووەمیش، بە ناونیشانی (ئەکلیل ئەلورود) بوو، باسی تێکۆشانی ساڵانێکی دوورودرێژی (مار عەبدولئەحەد) دژی دوژمنانی بڕوا دەکرد، هەروەها باس لەوە دەکات، کە چۆن (پاکیزە – العذراء)، قسەی لە بارەی نوێژی (ئەلوردیە) لەگەڵدا کردووە، داواشی لێکردووە لە کلێسادا بخوێنێتەوە و بڵێتەوە، هەر لەو کاتەوە نوێژی (ئەلوردیە).. وەک خۆشەویسترین نوێژ لە دڵی بڕوادارانداچەسپیوە، لە سەدەکانی ناوەڕاستدا ئەم نوێژە بەناوبانگ بوو، کریستیانیکان لەگەڵ خوێندنەوەیدا چەپکە گوڵیان، وەک رێزلێنانێک بۆ (پاکیزە) لەسەر دادەنا.

لە لاپەڕەی دوایی گۆڤارەکەشدا، لیستێک بە ناوی جەژنە ئایینییەکان بڵاوکراوەتەوە.[٦١]

بایەخدانەکانی گۆڤارەکە: لە بابەتەکانی ژمارەی یەکەمی گۆڤارەکەدا، تێبینی دەکرێت، کە ئاراستەکەی ئایینی بووە، ئەم ئاراستەیەش بەسەر هەموو ژمارەکانیدا زاڵ بووە، زۆربەی بابەتەکانی تایبەت بووە بە نوێژی (ئەلوردیە) و (پاکیزە مریەم) و ناساندنی ئەم نوێژە و رووبکردنەوەی بابەتە رۆحییەکان و

چەسپاندنیان لە نێوان برۆادارانداو، سەرەڕای بە پیرۆز راگرتنی (یەسوع) و ژیاننامەی قەدیسیەکان و هەندێک بەسەرهاتەی کریستیانی مێژوویی وەرگێڕدراو.. چەندین بابەتی هاوشێوە، گۆڤارەکە لە چوار ساڵی یەکەمیدا، هەر تەنیا گوتار و چیرۆک و شیعری ئایینی بڵاوکردۆتەوە و لە ساڵی پێنجەمیدا دەستی بە بڵاوکردنەوەی (هەواڵ) کردووە، ئەم هەواڵانەش لە سەرەتادا تایبەت نەبوون بە کار و چالاکییەکانی ڕەبەنایەتی و هەواڵەکانی کڵێسا، بەڵام لە ژمارەکانی داهاتوودا فراوانتر بوون، هەواڵەکانی تایبەت بە ناوچەکە و جیهان و لە بارەی تەندروستی و کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتی هەواڵی هەمەجۆری دیکەشی بڵاوکردەوە. گۆشەیەکیش بۆ ئەم هەواڵانە بە ناوونیشانی (هەندێک هەواڵی هەنووکەیی) یان (هەواڵەکان)، تەرخانکرابوو.[٦٢]

دەرهێنانی هونەری: قەبارەی لاپەڕەکانی (١١،٥×١٧،٥)سم، ژمارەی لاپەڕەکانی لە ساڵی یەکەمیدا (٨) لاپەڕە بوو، ژمارەی ساڵانەی لاپەڕەکانیشی گەیشتە (١٠٢) لاپەڕە، لە ساڵی دووەمیدا ژمارەی لاپەڕەکانی بۆ (١٦) لاپەڕە زیاد کرد، لە ساڵانی سێیەم و چوارەم و پێنجەمیشدا، گەیشتە (٢٠) لاپەڕە، لە ساڵانی شەشەم و حەوتەمیشدا بووە بە (٢٤) لاپەڕە.[٦٣]

بەرگی یەکەم: نەخشەی بەرگی یەکەم، بریتی بوو، لە چوارچێوەیەکی بە گەڵای گوڵ نەخشێنراو، لە ناوەڕاستیشدا بەلای سەرەوە، وێنەی (پاکیزە، کە یەسوعی لە باوەشدایە). کێشرابوو، چەندین تیشکی نووریش لە وێنەکەوە دەردەچوو، لە ناوەڕاستی بەرگەکەشدا ناوی گۆڤارەکە نووسرابوو، لە خوارەوەشی گوتەی پاپا (لاون)ی سێزدەهەم (رادەگەینین باشترین هیوامان بە ئەلوردیەی پیرۆز هەیە) تۆمارکراوە، لە گۆشەی راستیدا ساڵی دەرچوونی گۆڤارەکە و لەلای چەپیشدا ڕێکەوتی دەرچوونی گۆڤارەکە بە مانگ و ساڵ نووسراوە. ئەم نەخشەیە لە ساڵانی ١٩٠٢-١٩٠٥دا بەم جۆرەبوو، لە ژمارەیەکی ساڵی١٩٠٥دا، ئەم نەخشەیە گۆڕدرا بۆ چەپکە گوڵێکی گەورە، دانەی تەزبیحەکانی ئەلوردیەی پێ شۆر ببووەوە، لە ناوەڕاستیدا وێنەی پاکیزە مریەم و منداڵەکەی (یەسوع) کێشرا بوو، لە گۆشەی راستیدا ساڵی گۆڤارەکە و لە ژێریدا ژمارەکەی و لە لای راستی ناوەڕاستی لاپەڕەکە ڕێکەوتی دەرچوونی تۆمارکرابوو، لە ژێریشدا ناوی (گۆڤارەکە) بە قەبارەیەکی گەورە کێشرا بوو. لەم ژمارەیەوە کورتەی بابەتەکانی لەلای چەپی خوارەوەی گۆڤارەکە دەنووسرا. ئەم نەخشەیە تا دوا ژمارە بەردەوام بوو.[٦٥]

لاپەڕەکانی ناوەوە: ئەستوونێک بابەتەکانی لە خۆ گرتووە، لە نێوانیاندا هێڵی ئاسۆیی درێژ، یان نەخشێکی زەخرەفەی ئاسۆیی[٦٦]. هەیە، هەروەها چەندین وێنەی کاری دەستیی بۆ هەندێک لە بابەتەکان، بەڵام زۆر بەکەمی لە ژمارەکانی بەراییدا[٦٧] دانراون.

بەڕیوبەری نووسین: هەرچەندە ناوی دەستەی نووسەران تۆمار نەکراوە، بەڵام بە پێداچوونەوە بە ژمارەکانی گۆڤارەکە، بە تایبەتی ژمارە(٤)ی ساڵی١٩٠٥، بە دیار دەکەوێت کەوا (ئەلئەب دومنی دومینیکی)، بەڕێوەبەری نووسین بووە لەم گۆڤارەدا کە بە هەوڵ و کۆششی (ئاباء دۆمینیکان) و قوتابیانی لە عێراقدا، دەرچووە.[٦٨]

تێبینی دەکرێ، کەوا گۆڤارەکە راگەیاندن (ئیعلان)ی بەکارهێناوە، ئەمەش تەنیا بۆ هەندێک لە بۆنە ئایینییەکان و چالاکییەکانی ڕەبەنایەتی.

لە ژمارەی کۆتایی هەر ساڵێکیشدا، پێڕستی بابەتەکانی بڵاوکراونەتەوە، لە میانی ساڵەکەدا، تۆمارکراوە.

نووسەرانی گۆڤارەکە: لە ساڵی دووەمیدا، گۆڤارەکە ناوی نووسەرانی بڵاوکردۆتەوە، لە دیارترینیان: (قەشە عەبدولئەحەد جرجری، قەشە یوسف غەنیمە، قەشە جبرائیل قریاقوس، قەشە باسیل بشوری سریانی، ئەلئەب هیا سنت ئەلدومنیکی، ئەلموعەلیم سەلیم حەسون، قەشە میخائیل موراد، ئەدیب فەرەج للاکسیو)، لەگەڵ چەند بابەتێکی وەرگێڕدراو لە لایەن (ئەلئەب کوربینیان ئەلکەرمەلی ئەلحافی و

ئەلئەب منسابری ئەلدومنییکی).

دوا ژمارە:
دوا ژمارەی گۆڤارەکە، هێندە جیاوازی لەگەڵ ژمارەکانی پێشوو نەبوو، تەنیا راگەیاندنێک (ئیعلانێک) نەبێ، کە لە ناوەڕاستی لاپەڕەکەیدا بڵاوکراوەتەوە، کە تێدا راگەێنراوە، کەوا گۆڤارەکە لە دەرچوون دەوەستێت، بەم شێوەیە:
بەداخێکی گرانەوە، بە خوێنەرە بەڕێزەکانمان رادەگەیەنین، کەوا بەشێوەیەکی کاتی بڵاوکراوەی (ئەکلیل ئەلورود بە زمانی عەرەبی) دەوەستێنین، سوپاسمان بۆ هەموو ئەوانەی دەستی یارمەتییان بۆ درێژ کردین، هیواخوازین کە بتوانین لەم نزیکانە بەشێوازێکی دیکە ئەم بڵاوکراویە دەربهێنین)[٦٩]
بەم جۆرە (ئەکلیل ئەلورود) بە زمانی عەرەبی وەستاو جارێکی دیکە دەرنەچووەوە.

ئەکلیل ئەلورود بە زمانی سریانی (١٩٠٤-١٩٠٧):
ئەم چاپە سریانییە لە ساڵی /١٩٠٤ دا، دەرچووە، وا مەزەندە دەکرێ، کەوا دوای ئەوەی چاپە عەرەبییەکەی بە باشی بڵاوبۆوە، وا بە باش زانرا بە سریانیش دەربچێت، کە زمانی کریستیانەکانەو لە گەیاندنی پەیامە ئایینییەکەیاندا بوونەتە ئامانج[٧٠] ژمارە یەکی لە مانگی ئابی /١٩٠٤دا، دەرچووە، تاوەکو تەموزی/١٩٠٨، مانگانە بەردەوام بووە.
ژمارە یەک: بەمەبەستی ناساندنی چاپی سریانی و پیرۆزکردنی دەرچوونەکەی، ئەم ژمارەیە کە (١٦) لاپەڕە، بە پێوەری (١٢×٨سم) بوو، پەیامی نێردەی پەیامبەری و مەترانی بەغدا (یوحنا درور ئەلکەرمەلی)، کە بۆ بەرێوبەری چاپخانەی (ئەبا دۆمنیکانی لە موسڵ نارد بوو، بڵاوکردۆتەوە، کە تێیدا هاتبوو: (بە تەواوی وێستمەوە و لە کانگای دڵمەوە، رێگەتان پێدەدەم، ئەم بڵاوکراوەیە (ئەکلیل ئەلورود) بە زمانی کلدانی بڵاوبکەنەوە، هەروەها پەرۆشییە سوپاسکراوەتان، لە بواری گەڕان بەدوای ئەم رێگایانەی، کە سولتانە ئەلوردیە...(دڵ و دەروونی پیرۆز) بەرز رادەگرێت، پیرۆز بکەم، رەنگە پاکیزەی دووگیان بەبێ هیچ خراپەکاریەکی ئاسایی، رێز لەم (ئەکلیلە) بنێت و نیعمەتێکی گەورەی[٧١] پێ ببەخشێت، لە کاتێکدا ئەم (ئەکلیلە) بە ساڵی دەرچوونی خۆشحاڵە.
دوای ئەم پەیامەش، نامەی (مار یوسفی دووەم) بەتریرکی کلدانییەکان لە بابل بڵاوکراونەتەوە، پیرۆزبایی لە دەرچوونی ئەم بڵاوکراوەیە دەکات و سوپاسی (ئاباء دۆمنیکیان) بۆ بایەخدانیان بە دەرکردنی ئەم گۆڤارە بە زمانی سریانی دەکات، کە سوودی بۆ هەموو ئەوانەی بەم زمانە دەدوێن. هەیە.
هەوەها چەندین بابەتی هەمەچەشن وەک: بنەمای ئەلوردیە، نوێژی خوایی (رەبانی)، راگەیاندنێک لە بارەی دەرچوونی کتێبێک لە دانانی (شەموئیل جەمیل)، لیستێک بەناوی جەژن و بۆنە ئایینییەکان لە میانی مانگێکدا، لیستێک بە ناوی ئەو کتێبانەی لە چاپخانەی دۆمنیکیان چاپکراون و نرخەکانیشیان لەسەر بەرگی دواوە تۆمارکراون[٧٢].

بایەخدانەکانی گۆڤارەکە:- بایەخدانی چاپی سریانی هەروەک چاپەکەی عەرەبییە.
دەرهێنانی هونەری: بەدرێژایی دەرچوونی پێوەری لاپەڕەکانی جێگیربوو، بە (١٦) لاپەڕە (١٢×٨) دەردەچوو، ژمارەی لاپەڕەکانی بۆ ماوەی ساڵێک بە شێوەی (زنجیرە) بوو، ساڵانی یەکەم و دووەم بە زنجیرەیەک و ساڵانی سێیەم و چوارەم بە زنجیرەیەک، درێژەیان هەبوو.
بەرگی یەکەم: نەخشەی بەرگی یەکەم، لەگەڵ بەرگی یەکەمی چاپی عەرەبی دوای ساڵی چوارەمی/١٩٠٥ پێک دەرچوون، وێنەی هەمان (ئەکلیل، لەناوەڕاستیدا ناوی گۆڤارەکە بە خەتی (ئەستر نجیلی)، لەجیاتی وێنەی (پاکیزە) و لە گۆشەی راستدا ساڵی دەرچوون و لە لای چەپدا رێکەوتی دەرچوون، لەلای چەپی خوارەوەش ناوەرۆکی ژمارەکە دانراون.
هەروەها نرخی گۆڤارەکە (١٠) قروش بۆ هەر دانەیەک..

بەپێـی دراوی عوسـمانی لەو سـەردەمەدا)[٧٣]، بە شـێوەیەکی ئەستوونی، لە ناوەڕاستی لای راسـتدا.. تاوەکو کۆتایی بەرگەکە، تۆمار کرابـوو، ئـەم نەخشـەیە گۆڕانی بەسـەردا نەهات، لەگەڵ گۆڕانی ڕەنگی بەرگەکەی لەهەر سـاڵێکدا. سـاڵی یەکەم: ڕەنگی سوور بەلای پەمبـەدا دەچوو. سـاڵی دووەم: سـەوزێکی کراوە. ساڵی سـێیەم: زەردێکی کراوە. ساڵی چوارەم: سەوزێکی کراوە.

لاپەڕەکانـی نـاوەوە: دەرهێنانـی لاپەڕەکانی نـاوەوە، هـەروەک چاپە عەرەبییـەکان بوو، وێنـەی کێشـراو بـۆ یەکەمجـار، لـە ژمارە دوانییەکـەی (کانوونـی دووەم- شـوبات) لەساڵی یەکەمیدا، بەکارهێنرا.[٧٤]

نووسـەرانی گۆڤارەکـە: لـە دیارتریـن نووسـەرانی گۆڤـار : مەتـران ئەدی شـیر، قەشـە داود عیسـا، قەشـە مەرقوس دکزرتا، ئیلیا ئورهینا، حنا فریو، تێبینی ئەوە دەکرێت، کەوا نووسەرانی چاپی سـریانی کەم بوونە، لەگەڵ دووبارەبوونەوەی (دوا ناو) لە ساڵانی (١٩٠٦-١٩٠٧)دا، هەروەها گۆڤارەکە، گوتاری بـە زنجیرە بڵاوکردۆتەوە، کـە (کتێب) بوونە و لـە لایەن ئەم نووسـەرانەوە دانراون و بە زنجیرە بڵاوکراونەتەوە.

دوا ژمـارە: لـە لاپەڕەیەکـی دوا ژمـارەی گۆڤارەکـە، کـە لـە مانگـی ئابـی /١٩٠٨ دا دەرچووە، ڕاگەیاندراوێک بڵاوکراوەتەوە، تێیدا هاتووە، (گۆڤارکە لە دەرچوون دەوەستێت بۆ کاتێکێکی دیاریکـراو، لەبەر چەند هۆیەک کە (کات) بوارمان نادات، ئاشکرای بکەین(٧٥)).

ئەکلیل ئەلوردی فەرەنسی (١٩٠٦-١٩١٠)

بـە بـەراورد لەگـەڵ چاپەکانی دیکـە، چاپی فەرەنسی لە سـاڵانی (١٩٠٦-١٩١٠)دا زێدەتر بـەردەوام بووە، مانگانـە دەرچووە، ژمارەی یەکەمـی لە مانگی کانوونی دووەمی /١٩٠٦دا دەرچووە[٧٦]. (٦٠) ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە، بایەخدانەکەشـی هەروەکو چاپەکانی پێشوو وا بـووە، بـەڵام پانتایەکی باشـی بـۆ بابەتە تایبەتەکان بە بواری کولتوور و شارستانیەتی عێـراق تەرخانکردبوو، چاپەکەشـی چاپێکی باش بوو، هۆیەکانی دەرچوونی ئەم چاپەش، لەسـەر گوتاری ژمارە یەکی ڕوونکراوەتەوە، کە تێیـدا هاتـووە: (ئـەم گۆڤـارە ئایینییەی، پێشـکەش خەڵکـی دەکەین، بەنـاوی (ئەکلیل ئەلورود)ە، بـۆ ئەوەیە ببێتە تەواوکەری دوو بڵاوکراوەکەی دیکە، کە لەسـەر هەمان شێواز و پۆلیندان، بۆمان بەدیار کەوت، کەوا جێگەی لەنێوانیانـدا دەبێتـەوە، ئەم دەستەخوشـکە. زێـدە گەنجە، خۆی بەخۆی هـۆکاری بوونی ڕووندەکاتـەوە، هیوادارین لـە دەوروبەرێکی دیکـەدا هانبدرێن، زۆرجار گوێبیسـتی ئەوە دەبووین، کەپێییان دەگوتین:

گۆڤارێکی فەرەنسـی بڵاوبکەنەوە، بۆ ئەوەی ئـەم زانیارییانەی لـە قوتابخانەکاندا وەرمان گرتـوو، لەبـارەی زمانەکەتانـدا. بپارێزیـن، هەروەهـا بـۆ ئـەوەی ئـاگاداری هەواڵـە ئایینییەکان و هزرە لاهوتی و فەلسـەفییەکان بین.

لە عەرەبییەوە: خالید بەکر ئەیوب

سەرچاوە و پەراوێزەکان:

١- الدكتور عبدالعزيز نوار، تاريخ العراق الحديث (القاهرة)/دار الكتاب العربي/١٩٦٨).

٢- مجموعة الباحثين، المفصل في تاريخ العراق المعاصر/ بغداد - بيت الحكمة، ٢٠٠٢/من (ص ٢٠).

٣- باقر ياسين، تاريخ العنف الدموي في العراق/ بيروت، دار الكنوز الادبية/١٩٩٩ص ٢٥٥.

٤- المصدر نفسة/ص ٢٥٦-٢٥٧.

٥- الدكتور علي وتوت، مصدر سابق، ص١٤٣.

٦- جرجيـس فتـح الله، نظرات في القومية العربية مدا و جزرا حتى عام/١٩٧٠، تاريخا وتحليلا، ج ١، (اربيل- دار

آراس للطباعة والنشر /٢٠٠٤، ص ٣٨١، للمزيد، انظر: فيليب ايرلند، العراق– دراسة في تطوره السياسي، ترجمة: جعفر الخياط، (بيروت/دار الكشاف/١٩٤٩) ص١٧٢–١٧٣.
٧– الدكتور عبدالعزيز نوار، تاريخ العراق الحديث، مصدر سابق/ص٤٥٨
٨– سەرچاوەکان لە سالّی دامەزراندنی چاپخانەکە جیاوازن، هەندێکیان. ئاماژە بەوە دەکەن سالّی ١٨٥٨، دامەزراوە.
٩– م. عفاص/ مصدر سابق/ ص ٦٠، ٨٤، ٩٥.
١٠– لە گوندی (کالیرینغا)ی ئەسپانی لە دایک بووە، لە سالّی ١١٩٦ بووەتە قەشە، ژیانی خۆی بۆ ڕێنماییەکانی (ئینجیل) تەرخانکرد، لە شاری (پولونیا)ی ئیتالّی لە (٦) ی ئابی /١٢٢١، کۆچی دوایی کردووە، بهنام صبابة/ الآباء الدومنيكان في الموصل اخبارهم وخدماتهم (اربيل/مطبعة الحاج الهاشم/٢٠٠٦) ص٢٢ المصدر نفسه/ ص٢٢–٢٩.
١١– المصدر نفسة.
١٢– لە ئاباءی فەڕەنسییەکانن سەدەیەک لە موسڵدا ژیاون، لە سالّی ١٦٣٢، یەکەم (دێر)یان لە موسڵ دامەزراند، خزمەتی گەلانی ناوچەکەیان کردووە، موسڵیان بە ناچاری سالّی ١٧٢٥ز جێهێشت، الاب بهنام سوفي، فهرست مخطوطات الآباء الدومنيكان (دهوک: منشورات المركز الثقافي الاشوري/٢٠٠٥) ص٥.
١٣–الدكتور جميل موسي النجار، التعليم في العهد العثماني الاخير/١٨٦٩–١٩١٨، (بغداد/ دار الشؤون الثقافية/ ٢٠٠١ ص٢٥٤، للمزيد انظر: الاب د.بهنام سوني/ المصدر السابق/ص٥.
١٤– بهنام صبابة/ المصدر السابق/ ص ٣٥، ٤٣، ٥٢.
١٥– الدكتور جميل موسى النجار/المصدر السابق ص٢٧٧–٢٨٢.
١٦– هشام سوادي هاشم السوداني، العلاقات الامريكية العثمانية ١٩٠٨–١٩٢٠ دراسة تاريخية، اطروحة دكتوراة غير منشورة مقدمة الي مجلس كلية التربية في جامعة الموصل، ٢٠٠٢، ص٢٦–٣٤.
١٧– منير بكر التكريتي، مصدر سابق، ص ٤٨.
١٨– محمد علي القوزي، مصدر سابق، ص ٤٨.
١٩– منير بكر التكريتي، مصدر سابق، ص ٤٨.
٢٠– سهيل قاشا، مطبعة الاباء الدومنيكان بالموصل وتراثها الثقافي، مصدر سابق، ص٥٥.
٢١– المصدر السابق ، ص٥٥.
٢٢– سەرچاوەکان لە بارەی ڕێکەوتی دامەزراندنی چاپخانەکە کۆک نین، د.يوسف صبي دەڵێت لە / ١٨٥٦ دامەزراوە، النشر المسيحي في العراق/ ١٨٥٦–١٩٨٠، مجلة بين النهرين (بغداد العدد /٤٧ السنة الثانية عشر، ١٩٨٤) ص ١٤٠
٢٣– بهنام صابة–مصدر سابق – ص٨.
٢٤– ناوچەکە بە (ئەلساعە) ناسراو بوو، چونکە تاوەڕێکی سەعات لە ناوەڕاستیدا هەبوو، کە لەلایەن ئاباء دۆمنیکانەوە لە تەموزی /١٨٨٢، دامەزرابوو، ئەم سەعاتەش لە لایەن شاژنی فەڕەنسا (ئوجینا)ی خێزانی ناپلیۆنی سێیەم پێشکەش کراوە، وەک ڕێزلێنانێک بۆ لەناوبردنی برسیەتی و نەخۆشی تیفۆ لە موسڵدا، بهنام صبابه – مصدرسابق/١٥٦ص.
٢٥– د. يوسف حبي، النشر المسيحي في العراق، مجلة بين النهرين (بغداد).
٢٦– السنة السابعة عشر ، ١٩٨٩) ص٣٢.
٢٧– کیرلس بطراس دوقال (١٨٣٩–١٩٠٤)، قەشەیەکی دۆمنیکی فەڕەنسییە و مامۆستای زمانی سریانی بووە لە پەیمانگایەکی فەڕەنسی، بەڕێوبردنی چاپخانەی دۆمینیکی گرتە ئەستۆ، دواتریش بووە سەرۆکی قەشەکان لە عێراقدا، نزیکەی (٤٠) ساڵ لە موسڵدا ژیا، لە سالّی /١٨٩٥ رووی لە (بەیروت) کرد، وەک پەیامبەرێک دەستنیشان کرا، لە سالّی ١٩٠٤دا، کۆچی دوایی کردو لە مەزارگەی(سەیدە لوبنان حەریسە نێردرا، بهنام حبابه/ مصدر سابق /ص٦٦.
٢٨– مەتران ئەوجین فنا لە گوندی (باقوبا) نزیک موسڵ لە سالّی /١٨٦٧ لە دایک بووە، لاهوت و ڕێزمانی سریانی خوێندەوە، وەک مامۆستایەکی ئەم بابەتە لە پەیمانگەی – مار یوحنا– لە ساڵانی ١٨٩٥–١٩٠٢، دەستنیشان کرا، لەبەر چالاکییە ڕۆشنبیرییەکان، چاودێریکردنی تائیفەی کلدانی لە (وان) پێسپێرداوە، لە /١٩٠٢ بۆتە (مەتران)، لە (١٥)ی ئاداری ١٩٢٨، تەرمەکەی لە ڕووباری دیجلەدا نزیک شارۆچکەی (نەمرود) دۆزراوەتەوە. دانراوی بەنرخی هەیە، وەک (المروج النزهية في اداب اللغة الآرامية) بە دوو بەرگ /١٩٠١، دووبارە لە سالّی /١٩٧٧، چاپکراوەتەوە، هەروەها، (قاموس دليل الراغين فى لغة الآراميين) لە سالّی /١٩٠٠، لە موسڵ چاپکراوە، دووبارە لە (بەیروت) سالّی /١٩٧٥ بەچاپ گەیشتووە بە قاموسی (کلدانی – عەرەبی) ناسراوە، یەکێکە لە مەرجەعیە زمانەوانییە دەوڵەمەندەکان، جاندارک هوزايا، رموز ثقافتنا (بغداد: من إصدارات اتحاد الطلبة والشبيبة الكلدو آشوري ٢٠٠٣) ص ٤٢.
٢٩– بهنام عفاص، مصدر سابق، ص١٨.
٣٠– المصدر نفسه، ص ٦٠، ٧٥، ٨٤، ٩٥ .
٣١– روفائيل بطي، تاريخ الطباعة، مجلة لغة العرب (بغداد، السنة(٥)، ج(٩)، ١٩٢٧)ص٥٢٩.
٣٢– بهنام عفاص، مصدر سابق، ص١٨.
٣٣– يوسف حبي ، النشر المسيحي في العراق ، مجلة بين النهرين (بغداد، العدد ٦٨)

٣٤– مصدر سابق، ص ٣٤.
٣٥– يوسف حبي ، النشر المسيحي في العراق ١٨٥٦–١٩٨٠، مجلة بين النهرين (بغداد، العدد ٤٧، مصدر سابق، ص١٣٩.
٣٦– روفائيل بطرس ئەلمازجی، لە دیاربەکر لە ساڵی ١٨١٥دا لە دایکبووە، لە رەبەنایەتی ئەلعازری بووەتە ئەندام، سامانێکی زۆری لە مامییەوە بۆ بەجێماوە، بۆ پرۆژە خێرخوازییەکان و خزمەتگوزارییەکانی تائیفەکەی تەرخان کردووە، لەم بوارەدا پەیمانگەیەکی ئایینی و چاپخانەی کلدانی دامەزراندووە، لە ساڵی ١٨٦٦دا کۆچی دوایی کردووە، بطرس حداد، المطبعة الكلدانية في الموصل، مجلة بين النهرين (بغداد، العددان ٤٩–٥٠، السنة ١٣، ١٩٨٥) ص٤٤.
٣٧– یوسف ئودو. لە خێزانێکی ئەلقۆشی رەسەنە، هەر لە منداڵییەوە لە ساڵی ١٨١٤، چووەتە دێر (رەبان هورمز). بووەتە (کاهن) لە ساڵی /١٨٢٢، دواتر بووەتە قەشە لە موسڵ ساڵی /١٨٢٥، ئینجا بووەتە قەشەی ئامێدی، پەیمانگەی مار شەمعون سەفا)ی بەتریکی دامەزراندووە، لە دامەزراندنی بنکەی چاپ و بڵاوکردنەوەی کریستیانی بەشداربووە، لە (٢٩)ی ئاداری ساڵی ١٨٧٨ کۆچی دوایی کردووە و لە دێری (سەیدە) لە ئەلقۆش نێژراوە. یوسف حبي، كنيسة المشرق الكلدانية– الاشورية (بيروت: منشورات جامعة الروح القدس الكسليك، ٢٠٠١)..ص٧٠–٧٣.
٣٨– بطرس حداد، مصدر سابق، ص٤٤..
٣٩– روفائيل بطي، تاريخ الطباعة العراقية – المطبعة الكلدانية، مجلة لغة العرب (بغداد، الجزء ٥، السنة ٥، ١٩٢٧، ص٢٧١.
٤٠– بطرس حداد، المصدر سابق، ص ٤٤، ٤٧، ٥٠.
٤١– وائل النحاس، تاريخ الصحافة الموصلية ١٩٢٦–١٩٥٨ (رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة بغداد– كلية الاعلام، ١٩٨٨)ص٨.
٤٢– يشير الاب بطرس حداد الي اله قد يكون الاب جبرائيل قرياقوس، اذ كان في الموصل انذاک. مصدر سابق، ص٤٩.
٤٣– بطرس حداد، المصدر السابق، ص٤٩–٥٠.
٤٤– مێژوونووس و تۆێژەر و رۆژنامەنووس بووە، لەساڵی /١٨٨٦ دا لە موسڵ لە دایک بووەو، لە پەیمانگەی کریستیانی خوێندوویەتی، لە ساڵی /١٩٠٨ بۆتە(کاهن) و لە ساڵی ١٩٥٤ بۆتە (مەتران) لە موسڵ، چەندین کتێبی بڵاوکردۆتەوە، وەک لە مێژووی موسڵ) بە سێ بەش، هەروەها گۆڤاری (ئەلنەجم)ی لە ساڵی /١٩٢٨دا. دەرکردووە، بۆ ماوەی (١٥)ساڵ.
٤٥– يوسف حبي، النشر المسيحي في العراق، اصدر مجلة بين النهرين (بغداد، العدد ٤٧، ص١٤٠.
٤٦– یوسف ئیلیا یەعقوب ئال قلیتا، کەسایەتییەکی ناسراوە، لەنێوەندە رۆشنبیری و ئەدەبییەکانی سریانی، لە گوندی (مار یشوع) لەنزیک سنووری ئێران– تورکیادا لە ساڵی /١٨٧١، لەدایک بووە، ماموستا بووە لە قوتابخانەی پرۆتستانتی لە ئورمیا، هاوکاربووە لە وەرگێڕانی چەندین کتێب بە (سورپی)، قوتابخانەیەکی بۆ خوێندکار کردەوە، جاندراک هوزایا– مصدر سابق/ ص١٠.
٤٧– المنظمة الاثورية الديموقراطية، رجالات الامة الاشورية، مصدر سابق، ص٦٦.
٤٨–
٤٩– يوارش هيدو، القس يوسف قليتا ١٨٧١–١٩٥٢، مجلة الكاتب السرياني (بغداد، العدد ١، عدد خاص، ١٩٨٦) ص٤٨.
٥٠– وائل النحاس، مصدر سابق، ص١٢.
٥١– يوسف حبي ، النشر المسيحي في العراق ، مصدر سابق ، ص١٤١.
٥٢– بهنام حبابة، مصدر سابق، ص٦٦.
٥٣– يرد اسم المجلة في بعض المصادر خطا مثل (اكاليل الورود) او (اكليل الورد)، والصواب (اكليل الورود). انظر: ملحق (٤) صورة لغلاف العدد الاول مجلة اكليل الورود بالعربية. مجلة اكليل الورود، الاعداد الكاملة لطبعاتها الثلاثة.
٥٤– عبدالرزاق الحسني، مصدر سابق ، ص٢٩.
٥٥– مقابلة مع اكد مراد، مصدر سابق.
٥٦– مقارنة اجرتها الباحثة بين اعداد مختلفة من المجلة بطبعتيها السريانية و العربية.
٥٧– العدد الاول من المجلة بطبعاتها الثلاث.
٥٨– چەند سەرچاوەیەک، باسی چاپەکانی سریانی و فەرەنسییەکان نەکردووە، ساڵی وەستانی چاپی عەرەبییان لە ساڵی ١٩٠٩، وەک وەستانی گۆڤارەکە داناوە، لە کاتێکدا کە چاپە فەرەنسییەکە تا ساڵی /١٩١٠، بەردەوام بووە. لەم سەرچاوانە: عبدالرزاق الحسني، مصدر سابق/ ص٢٩، بهنام فضيل عفاص مصدر سابق/ ص١٨.
٥٩– ورد سهوا كانون الاول، سنة المجلة تبدأ من كانون الثاني ، و هذا يتضح من تاريخ صدور الاعداد الاول لسنواتها اللاحقة .

٦٠– مجلة اكليل الورود (الموصل، العدد الاول ، كانون الثاني ، ١٩٠٢) ص، ١، ٢، ٣.
٦١– مجلة اكليل الورود ، المصدر نفسه، ص ٦، ٧، ٨.
٦٢– انظر: ملحق (٤)، صورة للصفحات ١٢٦–١٢٧، من مجلة اكليل الورود، حزيران١٩٠٧.
٦٣– مجلة اكليل الورود، الاعداد الكاملة، للسنوات١٩٠٢–١٩٠٩.
٦٤– انظر : ملحق(٥)، صورة لغلاف العدد الاول من مجلة اكليل الورود– العربية.
٦٥– انظر: محق (٦)، صورة للغلاف الاول للعدد الاخير من مجلة اكليل الورود– العربية.
٦٦– انظر: ملحق(٧)، صورة للصفحات ٢٧–٢٨، من العدد الثالث من مجلة اكليل الورود– العربية، شباط١٩٠٣.
٦٧– انظر ملحق رقم (٨)، صورة للصفحات ١٨–١٩، من العدد الاول من مجلة اكليل الورود– العربية.
٦٨– هلال كبارا، اكليل الورود اول اصدار ديني في تاريخ الصحافة المسيحية ، مجلة نجم المشرق (بغداد، العدد٣٢، السنة الثامنة/٤، ٢٠٠٢)ص ٥١٤.
٦٩– مجلة اكليل الورود (الموصل، العدد الاخير، كانون الاول١٩٠٩) ص٢٦٧.
٧٠– هلال كبار، اكليل الورود النسخة الكلدانية ، مجلة نجم المشرق (بغداد، العدد٣٤، السنة التاسعة /٢، ٢٠٠٣) ص٢٣٨.
٧١– اكليل الورود بالسريانية (الموصل ، العدد الاول، اب، ١٩٠٤).
٧٢– اكليل الورود بالسريانية ، المصدر السابق.
٧٣– هلال كبارا، اكليل الورود النسخة الكلدانية، مصدر سابق، ص٢٣٩.
٧٤– انظر: ملحق (٩) صورة لغلاف العدد الاول من مجلة اكليل الورود– السريانية، ، اب ١٩٠٤.
٧٥– انظر: ملحق(١٠) صورة لصفحات داخلية من اكليل الورود السريانية، عدد مزدوج كانون الثاني وشباط ١٩٠٤.
٧٦– هلال كبار، اكليل الورود النسخة الكلدانية ، مصدر سابق، ص٢٤٥.
٧٧– انظر: ملحق (١١)صورة لغلاف العدد الاول من مجلة اكليل الورود الفرنسية، كانون الثاني ١٩٠٦.
٧٨– هلال كبارا، مجلة اكليل الورود النسخة الفرنسية، مجلة نجم المشرق (بغداد، العدد٤٣، السنة٣/١١، ٢٠٠٥) ص ٣٧٥.
٧٩– المصدر السابق ، ص٣٧٦.

هەولێرئامەی کتێب

ئاوڕێک لە رۆژنامەی

پێشکەوتن

(١٩٢٠-١٩٢٢)

د. دلێر ئەحمەد*

ئەم نووسینە بریتییە لە دەروازەی نامەی دکتۆراکەی د.دلێر ئەحمەد، کە بە ناوونیشانی (تەکنیک و ناوەرۆکی رۆژنامەی پێشکەوتن ١٩٢٠–١٩٢١)ە، کە لە زانکۆی سەلاحەددین، بەشی کوردی وەرگرتووە. «رۆژنامەنووس» وەک بابەتێکی کولتووری رۆژنامەنووسی، بەباشی زانی بڵاوی بکاتەوە.

ناساندنی رۆژنامەی پێشکەوتن

١- چۆنیەتی دەرچوونی: ئەم رۆژنامەیە هەفتەی جارێک لە شاری سلێمانی دەرچووە و چوار لاپەڕە بووە، بەڵام لە ژمارە (٩٤) تا (١١٢) بووە بە شەش لاپەڕە و دواتر لە ژمارە (١١٠) تا کۆتایی بۆتەوە بە چوار لاپەڕە، جگە لە ژمارەکانی (١١١، ١١٢)، کە شەش لاپەڕەن.

٢- سەرنووسەر و ستافی رۆژنامەکە: لە رۆژنامەکەدا هیچ ئاماژەیەک بە خاون ئیمتیاز و سەرنووسەر و دەستەی نووسەران نەکراوە، بەڵام دەتوانین بڵێین لەبەر ئەوەی (سۆن) خۆی چاپخانەی هێناوەتە سلێمانی و خۆی حاکمی شار بووە، ئاساییە هەر خۆشی خاوەن ئیمتیاز و سەرنووسەری رۆژنامەکە بوو بێت.

رۆژنامەکە دەستەی نووسەرانێکی دیاریکراویشی نییە، ئەوەندە نەبێت، کە نووسەران و رووناکبیرانی ئەوکاتەی شار بە بەردەوامی لە رۆژنامەکەدا بابەتیان نووسیوە.

ئـەوەی پەیوەندیشـی بـە سـتافی دەرهێنـان و پیتچنینیـش هەیـە، تەنیـا لە هەواڵێکـدا ئاماژە بۆ ئەوە کـراوە، کە یەکێک لە بەرپرسـانی رۆژنامەکە بە نـاوی (عەبدولمەجید ئەفەندی) بـۆ کڕینـی پیت و پێداویسـتی چاپخانە دەچێتـە بەغداد و لە نزیکترین کاتدا دەگەڕێتەوە. (پێشکەوتن، ژ.٨٦: ٤)

لە ژمارەکانی دواتریشدا چاومان بە شێوەیەکی نوێی پیت دەکەوێت، کە ناوونیشانەکانی پێنووسراوە و هەندێک جاریش بابەتەکانیشـی پێ نووسـراوە. هەر سـەبارەت بە پیتچنان و نەخشەسـازانی رۆژنامەکە د.کەمال باسی (شێخ مەجید شێخ عـارف و ئەدیب عەزیز و محەمەد زوهدی) دەکات. (ئەحمەد، ١٩٨٥: ١٥٤)


پێشکەوتن
هفتە جاریک دردەچیت
(روژ پێنجشەمە ٩ صفر ١٣٤٠ ٣ ئۆکتۆبر (١٩٢١)
(سال ٢ ژمارە ٧٧)
شرى الفطور
اندرەچیان

رۆژنامەی پێشکەوتن

بێگومـان نـاوی یەکەمیـان هەمـان ئـەو کەسـەیە، کـە لـە هەواڵەکـەی پێشـکەوتندا باسکراوە.

٢- پانتایـی بڵاوکردنـەوەی: مەبەسـت ئەو پانتاییـە جوگرافییەیـە، کـە رۆژنامەکـەی تیادا بڵاوکراوەتەوە و بەدەسـت خوێنەران گەیشـتووە. لـەم رووەوە رۆژنامەکـە سـەربارى ئـەوەی بایەخـی بـە هەواڵـی ناوچەکـە و جیهـان داوە، بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا وەک رۆژنامەیەکـی ناوچەیـی LOKAL دەمێنێتەوە، چونکە چوارچێوەی بڵاوکردنـەوەی لـە شـاری سـلێمانی و دەوروبەری تێپەڕی نەکردووە.

٣- لـە رووی ناوەرۆکـەوە: رۆژنامەکە ناوەرۆکێکـی گشـتی هەیـە (هـەواڵ، وتـار، شـیعر، چیـرۆک، ژیاننامە..هتد) بڵاوکردۆتەوە و ئەمـەش وای کردووە وابەسـتە نەبێـت بـە هەڵبژاردەیەکـی خەڵکەوە.

٤- ئاڕاستە یان سیاسەتی رۆژنامەکە: گەرچـی لـە گوێچکـەی لای راسـتی رۆژنامەکـەدا نووسـراوە (هەمـوو شـتێک بـۆ پێشـکەوتن دەنووسـرێ) کـە ئەمـە مانـای وایـە رۆژنامەکە لـە هەموو بیروبۆچوونێـک و بابەتێـک بڵاو دەکاتەوە، بـەڵام بەردەوام سیاسـەتی دەرکردنـی رۆژنامەکە دەردەکەوێـت، بە تایبەتی لەسـەر وتارەکانـدا کاتێـک باسـی چاکەکانـی ئینگلیـز و دەسـتکەوتەکانی دەکات و لەوێوە ئامانجە پڕوپاگەندەییەکەی رۆژنامەکە دەردەکەوێت.

٥- قـەوارەی دابەشـکردن و سیاسـەتی نووسـین: دەتوانین رۆژنامەکە بە رۆژنامەیەکی میللی ناو ببەین، چونکە نرخەکەی

هەرزان بووە، بە جۆرێکیش تیایدا نووسراوە، کە خەڵکی ئاست مامناوەند لە بابەتەکان بگات و ئەو بابەتانەی تیایدا بڵاوکراوەتەوە بۆ خەڵکی ئەوکاتی شار گرنگ بووە.

٦- قەوارەی رۆژنامەکە کاتێک چوار لاپەڕە بووە: ٣٣سم درێژی × ٢١سم پانی.

کاتێکیش بووە بە شەش لاپەڕە، قەوارەکەی بووە بە: ٣٢سم درێژی ×٢٠سم پانی (سامی، ١٩٩٨: ٨)

مێجەرسۆن و ئامانج لەدەرکردنی رۆژنامەی پێشکەوتن

ئینگلیز وەک هێزێکی زەبەلاحی براوەی دوای جەنگی یەکەمی جیهانیی باش درکی بەوە کردبوو، کە ئەو وڵاتانەی داگیری کردوون و پێشتر لەژێر دەستی عوسمانییەکاندا بوون، پێویستیان بە دەزگایەکی پڕوپاگەندە هەیە، تاکو دەسەڵاتی خۆیان لای خەڵکی جوان بکەن و کار لە خەڵک بکەن و بە لای خۆیاندا رایانکێشن. «ئینگلیز بۆ روونکردنەوەی پڕوپاگندەی سیاسی لە رۆژی داگیرکردنی بەسرەوە لە ٢١ی تشرینی دووەمی ١٩١٤ دەستی بەسەر هەر چوار چاپخانەکەی شارەکەدا گرت و بۆ مەبەستی بڵاوکراوەکانی خۆی بەکاری هێنان» (میسری، ٢٠٠٤: ٢٩)، (کەواتە ئامانج لە دەرکردنی رۆژنامەکان لە سەردەمی ئینگلیزدا پڕوپاگەندە بووە بۆ خۆی. لێرەدا جێی خۆیەتی پێناسەیەکی پڕوپاگەندە بکەین «پڕوپاگەندە بریتییە لە چالاکییەکی وتەیی یان کردەیی، چاپ کرابێت یان بوترێ، مەبەستی خەڵەتاندن و چەواشە کردن و هاندان بێت بە مەبەستی کارتێکردن لە رای بەرامبەر و راکێشانیان بەرەو ئەو ئاراستەیەی کە دەویستریێت» (طعمة، ١٩٨٤: ٢١٥)

ئاراستەکانی پڕوپاگندەی ئینگلیزەکانیش لە بەراوردی دەسەڵاتی عوسمانییەکان و ئینگلیزەکان، ئاراستەی ئایینی، ئاراستەی نەتەوەیی (زمان و ئەدەب) خۆی دەبینێتەوە. ئەم سێ ئاراستەیە بە ئاشکرا لەسەر لاپەڕەکانی رۆژنامەی پێشکەوتن و رۆژنامەکانی (بەسرا تایمس و بەغداد تایمس.. هتد)، خۆیان دەنوێنن.

رۆژنامەی پێشکەوتن وەک رۆژنامەیەکی ئاراستە کراو لە لایەن ئینگلیزەکانەوە، دەرکردنی لە لایەن شارەزاترین ئەفسەری ئینگلیزەکانەوە بووە، کە ئەویش (مێجەرسۆن)ە، ئەم ئەفسەرە شارەزاییەکی زۆری لە کوردستان و زمانی کوردی و ژیانی کورددا هەبووە، هەربۆیە «ئینگلیزەکان راستەوخۆ دوای داگیرکردنی بەغدا دەستیان کرد بە ناردنی چەند ئەفسەرێکی شارەزا و لێهاتوو بۆ کوردستان بە تایبەتی ئەوانەی پێشتر لە پێش جەنگدا لە کوردستاندا ژیابوون، ئەمەش بە مەبەستی دروستکردنی پەیوەندی راستەوخۆ لەگەڵ کورددا و بە شێوەیەکی تایبەتیتر لەگەڵ سەرۆک هۆزەکاندا وەکو سەرەتایەک بۆ داگیرکردنی ئەو ناوچانە، جا (سۆن) یەکێک بوو لەو ئەفسەرانەی، کە پێشتر چەند جارێک سەردانی کوردستانی کردبوو» (ئەحمەد، ١٩٨٥ : ١٨٦).

(مێجر سۆن) کورد‌ییەکی باشی زانیوە و زۆر باش لە سروشتی کۆمەڵی کوردی تێگەیشتووە، چونکە پێشتر لە بەرگی بازرگانێکدا لە کوردستاندا ژیانی بەسەر بردووە.

بەم شێوەیە (سۆن) لە دوای ئەوەی بوو بە حاکمی سیاسی سلێمانی، ئیتر هەموو هەوڵ و تەقەلای خۆی خستەکار بۆ راکێشانی کورد بە لای ئینگلیزدا و بۆ ئەم مەبەستەش چاپخانەیەکی هێنایە سلێمانی و بۆ یەکەم جار لە مێژووی ئەو شارەدا رۆژنامەیەکی بە ناوی (پێشکەوتن) دەرکرد و دەیویست لەم رێگایەوە سەرنجی کورد بۆ لای ئینگلیز راکێشێت.

ئەوەبوو «سۆن بۆ رواڵەت و پڕوپاگندەکردن بۆ خۆی و عەدالەتی خۆی و مەبەستی بەریتانیا بەرامبەر بە کورد. بۆ ئەوەش لەوانەی بگەیەنن، کە پەیمانی ئاشتییان مۆر کردبوو، بۆ ئەوەی لە عوسبەتولئومەم بگەیەنن، کە کوردیش لە

میزۆپۆتامیادا وەکو نـەتـەوەیەک مافی خۆی دراوەتێ. بـۆ ئـەو مەبەستە (مێجەرسۆن) بە پەلە چاپخانەیەکی نیوداشـی هێنا و دەسـتی کـرد بـە دەرکردنی رۆژنامەی پێشـکەوتن» (هاوار، ١٩٩٩ : ٣٢٤).

ئەڵبەتە تەرخانکردنی (سۆن) بۆ حاکمیەتی سلێمانی و دەرکردنی رۆژنامەیەک لەو شارەدا مانـای ئەوە دەگەیەنێت، کە ئـەو ناوچەیە بە لای ئینگلیزەکانـەوە زۆر مەبەسـت بـووە و ویستویانە بەهەر شێوەیەک بێت، خەڵکەکەی بە لای خۆیاندا راکێشن، چونکە «بارودۆخی ئـەو ناوچەیە لـە دوای راپەڕینەکەی (شـێخ مەحمـوود)، ئینگلیزەکان دەیانویسـت ئارامی بکەنەوە و رای گشتی دانیشتوانەکەی بە لای خۆیدا راکێشـێت و زەمینەی بەسـتنەوەی لە رووی سیاسی و ئابووری، بەڕێوەبەرایەتییەوە بە بەغـدای پایتەختی عێراقەوە خۆش بکات» (ئەمین، ٢٠٠٢: ٥٤).

بەم جـۆرە رۆژنامەی پێشـکەوتن یەکەم ژمارەی لـە (١٩٢٠/٤/٢٩)دا بـە چوار لاپەڕە بڵاوکرایـەوە، کـە چـاو بـە لاپەڕەکانی ئەم رۆژنامەیەدا دەخشـێنین، بە چەند شێوەیەک خـۆی دەنوێنێت» لە لایەک راسـتەوخۆ لەو سـەروتار و وتارانـەدا دەردەکـەون، کـە لە رۆژنامەکەدا نووسراون و بە ئاشکرا ستایشی ئینگلیز دەکات، بۆ نموونە:

لە سـەروتاری ژمارە (١)دا بـە ناوی (لە هەمـوو ماکینەیـەک باشـتر ماکینـەی چاپە) ستایشـی ئینگلیزەکان دەکات، بـەوەی کە لە سایەی حکومەتی ئینگلیزەوە کورد گەیشتووە بەوەی کـە دەیەوێـت و حکومـەت یارمەتی کـورد دەدات بۆ ئەوەی بەرەو پێش بڕوات و هێند زیادەڕۆیی دەکات، کە گوایە دەتوانین لە سایەی ئینگلیزەوە بە باڵ بفڕن:

«ئێمـە بەوەی کـە ئەمان ویسـت ئەمڕۆ پێی گەیشـتین خـوا لەم حکومـەت و حاکمە بەزیادکا» .

یان:

«ئەنجا ئێمەش وەختمانە، کە هەنگاوی زل بهاوێن، چونکە لە پانایی پێشـکەوتندا زۆر لە دواوەین حکومەت ئەمـڕۆ وامان باڵ دەگرێ کە بتوانین بە باڵیش بفڕین» (پێشکەوتن، ژ.١ :١).

«ئێسـتا حکومەت بۆ ئێمە مەکتەبی داناوە بۆ ئاواکردنی شـارەکەمان زۆر زۆر خەریک دەبێ» (پێشکەوتن، ژ-٣ :٢).

(دەبـێ زۆر پـێ خۆش بین کـە دەوڵەتی فەخیمـەی بەریتانیـا بـە کوردسـتانی ئێمـە ئیمتیـازی داوە نووسـین و خوێندنـەوە و موعامەلاتی ڕەسمیمان بە زبانی خۆمان بێ» (پێشکەوتن، ژ.١٠ :١).

ئەمانـە و چەندیـن نموونـەی تریـش کە بە ئاشـکرا دەیەوێت کورد بـە لای ئینگلیزدا راکێشن و سیاسەتەکەی جوان بکەن.

شێوەیەکی تری پڕوپاگندە لە رۆژنامەکەدا شـێوازی نوکتـە و گاڵتـە پێکردنـە بـە دوژمنانـی ئینگلیـز وەک (تـورک و ئەڵمان و بەلشـەفیکییەکان)، ئەمەش لەو وتە کورتانەدا دەردەکەوێت کە بە ناوی (قسـەی پڕوپووچ) یـان (قلی و بلی). لەم جۆرە پڕوپاگندەیەدا بە گاڵتەجاڕییەوە باسـی نەیارانی ئینگلیز کراوە و تانەیان ئاراستەکراوە، وەک:

«ئەڵمان دەسـتی کردۆتەوە بەشـەڕ ـ بە کچێنی هیچی پێ نەکرا ئەمجا بە بێوەژنی».

«سـەرکردەی بەلشـەویک هاتۆتە وێڵدەر ـ بەکـۆلاری فێربن چووین دیمـان هەردوو گوێی لەق بوو».

«بەلشـەویک هاتۆتە پالانیا ـ قسەی قۆڕ خۆ بە تورکی پاڵان کۆپانە».

«ژنـێ دە مێـردی هەیـە – بە شـەرعی بەلەشەویک وایە».

«مسـتەفا کەمـال کـەر دەرچـوو – لـە کەرەکانی ئێمەش کەرتر» (پێشـکەوتن، ژ.١: ٣).

پروپاگندەکـردن لـە پێشـکەوتندا لایەنی بەراوردیش دەگرێتـەوە، واتە بەراوردکردنی پیشاندانی توانای ئینگلیز لەو گۆڕانکارییانەی کە کردوونی لەو وڵاتانەی کە داگیری کردوون وەک هیندستان و ئەمریکا، بۆ نموونە:

«هندسـتان لە هەموو میللەتێ وەحشـیتر بـوون هیـچ حکومەتـێ نەیتوانـی ئیدارەیان بـکات، بەعزێ حکومـەت چـووە ناویان، کە

ئیدارەیان بکەن پێیان نەکرا و بە پەلە بچڕکی خۆیان نەجاتدا، دیسان حکومەتی موعەزەمەی ئینگلتەرە بە عیلم و سنعەت و مەعریفەتی خۆی هندستانیان لە حاڵی وەحشیەتی هێنایانە حاڵی مەدەنی» (پێشکەوتن، ژ.١٢: ٢).

لەهەمان ژمارەدا لە وتارێکدا بە ناوونیشانی (بۆچی دواکەوتوین) لە پەرەگرافێکدا ئاماژە بەوە دەکات، کە ئەمەریکا پێش ئەوەی ئینگلیز بچێتە ناوی وەحشی بوون و بە سایەی ئینگلیزەوە ژیانی شارستانی فێربوون «وەختێ حکومەتی ئینگلترا بەو جێگایانەدا بڵاوبووەوە ئەو وەحشیە سوورانەی قەنەدا و ئەمریکا ئەگەر یەکێ لەم روو سپییانەی ئەوروپای بەردەست بکەوتایە، وەکو گا لرفی ئەهێنا و وەکو حەلوا قوتی ئەدا. ئەوەندە وەحشی و هیچ نەدیو بوون تەزبیحی ئێسقان و لاقە بارگیریان ئەکردە ملیان، ئەم حکومەتە هێواش هێواش لەگەڵیان خەریک بوو» (پێشکەوتن، ژ١٢: ٢)

لەمەوە دەردەکەوێت، کە رۆژنامەکە چەند لە هەوڵی ئەوەدا بووە سەرنجی کورد بۆ لای بەریتانیا راکێشێت و وای پێنیشان بدات، کە کورد دەتوانێت لە سایەی دەسەڵات و زانستی ئینگلیزەوە لە قاوغی دواکەوتویی بێتە دەرێ و وەکو وڵاتانی هیند و ئەمریکا پێشبکەوێت و بە مافەکانی خۆی بگات.

پروپاگندەکردن لە شێوەی دیکەشدا خۆی دەبینێتەوە، کە ئەویش لایەنی زمانە:

لە دووتوێی لاپەڕەکانی پێشکەوتندا چەندین وتار لەسەر زمانی کوردی بەرچاودەکەون، ئەو وتارانە باس لە گەشەپێدانی زمانی کوردی و بێ ئاست نەبوونی زمانی کوردی دەکەن. لە لایەکی دیکەشەوە رۆژنامەکە هەوڵی ئەوەی دەدا بەرەو بە زمان و نووسینی کوردی بدات و ئەو پێشبڕکێیەی کە (مێجەرسۆن) لە ژمارە(٢٧)دا بانگەشەی بۆ دەکات بۆ باشتر نووسینی کوردی بەڵگەی ئەوەیە و خەڵاتیشی بۆ داناوە.

لە ژمارە(٣٠)دا ئاماژە بەوە کراوە، کە (١١) نووسین بۆ پێشکەوتن نێردراوە و لە ناو ئەوانەدا سێیانیان باشترینیان بووە و ئەو سێ بابەتە پلەی یەکەم و دووەم و سێیەمیان وەرگرتووە و بڵاوکراونەتەوە. بابەتەکانیش ئەوەی پلەی یەکەمی بەدەست هێناوە، شیعرێکی (شێخ نووری)یە، بە ناوی (جووت و گا شتێکی چاکە)، (زەکی سائیب)یش بە پەخشانی (بۆ چڕوک) پلەی دووەم و (محەمەد جەمیل) بە چیرۆکی (رۆژەوەبوونێک) پلەی سێیەمی بەدەستهێناوە.

ئەم بایەخ پێدانەی رۆژنامەکە بە زمان و ئەدەب هاندەرێکی بەرچاو بوو بۆ کۆبوونەوەی چەندین شاعیر و نووسەری ئەودەمی شاری سلێمانی لە دەوری رۆژنامەکە و بەرهەمی شیعر و پەخشان و بۆچوونەکانیان بڵاو دەکردەوە. کەواتە بە شێوەیەک لە شێوەکان لەم رێگایەوە رۆژنامەکە توانیویەتی کار لە نووسەران بکات و بەرەو لای رۆژنامەکە بێن «رۆژنامەکە هەوڵی دا پشتگیری خەڵک بەدەست بهێنێ، لەو پێناوەشدا چینی رۆشنبیرانی لە خۆی نزیک خستەوە، ئەوانەی بەدەنگیەوە هاتن بۆ کارکردن لە پێناو بڵاوکردنەوەی خوێندن و ئەنجامدانی ئەو کارانەی لە بەرژەوەندی گشتیدان و هەوڵێکن بۆ بەرەوپێشبردن و بووژانەوەی زمان و رۆشنبیری کوردی» (عومەر، ٢٠٠١: ٨٤)

بۆیە دەبینین رۆشنبیران و نووسەرانی سلێمانی بە نووسینەکانیان لاپەڕەکانی رۆژنامەکەیان دەوڵەمەند کرد، بەڵام نەک بە پیاهەڵدانی ئینگلیز، بەڵکو بە بڵاوکردنەوەی شیعر بە هەموو مەبەستەکانییەوە و وتار لەسەر زمان و لایەنی کۆمەڵایەتی. لە لایەکی دیکەشەوە رۆژنامەکە بۆ پڕوپاگندەکردن بۆ خۆی بایەخێکی تایبەتی دا بە مێژووی کورد، ئەویش بە وەرگێڕانی شەڕەفنامەی شەرەفخانی بەدلیسی و بڵاوکردنەوەی بە زنجیرە لە رۆژنامەکەدا، کە ئەمە بۆ یەکەم جار لە بڵاوکراوەیەکی وادا کتێبێکی مێژوویی وا گرنگ بە دیدی خوێنەری ئەوکاتی کورد ئاشنا بکرێت، یان وەرگێڕانی (گەشتەکەی ریچ) بۆ کوردستان. هەموو ئەمانە لە پێناوی زیاتر راکێشانی خەڵک بوو تاکو وا لە خەڵک بگەیەنن، کە ئینگلیز بایەخ بە هەموو لایەنەکانی

کورد دەدات.

لایەنێکی دیکەی پڕوپاگندەی رۆژنامەی پێشکەوتن و مێجەرسۆن خۆی لە پرسە ئایینییەکاندا دەبینێتەوە، چونکە ئەوان باش دەیانزانی کورد زۆر بە باشی ئایینی ئیسلامی وەرگرتووە و بەهاکانی ئیسلام لایان پیرۆزە، بۆیە لەم لایەنەوە شتێکی وایان نەکردووە، کە خەڵکی هەستی ئایینییان لە دژی ئینگلیز بوروژێت، ئەم سیاسەتەشیان لە رۆژنامەکانی دیکەی عێراقدا پەیڕەو کردووە. لە ژمارە (١)ی رۆژنامەکەوە ئەم سیاسەتە پەیڕەو کراوە هەر لەو ژمارەیەدا ئاماژە بە چاککردنەوەی (خانەقای مەولانا خالیدی نەقشبەندی) دەکات، کە حکومەت بە هاوکاری خەڵکانی دیکە چاکی کردۆتەوە و ئەوە بەبیر خەڵک دێنێتەوە کە لە سەردەمی تورکەکاندا گەرچی ئەوان موسوڵمانیش بوون، بەڵام هیچ گرنگییەکیان بە شوێنە پیرۆزەکان نەداوە، کەچی ئینگلیز وێڕای ئەوەی کە مەسیحین رێزی پیرۆزییەکانی موسوڵمانان دەگرن «خانەقا لەوەختی تورکەکان کرابوو بە جێگای نەخۆش لەبەر ئەمە چاودێری نەدەکرا حەموی بەسەر یەکا ڕوخابوو، ئەمسااڵ خەریکی چاکردنەوەین. حکومەتیش بۆ ئەم ئیشە چاکە یاریەدەدا. هەچ ئیش و کارێکی گرانیان بێتە ڕێ بۆیان سووک دەکات». (پێشکەوتن، ژ.١: ٤)

خاڵێکی گرنگ لەم تەوەردا، کە لە ژمارەکانی (٢٥، ٣١، ٣٨)دا دەردەکەوێت، ئەویش باسکردنی (سۆن)ە لە چەند پرسێکی ئایینی وەک (قومار، غوسل دەرکردن، تەاڵق)، کە ئەم پرسانە وەک سێ پرسیار ئاراستەی زانایانی ئایینی شاری سلێمانی کردۆتەوە. بۆ نموونە، لە ژمارە (٢٥)دا مێجەرسۆن دیاردەی قومار لە چایخانەکانی شاردا دەخاتە بەردەم مەلا و زانایانی ئایینی شارەوە، لەم پرسەشیدا پشت بە چەند ئایەتێکی قورئانی پیرۆز دەبەستێت. سۆن لەم باسەیدا بە تەواوەتی دەیەوێت ئەوە پیشانی کورد و مەلاکان بدات، کە چەند ئاگای لە قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەرە (د.خ). «دوو رۆژ لەمەوبەر بە ئوتومبیل رابووردم. تەماشام کرد دوو کەس دانیشتون ئەسکیل یاری دەکەن چای چیەکەم بانگ کرد وتم ئەمە چی دەکەن؟ وتی ئەفندم ئەمە قومار نیە لەسەر دو پیاڵە چای وادەکەن لەکن خۆی وای دەزانی کە جوابێکی چاکی داومەوە، بەڵام من قسەیەکی کەم هەیە، دەڵێم ئەم یاریانە لەسەر پارە یا چای بێ یاخو لەسەر هچ شتیکی تر بێت قوماره فەرقێکیان لە نێواندا نیە لە قورئانی مجیددا بێژراوە [یسألونک عن الخمر والمیسر....]. (پێشکەوتن، ژ.٢٥: ٢).

لە ژمارە (٣٠)دا مێجەرسۆن لە هەواڵێکدا لەسەر سێ تەوەر یاری دەکات و خەڵکی بۆ لای لایەنی تەندروستی و ئایینی و کۆمەاڵیەتی رادەکێشێت، کاتێک هەواڵی ئەوە باڵودەکاتەوە، کە (شوێنی لەش فرۆشەکان) دادەخات، ئەم دیاردەیەی کە بەاڵی کوردەوە دیاردەیەکی دزێوە و نادروستە و لە ڕووی ئایینی و کۆمەاڵیەتییەوە بێزراوە. داخستنی ئەم شوێنە مێجەرسۆن دەیکات بە چاکەیەک بۆخۆی «حاکم لای باش نەبوو کە لە کوردستاندا بە تایبەتی لە سلێمانیدا جێگایەکی وا ببێ کە لە شارانی تریش بڵێن وا سلێمانی و کوردستانیش وەک ئێمە جێگای ئەوانە بە تایبەتی دانراوە»

لە ڕووی تەندروستییەوە خراپی ئەم کارانە بەم جۆرە خراوەتە ڕوو «تا ئێستاکە بێ ڕووەکان جێگایەکی تایبەتیان هەبوو لەبەر ئەمەبوو کە لە هەموو ڕووەوە دیارە نەخوشی چەپەڵ و ناشرین زیاتر لەم کردە بێ جێیەوە بااڵو دەبێتەوە»

لە ڕووی ئایینیشەوە ئاوا رای خۆی دەردەبڕێت «ئەوانەی کە لە ڕێگای خراپەوە دەڕۆن بیرێکی ئەو دنیا و ئاگری جەهەنم و ڕقی خوا ئەبێ بکەنەوە. ئەم پێنج شەش ڕۆژی دنیایە بە پیسی و چەپەڵی ڕانەبوێرێت و ناو نەزرێت. ئەم لەشە پاک و باشە بە هیچ و پوچ بە خۆڕایی بەو نەخۆشییە خراپانە لەناو نەبرێت چاکە». (پێشکەوتن، ژ ٣٠ :١)

ئێستا پرسیار ئەوەیە، ئایا مێجەرسۆن لە ڕێی ئەم ڕۆژنامەیەوە ئامانجەکەی خۆی

پێکاوە؟ ئایا توانی بەو کارانەی بە تەواوەتی ســەرنجی کورد بە لای ئینگلیزدا راکێشێت؟

لەگــەڵ بوونــی ئەو رایــەی، کــە دەچێتە خانــەی تیۆری بایەلۆجی-میکانیکــی لە پەیامی راگەیاندنــدا، کە دەڵێت «هیچ کارێــک نییــە کاردانەوەیەکــی هەنووکەیــی و راســتەوخۆی بــەدوادا نەیــەت، لەبەر ئەوە هیــچ پەیامێکــی راگەیاندن نییە، گــەر وەڵامدانەوەیەکی دیاریکراو لــە لای جەماوەری وەرگر نەوروژێت» (الدروبي، ٢٠٠٦ :٥٥)

مەلیکی کوردستان
(شێخ مەحموودی حەفید)

بــەڵام ئایا ئــەو کاردانەوەیەی رۆژنامەی پێشــکەوتن لــە خەڵکــی کــرد، چــۆن بــوو؟ رۆژنامەکە بۆ خەڵک بوو بە شێوەیەکی گشتی لــە هەمان کاتیشــدا دەروازەیەکی باشــیش بوو بۆ توێژی نووسەران و شاعیران، تاکو بابەتەکانــی خۆیان تیایدا بڵاوبکەنەوە. بۆیە دەبینیــن ژمارەیەکی دیاری نووســەران و شــاعیرانی ئەو کاتی شــاری ســلێمانی لە دەوری رۆژنامەکە کۆبوونەوە و نووسین و هۆنراوەکانیــان بڵاودەکــردەوە، بــەڵام نووســین و هۆنراوەکانیــان لــە خزمەتی سیاســەتی ئینگلیــز و پێداهەڵــدان نەبوو بــە ئینگلیــز، بەڵکــو هەموو رۆشــنبیران لــە هەوڵــی ئەوەدابوون، کــە رۆژنامەکە ببێتــە بڵندگۆیەک بۆ هۆشــیارکردنەوەی کورد لەو بــارە نالەبارەی کــە تیایدایە، ناوەرۆکــی شــیعرەکان و وتــارەکان ئــەو راســتیە دەردەخــەن «ژمارەکانی پێشکەوتن ژمارەیەکی باشی لە شاعیر و نووسەر و لاوانی موتەنەوری لەخۆی کۆکردەوە، ئەوانەی ئەو خزمەتەیان بۆ مەبەستی بەرپاکردنی بزووتنەوەیەکــی رووناکبیــری لــە ســلێمانی و ناوچەکەدا بە باشــی دەزانی و تەنیا پەرۆشی زانســت و رۆشنبیری بوون و وەک بیری سیاســی لەگــەڵ تورک و سیاســەتی ئینگلیزدا نەبوون». (میسری، ٢٠٠٤ : ٣١)

کەواتە رۆژنامەکە توانی کار لە خەڵک بکات، بەڵام نەک بەو شــێوەیەی کە مێجەرسۆن دەیویســت، بەڵکو بە ئاراستەیەکی دیکــەدا، کە ئەویــش ئاراســتەیەکی نەتەوەیی بــوو. د.کەمال مەزهەر دەڵێت «مێجەرســۆن نە بە رۆژنامەی پێشــکەوتن و نــە بــە هیچ کارێکــی تری نەیتوانــی گەلی کــورد فریو بدات، نیشــتمانپەروەرانی کوردســتان ســەریان بــۆ ئینگلیز شــۆڕ نەکرد و ســووربوون لەســەر ئەوەی داگیرکــەر ناچار بکەن رێگەبدات شێخی پێشەوا لە هەندەران لە دورگەی ئەندامانەوە

بگەڕێنێتەوە خاکی نیشتمان». (ئەحمەد، ١٩٧٨: ١٥٥)

بەڵام نابێت ئەوەش لەبیر بکەین، کە مێجەرسۆن لە ڕێی هێنانی چاپخانە بۆ شاری سلێمانی و دەرکردنی یەکەم ڕۆژنامە بە هەر مەبەستێک بووبێت خاڵێکی گرنگە و نابێت هەروەکو لایەنە پروپاگندەییەکەی وەری بگرین، چونکە پێش (پێشکەوتن) لە شاری سلێمانیدا ئەزموونی ڕۆژنامەگەری نەبووە، لە دوای ئەم ڕۆژنامەیەوە ڕۆژنامەی دیکە پەیدابوو، کە لەسەر هەمان شێوەی ڕۆژنامەی پێشکەوتن بوو، لە لایەکی دیکەشەوە چاو بە لاپەڕەکانی ڕۆژنامەکەدا دەخشێنین، زۆر دەنگوباسی ئەو سەردەمەی کوردستان و ناوچەکە و جیهانی لە خۆیدا کۆکردۆتەوە و بۆ خۆی وەکو سەرچاوەیەکی مێژوویی بە نرخ دەمێنێتەوە «پێشکەوتن سەرباری ئەوەی تۆمارێکی گرنگی ڕووداوەکانی ئەو سەردەمەی کوردستان و عێراقە، ئەتوانین بڵێین ئەم ڕۆژنامەیە بوو، کە بەردی بناغەی قوتابخانەی سلێمانی لە ڕۆژنامەوانی کوردیدا دانا» (ئەمین، ٢٠٠٢ : ١٢٩).



ناوی ڕۆژنامەکە

لەگەڵ ئامادەکاری بۆ دەرکردنی هەر ڕۆژنامەیەک، بیریش لە دانانی ناوێکی گونجاو دەکرێتەوە، کە لەلای خوێنەر و خەڵکیەوە پێی بناسرێتەوە و ببێت بە بەشێک لە کەسایەتی ڕۆژنامەکە، (ناوی ڕۆژنامە مولکی یاسایی ئەو ڕۆژنامەیە و نابێت دووبارەی ناوێکی تر بێت، لەهەمان کاتیشدا دەبێت سادە و ڕوون بێت و گوزارشت لە مەبەست و ئامانجی ڕۆژنامەکە بکات» (صالح، ٢٠٠٤:١٩٤).

لە هەڵبژاردنی ناو بۆ ڕۆژنامە، دەبێت ڕەچاوی هەردوو لایەنی بینین و بیستنی خوێنەر بکرێت و تا دەکرێت کورت و سادەبێت باشترە، تاکو لای خوێنەر بە ئاسانی وەربگیرێت و سەرنجی ڕاکێشێت «هەڵبژاردنی ناوی هەر چاپکراوێک دەبێت خاوەنی چەند تایبەتمەندییەک بێت، لەوانەش: ئاسانی گوزارشتکردن لە ناوەڕۆک، کە ئاماژەیەکی دیاریکراوی لای خوێنەر هەیە کە بۆی ئاراستە کراوە، هەروەها جۆری ئەو فۆنتەش کە ناوەکەی پێ نووسراوە» (متولی، ٢٠٠٦ : ١٨).

گـەر چاوێک بـە رۆژنامەگـەری کوردیدا بخشێنین، تا رۆژنامەی پێشکەوتن و دواتریش تێبینی ناوەکانی هەریەک لەو رۆژنامانە بکەین، دەبینین دوورن لە کرۆکی راگەیاندنیەوە.

ناوەکانی (کوردستان، رۆژی کورد، کورد تەعـاوەن و تەرەقـی غەزەتەسـی، یەکبـون، بانگـی کـورد، ژین) بـۆ خۆیـان ئاماژەیەکی سـۆزی نیشـتمانی و نەتەوەییان پێوە دیارە و گوزارشـتێکی قۆناغـی رۆژنامەکەیـە. رۆشـنبیرانی کـورد لـە رێـی ناوەکانی ئەو رۆژنامانەوە گوزارشـتیان لـە هیوا و دەنگی کورد کردووە و لە رووی دوژمندا وەستاون، واتـە بە پلەی یەکەم ناوی رۆژنامەی کوردی لەو قۆناغەدا (پێش پێشکەوتن) زیاتر لایەنێکی شۆڕشگێڕی و نیشتمانی پێوە دیار بووە.

لەسـاڵی (١٩١٨)ەوە رووبەڕووی ناوێکی تـازە دەبینـەوە لـە رۆژنامەگـەری کوردیدا ئەویـش دەرکردنـی رۆژنامەی (تێگەیشـتنی راستی)یە لە بەغدا لە لایەن ئینگلیزەکانەوە. ئەم ناوە دووەم لە هەموو کرۆکێکی شۆڕشگێڕی و کوردایەتی، لێرە ئینگلیزەکان دەیانویست لە رێی ئەم رۆژنامەیەوە پڕوپاگندەکانی خۆیان بڵاوبکەنەوە و بەحیسابی خۆیان راستییەکان بگەیەننە خەڵکی. هەرچەندە لە ژمارەی یەکەمی رۆژنامەکەدا ئەوە خراوەتە روو، کە ئاراستەی رۆژنامەکـە لە پێنـاوی خزمەتکردنـی گەلی کورددا دەبێت، «تێگەیشـتنی راستی خزمەتی یـەک بـوون و سەربەسـتی و سـەرکەوتنی کـوردان ئەکا. ئەمڕۆ هەمـوو ئەقوامی عالەم خەریکی بەجێهێنانی ئـەم ئومێدە موبارەکەن و لەپاش کۆششـێکی پیاوانەیی پێی گەیشتن. هـەر فکرێ کە بـە تەرازووی عیلـم و عەقڵ نەپێورابێ عەرزی ناکەین، هەر ئیشـێ کە بە تاقیکردنەوە چـاک دەرنەچووبێ کردنی رەوا نابینین» (تێگەشتنی راستی، ژ.١ :١).

کاتێـک ناوی تێگەیشـتنی راسـتی بۆ ئەم رۆژنامەیە دانراوە مەبەستێکی تیادا هەبووە، چونکـە «لە رۆژنامەکـەدا هەندێکجار وتاری کـورت یـان هەوالّـی کـورت لەژێـر نـاوی تێگەیشتنی راستی بڵاودەکرایەوە هەموویشی بریتـی بـوو لـە قسـەکردن لەسـەر چاکە و سەرکەوتنی ئینگلیز». (ئەمین، ٢٠٠٦ :٣٨).

چاوخشـاندنێکیش بـە ژمارەکانـی رۆژنامەکـەدا ئـەو راسـتیە دەردەخـات، کە رۆژنامەیەکی ئاراسـتەکراو بووە بۆ خسـتنە رووی سیاسەتەکانی ئینگلیز.

دوای ئـەوەی (مێجەرسـۆن) چاپخانـەی هێنایـە سـلێمانی بۆ یەکەم جـار لە مێژووی ئەو شـارەدا رۆژنامەیەکـی دەرکرد بە ناوی (پێشکەوتن) لەسەر ناوونیشانی ئەم رۆژنامەیە ناوی (سلێمانی) دەبینرێت، ئەمە وای کردووە رای وا هەبێـت، کـە بڵێـت (رۆژنامەکە ناوی (پێشـکەوتنی سـلێمانی) بوو بێت). (الحسنی، ١٩٧٥: ١٥)

رای واش هەیە کە پێی وایە (رۆژنامەکە بە تەنیا ناوی پێشکەوتن بووبێت و بوونی ناوی سـلێمانی ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە لە سـلێمانی دەردەچێت). (حسێن،٢٠٠١: ٢٠١).

ئێمـەش هەمـان رامـان هەیە سـەبارەت بـەوەی کـە رۆژنامەکـە ناوی (پێشـکەوتن) بووبێت و ناوی سلێمانی تەنیا ئاماژەیەکە بۆ شوێنی دەرچوونی.

(مێجەر سۆن) لە خۆوە نەبوو کە ئەم ناوەی بۆ ئەو رۆژنامەیە هەڵبژارد، هەڵبژاردنی ناوی (پێشـکەوتن) بۆ رۆژنامەکە چەند ئاماژەیەک لە خۆ دەگرێت. پێش هەموو شـت سەرباری ئەوەی ناوەکە ئاسـانە و بە زووییە لە زەینی خوێنەردا چەسپ دەبێت، وشەی (پێشکەوتن) ئاماژەی بەرەو پێشـچوون و گەشـەکردن و گۆڕان و چاکسازی دەدات، ئەمەش بە ئاشکرا لـە بابەتەکانـی رۆژنامەکـەدا دەردەکەوێت. سـەروتارەکانی ژمارەکانـی سـەرتایی رۆژنامەکە بە زۆری باس لە بەرەوپێشچوون دەکەن لەسەرجەم بوارەکانی ژیاندا (ئابووری، پیشەسـازی، کۆمەڵایەتـی، خوێنـدن) بـە واتایەکی دیکە رۆژنامەکە ویستوویەتی گۆڕان لەنـاو کۆمەڵی ئەوکاتی سـلێمانیدا دروسـت بکات و لەو تەوەرانەدا وتاری بڵاوکردۆتەوە تەنانەت شاعیرانیش بە دەرکردنی رۆژنامەکە خۆشـحاڵی خۆیـان دەربڕیـوە و وایـان ڕوانیوەتـە رۆژنامەکە کـە هۆکارێک بێت بۆ هاندانی خەڵک بۆ گۆڕانکاری.

لەپێشکەوتندا چەند وتار هەیە، کە ئاماژە بۆ پێشکەوتن و هاندانی خەڵک دەدەن کە دەستبەرداری نەریتە کۆنەکان ببن و بەرەو پێش بڕۆن. بۆ نموونە، لە وتارێکدا لەسەر (خوێندن) نووسەری وتارەکە دەیەوێت خەڵک هانبدات بەوەی کە خوێندن لە حوجرەدا بەسەرچووە و ئیتر ئەم جۆرە خوێندنە لەم جۆرە شوێنانە نابنە هۆی پێشکەوتن و گەشەکردنی کۆمەڵ، بۆیە داوا دەکات کە بایەخ بە خوێندنی قوتابخانە بدرێت، چونکە پێشکەوتنی کۆمەڵ لەسایەی قوتابخانەوە دەبێت:

«هەر لە سایەی مەکتەبەوەیە، کە لە ئەورووپادا بە ئوتومبیل و شەمندەفەر و ئەسپی ئاسنین و ئەربانە و کۆلارە و پاپۆر و پاپۆری ژیر ئاوی دنیا دەگەڕێن کەچی ئێمە هەر بەشوێن کلکی کەرەوەین» (پێشکەوتن، ژ.٣ : ٢).

لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت، کە هەر پێش دەست بەکاربوونی رۆژنامەکە درک بەو بارودۆخە دواکەوتووەی بواری زانستی و کۆمەڵایەتی کراوە بۆیە رۆژنامەکە هەوڵی ئەوەی داوە بڵندگۆیەک بێت بۆ زیاتر رۆشنبیرکردنی خەڵکی و کارکردنە سەر خەڵک بۆ بەرەو پێشچوون.

لە بروسکەیەکدا (عەلی کەمال) بۆ رۆژنامەکەی ناردووە، وەک رۆشنبیرێکی ئەو سەردەمەی شار زۆر بە رووی ئەوە دەردەکەوێت، کە ئاواتەخوازی ئەوەیە رۆژنامەکە ببێتە مایەی پێشکەوتنی کورد لە رووی زمان و مەعریفە و کۆمەڵایەتییەوە: «بە دەرچوونی تۆ کە بۆ خەڵقی کوردستان نیشانەی سەعادەت و پێشکەوتنە زۆر خۆشحاڵ بووم و بە خوێندنەوەی چاوم روون بۆوە ئومێد وایە لەمەو پاش بە واسگهی تۆوە کە سەبەبی بڵاوبوونەوەی مەعریفەت و ژیانی میللەتی لە درۆ و دەلەسە بکەوین. وە ئەو کردەوە خراپانە کە بوومان بینێین بەتاقەوە تاکو بار سووک بین و پێشکەوین» (پێشکەوتن، ژ.٣ : ١).

لە ژمارە (١٢) وتارێک هەیە بە ناوونیشانی (عقل و صنعت بەبی ماموستا نابی) ناوەرۆکی وتارەکە پێشکەوتنی هەر وڵاتێک بۆ عەقڵ و پیشەسازی دەگەڕێنێتەوە و هانی خەڵکی دەدات تاکو روو لە خوێندنی هاوچەرخ بکەن و بە خوێندنی حوجرە و دیوانەکانی سەعدی و حافز و قسەی سادەی مەلاکان کۆمەڵ پێش ناکەوێت.

هەر لەسەر ئەم بابەتە لە رۆژنامەکەدا چەند وتاری دیکە بەرچاو دەکەوێت، کە هانی خەڵکی دەدات بۆ بەرەو پێشچوون لە بوارەکانی کشتوکاڵ و بازرگانی و پیشەسازییەوە وەک وتاری (فن زراعت)، کە تیایدا هاتووە «با هەموو تێبکۆشین، هەوڵ بدەین خەریکی ئەم پیشە باشە بین ئەگەر خۆشمان خەریک نەبین یاریدەدەر بین بۆ ئەوانەی خەریکن، چونکە حەسانەوە و پێشکوتن و بەرکەوتن هەر لەمەدا ئەدوزرێتەوە» (پێشکەوتن، ژ.٥١ : ٣).

لای شاعیرانیش دەرچوونی رۆژنامەی پێشکەوتن چرایەکی رۆشنکەرەوەیە و بوونی رۆژنامەیەک دەبێتە مایەی بڵاوبوونەوەی زانست و مەعریفەت و نەمانی جەهالەت و دروستبوونی گۆڕان لەناو کۆمەڵدا. ئەمانە بە رووی لە پارچە شیعرێکی (شێخ نووری) دا دەردەکەوێت، کە دەرچوونی رۆژنامەکە بەلایەوە مۆژدەیەک بووە و بەرگوێی کەوتووە:

«ئەم مژدە خۆشە خەو بو یا گوێم زڕایەوە
یا راستە پەردەی گربە هەڵدرایەوە»

رووناکبیرێکی وەک شێخ نووری نەک هەر چاوەڕێی ئەوە دەکات، کە ئەم رۆژنامەیە ناوەکەی خۆی ون نەکات، بەڵکو دڵنیاشە لەوەی رۆژنامەکە چەند ئامانجێک بەدی دەهێنێت:

١- کوژانەوەی چرای نەزانی.
٢- گەشەپێدانی مەعریفە.
٣- پەیدابوونی چاپخانە دەستکەوتێکی گەورەیە لە رێیەوە زانست و ئەدەب دەبووژێتەوە:

«لەو ساوە من کە هاتنی تۆم بیستوە دەڵێم
ئۆخەی شوکر چراغی جەهالت کوژایەوە
تۆی باعسی سعادتی کردە فەقیرەکان
دەرگای مەعریفەت بەدست تۆ کرایەوە
واتێمەگەن کە مگبعە بێ قەدر و قیمەتە
کارێزی عیلم و مەعریفەتی پێ ژیایەوە»

شێخ نووری دەرکەوتنی چاپخانە و رۆژنامە لە شاری سلێمانیدا بە هەلێکی گەورە دەزانێ و ئامۆژگاری خەڵکی دەکات بۆ تێکۆشان و هەوڵدان بۆ بەرەو پێشچوون و وازهێنان لە قسەی زل و خۆ بەزل زانین:

شێخ نووری شێخ سالح

میعادی سەعیە فورصەتە سا وختی صنعەتە فیشال و تڕ زلی بەسە ئیتر بڕایەوە
با دەست بکەین بە صنعەت و تەحصیلی معرفت
بازو بکینە پیشەوە بەشمان نەمایەوە»
(پێشکەوتن، ژ.١٠ : ١)

بەم جۆرە هەڵبژاردنی ناوی (پێشکەوتن) بۆ رۆژنامەکە روون دەبێتەوە و هەر لە ڕێی ناوەکەیەوە دەیەوێت پێشکەوتنێک لەناو کۆمەڵی ئەوکاتی سلێمانیدا دروست بکات و هیوای گۆڕان و پێشکەوتن لە لای خەڵکی دروست بکات.

پێوەرە رۆژنامەییەکانی رۆژنامەی پێشکەوتن

بۆ ئەوەی هەر بڵاوکراوەیەک پێی بوترێت رۆژنامە، پێویست دەکات چەند پێوەرێک لەو بڵاوکراوەیەدا هەبێت، تاکو وەک رۆژنامەیەک مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت.

لێکۆڵەری ئەڵمانی (ئۆتۆگروت) لە ساڵی (١٩٣٨) و مێژوونووسی رۆژنامەگەریی ئەمریکی (ئەدوین ئیمیری) چەند مەرجێکیان بۆ لایەنی رۆژنامەیی رۆژنامە داناوە، کە دەبێت لەهەر رۆژنامەیەکدا بوونی هەبێت، کە ئەمانەن:

«١- دەرچوونی هەفتەیەک تێنەپەڕێت.
٢- بە ئامێری چاپ چاپکرابێت.
٣- بۆ هەموو کەس بێت نەک بۆ چەند کەسێکی دیاری کراو.
٤- ناوەرۆکەکەی هەمەڕەنگ بێت و هەموو ئەو بابەتانە

بگرێتەوە، کە بەڵای خەڵکەوە گرنگن.
٥- بـاس لە مەسـەلەکانی سـەردەمی خۆی بکات.
٦- سەقامگیر بێت.» (الغامدي، انترنيت)
لـە روانگەی ئەم چەند خاڵەوە گەر سـەیری رۆژنامەی پێشـکەوتن بکەیـن، بۆمان روون دەبێتەوە ئەو پێوەرانەی تیادا رەچاوکراوە:
- دەرچوونی رۆژنامەکە هەفتانە بووە.
٢- چاپ کراوە.
٣- رۆژنامەکە ئاراستەی هەموو خەڵک کراوە و بۆ کەسانێکی دیاری کراو نەبووە.
٤- ناوەرۆکـی هەمەڕەنگـە (هـەواڵ، وتـار، چیرۆک، اعلان.. هتد)
٥- بابەتەکانی هی سەردەمی خۆیەتی.
٦- خوێندەوارێکـی سـادەش دەتوانێـت بیخوێنێتەوە.
٧- لە ماوەی تەمەنی خۆیدا سەقامگیربووە.
سـەرباری ئەمانەش گەر سەیری پێکهاتە نەخشەسـازییە جێگیرەکانـی لاپەڕەی یەکەم بکەین (لافیتە و دروشم و هەردوو گوێچکە و گەردن) بە تەواوەتی پێوەرە رۆژنامەییەکانی رۆژنامەی بەسەردا جێگیر دەبێت.

ئەرکە رۆژنامەییەکانی رۆژنامەی پێشکەوتن

ئەرکە رۆژنامەوانییەکانی هەر رۆژنامەیەک خۆی لەم خاڵانەدا دەبینێتەوە:
«١-بڵاوکردنەوەی هەواڵ.
٢- وشـیارکردنەوە و رۆشـنبیرکردن و کارکردنە سەر رای گشتی.
٣- جارِدان.
٤- کات بەسەربردن.
٥- سـەرچاوەیەک بۆ مێـژوو». (زید، ٢٠٠٦: ٤١-٥٦)

لە روانگـەی ئەو چەند خاڵـەوە دەتوانین بڵێیـن، کـە رۆژنامـەی پێشـکەوتن ئەرکـە رۆژنامەوانییەکانی خۆی بە جێگەیاندووە بەم جۆرە:
١- بڵاوکردنـەوەی هـەواڵ: رۆژنامـەی پێشکەوتن زۆرترین بڕی هەواڵی ناوخۆیی و دەرەوەی تیـادا بڵاوکراوەتەوە، لەم رووەوە رۆژنامەکە تۆمارێکی گرنگی هەواڵەکانی ئەو سەردەمەیە.
٢- هۆکارێک بۆ وشـیارکردنەوە: رۆژنامەکە گەرچی ئاراسـتەکراو بووە، بـەڵام لە هەوڵی ئەوەشدا بووە خەڵکی لە خەوی دواکەوتوویی بێـدار بکاتـەوە و بەشـێکی زۆری وتارەکان بـۆ بەرەنگاربوونـەوەی نەخوێنـدەواری و دواکەوتوویـی کۆمەڵایەتـی و هەوڵـدان بـۆ پێشکەوتن تەرخان کراوە.
٣- جـارِدان- ریـکلام: رۆژنامەکـە درکی بە گرنگی ئەم سەرچاوە داراییە گرنگە کردووە، بۆیە گەرچی جارِدانە بازرگانییەکان ژمارەیان کەمـە، بـەڵام بڵاوکردنـەوەی و دیاریکردنی نرخەکـەی و شـوێنی بڵاوکردنەوەی بەڵگەی زانینی بایەخی جارِدانە.
٤- کات بەسـەربردن: ئـەم ئەرکـەش بەتـەواوی بەجێ گەیەنـراوە، بڵاوکردنەوەی چیرۆکـی خۆمالـی وەرگێڕدارو و شـیعر و بابەتـی گاڵتەوگـەپ رۆژنامەکەی لە وشـکی دوورخسـتۆتەوە و خوێنـەر بەخوێندنەوەی ئەو بابەتانە کاتێکی خۆش بەسـەر دەبات، بە تایبەتی لەگەڵ چیرۆکە وەرگێڕدراوەکاندا.
٥- سـەرچاوەیەکە بـۆ مێـژوو: رۆژنامـەی پێشـکەوتن بەحـەق سـەرچاوەیەکی گرنگی مێژووییـە، چونکـە زۆربـەی رووداوەکانـی ئەوسـەردەمی تیادا تۆمار کراوە (بارودۆخی عێراق و کوردستان، پەیماننامەکان، کۆنفرانسە نێودەوڵەتییەکان...هتد).

زمانی رۆژنامەکە

هەمیشە ئەو زمانەی کە لە بواری نووسینی رۆژنامەوانیـدا بـەکار دەهێنرێـت، زمانێکـی ئاسـان و رەوانە، زمانێکە دوورە لە ئاڵۆزی. ئـەو زمانەی لەم بـوارەدا بەکاردێت «بەوەدا دەناسـرێتەوە کە هەوڵی بەکارهێنانی بڕگەی کـورت و وشـەی ئاسـان و بەکارنەهێنانـی زاراوە نامـۆ دەدات، لە هەمـان کاتدا هەوڵی ئـەوە دەدات کـە زۆر رۆنەچێتە نـاو زمانی خەڵکییـەوە (اللغـة العامية)». (جـواد،١٩٩٨ : ١٠)

کەواتـە زمانی بەکارهاتوو لـە رۆژنامەدا زمانێکی ناوەندە لە نێوان زمانی سـتاندەر و

زمانی قسەکردنی خەڵکیدا. هەرلێرەدا ئەوە دەردەکەوێت کە تێگەیشتنی خوێنەر لەو زمانە کارێکی پێویستە چونکە «هونەری ڕۆژنامەنووسی بریتییە لە زاڵ بوون بەسەر ئەو کۆسپانەی کە ڕێگرن لەبەردەم تێگەیشتنی خوێنەر و ئاسانی خوێندنەوە، بۆیە هەر وشەیەک یان کۆمەڵە وشەیەک لە ناو ڕستەیەکدا بەکاردێت وا دەخوازرێت، کە زۆربەی خوێنەران لێی تێبگەن و بە جوانیش بخرێنە ڕوو کە ئەمەیان پەیوەندی بە لایەنی دەرهێنانەوە هەیە» (هەمام،١٩٩٨ : ٢٢).

سەبارەت بەو زمانەی کە لە ڕۆژنامەی پێشکەوتندا بەکار هێنراوە لە نووسینی بابەتەکانیدا (وتارەکان، هەواڵەکان، شیعر، چیرۆکەکان، جارڕانەکان) بە گشتی زمانێکی ئاسان و نزیکە لە زمانی خەڵکی، لە هەمان کاتدا زمانەکە هێشتا لەژێر سێبەری زمانەکانی دیکەدایە و زۆر لە نووسینەکان خاڵیی نین لە وشەی عەرەبی و فارسی و تورکی. بۆ نموونە، جارڕانی دامودەزگا حکومییەکان، کە دەیانخوێنینەوە بە شێوەیەکی فراوان تێبینی بەکارهێنانی وشەی عەرەبی دەکەین و تێکەڵییەکی زۆری زمانی کوردی و عەرەبی پێوە دیارە، وەک لە جارڕانەکانی (پۆلیسخانە ژ.١١٨، دادگا ژ.٦٩، شارەوانی ژ.٨٥)ی بەشی سێیەم - تەوەرەی سێیەمدا دیارە ئەمە لە کاتێکدا زمانی ریکلامەکان کوردییەکی ڕەوان و بێ گرێیە.

(مێجرسۆن) زۆر هەوڵی ئەوەی داوە کە بە کوردی پەتی بنووسرێت و بۆ ئەمەش لە ئاگادارییەکدا خەڵاتی بۆ باشترین سێ نووسین داناوە، تەنانەت نووسینەکانی خۆی کوردییەکی پەتین، چ لە وتارەکاندا، یان لە جارڕانەکانی حاکمی سیاسیدا هەوڵی داوە بە کوردییەکی پەتی دوور لە زمانی عەرەبی بنووسێت، بۆیە زۆر جار دەبینین وشەی زۆر کوردی ڕەسەن بەکار دەهێنێت وەک (دووەم کەڕەت زانان کرا).

لە لایەکی دیکەوە ڕۆژنامەکە زۆر جار وشەی خەڵکی بەکارهێناوە، لەوانەیە ئەمەش بۆ باری ڕۆشنبیری ئەوکاتە بگەڕێتەوە و ویستراوبێت خێراتر کار لەبەرامبەر بکرێت، وەک بەکارهێنانی ئەم وشانە:

١- زل ـــ مەزن، گەورە
٢- وەخت و عەیامە ـــ چەند ساڵ
٣- درۆو دەلەسە ـــ قسەی ناڕاست و نادروست
٤- فامی کردەوە ـــ بیری کردەوە
٥- بەم تەحرە ـــ بەم جۆرە
٦- حلێب بکرێت ـــ حساب بکرێت
٧- قایم کردن ـــ پتەو کردن (لە بواری پەیوەندی نێوان وڵاتاندا)
٨- کۆمەڵگیرا ـــ کۆبوونەوە
٩- فابریقە ـــ کارگە
١٠- ئیش بەدەست ـــ کاربەدەست
١١- توڕی هەڵدەدات ـــ فڕێی دەدات

لەناو ئەم وشانەی ناو خەڵکدا چاومان بە بەکارهێنانی چەند وشەیەک دەکەوێت، کە لە نووسینەکاندا بەکارهێنراون و کوردییەکی ڕەسەنن. ئەو وشانە ئەمڕۆ یان بەکارنایەن، یان بەکارهێنانیان کەمە و بۆتە سیمایەکی زمانیی تایبەت بە ڕۆژنامەی پێشکەوتن. وشەکانیش ئەمانەن:

١- فەرموواوە ـــ وتراوە.
٢- زانان ـــ زانین.
٣- ماویەتیەکەی ـــ پاشماوە.
٤- ڕانواندن ـــ بیر و ڕادان.
٥- خۆوڵاتی ـــ هاوڵاتی.
٦- بێژراوە ـــ وتراوە
٧- ڕادەپڕموڕێت ـــ چاوەڕێدەکرێت.
٨- ناقۆڵا ـــ ناپەسەند

لەپاڵ ئەم وشانەدا چاومان بە چەند وشەیەکی دیکە دەکەوێت، کە لە ژێر کاریگەری زمانی تورکیدا نووسراون و لە بابەتەکاندا ڕەنگیان داوەتەوە. وشەکانیش ئەمانەن:

لۆندەرە ـــ لەندەن.
ئەمەریقا ـــ ئەمەریکا.
نیۆرق ـــ نیو نیۆرک.
کریستۆفەر قۆلۆمبس ـ کریستۆفەر کۆلۆمبس.
قۆنفرانس ـــ کۆنفرانس

*** سەرۆکی بەشی ڕاگەیاندن لە پەیمانگەی تەکنیکی کارگێڕیی هەولێر.**

سەرچاوەکان:

کتێبە کوردییەکان:

١– کەمال مەزهەر ئەحمەد، (١٩٨٧)، تێگەیشتنی ڕاستی و شوێنی لە ڕۆژنامەنووسی کوردیدا، بەغدا، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد.
٢– کەمـــال مەزهەر ئەحمەد، (١٩٨٥)، چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی کورد، بەشـــی یەکەم، بەغداد: چاپخانەی ئەدیب.
٣– نەوشیروان مستەفا ئەمین، ٢٠٠٢، چەند لایەنێک لە مێژووی ڕۆژنامەوانی کوردی (سااڵنی نێوان دوو جەنگی جیهانیی ١٩١٨–١٩٣٨، بەرگی دووەم، سلێمانی، چاپخانەی شڤان.
٤– محەمەد ئەلدەروبی، (٢٠٠٦)، ڕۆژنامەگەری و ڕۆژنامەنووســـی هاوچەرخ، چاپی یەکەم، و:سۆزان جەمال و لوقمان غەفوور، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.
٥– سیروان بکر سامی، (١٩٩٨)، ڕۆژنامەی پێشکەوتن، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.
٦– فـــاروق عەلی عومەر، (٢٠٠١)، ڕۆژنامەگەریی کوردی لـــە عێراقدا (بەرایییەکان ١٩١٤–١٩٣٩)، چاپی یەکەم، و:تارق کارێزی، هەولێر: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی.
٧– محەمەد دلێر ئەمین میسری، (٢٠٠٤)، ڕۆژنامەنووسی و بزووتنەوەی ئەدەبی لە سایەی یەکەمین دەسەاڵتی کورددا لە مێژوی هاوچەرخدا (١٩٢٢–١٩٢٤)، سلێمانی، چاپکراوەکانی شارەوانی سلێمانی.
٨– م.ر. هاوار، (١٩٩٩)، شێخ مەحموودی قارەمان و دوڵەتەکەی خواروو کوردستان، بەرگی دووەم، لەندەن، جاف پرێس.

کتێبە عەرەبییەکان

١– عبدالرزاق الحسني، (١٩٧٥)، تاريخ الصحافة العراقية، بغداد، مطبعة الزهراء.
٢– فاروق زيد، (١٩٨٤)، فن الخبر الصحفي، الطبعة الثانية، جدة، دار الشروق.
٣– اشرف و محمود علم الدين صالح، (٢٠٠٤)، مقدمة في الصحافة، القاهرة، مركز جامعة.
٤– هـــادي طعمة ، (١٩٨٤)، الاحتلال البريطاني والصاحفة العراقية (دراســـة في الحملة الدعائية البريطانية، (١٩١٤–١٩٢١)، بغداد، دار الحرية للطباعة.
٥– امال سعيد متولي، (٢٠٠٦)، الاخراج الصحفي وتطبيقاته في الصحافة المدرسية، الطبعة الاولى، القاهرة، دار ومكتبة اسراء للطبع والنشر.
٦– طلعت همام، مائة سؤال عن الصحافة، (١٩٨٨)، الطبعة الثانية، عمان، دار الفرقان للنشر والتوزيع.

ئینتەرنێت

١– ابراهيم غامدي، الصحافة وانواعها، منتديات بحرين الشبابية.

دەفتەری خەرجییەکانی رۆژانەی میر جەلادەت بەدرخان

١٩٣٤/٨/١٩ - ١٩٤١/١١/١٢

بۆ گۆڤاری هاوار

ئامادەکردن و ڕێکخستنی:
حەمید ئەبوبەکر بەدرخان

بۆ یەکەمین جار لەڕێگای شازادە سینەم جەلادەت بەدرخان دەفتەری خەرجییەکانی دەرچوونی گۆڤاری هاوار لە ژمارە (٢٧-٣٥)، لە دووتوێی دەفتەرێکدا، دەستمکەوت، کە هەرچی خەرجییەکانی تێچوونی دەرچوواندنی گۆڤاری هاوار، کە میر جەلادەت بەدرخان خاوەن ئیمتیاز و سەرنووسەری بووە، لە سالانی ١٩٣٢-١٩٤٣، ٥٧ ژمارەی لێ دەرچووە*، لە چاپخانەکانی (تەرەقی) و (المضحک المبکي و سەباتی) لە شام چاپکراوە هەر چەندە کوڕانی بەدرخان، پێشووتر ڕۆژنامەی «کوردستان»ی دایکیان لە قاهیرە لە ١٨٩٨/٤/٢٢، لە چاپخانەی (دار الهلال)، لەسەر دەستی جووتە برا (میقداد بەدرخان** و عەبدولڕەحمان بەدرخان***) دەرچووە و لە ١٩٠٨-١٩٠٩ لە ئەستەنبوڵ و لە ١٩١٧-١٩١٨ جارێکی دیکە لە قاهیرە لە لایەن (سووڕیا بەدرخان) دەرکردووە.

بنەماڵەی بەدرخانییەکان یەکێکە لەو بنەماڵانەی کوردستان، کە هەموو توانای خۆیان بۆ ڕزگارکردنی گەل و وڵات تەرخانکردووە. ئەوەی بەدرخانییەکان لە ئەوانی دیکە جیادەکاتەوە، فرە چەشنی خەباتە، واتە بەپێی قۆناغ و بارودۆخی سەردەم، بنەماڵەی بەدرخانییان خەباتییان کردووە، کاتی خەباتی چەکداری پێویست بووە، چەک لە شان بوون و لە ریزی پێشەوەی بەرگری لە کوردستاندا بوون. لە بواری خەباتی سیاسیشدا، دیسان ئەوان ڕۆڵ و ئەرکی خۆیان بە لێهاتوویی لە ناو ریزەکانی کۆمەڵ و ڕێکخراوەکانی کوردیدا بینیووەو لەم مەیدانەشدا پێشەنگ بوون. خۆ ئەگەر خەباتی ڕۆشنبیری و هزری پێویست بووبێ

بـۆ خەڵکی کوردسـتان، بێگومـان رۆڵەکانی بنەماڵەکـە رۆڵێکی گەورەیان تێـدا بینیووە، چ لـە دامەزراندنی قوتابخانە چ لە ڕێکخراوە زانستییەکاندا. لە هەموویان ئاشکراتر رۆڵی ئەم بنەماڵەیەیـە لە کاروانی ڕۆژنامەگەریی کوردیـدا. خەبـات و کاری ڕۆژنامەگەریی بەدرخانییـان بـە ڕێککـەوت نەبـووە، یان گرێدای تاکە کەسـێک بێت، بەڵکو ئەنجامی بیروباوەڕێکی بەتین و وەک پێویسـتییەتی ئـەو سـەردەمە، بۆ ئـەو جـۆرە خەباتە. هـەر لەبەرئـەوە دەبینیـن رۆڵەکانی ئەم بنەماڵەیـە چەندین ڕۆژنامەو گۆڤاریان لە شوێنە جیاجیاکاندا بڵاوکردەوە. هەروەها دەبینیـن ئەو کارو خەباتـە گرێدای تەنیا تاکـە کەسـێک نییـە لـەم بنەماڵەیـەدا، بەڵکو وەکـو قوتابخانەیەک، نەوە دوای نـەوە لێـی دەردەچـن و پاشـان دەبنە مامۆسـتایانی ئـەم بواردو بـە زانین و شارەزایی خۆیان بناغەو بنەمای بەهێز بۆ ئەم هونەرە دادەنێن.


SAL 1 — YEQSEM — HAWAR — HEJMAR 1 — ISGULAN 193

Qomela Qurdî * Revue Kurde

Armanc, Awayê Xebat û Nivîsandina Kawarê

Hawar dengê zanînê ye. Zanîn xwe nasîn e. xwe nasîn jî me ye rêya felat û xwesîyê vedîqe.

Her qasê qo xwe nas dîqe; dîqare xwe bide nas qirin.

Hawara me berî her tiştî heyîna zmanê me dê îside nas qirin. Lewma qo zman serfa heyînê a pêşin e.

Hawar jî peyve bi her tiştê qo qurdanî û qurdîtî pê bendewar e, dê mijûl bibe. Tiné siyaset jê dûr e, xwe nakxe siyasetê.

Hawarê siyaset jî civatên welatî re hîstîye. Bi siyasetê bila ew mijûl bibin. Em jî dê warê zanîn, hiner û sinhetê de dê bixebitin.

* * *

Awaye xebatê.— Qareqi qo biqare biçe serî, divêt jê re proniviseq bêt çêqirin. Me proniviisa xwe ser bingehên jêrin lêqiriye.

1 — Belavqirina Elfabêya qurdî di nav qurdan û hinqirina wê. Senîfandina zmanazina qurdî û bin bi hin di qomelê de belav qirin û pêşdetir di siqlê qitêbê de derêxistin.

2—Sehtiya zarên qurdî û berhevdanina wan. Sehtî ser mirovatiya zmanê qurdî digel zmanên din ên ari. Sehtî ser bingehên zmanê qurdî, ser dîroq û awaye rehsin û pêvegetina wê.

3 — Ber hevqirina çîroq, çîrokoq û her texlît laja û stranên qurdî û bir ve belavqirina wan.

4— Senîtadin û belavqirina diwanên qurdî. Bi van ve jînenîgariyên sair û mirovên bijarte jî dê hin belav qirin.

5— Sehtî ser reks û Keydeyîn stranên qurdî.

6— Sehtî ser her texlît reziqîn qurdî û Qurdistanê, yan zmanê bori û yên îrû û renîsadina wan. Sehtî ser batînên Kurdistanê û pîs û sinhetên qurdî.

7— Dîroq û erdnigarî.

Sehtî ser tevayiya dîroq û erdnigariya welatê Qurdistanê û ser dîroqa esîran, berî, pasî û dî wexte Mîr-Serefê de.

* * *

Awaye nivîsandinê — Dî hekê zmanê me de hêsa niha geleq tişt hatine gotin. Lînav van gotinan de tistinen rast û nerast jî hene.

Ez qo qurd û qurdmancîzman im û zmanê xwe rind dizanim û wan ew bi heft hest zmanên din daniye ber hev, qitqitên wî hûrhûnandine; keydeyên wî jî hev derêxistine, dîqarim jî hiyaniyan bêfir û kenctir debqera wî bidim xuya qirin û zanîn.

Zmanê me tirî hem frêh hem tenge. Frêh e: Pi her tiştê qo qurd pê mijûl bûne, dest dane wan, di wî warî de zmanê qurdî hîng zmanên din û ji hinan bêtir pês ve çûye, û qemilîye, û ji tu zmanan qemelî bi xûn de ne maye.

Teng e: Herçî qo jî qurdan re nenas manê û qurd pê mijûl ne bûne, di wî warî de zmanê me revestiyaye, pês ve ne çûye, di cihê xwe de maye.

Lê zmanê me jî wan zmanan e qo ber her tiştê nuh, pirsên nuh dozn û bireve pirsên nuh jî wan car dibin.

Herweqî xelqê Geliyê-Goran, herî çardeh salan, gava tîyare dîtin, lavil bizare xwe balafir nav lê qirin. Ji lewre

ژمارە یەکی گۆڤاری (هاوار)

بـۆ ئـەو چەنـد لاپەڕەیە بکەیـن، دەبینیـن زۆر ڕاسـتگۆیانە و لەخۆبووردووانـە جـەلادەت بەدرخـان هەرچـی خەرجـی گۆڤارەکەیـە، لـە دووتوێی ئەم پەڕاوەدا یادداشـتی کردووە، خەرجییەکانیـش تایبەتـن بـە مانگەکانـی نیسـان و مایس و حوزەیران و تەممووز و ئاب و ئەیلوول و تشـرینی یەکەم و تشرینی دووەمی سـاڵی ١٩٤١، واتە (٧٠) ساڵ بەر لە ئێستا، هەمـوو ئەو خەرجییانەی کە بۆ دەرچوواندنی گۆڤاری هاوار کردوویەتـی بـە دراوی ئەوکاتی دەوڵەتی سـووریا «لیرەی سووری» بووە و تۆمارکردووە و کۆی گشتی خەرجییەکانیش تەنیا بۆ ٨ مانگ، دەکاتە (٦١٧,١٨) شەست سەد و هەڤدە لیرە و هەژدە قورشـی سـووری. بە باشی دەزانین بۆ خوێنەرانی «ڕۆژنامەنووس»، کورتەیەک سـەبارەت بـە بەدرخانییەکان و ڕۆڵیـان لە بزاڤـی ڕۆژنامەنووسـی و چۆنیەتی دەرکردنی گۆڤـاری «هـاوار» و بیبلۆگرافیـای سـەرجەم ژمارەکانـی، کـە دەقاودەق لـە کتێبی «ڕۆڵی بنەماڵـەی بەدرخانییەکان لە ڕۆژنامەگەریـی کوردیدا» کە لە نووسـینی «عەبدولسـەمەد ئیسلام دۆسکی» وەربگرین.

زۆر ڕاسـتگـۆیـانـە و لـەخـۆبـووردووانـە جەلادەت بـەدرخـان هـەرچـی خەرجی گۆڤارەکەیە، لە دووتوێی ئـەم پـەڕاوەدا یادداشتی کردووە

دەفتەری خەرجییەکانی میر جەلادەت بەدرخان

تــەواوی خەرجییــەکان لەهــەر مانگێکدا بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

مانگی نیسان، ژمارەکانی (٢٥ و ٢٦) لە ١٩٣٤/٨/١٩- ١٩٣٥/٨/١٨

تەئمینات- ١٠٠ لیرە
خاوەنی چاپخانە- ٥ لیرە
گۆڕینی حەرف- ١،٤٥ لیرە
خاوەنی چاپخانە- ٤ لیرە
مێز- ٦،٢٠ لیرە
١٢٦ کیلۆ کاغەز- ٩٧ لیرە
سوبحی- ٥ لیرە
کاغەزی چەرم- ١٤ لیرە
کاغەزی پووش- ٧،٢٠ لیرە
کاغەزی سپی- ٢،٥٠ لیرە
١٢٦ کیلۆ کاغەز- ٩٧ لیرە
حەمالّی- ٠،٣٥ لیرە
سوبحی- ٥ لیرە
سوبحی- ٥ لیرە
سوبحی- ٣ لیرە



مۆڵەتی گۆڤاری (هاوار)

سەرجەمی خەرجییەکان ٣٥٢،٢٠ لیرە

* تێبینی دیارە ئەمە خەرجی ژمارەکانی ٢٥ و ٢٦ی گۆڤاری هاوارە، ڕۆژی یەکشــەممە کە لــە ١٩٣٤/٨/١٩ و ١٩٣٥/٨/١٨ دەرچــووە. ســەبارەت بە ســوبحیش، کە نــاوی هاتووە، ئەو کارمەندەیە کە بەردەســتی کردووە لە نووسینگەی هاوار لای جەلادەت بەدرخان، لە بەرامبەر کارەکەیدا پاداشت کراوە.

مانگی گوڵان، ژمارە (٢٧) لە ١٩٤١/٤/١٥ یەکشەممە

سوبحی- ٥ لیرە
پولی پۆستە- ١ لیرە
کرێی هۆدە- ٧ لیرە
چاپکردنی ژمارە ٢٧ی هاوار- ٦ لیرە
چاپ- ٢ لیرە
پوولی پۆستە- ١ لیرە
سوبحی- ٤ لیرە
چاپکردنی ژمارە ٢٨- ٦ لیرە
سوبحی- ٣ لیرە
سوبحی- ٣ لیرە

سەرجەمی خەرجییەکان ٣٨ لیرە
خەرجییەکانی هەردوو مانگ ٣٨+ ٣٥٢،٢٠= ٣٩٠،٢٠ لیرەی سووریە، کە دەکاتە ژمارە (٢٧)لە ١٩٤١/٢/٥ رۆژی یەکشەممە، دیارە لە نێوان ژمارەکانی (٢٦ و ٢٧) جیاوازی چاپکردنی نێوانیان پێنج ساڵ و چوار مانگ و سێ رۆژە واتە لە ١٩٣٥/٩/١٨ ژمارە (٢٦) دەرچووە و ژمارە (٢٧)یش لە ١٩٤١/٤/٥ دەرچووە.

میر جەلادەت بەدرخان و رەوشەن بەدرخانی هاوسەری

مانگی حوزەیران، ژمارەکانی (٢٨ و ٢٩)ی گۆڤاری هاوار لە ١٥ گوڵانی ١٩٤١ سێشەممە-١٥حوزەیرانی ١٩٤١ سێشەممە

سوبحی- ٥ لیرە
محەمەد- ٠،٥٠ لیرە
هەقی هۆدە- ٧ لیرە
چاپکردنی ژمارە ٢٩- ٦ لیرە
کاغەزی سپی- ٣،٢٥ لیرە
سوبحی- ٥ لیرە
سوبحی- ٥ لیرە
محەمەد- ٠،٨٠ لیرە
سەرجەمی خەرجییەکان ٣٢،٥٥ لیرە
خەرجییەکانی هەرسێ مانگ ٣٢،٥٥+ ٣٩٠،٢٠= ٤٢٣،٢٥ لیرەی سووری، بۆیە خەرجی هەردوو (٢٨ و ٢٩)ی گۆڤاری هاوار لە رۆژی پێنجشەممە ١٩٤١/٥/١٥ تا رۆژی سێشەممە ١٩٤١/٦/١٥، دەرچووە.

مانگی تەممووز، ژمارە (٣٠)ی لە ١ی تەممووزی ١٩٤١

چاپکردنی ژمارە ٣٠- ٦ لیرە
کرێی هۆدە- ٧ لیرە
محەمەد- ١،٨٠ لیرە
سەرجەمی خەرجییەکانی مانگی تەممووز ١٤،٨٠ لیرە.
سەرجەمی خەرجییەکانی هەر چوار مانگ ١٤،٨٠+٤٢٣،٢٥= ٤٣٨،٠٥ بە لیرەی سووری، ئەم ژمارەیەش واتە دەرچوونی گۆڤاری هاوار، ژمارە (٣٠) لە ١٩٤١/٧/١ دەرچووە لە چاپخانەی سەباتێ لە شام چاپکراوە.

مانگی ئاب، ژمارە (٣١)ی لە ١٩٤١/٨/١

کرێی هۆدە- ٧ لیرە
چاپکردنی ژمارە ٣١- ٦ لیرە
سەڵاح- ١٠ لیرە

کاغەزی چەرم- ١٦ لیرە
٧٧ کیلۆ کاغەز- ٥٤،٣٠ لیرە
محەمەد- ٣ لیرە
سەرجەمی خەرجییەکانی مانگی ئاب- ٩٦،٣٠

سەرجەمی خەرجییەکانی هەر پێنج مانگ ٩٦،٣٠+ ٤٣٨،٠٥= ٥٣٤،٣٥ لیرەی سووری، واتە ژمارە (٣١)ی گۆڤاری هاوار لە ١٩٤١/٨/١ دەرچووە لە چاپخانەی دسباتێ لە شام چاپکراوە.

میر جەلادەت بەدرخان

مانگی ئەیلوول، ژمارە (٣٢)ی لە ١٩٤١/٩/١

کرێی هۆدە- ٧ لیرە
چاپکردنی ژمارە ٣٢- ٦ لیرە
سەلاح- ٣ لیرە
سەلاح- ٥ لیرە
محەمەد- ٣ لیرە
چاپکردنی ژمارە ٣٣- ٦ لیرە
سەرجەمی خەرجییەکانی مانگی ئەیلوول ٣٠ لیرەی سووری.

سەرجەمی خەرجییەکانی هەر شەش مانگ ٣٠+ ٥٣٤،٣٥= ٥٦٤،٣٥ بە لیرەی سووری، واتە (٣٢)ی گۆڤاری هاوار لە ١٩٤١٢/٩/١٠ لە چاپخانەی سەباتێ لە شام دەرچووە.

مانگی تشرینی یەکەم، ژمارەکانی (٣٣ و ٣٤) لە ١٩٤١/١٠/١ و ١٩٤١/١١/١

کرێی هۆدە- ٧ لیرە
چاپکردنی ژمارە ٣٣ و ٣٤- ٦ لیرە
سەلاح- ٥ لیرە
سەلاح- ٦ لیرە
سەلاح- ٦ لیرە
چاپکردنی ژمارە ٣٤ و ٣٤- ٥ لیرە
پوولی پۆستە- ٠،٧٨ لیرە
محەمەد- ٣ لیرە.

سەرجەمی خەرجییەکانی مانگی تشرینی یەکەم ٣٢،٧٨ لیرە

سەرجەمی خەرجییەکانی هەر حەوت مانگ ٣٢،٧٨+ ٥٦٤،٣٥= ٥٩٧،١٣ لیرەی سووری، واتە چاپکردنی هەردوو ژمارەی گۆڤاری هاوار لە ١٩٤١/١٠/١، لە چاپخانەی سەباتێ لە شام چاپکراوە.

مانگی تشرینی دووەم، ژمارە (٣٥) لە ١٩٤١/١١/١٢

محەمەد – ١ لیرە.
سەلاح – ٣ لیرە.
کرێی هۆدە– ٧ لیرە.
چاپکردنی ژمارە ٣٥– ٦ لیرە.
کاغەز– ٢،٧٥ لیرە.
بەن– ٠،٣٠ قروش.

سەرجەمی خەرجییەکانی مانگی تشرینی دووەم ٢٠،٠٥ لیرەی سووری.

سەرجەمی خەرجییەکانی هەر هەشت مانگەکە: ٢٠،٠٥+ ٥٩٧،١٣= ٦١٧،١٨ لیرەی سووری.

سوبحی و سالح و محەمەد) سێ کارمەندن لە گۆڤاری هاوار کاریان کردووە و پاداشتیان وەرگرتووە، واتە چاپکردنی ژمارە (٣٥)ی گۆڤاری هاوار لە ١٩٤١/١١/١٢ دەرچووە و بە بەراورد لەگەڵ ژمارە (٣٤)، دوای (١١) رۆژ دەرچووە.

ئەنجام:

ئەگەر بە وردی سەیری دەفتەری خەرجییەکانی میری رۆژنامەنووسان جەلادەت بەدرخان بکەین، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ، کە ناوبراو خەرجییەکانی رۆژانەی دەرچوونی گۆڤاری هاواری تۆمارکردووە و ئەو قەلەندەرخانەیەی کە بەکرێی گرتووە و نووسیوویەتی کرێی هۆدە تەنیا ٧ لیرەی سووری بووە، جگە لە خەرجی چاپکردنی ژمارەکانی گۆڤاری هاوار، کە لە ژمارە «٢٥»ەوە تاکو ژمارە «٣٥» نووسیوویەتی و لە مانگی نیسانی «١٩٤١»ەوە تۆمار کراوە تا کۆتایی تشرینی دووەمی ١٩٤١، کە دەکاتە ٦١٧،١٨ شەست سەد و هەڤدە لیرە و هەژدە قورشی سووری.

خەرجییەکانی رۆژانەی دەرچوونی گۆڤاری هاواری تۆمارکردووە و ئەو قەلەندەرخانەیەی کە بەکرێی گرتووە و نووسیوویەتی کرێی هۆدە تەنیا ٧ لیرەی سووری بووە، جگە لە خەرجی چاپکردنی ژمارەکانی گۆڤاری هاوار

کورتەیەک لە ژیانی میر جەلادەت بەدرخان:

میر جەلادەت کوڕی ئەمین عالی بەدرخان بەگی میری بۆتانە، لە ٢٦ی نیسانی ١٨٩٣ لە ئەستەنبوڵ لە دایکبووە. لە قوتابخانەکانی ئەستەنبوڵ و ئەدرنەو قونیەو ئەنقەرەو عەکاو نابلس و سالونیکی یۆنانی قۆناغەکانی سەرەتایی و دواناوەندی خوێندووە، پاشان چووەتە کۆلیجی جەنگ و بە پلەی ئەفسەر دەرچووە. یەکەم وتاری لە سالّی (١٩٠٨) بلاوکردۆتەوە. لە سالّی ١٩١٧ وەکو ئەفسەر بەشداریی

لەشەڕی یەکەمی جیهانیدا کردووە. ساڵی ١٩١٩ پێش مۆرکردنی پەیمانی سیڤەر لەنێوان دەوڵەتی عوسمانی و هاوپەیمانەکاندا، لەگەڵ براکەی کامیران بەدرخان و ئەکرەم جەمیل پاشا و مێجەر نۆئێل گەشتێکی بە کوردستاندا کردووە بۆ زانینی داواو بۆچوونەکانی گەلی کورد، لەم گەشتەدا بیری دانانی ئەلف و بێیەکی لاتینی لەلا دروست بووە.

ساڵی ١٩٢٢ ناوی لە لیستی ئەو کەسانەدا بوو کە تورکیا بە تەمابوو لەناویان ببات، ئێدی ناچار بوو بچێتە ئەڵمانیا بۆ خوێندن. ساڵی ١٩٢٥ پەیوەندی بە شۆڕشی شێخ سەعیدی پیرانەوە کرد، کە شۆڕش نسکۆی هێنا، گەڕایەوە ئەڵمانیاو بڕوانامەی لیسانسی لە (حقوق) ماف وەرگرت. باوکی لە میسر بوو، کە زانی باوکی نەخۆشە چووە میسر بۆ سەردانی و دوای مەرگی باوکی چووە بەیروت بۆ ماڵی خەلیل رامی بەدرخانی مامی.

ساڵی ١٩٢٧ لەگەڵ نیشتمانپەروەرانی کورد، کۆمەڵەی (خۆیبوون)ی دامەزراند، پاشان پەیوەندی بە شۆڕشی ئاگری کردو دوای شکستی شۆڕش چووە سوریا.

لە ١٩٣٢/٥/١٥ یەکەم ژمارەی گۆڤاری هاواری لە شاری دیمەشق بڵاوکردەوەو ساڵی ١٩٣٥ ژیانی هاوسەری پێکهێناو خانم رەوشەن بەدرخانی (١٩٠٩ – ١٩٩٢) مارەکرد. هەر لەو ساڵەدا بوو بە مامۆستای زمانی فەرەنسی لە قوتابخانەی پیشەسازی لە دیمەشق، ساڵی ١٩٣٩ بوو بە پارێزەری کۆمپانیای ریچی فەرەنسی.

لە ١٩٤٢/٤/١ یەکەم ژمارەی گۆڤاری رۆناهی بڵاوکردەوە. چەندین زمانی زانیووە، جگە لە کوردی، زمانی تورکی و فارسی و عەرەبی و ئەڵمانی و فەرەنسی زانیووە. بەرهەمەکانی بە چەندین ناوی خوازراو بڵاکردۆتەوە. لە ساڵی (١٩٥٠)وە خەریکی کشتوکاڵ بوو، لە گوندی هێجان کە چەند کیلۆمەترێک لە شاری دیمەشق دوورە. لە رۆژی ١٩٥١/٧/١٥ بە هۆی هەڵوەشانەوەی بیری ئاو، کەوتە ناو قوڕو ئاوی بیرەکەو گیانی لە دەستدا و کۆچی دوایی کرد. جەلادەت بەدرخان چەندین بەرهەمی چاپکراوو دەستنووسی لەدوای خۆی بەجێ هێشتووە.

لەراستەوە: جەلادەت بەدرخان – سوورەیا بەدرخان – کامەران بەدرخان

لە ١٩٣٢/٥/١٥ یەکەم ژمارەی گۆڤاری هاواری لە شاری دیمەشق بڵاوکردەوەو ساڵی ١٩٣٥ ژیانی هاوسەری پێکهێناو خانم رەوشەن بەدرخانی (١٩٠٩ — ١٩٩٢) مارەکرد. هەر لەو ساڵەدا بوو بە مامۆستای زمانی فەرەنسی لە قوتابخانەی پیشەسازی لە دیمەشق، ساڵی ١٩٣٩ بوو بە پارێزەری کۆمپانیای ریچی فەرەنسی

گۆڤاری هاوار ١٩٣٢ – ١٩٤٣

بنەماڵەی بەدرخانیان بە خەباتی نیشتمانی و نەتەوەیی ناسراون، خەباتەکەیان شێوەی جۆراوجۆری لە خۆگرتووە، لەوانە چەکداری، سیاسی، رۆشنبیری و دبلۆماسی و....هتد. بەدرخانییەکان لەو هەموو بوارەنەدا نەک تەنیا رۆڵێکی سەرەکی و بەرچاویان هەبووە، بەڵکو لە زۆربەی جاران دەستپێشخەر و لە ڕێزی پێشەوەی خەباتەکە بوون.

دوای دروستبوونی دەوڵەتی تورکیا و بەکارهێنانی سیاسەتی شۆڤینیزمی و دڕندەترین شێوەی زۆرداری لەو سەردەمەدا دژی گەلی کورد، بەدرخانییەکان بۆ ڕێگاگرتن و بەرەنگاربوونەوەی ئەو سیاسەتە بێ لایەن و بێ دەنگ نەوەستان، بەڵکو بە چەندین چەشنە خەباتی جیاواز بەرەنگاری بوونەتەوە، لە لایەکەوە بەشداریان لە شۆڕشەکانی شێخ سەعیدی پیران و ئارارات کرد، لەلایەکی دیکەوە خەریکی دامەزراندنی کۆمەڵەی خوێبوون بوون. لەگەڵ ئەوەشدا مەیدانی خەباتی رۆشنبیریان چۆڵ نەکرد. بەدرخانیان بەپێی بارودۆخ خەباتیان دەکرد، ئەگەر کەش و باری وڵات ئارام با ئەوان خەباتی سیاسی و جەماوەری و رۆشنبیریان دەکرد. ئەگەر لە نیشتمان ئاوارەو دەربەدر کرابان ئەوان زیاتر گرنگییان بە خەباتی رۆشنبیری و دبلۆماسی دەدا. هەروەکو ئاشکرایە، دوای ئەوەی شۆڕشی شێخ سەعیدو ئارارات شکستی هێنا، جارێکی دیکە بەدرخانییەکان ئاوارەی دەرەوەی کوردستان بوون، دەستیان کرد بە خەباتی رۆشنبیری و گەشترین ڕووی ئەم خەباتە مەیدانی رۆژنامەگەری بوو کە درێژەیان بە ڕێبازی بنەماڵەکەیان داوە.

سینەم خان جەلادەت بەدرخان

گۆڤاری هاوار لە ساڵی ١٩٣٢ قۆناغێکی دیکەی کاروانی رۆژنامەگەری کوردی بە گشتی و رۆژنامەگەری بەدرخانیان بە تایبەتی بووە

بڵاوکردنەوەی گۆڤاری هاوار لە ساڵی ١٩٣٢ قۆناغێکی دیکەی کاروانی رۆژنامەگەری کوردی بە گشتی و رۆژنامەگەری بەدرخانیان بە تایبەتی بووە. خاوەنی گۆڤاری هاوار «لە ڕۆژی ١٩٣١/١٠/٢٦ ڕەزامەندی حکومەتی سوریای وەرگرت بۆ بڵاوکردنەوەی گۆڤاری هاوار، بەڵام بەهۆکاری ئابووری، دەرچوونی ژمارەی یەکەمی گۆڤارەکە نزیکەی حەفت مانگ دواکەوت».

ژمارەی یەکەمی هاوار لە ڕۆژی یەکشەممەی ١٥ی گوڵانی ساڵی ١٩٣٢ دەرچووە، خاوەن و سەرنووسەرەکەی

میر جەلادەت ئەمین عالی بەدرخان بووە، هاوار لە یەک کاتدا بە دوو شێوە ئەلف و بێ، ئەلف و بێی عەرەبی و لاتینی دەردەچوو. یەکەمین گۆڤاری کوردییە کە ئەلف و بێی لاتینی بە کار هێنا و ە. دیسان هاوار لە یەک کاتدا بە دوو زمانیش دەردەچوو، زمانی کوردی و زمانی فەرەنسی.

ڕیزی دواوە لەڕاستەوە: حاجۆ حاجۆ – جەمیل ئاغا حاجۆ – جگەرخوێن – مەجید حاجۆ.
ڕیزی پێشەوە لەڕاستەوە: حەسەن ئاغا حاجۆ – میر جەلادەت بەدرخان – حاجی عەبدولکەریم.

دەربارەی پێناسەو ڕێبازی هاوار، سەرنووسەری گۆڤارەکە، لە (ژ١، ل١)، وتارێکی لەژێر ناونیشانی (ئارمانج، ئاوایێ خەبات و نقیساندنا هاواریێ) بلاوکردۆتەوەو لە دەستپێکی وتارەکەدا هاتووە: «هاوار دەنگێ زانینێ یە. زانین خوەناسینە، خوەناسین ژ مەرە ڕێ یا فەلات و خوەشیێ قەدکە. هەر کەسێ خوەناس دکە» دکارە خوە بدەناسکرن.

هاوارا مە بەری هەر تشتێ هەیینا زمانێ مەدێ بدەناسکرن. لەوما کو زمان شەرتا هەبنیێ ئا پێشینە.

هاوار ژوو پێڤە ب هەر تشتێ کو کوردانی و کوردیتی پێ بەندەوارە، دێ مژوول ببە. تنێ سیاسەت ژێ دوورە، خوە نائێخە سیاسەتێ».

گۆڤاری هاوار لە شاری دیمەشق دەردەچوو، سەرجەم ژمارەکانی (٥٧) ژمارەیە. چەند جار لە بلاوبوونەوە وەستاوە، پاشان جارێکی دیکە بەردەوامی بە کاری خۆی داوە، تاکو ژمارە (٥٧) و کۆتایی لە ڕۆژی یەکشەممەی ١٥ی تەباخی (ئاب) سالی ١٩٤٣ دەرچووە.

خالێکی گرنگی گۆڤاری هاوار ئەوەیە، کە ڕەنگدانەوەیەکی ڕاستەقینەی ڕۆشنبیریی کوردی ئەو سەردەمەیەو هیواو مەبەستەکانی ڕۆشنبیرو نووسەرەکانی، کە دەربڕی ئامانجە سەرەکییەکانی گەلی کورد بووە، بە ڕوون و ئاشکرایی لەسەر لاپەڕەکانی هاوار دەخرانە ڕوو. هەروەها «گۆڤاری هاوار وەنەبێ تایبەت بێ بە ناوچەیەکی تەسکی کوردستان و تەنها چەند نووسەری زارێکی کوردی تێیاندا نووسیبێ، بەڵکو پەل و پۆی بۆ هەموو لایەکی کوردستان هاویشتووەو نووسەرانی زۆربەی پارچەکانی کوردستان بەشداری

گۆڤاری هاوار لە شاری دیمەشق دەردەچوو، سەرجەم ژمارەکانی (٥٧) ژمارەیە. چەند جار لە بلاوبوونەوە وەستاوە، پاشان جارێکی دیکە بەردەوامی بە کاری خۆی داوە، تاکو ژمارە (٥٧) و کۆتایی لە ڕۆژی یەکشەممەی ١٥ی تەباخی (ئاب) سالی ١٩٤٣ دەرچووە

نووسینی بابەتەکانیان کردووە».

گرنگی و رۆڵی گەورەی گۆڤارەکە دەنگدانەوەیەکی زۆرباشی هەبووە، ئەو راستییەش لەو نامە و بابەتەنەدا ئاشکرا دەبێت، کە گەورە نووسەرانی کوردی ئەو سەردەمە بۆ ستایشی هاوار نووسیوویانە، وەکو گۆران و حامد فەرەج و جگەرخوێن و قەدری جان و هەندێکی دیکە. سەرەڕای ئەو نووسین و لێکۆڵینەوانەی دەربارەی هاوار ئەنجام دراون.

* زانیارییەکانی ئەم بابەتە سەبارەت بە گۆڤاری (هاوار) لە کتێبی «رۆڵی بنەماڵەی بەدرخانییەکان لە رۆژنامەگەریی کوردیدا» کە لە نووسینی «عەبدولسەمەد ئیسلام دۆسکی، سلێمانی ٢٠١٠» وەرگیراوە.

– سینەم خان جەلادەت بەدرخان، کچی میر جەلادەت بەدرخانە، لە ساڵی ١٩٣٨ لە شام لەدایک بووە، کە تەنیا دوو خوشک و برایەک بوون (سینەم، ئوسەیماو د. جەمشید)، د. جەمشید لە ساڵی ١٩٩٩ لە ئەڵمانیا کۆچی دوایی کرد، لەدوای خۆیشی کوڕێک و کچێکی بەجێهێشت بەناوەکانی (کورد و ئەڤین)، ئێستا هەردووکیان لە ئەڵمانیا دەژین، هەروەها سینەم خان لە ژیانی خۆیدا خزمەتێکی زۆری بەم بواره گەیاندووە، هاوسەری نووسەرو رووناکبیر سەلاح سەعدوڵڵابوو، کە لە ٢٠٠٧/١٠/١٨ کۆچی دوایی کرد، سینەم خان کوڕو کچێکی هەیە بەناوەکانی (ئازاد و دڵناز)، سینەم خان ئێستا لە شاری هەولێر ژیان بەسەر دەبات.

* ژمارەکانی گۆڤاری هەوار (لە ژمارە ١ تا ٢٣) لە چاپخانەی تەرەقی لە شام چاپکراوە و ژمارە (٢٤) لە چاپخانەی (المضحک المبکي)– شام چاپکراوە هەروەها ژمارەکانی (٢٥ و ٢٦) لە چاپخانەی تەرەقی – شام چاپکراوە ژمارە (٢٧ و ٥٢) لە چاپخانەی سەباتی – شام، چاپکراوە (٥) ژمارەی دوایش واتە لە ژمارە (٥٣ تا ٥٧) کە چاپخانەی تەرەقی – شام ساڵی ١٩٤٢ چاپکراوە

** کورتەی ژیانی میقداد – مەدحەت بەدرخان:

(میقداد مەدحەت) ناوێکی لێکدراوە، کوڕی میر بەدرخان پاشا بووە، ساڵی لە دایکبوون و کۆچی دوایی نەزانراوە. هەندێ سەرچاوە باسی ئەوە دەکەن، کە لە ساڵی ١٨٨٩ میقداد مەدحەت و ئەمین عالی بەدرخان هەوڵیان داوە راپەڕینێک لە ناوچەی (تەرابزوون) بەرپا بکەن، بەڵام پلانەکەیان سەرنەکەوتوو، هەردوو برا بە دیلی کەوتنە دەستی هێزەکانی دەوڵەتی عوسمانی و زیندانی کران. پاشان نیشتەجێی کوتەکی (الاقامه الجبریه) یان لەسەر سەپێنرا. هەندێ سەرچاوەی دیکە ئاماژە بەوە دەکەن، کە لە ساڵی ١٨٩١ چۆتە میسرو نەخۆشی سیلی هەبووە. لە ساڵی ١٨٩٨ لە شاری قاهیرە پێنج ژمارەی لە رۆژنامەی کوردستان بڵاوکردەوە، پاشان بە ناچاری و لەژێر فشاری دەوڵەتی عوسمانی گەڕایەوە بۆ شاری ئەستەنبوڵ.

میقداد مەدحەت بەدرخان یەکێک بووە لە ئەندامە چالاکەکانی حزبی ئیتحادو تەرەقی، هەروەها لە ساڵی ١٩١٠ دا، بەشداری لە دامەزراندنی (جەمعیەتی نەشری مەعاریفی کوردی) کردووە لە شاری ئەستەنبوڵ. بەپێی گێڕانەوەی نووری دەرسیملی لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا، میقداد مەدحەت لە ساڵانی ١٩١٢ – ١٩١٣ بوەتە پارێزگاری شاری دەرسیم. چەندین وتاری جۆراو جۆری لە ژمارەکانی (١ – ٥)ی رۆژنامەی کوردستان بڵاوکردۆتەوە، هەروەها وتاری لە گۆڤاری (رۆژی کورد) لە ساڵی ١٩١٣ بڵاوکردۆتەوە.

میقداد مەدحەت بەدرخان جگە لە زمانی کوردی، زمانی تورکی و عەرەبی و فەرەنسیشی زانیووە.

*** کورتەی ژیانی عەبدولرەحمان بەدرخان:

عەبدولرەحمان کوڕی میر بەدرخان پاشایەو برای میقداد مەدحەت بەدرخانە. زانیاریی ورد دەربارەی ساڵی لە دایک بوون و سەردەمی منداڵی و لاوێتی نییە، بەڵام پێش ئەوەی ئەستەنبوڵ بەجێ بێڵێت و دەربەدەر بێت بەڕێوەبەر بووە لە وەزارەتی رۆشنبیری. دەربارەی ساڵی دەربەدەربوون و پەیوەندی عەبدولرەحمان بەدرخان بە حیزبی ئیتحادو تەرەقی، د. فەرهاد پیربااڵ دەڵێت: «وا پێدەچێت عەبدولرەحمان بەدرخان لە ساڵی ١٨٩٤

لەولاوە، لەگەڵ د. عەبدوڵڵا جەودەت و د. ئیسحاق سکووتی رووبان کردبێتە ئەوروپا (فەرەنساو سویسراو بریتانیا). ئەمەش چونکە لە ساڵی ١٨٩١دا، زۆربەی ئەندام و شانە حزبیەکانی ئیتحادو تەرەقی لە ئەستەنبوڵ کەشف بوون. بەشێکی زۆر لە ئەندامەکانیان رایان کردە قاهیرەو لەندەن و پاریس بۆ ئەوەی درێژە بە خەباتی خۆیان بدەن. لەوێش ئەو ئەندام و بەرپرسیارە حزبییانەی ئیتحادو تەرەقی، تەنانەت لە ئاستی ئەندامانی سەرکردایەتیشیاندا، ژمارەیەکی زۆریان کورد بوون».

عەبدولرەحمان بەدرخان کاتێ چووە دەرەوە گەیشتە ریزەکانی نیشتمانپەروەران و دژی فەرمانڕەوایی سوڵتانی عوسمانی خەباتی کرد، هەر لەبەرئەوەش سوڵتان هەوڵی زۆری دا بۆ گەڕاندنەوەی عەبدولرەحمان بەدرخان بۆ وڵات، بەڵام هەموو هەوڵەکانی سوڵتان و دارودەستەکەی سەری نەگرت و ناوبراو زیاتر رژد بوو لەسەر هەڵوێستی خۆی.

هەر لەبەرئەو هەڵوێستە نەگۆڕەی لە ساڵی ١٩٠٠ دادگایەکی عوسمانی بەشێوەی غیابی دادگایی عەبدولرەحمان بەدرخان دەکات و بڕیاری زیندانکردنی هەتاهەتایە بۆ دەردەچێت لەگەڵ دەست بەسەرداگرتنی هەموو سەروەت و سامانی و بێ بەشکردنی لە میرات.

لە رۆژی (٤) شوباتی ساڵی ١٩٠٢ دا یەکەمین کۆنگرەی (ئیتحادو تەرەقی) لە پاریس بەسترا، عەبدولرەحمان بەدرخان لەگەڵ حیکمەت بابان وەکو نوێنەرانی نەتەوەی کورد بەشداریان لەم کۆنگرەیەدا کرد. هەروەها لە رۆژانی (٢٧ – ٢٨) کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٠٧ کۆنگرەی تورکە لاوەکان بەسترا، دیسان عەبدولرەحمان بەدرخان وەکو نوێنەری گەلی کورد تیادا بەشداربووە. لە ساڵی ١٩٠٨ دوای راگەیاندنی شۆڕشی دەستووری لە تورکیا دەگەڕێتەوە بۆ ئەستەنبوڵ، لەوێ قوتابخانەیەک بۆ منداڵانی کورد لە گەڕەکی (چەنبەرلی تاش) و لە شەقامی دیوانلی لەژێر ناوی (قوتابخانەی مەشروتیەت) دەکاتەوەو ئەو خۆی دەبێتە بەڕێوەبەری قوتابخانەکە، «بە زمانی کوردی دەرس بە منداڵانی کورد دەڵێتەوە مانگانە خەرجی قوتابخانەکە دەدات و پێویستییەکانی دابین دەکات». ماوەی نێوان هەردوو ژمارەی (٥ و٦)ی رۆژنامەی کوردستان زیاتر لە سێ مانگ دەخایەنێت، لەو ماوەیەدا عەبدولرەحمان بەدرخان دەبێتە سەرنووسەری رۆژنامەکە، تاکو ژمارەی کۆتایی. رۆژنامەی کوردستان لە شاری قاهیرە بۆ شاری جنێف گواستراوەتەوە، واتە هەر پێنج ژمارەی کە میقداد مەدحەت بەدرخان سەرنووسەری بووە لە شاری قاهیرە دەرچووە، بەڵام دوای گەڕانەوەی بۆ ئەستەنبوڵ، عەبدولرەحمان بەدرخان بووە بە سەرنووسەری رۆژنامەکە کە لە چەندین جێگای جیاجیا گواستراوەتەوە وەکو جنێف و قاهیرە و لەندەن و فۆلکستون.

خاڵێکی دیکە هەیە، کە دەبێت ئاماژەی بۆ بکەین لە (ژ١٨، ل١)ی رۆژنامەی کوردستاندا عەبدولرەحمان بەدرخان ئاشکرای دەکات، کە لەسەر داوای خەڵک بە نیازە نیوەی رۆژنامەکە بە زمانی تورکی بڵاوبکاتەوەو لەم کارەدا خوارزاکەی کە ناوی (فەوزی بەگە) یارمەتی دەدات. لە (ژ٦، ل٢) دوای ئەوە، کە دەبێتە سەرنووسەر، عەبدولرەحمان بەدرخان وتارێک دەنووسێت و تیادا داکۆکی لەسەر گرنگی زانست و فێرکردن دەکات و ئاماژە بەوە دەکات، کە لەم بوارەدا گەلی کورد زۆر دواکەوتووە، لەبەرئەوە پێویستە هەموو مرۆڤێکی کورد بایەخ بە بابەتەکە بدات.

کوڤارا هاوار

خودەی و مدیریێ بەرپرسیار: میر جەلادەت نالی بەدرخان

ژمارا کوڤاریێ	رۆژ و میژوویا دەرچوونێ	هژمارا روپەلا	جهێ دەرکەفتنێ	سال	جۆرێ نەلف و بێ	ژمارا وێنا	ژمارا هەوالا	ژمارا گوتارا	ژمارا بانگەشە	تێبینی
١	١٥ گولان ١٩٣٢ یەکسەمب	٢٠ ١١ لاتینی	چاپخانا تەرەقی- شام	١	عەردبی و لاتینی			٥	—	
٢	١ حزیران ١٩٣٢ ژارشەمب	١٦ ١٠ لاتینی	چاپخانا تەرەقی- شام	١	عەردبی و لاتینی		١	٤	٢	
٣	١٥ حزیران ١٩٣٢ چارشەمب	١٦ ١١ لاتینی	چاپخانا تەرەقی شام	١	عەردبی و لاتینی			٥	٣	
٤	٣ تیرمەھ ١٩٣٢ یەکشەمب	١٦ ٩ لاتینی	چاپخانا تەرەقی شام	١	عەردبی و لاتینی			١	٣	هەتافێ هەژماریێ لژنرتافێ کومەلا کوردی دەردکەفت
٥	٢٠ تیرمەھ ١٩٣٢ چارشەمب	١٦ ١١ لاتینی	چاپخانا تەرەقی شام	١	عەردبی و لاتینی	١ وێنە		٤	٤	ل ڤێ هەژماریێ بەیڤا (کوڤار) یکارتینانە
٦	٨ تەباخ ١٩٣٢ دووشەمب	١٦ ١٠ لاتینی	چاپخانا تەرەقی شام	١	عەردبی و لاتینی			٥	٤	
٧	٢٥ تەباخ ١٩٣٢ پێنج شەمب	١٦ ٩ لاتینی	چاپخانا تەرەقی - شام	١	عەردبی و لاتینی			٦	٤	
٨	١٢ ئیلون ١٩٣٢ دووشەمب	١٦ ١١ لاتینی	چاپخانا تەرەقی - شام	١	عەردبی و لاتینی		١	٥	٤	
٩	٣٠ ئیلون ١٩٣٢ ئیتی	١٦ ٩ لاتینی	چاپخانا تەرەقی - شام	١	عەردبی و لاتینی	١ وێنە		٥	٤	
١٠	٢٣ جریابەریێ ١٩٣٢ یەکشەمب	١٦ ٨ لاتینی	چاپخانا تەرەقی شام	١	عەردبی و لاتینی		٢	٥	٣	
١١	١٠ جریاباشێ ١٩٣٢ پێنج شەمب	١٦ ٨ لاتینی	چاپخانا تەرەقی شام	١	عەردبی و لاتینی	٤ وێنە		٣	٣	
١٢	٢٧ جریاباشێ ١٩٣٢ یەکشەمب	١٦ ٨ لاتینی	چاپخانا تەرەقی - شام	١	عەردبی و لاتینی			٦	٣	
١٣	١٤ جلەیێ بەرێ ١٩٣٢ شەمبێ	١٦ ١٠ لاتینی	چاپخانا تەرەقی - شام	١	عەردبی و لاتینی	١ وێنە		٥	٣	
١٤	٣١ جلەیێ بەرێ ١٩٣٢ شەمبی	١٦ ٨ لاتینی	چاپخانا تەرەقی - شام	١	عەردبی و لاتینی			٥	٣	
١٥	٢٣ جلەیێ پاشێ ١٩٣٢ دووشەمب	١٦ ٩ لاتینی	چاپخانا تەرەقی شام	١	عەردبی و لاتینی			٦	٣	

ژمارا گۆشاری	رۆژێ میژوویا دەرچوونێ	هژمارا رۆپەڵا	جهێ دەرکەفتنێ	سال	جۆرێ نەفەرو بێ	ژمارا وێنا	ژمارا هەوالا	ژمارا گوتارا	ژمارا بانگەشە	تێبینی
١٦	١٥ سبات (گەجوك) ١٩٣٢ دووشەمب	١٦ ١٠ لاتینی	چاپخانا تەرەقی ـ شام	١	عەرەبی و لاتینی		٢	٢	٢	
١٧	٦ ئادار ١٩٣٢ دووشەمب	١٦ ٩ لاتینی	چاپخانا تەرەقی شام	١	عەرەبی و لاتینی			٥	٢	
١٨	٢٧ ئادار ١٩٣٢ دووشەمب	١٦ ٨ لاتینی	چاپخانا تەرەقی شام	١	عەرەبی و لاتینی			٥	٢	
١٩	١٧ نیسان ١٩٣٣ دووشەمب	١٦ ٨ لاتینی	چاپخانا تەرەقی شام	١	عەرەبی و لاتینی			٦	٢	
٢٠	٨ گولان ١٩٣٣ دووشەمب	١٦ ٧ لاتینی	چاپخانا تەرەقی شام	١	عەرەبی و لاتینی		١	٢	٢	
٢١	٥ حزیران ١٩٣٣ دووشەمب	١٦ ٧ لاتینی	چاپخانا تەرەقی ـ شام	٢	عەرەبی و لاتینی		١	٣	٢	
٢٢	١ تیرمەهـ ١٩٣٣ دووشەمب	١٦ ٧ لاتینی	چاپخانا تەرەقی ـ شام	٢	عەرەبی و لاتینی		١	٤	٢	
٢٣	٢٥ تیرمەهـ ١٩٣٣ سێ شەمب	١٦ ٧ لاتینی	چاپخانا تەرەقی شام	٢	بە لاتینی			٣	—	هەتاڤێ هەژماریێ بە دوو ل ڤێ هەژماریێ هەمی بە ئەلفو بێیا لاتینی دەرکەفت حوزێرێن ئەلفو بێ دەرکەفت
٢٤	١ نیسان ١٩٢٤ یەکشەمب	١٦ هەمی لاتینی	چاپخانا (النضحت المیکی) شام ١٩٣٢	٢	عەرەبی و لاتینی	١ وێنە		٢	—	
٢٥	١٩ تەماخ ١٩٢٤ یەکشەمب	١٦ هەمی لاتینی	چاپخانا تەرەقی شام	٢	عەرەبی و لاتینی			١	—	
٢٦	١٨ تەماخ ١٩٢٥ یەکشەمب	١٦ هەمی لاتینی	چاپخانا تەرەقی ـ شام	٤	عەرەبی و لاتینی					
٢٧	١٥ نیسان ١٩٤١ سێ شەمب	١٦ هەمی لاتینی	چاپخانا سەباتێ شام ١٩٤١	٩	عەرەبی و لاتینی		٢	٣	١	
٢٨	١٥ گولان ١٩٤١ پێنج شەمب	١٦ هەمی لاتینی	چاپخانا سەباتێ شام ١٩٤١	٩	عەرەبی و لاتینی			٣	١	
٢٩	١٥ حزیران ١٩٤١ سێ شەمب	١٦ هەمی لاتینی	چاپخانا سەباتێ شام ١٩٤١	٩	عەرەبی و لاتینی			٣	١	
٣٠	١ تیرمەهـ ١٩٤١ سێ شەمب	١٦ هەمی لاتینی	چاپخانا سەباتێ شام ١٩٤١	٩			١	٥	١	
٣١	١ تەماخ ١٩٤١ ئینی	١٦ هەمی لاتینی	چاپخانا سەباتێ شام ١٩٤١	٩			١	٣	١	
٣٢	١ ئیلول ١٩٤١ دووشەمب	١٦ هەمی لاتینی	چاپخانا سەباتێ شام ١٩٤١	٩			٢	٥	١	
٣٣	١ حوبا پێشین ١٩٤١ چارشەمب	١٦ هەمی لاتینی	چاپخانا سەباتێ شام ١٩٤١	٩			٢	٣	١	
٣٤	١٥ حوبا پێشین ١٩٤١ چارشەمب	١٦ هەمی لاتینی	چاپخانا سەباتێ شام ١٩٤١	٩			٣	٣	١	
٣٥	١٢ حوبا پاشێن ١٩٤١ چارشەمب	١٦ هەمی لاتینی	چاپخانا سەباتێ شام ١٩٤١	٩			١	٣	١	
٣٦	١ کانونا پێشین ١٩٤١ شەمبی	١٦ هەمی لاتینی	چاپخانا سەباتێ شام ١٩٤١	٩			١	٣	١	
٣٧	٢٠ کانونا پێشین ١٩٤٢ پێنج شەمب	١٦ هەمی لاتینی	چاپخانا سەباتێ شام ١٩٤١	٩			١	٤	١	

ژمارا کوڤاریٚ	رۆژو میٚژوویا دەرچوونیٚ	هژمارا روپەلا	جهیٚ دەرکەفتنیٚ	سال	جۆریٚ نەلەف و بیٚ	ژمارا ویٚنا	ژمارا هەوالاٚ	ژمارا گوتارا	ژمارا بانگەشە	تێبینی
٣٨	٢٢ کانونا پاشین ١٩٤٢ پێنج شەمب	١٦ هەمی لاتینی	چاپخانا سەبانیٚ شام ١٩٤١	١٠			١	٣	١	
٣٩	١٥ شبات ١٩٤٢ یەکشەمب	١٢ هەمی لاتینی	چاپخانا سەباتیٚ شام ١٩٤٢	١٠			٢	٣	١	
٤٠	٢٨ شبات ١٩٤٢ شەمبی	١٢ هەمی لاتینی	چاپخانا سەباتیٚ شام ١٩٤١	١٠			١	٣	١	
٤١	١٥ نادار ١٩٤٢ یەکشەمب	١٢ هەمی لاتینی	چاپخانا سەباتیٚ شام ١٩٤١	١٠			٢	٢	١	
٤٢	١٥ نیسان ١٩٤٢ چارشەمب	١٢ هەمی لاتینی	چاپخانا سەباتیٚ شام ١٩٤١	١٠		١ وێنە	١	٢	١	
٤٣	٥ گولان ١٩٤٢ سیٚ شەمب	١٢ هەمی لاتینی	چاپخانا سەباتیٚ شام ١٩٤١	١٠			١	٣	١	
٤٤	٢٠ گولان ١٩٤٢ چارشەمب	١٢ هەمی لاتینی	چاپخانا سەباتیٚ شام ١٩٤١	١٠			١	١	١	
٤٥	٢٠ حزیٚران ١٩٤٢ شەمبی	١٦ هەمی لاتینی	چاپخانا سەباتیٚ شام ١٩٤١	١٠			١	٢	–	بەرگیٚ سینگی و دوماهیٚ نینە
٤٦	١٠ تیرمەه ١٩٤٢ ئینی	٨ هەمی لاتینی	چاپخانا سەباتیٚ شام ١٩٤١	١٠			١	٢	–	بەرگیٚ سینگی و دوماهیٚ نینە
٤٧	٢٥ تیرمەه ١٩٤٢ شەمبی	٨ هەمی لاتینی	چاپخانا سەباتیٚ شام ١٩٤١	١٠			١	٢	–	بەرگیٚ سینگی و دوماهیٚ نینە
٤٨	١٥ تەباغ ١٩٤٢ شەمبی	٨ هەمی لاتینی	چاپخانا سەباتیٚ شام ١٩٤١	١٠			١	٢	–	بەرگیٚ سینگی و دوماهیٚ نینە
٤٩	١٥ نیلون ١٩٤٢ سیٚ شەمب	١٢ هەمی لاتینی	چاپخانا سەباتیٚ شام ١٩٤١	١٠			٢	٤		بەرگیٚ سینگی و دوماهیٚ نینە
٥٠	١٥ جریا پێشین ١٩٤٢ پێنج شەمب	٨ هەمی لاتینی	چاپخانا سەباتیٚ شام ١٩٤١	١٠			١	١	–	بەرگیٚ سینگی و دوماهیٚ نینە
٥١	١٥ جریا پاشین ١٩٤٢ یەکشەمب	١٢ هەمی لاتینی	چاپخانا سەباتیٚ شام ١٩٤١	١٠			١	٢	–	بەرگیٚ سینگی و دوماهیٚ نینە
٥٢	٢٠ کانونا پاشین ١٩٤٢ چارشەمب	١٦ هەمی لاتینی	چاپخانا سەباتیٚ شام ١٩٤١	١٠			—	٦	–	بەرگیٚ سینگی و دوماهیٚ نینە
٥٣	١٥ نادار ١٩٤٣ دووشەمب	٨ هەمی لاتینی	چاپخانا تەرهقیٚ شام ١٩٤٣	١١			١	٢	–	بەرگیٚ سینگی و دوماهیٚ نینە
٥٤	١٥ گولان ١٩٤٢ شەمبی	٨ هەمی لاتینی	چاپخانا تەرهقیٚ شام ١٩٤٣	١١			—	٣	–	بەرگیٚ سینگی و دوماهیٚ نینە
٥٥	١٥ حزیران ١٩٤٣ شەمبی	٨ هەمی لاتینی	چاپخانا تەرهقیٚ شام ١٩٤٣	١١			—	٢	–	بەرگیٚ سینگی و دوماهیٚ نینە
٥٦	١٥ تیرمەه ١٩٤٣ پێنج شەمب	٨ هەمی لاتینی	چاپخانا تەرهقیٚ شام ١٩٤٣	١١			—	٢	–	بەرگیٚ سینگی و دوماهیٚ نینە
٥٧	١٥ تەباغ ١٩٤٢ یەکشەمب	٨ هەمی لاتینی	چاپخانا تەرهقیٚ شام ١٩٤٣	١١			١	٢	–	بەرگیٚ سینگی و دوماهیٚ نینە
٥٧		سەرجەم/ ٨١٦ روپەل			سەرجەم/ ٩ وێنە		٤٠ هەوال	١٩٩ گوتار	٨٥ بانگەشە	



بەرگی دەفتەری خەرجییەکانی گۆڤاری (هاوار)



Halin

		L. S.
Ji	bordêlên	girîyanîyên 50
2un	dîstanê	
Dîsan	ji wan	berdêlay 43, 50
		93 50

			L. S.
Gulan	Gulan	1932	
3	Berdêla	gîştînega ~~251~~ (349)	15.
24	Berdêla	gîştînên: 301, 302, 303, 304, 305, 306, 307,	30
			45
26	Berdêla	stûkurna 308	3
			48

هەواڵنامەی کتێب



Cartons : 380 p. — L. S.

150 p. 21 × 25
30 p. 10 × 16
200 p. 10 × 14,5 — 38

~~Nbre~~

~~Abs~~ Comp. ~~Imps~~

Jardin d'enfants Carnets :			25
Cartons p. 100. 24 × 13			7
Bull. appréciation	comp. / 2	imp. / 2	10
جدول الدرجات	2	2	15
Absences no! 18	4	4	50
			195

rayé

Tableau d'honneur	comp.	imps.	10
Bonbonnières 200	2	2	15
No! 26 Relevé des notes	2	2	40
No! 25 Semaine du	1	2	20
No! 8 Fiche d'inscription	2	2	25
No! 33	2	2	15
No! 34	2	2	10
Conférences	2	2	15
			150

rayé



Cigiya Pêşin
15 pûlên postê 20, 50 597,13
18 50 kilo kaxez 1, 25
" hemalî 30, 50 —
20 ji Mihemed re 00, 35 —
ji Osman Sebrî re 1, 00 —
di maha Hijêrandê 15, 00 —
29 ji Selah re 10, 00 —
29 ji Mihemed re 2, 00 —
30 ji Selah re 2, 00 —
" çapa (36) 6, 00 —
" kaxeza spî 3, 00 —
96, 20 96,20
693,83

Kanûna Pêşin
2 Hegê o dê 2, — —
" pûlên postê 0, 65 —
4 ji Mihemed re 1, — —
8 Rejû 0, 50 —
12 ji Mihemed re 1, — —
10, 15

هەوالنامەی کێبڕکێ



Jaban Tirmeh 423,25
1 capa. hej 30 6
6 Kirê odê ½
11 ji Mihemed re 1, 80
14, 80 14, 80
438,05

Tebax
Kirê odê ½
capa hej 31 6
ji Selah re 10
Kareza çemê 16
Kaxez 22 kîlo 54, 30
ji Mihemed re 3
96, 30 96, 30
534,35

Îlon
Kirê odê ½
capa hejm. 32 6
10 ji Selah re 3
15 ji Selah re 5
~~22 ji Selah re 3~~
28 ji Mihemed re 3
29 capa hejm 33 6
30
564,35



1941

hîsab	L. S.
Semînak	100
ji xwediyê çaxanê	5
Jahazina hîsab	1, 45
— ji xwediyê çaxanê	4
— Maze	6, 20
- 126 k. Kasej	92,
/ ji Sibhîne	5,
/ Kasepa cem	14,
" " bor	4, 20
" spî	2, 50
126 k Kasej	92,
hemalî	00, 35
/ ji Sibhîne	5
/ ji Sibhîne	5
/ ji Sibhîne	3
	352, 20

هەوالنامەی کتێب



Gulan 352, 40
6 ji Sibhî re 5 4
4 Pûtên Postê 1 —
8 kirê odê 4 —
1 çapa hej 24 6 —
4 çapa ginîne kan 2 6
10 Pûl 1 —
16 ji Sibhî re 4 2
17. çapa hej 28 6 5
23 ji Sibhî re 3 4
30 " " 4 3 4
38 38,
390, 40

Hizîran
6 ji Sibhi re — 5
4 ji Mihemed re — 0, 50
9 hegê odê — 4,
4 hejm. 29 — 6 —
4 kaxeza opî 3, 25
12 ji Sibhî re — 5
26 " " " — 5
4 ji Mihemed re — 0, 80
32, 55 32, 55
423, 25



هەوالنامەی کێبڕکێ


Arkur - Probolcain
Hawar
La Cuentian kunde
Chemicid (3)
Rêjgan (3)
Rûjnel (3)
Mirêj
Dilê karîn min
150
150
50
18
2,50
15
6
9
255



هەوالنامەی کتێب




156
prverbe, dicton, maxime, pensée
نقل للبون
رضيعه حلمى
هه‌والنامه‌ی کتێب



مجلس نقابة المحامين
في بيروت
CONSEIL DE L'ORDRE DES AVOCATS
BEYROUTH

شهادة

ان الاستاذ جلادت علي بدرخان المحامي مقيد بجدول المحامين العاملين في نقابة المحامين لدى محكمة الاستئناف في بيروت .

١٦ ايلول ١٩٣٥

سكرتير مجلس النقابة

ادارة الحصر ذات المنفعة المشتركة للدخان والتنباك
في البلاد المشمولة بالانتداب الافرنسي
مصلحة المراقبة والتفتيش عن التهريب

بناء لقرار فخامة المفوض السامي رقم ١٦/ل و ر الصادر بتاريخ ٣٠ كانون الثاني سنة ١٩٣٥ واستناداً على المواد ٦٦ و٦٧ و٦٨ و٦٩ و٧٠ من القرار المذكور

ان السيد جلادت بدرخان المو... محامي
بتاريخ ١٨٩٣ والمقيم في ... بجانبه الذي حلف اليمين امام محكمة ... بتاريخ ٥ ايلول ١٩٢٥
قد ولج بالبحث والتفتيش عن تهريب الدخان والتنباك والقاء الحجز عند الاقتضاء .

لذلك يرجو محتكر الدخان والتنباك في اراضي الانتداب الافرنسي وعند الحاجة يطلب شرعاً من السلطات المحلية وكافة ماموري القوة العامة ان يمدوا له يد المعونة والمساعدة .

LE DIRECTEUR GÉNÉRAL

ETATS DU LEVANT
SOUS MANDAT FRANÇAIS

RÉGIE CO-INTERESSÉE
DES TABACS & TOMBACS

SURVEILLANCE
ET RECHERCHE DE LA FRAUDE

N° 18 /D

Mr. Djeladet Bedir Khan
né à 1893 à
le Mardin

dont la photographie est ci-contre, ayant prêté serment par devant le Tribunal de Damas en date du 5 Septembre 1935, a qualité pour rechercher et constater la fraude en matière de tabac et tombac et effectuer toutes saisies le cas échéant. En conséquence et conformément aux articles N° 66, 67, 68, 69, 70 et 71 de l'arrêté N° 16 /LR du 30 Janvier 1935 du Haut-Commissaire de la République Française,

LE REGISSEUR DU MONOPOLE DES TABACS & TOMBACS DES ETATS SOUS MANDAT FRANÇAIS:

Prie, et le cas échéant requiert les autorités locales et tous agents de la Force Publique de prêter main forte, aide et assistance à l'agent ci-dessus désigné, en cas de besoin.

Beyrouth, le 16 Septembre 1935

LE DIRECTEUR GÉNÉRAL

پێناسی میر جەلادەت بەدرخان کاتێک پشکنەر دەبێت لە ساڵی ١٩٣٥ لە فەرمانگەی تووتن









بەشێک لە بەرهەمەکانی (میر جەلادەت بەدرخان)

ڕێژیار

گۆڤارێکی پەروەردەیی، کولتووری، ئەدەبی

ئازاد عەبدولعەزیز

گۆڤاری ڕێژیار، لە دەڤەری مـزووری باڵا لە ناوچەی بارزان، کە شـوێنێکی سـەختی شاخاوییە، لە سەر دەستی چەند مامۆستایەکی سـەرەتایی و ناوەندی دەرچوو، سـەرەڕای تەمەن کورتـی توانی ببێتە دایـک بۆ چەند ڕۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوەی دیکە لە بواره جیاجیایەکان لـە دەڤەرەکەدا، چونکە توانی خزمەتێکی هەژی و بەرچاو بە ڕۆشـنبیران و نووسـەرانی ناوچەکە بکات، بۆیە شـایانی بەدواداچـوون و لێکۆڵینەوەیـە، تاوەکو لە فەوتان و لە بیرچوونەوە ڕزگاربێ، ناویشی لـە ڕووپەڕەکانـی مێـژووی ڕۆژنامەگەریی کوردیدا تۆماربکرێت.

پێناسە:

لەسەر بەرگ و لاپەڕەی یەکەمی ناوەوەی گۆڤاری ڕێژیاردا نووسراوە «گۆڤارێکی پەروەردەیی و ڕۆشنبیری گشتییە مانگی جارێک دەردەچێت، قوتابخانەی سەرەتایی و ناوەندی سێلکێ دەریدەکات»، لە ژمارە (٢)دا هەندێ گۆڕانکاری زمانەوانی بەسەر ئەم شوناسەدا هاتووە وەک: «گۆڤارێکی پەروەردەیی و ڕۆشنبیری گشتییە مانگی جارێک دەردەچێت، قوتابخانەی (سێلکێ ی سەرەتایی) و (ناوەندی سێلکێ) دەریدەکەن»، کەواتە گۆڕنکارییەکە بەسەر لێک جیاکردنەوەی هەر دوو قوتابخانەکە و هەروەها وشەی دەری دەکات هاتووە، کە لە ڕووی زمانەوانییەوە هەڵە بووە.

لە ژمارە (٣و٤)دا هەمان پێناسەی ژمارەی (٢)ی بۆ کراوە، بەڵام لە لاپەڕەی ناوەوەی ژمارە (٤)دا بەم شێوەیە پێناسەکراوە «بڵاوکراوەیەکی پەروەردەیی و ڕۆشنبیری گشتییە مانگی جارێک دەردەچێت، قوتابخانەی(سێلکێ ی سەرەتایی) و (ناوەندی سێلکێ) دەری دەکەن»، ئەوەی جێگای ئاماژەیە بڵاوکراوە و گۆڤار دوو بابەتی لێک جیان، بۆیە ئەم هەڵەیە لەوانەیە هەڵەی چاپ بێت، یانیش بۆ هۆکاری کەم ئەزموونی ئەوان بگەڕێتەوە، بەڵام ئەوەی من تێبینیم کردبێت، دەشێ ئەگەری دووەم ڕاستتر بێت، چونکە لە ژمارەکانی دیکەشدا هەمان هەڵە دەبینرێت. ئەمە لەلایەک، لەلایەکی دیکەوە، کەم ئەزموونی ئەوان لە سەرجەم ژمارەکانەوە بەرچاو دەکەوێت، کە ئەمە مانای ئەوە نییە، کە من لە نرخی بەرێوەبەرانی گۆڤارەکە کەم بکەمەوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە کاری سەرەتایی شتێکی ئاساییە ئەم کەموکوڕییانەی هەبێت.

لە ژمارە (٥)، کە دواین ژمارەیە، هەمان پێناسەی بۆ کراوە، کە لە ژمارە(٣) و (٤)دا هاتووە، هەروەها لە هەردوو ژمارەی ناوبراودا، لە ژێر لۆگویەکە بە ڕێنووسی لاتینی(Rêjyar) نووسراوە.

لە ژمارەی یەکەم و لاپەڕەی یەکەم، دیسان لۆگۆی گۆڤارەکە لەگەڵ پێناسەکە دەبینرێن، لەژێرەوەی پێناسەکە ئەم دێرە شیعرە (لاوی کورد بخوێنە خوێندن مەرهەمە بۆ زامی گول- تیشکی زانینە ئەودا ڕۆشن بە ئەستێرەی ئەمەل) بەرچاودەکەوێت، لە ژمارەکانی دیکەشدا، لە هەر ژمارەیەکدا، دێرە شیعرێکی شاعیرێکی گەورەی کوردیان داناوە، لەو دێرانەی پەیوەندی بە خوێندن و خوێندەوارییەوە

هەیە، وەک شـیعری (جگەرخوێن، بێکەس...تـاد)، دوای ئەمە ناوەڕۆکـی گۆڤارەکە دێت، کە لە سـەرجەم ژمارەکان لە ناو ناوەڕۆکـدا بابەتەکان بە جیا ڕێز کراون، واتە وەک ئەندێکس، نەک بابەتەکە نووسـرابێت و ناوی نووسـەریش بەرامبەری، بەڵکـو پێش ئەمە بابەتەکان دیارکـراون، ئینجا ناوی بابەتەکە دوای ناوی نووسەرەکە بەرامبەر بابەتەکەی دانراوە، ئەمەش کارێکی سـەردەمیانەیە، چونکە پێش ئەوەی خوێنەر بابەتەکە بخوێنێتـەوە بـۆی دیار دەبێت، کـە ئەمە کام ژانرە، واتە جۆرە ئاسـانکارییەکە بۆ خوێنەر تەنانەت بـۆ ئەوانەی دەیانەوێ لێکۆڵینەوەی لەسەر بکەن، یاخود ئەو کەسانەی دەیانەوێت ئەندێکسی بۆ دروست بکەن.

لـە لاپـەڕەی (١)دا: لـە لای ڕاسـتی گۆڤارەکە لاکێشەیەک، بە ستوونی کێشراوە، نـاوی خـاوەن ئیمتیاز و سەرنووسـەر و بەڕێوەبەری نووسین و دەستەی نووسەران لەگـەڵ نەخشەسـاز بـە دوای یەکـەوە ڕێزکراون. لە ژێر ئەم سـتوونەدا لە لایەن گۆڤارەکە ڕوونکردنەوەیەک خراوەتەروو، کە ئەمەش دەقەکەیە «ئەو بەرهەمانەی کە لەم ژمارەیەدا بڵاوکراونەتەوە گوزارشت لە ڕاوبۆچوونی نووسەرەکانیان دەکات» ئـەم ڕوونکردنەوەیـەش لەسـەرجەم ژمارەکاندا دووبارە کراوەتەوە.

ئامانج لە دەرکردنی ڕێژیار

وەک دیـارە هەر گۆڤـار و ڕۆژنامە و بڵاوکراوەیـەک ئامانجێکی تایبەتی لە پشتەوەیە، ڕێژیاریش وەک بڵاوکراوەیەک، ئامانجێکی تایبەت بە خۆی هەبووە، ئەویش بایەخدان بە کولتووری ناوچەکەیە، هەروەها گرنگی دان بە توانا و هۆشیارکردنەوەی گەنجان بە تایبـەت چینی قوتابیان، ئەمەش لـە بەرپەڕەکانی گۆڤارەکەدا ڕەنگـی داوەتـەوە، هاتوونە بـە زۆری بەرهەمـی گەنجانیان بڵاوکردۆتەوە، ئەمـەش وەک هاندەرێک، تاوەکو زیاتر بایەخ بە بواری ڕۆشنبیری بدەن و ئاستی خۆیان لەم لایەنەدا بەرز بکەن، هەروەها بڕەودانێکش بووە، بۆ ئاشنابوونیان بە بواری ڕۆژنامەگەری.

دەرچوونی گۆڤاری ڕێژیار

وەک ئەوەی لە پێناسەکەدا هاتووە، گۆڤارێکی مانگانەبووە، سـەرجەم ژمارەکانیـش لـەوادەی خۆیان دەرچوونـە، واتە

پچڕانیان لە نێوان نەبووە، وەکو لەم خشتەیەدا دەیبینین:

ژمارە	مێژووی کوردی	مێژووی زاینی
١	–	کانوونی یەکەم ٢٠٠١
٢	نەورۆزی ٢٧٠١	ئاداری ٢٠٠١
٣	–	نیسانی ٢٠٠١
٤	جۆزەردانی٢٧٠١	ئایاری٢٠٠١
٥	حوزەیرانی ٢٠٠١	–

ئەوەی شایانی باسە، لە ژمارە (١، ٣، ٥)دا مانگە کوردییەکان دانەنراون، بۆیە ئێمەش وەک خۆی هێشتمانەوە، هەروەک لە خشتەکەدا دەبینرێت.

لە ڕووی قەبارەوە

گۆڤاری ڕێژیار ژمارەکانی (١،٢،٤،٥) بە پێوانەی (٢٩/٥×٢٠/٥)سم دەرچوونە، ئەوەی تەنیا هەندێ جیاواز بێت، ژمارە (٣)ە، کە بە پێوانەی (٢٩/٧×٢٠/٥)سم دەرچووە. لە ڕووی ژمارەی لاپەڕەکانییەوە: ژمارە (١) بە (١٦) لاپەڕە، ژمارە (٢) بە (١٧) لاپەڕە، ژمارە (٣) بە (٢١) لاپەڕەوە ژمارە (٣) بە (٢٥) لاپەڕەوە ژمارە (١) بە (٢٤) لاپەڕەوە بڵاوبوونەتەوە، کە سەرجەم لاپەڕەکانی هەر پێنج ژمارە (١٠٣) لاپەڕە دەکات.

لە ڕووی نەخشەسازییەوە:

سەرجەم ژمارەکانی گۆڤاری ڕێژیار لە لایەن م.ڕوجوان سەعید نەخشەسازی بەرگی بۆ کراوە، ژمارە (١ و ٢ و٣) لە لایەن م.مەریوان عبدالرحمن ڕشید کاری پیتچنی بۆکراوە، ئەگەرچی ناوی لە ڕێزبەندی بەڕێوەبەرانەوە نەهاتووە، بەڵام لە ژمارە (سێ)دا لە لاپەڕەی (٢١) لە لایەن گۆڤارەوە سوپاس کراوە، هەروەک لە سوپاسنامەکەدا هاتووە م.مەریوان فەرمانبەری پەروەردەی مێرگەسۆر بووە، وەلێ لە ژمارەکانی دیکەدا، واتە (٤ و ٥) لە لایەن نووسینگەیەکی کۆمپیوتەر لە هەولێر بە ناوی شوێنی (ڕاستی بۆ کۆمپیوتەر) کاری پیتچنی و نەخشەسازی بۆ کراوە، تەنیا بۆ یەک نوسخە، دوای ئەمە بەڕێوەبەری نووسین لەسەر ئەم دانە ئەسڵییە لەسەر ئەرکی لە پەروەردەی مێرگەسۆر هەر یەکە (٩٠-١٠٠) دانەی لێ فۆتۆکۆپی کراوە.

بەڕێوەبەرانی گۆڤاری ڕێژیار

لە یەکەم ژمارەدا خاوەن ئیمتیاز: م.وەحید ڕەشید نوح، سەرنووسەر: م.شەمال ئەبوبەکر، دەستەی نووسەران: م.حەکیم محەمەد تاهیر، م.عیمران حەمە ئەحمەد بوونە. لە ژمارە (دوو)دا، گۆڕانکاری بەسەر گۆڤارەکەدا دێت، مەبەستمان لە ڕووی بەڕێوەبەرایەتی مینا: سەرنووسەر: م.شەمال ئەبوبەکر، بەڕێوەبەری نووسین: م.وەحید ڕەشید نوح، دەستەی نووسەران: م.حەکیم مەحمەد تاهیر، م.عیمران حەمە ئەحمەد دەبن.

لە ژمارەکانی دیکەشدا ئانکو (٣، ٤، ٥)یش وەک ژمارە (دوو) دابەزیون، کەواتە ئەوەی شایانی هەڵوەستەیە ئەوەیە کە لە ژمارە (دوو)دا خاوەن ئیمتیاز نامێنێ لە جیاتی ئەوە بەڕێوەبەری نووسین زیاد دەکرێت، کەوا لە ژمارە (یەک)دا نەبوو، ئەو کات م.وەحید ڕەشید نوح دەبێت بە بەڕێوەبەری نووسین، سەرەڕایی ئەوە دەورێکی سەرەکی دەبینی لە دەرکردنی گۆڤاری ڕێژیار. بۆیە لە چاوپێکەوتنێکدا لەم بارەیەوە پرسیارم لە م.نوح کرد، ئەویش ئەوەی بە من ڕاگەیاند، کە: «لە دەرکردنی ئەم گۆڤارەدا، هیچ خواست و ویستێکم نەبوو، تەنیا خزمەتکردنی باری پەروەردە و ڕۆشنبیری دەڤەرەکە و خۆم بە خەمخۆری دەڤەرەکە دەزانی». بۆیە کاتێ یەکەم ژمارەیان دەرکرد لەگەڵ ژمارە دوو لەسەر ئەرکی ئەو چاپکراون سەرباری ئەوەش پەیوەندی کردن بە نووسەران و گەڕان بە دوای چاپکردنی، کە من تێبینیم کرد و هەمووی ئەم کارانە لە ئەستۆی ئەو بووە، بۆیە خاوەنی ئیمتیاز بە ئەو دراوە، جا هۆکاری نەمانی لە خاوەن ئیمتیاز بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، ئەو برادەرانە، زۆر هاوکاریان کردووە، هەروەها بۆ ئەوەی ئەو هزرەش لە لای هەڤاڵانی دروست نەبێ، کە لە بەر پۆستێک

یاخود مەرەمێک بێ، بۆیە سەرنووسەری بە م.شەمال ئەبوبەکر، بەخشی و ئەویش وەک بەڕێوەبەری نووسین دەست بەکاربووە.

بابەتەکانی گۆڤاری ڕێژیار

بابەتەکانی ڕێژیار هەمەجۆرن وەک: وتار، هەواڵ و چالاکی، راپرسی، دیمانە و چاوپێکەوتن، ڕەخنەی ئەدەبی، بابەتی زمانەوانی، چیرۆک، لێکۆڵینەوە، شیعر، بابەتی وەرگێڕاو و بابەتی وەرزشی، بابەتی ڕەنگاوڕەنگ وەک: وشەی یەکتربڕ، گوتنێن مەزنان و بابەتی ئایا دەزانی، لەگەڵ هەندێ پیرۆزبایی کە بەبۆنەی دەرچوونی ئاراستەی گۆڤارەکە کراون.

لەم لێکۆڵینەوەیەدا، نامانەوێ لەسەر مژارەکانی گۆڤارەکە ڕابوەستین، یاخود بیانخەینە بەر باس و توێژینەوە، گەرنا بابەتی لاوازی و باشی تیا بەدی دەکرێت، بۆیە ئەمە بۆ ئەو کەسانە بەجێدێڵین کە دەیانەوێن لە ڕووی هەڵسەنگاندنی بابەتییەوە توێژینەوەی لەسەر ئەنجام بدەن.

تیراژی گۆڤاری ڕێژیار

لەبەر کەمی توانای دارایی، تیراژەکەی کەم بووە. ژمارە یەک (٥٠) دانە، ژمارە دوو (٧٠) دانە، کە بەڕێوەبەری نووسین لە سەر ئەرکی خۆی چاپی کردوون، هەر یەکە لە ژمارە (سێ، چوار)یش (٩٠)دانە، ژمارە (پێنج)یش (١٠٠) دانەی لێ چاپکراوە، ئەم سێ ژمارەی دوایی لە لایەن لێژنەی سەرپەرشتی پەروەردەی دەقەری بارزان هاوکاری کراون، بە تایبەت لێپرسراوی لیژنە (دلێر شێخ بارزانی) تەنانەت هانیداون بۆ بەردەوام بوونیان لەسەر دەرکردنی گۆڤارە، هەروەها ئەم گۆڤارە بە وەزیری ئەوکاتەی پەروەردەی ناساندووە تاوەکو لە لایەن وەزارەتەوە هاوکاری بکرێت، بۆ ئەوەی بەردەوام بێت لە دەرچوون، بەڵام لەوکاتەدا گۆڤاری ئاسۆی پەروەردە کە وەک زمانحاڵی وەزارەت بڵاودەبۆوە، وەزیر پێی باش نەبووە، گۆڤارێکی دیکە شانبەشانی ئاسۆی پەروەردە بهێتە وەشاندن، بەڵکو بە پێوستی زانیوە ئەوان هەماهەنگی لەگەڵ گۆڤاری وەزارەت بکەن و بابەت و کاروچالاکی خۆیان لە وێ بڵاوبکەنەوە.

ئەوەی هەژی گوتنێیە ئەم گۆڤارە بە خۆرایی بە سەر دامودەزگاکانی ناوچەکە دابەش دەکرا.

هۆکاری لەدایکبوونی

پێموایە لە دایکبوونی ڕێژیار هۆکارگەلێکی دیکەی لە پشتەوەن، لێ بەڕێوەبەری نووسینی (مامۆستا وەحید ڕەشید نوح) هۆکاری لە دایکبوونی گۆڤاری ڕێژیار بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە، «کە لەو دەڤەرەدا لەو کاتە هیچ بڵاوکراوەیەک دەرنەدەچوو، تاوەکو بتوانین لە بواری ژیاندنەوەی کولتوور و پێگەیاندنی ڕۆژنامەنووسان و شاعیران لە دەڤەرەکە هەنگاو بەرەو پێشەوە بهاوێژین» ئەمە گەرەکی سەرەکییان بووە، سەرەڕای ئەوەش چەندین ڕۆشنبیر و نووسەر و شاعیر لەو دەڤەر هەبوون، کە بابەتەکانیان لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی شارەکانی هەولێر و دهۆک بڵاو دەکردەوە، بۆیە بیرۆکەی وەشاندنی گۆڤارێک لە هزرییاندا چەکەرەی کردووە، تاوەکو بواری کولتووری و ڕۆشنبیری تەنانەت بواری ڕۆژنامەگەری گەشەی بە خۆیەوە ببینێت و بەرەو پێشەوە بڕوات لە ناوچەکەدا.

دیارە نەیانتوانیوە ئەو ئامانجانە بپێکن، لێ هەنگاوێکی سەرەتایی جدی زۆرباش بووە، بۆ لقین و ئازراندنی بوارەکە، هەر بۆیەش ئەم گۆڤارە بە یەکەم بڵاوکراوە دادەنرێت لە مێژووی بزاڤی ڕۆژنامەگەری دەڤەری مزوری باڵا، تەنانەت لە سەر ئاستی دەڤەری بازرانیشدا.

ناونانی گۆڤاری ڕێژیار

وەک دەزانرێ هەر ڕۆژنامەیەک یان گۆڤارێک یاخود بڵاوکراوەیەک، کاتێ بیرۆکەی دەرچوونیان چەکەرە دەکات، بیر لەوە دەکرێتەوە، چ ناوێکی بۆ دابنرێت، بۆیە

بەرێوەبەرانی ئەم گۆڤارەش بۆ ئەم مەبەستە کۆدەبنەوە، بۆ ئەوەی ناوێکی شایستە هەڵبژێرن، لێرەدا چەند ناوێکی وەک:(بوتیەن، وڵات، ڕێژیار) پێشنیار دەکرێن، لە ئەنجامدا ناوی ڕێژیار بۆ گۆڤارەکەی خۆیان هەڵدەبژێرن، ئەمەش لەبەر دوو هۆکار، هەروەک لە ژمارە(٤)دا هاتووە:

١- وشەی ڕێژیار بە زۆر مانا لێک دەدرێتەوە، کە ژیار بە کرمانجی سەروو، واتە ژیان (معیشە) دێت، واتە ڕێگای ژیان... کە مەبەستمان لەم مانایە بووە، هەروەها (ژیار) بە کرمانجی خواروو بە شارستانییەت دێت، واتە ڕێگای شارستانییەت.

٢- ڕێژیار ناوی چیایەکە زۆر بەرزە، هەردەم سەرکەشە و کۆێستانێکی خۆشە لە کوردستانی مەزنی خۆشەویستماندا.

لە ڕاستیدا ئەوان لە ژێر ڕۆشنایی خاڵی یەکەمیان ئەم ناوەیان هەڵبژاردووە، لێ ڕێژیار لە زمانی کوردیدا، وشەیەکی لێکدراوە، واتە لە (ڕێ+ژیار) پێکهاتووە، کە ئەوانیش مەبەستیان هەر ئەمەبووە، بەڵام ئەوان لە ڕووی واتاوە باسیان کردووە، نەک لایەنی زمانەوانی کە پێویست بوو لەو بوارەوەش وشەکەیان ئانیبا زمان.

وێنەکانی گۆڤاری ڕێژیار

هەروەک لە پێشداش ئاماژەمان پێکردووە، گۆڤاری ڕێژیار وێنەی بڵاوکردۆتەوە، بەڵام نەک بە شێوەیەک، کە لە ئاستی پێویستدا بێت، بە هەر حاڵ لە ژمارە (١)دا جگە لە وێنەیەکی پۆرترێتی منداڵێک کە بەهرەمەند بووە و چاوپێکەتنیان لەگەڵیدا ئەنجامداوە، لەسەر بەرگی یەکەم لە ڕۆخ لۆگۆیەکە وێنەیەکی بچووکی مۆمێک کێشراوە، لە دوای ئەمە، لەسەر هەمان بەرگ لە ناوەڕاستی بەرگەکە بە گەورەیی وێنەیەکی دیکەی مۆمێک کراوە و لە نێوی نووسراوە (ڕێژیار)، لە بەرگی دووەمی هەمان ژمارە لە دیوی سەرەوە وێنەیەک دەبینرێت، کە کۆمەڵێ قوتابی لەگەڵ مامۆستایەکەیان خەریکی وانە خوێندنن، لە بەشی خوارەوەی هەمان بەرگ دوو وێنە بەرچاو دەکەون، یەکەمیان پەڕەموچێکە لە ناو شووشەی حوبرایە، ئەوی دیکەیان چەند کتێبێکن لەسەر یەک دانراون، ئەم وێنانەش کە لە هەردوو بەرگەکەدا هاتوون لە ناو کۆمپیوتەر دەرهێنراون یاخود بە کۆمپیوتەر دروستکراون.

لە ژمارە (٢)دا سێ وێنەی پۆرترێتی خاوەن بابەتەکان لەگەڵ هەندێ وێنەی دیکە، کە بە کۆمپیوتەر نەخشێنراون ئەوانیش (وێنەیەکی منداڵێک لە ناو بابەتێکی هاشم خۆشناو بە ناوی (منداڵی) بڵاوبۆتەوە، هەروەها لە لاپەڕە(٧) وێنەیەکی مزگەوتێک، لە لاپەڕە (١١) وێنەی دکتۆرێکە ئیشاعەیەکی نەخۆشانی لە دەستە، لە لاپەڕەی (١٢) دا وێنەیەکی کورسی و مێزێکی خوێندن هەیە، بەڵام لە بەرگی یەکەم لە ژێر لۆگۆی گۆڤارەکە وێنەی چیایەکە ڕۆژی تیا هەڵدێ، لە ژێرەوە وێنەیەکی کتێب و پەڕەموچێک لەگەڵ شووشەکەی کێشراوە، کە ئەویش هەردووکیان لە ناو کۆمپیوتەر دەرهێناوەن، لە بەرگی دووەمی ئەم وێنانە (کەسێک خەریکی نووسینە لەسەر کۆمپیوتەرێک، قەڵەمێکی لە ناو دەستێکدا لەسەر کاغەزێکدا، دوای ئەمە وێنەی چەند کتێبێک لەسەر یەک دانراون دەبینرێن) کە ئەمانیش هەر لە ناو کۆمپیوتەر دەرهێنراون.

لە ژمارە (٣)دا سەرەڕای وێنەی خاوەن بابەتەکان و هەندێ وێنەی دیکە، کە لە ناو کۆمپیوتەر وەرگیراون، دوو وێنەی فۆتۆگرافی وەرزشی لە لاپەڕە (١١) بڵاوبوونەتەوە، یەکەمیان وێنەیەکە مامۆستایان خەریکی وەرزشی دووگۆلین، ئەویتریان ئەگەرچی بێ زانیارییە، واتە هیچ نووسینێک لە ژێرەوە نابینرێت، بەڵام ئەوەی من بزانم وێنەی تیپی وەرزشی مامۆستایانی هەر دوو قوتابخانەی سەرەتایی و ناوەندی سێلکێین، چونکە زۆربەیان دەناسم. ئەم وێنانە لە بەرگی یەکەمی هەمان ژمارەوە دانراون، لە بەرگی دووەمدا دوو وێنە بەرچاو دەکەون یەکەمیان کتێبخانەیەکە، ئەوی دیکە وێنەی قوتابییەکە لەسەر تەختەڕەش دەنووسێت (ڕێژیار)، کە

ناوی گۆڤارەکەیە.

لە ژمارە (٤)دا وێنەی ئەو نووسەرانەی کە بابەتەکانیان دابەزیون، هەروەها سێ وێنەی فۆتۆگراف دەبینرێن بێ ئەوەی زانیارییان لە ژێرەوە بنووسرێن، لە گەڵ وێنەی هەر یەک لە شاعیرانی کورد: قەدری جان (١٩١١-١٩٧٢) و هونەرمەندی ناسراوی کورد شڤان پەروەر، بەرگی یەکەمی ئەم ژمارەیە بە دوو وێنە، یەکەمیان وێنەی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی شارەوانییە، ئەوی دیکە وێنەی ئافرەتێکی کوردە کە لە تەمەنی (٩٥) ساڵی لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی شارەوانیدا بەشداری کردووە نەخشێنراوە، لە بەرگی دووەمیش وێنەیەکی شاخێکی کوردستان لەگەڵ وێنەی هونەرمەند شڤان پەروەر دانراون.

لە ژمارە (٥) کە دواین ژمارەیە، وێنەیەکی وەزیری پەروەردەی پێشوو عەبدولعەزیز گیب، کە لەگەڵ چەند بەرپرسێکی حکومی ناوچەکە کە بنکەی رۆناکبیری رۆژ بۆ کۆمپیوتەر لە پەروەردەی مێرگەسۆر دەکاتەوە، بڵاوبۆتەوە، سەرەڕای ئەوەی وێنەی چەندین نووسەری گۆڤارەکە لەگەڵ وێنەی زمانزان و شاعیر و سیاسەتمەداری کورد عوسمان سەبری (١٩٠٥-١٩٩٣)* دەبینرێن. لەسەر بەرگی یەکەمی هەمان ژمارەدا وێنەی وەزیری پەروەردەی پێشوو کە ئاماژەمان پێدا لەگەڵ وێنەی ژووری بنکەکە و هەروەها ئارمی رێکخراوی پراڤیانی یا دکتۆرە ڤیلاردۆ، کە لەم ژمارەیە بابەتێکی لەسەر نووسراوە لە ئەڵمانیاوە هاتووە، بڵاوکراونەتەوە، ئەوەی لێرەدا پێویستە بیڵێم، ئەوەیە، ئەم ئارمە لە ژمارە (٤)دا لە بابەتێک کە بە ناونیشانی (سوپاسنامەک بۆ پراڤیانێ) یە، بەرچاودەکەوێت.

دیسان لە دیوی ژوورەوەی بەرگی یەکەم وێنەیەکی سروشتی دیمەنی کوردستان دانراوە. لە بەرگی دووەمدا وێنەیەکی شوێنەواری (کوچکا میرێ بەهدینان- زاخۆ) وەشاندییە. لەوانەیە کاتێ خوێنەر ئەو دێرەی سەرەوەی بخوێنێتەوە پرسیارێک لای دروست بێت بڵێ، گەر وێنەکان لەو ئاستەدا نەبن، بۆچی لێکۆڵەر لە رووی نووسینەکەی خۆی بایەخێکی زۆری پێداوە، لە وەڵامدا دەڵێم پرسیارەکە لە شوێنی خۆیدایە، بەڵام ئەوەی من لێرەدا باسم کردووە تەنیا ئاماژەیە بە وێنەکان، گەرنا ئێستاش دەڵێم لە ئاستی پێتڤی دانین، لەبەر ئەم خاڵانە:

١- زۆرێک لە وێنەکان بە کۆمپیوتەر کێشراوەن. سەرەڕای ئەوەش هەندێکان گوزارشت لە بابەتەکانیان ناکەن، هەروەها بە بچووکیش نەخشێنراون.

٢- ئەو وێنانەی کە فۆتۆگرافین لە رووی هونەرییەوە زۆر لاوازن، سەرەڕای ئەوە کەمیشن.

٣- هیچ زانیاریەک لە ژێر وێنەکاندا بەرچاو ناکەون، بۆئەوەی وێنەکان بناسرێنەوە.

٤- ئەو وێنەنانەی، کە لە ناو ناوەخنەکاندا دابەزیون، وەک پێویست لە شوێنی خۆیان دانەنراون، جوانییەک بداتە بابەتەکە، چونکە ئەرکی وێنە بەرای من ئەوەیە بابەتەکە بڕازێنێتەوە، ژ بلی ڤێ یەکێژی بەلگەیەکی بە هێزی دەداتە بابەتەکان.

کاریکاتێر لە گۆڤاری ڕێڕەودا

گۆڤاری ڕێڕەو گرنگی و بایەخی بە کاریکاتێر داوە، کە لەسەردەمی ئێستادا میدیا بەها و نرخێکی تایبەتی پێ دەدات، لە ژمارە (١)دا لە لاپەڕەی (١٦) وێنەیەکی کاریکاتێری دەبینرێت، کە لە لایەن مامۆستا عەزیز پیرباڵ وێنەکراوە، گوزارشت لە باوک و کوڕێک دەکات لە بواری خوێندنەوە، باوکەکە بە کوڕەکە دەڵێ: کوڕم بخوێنە با وەکو منت لێنەیی، کەچی کوڕەکە پێی دەڵێ خوێندن یانی چی؟ لە ژمارە (٣)دا لە لاپەڕەی (٢١) لە لایەن هەمان مامۆستاوە وێنەیەکی کاریکاتێرێکی دیکە بڵاوبۆتەوە، ئەمە تەعبیر لە مامۆستا و سەرپەرشتیار دەکات.

لە ژمارە (٤)دا لە لاپەڕەی (٢٤) وێنەیەکی کاریکاتێری دەبینرێت، کە لە لایەن مامۆستا هەکار ئیبراهیم وێنەکراوە، گوزارشت لە مامۆستا و بەردەستی قوتابخانە دەکات، تیایدا بەرێوەبەرەکە گیسکێکی پاک کردنەوەی

لە دەستە و بە بەردەستەکەی کە لە جێگای ئەو دانیشتووە دەڵێ: (بێ زحمەت!!! با ئیدارە پاک کەمەوە). بەردەستەکەش لە وەڵاما پێی دەڵێ: (ئەڕێ!! معاشت وەرگرتیە..)!!. کەواتە دەتوانین ئەوە بڵێین هەر سێ کاریکاتێرەکان پەیوەندی بە بواری پەروەردەوە هەیە، چونکە ڕێژیار گۆڤاریکی پەروەردەیش بووە، کە لە شوناسەکەی ئاماژە بۆکراوە، زۆرێک لەو نووسەرانەی کە خاوەن ئەرک بۆنە، هەروەها بابەتیان بڵاوکردووتەوە، مامۆستای سەرەتایی و ناوەندی بوونە، بۆیە ئەو دیاردانەی ڕۆژانە بینیویانن، بە وێنەی کاریکاتێری گوزارشت کراون.

خاڵە بەهێزەکانی گۆڤاری ڕێژیار

١. هەنگاوێک بووە، بۆ خزمەتکردنی بواری ڕۆژنامەگەری و ژیاندنەوەی کولتووری ناوچەکە، بۆیە ئەگەر بەردەوام بووایە، بێگومان بەرەوپێش دەچوو و خزمەتێکی گەورەی پێشکەش بە بواری ڕۆشنبیری ڕۆژنامەگەری کوردی دەکرد.

٢. گرنگی بە قوتابیانی بەهرەمەند داوە، جا چ لە ڕووی ناساندنیانەوە بە کۆمەڵگا یان بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانیانەوە بێت. ئەمەش بە کردار ڕەنگی داوەتەوە لە ناو لاپەڕەکانی ڕێژیاردا.

٣. یەکێک لە خاڵە بەهێزەکانی دیکەی ڕێژیار بایەخدانە بە هونەری کاریکاتێری، ئەمەش کاریکی سەردەمیانەی بواری ڕۆژنامەگەری ئەمڕۆیە.

٤. گۆڤاری ڕێژیار پێگیری بە وادی دەرچوونی خۆی کردووە، وەک ئەوەی لە پێناسەکەدا ئاماژە پێکراوە، واتە سەرجەم ژمارەکان لەوادەی خۆیان دەرچوونە، بێ ئەوەی پچڕانیان لە نێوانیان هەبووبێت، کە ئەمەش خاڵێکی گرنگی بەهێز و سەرکەوتنی هەر گۆڤاریک و بڵاوکراوەیەکە.

٥. بەها و بایەخێکی زۆر بە بابەتە پەروەردە و تەندروستییەکانی داوە، ئەمەش هەنگاوێکی زۆرباش بووە بۆ ئەوەی کۆمەڵگایەکە بە تایبەتی چینی قوتابیان بتوانن سوود لەو بابەتانە وەربگرن لە وەرزی زستاندا.

خاڵە لاوازەکانی گۆڤاری ڕێژیار

١. هەندێ هەڵەش لە ڕووی دیاریکردنی هونەرەکانەوە بە دیدەکرێت، بۆ میناک لە ناوەڕۆکا ژانری ڕاپرسی دیارکراوە، تەنانەت لەو لاپەڕەیەش کە ڕاپرسییەکە دابەزیوە، بۆ وێنە نووسراوە ڕاپرسی، کەچی لە کۆتایی بابەتەکە یاخود لە دوای ناوونیشانی بابەتەکە نووسراوە دیمانەی فلانە نووسەر، واتە بابەتەکە ڕاپرسییە کە خۆشی ئاماژە پێکراوە، لەبەر ئەوەی دیمانە و ڕاپرسی دوو ژانری جودای ڕۆژنامەگەرین، ئەمەش بۆ کەمی شارەزاییان دەگەڕێتەوە، کە نەدەبوایە بکەونە ئەم هەڵەیەوە.

٢. پێویستە ئەوەش بڵێین، کە ئەم گۆڤارە لە ڕووی نەخشەسازییەوە بایەخێکی زۆری پێ نەدراوە، واتە لەو ئاستەدا نییە، کە شایانی هەڕی بێت، ئەمەش من دەگەڕێنمەوە بۆ لایەنی ماددی، چونکە گۆڤارەکە بێجگە لەوەی ڕەش و سپی بووە، بە فۆتۆکۆپی دەردەچوو، نەک بە چاپ.

٣. لە ڕووی وێنەوەش زۆر لاوازە، لەبەر ئەوەی جگە لە هەندێ وێنەی خاوەن بابەتەکان، هەندێ جاریش لەسەر بەرگەکە چەند وێنەیەک دەبینرێن، کەچی هەندێک لەوانیش بە کۆمپیوتەر دروستکراون کە بریتین لە وێنەی مۆم و کتێب و قەڵەم، ئەوانیش لە ئاستی پێویستدا نین، سەرەڕای ئەوە کە ئەمڕۆ وێنە وەک دیکۆمێنتێکی بەهێزی ڕۆژنامەگەری و بەهێزتر لە وشە دادەنرێت.

٤. لە ڕووی داڕشتنی زمانەوانییەوە، کەموکوری زۆری تێدا بەدی دەکرێت، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە مامۆستای پسپۆر لە بواری زمانەوانییەوە، نەیانبووە، کە بە شێوەیەکی ڕێکوپێک بە هەموو بابەتەکانەوەدا بچێتەوە.

٥. لە ڕووی ڕێنووسەوە، هەڵەی زۆری تێدایە، بۆ نموونە: «ئینجا حکومەتی هەریم دەستی کرد بە پەرە پیدانی یەکەی سەر پەرشتیاری

پەروەردیی کە رۆڵی خۆیان ببینن بۆ ئەوەی پرۆسەی خویندن بەشیوەیەکی باش بەڕیوە بچێت»، ئەگەر لەم پەرەگرافە رامینین، دەبینین هێمای(□) لەسەر پیتی (ێ)ی وشەی هەڕێم، پیتی (ر) و (ێ)ی وشەی پەڕەپێدان، پیتی(ە) لە نێوان (د) و (ی)ی وشەی پەروەردەیی، (ێ)ی وشەی خوێندن، (ێ)ی وشەی بە شێوەیەکی، (ێ) وشەی بەڕێوە، (ێ) وشەی بچێت دانەنراوە، ئەو ئاماژەیەکی بچووکی ئەم بابەتە بوو، گەرنا نموونەی لەم جۆر لە ناو لاپەڕەکانی ڕێژیار زۆرن.

٦. لە سەرجەم ژمارەکاندا، تیراژی دیاری نەکراوە، کە یەکێکە خاڵە پڕ بایەخەکانی هەر گۆڤار و ڕۆژنامە و بڵاوکراوەیەکە.

٧. نەبوونی سەرچاوە لەزۆرێک لەو بابەتانەی، کە بڵاوی کردووەتەوە، بابەت هەیە، دوو لاپەڕەی بۆ تەرخانکراوە، وەک بابەتی «جێناوی کەسی لکاو لە زمانی کوردیدا»، «پرۆسەی خوێندن لە دەڤەری بارزان»، «ئەرک و ماف»، «چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ خوێندنەوەی (دەق)دا»، ئاستی قوتابیان بۆچی نزمە؟ .....تاد»، کەچی یەک دانە سەرچاوەی بەکارنەهێناوە، سەرەڕای ئەوە بابەتە زمانەوانییەکان بەبێ سەرچاوە نانووسرێت.

٨. لە ڕووی خاڵبەندییەوە زۆر لاوازە، وەک پێویست بەکارنەهاتوون، پەرەگرافی دوورودرێژی هەیە، یەک خاڵ، نیشانەی پرسیار، یان فاریزە تێدا نییە.

٩. زۆرێک لە سەردێرەکانی بابەتی گۆڤاری ڕێژیار، لەگەڵ بابەکانیان ناگونجێن، یاخود تایبەتمەندی سەردێریان تێدا بەدی ناکرێت، بۆ نموونە سەردێری «دوو ئەگەر لە ئەگەرەکانی دورست بوونی زمانی کوردی»، «چۆن وەڵامی پرسیارەکان دەدەینەوە..؟»، «بەڵی شاری کەرکووک کوردی یە و بەناوبانگیشە» لە سەردێری یەکەم ئەگەر بگەڕێینەوە، بۆ بابەتەکە، بۆمان دەردەکەوێت ناوەڕۆکی بابەتەکە هیچ پەیوەندی بەم ناوونیشانە نییە، هەروەها سەردێری دووەم ناوونیشانێکی پرسیارییە، کە ئەویش لەگەڵ بواری ڕۆژنامەگەری ناگونجێت، چونکە زۆربەی پسپۆران لەسەر ئەو ڕایەن، کە بە هیچ شێوەیەک نابێت، سەردێری پرسیاری بۆ بابەتی ڕۆژنامەگەری دابنرێت. هەمدیس سەردێری سێیەمیش خۆی لە خۆیدا بابەتە، واتە خوێنەر کاتێ چاوی بەم سەردێرە دەکەوێت، ئیدی پێویست ناکات ناوەڕۆکی بابەتەکە بخوێنێتەوە، کەواتە ئەم جۆرە سەردێرانە ئامانجی خۆیان نا پێکن، کە سەرنجی بۆ لای خوێندنەوەی بابەتەکە ڕاکێشێ، لەبەر ئەوەی «سەردێر ئەگەر قسەی بکردایە، بە خوێنەری دەگوت: تکایە گوتارەکەم بخوێنەوە! بۆیە هەر سەردێریشە، خوێنەر بریاری لەسەر دەدات».(١)

ئەنجام

لە ئەنجامی ئەم لێکۆلینەوەیەدا، گەیشتین بە چەند خاڵێکی گرنگ، لەوانە:

١. ڕێژیار گۆڤارێکی ئەهلی سەربەخۆ بووە، کە کۆمەڵێک مامۆستا بەڕێوەیان دەبرد، واتە سەر بە هیچ دەزگایەک یان ڕێکخراوێکی حیزبی نەبووە، ئەمەش هاندەرێکی باش بووە بۆ ئەوان تاوەکو بە شێوەیەکی ئازادانە گوزارشت لە هزر و بیری خۆیان بکەن، بێ ئەوەی لە ژێر فشارێکی دەرەکی دابن .

٢. هەمووی بەسەریەکەوە (٥) ژمارەی لێ دەرچووە، سەرجەمیشیان بە فۆتۆکۆپی چاپکراون، سەرەڕای ئەوەش تیراژی کەم بووە.

٣. بە خۆڕایی دابەش دەکرا، ئەمەش ئەزموونێکی نوێ هەڕێمی کوردستانە، کە ئێستا چەند ڕۆژنامەیەک بە خۆڕایی دابەش دەکرێن.

٤. گرنگییەکی زۆر بە هونەری کاریکاتێردراوە، کە لە هەر (٥) ژمارەکە (٣) کاریکاتێری بڵاوی کردووەتەوە.

٥. لە ڕووی چاپ و دەرهێنانی هونەرییەوە، لاوازە.

٦. زیاتر گرنگی بە هونەری وتار دراوە، بێ ئەوەی بە لای هونەرەکانی دیکەی وەک لێکۆڵینەوە، گوشەدا بچن.

ئەندێکسی گۆڤاری

ڕێژیار
لێرەدا گەرەکمانە ئەندێکسی نووسەرەکانی گۆڤارەکە بە پێی، پیتی هیجائی لەگەڵ بابەتەکانیان بخەینەڕوو:

ئەبو بەکر شوانی:
- چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ خوێندنەوەی (دەق)دا، ژ: ٥، ساڵی ٢٠٠١، ل٣.

ئەحمەد ئینان:
- هەڵبەستقانێ کورد ئوسمان سەبری، ژ:٥، ساڵی٢٠٠١، ل١٦-١٧.(ئەڤ بابەتە فهمی مزویری ژ لاتینێ وەرگەڕندییە).

ئیحسان تاهیر:
- کاریگەری قەڵەم رەنگ بەسەر منداڵەوە، ژ:٥، ساڵی ٢٠٠١، ل١٣.

ئازاد مزوری:
- زمانێ کوردی (شیعر)، ژ: ٥، ساڵی ٢٠٠١، ل٢٢.

بورهان تەها:
- قوتابیمە (شیعر) ژ: ٢، ساڵی ٢٠٠١، ل١٦.

باوکی شاڤین* (شەمال ئەبو بەکر):
- ئەنجامی پرۆسەی هەڵبژاردنەکانی شارەوانی کوردستان، ژ: ٤، ساڵی ٢٠٠١، ل١٣.

جگەرسۆز پێندرۆیی (محمد سالح):
- کاریگەریا وەرزشێ، بزاڤ و چەلەنگیا لەشی لسەر زاروکی، ژ: ٥، ساڵی ٢٠٠١، ل٧.

حکیم محەمەد تاهیر:
- چاڤ لێ کرنا زاروکا دئیسلامێدا، ژ: ١، ساڵی ٢٠٠١، ل٦-٧.
- پێشکەفتن و زانین دئیسلامێدا، ژ: ٢، ساڵی ٢٠٠١، ل٧-٨.
- پی ڕێک و ڕێ یا راست، ژ: ٣، ساڵی ٢٠٠١، ل١٠-١١.
- داگەمیا مە نخون نەبیت، ژ: ٤، ساڵی ٢٠٠١، ل١٠-١١.
- ب هەلکەفتنا ڕۆژ جگەرێ یا جیهانی ٣١/ مایس، ژ: ٥، ساڵی ٢٠٠١، ل٨-٩.
- دادگەها عەسمانی(چیرۆک)، ژ: ٥، ساڵی ٢٠٠١، ل١٩.

حسێن صابر:
- چۆن وەڵامی پرسیارەکان دەدەیتەوە، ژ: ٢، ساڵی ٢٠٠١، ل٩.

دایکی شاڤین* (روجوان سعید):
- شڤان پەروەر و سرودی سیاسی، ژ: ٤، ساڵی ٢٠٠١، ل٤.

روجوان سعید:
- مامەلەکردنی مامۆستا و قوتابی، ژ: ١، ساڵی ٢٠٠١، ل١٠-١١.
- وێنە کێشانی (خوڕەوشتی) نەتەوەیی هاوڵاتی و گەڵانی تر، بەشی یەکەم، ژ: ٤، ساڵی ٢٠٠١، ل١٨-١٩.

گۆڤاری ئەکادیمی

سەردار جاف:
- ئەرکی مامۆستا، ژ: ٥، ساڵی ٢٠٠١، ل٦-٧.

سۆران قادر حەمەد:
- زانستی کیمیا چی یە؟ ژ:٣، ساڵی ٢٠٠١، ل٩.

شەماڵ ئەبوبەکر:
- کورد وتەنی (چ بچێنی ئەوە دەدووریيەوە)، ژ: ١، ساڵی ٢٠٠١، ل٣.
- ئافرەت کۆمەڵ، ژ: ١، ساڵی ٢٠٠١، ل٩.
- بژاری تاقانە (چیرۆک)، ژ: ١، ساڵی ٢٠٠١، ل١٢-١٣.
- دیمانەیەک لەگەڵ قوتابییەکی بەهرەمەند، ژ: ١، ساڵی ٢٠٠١، ل١٤.
- هێزداری نەتەوەکەم، ژ: ٢، ساڵی ٢٠٠١، ل٣.
- چەند سەرەتایەک سەبارەت رەخنەی ئەدەبی، ژ: ٢، ساڵی ٢٠٠١، ل١٢.
- وێنە کێشانی(خوڕەوشتی) نەتەوەیی هاوڵاتی و گەڵانی تر، بەشی دووەم، ژ: ٥، ساڵی ٢٠٠١، ل١٧-١٨.
- وشەی یەکتر بڕ، ژ: ١، ساڵی ٢٠٠١، ل١٦.
- وشەی یەکتر بڕ، ژ: ٢، ساڵی ٢٠٠١، ل١٦.
- وشەی یەکتر بڕ، ژ: ٣، ساڵی ٢٠٠١، ل٢١.
- وشەی یەکتر بڕ، ژ: ٤، ساڵی ٢٠٠١، ل٢٤.
- وشەی یەکتر بڕ، ژ: ٥، ساڵی ٢٠٠١، ل٢٣.

ڕەشید سەعدی:
- بەڵێ شاری کەرکوکیش کوردی یە و بەناوبانگیشە، ژ: ٣، ساڵی ٢٠٠١، ل٥.
- ئەرک و ماف، ژ: ٤، ساڵی ٢٠٠١، ل٨.
- دیاردەی دەرهێنانی کچ لە قوتابخانە، ژ: ٥، ساڵی ٢٠٠١، ل١٠.

ڕەشید سەلیم:
- ڕەفتار و ڕەوشتی سەرۆکەکانی ئەمریکا، ژ: ٤، ساڵی ٢٠٠١، ل١٤.

ڕەفیق ستوپەیی:
- نامەیەک بۆ نیگارکێشەکی(شیعر)، ژ: ٤، ساڵی ٢٠٠١، ل٢٣.
- لەبەر چی هەندێ منداڵ درۆ دەکەن، ژ٤، ساڵی ٢٠٠١، ل١٤.

ڕێکار مزوری:
- مامۆستا(شیعر)، ژ: ٤، ساڵی ٢٠٠١، ل٢٣.

سامی جەمال حەیدەر:
- راستی تەنیا لای مرۆڤێک یان پارتێک نییە، ژ: ٣، ساڵی ٢٠٠١، ل٧-٨.
- کێشەی کورد دوای هەڵبژاردنی پەرلەمان، ژ: ٤، ساڵی ٢٠٠١، ل٥.

دیاردەی دەرهێنانی
کچ لە قوتابخانە، ژ: ٢، ساڵی ٢٠٠١، ل١٣.
- ئاخ دیسان مشرف هاتەوە(چیرۆک)، ژ: ٢، ساڵی ٢٠٠١، ل١٤.
- سەروتار، ژ:٣، ساڵی ٢٠٠١، ل٣.
- مردن خۆشترە لە تاران، ژ:٣، ساڵی ٢٠٠١، ل١٨-١٩.
- چەپلە بەیەک دەست لێنادرێت، ژ: ٤، ساڵی ٢٠٠١، ل٣.
- ئاگری بێ ئامان، ژ: ٤، ساڵی ٢٠٠١، ل٢٢.
- سەروتار، ژ: ٥، ساڵی ٢٠٠١، ل٣.

شێروان حسێن
- وەرزش ڕەوشت بەرزی یە، ژ: ٣، ساڵی ٢٠٠١، ل٢٠.

صەباح عەزیز:
- ناڤێ گوندێ مە گویزێ یە (شیعر)، ژ: ١، ساڵ٢٠٠١، ل١٥،
- قەڵەم و کاغەز دەست مەدایە(شیعر)، ژ:١، ساڵ٢٠٠١، ل١٥.
- ڕێبازا تە بارزانی(شیعر)، ژ:٢، ساڵ٢٠٠١،ل١٦.(ئەم پارچە شیعرە لە ژمارە (٥) دووبارە هاتییە وەشاندن، لەبەر ئەوەی بە پێویستمان زانی لە ڕێزبەندی دانەنێینەوە- لێکۆڵەر).

صابر جەبار:
- کوردستان (شیعر)، ژ: ٥، ساڵ٢٠٠١، ل٢٢.

صەلاح ڕەشید:
- دوو ئەرکەکانی دروست بوونی زمانی کوردی، ژ: ٣، ساڵی ٢٠٠١، ل١٢.
- پێشەوا و کاریگەری لەسەر کۆمەڵ، ژ: ٤، ساڵی ٢٠٠١، ل٦.
- جێناوی کەسی لکاو لە زمانی کوردیدا، ژ:٥، ساڵی ٢٠٠١، ل١٤-١٥.

عەزیز پیربال:
- کاریکاتێر، ژ: ١، ساڵی ٢٠٠١، ل١٦.
- کاریکاتێر، ژ: ٢، ساڵی٢٠٠١، ل٢١،
- قوتابی فێربوونی زانست، ژ: ٢، ساڵی٢٠٠١، ل١٥.

عمران حەمە ئەحمەد:
- دەبێت مامۆستای گوند چۆن بێت؟، ژ: ١، ساڵی ٢٠٠١، ل٨-٩.
- کاریگەری سەردانی بەرپرسان بۆ قوتابخانەکان، ژ: ٢، ساڵی٢٠٠١، ل١٠.
- مامۆستا و پیشەکەی، ژ: ٤، ساڵی٢٠٠١، ل٩.

فەرحان زراری:
- هوشیاری ئاسایشی نەتەوەیی، ژ: ٤، ساڵی٢٠٠١، ل٧.

فەرهاد ئەحمەد:
- وانەی سرود و مۆسیقا بۆ پشتگوێ بخرێ؟، ژ:٥، ساڵی ٢٠٠١، ل١٣.

فەهمی مزویری:
- ڤی هوزانڤانێ قەدرگران بناسە، ژ: ٤، ساڵی٢٠٠١، ل١٧.

کوردۆ ئەحمەد مزوری:
- هۆشیاری تەندروستی، ژ: ١، ساڵی ٢٠٠١، ل٧.
- بنەماکانی تەندروستی قوتابیان، ژ: ٢، ساڵی ٢٠٠١، ل١١.
- ئەرکی مامۆستا چی یە لە هۆشیاری تەندروستی قوتابیان، ژ: ٣، ساڵی ٢٠٠١، ل١٦.

گۆڤاری ڕێژیار:
- سەردانی بەخێوکەری قوتابیان بۆ قوتابخانەکان، ژ:٣، ساڵی ٢٠٠١، ل١٧.
- هەواڵی وەرزشی، ژ:٣، ساڵی٢٠٠١، ل٢٠.
- ئایا دەزانی، ژ:٣، ساڵی ٢٠٠١، ل٢١.
- بەفیرۆنەدانی کاتەکانی هاوین، ژ:٤، ساڵی٢٠٠١، ل٢٠.
- هەڵبژادنی سەرۆک و ئەنجوومەنی شارەوانی، ژ:٤، ساڵی ٢٠٠١، ل٢١.
- ڕوونکردنەوەیەک لەسەر گۆڤاری ڕێژیار، ژ:٤، ساڵی ٢٠٠١، ل١٦.
- ئایا دەزانی، ژ:٤، ساڵی ٢٠٠١، ل٢٤.
- بە بۆنەی سەد و سێیەمین ڕۆژنامەگەری کوردییەوە، ژ:٤، ساڵی ٢٠٠١، ل١.
- بنکەی ڕوناکبیری ڕۆژ لە پەروەردەی مێرگەسۆر کرایەوە، ژ:٥، ساڵی ٢٠٠١، ل٩.
- ڕێژەیا دەرچوونا ئەزموونێت گشتی ل خوێندنا سەرەتایی ل قوتابخانێن توخیبێ ڕێڤەبەریا پەروەردەها مێرگەسۆر، ژ:٥، ساڵی ٢٠٠١، ل٢٠.
- گوتنێن مەزنا: ژ:٥، ساڵی ٢٠٠١، ل٢٣.

لوقمان ڕەفیق:
- ئاستی قوتابیان بۆچی نزمە؟ ژ: ٣، ساڵی ٢٠٠١، ل٦.

محەمەد ئەبابەکرخضر:
- ڕۆڵی سەردانی کەس و کاری قوتابیان بۆ قوتابخانە، ژ:٤، ساڵی ٢٠٠١، ل١٢.

محەمەد تاهی ڕتێڵی:
- ڕوویبارەکێ بێ وەفا(شیعر)، ژ:٤، ساڵی٢٠٠١، ل٢٣.

نەعمان محەمەد:
- سوپاسنامەیەک بۆ پراڤیا، ژ: ٤، ساڵی ٢٠٠٢، ل١٦.

هاشم ئەحمەد خۆشناو:
- منداڵی (الطفولة)، ژ:٢، ساڵی ٢٠٠١، ل٦.
- بۆچی وانە زانستەکان دەخوێنین، ژ: ٣، ساڵی ٢٠٠١، ل١٣.
- تایبەتمەندییەکانی بەکارهێنانی تاقیکردنەوە زارەکییەکان، ژ:٤، ساڵی ٢٠٠١، ل١٥.
- ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان (UN) ڕۆژێکی جیهانی تەرخان دەکات بۆ پەنابەران، ژ:٥، ساڵی ٢٠٠١، ل١٢.

هادی ولاتی:
- فاکتەرێن مشەختبوونێ، ژ:٥، ساڵی٢٠٠١، ل٤.

هەژار صالح:
- بارزانی بابێ کوردایە(شیعر)، ژ: ١، ساڵی ٢٠٠١، ل١٥.
- دیسا بهار هاتەڤە(شیعر)، ژ:٢، ساڵی ٢٠٠١، ل١٦.

هوشیار سەنعان:
- لاوێت کوردا دخوینن(شیعر)، ژ: ١، ساڵی ٢٠٠١، ل١٥.
- من ئاشتی خوازم(شیعر)، ژ:٥، ساڵی٢٠٠١، ل٢٣.

وەحید ڕەشید نوح:
- چەند ئاستەنگەک کو دکەڤنە ڕێکا زاروکادا ل خوێندنا سەرەتاییدا، ژ: ١، ساڵی ٢٠٠١، ل٤.
- پرۆسەی خوێندن لە دەڤەری بارزان، ژ: ٢، ساڵی ٢٠٠١، ل٤.

- کوردو بارزانییەت، ژ: ٣، ساڵی ٢٠٠١، ل٤.
- د. ڤیلاردۆ د ئەرکی پیرۆز و خزمەتەکا هەژی دا، ژ:٥، ساڵی٢٠٠١، ل٥.
- فەرق و جوداهی دناڤ بەرا زارۆکادا، ژ:٥، ساڵی٢٠٠١، ل١١.

ئەو پیرۆزبایانەی بە بۆنەی دەرچوونی بۆ گۆڤاری ڕێژیار ئێردراون:

- بنکەی شارستانی شێروان، ژ:٤، ساڵی٢٠٠١، ل٢٥.
- احمد نبی اسماعیل، بەڕێوەبەری ناحیەی شێروان مەزن، ژ:٤، ساڵی٢٠٠١، ل٢٥.
- دلێر شێخ بارزانی، لێژنەی سەرپەرشتی پەروەردەی ناوچەی بارزان، ژ:٤، ساڵی٢٠٠١، ل٢٦.
- برهان عبدالله عادل، بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی مێرگەسۆر، ژ:٤، ساڵی٢٠٠١، ل٢٦.
- فتاح شکری قطران، بەڕێوەبەرایەتی ناحیەی بارزان، ژ:٥، ساڵی٢٠٠١، ل٢٤.
- لیژنەی ناوچەی بلێ (پ.د.ک)، ژ:٥، ساڵی٢٠٠١، ل٢٥.

هەواڵنامەی ڕێژیار

سەرچاوە و پەراوێزەکان:

١- چاوپێکەتن لەگەڵ وحید رشید نوح، ڕێکەوتی٢٠٠١١/٨/١٥.

٢- سەرجەم ژمارەکانی گۆڤاری ڕێژیار(١، ٢، ٣، ٤، ٥) ساڵی ٢٠٠١.

٣- د. مەغدید سەپان، ژانرەکانی ڕۆژنامەوانی و مێژووی چاپخانە١٤٥٠-١٥٠٠، لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کوردستان، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٥.

***- لە کاتێ بەراوردکردنی بابەتەکانیان، بۆ من دەرکەت کە هەر یەک لەو ناو خوازراوانە (باوکی شاڤین و دایکی شاڤین) بریتین لە مامۆستا شەماڵ و مامۆستا روجوان، بۆ پشتڕاست کردنەوەی ئەم بۆچوونەش پەیوەندیم کرد بە مامۆستا وحید رشید نوح ئەویش بە تەلەفۆن پێی ڕاگەیاندم، کە ڕایەکەت ڕاستە.**

***- چیایەکی سەرکەشە، دەکەوێتە کوردستانی باکوور، لە وەرزی هاوینیش بەفر لەسەر دەمێنێتەوە و بەژن و بااڵیەکەشی لە دەڤەری مزوری بااڵوە بەرچاو دەکەوێت، یانیش دیارە.**

***عوسمان سەبری(١٩٠٥-١٩٩٣) یەکێکە لە ڕۆژنامەنووسە بەناوبانگەکانی کورد، کەلە هاوار، روناهی، ڕۆژانوو، ستێر، گەلاوێژ....تاد) بابەتی جۆراو جۆری بااڵوکردووتەوە، ئەگەرچی لە ئەسڵا خەڵکی باکووری کوردستانە، وەک لە سەرچاوەگەلێکدا هاتووە لە ساڵی ١٩٢٩ ئاوارەی سوریا دەبێ و لە هەر لەوێش کۆچی دوای دەکات، بەاڵم لێرەدا بە دەرفەتمان زانی زانیارییەکی دیکە لە بواری هاتنی بۆ وااڵتی سووریا بخەینەروو. ئەو لە ڕێکەتی١/١٥ ١٩٦٦ لە شام پارچە شیعرێک بەناوی(ئەڤینا چیا) دەنووسێت، لەم شیعرەدا مێژووی سەرگوون بوونی بۆ شام دیاردەکات، وەک دەڵێ:**

چل سال کوتا بوون کو ژ ئاخا وەلێت جودا مە
دوور هەڤال و هوگران، هن دۆست و برا مە

گەر بە قوواڵی بچینە ناو ناخی شیعرەکە، کە دەڵێ من ئەوە چل ساڵە دوورکەوتوومەتەوە لە خاکی وااڵت و برا و هەڤاڵان و دۆست و هوگران، جا ئەگەر (٤٠) بە موعادەلەیەکی بیرکارییانە لە ١٩٦٦ دەربکەین ١٩٢٦ بۆمان دەمێنێتەوە، بەم پێیە ئەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە، کە ئاپۆ عوسمان سەبری لە ساڵی ١٩٢٦هاتووتە سووریا نەک ١٩٢٩. بۆ ئەم پارچە شیعرە بڕوانە: دیوانی عوسمان سەبری، بەرهەمکرن: (ئە. بالی)، وەشانێن ئاپەجێ، ستۆکهولم، ١٩٩٨، ل٣٥.

بیبلۆگرافیای بڵاوکراوەکانی بزووتنەوەی ئیسلامی

ئەحمەد ڕەنجیار

مێژووی ئازادیخوازی نەتەوەی کورد کاروچالاکی هەزاران ڕۆڵەی ئەم نیشتیمانەیە و بە جیاوازی لە ڕووی هزر و بیروبۆچوونەوە، بەڵام یەکدەنگ لەسەر تێکۆشان لە پێناو بەدەستهێنانی مافە ڕەواکانی ئەم گەلە. هەر ئەوانیش چەندین پارت و ڕێکخراویان دروست کردووە، هەریەک لەو ڕێکخراو و پارتانەش خاوەنی جۆرێک لە ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەوانیی خۆی بووە.

بزووتنەوەی ئیسلامی لە کوردستان وەک هێزێکی سیاسی و سەربازی، کە هاتە کایەوە، وەک پێویستییەکی واقیعی، ڕاگەیاندنی بە بەشێک لە پێکهاتەی خۆی گرنگی پێدا.

بۆ ئەم مەبەستەش سەرەتا چاپخانە پێویست بوو، بۆ گەیاندنی پەیام و مەبەستەکان، هەر بۆیە بزووتنەوەی ئیسلامییەوە دوو چاپخانەی بە ناوەکانی (بێتوشی) و (شەهیدان) دانان. یەکەمیان لە لایەن مەکتەبی ڕێگەیاندنەوە لە ناوچەی (ئالان)ی شاری سەردەشت لە کوردستانی ئێران و لە گوندی بێتوشی دامەزرا، کە هەمان شوێن بارەگای مەکتەبی ڕاگەیاندنی بزووتنەوەکە بوو. چاپخانەکە لە دوو ئامێری چاپی میکانیکی و ڕۆنیۆیەکی فۆتۆستێنسلێک، ئامێرێکی کۆپی (إستنساخ پێکهاتبوو)[1].

ئەم چاپخانەیە ڕۆڵێکی گرنگی هەبووە، چونکە زۆربەی ئیشوکارەکانی بزووتنەوە بە گشتی و مەکتەبی ڕاگەیاندن بە تایبەتی پێکراوە، هەروەها هەموو ژمارەکانی گۆڤاری (دەنگی باوەڕ)ی پێش ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ پێ چاپکراوە و لەسەر بەرگی کۆتایی گۆڤارەکەش ئاڕم و ناوی چاپخانەی بێتوشی دانراوە.[2]

دووەم چاپخانەی (شەهیدان)، کە لە تشرینی دووەمی (١٩٨٧) دامەزراوە و یارمەتیدەرێکی زۆرباش بووە بۆ بزووتنەوەی ئیسلامی، لە دوای ڕاپەڕینی بەهاری (١٩٩١)یش سەرجەم ژمارەکانی گۆڤاری (دەنگی باوەڕ) لەم چاپخانەیە چاپ دەکران و لە بەرگی دواوەی ژمارەکانی گۆڤارەکەدا لۆگۆ و ناوی چاپخانەکە دادەنرا.[3]

ناوی بڵاوکراوەکان

گۆڤاری (دەنگی باوەڕ)

دەنگی باوەڕ گۆڤارێکی ئیسلامی مانگانەی گشتی بووە، نووسینگەی راگەیاندنی بزووتنەوەی ئیسلامی دەری کردووە، لە سەرجەم ئەو گۆڤارە ئیسلامییانەی لە پێش راپەڕین دەرچووە، زۆرترین ژمارەی لێ دەرچووە، کە (١١) ژمارە بووە، ئەم گۆڤارە بە قەبارەی (١٥,٥ × ٢٠سم) بووە، لە ڕووی بەرگی ناوەوەی نووسراوە: «دەنگی باوەڕ دەنگی بزوتنەوەی ئیسلامی یە لە کوردستانی عێراق، هێمای بەرەنگاربوونەوەی شەوەزەنگی بەعسی تاغوتە، بیرێکی ڕەسەنە کە لە قورئان و سوننەتی پێغەمبەرەوە (د.خ) هەڵقوڵاوە».

یەکەم ژمارەی لە (٨)ی ئەیلوولی ١٩٨٧ دەرچووە و بە خوولی دوای ڕاپەڕینیشەوە، کە هەتا ١٩٩٣ بەردەوام بووە، (٣٠) ژمارەی لێ دەرچووە.

ناوی خاوەنی ئیمتیاز و سەرنووسەری بۆ دانەنراون، ئەمەو ژمارەکانی دوای ڕاپەڕینیش قەبارەکانیان لە هی پێش ڕاپەڕین گەورەتربوون و هەروەها دەستەی نووسینیش بەڕێوەی بردووە و بارەگاشی لە شاری هەولێر بووە٤ .

بۆ زانینی تایبەتمەندی گشتی گۆڤارەکە، سەرنج لە ژمارە (٢-٣) مانگی – موحەڕەمی ١٤٠٩ بەرامبەر بە تەممووز- ئابی ١٩٨٨ دەدەین..

سەروتار، تەفسیری قورئان، لە فەرمایشتەکانی پێغەمبەر (د.خ) پوختەیەک لە ڕاپۆرتی سیاسی کۆنگرەی چوارەمی بزووتنەوەی ئیسلامی مانایەکی تایبەت، ئاشتی لە ئیسلامدا، بانگەواز، بەیاننامەی (٥٩٥) و هەڵوێستی بزووتنەوە، شەڕ و ئاشتی لای عەفلەقییەکان چی دەگەیەنێت؟، سەری ساڵی کۆچی، شەوی ڕووداوە کە (کورتە چیرۆک)، هەڵەبجە لە گۆڤار و بڵاوکراوە جیهانییەکاندا، هەواڵ و چالاکی، شاعیرانی ناو سەنگەر (گۆشەی شیعری، لەگەڵ شاعیراندا) . ئەمە کە دەیبینین ناوەڕۆکی ژمارەیەکی ساڵی ١٩٨٨ واتە لەپێش ڕاپەڕینی ١٩٩١، هەروەها سەرنج لە ژمارە (١١و١٢)ی (زولقەعدە- زولحجە) ١٤١١ ک بەرامبەر (حوزەیران – تەممووزی) ١٩٩١ دوای ڕاپەڕین بدەین، ئەمانە دەبینین:

سەروتار، تەفسیری قورئان، کوردستان ئیسلامیە، ئەرکەکانی ئەندامانی بزووتنەوە چین؟، لەپەیڕەو و پڕۆگرامی

بزووتنەوە، هەواڵ و چالاکی، فەرهەنگی سیاسی، دەنگی باوەڕ، ڕۆژمێر، هەواڵێک، گۆشەی ئافرەتان، ڕازێک، موسوڵمانانی شمشێر، بەڵگەنامەیەکی نهێنی، ئەرشیفی دەنگی باوەڕ، گۆشەی ئەدەب، لەگەڵ شەهیداندا.

بە پێرستی ئەو دوو ژمارەیەدا بۆمان دەردەکەوێت گۆڤاری دەنگی باوەڕ، کە بابەتەکانی (ئایینی، فیکری، سیاسی، میژوویی، ئەدەبی، هەواڵ، دۆکیۆمێنتی، ئافرەتان، کۆمەڵایەتی) ئەوە دەسەلمێنن گۆڤارەکە گشتی بووە.

ڕۆژنامەی (النفير)

ڕۆژنامەیەکی سیاسی گشتی بووە بە زمانی عەرەبی، لە لایەن بزووتنەوەی ئیسلامی لە کوردستانی عێراق لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٨ ژمارەی یەکەمی لێ دەرچووە، ناوی خاوەن ئیمتیاز و سەرنووسەری پێوە نەبووە، هەروەها ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانە و هەفتانەش نەبووە، بەڵکو بە دوو مانگ سێ ژمارەی لێ دەرچووە، واتە ژمارە (٣)ی لە شوباتی ١٩٨٩دا دەرچووە.

قەبارەی ڕۆژنامەکە هێندەی (A٣) بووە و هەشت لاپەڕە بووە. لە ڕووی نەخشەسازیشەوە بۆ ئەو سەردەمە شتێکی باش بووە. هەندێک بنەمای نەخشەسازی پێڕەو کردووە.

لە ژمارە (٤)ەوە بووە بە گۆڤاری (النفير).

گۆڤاری (النفير)

گۆڤارس (النفير) گۆڤارێکس ئیسلامی گشتی بووە، لە لایەن (بزووتنەوەی ئیسلامی)یەوە لە (پاکستان- شاری پیشاوەر) بە زمانی عەرەبی دەرچووە.

بابەت و ناوەڕۆکی ژمارەکانی: (سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئایینی، فیکری، ئەدەبی) بووە. گۆڤاری (النفير) لە سەرەتاوە تا ژمارە (٧) گۆڤارێکی قەبارە مامناوەندی بووە و لەدووتوێی بەرگێکی ڕەنگاوڕەنگی قەشەنگ دەرچووە، بەڵام لە ژمارە (٧)ەوە قەبارەکەی لە ژمارەکانی دیکەی گەورەتر بووە، نموونەی ئەم وتەیەش ژمارەکانی (٨ و ٩)، کە بەداخەوە دواژمارەی ئەو گۆڤارە ناوازەیە بووە، لە ڕووی ناوەڕۆکیشەوە دەوڵەمەندتر و زیاتر لە بابەت دەبوو، لە ڕووی تەکنیکیشەوە گۆڕانی بەرچاوی بەسەردا هاتووە، فۆنتی نووسینی ناوی (النفير)یش گۆڕابوو بە فۆنتێکی جوان و شێوازێک دەرهێنرابوو، واتە هەمیشە گۆڤارەکە هەنگاوی بەرەو پێشەوە دەنا و ئەمەش ئەوەی دەسەلماند بزووتنەوەی ئیسلامی هەوڵی دەدا مافی تەواو بداتە بواری ڕاگەیاندن، بە تایبەت ڕۆژنامەنووسی.

گۆڤاری (ڕاپەڕین)

ڕاپەڕین پاشکۆی گۆڤاری (النفیر) بووە و بە زمانی کوردی لە لایەن مەکتەبی ڕاگەیاندنی (بزووتنەوەی ئیسلامی)یەوە بڵاوکراوەتەوە و تەنیا دوو ژمارەی لێ دەرچووە، ژمارەی یەکەمی لە ئابی ١٩٩٠ و ژمارەی دووەمی لە ئازاری ١٩٩١دا دەرچووە.

ئەم پاشکۆیەی گۆڤاری (النفیر)، کە ناوی ڕاپەڕین بووە، ناوی خاوەن ئیمتیاز و سەرنووسەری لەسەر نەبووە، گۆڤارەکە قەبارەیەکی مامناوەندی هەبووە و بە شێوەیەکی ڕەنگاوڕەنگ و سەرنجڕاکێش بەرگەکەی نەخشێنراوە و بابەتەکانیشی لەسەر شێوازێک، کە لەگەڵ ستراتیجی گۆڤارەکەدا بگونجێت ڕیزبەندکراوە وەک (سەروتار، تەفسیری قورئان، لەبەر ڕۆشنایی فەرموودەکانی پێغەمبەر (د.خ)، لێکۆڵینەوەی سیاسی، ڕۆشنبیری ئیسلامی، بیری ئیسلامی، گۆشەی پشووی موجاهید). ئەمەش خاسیەتێکی گشتی دابوو بە گۆڤارەکە.

ئەم پاشکۆیەش وەک گۆڤاری (النفیر) لە شاری پیشاوەری پاکستان دەرچووە و لەوێوە نێررواوەتەوە بۆ کوردستان و ئۆردوگا عێراقییەکان لە شارەکانی ئێران، هەروەها ڕەوانەی وڵاتانی ئەورووپا و ئەمەریکاش کراوە.

فاجعة حلبجة

پاشکۆیەکی دیکەی گۆڤاری (النفیر)، بڵاوکراوەیەک بوو بە ناوی (فاجعة حلبجة کبری جرائحة العصر)، کە لە لایەن (فاتح کریکار)ەوە بە زمانی عەرەبی لەسەر کارەساتی هەڵەبجە ئامادەکرابوو، هەر لە شاری پیشاوەری پاکستان چاپ کرابوو.

ئەمەش لە پێناوی زیاتر خستنەڕووی مەرگەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە و بە ئەرشیفکردنی زانیارییە بەراییەکانی پێش کارەساتەکە و دوای کارەساتەکەش، هەروەها کۆکردنەوەی هەموو ئەو بەڵگانەی درێندەیی ڕژێمی بەعس و سەلمێنەری ئەوەی کە ڕژێمی ناوبراو کیمیاباران کردنی هەڵەبجە کردووە، ئەمەش سااڵێک لە دوای کیمیابارانی هەڵەبجەوە بووە، چەند بڵاوکراوەیەکی دیکە، کە بزووتنەوە لە پێش ڕاپەڕین دەری کردوون، کە لە خانەی گۆڤار یان ڕۆژنامە دانین، بەڵکو لە ڕیزی زنجیرە دەوریدا بوون یان بابەتی هەنووکەیی وەک:

بڵاوکراوەی (چەکی کیمیاو و میکرۆبی)

ئەم بڵاوکراوەیە بە قەبارەیەکی مامناوەند و لەدووتوێی (١٥) لاپەڕەی نیو ئەی فۆڕدا بووە و لە ئانوساتی کیمیابارانکردنی ناوچە جیاجیاکانی کوردستانی عێراق و دوای کیمیابارانکردنی (هەڵەبجە) بە چەکی کیمیایی و میکرۆبی و چەندین جۆرە گاز و ژەهری قەدەغەکراوی نێودەوڵەتی، لە لایەن دەزگا و سووپا داپڵۆسێنەر و خوێنڕێژەکەی بەعسەوە، جا بۆ خۆپاراستن و بەرگری کردن لەخود و دەوروبەر، هەروەها بۆ تووش نەبوون بە ڕووداوی جەرگبڕی هاوشێوەی ڕووداوەکەی ١٩٨٨/٣/١٦ی بۆ سەر شاری هەڵەبجە (بزووتنەوەی ئیسلامی) ئەم بڵاوکراوەیان دەرکرد.

بڵاوکراوەی
لەگەڵ موجاهیداندا١

هەر لەڕیزی ئەو جۆرە بڵاوکراوانەدا بزووتنەوەی ئیسلامی زنجیرە نامیلکەیەکی بە ناوی (لەگەڵ موجاهیداندا) دەردەکرد، ئەمەش هەر لەمانگی ئابی ١٩٨٨ەوە دەستی پێکردووە، ئەم بڵاوکراوەیە تایبەت بووە بە ژیان و خەبات و تێکۆشانی موجاهیدان، بە تایبەت موجاهیدانی بزووتنەوەی ئیسلامی، کە لە دژی ڕژێمی بەعسی دیکتاتۆر چەکیان کردوەتە شانیان و تێدەکۆشان و لەو پێناوەشدا شەهید دەبوون.

کاتی دەرچوونی بڵاوکراوەکە پێدەچێت لەمانگانەش کەمتری خایاندبێت، چونکە لە مانگی ئەیلولی (١٩٨٨) دا سێ ژمارەی لێ دەرچووە و ئەم بڵاوکراوەیەش لۆگۆی چاپخانەی (بێتوشی)ی لەسەرە.

لەبەر نەبوونی تەواوی ژمارەکان لەبەردەستدا نەمزانی چەند ژمارەی لێ دەرچووە، کە من هەتا ژمارە (٤)م دیون.

بڵاوکراوەی (دەنگی شەهیدان٦)

دەنگی شەهیدان بڵاوکراوەیەکی قەبارە مامناوەندی (١٥-٢٠) لاپەڕەی نیو ئەی فۆڕدا لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٨ لە لایەن (بزووتنەوەی ئیسلامی)یەوە دەرچووە، ئەم بڵاوکراوەیە بۆ ڕێزگرتن و لەبیرنەچوونەوەی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری و ئازادی ئاین و نیشتیمان و میللەت و گەلەکەمان دەری کردووە.

زنجیرەی بەندەکانی خوا

لە ئابی (١٩٨٨) بزووتنەوەی ئیسلامی بڵاوکراوەیەکی دیکەی زنجیرەیی دەرکرد بە ناوی (بەندەکانی خوا)، یەکەم ژمارەی هەر لەو مانگەدا واتە ئابی ١٩٨٨ بەرامبەر موحەرەمی ١٤٠٩ک دەرچووە، لە شێوەی نامیلکەی قەبارە بچووک و بە ناوەڕۆکی (١٤) لاپەڕەیی.

ئەوەندەی هەوڵمدا بۆم ساغ نەبوویەوە، کە چەند ژمارەی لێ دەرچووە.

(ڕۆژمێری کوردستان)

ڕۆژمێرێکی گیرفانییە بە ساڵی کۆچی (١٤١٢ک) لە بڵاوکراوەکانی نووسینگەی ڕاگەیاندنی بزووتنەوەی ئیسلامی لە کوردستانی عێراق. ئەم ڕۆژمێرە جگە لەوەی وەک دیاریکەری ڕۆژ و مانگەکانی ساڵە، بەشێکی گرنگی لە پێناسەی کوردستان و جوگرافیای کوردستان و ڕووداو گەلێکی مێژوویی مێژووی کورد و گەلانی موسوڵمان و جیهان بە گشتی تێدایە، هەروەها لە چاپخانەی شەهیدانی بزووتنەوە خۆیدا چاپکراوە.

گۆڤاری (بانگەوازی ئیسلامی)

گۆڤاری بانگەوازی ئیسلامی، گۆڤارێکی گشتی ئیسلامی مانگانە بووە، بە زمانی کوردی و لە لایەن (بزووتنەوەی ئیسلامی) لە مانگی کانوونی دووەمی (١٩٩٠)دا ژمارەی یەکەمی لێ بڵاوکراوتەوە، ژمارەی دووەمیشی لە مانگی شوباتی (١٩٩٠)دا دەرچووە، بەڵام پاشگرە ئیسلامییەکەی لێ کراوەتەوە واتە بووە بە (بانگەواز).

قەبارەی گۆڤارەکە: قەبارەیەکی مامناوەند و لەبەرگێکی ڕەنگاوڕەنگ و لەدووتوێی ناوەڕۆکێکی (٤٠) لاپەڕەییدا بڵاوبوبوویەوە، ئەم گۆڤارەش لە شاری پیشاوەری پاکستاندا چاپ کراوە.

بڵاوکراوەی (شاعیرانی ناو سەنگەر)

بڵاوکراوەیەکی وێژەیی وەرزییە نووسینگەی ڕاگەیاندنی بزووتنەوەی ئیسلامی دەری کردووە لەسەر شێوەی گۆڤار بەڵام گۆڤار نەبووە، ژمارە و

کاتی دەرچوونی لەسەر بووە.

ژمارە (یەک)ی لە پایزی ١٩٩١ دەرچووە، ژمارەی لاپەڕەکانی (٥٢) لاپەڕەی نیو ئەی فۆڕ بووە و بە شێوازی نەخشەسازی مامناوەندی و ناوەڕۆکێکی دەوڵەمەند وەک لە ژمارەی (١)دا چەند شاعیرێک بەسەر کراوەتەوە، کە ئەمانەن: (ڕێبوار کوێستانی، وەرزێر، هیوا، هێرش مەحموود، بڕوا هێرویی)

هەریەک لەوانەش دوو تا حەوت پارچە شیعر یان قەسیدەیان بڵاوکردووەتەوە:

((زادەی هەست و سۆزی هەڵقوڵاوی کۆمەڵە شاعیرێکی بزووتنەوەی ئیسلامییە، کە بە خۆیان و شیعرەکانیانەوە بووەتە ژینەمۆی جیهاد لە کوردستاندا))

ڕۆژنامەی (بزووتنەوەی ئیسلامی)

ڕۆژنامەیەکی سیاسی گشتی بووە، مەکتەبی ڕێکخستنی بزووتنەوەی ئیسلامی لە کوردستانی عێراقدا دەری دەکرد، (م.عەبدولغەنی تەها) سەرۆکی ئەنجوومەنی کارگێڕی بووە و (شوان هەورامی) سەرنووسەری بووە، ئەم ڕۆژنامەیە لەسەر وەرەقەی (A٣) و بە فۆتۆکۆپی ڕادەکێشرا و ژمارە (١)ی لە ١٩٩٢/٤/١١ دا دەرچووە، شایانی باسە لە سەرەتاوە ئەم ڕۆژنامەیە بە مانگانە دەردەچوو و ژمارە (١٢)ی لە ١٩٩٣/٤/٢٥ دەرچووە و دواهەمین ژمارەشی لە ١٩٩٣/٨/١٢ی پێوەیە. کە دواتر بە هۆی شەڕی ناوخۆوە ڕاگیراوە.

پاشان لە کۆتایی ساڵی ١٩٩٧ەوە دەرچووەتەوە، بە دەستێکی نوێترەوە کە خاوەن ئیمتیازی (کامیلی حاجی عەلی) و سەرنووسەری (شوان هەورامی) بووە هەتا کۆتایی ساڵی ١٩٩٩. سەر لەنوێ ڕاگیراوەتەوە و لە جێگای دا ڕۆژنامەی ڕێگای یەکبوون دەرچووە.

(ڕێگای یەکبوون٧)

ڕۆژنامەیەکی سیاسی هەفتانە بووە، بزووتنەوەی یەکبوونی ئیسلامی لە کوردستانی عێراق دەری دەکرد، خاوەن ئیمتیازی (یاسین حەسەن) و سەرنووسەری (فازڵ قەرەداخی) بووە.

ژمارە (یەک)ی لە ٢٠٠٠/٨/٢٧ دەرچووە. زیاتر لە ١٠٠ ژمارەی لێ دەرچوو، کە پاشان ناوەکەی کرایەوە بە (بزووتنەوەی ئیسلامی) و پاشتریش گۆڕا بە (باسک) و چەند سەرنووسەرێک بە دەستەی جیاوازەوە کاریان تێدا کردووە، لەوانە (کامیل مەحموود، وەرزێر سەلیم،

ئەرسەڵان تۆفیق، ئەحمەد حمە امین، ناسح مەجید، د.محەمەد بازیانی، احسان حسن) و دواژمارەشی لە / / دەرچووە.

گۆڤاری (ڕابوون)

گۆڤارێکی ئیسلامی گشتی بووە، هەردوو مانگ جارێک بەشی ڕۆژنامەگەری و بڵاوکردنەوە لە مەکتەبی ڕاگەیاندنی بزووتنەوەی ئیسلامی، دەری کردووە.

خاوەن ئیمتیازی (توفیق کەریم) و سەرنووسەری (کامیل مەحمود) بووە. کە تێکڕا (٦) ژمارەی لێ دەرچووە.

ژمارە (١)ی لە ١٤٢٠ ک - ٢٠٠٠/١٢/٢١ز دەرچووە.

گۆڤاری (الصفوة)

گۆڤارێکی وەرزی بوو بە زمانی عەرەبی لە لایەن مەکتەبی ڕێکخستنی بزووتنەوەوە دەردەکرا، ژمارە ١ی لە مانگی (٥)ی ١٩٩٦دا دەرچووە، تەنیا (٢) ژمارەی لێ دەرچووە.

گۆڤاری (بوار)

گۆڤارێکی وەرزی فکری سیاسی ڕۆشنبیری بووە، دەزگای لێکۆڵینەوە و ڕووناکبیری دەری کردووە، خاوەن ئیمتیازی (عیرفان عەلی عەبدولعەزیز) و سەرنووسەری (اسلان توفیق محەمەد) بووە.

ژمارە (١)ی لە بەهاری ٢٠٠٠دا دەرچووە، ژمارە (٣+٤)ی لە ٢٠٠١دا دەرچووە.

هەولێر کتێب

گۆڤاری (الشهداء)

ئــەم گۆڤــارە بــە زمانــی عەرەبی لــە لایــەن ڕاگەیاندنی دەرەوەی بزووتنەوەی ئیســلامییەوە دەرچووە. یەکەم ژمارە لە ١٥ ڕەمەزان ١٤١١- ٢٠٠١/٢/١٢ دەرچووە.

گۆڤاری (سەنگەر)

گۆڤاری ســەنگەر، گۆڤارێکی سیاسی و عەسکەری بووە، مەکتەبی عەســکەری بزووتنــەوەی ئیســلامی دەری دەکرد، خــاوەن ئیمتیــازی (نەجمەددین فــەرەج) ناســراو بە فاتح کرێکار و سەرنووســەری (ئامانــج ژاژەڵەیی) بووە، یەکەم ژمارەی لە مانگی کانوونی یەکەمی ١٩٩٣دا دەرچووە٨.

ئەم گۆڤارە لەبەرگێکــی ڕەنگاوڕەنگ و قەبارە گەورە، لە چاپخانەی ڕۆشنبیری لە هەولێر چاپکراوە.

گۆڤاری (الصف)

گۆڤاری (الصف) گۆڤارێکی ئیســلامی مانگانە بووە (هێزی حەسەن بەنا)ی بزووتنەوەی ئیسلامی بە زمانی عەرەبــی دەریان کــردووە. ژمارە (١) لــە (زولقیعدە)ی ١٤١٠ ک – مایسی ١٩٩٠ ز دەرچووە.

شایانی باسە لە ژمارە (٢)دا کە لە تشرینی یەکەمی ١٩٩٠دا دەرچووە، بووە بە وەرزی.

بڵاوکراوەی (لواء صلاح الدين)

لــواء صلاح الديــن، بڵاوکراوەیەکــی خوولی دەوری ئیســلامی بووە، بە زمانی عەرەبــی و ئینگلیزی، لە لایەن مەکتەبــی ئەمەریکای باکووری (بزووتنەوەی ئیســلامی) یەوە بڵاوکراوەتەوە.

ژمــارە (٢)ی لە مانگی ڕەبیعــی دووەمی ١٤١٢ک – تشرینی یەکەمی ١٩٩١دا دەرچووە.

گۆڤاری (نەزمون)

گۆڤاری نەزمون، گۆڤارێکی ئیسلامی گشتییە بزووتنەوەی ئیسلامی لە کوردستانی عێراق دەری دەکرد، خاوەن ئیمتیازی (د.ئازاد گەرمیانی) و سەرنووسەری (ئامانج ژاژەڵەیی) بووە، یەکەم ژمارەی لە مانگی تشرینی یەکەمی ١٩٩٤دا دەرچووە، ژمارەی (دووەم)ی لە ١٩٩٤/١١ – جەماد الپانی ١٤١٥دا دەرچووە، ژمارە (سێیەم) لە ١٩٩٤/١٢ – ڕەجەب ١٤١٥ دەرچووە.

گۆڤاری (جەماوەر)

جەماوەر لەسەرەتادا وەک بڵاوکراوەیەکی چەند لاپەڕەیی لە لایەن مەڵبەندی سلێمانی بزووتنەوەی ئیسلامییەوە دەردەکرا، یەکەم ژمارەی لە مانگی تشرینی یەکەمی ١٩٩٤دا دەرچووە.

خاوەن ئیمتیازی (جەمال ئەشرەف) و سەرنووسەری (عادل باخەوان) بووە و هەفتانە دەرچووە، کە پاشان بوو بە گۆڤار و چەند ژمارەیەکی بەو شێوەیەش لێ دەرچووە، پاشان درایە مەکتەبی ڕاگەیاندنی بزووتنەوە و خاوەن ئیمتیازی بوو بە (ئەحمەد کاکە مەحموود) و سەرنووسەری (کامیل مەحموود) و بە دوو مانگ جارێک و دەمانە دەرچوون و تا ساڵی ١٩٩٩ (٨٢) ژمارەی لێ دەرچوو.

گۆڤاری (تابان)

گۆڤاری تابان گۆڤارێکی ئیسلامی بووە و مەڵبەندی چواری بزووتنەوەی ئیسلامی لە هەولێر دەری دەکرد، یەکەم ژمارەی لە حوزەیرانی ١٩٩٢ دەرچووە.

شایانی باسە ناوی خاوەن ئیمتیاز و سەرنووسەری لەسەر نەبووە.

گۆڤاری (کوردستان)

گۆڤاری کوردستان گۆڤارێکی ئیسلامی گشتی بووە، مەڵبەندی دووی بزووتنەوەی ئیسلامی لە شاری (عەربەت) دەری دەکرد.

ناوی خاوەن ئیمتیاز و سەرنووسەری پێوە نەبوو. یەکەم ژمارەی لە مانگی (٦)ی ١٩٩٢ دەرچووە.

سەدای جیهاد

بڵاوکراوەی سەدای جیهاد لە لایەن مەڵبەندی هەولێری

بزووتنەوەی ئیسلامییەوە مانگانە لە ساڵی ١٩٩٣وە دەری دەکرد، خاوەن ئیمتیازی (م.ئازاد حوجرانی) و سەرنووسەری (شالاو زراری) بووە.

گۆڤاری (پەیڕەو)

گۆڤاری (پەیڕەو) گۆڤارێکی سیاسی بوو مەکتەبی ڕێکخستنی بزووتنەوەی ئیسلامی دەری کردووە، کە خاوەن ئیمتیازی (م. عەلی باپیر) و سەرنووسەری (شوان هەورامی) بووە و بە تێکڕا هەشت ژمارەی لێ دەرچووە، کە ژمارە (١)ی لە ئەیلوولی ١٩٩٥دا دەرچووە.

گۆڤاری (سنوور)

گۆڤاری سنوور گۆڤارێکی مانگانەی ئافرەتانە، شورای خوشکانی بزووتنەوەی ئیسلامی دەریان کردووە، خاوەن ئیمتیازی (دایکی بەنان) و سەرنووسەریشی (ژیان عەبدولقادر) بووە، یەکەم ژمارەی لە تشرینی یەکەمی (١٩٩٥)دا دەرچووە و تێکڕا (٢٩) ژمارەی لێ دەرچووە.

(هەڵوێست)

بڵاوکراوەیەکی مانگانە بووە مەڵبەندی ڕانیەی بزووتنەوەی ئیسلامی مانگانە دەری کردووە.

خاوەن ئیمتیازی (م. حەسەن بابەکر) و سەرنووسەری (وەرزێر پشدەری) بووە. تێکڕا (٩) ژمارەی لێ دەرچووە. کە دوا ژمارەی لە ئاداری ١٩٩٨دا بووە.

(پێشین)

بڵاوکراوەیەکی پەروەردەیی مانگانە بووە ڕاگەیاندنی مەڵبەندی (٥)ی کەرکووکی بزووتنەوەی ئیسلامی دەری کردووە.

ژمارە (یەک)ی لە ڕەبیعی دووەم ١٤٢٣ک – حوزەیرانی ٢٠٠٢ دەرچووە.

خاوەن ئیمتیازی (سەید یوسف جەباری) و سەرنووسەری (ئومێد عومەر) بووە، تەنیا سێ ژمارەی لێ دەرچووە، ژمارەی (سێیەم) لەجەمادی دووەم ١٤٢٣ک – ئابی ٢٠٠٢دا بووە.

(ئاسۆی هەڵەبجە)

بڵاوکراوەیەکی سالانەیە لە سالۆژی کیمیابارانی هەڵەبجەدا ڕاگەیاندنی مەڵبەندی (١) ڕێکخستنی هەڵەبجە بە هاوکاری دەزگای ڕۆژنامەگەری بزووتنەوە دەری دەکات.

ژمارە (١)ی لە ١٩٩٩/٣/١٦دا دەرچووە.

خاوەن ئیمتیازی مەڵبەندی یەکی ڕێکخستن بووە و سەرنووسەری ئارام عومەر و لە دووتوێی (٢٠) لاپەڕەی ڕۆژنامەی قەبارە مامناوەندیدا بووە.

ژمارە (٢)ی بە خوولی دووەم لە ٢٠٠٢/٣/١٦دا دەرچووە، کە خاوەن ئیمتیازی مەڵبەندی (١)ی ڕێکخستن و سەرنووسەری (ئومێد محەمەد سالح) بووە و هەتا ئێستا (٩) ژمارەی لێ دەرچووە.

(ئیسلامیەکان لە گۆڤار و ڕۆژنامەو بڵاوکراوەکاندا)

بڵاوکراوەیەکی ناوبەناو بووە، مەکتەبی ڕاگەیاندنی بەشی چاودێری بزووتنەوەی ئیسلامی دەری کردووە.

ژمارە (٢) ڕەجەبی ١٤٢٠ک – تشرینی یەکەم ١٩٩٩ز ژمارە (٤) ڕەمەزانی ١٤٢٠ ک – کانوونی دووەم ٢٠٠٠ ز.



(بانگەواز)

بڵاوکراوەیەکی مانگانەیە مەکتەبی بانگەواز و فتوای بزووتنەوەی ئیسلامی دەری کردووە.

ژمارە (١)ی لە ڕەمەزانی ١٤١٩ ک – کانوونی دووەمی ١٩٩٩ ز دەرچووە.

ناوی خاوەن ئیمتیاز و سەرنووسەری لەسەر نەبووە، تیکڕا (٦) ژمارەی لێ دەرچووە، کە ژمارە (٦) لە (صفر) ١٤٢٠ک – حوزەیرانی ١٩٩٩دا دەرچووە.

هەواڵنامەی کتێب

(منارە)

گۆڤارێکی شەرعی مانگانەیە، نوسینگەی فەتوا و دیراساتی شەرعی بزووتنەوەی یەکبوونی ئیسلامی دەری کردووە.

ژمارە (سفر)ی ئەزموونی لە ڕەجەبی ١٤٢٠ ک – تشرینی یەکەمی ١٩٩٩دا دەرچووە.

خاوەنی ئیمتیازی (م.کرێکار) و سەرنووسەری (م.مەلا محەمەد مەلا سالّح بامۆکی) بووە.

ئەم گۆڤارە تێکڕا (٨) ژمارەی لێ دەرچووە، کە دواین ژمارەی (٧-٨) پێکەوە لە ڕەبیعی الأول – ربیع الپانی ١٤٢١ ک – حوزەیران – تموز ٢٠٠٠دا بووە.

(ڕۆژنامەی ڕابوون)

ڕۆژنامەی ڕابوون، ڕۆژنامەیەکی گشتی خوێندکاری بووە، پەیوەندی ئیسلامی خوێندکارانی کوردستان، مانگانە دەری کردووە.

یەکەم ژمارەی (٥)ی ذی الحجة – ١٩٩٣/٣/١٠.

گۆڤاری (بەربانگ)

گۆڤاری بەربانگ گۆڤارێکی ئیسلامی بووە، لە لایەن ڕاگەیاندنی (مەڵبەندی کەرکووک)ی بزووتنەوەی ئیسلامی مانگانە دەرچووە، کە بایەخی بە بابەتی (شەرعی) داوە.

ژمارە (٤)ی کە لەبەردەست دایە تایبەتە بە ڕەمەزانی ١٤١٩ ک – ١٩٩٨.

(**خرۆشان**)
بڵاوکراوەیەکی مانگانەی ناوچەیی ڕێکخستنی قەڵادزێی بزووتنەوەی ئیسلامی بووە، ناوی خاوەن ئیمتیاز و سەرنووسەری پێوە نییە.
ژمارە (١)ی لە مانگی ٢٠٠١/٧دا دەرچووە، دواین ژمارەی کە ژمارە (٣) لە ٢٠٠١/٩/١٧دا دەرچووە.

هەوالنامەی کتێب

پەراوێزەکان:
١. هەژار حاتەم، ڕۆژنامەنووسی ئیسلامی لە کوردستانی عێراق ١٩٩١ – ١٩٨٢، سلێمانی، چاپخانەی ڕوون، ساڵی ٢٠٠٥، ل٥٨.
٢. هەمان سەرچاوە – ل٦٠.
٣. هەمان سەرچاوە – ٦١.
٤. هەمان سەرچاوە – ل٦٥ – ٦٦.
٥. هەمان سەرچاوە – ل١٣٩.
٦. هەمان سەرچاوە – ل١٤٢.
٧. عەلی ساڵح میران، ڕۆژنامەگەری ئیسلامی لە عێراق و کوردستانی باشوور (گۆڤاری پەیامی ڕاستی ژمارە: ٦٢ ئاداری ٢٠٠١، ل ٣٩.
٨. زێبایی هیوا ئەمین، بیبلۆگرافیای ڕۆژنامەگەری ئیسلامی کوردی ١٩٨٦ – ١٩٩٨، گۆڤاری جەماوەر، ژ: ٧٨ محرم – صفر ١٤١٩ ک – ئایار – حوزەیران ١٩٩٨، ل٣٣.

لە بارەی رۆژنامەگەریی کوردی بە زمانی رووسی

محەمەد خدر مەولوود*

پەیژێک:

هەر لە ناوونیشانە سادەکەی ئەم نووسینەدا (لە بارەی رۆژنامەگەریی کوردی بە زمانی رووسی)، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە ئەم بابەتە بەسادەیی خۆیەوە لەم دوو تەوەرە دەخولێتەوە:

یەکەم: نووسین و بابەتی نووسەران و رۆژهەلاتناسانی ڕووس لە بارەی بزاڤی رۆژنامەنووسی کوردی

دووەم: نووسین و بابەتی نووسەران و میژوونووسان و توێژەرانی کورد بە زمانی ڕووسی. جا بابەتەکەیان نووسینی نێو گۆڤار و کتێبان بووبێ یان نامەی دکتۆرای خوێندنی زانکۆ لە زانکۆکانی سۆڤیەتی جاران و ڕووسیای ئێستادا.

لە خستنەڕووی بابەتەکەشدا ڕەچاوی میژووی نووسینی بابەتی نووسەرانم کردووە و زێترین تیشکم خستۆتە سەر ئەو سەرچاوە و کتێب و نووسینانەی کە تا نووسینی ئەم بابەتە لەبەر دەست دابوونە.

هەروا باس لەو رۆژنامە و گۆڤارانەش ناکەین، کە چەند ژمارەیەکییان بە زمانی ڕووسی دەرچووە.

ئاشنایەتی نێوان ڕووس و کورد
پوشکین وەک رابەرێک لەم بوارەدا

پوشکین (١٧٩٩ – ١٨٣٧) شاعیری بلیمەت و نیشتمانی ڕووسیایە، پوشکین وەک چۆن لە شیعر ئەفرێنەر و نوێخواز و رابەری نوێکردنەوەی شیعری کلاسیکی ڕووسی یە.. لە چەندین بواری نووسینی ئەفرێنەرانەی وەک چیرۆک و رۆمانە شیعر و حیکایەتی نەتەوەیی و زمانی ڕووسیش داهێنەربووە، ئاواش لە نووسینی پەخشان و دەست


د. کەمال مەزهەر ئەحمەد


د. مارف خەزنەدار

رەنگینی ڕۆماندا بلیمەت بووە. لە بواری رۆژنامەنووسی و کاری رۆژنامەگەریشدا نووسەر و کارمەندێکی کاریگەر بووە، لە ماوەی ژیانیدا لە رۆژنامەی (لیتراتوورناگازێت = رۆژنامەی ئەدەبی) لەگەڵ دیلّڤیک هاوکاری دەرکردنی دەکات و لە ساڵی (١٨٣٠_١٨٣١) دەبێتە بەڕێوبەری نووسینی رۆژنامەکە، ئەم رۆژنامەیە (رۆژنامەی ئەدەبی) ئۆرگانی دۆستە ئەدەبییەکانی پوشکین بوو، قیازێمسکێ و سامۆقی رەخنەگر ستاڤی کارکردنی پوشکین بوون.

لە ساڵی (١٨٣٦) پوشکین گۆڤاری (سەڤریمێنیک) چاپ دەکات. ئەم گۆڤارە (کە مەبەستی ئەم نووسینەمانە) چوار ژمارەی لێ دەردەچێ و پاش ژمارە (٤)ی دەوڵەت بە بیانووی سەیر گۆڤارەکە رادەگرێت، پوشکین کە بەڕێوبەری گۆڤارەکە بوو، لە ژمارە (١)ی ساڵی (١٨٣٦)دا بابەتەکەی خۆی (گەشتێک بۆ ئەرزەرۆم) بڵاودەکاتەوە.

گەشتێک بۆ ئەرزەرۆم، یاداشتنامەی پوشکینە، بەرهەمێکی دیکەیی دانسقەی پەخشانی پوشکینە وەک لێوتۆلستۆی دەڵێ: (چاکترین نووسینی پوشکین پەخشانەکانییەتی).

ئەم بەرهەمە ساڵی ١٨٢٩ نووسراوە و لە ژمارە (١)ی ساڵی (١٨٣٦)ی گۆڤاری (سەڤریمێنیک) بڵاوی کردەوە و یەکەم نووسینی شاعیرێکی ڕووسە دەربارەی کورد و ئایینی یەزیدییان، پوشکین لە سۆنگەیی سەردانی بۆ قەفقاس و ئاگاداربوون لە شەری ڕووس دژ بە عوسمانلی (١٨٢٨_١٨٢٩) ئەم یادداشتانەمەی نووسیبووە.

بۆیە یادداشتنی (گەشتێک بۆ ئەرزەرۆم) سەربارێ نرخی ئەدەبی و مێژوویی بۆ ئەدەب و مێژوویی ڕووسی، نرخ و بەهای بۆ ئەدەب و مێژوویی کوردیش هەیە.

هەروا گۆڤاری (سەڤریمێنیک = هاوچەرخ)ی پوشکینیش بەو گۆڤارە دانسقانە دەژمێردرێن، کە یەکەمین بابەتی دەربارەی کورد بڵاوبکاتەوە، بۆیە شوێن و پێگەی گۆڤاری (هاوچەرخ)ی پوشکین چۆن بۆ مێژوویی رۆژنامەنووسیی ڕووس گرنگە، ئاوها و بۆ رۆژنامەنووسیی کوردیش پڕ بایەخە و وەک دیکۆمێنتی ئەوسا دەژمێردرێت بۆ ئاشناکردنی کورد و مێژووەکەی ئەگەر بە کورتیش بێت و چەند لایەنێکی کەمی ژیانی نەتەوەی کوردیش بێت.

ئەلێکساندەر پوشکین

مێژووی یەکەمین رۆژنامەی کوردی
لە لایەن نووسەران و رۆژهەلاتناسی ڕووسدا


مینۆرسکی

د. ڕەحیمی قازی

مێـژووی رۆژنامـەی (کوردسـتان – ١٨٩٨)، یەکەمیـن رۆژنامەی کوردی، پێشـتر لای ڕووسـەکان بایەخی پێدراوە و زانیـاری لەسـەر نووسـراوە.. بـەر لـەوەی نووسـەرانی کـورد لـە بایەخـی رۆژنامە بە گشـتی و ئـەو رۆژنامەیە بە تایبەتـی تێبگەن.. بۆ ئەمـەش گەلێ هۆکار هەن، کە ئێرە جێی باسکردنیان نییە..

دکتۆر کەمال مەزهەر لە کتێبە دانسـقەکەیدا «تێگەیشتنی راسـتی و شـوێنی لە رۆژنامەنووسـیی کوردیـدا»، زۆر بە وردی و پسـپۆرانە باسی لە وتار و نووسینەکانی نووسەران و رۆهەلاتناسـان و کوردناسـانی ڕووس دەکات، ئەوانەی لە بارەی یەکەمین رۆژنامە، (کوردستان)یان نووسیووە، پاشان هەموو ئەم نووسـین و بەرهەمانەی ڕووس و کوردو غەیرە کوردیش کە لە مەڕ رۆژنامەنووسی کوردی دواون..

ئـەوەی پەیوەنـدی بـە باسـەکەی ئێمـەوە هەبـێ و بـۆ پسـپۆرانی بـواری مێژوویـی رۆژنامەنووسـیی کـوردی لە کتێبەکـەی مامۆسـتا د.کەمـال مەزهـەر سـوود وەربگرین، دەکرێ بەو شـێوەی خوارەوە «تێگەیشتنی راستی و شوێنی لە رۆژنامەنووسیی کوردیدا» پۆلێن بکەین:

یەکەم: نووسـین و بابەتی مێژوویـی یەکەمین رۆژنامەی کوردی بە پێنووسی نووسەر و کوردناس و رۆژهەلاتناسانی ڕووس.

دووەم: نووسـین و بابەتی نووسەران و کوردناسـان و رۆژهەلاتناسـانی ڕووس لە بارەی رۆژنامەنووسیی کوردی بە گشتی، واتە لـە دوای لەدایک بوونی (کوردسـتان) یش.

سێیەم: نووسـین و بابەتی نووسەرانی کـورد و غەیـرە کـوردی (عـەرەب) بـە تایبەتی لە بارەی رۆژنامەی (کوردسـتان) و رۆژنامـە و گۆڤاری دیکـەش بە زمانی کوردی و عەرەبی.

خاڵـی یەکەم و دووەم مەبەسـتی ئەم لێکۆڵینـەوەی ئێمەیـە، د.کەمـال مەزهەر بە وردی باسـی بابەت و نووسـینی ئەو بەڕێزانـە دەکات، کە دەکرێ ئێمەش بەم شێوەیە لێیان بدوێن..

نووسـەران و کوردناسـانی ڕووس ئەمانەی خوارەوەن:


СОВРЕМЕННИКЪ,
ЛИТТЕРАТУРНЫЙ ЖУРНАЛЪ,
ИЗДАВАЕМЫЙ
АЛЕКСАНДРОМЪ ПУШКИНЫМЪ.
ТОМЪ ВТОРЫЙ
САНКТПЕТЕРБУРГЪ.
1836.

گۆڤاری (سەفریمێنیک – هاوچەرخ) گۆڤارێکی ئەدەبییە، ئەلێکساندەر پوشکین دەریدەکات ١٨٣٦.

مینۆرسکی ساڵی ١٩١٥، واتە (١٧) ساڵ پاش دەرچوونی یەکەمین رۆژنامەی کوردی (کوردستان) باسی دەرچوونی (کوردستان) ی لە قاهیرە کردووە، ئەم بابەتەی ڤ.ف.مینۆرسکی لە ژێر ناوی (کورد، زەمێتکی ئی ڤچتلێنیان = کورد، تێبینی و سەرنج، پیترۆگراد، ١٩١٥ لە ل١٨)دایە.

پاش مینۆرسکی (ساڵی ١٩١٧ واتە دوای دوو ساڵ ئەکادیمیایی ڤ.ا. گەردلێڤکسی باسی دەرچوونی رۆژنامەی (کوردستان) دەکاتەوە و باسەکە دەێتەوە نێو باسان.

پاش ئەم دوو نووسینە پەیتا پەیتا نووسەرانی ڕووس و کورد بابەتی هەمە جۆری مێژووی و لێکۆڵینەوەیان لە بارەی رۆژنامەنووسیی کوردی بڵاوکردۆتەوە.. هەر لە ڕووسەکان ئەم بەڕێزانە ناویان بە درەوشاوەیی دێت:

(ئەلییڤ گ.ز، بە گرانۆف ن.و ڤیازێمسکی ب، فلچێڤسکێ و.، ژیۆلیتا کۆڤ أ.د.، ئیڤانۆ م. س، لازاریڤ. م. س، نۆڤیچێڤ أ.د.، ن.گ. پالگونۆڤاوم. أ. خارلامۆڤا...).

ئەمە بە گوێرەی سەرچاوە دەوڵەمەندەکەی مامۆستا دکتۆر کەمال مەزهەر کە لە «تێگەیشتی راستی» دانا و بابەتەکانیشیان وەک سەرچاوە بۆ کتێبەکەی دێنێ و تیشکیش دەخاتە سەر ناوەڕۆکی بابەتەکانیشیان.

هەروا لە نووسەران و لێتۆژەرەوانی کوردیش، کە بە زمانی ڕووسی بابەتیان لە بارەی رۆژنامەنووسی کوردی نووسیووە، لەوانە بەڕێزان:

د.ڕەحیمی قازی، دکتۆر ئیحسان فواد، د.کەمال مەزهەر ئەحمەد، د.مارف خەزنەدار. ئەم بەڕێزانە لە ماوەی ساڵانی ١٩٥٤ تا ١٩٦٨ لە ماوەی خوێندنی ئەکادیمیاندا چ بە وتار یان لە نامەی دکتۆراکەیاندا، باسیان لە رۆژنامەنووسیی کوردی بە گشتی کردوە.

ئەم نووسین و بابەتانە، جگە لە

گۆڤاری ئۆکراین – کورد، بە زمانەکانی کوردی و ڕووسی
ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١١


МОСКОВСКИЙ ГОСУДАРСТВЕННЫЙ УНИВЕРСИТЕТ им.М.В.ЛОМОНОСОВА
факультет журналистики
Кафедра зарубежной печати и литературы

На правах рукописи

АХМАД МУАФАК

ПЕЧАТЬ ИРАНСКОГО КУРДИСТАНА
(Основные этапы развития и особенности функционирования в современных условиях)

Автореферат
диссертации на соискание ученой степени
кандидата филологических наук

Москва – 1998

چاپەمەنی کوردستانی عێراق، قۆناغە سەرەکییەکانی و پرۆسەی گەشەسەندن و ئەفرێنەرانەی کەسی.
د. مۆفەق دەرگەلەیی – مۆسکۆ ١٩٩٨

گەشتنامەکەی پوشکین بۆ ئەرزەرۆم، لە ساڵی ١٩١٣ وە تا ١٩٦٨ نووسراون.. لە دوای ئەو مێژووەش چەندین قوتابی کورد بۆ خوێندن رووبان لە سۆڤیەتی جاران و ڕووسیای ئێستا کردووە.

هەندێکیش لەوانە خوێندنی دکتۆرایان تەرخان کرد بۆ بواری رۆژنامەنووسیی کوردی.

ئەگەرچی میللەتی کورد لە چاو میللەتانی دراوسێ درەنگتر لەوان ئاشنای دونیای رۆژنامە و رۆژنامەگەریی و چاپ و چاپەمەنی بووە، بەڵام بواری رۆژنامەنووسی و رۆژنامەگەری یەکێکە لە بواڕە دەوڵەمەندەکانی نێو رۆشنبیری و کولتووری، کە بەشێکی گرنگی هۆشیارکردنەوە و رۆشنبیری کوردی دەدانرێت، سەرباری ئەوەشی هەر لە ڕێگا ئەم بواڕەش بووە پەیامی نەتەوەیی و سیاسی کوردی گەیشتۆتە رای گشتی ناوخۆ و دەرەوە..

د. مەغدید سەپان

د. ڕەزوان بادینی

لە دوای لەدایکبوونی (کوردستان)ی قاهیرەی ١٨٩٨ رۆشنبیرانی کوردیش بایەخی رۆژنامە و چاپەمەنییان زانیووە، بۆیە بەو پەڕۆشەوە بایەخیان پێ داوە و لەهەر قۆناغ و سەردەمێکدا و لەهەر شارێکی کوردستاندا رۆژنامە و گۆڤار چاپکراون و بڵاوکراونەتەوە.

لە نێو ئەو قوتابی و نووسەرانەی، کە لە نێوان ساڵانی (١٩٧٠_١٩٩٠) لە سۆڤیەتی جاران ژیاون، یا خوێندنی باڵایان تەواوکردووە..

گۆڤاری ئۆکراین – کورد، بە زمانەکانی کوردی و ڕووسی، ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١١

ئەم بەڕێزانە: حسێن حەبەش، ڕەزوان بادینی، ئەنوەر قادر جاف، مەغدید سەپان، یوسف کێخوا عەزیز، مۆفەق دەرگەڵەیی، نیاز لاجانی، جەلیلی جەلیل، فەخرەدین تایەر.. چەندین نووسین و کتێبیان بۆ بواری رۆژنامەنووسیی کوردی تەرخان کردووە و بڕوانامەی دکتۆراشیان هەر لەم بواڕەدا وەرگرتووە.. ئەمە جگە لە نووسەرانی دیکەش کە دکتۆرانامەکانیان لە بواڕێک لە بواڕەکانی ئەدەبی بووە، کەچی بە نووسین و وتار باسی رۆژنامەنووسیی کوردییان کردووە، لەوانە د.جەمشید حەیدەری لەو بەرهەمانە بە کورتی لەمانە دەدوێین..

یەکەم: مێژووی سیاسی و کۆمەڵایەتی کورد لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەم تا کۆتاییەکانی سەدەی بیستەم.

ئەم بەرهەمە لە نووسینی جەلیلی جەلیل لە ساڵی ١٩٩٧ لە سانت پێتێر


د. حوسێن حەبەش

د. مۆفەق دەرگەڵەیی

بورگ چاپکراوە..

ئـەم کتێبـە ١٦٦ لاپەڕەیـە و لە چەند بەشـێکدا جاسـمی جەلیلـی باس لە یەکەمیـن رۆژنامەی کـوردی و رۆژنامە و گۆڤاری(هیوا) و (رۆژی کورد) و مالّباتا بەدرخانییان دەکات، بـۆ نموونە لە لاپەڕە (٢٠_٤٩) نووسـەر بـاس لە رۆژنامەی (کوردستان) دەکات.. لە لاپەڕە (٦٥-٨٨)ی کتێبەکەیدا باس لە (هیوا) و (رۆژی کورد) دەکات، هەمدیس لە لاپەڕە (٨٨_١٠٨) باسی رۆڵی عەبدولرەزاق بەدرخان دەکات.. ئەم کتێبەی جەلیلی جەلیل سـەرباری ناساندنی بارودۆخی سیاسی و رۆشنبیری کوردی بە خوێنەرانی رووس، سـەرچاوەیەکی گرنگیشـە بۆ ناساندنی باری رۆژنامەنووسی و رۆژنامەگەریی کوردی.

رۆژنامەگەریی کوردی لە کوردستانی عێراق.. سەرهەڵدان و مێـژوو و هاوچەرخـی بـواری رۆژنامەگەریـی کوردی لە کوردسـتانی عێراقـدا تێزی دوکتـۆرای موفـەق دەرگەڵەییە، سـاڵی ١٩٩٨ لە مۆسـکۆ چاپ کراوە.. ئەم کتێبەش بایەخ و گرنگەی خۆی هەیە بە تایبەتیش لەم بارانەوە:

١_ یەکەمین نامەیە کە باس لە رۆژنامەنووسـیی کوردی لە کوردستانی عێراقدا دەکات.

٢- وەک سەردەم، لە ئێستای رۆژنامەنووسیی کوردی لە کوردستانی عێراق دەدوێت..

رۆژنامەگەریـی کـوردی لە تاراوگە: مێـژوو و هاوچەرخ ناوونیشـانی ئەو کتێبەیە، کە د.مەغدید سەپان ساڵی ١٩٩٨ لە سـانت پێتێر بورگ چاپی کردووە، کتێبەکە نامەی دکتۆرایـە و زانکـۆی حکومی پیتر بـورگ چاپی کردووە.

ناوەڕۆکـی کتێبەکـە ١٤٠ لاپەڕەیەوە لە دوو بەشی سەرەکی پێک دێت

یەکـەم: لە دایک بوونـی یەکەمین رۆژنامەی کـوردی. ئـەم بەشـەش سـێ بابەتـی لـە خۆ گرتووە.

دووەم: بڵاوکـراوە کوردییەکان لە ئەورووپا، ئـەم بەشـەش چـوار بابەتـی گرنگـی لە خۆ گرتووە.

لە هـەردوو بەشـی کتێبەکەیـدا د.مەغدید سەپان باس لە سەرهەڵدانی یەکەم رۆژنامەی کـوردی و چاپەمەنی کـوردی لە هەندەران و هۆکارە سیاسـییەکانی دەرچوونی چاپەمەنی لـە لایەن جالییەی کـوردی و لە تاراوگەدا بە تایبەتیش لە ئەورووپا، هەمدیس رەنگدانەوەی راپەڕینی ئاداری ١٩٩١ و کێشە کۆمەڵایەتی



چاپەمەنی رەوەندی کوردی: مێژووی سەرهەڵدان و هاوچەرخ – د. مەغدید سەپان – سانت پترسبۆرگ ١٩٩٨

و رۆشنبیرییەکان لە رۆژنامەگەریی کوردی لە سوید.

ئەمانــە و جگە لە کتێب و نامەی دکتۆرای بەڕێزان دکتۆر رەزوان و دکتــۆر حســێن حەبــەش، کە باس لــە قۆناغەکانی رۆژنامەنووسیی کوردی دەکەن.. بۆیە بە گشتی ئەم بەڕێزانە: جەلیلــی جەلیل، د.ئەنوەر قادر جاف (م)، د.رەزوان، د.حســێن حەبەش، یوسف کێخوا عەزیز (م)، د.مەغدید سەپان، د.مۆفەق دەرگەڵەیی، نیــاز لاجانی (م)، فەخرەدین تایەر (م)، بە نەوەی دوای بەڕێــزان: د.کەمال مەزهەر، مارف خەزنەدار دادەنرێن، کەوا بە زمانی ڕووســی بــاس لە رۆژنامەنووســیی کوردی بکەن..

د. ئیحسان فوئاد

پۆلینکردنی بابەتەکان

گوێرەی ئەو ســەرچاوانەی لەبەر دەست دان، دەکرێ ئەم بابەتەمان بەم شێوەی خوارەوە پۆلین بکەین:



د. جەلیلێ جەلیل

یەکەم: رۆژهەڵاتناسان و کوردناسان و نووسەرانی ڕووس هەر لە پوشکینەوە لە ساڵی ١٨٣٦ وە تا ساڵی ١٩١٣ لە کتێبی (رۆژی کورد) – کۆمەڵە بەرهەمی رۆژهەڵاتی) پێترســبۆرگ ١٩١٣ کتێبــی یەکــەم، بڵاوکراوەی رۆژهەڵاتناســانی رووس، بابەتی دیکە لەم بوارەدا نابینرێ.

هــەر لــەم بابەتــەوە، کتێبی مینورســکی ڤ.ڤ لــە کتێبی (کورد. تێبینی و سەرنج) ١٩١٥ پێتربورگ. نووسین و بابەتی نووســەرانی رووس لە بارەی کورد و کولتووری کوردی و بابەتی رۆژنامەنووسیی کوردی) دەبێتە بابەت و وەک ژانرێک باسی لێوە دەکرێ.



دەربارەی میژووی کۆمەڵایەتی و سیاسی کورد لە سەدەیەکدا – د. جەلیلێ جەلیل – سانت پترسبۆرگ ١٩٩٧

دووەم: نووســەرانی کورد بەڕێزان (د.مارف خەزنــەدار، د.کەمــال مەزهــەر، ڕەحیمــی قازی، د.ئیحســان فواد...) دەستەی یەکەمی نووسەرانی کــوردن، کــە بــە زمانــی ڕووســی باســیان لە رۆژنامەنووسیی کوردی وەک ژانرێکی کولتووری کوردی کردووە... ئەو ماوەیەش (١٩٥٤–١٩٦٨) ماوەی خوێندنی ئەو بەڕێزانەیە...

سێیەم:بەڕێزان (د.جەلیلی جەلیل، د.رەزوان بادینــی، د.حســێن حەبــەش، د.ئەنــوەر قــادر جاف، د.مەغید ســەپان، یوسف کێخوا عەزیز، د.موفــەق دەرگەڵەیــی، فەخرەدیــن تایــەر) بــە دەســتەی دووەمــی نووســەرانی کــورد دادەنرێــن، کــە خوێندنی ئەکادیمــی و نامەی دکتــۆرا یــان ماســتەریان تایبــەت بــووە بە ژانری (رۆژنامەنووســیی کوردی) بە هەموو



МОСКОВСКИЙ ОРДЕНА ЛЕНИНА, ОРДЕНА ОКТЯБРЬСКОЙ РЕВОЛЮЦИИ И ОРДЕНА ТРУДОВОГО КРАСНОГО ЗНАМЕНИ ГОСУДАРСТВЕННЫЙ УНИВЕРСИТЕТ ИМЕНИ М.В. ЛОМОНОСОВА

Факультет журналистики
Кафедра зарубежной печати и литературы

Аси Радван Хелир

Тема диссертации:
КУРДСКАЯ ПЕРИОДИЧЕСКАЯ ПЕЧАТЬ В ЭМИГРАЦИИ.
ОСОБЕННОСТИ И ТЕНДЕНЦИИ РАЗВИТИЯ (1970-1985 гг.)

Научный руководитель:
доктор исторических наук
Лазарев М.С.

Москва-1986

چاپەمەنی کوردی لە تاراوگە، تایبەتمەندی و هەمەلایەنی لە (١٩٧٥–١٩٨٥)دا د. ڕەزوان بادینی – مۆسکۆ ١٩٨٦

МОСКОВСКИМ ОРДЕНА ЛЕНИНА, ОРДЕНА ОКТЯБРЬСКОЙ РЕВОЛЮЦИИ И ОРДЕНА ТРУДОВОГО КРАСНОГО ЗНАМЕНИ ГОСУДАРСТВЕННЫЙ УНИВЕРСИТЕТ ИМЕНИ М.В.ЛОМОНОСОВА

Факультет журналистики
Кафедра зарубежной печати и литературы

На правах рукописи

ХАЛАФ ХУСЕЙН ШЕЙХ ХАНБАР

ЖУРНАЛ "ХАВАР" И ЕГО РОЛЬ В РАЗВИТИИ КУРДСКОЙ КУЛЬТУРЫ

10.01.10 - журналистика

Автореферат
диссертации на соискание ученой степени
кандидата филологических наук

Москва - 1982

ڕۆڵی گۆڤاری (هاوار) لە پێشخستنی کەلتووری کوردی د. حوسێن حەبەش – مۆسکۆ ١٩٨٢

بوارەکانیانەوە...

ئەوەش مانای سەرهەڵدانی پسپۆڕی و تایبەتمەندییەتی نووسەرانی کورد دەگەیەنێ بۆ ژانرێک لە ژانرەکانی کولتوور و ڕۆشنبیری کوردی کە ژانری (مێژوو، سەردەم) ی ڕۆژنامەنووسیی کوردییەوە و باسکردنە لە کاری ڕۆژنامەنووسان و ڕابەرانی ئەم بوارەدا، جا لەنێو خاکی کوردستاندا بووبێ یان لە تاراوگەدا.. جێی باسە نامەی ئەم بەڕێزانەش بە چاپکراوی یا وەک تێزی نامە چاپکراون و لە زانکۆکانی سۆڤیەتی جاران پارێزراون. بابەتی دەستەی دووەمی نووسەرانی کورد، سەرچاوەی دەوڵەمەندی گشتگیرییە بە زمانی ڕووسی و ناساندنی باشتر و وردتری ژانری ڕۆژنامەنووسی و ڕۆژنامەگەریی کوردییە بە خوێنەرانی ڕووس.

* قوتابی دکتۆرا لە زانکۆی لۆگانسک لە ئۆکرانیا، ڕۆژنامەنووسیی کوردی لە دوای ڕاپەڕین، بە بەراورد لەگەڵ ڕۆژنامەنووسی ئۆکراینی لە دوای پیرۆسترۆیکا لە چەند تێزێکی دیاریکراودا.

سەرچاوەکان:
١. تێگەیشتنی راستی و شوێنی لە ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا، د.کەمال مەزهەر ئەحمەد، لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا ١٩٧٨.
٢. ئەلێکساندەر پوشکین، گەشتێک بۆ ئەرزەڕۆم، وەرگێڕانی لە ڕووسییەوە بۆ کوردی و تێبینی و پەراوێز د.مارف خەزنەدار، سوید ١٩٩٥.
٣. پوشکین شاعیری ئەفرێنەری ڕووس، محەمەد خدر مەولود، لە بڵاوکراوەکانی بزاڤی ڕۆشنبیرانی نوێخواز _ هەولێر، ٢٠٠٨.

کتێب و نامەی دکتۆرا بە زمانی ڕووسی:
١. د.مەغدید سەپان، پیچات کوردسکەیا دیاسپەرەر ئیستۆریا ئی سەفرێمینە یێ سەستەیانێی، ١٩٩٨.
٢. ئیز ئیستۆریی ئەبچێستڤینۆ– پەلینیحسکۆی ژیزینی کودۆڤ، ١٩٩٧.
٣. ئۆچەرک ئیستۆرییا سەفرێمێنۆی کورد سکۆی لیترا توری، مۆسکۆ د.مارف خەزنەدار ١٩٦٧.
٤. ئەفتۆرینرات– د.مۆفەق دەرگەڵەیی ١٩٩٨.
٥. کتێبی (ژیزنی پوشکینە) مۆسکۆ ١٩٨٩.

سەرنج:
* (م) واتە نامەی ماستەر.
* د. مەغدید سەپان، د. جمشید حەیدەری، زانیاری و سەرنجی وردیان پێداوم.

کاریگەریی رووداوە سیاسییەکان لە دروستبوونی رای گشتیدا

فوئاد ئەحمەد*

پێشەکی

دووبارەبوونەوەی دەستەواژەی رای گشتی لەسەر زاری زۆرینەی خەڵک، بە تایبەتی سیاسییەکان و ئەوانەی خاوەن بەرژەوەندی ئابووری و خاوەن کۆمپانیا بەرهەمهێنە گەورەکان و هەتا لەسەر زاری کەسانی ئاساییش، بەڵگەی گرینگی رۆل و کاریگەریی رای گشتی و لەبەرچاوگرتن و دروستکردن و گۆڕین و پڕکردنی دەگەیەنێت، ئینجا لە بواری سیاسی یا ئابووری یا کۆمەڵایەتی بێت.

لەهەرکوێیەک کۆمەڵگا هەبێت، رای گشتیش هەیە، بەڵام سروشت و هێزی ئەم رایە دەگەڕێتەوە بۆ ئاستی شارستانی ئەم کۆمەڵگایە. بە شێوەیەکی گشتی رای گشتی بریتییە لە جەدەلێک لە بارەی کێشەیەک، کە جێی بایەخی جەماوەرە، کە هەڵوێستێکی لە بەرامبەر وەردەگرێت، هێزی کاریگەریی ئەم را گشتیەش دەوەستێتە سەر هێز و کاریگەریی ئەو ئامرازەی ئەم رایەی دروست کردووە، یا هەوڵی دروستکردنی دەدات، لە پێشەوەی هەموویانەوە ئامرازەکانی راگەیاندن دێت.

لێرەو دەپرسین، رای گشتی چییە؟ مێژووەکەی لە کوێوە سەرچاوە دەگرێت، جۆرەکانی چییە؟ ئەو هۆکارانەی کاریگەریان لەسەر رای گشتی هەیە چین؟ بە تایبەتیش کاریگەریی رووداوە سیاسییەکان بەسەر دروستبوونی رای گشتی. هەوڵ دەدەین لەم لێکۆڵینەوەیەدا وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەینەوە.

مێژووی گەشەکردنی رای گشتی

جیاوازیەکی زۆر هەیە لە نێوان دیراسەکردنی رای گشتی وەک چەکێک، کە خاوەنی بنەما و تایبەتمەندی و چەندین لایەنی دیکە بێت، لەگەڵ رای گشتی وەک دیاردەیەک کە بە درێژایی مێژوو لە لایەن کۆمەڵگا و گەلان ناسراوە.

سەرەتا شتەکان هەن، یان دۆزراونەتەوە



ئەفلاتون

پاشـان ناویان لێنـراوە، یەکێـک لەوانە رای گشـتییە، لەگـەڵ ئەوەی دەسـتەواژەی رای گشـتی یەکێکە لە دەسـتەواژەکانی سەدەی نوێ، بەڵام وەک هەستپێکردن و پەیرەکردنی بەقەد مێژووی مرۆڤایەتی کۆنە.

بۆئـەوەی وێنەیەکـی روون لەسـەر چەمکـی رای گشـتی پێشـکەش بکەیـن، پێویست دەکات مێژووی گەشەکردنی رای گشتی هەر لە سەرەتای پەیدابوونییەوە تا بۆتە دەستەواژەیەکی بڵاو لەناو کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بخەینەڕوو.

لەوکاتەوەی مرۆڤ نووسینی داهێناوە، لەگەڵیشیدا چەندین شارستانییەت هاتۆتە بوون، گرنگی رای گشـتیش هەڵکشـانی بەخۆیـەوە دیـوە، سـۆمەری بابلـی و ئاشوورییەکان قورساییەکی تا رادەیەک باشـیان داوەتە رای گشتی، ئاسەواری میسـری کۆنیـش ئەوەمان بۆ ئاشـکرا دەکات، کـە درکیـان بـەرای گشـتی کـردووە و لەوسـەردەمەدا شـێوازی پێشـکەوتوویان گرتۆتەبەر بۆ کاریگەریی دانان لەسـەر رای گشتی و ئاراستەکردنی، لەوانە دروستکردنی ئەهرامەکان و پەرستگا.

> **لەوکاتەوەی مرۆڤ نووسینی داهێـنـاوە، لەگەڵیشیدا چـەنـدیـن شارستانییەت هاتۆتە بـوون، گرنگی رای گشتیش هەڵکشانی بەخۆیەوە دیـوە، سـۆمـەری بـابـلـی و ئاشوورییەکان قورساییەکی تا رادەیەک باشیان داوەتە رای گشتی**

یۆنانەکانیـش چەمکـی نزیـک لـە چەمکی رای گشـتییان ناسـیووە، وەک: (رێککەوتنی گشـتی) و (ئاراستە بڵاوەکان). ئەرسـتۆ، گوێگرەکان کە لەسـەردەمی ئەودا پێکهێنەری رای گشـتین بەپێـی تەمەن دابـەشی دەکات، وەک گەنـج و پیاو و بەتەمەنەکان.

دواتریش رۆمانەکان باسـیان لە (بیرورا بڵاوەکان) کرد و گەیشتنە چەمکی (دەنگی جەماوەر) یان (دەنگی گەل).

ئەگەر لە سـەدەکانی ناوەراسـتیش ورد بینـەوە دەبینین جیهانـی ئیسـلامی و جیهانـی مەسـیحی درکیان بـە گرنگی رای گشـتی کردووە. شارسـتانییەتی ئیسلامی لە رێگەی ئەو بنەمایانەی دایڕشـت، دەتوانین بڵێین گرینگی بە رای گشـتی داوە و دەسـەڵاتێکی زۆری داوەتێ، تا دەگاتە یاخی بوون لە دەسـەڵاتدار و شۆڕش بەسـەریدا، هەروەک بۆ بەڕێوەبردنی وڵات مەبدەئی شورای داناوە.

جیهانی مەسـیحیش دەستەواژەی (رێککەوتنی گشتی) یان (کۆدەنگی) یان بەکارهێناوە.

بـە دەسـتپێکی نووسـینەکانی میکاڤیللـی (١٤٦٩-١٥٢٧) پێشـکەوتنێکی بەرچـاو رووبدا لە چۆنیەتی خسـتنەروو یان



جان جاک رۆسۆ

باسکردنی ئەوەی پێی دەوترێت رای گشتی، ئەو پێی وابوو رای گشتی (رەگەزێکە لە پرۆسەی ململانێ لەسەر دەسەڵات دەبێ لەبەرچاو بگیرێت).

رۆسۆ (١٧١٢-١٧٧٨)، یەکەم فەیلەسوف بوو دەستەواژەی رای گشتی بەکارهێنا، لە گرنگترین نووسینەکانی رۆسۆ کتێبی پەیمانی کۆمەڵایەتییە، دەتوانین بڵێین بیرۆکەی بنەڕەتی لە پشت پەیمانی کۆمەڵایەتی، بابەتی یەکبوونی بینای کۆمەڵایەتییە، ئەویش بە ملکەچبوونی بەرژەوەندی تایبەت بۆ کارگێری گشتی، لێرەدا حکوومەت تەنیا رۆلی یارمەتیدەر دەبینێ، چونکە کارگێری گشتی کۆکراوەی ئیرادەی گەلە، کە خۆی یاساکان دادەنێ، حکوومەتیش تەنیا یەکێکە لەو تاکانەی دەبێ ئەو یاسایانە جێبەجێ بکەن. لێرەدا روونە کە چەمکی ئیرادەی گەل لە واتای کردەییدا هاواتای چەمکی رای گشتییە لە واتا سەردەمییەکەیدا.

لە سەدەی هەژدەیەم، کە ناسراو بە (سەردەمی رۆشنگەری) هەردوو شۆڕشی ئەمریکی (١٧٨٣) و دواتریش فەرەنسی (١٧٨٩) دوو رووداوی دیاربوون، کە گوزارشتیان لە رۆلی رای گشتی دەکرد.

لە سەدەی نۆزدەیەمیشدا، کە پڕبوو لە رووداو و گۆڕانکاری، شۆڕشی پیشەسازی بەرپابوو، دۆزینەوە زانستییەکان پێشکەوتنیان بەخۆوە بینی، ئامرازی تازەی پەیوەندیکردن دۆزرانەوە، تا کار گەیشتە ئەوەی رای گشتی بووە خاوەن هەژموون و دەسەڵاتێکی گەورە و یەکێک لە ئەنجامەکانیشی لەوکاتەدا داواکاری کرێکاران بوو بۆ دانانی یاسایەک، کە بەرژەوەندی و مافیان بپارێزێ.

کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیەم زانای کۆمەڵایەتی (گوستاف لۆبۆن) یەکێک لەو پێشەنگانە بوو، کە درکی بە بیرۆکەی (جەماوەر) و تەکەتولی میللی کرد لەگەڵ کاریگەرییان لەسەر کاری سیاسی.

سەرەنجام لە سەدەی بیستەمدا رای گشتی تاجی سەرکەوتنەکانی لەسەرنا، ئەویش بە پەیدابوونی رادیۆ و تەلەفزیۆن و سینەما، بۆیە ئەم سەدەیە بووە سەدەی رای گشتی.

جەنگی دووەمی جیهانییش، کە هەر لەم سەدەیەدا رووید، کاریگەری گرنگی هەبوو لە پشتیوانیکردنی رای گشتی، بە

لە سەدەی هەژدەیەم، کە ناسراو بە (سەردەمی رۆشنگەری) هەردوو شۆڕشی ئەمریکی (١٧٨٣) و دواتریش فەرەنسی (١٧٨٩) دوو رووداوی دیاربوون، کە گوزارشتیان لە رۆلی رای گشتی دەکرد

تایبەتی دوای جەنگ کۆمەڵێک لیکۆڵینەوەی دەروونی ئەنجام درا، کە جەختی لە رەفتار دەکردەوە و گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە ئەسڵی رەفتار تەنیا بریتییە لە ئامادەکاری بۆ ئەنجامدانی کارێک، کە دواتر ناوبرا بە (هەڵوێست) و (ئاراستەکان)، ئەم دوو چەمکەش لە جەوهەردا تەنیا و تەنیا بریتییە لە رای گشتی یان ئەو بنەمایانەی، کە رای گشتی لەسەر دروست دەبێت.

لە سەرەتای سییەکانی سەدەی بیستەمیشدا دەست بە پێوانەکردنی رای گشتی کرا، ئەم لیکۆڵینەوانەی پێوانەی هەڵوێست و پەرچەکردارەکانیان دەکرد لە بەرامبەر بابەت و کێشەکان کە لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی روو دەدەن.

ئەو رووداوە گەورانەی، سەدەی بیستەم بەخۆیەوە بینی و ویژدانی جیهانی جولاند بە جەنگی یەکەمی جیهانی (١٩١٤-١٩١٨)، دواتریش جەنگی دووەمی جیهانی دەستی پێکرد، بە شێوەیەک لە شێوەکان کاریگەری لەسەر رای گشتی دانا دواتریش بەسەر ژیانی سیاسی و نیشتمانی و نێودەوڵەتی. لێرەوە رای گشتی بووە خاوەنی رۆڵی سەرەکی لە داڕشتنی رووداوەکان و ئاراستەکردنیان، هەروەک بڕیار بەدەستانی بواری سیاسەتیش لە داڕشتنی بڕیارە سیاسییەکانیان هەزاران حیساب بۆ رای گشتی دەکەن.

چەمکی رای گشتی

ئەمرۆ، کە ئێمە رووبەڕووین لەگەڵ دیاردەی رای گشتی، گرنگە دەستەواژەی رای گشتی وەکو خۆی دیاری بکەین، مەبەست لە (ڕا) چیە، کەی (ڕا) دەبێتە گشتی و ئەم پرۆسەیە چۆن دروست دەبێ.

بۆ ئەوەی دەستەواژەی (ڕای گشتی) وەکو خۆی دەربکەوێت، پێویستە (ڕا) و (گشتی)، وەکو خۆی پێناسە بکەین و بیانناسێنین:

١. ڕا: بریتییە لەو بار و سەرنجەی، کە بە ئاشکرا و بە رووبی دەر دەبڕێت، واتە بەیان دەکرێت بە ڕێگای زارەکی یان هێمایی، ئینجا هێمای نووسین بێت یان وێنە...هتد، چونکە رەگەزی گرنگ لە ڕا بریتییە لە بەیانکردنی ئەو رایە.

٢. وشەی گشتی یەکێک لەو مانایەنەی خوارەوە دەگەیەنێت:

- گشتی هەموو ئەوانە دەگرێتەوە، کە تایبەت نییە (العام ما هو بخاص): کە پەیوەندی بە خودی کەسێکەوە نییە، بەڵکو بە کۆ هەیە، بە پێی ئەم دەربڕینە بۆ گشتی، دەتوانین بڵێین (بەرژەوەندی گشتی) و (پرسی گشتی)یش هەیە.
- گشتیبوون هاوبەشیکردنە (العام هو المشترک): واتە تاکەکانی کۆمەڵگە لە هەڵسوکەوتێک یان رەوشت و رەفتارێک یان خەسڵەتێکی هاوبەشدا، بۆ نموونە کە دەڵێین گەلی کورد گەلێکی لێبووردەیە، واتە ئەم سیفەتە لە لایەن زۆربەی تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردی بوونی هەیە.
- گشتی بوون ئەوەیە کە ئاشکرایە (العام هو العلني): واتە هەموو خەڵکی دەیزانن.

لێرەوە راستییەک دەردەکەوێ ئەویش بڕیتیە لەوەی، کە دەکرێ بڵێین رای گشتی هەڵگرێ هەرسێ سیفەتە، کە باسمان کردن چونکە گشتی بوون تایبەت نییە، لەبەر ئەوەی تەنیا دەربڕی تاک یان گرووپێکی دیاریکراو نییە، هەروەک زیاتر بە لای ئەوەدایە، کە تەعبیر لە هەڵوێستێکی هاوبەشی زۆرینەی رەگەزەکانی کۆمەڵگەیەکی سیاسی دەکات و لە کۆتاییشدا خاوەنی خەسڵەتی ئاشکراییە.

تا ئێستا لە لایەن بیریاران رێککەوتنێک نەکراوە لەسەر پێناسەیەکی گشتگیر بۆ رای گشتی، کە ئەگەرچی زۆربەی ئە و پێناسانە تەئکید لەسەر رای زۆرینە دەکەنەوە، کە ئەمەش زیاتر پەیوەندی بە ئایدیۆلۆژیا و ئەو ژینگەی کۆمەڵایەتییەوە هەیە، کە بیریارانی ئەم بواره تێیدا دەژین و باوەڕیان پێی هەیە، بۆیە هەرکەسەو لە دیدگای خۆیەوە پێناسەی رای گشتی کردووە.

پێناسەی جیمس برایس: رای گشتی دەستەواژەیەکە بەکاردێت بۆ گوزارشت لە کۆمەڵێک بیرورا، کە خەڵکی پێ گەیشتوون

لە بەرامبەردا ئەو مەسەلانەی کە کاریگەریی دەکاتە سەر بەرژەوەندییە گشتی و تایبەتییەکانیان.

زانای بواری میدیا لێژناردۆ دۆب پێناسەیەکی دیکەی هەیە و دەڵێ: رای گشتی واتە بۆچوون و هەڵوێستەکانی خەڵک بەرامبەر بابەتێکی دیاریکراو، بەڵام بەو مەرجەی ئەو خەڵکە هەموویان ئەندامی گرووپێکی دیاریکراوبن.

زانایەکی دیکە بە ناوی چیلدریش پێی وایە: رای گشتی بریتییە لەو کۆمەڵە هەڵوێستەی کە کۆمەڵە خەڵکێک بەبێ لەبەرچاوگرتنی رێککەوتنی پێشوەخت وەری دەگرن.

پێناسەی دیکەش بۆ رای گشتی زۆرە، وەک باسمان کرد هەر زانستە و لە بواری خۆی، هەر زانایە و لە بنەمای فیکری خۆی و ئەو ژینگەیەی تێیدا ژیاوە پێناسەی رای گشتی کردووە، بۆیە بە گشتی دەکرێ بڵێین (رای گشتی هێزێکی کۆمەڵایەتی گەورە و پتەوە و خاوەن دەسەڵاتێکی بەهێزە، هەرچەندە هێزی جێبەجێکردنی نییە، بەڵام ناکرێ لەبەرچاو نەگیرێت).

رەگەزەکانی رای گشتی

هەرچەندە جیاوازی لە پێناسەکانی رای گشتیدا هەبێت، زاناکان رێکن لەسەر رەگەزەکانی رای گشتی کە بریتین لە:

١. خەڵک: ئەوانەی کۆمەڵ و جەماوەریان لێ پێک دێت، چونکە لێککەیشتن لە نێوان خەڵکی کارێکی گرنگ وپێویستە چونکە ئەوان رەگەزی یەکەمی پێکهێنانی رای گشتین و سوودمەندی راستەقینەش ئەوان دەبن، ئەگەر رەفتاری کۆمەڵایەتییان ئەوە بێنەتەدی، کە دڵخوازی ئەوانە.

٢. ژینگە: ئەو ژینگەیەی ئەو خەڵکانەی تێیدا دەژین، کولتووری کۆمەڵایەتی و بیروباوەڕ و دابونەریت و بیروباوەڕی ئایینی و تێگەیشتنی هاوبەش، رۆڵێکی کاریگەر دەبینێ لە دروستکردنی رای گشتی.

٣. تایبەتمەندییەکانی رەفتاری کۆمەڵایەتی: تایبەتمەندی سەرەکی مرۆڤ بریتییە لە توانای فێربوون، بۆیە خێزان و قوتابخانە و نەتەوە و بیروباوەڕ، رۆڵی کاریگەر دەبینن لە رەفتاری تاکەکان، کە دواجار رایەکی کاریگەر دروست دەکات.

٤. ئەو رووداو و پێویستییانەی کە ژیانی خەڵک ئاراستە دەکەن: ئەو تەحەدیاتانەی کە خەڵکی رووبەرووبان دەبنەوە وەکو (گەردەلوول و لافاو و شەپۆلەکانی گەرما و بومەلەرزە) ئەمە لە رووی سروشتەوە، دەستکردی مرۆڤیش وەک (شەڕوشۆر، شۆڕشەکان)، ئەم رووداوانە کاریگەرن و رایەکی گشتی کاتی دروست دەکەن.

قۆناغەکانی دروستبوونی رای گشتی

١. هەبوونی کێشە، یان بابەتێک کە پەیوەندی بە بەرژەوەندی گشتییەوە هەبێت.
٢. هەستکردن بەو کێشەیە.
٣. گفتوگۆکردنی کێشەکە. (راگەیاندن رۆلی خۆی دەبینێ).
٤. دەرکەوتنی پێشنیارەکان.
٥. ململانێی بیروڕاکان.
٦. گەڵاڵەبوونی راکان.
٧. رێککەوتن لەسەر رایەکی مامناوەند، کە ئەویش رای کۆمەڵە.
٨. رەفتاری بە کۆمەڵ: تەرجەمەکردنی ئەو رایە بۆ رەفتار.

ئامانجەکانی رای گشتی

١. دیراسەکردنی رای گشتی بەرامبەر بە بابەتە کۆمەڵایەتییەکان.
٢. دیراسەکردنی رای گشتی بەرامبەر بە بابەتە سیاسییەکان.
٣. دیراسەکردنی رای گشتی بەرامبەر بە بابەتە ئابووریییەکان.
٤. دیراسەکردنی رای گشتی بە ئامانجی دانانی بەرنامەیەکی سەرکەوتوو بۆ پەیوەندییە گشتییەکان.

شێوازەکانی دەرکەوتنی رای گشتی

خشتەی دابەشکردنەکان و جۆرەکانی رای گشتی



پێوەری دابەشکردن
جۆرەکانی رای گشتی بە پێی پێوەری دابەشکردن

پێوەری شوێن
١ – رای گشتیی ناوخۆیی
٢ – رای گشتیی نەتەوەیی
٣ – رای گشتیی هەرێمی
٤ – رای گشتیی جیهانی

پێوەری کات
١ – رای گشتیی هەمیشەیی
٢ – رای گشتیی کاتی

پێوەری هێزی کاریگەر
١ – رای گشتیی چالاک
٢ – رای گشتیی هۆشیار
٣ – رای گشتیی رەخنەگر

پێوەری جۆرەکانی را
١ – رای کەسی
٢ – رای تایبەت

پێوەری چەندایەتی
١– رای زۆرینە
٢ – رای کەمینە
٣ – رای رەها
٤ – رای هاوپەیمانی

پێوەری پلەی ئامادەبوون
١ – رای گشتیی ئامادەبوو بە فیعلی
٢ – رای گشتیی ئامادەبووی پێشبینی کراو

پێوەری پلەی دەرکەوتن
١– رای گشتیی ئاشکرا و دیار
٢ – رای گشتیی نادیار و شاراوە

پێوەری پلەی جوولە
١ – رای گشتیی ئیستاتیکی ٢ – رای گشتیی داینامیکی

تایبەتمەندیی سەرەکی مرۆڤ بریتییە لە توانای فێربوون، بۆیە خێزان و قوتابخانە و نەتەوە و بیروباوەڕ، رۆڵی کاریگەر دەبینن لە رەفتاری تاکەکان، کە دواجار رایەکی کاریگەر دروست دەکات

ئەو هۆکارانەی کاریگەرییان هەیە لە دروستکردنی رای گشتی

دوای ئـەوەی بە کۆمەڵێک لەو قۆناغانە ئاشـنابووین، کە رۆڵیان هەیە لە دروسـتکردنی رای گشـتی، لێرەوە پێویسـتە

کارەساتی بوومەلەرزەو رای گشتی

بەو هۆکارانەش ئاشنابین، کــە کاریگەرییــان هەیــە لــە دروســتکردنی رای گشــتی و راســتەخۆ یــا ناڕاســتەخۆ سروشــتی ئــەو رایــە و ئاراســتە جیاوازەکانــی دیــاری دەکــەن، هۆکارەکانیش بریتین لە:

١. شارســتانییەت و کولتووری رۆشنبیری: شارســتانییەت لەگەڵ کولتووری رۆشنبیری گرینگترین ئەو رەگەزە کاریگەرانــەن لــە دروســتبوونی رای گشــتی، چونکە کولتوور رۆڵی گرنگی هەیە لە ئامادەکردنی تاک و کۆمەڵەکان بــۆ گۆڕینەوەی کردار و پەرچەکردار، کە شــێوازی رەفتاری کۆمەڵایەتییان دیاری دەکات. (جۆن دۆلار) پێی وایە لە توانادا هەیــە لە ڕێــگای کۆمەڵێک گریمانە جۆری بیروڕای کەســێک پێــش لەدایکبوونی دیاری بکەین، ئەویش لە ڕێگای لێکۆڵینەوە لە کولتووری رۆشنبیری ئەو کەسە.

٢. خێزان: خێزان وەک شانەی یەکەمین و بنەڕەتی دادەنرێت، کــە کاریگەریی هەیە لەســەر ســەرجەم ئــەو گۆڕانکاریانەی لەنــاو کۆمەڵگا ڕوودەدات. تاک لــە ڕێگای خێزانەوە زۆربەی تایبەتمەنــدی و ڕەفتــارە جیاوازەکانــی وەدەســت دێنێ. ئەو کاریگەرییانــەی خێــزان لەســەر تاکێک جێــی دەهێڵی بریتین لە دروســتکردنی بەها کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاســی و ئایینییــەکان لای هەر تاکێک. هەروەک کاریگەرییەکانی خێزان کار لە ســەرجەم ئەو هۆکارانــەی دیکەش دەکات، کە ڕۆڵیان هەیە لە دروستکردنی رای گشتی.

٣. سیســتمی سیاســی: ســەرجەم سیستمە سیاســییەکان لە هەوڵــی ئــەوەدان لە ڕێــگای ڕاکێشــانی رای گشــتی بە لای خۆیاندا پشتیوانی بۆ شەرعیەتی یاسایی، مانەوەیان بەدەست بێنن. سیستمی سیاســی ئاراستە فیکرییەکەی هەرچیەک بێت بەشــدارییەکی کاریگەر دەکات لە دروســتکردنی رای گشتی. لەم ســەردەمەدا هاوڵاتی بە تەواوی کەوتۆتە ژێر کاریگەریی هەژموونــی ئایدیۆلۆژیــای باوی سیســتمی سیاســی، ئەگەر ئەو سیســتمە بیناکرابێت لەســەر بنەمای دیکتاتۆری حوکمی فــەردی، ئەمە دەبێتە هۆی ئــەوەی زۆربەی چینەکان نەتوانن بیروڕای سیاســی خۆیان بخەنەروو ئەمەش ئەوەی لێ پەیدا دەبێــت، کە پێی دەوترێت (رای گشــتی نەرێنــی)، واتا رایەک

سەرجەم سیستمە سیاسییەکان لــە هــەوڵــی ئــــەوەدان لە ڕێگای ڕاکێشانی رای گشتی بە لای خۆیاندا پشتیوانی بــۆ شەرعیــەتــی یاسایی، مانەوەیان بــەدەست بێنن. سیستمی سیاسی ئاراستە فیکرییەکەی هەرچییەک بێت بەشداریییەکی کاریگەر دەکات لە دروستکردنی رای گشتی

کاریگەریی نییە لەسەر پێکهاتەی دەسەڵاتی سیاسی ئەو وڵاتە. بەڵام لە سیستەمە سیاسیە پێشکەوتووەکاندا کە لەسەر بنەمای دیموکراتی بینا کراوە، رای گشتی چالاکتر و کاریگەرتر و بە ئەرێنی دەردەکەوێت.

٤. هۆکارەکانی راگەیاندن: گومانی تێدا نییە کە ئەو پێشکەوتنە گەورەیەی لە بواری گەیاندن و تەکنەلۆجیای زانیاری و گواستنەوە بۆتە هۆی دەرکەوتنی رۆڵی راگەیاندن و هۆکارەکانی بە شێوەیەکی کاریگەر لە ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسیدا.

راگەیاندن بە هۆکار و کەناڵێکی گرنگ دادەنرێت بۆ دەوڵەمەندکردنی هاووڵاتی بە زانیاری سەبارەت بەو سیاستە باو و رووداوە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگە، هەروەک هۆکارێکە کە بە نەرمی و خێرایی و توانای چوونە ناو سەرجەم جومگەکانی دەوڵەت و بگرە جیهانیش ناسراوە، هەروەک هۆکارەکانی راگەیاندن توانایەکی باش دەدات بەر دەستەبژێری سیاسی لە کۆمەڵگا و وای لێدەکات کاریگەریی دابنێ لەسەر دروستکردن و ئاراستەکردنی رای گشتی. وەک چۆن هاووڵاتیانیش تەیار دەکات بە زۆرترین زانیاری و دەیان بەستێتەوە بە جیهانی سیاسەت و ئەو گۆرانکارییانەی رووددەدەن. راگەیاندن رۆڵێکی کاریگەر دەبینێ لە کێشمە کێشە سیاسییەکانی ناو وڵاتێکی دیاری کراو لە رێگەی ئەو کاریگەرییانەی هەیەتی دەتوانێ رای گشتی بە ئاقارێک ببات لایەک بەسەر لاکەی دیکەدا سەربخات، هەموو ئەوانە ئەو رۆڵەی راگەیاندن دەیبینێ لە دروستکردن و ئاراستەکردنی رای گشتی لە کۆمەڵگایەکی دیاری کراو یان وڵاتێک وابەستەی ئەو سیستم و ژینگە سیاسییە، کە تێیدا گەشونما دەکات چونکە ئەگەر سیستەمەکە دیموکرات نەبوو، مومکین نییە راگەیاندن بتوانێ ئەو رۆڵە ببینێ.

٥. رووداوەکان: سیاسی بێت یان کۆمەڵایەتی ناوخۆی بێت یان دەرەکی جیهانی بێت، یان هەرێمی، کە لە ئەنجامی ململانێی چینەکان و کارلێکی هێزەکان لەناو کۆمەڵگا رووددەدەن و شێوەی رەفتار و رای گشتی دیاری دەکەن.

جگە لەو رەگەزانەی باسمان کردن کە کاریگەرییان هەیە لەسەر رای گشتی چەندین رەگەزی دیکەش هەن کە کاریگەرییان هەیە، بەڵام هەندێک زانا ئەو پێنجەی باسمان کردن بە سەرەکیتر دەزانن بۆیە گرینگیمان بەوان دا. لەو رەگەزانەی دیکە کە کاریگەرییان لەسەر دروستکردن و ئاراستەکردنی رای گشتیدا هەیە بریتین لە:

- دامەزراوەی پەروەردە و فێرکردن.
- سەرکردەکان
- ئایین

رووداوەکان بە تایبەتیش رووداوە سیاسیەکان و کاریگەریان لەسەر دروستکردنی رایەکی گشتی، بابەتی لێکۆلینەوەکەی ئێمە بۆیە بۆئەوەی کاریگەری رووداوە سیاسییەکان لە دروستکردنی رای گشتی دیار بکەین پێویستە سەرەتا لەوە تێبگەین سیاسەت چییە، تەنگژەی یان رووداوی سیاسی چییە و چۆن دروست دەبێت .

سیاسەت چییە؟

سیاسەت وەک دەستەواژە بریتییە لە سەرپەرشتی کردنی کاروباری ناوخۆ و دەرەوەی وڵات. وەک ڕێوشوێنیش هارۆلد لاسوێل پێناسەی کردووە، بریتییە لە دەسەڵات کە ئەو دیاری دەکات کێ دەبێتە خاوەنی چی، یان کێ چی بەبەر دەکەوێت و چۆن، واتا لێکۆلینەوە لە چۆنیەتی دابەشکردنی خێروبێر لە کۆمەڵگا لە ڕێگای دەسەڵات وەک (دیڤد ئیساتۆن) پێناسەی کردووە. شیوعییەکانیش پێناسەیان کردووە بەوەی بریتییە لە لێکۆلینەوە لە پەیوەندییەکان لە نێوان چینەکانی کۆمەڵگا. واقیعیەکانیش پێناسەی سیاسەتیان کردوە کە هونەری مومکیناتە بۆ گۆرینی واقیعی سیاسی بە شێوەکی مەوزوعی.

لە وردبوونەوەمان بۆ ئەو پێناسانە بۆمان دەردەکەوێ کە تەنگژە سیاسییەکان رووداوە سیاسییەکان زۆربەیان لە ئەنجامی ناعەدالەتی وەک ئەوەی ماکسوێل و ئیساتۆن

تەئکیدی لەسەر دەکەنەوە کە ئەگەر خێروبێر بـە عەدالەت دابەش نەکـرا و هەرکەس مافی خۆی وەرنەگرت دروسـت دەبـێ، یان وەک شـیوعییەکان پێناسـەیان کـردووە ململانێی نێوان چینەکانە رووداوە سیاسـییەکان دێنێتە وجـود، یانیش خوێندنەوەیەکـی ناواقیعی بۆ رووداوەکان و مامەڵەکـردن لەگەڵیان دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی تەنگژەی سیاسی.

تەنگژە

چەمکـی تەنگژە یەکێکە لەو چەمکانەی کە قورسـە پێناسـەیەکی دیاریکـراوی بۆ بکەن چونکـە تەنگـژەکان لە سـەرجەم بوارەکانی ژیـان رووددەن، تەنگـژەی کۆمەڵایەتـی، تەنگژەی ئابـووری، تەنگژەی سیاسـی..هتد. بۆیـە هەر زانا، یا زانسـتە و لە بواری خۆی پێناسـەی جیاجیـای بۆکـردووە. دائیـرەی مەعاریف بۆ زانسـتی کۆمەڵایەتی پێناسـەی تەنگـژەی کردووە کـە: بریتییە لـە رووداتی یان پەیدابوونی خەوشـێکی ترسناک و پرتاو لـە پەیوەنـدی نێوان دووشـت. ولیـم کوانت پێناسەی کردووە، کە تەنگژە بریتییە لەو خاڵە هەسـتیارە و ئـەو کاتە گونجـاوەی کە تیایدا چارەنووسی گەشەسەندنێک دیاری دەکرێت.

زاناکان چەمکی تەنگژەیان لە رووداو و یان کێشە سیاسـییەکان جیا کردۆتەوە کە کێشە یان رووداوی سیاسی هۆکاری دروستبوونی تەنگژەی سیاسین و لە ئەنجامی کەڵەکەبوونی کێشەکانە تەنگژەی سیاسی دروست دەبێت.

کاریگەریی رووداوە سیاسییەکان لەسەر دروستبوونی رای گشتی

لای چاودێران شاراوە نییە کە رووداوەکان بـە تایبەتیـش رووداوە سیاسـییەکان، رۆڵی کاریگەر و گرینگییان هەیە لە مێژووی گەڵان، لە دواکەتن و پێشکەوتنیان لە هەموو بوارەکاندا. ئەگەر چاوێک بە مێژووی گەلاندا بخشێنینەوە دەبینین قۆناغبەندی گەشـەکردنیان بەندە بە هەندێک رووداوی سیاسـی گەورە کە نەتەوە و وڵاتـان لـە قۆناغێکـەوە دەگوازێتـەوە بۆ قۆناغێکـی دیکـە، بگرە جیهانی بە گشـتی لە قۆناغێکەوە گواسـتۆتەوە بۆ قۆناغێکی دیکە. بۆنموونە، دامەزراوەی نەتەوەیەکگرتووەکان لە ئەنجامی رووداوی جەنگی دووەمی جیهانی دروسـت بوو، چونکە رایەکی گشتی جیهانی هەبـوو بۆ دووبـارە نەبوونـەوەی جەنگێکی دیکە.

لەسـەر ئاسـتی ناوخۆییـش نموونـەی کۆچڕەوەکـەی خەڵکی کوردسـتان ١٩٩١ بە بیـر دێنینەوە، کـە گەلی کورد لـە بڕیارێکی بە کۆمەڵـدا رووداوێکی مرۆیی دروسـتکرد و وای کرد رایە گشـتی جیهانـی بێگومان لە رێـگای زوومی کامێـرا و راگەیاندنی جیهانی دروسـت بـکات. ئـەم رووداوە سیاسـییە لە کۆتاییدا گەلی کوردی لە کوردسـتانی عیراق لە قۆناغی ژێردەستەیی گواستەوە بۆ قۆناغی نیمچە سەربەخۆیی و ئەم هەرێمەی ئەمرۆی لێ لەدایک بوو.

بە پێی ئـەو ئەنجامانەی لێکۆڵەرەوان پێی گەیشـتوون و لـەم لێکۆڵینەیـەدا ئیشـارەتی پێکـراوە، بۆئـەوەی رایەکی گشـتی لەسـەر بابەتێـک یـان رووداوێـک دروسـت بێـت، پێویستە:

١. لە راستیدا رووداوێک هەبێت.
٢. رووداوەکە بە ئاشکرا بەیان بکرێت.
٣. جێ بایەخی کۆمەڵانی خەڵک بێت.
٤. بگاتە زۆرینەی ئەندامانی کۆمەڵگا.
٥. سـەکۆیەکیش هەبێت بۆ ئەوەی سەرجەم تاکـە پەیوەندیدارەکان یان لانی کەم ئەوانەی نوێنەرایەتـی ئەوان دەکەن رای خۆیان لەمەر رووداوەکـە بخەنـەروو تـا کـۆ دەنگییـەک دروسـت دەبێت و دواتر لە شـێوەی رایەکی گشتی خۆی دەردەخات.

ئەم پرۆسەی هەر لە بەیانکردنی کێشە یان رووداوە سیاسـییەکە وەکو خـۆی تا دەگاتە دروسـتبوونی رای گشتی، بێگومان پێویستی بە کەشـێکی ئازاد هەیە، بـە فەراهەم بوونی ئازادی هەیە، بە تایبەتیش ئازادی رادەربرین، یان بەشێوەیەکی دیکە ئازادی راگەیاندن.

ئازادی رادەربرین یان ئازادی راگەیاندن،

بە مانا فراوانەکەی بەندە بە شێوەی سیستمی سیاسی.لە سیستمە تۆتالیتاری دیکتاتۆریەکاندا گومان هەڵناگرێت کە راگەیاندن تەنیا بیروڕای دەسەڵات دەگوازێتەوە بۆ تاکەکانی کۆمەڵگا و دەزگا زانیاریەکانیش لەمەڕ پرس و بابەت و رووداوەکان بەسەر هاوواڵاتیان دادەخات، تەنیا ئەوانەیان بەرگوێ دەخات کە خۆی مەبەستییەتی و لە بەرژەوەندی مانەوەی خۆیدایە. بۆیە ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە کە ژینگەی سیستمە دیکتاتۆرییەکان ژینگەیەکی ناتەواوە و رای گشتی بە مانا زانستییەکەی و ئەو کاریگەرییانەی هەیەتی بەسەر جومگەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری دەرناکەوێ.

بە پێچەوانەوە، مەرجی سیستمێکی دیموکراتی، کرانەوەیە بە رووی ئازادی پێکهێنانی حیزب و رێکخراوی سیاسی و رێکخراوی کۆمەڵی مەدەنی راگەیاندنی ئازاد و هەڵبژاردن، کە هەموو ئەمانە مەرجیشن بۆ دروستکردنی رایەکی گشتی لەمەر هەر رووداوێکی سیاسی کە لە ژینگەی کارکردنی ئەوان رووەدات یان لە ژینگەیەکی دیکە، بەڵام پەیوەندییەکی راستەوخۆ یان ناڕاستەخۆی بە کۆمەڵگاکەی ئەوانەوە هەیە.

لێرەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە رووداوە سیاسییەکان بە پێی شوێن و جوگرافیای رووداندیان و رادەی پەیوەندییان بە کۆمەڵگەیەکی دیاریکراو، بەڵام لە چوارچێوەی سیستمێکی دیموکراتدا کاریگەریی راستەوخۆیان هەیە لەسەر دروستکردنی رای گشتی.

هەوالنامەی کتێب

سەرچاوەکان:

بە زمانی کوردی:

١. مەجید سالح : بنەما تیۆرییەکانی رای گشتی و راگەیاندن، لێکۆڵینەوە، ٢٠٠٣–٢٠٠٤.

بە زمانی عەرەبی:

١. منال طلعت محمود: علم الاتصال، ٢٠٠٢.
٢. د. سنا محمد الجبور: الاعلام والرأي العام العربي والعالمي، دار الاسامة، ٢٠٠٩.
٣. أ.د. حسن عماد مكاوي: الاعلام ومعالجة الازمات، الدار المصرية اللبنانية، ٢٠٠٥.
٤. د. اديب خضور: الاعلام والازمات، ٢٠٠١.
٥. فراس عبدالله أحمد صليح: الرأي العام الفلسطيني وأثره على تحديد التوجهات السياسية لصناع القرار وعملية صنع القرار السياسي الفلسطيني ((٢٠٠٦–١٩٩٣. بحث.
٦. ا.د . فاروق ابوزيد: الاعلام والسلطة ٢٠٠٧
٧. ويكيبيديا.
8. http://etudiantdz.net/vb/t34472.html

* fuadbaper@yahoo.com

ڕاگەیاندنی کوردی
لە ڕاڕەوی پرۆسەی نوێی گەیاندندا

هەڵەت هەمەوەندی*

میدیا یەکێکە لە بەرهەمە دیارەکان، کە بە بەرچاوترین شێوە لە کۆمەڵگا پیشەسازییەکاندا بەکاردەهێنریت. پێشکەوتن و پەرەسەندنی ڕاستەوخۆی، پەیوەست بووە بەو گەشە شارستانییەی کە لەسەرەتاکانی سەدەی هەژدەدا لە کۆمەڵگای ڕۆژئاوادا ڕوویدا و دواتر لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستدا، زیاتر قەوارەیەکی نوێخوازانەی بەخۆوە بینی. هەڵبەتە دواتریش بەرهەمی هەوڵ و کۆششی زیاتر لەسێ سەدە، بەهەمەجۆرکردنی ڕۆژنامە و زیادکردنی ژمارەی خوێنەرانی ڕۆژنامەدا بینرا.

گەر بمانەوێت وێنەی کارامەیی ڕاگەیاندن لە پێشکەوتنە جیهانییەکاندا دەربخەین، دەبینین ڕێژەی ڕووداو و کارەسات و داهێنانە جیهانەکان بەرزن و بێ ژمارن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، کەم تا زۆر چەند لایەنێکی گرینگ هەن کە زیاتر شوێن دەستیان بەسەر ڕەوتی داهێنانەکانی بواری ڕاگەیاندنەوە دیارە، وەکو سەرەتاکانی لەنگەرگرتنی ڕۆژنامەگەریتی، لەدوای دروستبوونی ئامێری چاپ و دروستکردنی کاغەزی تایبەت بە چاپ، لە لایەن گوتنبرگی ئەڵمانی لەساڵی ١٤٣٦دا، بەدەرکەوت و پێشکەوتنێکی ڕەهای بە بواڕەکانی ڕۆژنامەگەری بەخشی. لەپاشانیشدا داهێنانە تەکنۆلۆجییەکان پەیوەندی نێوان خوێنەر و داهێنەر و نووسەریان بەهێزتر کرد. لێرەشەوە بەدەرکەوت کە کۆمەڵگا وەکو پێویستییەکی گرینگ سەیری ڕۆژنامەگەریتی دەکات، چونکە سەلمێنرا میدیا هۆکارێکی گرینگی پەرەپێدەری پەیوەندی نێوان جەماوەر و جەماوەر، جەماوەر و دەسەڵاتە، بە تایبەتی پاش ئەوەی چەند شۆڕشێک لە دەرئەنجامی گۆڕانکارییە سیاسیی و ئیداریی و دینییەکانەوە لە ئەوروپادا ڕوویدا.

گۆڕانکارییەکانی ئەم سەردەمە، زۆرن و داهێنانی تەکنۆلۆجی زۆر پێگە ڕەهای لەگەڵدایە، کە لەگەڵ ئەوەی چ ڕادیو، تەلەفیزیۆنی ناوەندی و دەرەکی و ئینترنیت، گرینگیان لەناو کۆمەڵگادا هەیە و ساناترن بۆ بەدەست هێنانی زانیاری، بەڵام ڕۆژنامە و گۆڤارەکان بۆ خوێنەر هێشتا هەر گرنگی خۆیان هەیە و تام و چێژیان لێوەردەگرێت، بە تایبەتیش لە کۆمەڵگای کوردیدا. هەڵبەتە لەبەر هۆی سنورداری بەکارهێنانی ئامێری ئینترنێت و بەهۆی نەبوونی کارەبا و نەگۆڕانی عادەت و ئارەزووی خەڵکی زیاتر ئارەزووی

کرینـی ڕۆژنامـە و گۆڤـارەکان دەکات بە شێوەیەکی ڕۆژانە.

لەم باسـەدا، هەوڵدەدەین لە مینبـەری تەکنۆلۆجیاوە باس لە گۆڕانکارییە جیهانییەکان بکەین و کاریگەریـان لەسـەر ڕەوتی ڕاگەیاندنـی کـوردی بخەینـە ڕوو، بۆیـە باشـتر وایە لەژێر چەنـد خاڵبەندییەکـدا بیخەینە ڕوو، کە سـەرەتا لـە گەیاندن و پرۆسـەکەیەوە دەسـت پێ دەکەین:

- گەیانـدن Communication

پرۆسـەیەکە کـە نێـرەر و وەرگـر کارلێکتـر دەکەن و پرۆسـەی گواستنەوەی بیر و بۆچـوون و زانیارییەکان لـە دیاردەیەکـی دیاریکـراوەوە و بـە ڕێگایەکی تایبەت بەرجەسـتە دەبێـت و پانتاییـەک لـە کۆمەڵگا تێیدا بەشـدار دەکات.

وشەی Communication لـە زۆر ڕوانگـەوە بـە واتـای چیـرۆک و دەربـڕیـن دێت، کـە لـە بنـەڕەتـدا وشـەی Communis وشـەیەکی لاتینییـە و بە واتـای هاوبەش یان گشـتی دێت. بە پێی هەردوو لێکدانەوەکەی سەرەوە، گەیاندن بە واتای هاوبەشـیکردن و تێگەیشـتن سەبارەت بە فکرەیەک ئاراسـتەیەک دێت

- وشـەی Communication لـە زۆر ڕوانگـەوە بـە واتـای چیـرۆک و دەربڕیـن دێـت، کە لـە بنەڕەتدا وشـەی Communis وشـەیەکی لاتینییـە و بە واتـای هاوبەش یان گشـتی دێت. بە پێی هەردوو لێکدانەوەکەی سەرەوە، گەیاندن بە واتای هاوبەشـیکردن و تێگەیشـتن سەبارەت بە فکرەیەک ئاراسـتەیەک دێت، جۆری گەیاندنیش بە پێـی دیاردەکان کە زۆر جار گەیاندنەکە کەسـی، دەرەکی، ناوەکی، جەماوەری یا دامەزراوەیی دەبێت.

ئەگـەر ئاوڕێک لە مێژووی بەهێزی تینی هەواڵ بدەینەوە، ئـەوا دەبێـت بگەڕێینـەوە بۆ نیـوەی دووەمی سـەدەی ١٩، کاتێـک کـە ڕۆژنامەگەرێتـی کاریگـەری لەسـەر ڕووداوە کۆمەڵایەتییـەکان کرد و بەرەو پێشـەوەی دەبـردن. ئەمە لە کاتێکدا بوو کە تەلەفیزیۆن ئەو بوونەی بەواتا عەسـرییەکەی نەبوو. دواتر لە کۆتایی سەدەی ١٩دا دیسانەوە ڕۆژنامەگەرێتی قاڵبوونەوەیەکـی لە ژیانـی کۆمەڵایەتی میللەتانـی ئەورووپادا دروسـت کـرد، بە شـێوەیەک کـە ئاراسـتەی بەئاگابوون و ئاڵووگـۆڕی زانیارییـەکان بـەرەو سـنووری یەکگرتنەوەی زەمەنـی جیهانی ڕۆیشـت(Synchronisation) کە ئەمەش باشـترین هۆکار بوو بۆ چەند داهێنانیکی دیکەی تەکنۆلۆجی

لە جیهاندا.

پێشکەوتنە تەکنۆلۆجییەکان و داهینانەکانی، زیاتر قۆرخکردنی سەرچاوەکانی وزەی کارەبای بەدوادا هات و هەر لەمەیشەوە چەندین داهێنانی دیکەی تەکنۆلۆجی لە چەند ئاراستەیەکی جیاجیادا بینرا، کە دیارترینیان بەرهەمهێنانی تەلەگراف لە لایەن سامیول مۆریس، تەلەفۆن لە ساڵی ١٨٧٦ لە لایەن گراهام بیل، فۆنۆگراف لە ساڵی ١٨٨٢ لە لایەن ئەدیسۆن، جیهازی لاسلکی لە بەریتانیا و دواتر لە ساڵی ١٨٩٥ جەماوەر بۆ یەکەمین جار توانیان لە فەرەنسا تەماشای یەکەمین بەرهەمی سینەمایی بکەن، ئەمە و دواتر لە ساڵی ١٩٢٢ دا وێستگەی نیشتمانی لە بەریتانیا داهێنرا.

هەرچی پەیوەندی بە ئاژانسەکانی هەواڵەوە هەیە، بۆ یەکەمجار ئاژانسی هاڤاس فرەنس لە ساڵی ١٨٣٥ و ئەسۆشێتید پریسی ئەمەریکی لە ساڵی ١٨٤٨ و دواتر ڕۆیتەر لە ساڵی ١٨٥١ و دوای ٤١ ساڵیش یونایتید پریس لە ئەمەریکا ساڵی ١٨٩٢دا دامەزرێنرا.

سەدەی بیستەم بە گەلێک ئامێر و هۆکاری هەمەجۆری گەیاندنەوە پێشوازی لێکرا، کە لەگەڵ ئەوەی چەند ڕووداوێکی سیاسی بووە هۆی وەستاندنی داهێنانەکان بۆ ماوەیەکی کورت، بەڵام لە دوایدا هەڵسانەوەیەکی بەهێزتر لە مەیدانەکانی داهێناندا بینرا.

پاش تەواوبوونی جەنگی دووەمی جیهان، گەیاندن و تەکنولۆجیا، تەکانێکی باشیان بەخۆیانەوە بینی، لەوانە داهێنانی شریتی تەلەفیزیۆنی لە ساڵی ١٩٤٥، ئاژانسی هەواڵە وێنەییەکان لە ساڵی ١٩٥٢، مانگی دەستکرد ١٩٥٧، بەکارهێنانی یەکەمین مانگی دەستکرد بۆ بواری ڕاگەیاندن لە ساڵی ١٩٦٢، ئینتەرنیت و ڤیدیۆ لە ساڵی ١٩٦٩ و داهێنانی تلیماتیک لە ساڵی ١٩٨٢دا.

دیاردەی بەجیهانیبوونیشGlobalisation یەکێک بوو لە هەرە گەورەترین هۆکارەکانی گۆڕینی ڕەوتی ڕۆژنامەوانی و میدیا لەسەر ئاستی وڵاتانی ئەورووپا و ئەمەریکا بە تایبەتی،

دیاردەی بەجیهانیبوونیش Globalisation یەکێک بوو لە هەرە گەورەترین هۆکارەکانی گۆڕینی ڕەوتی ڕۆژنامەوانی و میدیا لەسەر ئاستی وڵاتانی ئەورووپا و ئەمەریکا بە تایبەتی

سنوورەکانی بەدەست گەیشتنی زانیاری لە قەوارەیەکی فراوان و لە یەکەیەکی کورتدا بۆ کۆمەڵانی خەڵک کورتکردەوە و ئاسانتری کرد.

بەکارهێنانی ڕیشاڵە بینایەکان و تۆڕە بێتەلەکان، بە تایبەتی لە کۆتایی ٣٠ ساڵەی سەدەی بیستەمدا، پەرەیەکی دیکەی بواری میدایی جیهانی بوون و سەرەتایەک بوون بۆ فشار کردنە سەر لایەنە دەسەلاتدارەکان و حکومییەکان بۆ ئەوەی پانتایەکانی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکانیان بەرەو ئاسۆیەکی فروانتر بەرن، کارێکی وابکەن کە مەودای کارەکانیان بە سیستەماتیک بکەن و بە ئاستێکی چوست و چالاکانە، بە شێوەیەکی بەرنامەڕێژی و تەکنیکی ژمارەیی دیجیتەڵ کار بکەن، بەکارهێنانی ئامێرەکان، هەستیار بکەن (واتە بە سووڕی خوێن یا هەستیاری دەست لێدان) کار بکەن.

کەواتە قەبارە و چوارچێوەی گۆڕانکارییەکان لە سەر ئاستی جیهان بە ئەندازەیەکی گەورە دەخەملێنرێت و کاردانەوەی داهێنانە تەکنۆلۆجییەکانیش لەسەر گۆڕەپانی بەکارهێنانەکانیش لە ئەرزی بوون و پراکتیکدا، تا ڕادەیەکی ڕەها لە بریتانیا و ئەمەریکا لەسەر ئاستی بەرپرسیارێتییە کە BBC و CNN باشترین نموونە و بەرهەمی داهینانەکانن، کە پانتایی دەسەلاتی ڕۆژنامەوانیان گیانی داهێنەرانەیان ئاسوودە کردووە و لەباتی ئەوەی ئەوان بەدوای دەسەلاتدا ڕابکەن دەسەلات بەدوای ئەماندا ڕادەکات و چەندەها هەوڵ و تەقەلا دەکرێت بۆ ئەوەی میدیای لەنگەری مەیدانبازییەکانی نێوان دووو باڵی سەرەکی گۆڕەپانی سیاسی ڕاگیربکات و پارسەنگی هاوسەنگی بێت لە نێوان حیزبی حاکم و حیزبی بەرامبەردا، هەروەکو دەبینرێت میدیا لە بەریتانیادا بێلایەنە و چی حیزبی کرێکارانی دەسەلاتدار و چی حیزبی پارێزگاران هەمان مافی یاسای بڵاوکردنەوەی کار و فەرمانەکانیان هەیە، بەڵام گرنگییەکان زیاتر بۆ کاری دامەزراوەیی و حکومی لە لایەن دەزگاکانی میدیاوە. ئەمە بە هەمان شێوە لە ئەمەریکاش چی بۆ حیزبی جەمهوری و چی بۆ حیزبی دیموکرات، میدیا دەوری بێلایەنی خۆی هەیە.

پرۆسەی نوێی گەیاندن لەناو کورددا

لە ڕووی لایەنی مێژووی و جوگرافییەوە، تاڕادەیەک نزیکییەک لە نێوان کورد و میللەتانی نیشتەجێی ناوچەکانی دەوروبەردا بەدی دەکرێت، بەڵام دەکرێت بگوترێت لە ڕووی لایەنی شارستانییەوە، کورد لە ڕەوتی گۆڕانکارییە نەوعییەکان دانەبراوە و بگرە تین و توانای تاکی کورد لەسەر ئاستە جیاجیاکان، تایبەتمەندی خۆی هەیە، کە چی بە هزر یا فکر و تێگەیشتنی بۆ دیاردە جیاوازەکان، تایبەتمەندە. تایبەتمەندی لە دین، مێژوو، جوگرافیا، کلتوور و شارستانی، دیارترین فاکتەری بەجێمانی کوردن لە ڕووی دروستبوونی قەوارەیەکی سیاسی سەربەخۆوە.

پرۆسەی گەیاندن لە ناو کورددا، بە مانا هاکەزاییەکەی، دێرینییەکی هەیە و ئەگەر وەکو نێرەر و وەرگر سەیری کارەکە بکەین، ئەوا لەگەڵ سەرەتاکانی دروستبوونی یەکەمین شێوە و بچووکترین ئاستی دروستکردنی کۆمەڵگادایە، دواتر لەگەڵ پەرت بوون و تێکەڵاو بوونی بە میللەتانی دیکەی جیا لە ناوچەکەدا، سەرەتاییترین شێوازی گەیاندن بەرجەستە بوو، کە سەرەتا لە شێوەی گواستنەوەی زارەکی هەواڵەکانی شەڕ و پێکدادانە خێڵەکییەکان و دواتر ئاگادارکردنەوەی ئەندامانی هۆزەکان یان خێزانەکانیان لە مەترسی هێرشی بەرامبەر بۆ سەریان، کە ئەمەش دەتوانریت بگوترێت پەیوەستە بە سیفاتی مرۆڤایەتییەوە، بەڵام لەسەر ئاستێکی سادە و ساکار.

گەیاندن و هۆکارەکانی، جاران زۆر سانا و هێواش بوون، کە لەگەڵ ئەوەی تەکنۆلۆجیا و هۆکارەکانی درەنگ گەیشتن، بەڵام لەگەڵ گەیشتنیشیدا، نەزانین و کەم دەرامەتی مەعریفی لە بەکارهێنانیدا هەبوو،

کە ئاستی هۆشیاری میللەتە، کە پێویستی زیاتری بە کات هەبوو بۆ شارەزایی بوون لە بەکارهێنانی ئامرازەکانی گەیاندن.

گەیاندن وەکو دیاردەیەکی هاوچەرخ، لە دوای دروستبوون و هاتنەکایەی کۆڵۆنیالیزم هاتە کوردستانەوە، سەرەتا گەڕیدەی کوردناسی فەرەنسی هینری بیندەر لە ساڵی ١٨٨٧ یەکەمین کامیرای فۆتۆگرافی بۆ وێنەگرتنی چەند دیمەنێکی سروشتی جوانی کوردستان هێنایە کوردستان.

بەڵام لە ڕووی چاپەوە، چەند چاپخانەیەک هێنرانە کوردستان. لە ساڵی ١٨٨٥، یەکەمین چاپخانە هێنرایە کەرکوک و دواتریش میجەرسۆنی حاکمی ئینگلیز، لە یەکەمین ئەو کەسانە بوو، کە چاپخانەیەکی هێنایە کوردستان و یەکەمین ڕۆژنامەیان لە سلێمانی بە ناوی (پێشکەوتن)ەوە لەچاپ دا.

دوابەدوای ئەمەش وردە وردە ئامێرەکانی تەلەفۆن، ڕادیۆ، تەلەفیزیۆن، تەلەگراف، ڤیدیۆ و و تلیماتیک لە دوای ساڵانی بیستەکانەوە و لەسەر دەستی داگیرکەرانەوە هێنرانە ئێراقەوە، دواتر کوردیش سوودمەند بوو لێیان.

ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی ١٩٩١ی خەڵکی کورستان، کرانەوەیەکی کۆمەڵایەتی، سیاسی، ڕۆشنبیری بوو بە ڕووی خەڵکی کوردستان و هەڵسانەوەیەکی بەرچاوی لایەنە شارستانییەکان و پێکهاتەکانی کۆمەڵگای شارستانیی بوو لەو دەڤەرەدا. هەروەکو ڕاپەڕین سنوورەکانی ڕاگەیاندنی کوردی لە چوارچێوەی ئێراقەوە سنورداش کرد بۆ وڵاتانی ئیقلیمی ودواتر وڵاتانی جیهانی لەسەر ئاستی ئەوروپا و ئەمەریکا، کە ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کوردیش وەکو میللەتانی دیکە سوودمەند بووە لە کارەکانی گەیاندنا.

لە ١٩٩٢/٠١/١٢ یەکەمین تەلەفیزیۆنی کوردی ئازاد لە سلێمانی بەناوی گەلی کوردستانەوە پەخش کرا، دواتر ڕۆژنامەی هەرێم وەکو زمانحاڵی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ١٩٩٢/٠٧/٠٤ دەرکرا و لێرەشەوە ئاژانسی دەنگوباسی کوردستان لە هەولێر ١٩٩٢/١١/٢٦ سەرەتایەک بوو بۆ تێکەڵاو بوونی کورد بە دنیای سیستەمەکانی دەرەوە.

دیاردەی تەلەفۆن و فاکس لەساڵی ١٩٩٣ هاتە کوردستانەوە و لە نووسینگەی ساحێبقراندا بۆ یەکەمجار کاری پێکرا. سەتەلایەت، وەکو ئامێرێکی بەهێزی بوارەکانی گەیاندن لە ساڵی ١٩٩٤ هاتە کوردستان و سەرەتا لەلایەن کۆمپانیا ئەهلییەکانەوە کاری پێدەکرا، کە هەرچەندە دەبوایە لەلایەن حکومەت و وەزارەتی ڕۆشنبیرییەوە چاودێری بکرایە و زانیاری تایبەت لەسەر ئەو دیاردەیە بڵاو بکرایەتەوە، بەڵام بەبێ سانسۆر و بە بەربڵاوی لەناو کۆمەڵگادا وەکو دیاردەیەکی نوێ بەکار هات، کە دواتر چەندین دیاردەی نەشیاوی کۆمەڵایەتی لێکەوتەوە و ئەم دیاردەیەش بەبێ دراسەکردنی ئاستی کۆمەڵناسی و دەروونزانی کۆمەڵگا و بە شێوەی لاسای کردنەوە بەسەر کۆمەڵگادا گوزەری کرد!!

هاتنەکایەی مانگە دەستکردەکان و بڕەوسەندنی تۆڕی ئینتەرنیت، دوو هۆکاری گرینگی پەرەسەندنی داهێنانی کەنالە ئاسمانییە کوردییەکان بوون، کە دوای ئەوەی لە ١٩٩٥/٠٥/١٥ کەنالی میدیا تیڤی لەلایەن پارتی کرێکارانی کوردستانەوە دامەزرا، لە ١٩٩٩/٠١/١٩ دا کەنالی کوردستانی پارتی دیموکراتی کوردستان دامەزرا و بەدوایدا لە ٢٠٠٠/٠١/٠١ دا کەنالی کوردساتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان هاتە دامەزراندن.

بەڵام لەهەموو ئەمانە گرینگتر بوون و سەرهەڵدانی ئینترنێت بوو لە کوردستاندا، کە بەشێوەیەکی بەرفراوان لەساڵی ٢٠٠٠ وە هاتە کوردستان و سەنتەری سلێمانی یەکەم شوێن بوو بۆ هێنانی. لێرەوە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان و دەزگاکان بەرەو ئاسۆیەکی دیکە و پلەیەکی دیکەی ڕۆژنامەوانی بەڕێکەوتن، کەجاران ئەگەرچی سنووری بڵاوکردنەوەی زانیارییەکان لەکوردستاندا، بە تەنیا بەزمانێک و لەشێوەی بەرجەستەکراوی

کاغەزیدا بوو، بەڵام ئینتەرنێت و زیاتر ڕەگ داکووتانی لە کوردستاندا، هاوشان لەگەڵ بڕەوی دیاردەی بەجیهانیبوون، ڕاگەیاندنی کوردی لەپێناو گواستنەوەی زانیارییەکاندا، بەچەند ئاراستەیەکی جیاوازدا گوزەر پێکرد. گواستنەوەی زانیارییەکان لە ڕێگەی تۆڕی ئینتەرنێت و شاشەکانەوە و دواتر کەناڵە ئاسمانییەکانەوە، دەرفەتی ئەوەی ڕەخساند، لە باتی زمانێک چەندین زمانی دیکەی بیانی بەکار بێت لەوانە عەرەبی، فارسی، تورکی و ئینگلیزی، کە سەربارى ئەم هەمەچەشنییە لە کەمترین دەرفەتدا و لە بچووکترین جێگادا، زۆر ترین و فراوانترین و بەقەبەترن شێوە توانرا زانیاری بگەیەنرێتە هاوڵاتیان لە هەر قوژبنێکی دنیادا.

لێرەوە کاکڵەی باسەکە بەدوو ئاکاری باش و خراپدا دەخەملێنین، کە زیاتر ئاماژە کردنە بە کاردانەوەی گەیاندن لە سەر پرۆسەی ڕاگەیاندن. سەرەتا پێویستە ئەوە بڵێین کە لەبەر ئەوەی کوردستان بۆ ماوەیەکی زۆر لەلایەن میللەتانی دیکەوە فەرمانڕەوایی کراوە، زۆر حوکمی ناعەدالەتی بەسەردا سەپێنراوە. جابۆیە ڕاگەیاندنی کوردی لە پرۆسەی گەیاندندا، زیاتر دەوری وەرگری بینیوە وەک لەوەی دەوری نێرەر ببینێت.

خاڵە هاندەرەکان

١- کرانەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و زانستی و زانیاری لەگەڵ وڵاتانی جیهاندا.

٢- فراوانبوونی بواری ئاڵوگۆڕکردنی زانیاریی هەمەجۆرەکان و سوودبەخشکردنی کۆمەڵگا لێی.

٣- هەمەچەشنبوونی هۆکار و ئامرازەکانی ڕاگەیاندن.

٤- گەیاندنی ڕووداو و دیاردەکان لە پلە و ئاستێکی جیاوازو فراوان و بەرزتر.

٥- ئاگادار کردنەوەی گەلانی دراوسێ و دەرەوە لەڕەوش و کاروباری کوردستان و پێدانی ئاستی بەراوردکاری لە پێش ڕاپەڕینی ١٩٩١ و دوای ڕاپەڕین، لە ڕووی لایەنی سیاسی و ئیداری و دیموکراتی لە لەکوردستاندا بە میللەتانی دیکە.

٦- ڕاهێنانی گەنجان و تاکی کورد و ئاشنا کردنیان بەئامێری نوێ و ئاراستەکردنیان بۆ پلەو ئاستی بەرزتری زانستی، دەشێت لەو ڕێگەیەوە پەرە بە توانا و تاقەتیان بدرێت.

٧- چاودێریکردنی گۆڕانکارییە جیهانییەکان و شارەزابوون

هاتنەکایەی مانگە دەستکردەکان و بڕەوسەندنی تۆڕی ئینتەرنێت، دوو هۆکاری گرینگی پەرەسەندنی داهێنانی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان بوون

و بەئاگابوون لە ڕووداو و بەسەرهاتە جیهانییەکان و سوود وەرگرتن لە تەجروبە و بەرهەمە چەشنییەکان لەسەر ئاستی کەلتوور و شارستانی وڵاتانی جیاواز لە دنیادا.

٨- کورت کردنەوەی کات و گرینگیدان بە پێوانەی بەراوردکاری لە نێوان بەکارهێنانی کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت و ڕێگا تەقلیدییەکانی دیکە بۆ بەدەست گەیشتنی زانیاری.

٩- بزواندنی بازاڕەکانی کوردستان و هێنانەناوەی ئامێری جۆراوجۆر و بەگەڕخستنی دەستمایەی زۆر لەبازاڕەکانی کوردستان و بڕەودان بەلایەنی بازرگانی تەکنۆلۆجی.

خاڵەلاوازەکان

١- پەنابردن بۆ دیاردەی لاسایی کردنەوە لە بەکارهێناندا، بەبێ ئەوەی لەڕووی لایەنی فکری و کولتووری و کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆجییەوە خەڵکی ئامادەی وەرگرتنی ئەو دیاردانە بن، جا چی سەتەلایت، کۆمپیوتەر، تەلەفۆنی مۆبایل بێت. لەبەر ئەوە لەگەڵ دروستبوون و هێنانە ئاراوەی هەریەکە لەوانە، چەندین ڕووداوی جیاواز لەسەر ئاستی جیاواز لەناو کۆمەڵگادا و لەشوێنە جیاوازەکانی کوردستاندا سەریان هەڵدا.

٢- چەواشەکردن و دەستەوستانی ڕاگەیاندنی کوردی، بەجۆرێک کە ڕاگەیاندنی کوردی بووەتە ڕاگەیاندنێکی حازر بەدەست نەک داهێنانی، چونکە زیاتر پشتیان لە وەرگرتنی هەواڵ و ڕووداوەکاندا، بە سایتەکانی دیکە بەستووە نەک وەکو ئەوەی خۆیان بەدوایدا بگەڕێن.

"لێرەوە کاکڵەی باسەکە بەدوو ئاکاری باش و خراپدا دەخەملێنین، کە زیاتر ئاماژە کردنە بە کاردانەوەی گەیاندن لە سەر پرۆسەی ڕاگەیاندن"

٣- سەرهەڵدان و ئاڵۆگۆڕی فرەلایەنە و دووبارەبونەوەی بابەتی ڕۆژنامەوانی لەسەر یەک دەق و یەک شێوازی زمانەوانی لاواز، کە ئەمەش خوێنەر تووشی بێزاری دەکات.

٤- چاندنی گیانی ناوچەگەریتی و ناوچەبازی، کە زۆر جار بەڕوونی بەشێوەیەکی خێرا بۆ خەڵکی دەگوازرێتەوە، کەهەر لەگەڵ ئەوەی سەیری ڕۆژنامە و گۆڤارەکان بکەیت، دەزانیت کە لە چی سنووریکەوە دەردەچێت و لەژێر دەسەڵاتی چی باڵێکدا یا چی کوتلەیەکدا دەردەچێت!!

٥- لەگەڵ ئەوەی چەندین سایت و بڵاوکراوە وڕۆژنامە وگۆڤار دەردەچێت، بەڵام هێشتا هەواڵ وبڵاوکراوەکان، باسەکانیان لەسەر ئاستی بەرپرسیاریتی سیاسیدا نییە و بوونی نەپەرینەوە

لەسنووری لایەنە تەقلیدییەکەدا دیارە.
٦- زۆر جار بڵاوکردنەوەی زانیارییەکان هەڵەشەی ونەشارەزایی لەڕێگەی سایت و گۆڤار و ڕۆژنامەکانەوە، کێشە و گرفت بۆ دەسەڵات و تەنانەت جەماوەریش دروست دەکەن، کە هەرچەندە چەندبابەتێک بایی ئەوە نییە زۆر لەسەری بڕۆیت، بەڵام لێرەوە گەورە دەکرێتەوە و ئاژاوەی کۆمەڵایەتی بەدواوە دەکەوێتەوە.
٧- نەبوون و گوێنەدان بە پیشەسازیکردنی گەیاندن و ڕاگەیاندن، کە ئەمە زیاتر ئەرکی حکومەتە، بەڵام لەگەڵ ئەوەی ڕاگەیاندن وەکو پیشە و پیشەسازی بەکارنایات، بگرە تائێستا فکر لە دروستبوونی کۆمپانیای ئەهلی ئازاد بۆ پەرەپێدانی ڕێکلام نەکراوەتەوە، کە گرینگترین هۆکاری بەرەودانی ڕاگەیاندنە.

بەباشتر کردنی خاڵە باشەکان و پاڕێزگاریکردنیان و چارەسەرکردنی گونجاو بۆ خاڵە لاوازو ناپەسەندەکان، دەشێ بوترێت کورد لەڕەوتی گۆڕانکارییەکان دوانەکەوتووە و ئۆبالی میر میقداد بەدرخان پاشا نەکەوتۆتە ئەستۆی ڕۆژنامەوانان و ڕاگەیاندنی کوردی لەئاستی بەرپرسیارێتیدایە، بەڵام گەرنا، ئەوا میللەتانی ئەوروپای پێشکەوتوو سوارە و ئێمەش هەرپیادەین!!

سەرچاوەکان:

١- هەڤاڵ ئەبوبەکر، پرۆسەی پێگەیشتن لەگەورەکردنی هزری مرۆڤەوە بۆ بچوککردنەوەی زەوی،گۆڤاری ڕۆژنامەنووسان، ژمارە٢، هاوینی ٢٠٠٢.
٢- هەڤاڵ ئەبوبەکر، ڕۆژنامەوانی لەسەردەمی جیهانگەریدا، زنجیرە کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ١٩٥، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٢.
٣- شوان ئادەم ئەیڤەس، کورد و پرۆسەی گەیاندن،رایەن، ژمارە ١١، سلێمانی، ٢٠٠٣.
٤- د. عبدالله الطويرقي، علم الاتصال المعاصر، مكتبةالعبيكان، الطبعة الثانية، الرياض،١٩٩٧.
٥- مي عبدالله، ثورة وسائل الاعلام و الاتصال و التحولات الكبري و نتائجها، موقع الصحف، ٢٠٠٣/١١/١٢.
٦- الغريب، ميشال، الصحافة تأريخا و حاضرا، الطبعة الاولي، مطبعة كفاح،بيروت،لبنان،١٩٧٨.
٧- يسس السيد، العالمية و العولمة،دار نهضة مصر للطبع و النشر والتوزيع، القاهرة،٢٠٠٠.
٨- الغنام، عبدالعزيز، مدخل في العلم الصحافة، الجزء الاول، الناشر دار النجاح، بيروت.
٩- سكوت ويلبرس، ترجمة و تقديم و تعليق، د. عناد غزوان اسماعيل و جعفر صادق الخليلي، خمسة مداخل الي النقد الادبي، دار الرشيد، منشورات وزراة الثقافة و الاعلام، العراق، ١٩٨١.
١٠-خليفة، اجلال، الصحافة مقروءة،مرئية،مدرسية، مسجدية، تجارية، ادارية، دار الطباعة الحديثة.
١١- بيار، البير، الصحافة، ترجمة، محمد البرجاوي، منشورات عويدات، بيروت، لبنان، الطبعة الاولي،١٩٩٠.
١٢- صايغ، مارک، صحافة الانترنيت العربية مرهونة بولادة لغة صحافية جديدة، دار الحياة، ٢٠٠٣/٠٣/١٣.

-13Bolts،William, Society Culture And Mass Communication. Rawat Publication, Jalpo-rand, New Delhi, 1995.
-14Dick ،Jill, Writers And Artists Yearbook 2001. A & C Balk London, 2001.
-15Henry .S. Welcome, The Evolution Of Journalism, Souvenir Of The International Press Conference, London.
-16Rav, M Chalapathi, Journalism And Politics, Vikas Publishing House, Pvt Ltd 1984.

* ماستەری فەلسەفە لە ڕۆژنامەگەریی کوردی/لەندەن

میدیای کوردی
لەبەردەم بەرفراوانیی و بیماریدا!

ئاری عەبدوللەتیف*

ئایا کورد میدیای هەیە؟ ئەگەر هەیەتی لە ئاست بەرپرسیارێتیی نیشتیمانیی و نەتەوەیی و ئەخلاقیی و مرۆییدایە؟ ئایا ئەم میدیایە ئەگەر هەیە خاوەنی بنەما و پرەنسیپ و بڕوای بە ئاکار و یاساگەلی ئەتەکێت و ڕەوتی ئینسانیەتی هەیە؟ ئایا گەر کورد میدیای هەیە لە چ ئاستێکدایە و کێن ئەوانەی ڕێبەریی دەکەن و ئەو عەقڵ و لۆژیکانەش کێن دوور و نزیک لە خەمیدان، بە ڕێگای گەشە و خزمەتکردندا دەیبەن؟ ئایا هەر بە ڕاست کورد وەک نەتەوەیەکی چاوکراوە و لەگەڵ ڕەوتی پێشڤەچوونی خێرای ئەمڕۆی جیهانگیریدا ڕۆیشتوو، میدیا وەک پرۆژەی گەورەی خزمەت بە خەڵک و خاک سەیر دەکات، یان هەروا خۆی لێبارکردووە و وەک چەکێک بە نەزانانە بەکاری دەبات بۆ هەندێ بەرژەوەندی بچووکی لاوەکیی و خێڵەکیی و حیزبایەتی و کەسایەتیی؟

ئەو پرسیارانەی کە پێویستە بکرێن و وەڵامی جددیی وەربگرن، ئەمانەی سەرەوە و دەیان پرسیاری دیکەن، کە لەمڕۆی دنیای ڕۆژنامەگەریی کوردیدا دەوروژێن و پێویستیشە و دەکرێت زۆر تەندروستانە و شەفافانە بخرێنە بەر باس و هەڵوێستەیان لەسەر بکرێت، ئەمڕۆ پاش ئەو ئازادییەی کە بەرهەم هات بە ڕووبارێک خوێنی ڕۆڵەکانی ئەم نەتەوەیە بە تایبەت پاش ڕاپەڕینی بەهاری (١٩٩١)، ژیانی مرۆڤی کورد لەم بەشەی کوردستانی گەورەدا گۆڕانێکی جۆرایەتیی گرنگ و جێی بایەخی بەخۆوە دی و هیچ کەسێک ناتوانێت نکۆڵیی لەم بەرهەمە مێژوویییەی خەڵکی کوردستان بکات، مەگەر ئەوانەی کە هەمیشە بە چاوی ڕق و نەیارەوە دەڕوانن و ڕەشیان پێ ڕەش و سپییان پێ ڕەشە. ئەو ئازادییە ئازادیی مرۆڤی کورد و خاک و ئاو و ئەخلاقی

نەتەوەیەک بوو لەدەست هەزاران زوڵم و زۆر و هەیمەنەی ڕەشەکوژیی و قڕکردن و سڕینەوە، کە بەداخەوە نەوەی ئەمڕۆی کوردی بە ڕێژەیەکی دیار نازانێ و ناتوانێ بزانێ، کە دوێنێ چی گوزەراوە لەم بەشە خاکەدا و ئەوانە کێ بوون، کە بە درێژایی دەیان ساڵ (ئەگەر دوور نەڕۆین) بوونەتە بەرداش بۆ تواندنەوەی ناو و ناسنامەی کورد و ژێرپێخستنی شەرەفی یەکەبەیەکەی تاکی کورد، ئەو ئازادییە کە وەک هێزی گۆدۆ هات و ئیلهامی لە خەڵکە خۆیەوە بۆ هاتبوو، بوویە مایەی خۆشگوزەرانیی و نوێکردنەوەی ژیانی کورد و هێنانە کایەی دۆخێکی ئاسایی و سەقامگیر تا وەک مرۆڤ کوردیش لەم سەرزەوییەدا بژی و هەست بە ماف و ئازادیی و سەربەخۆیی و بوون و خۆی بکات.

بەرهەمهێنانی ئەم ئازادییە وەک چەمکێکی مەزن و هێنانی پرۆژەی خۆژیانیی بۆ تاکی کورد و نەوەی نوێ و گەشەکردن و دەستکەوتی دەسەڵات و ماف، کە خۆی لە پەرلەمان و حکوومەتدا بینییەوە، دەیان خەونی مرۆڤی کوردی هێنایە دی، کە مەحاڵ بوو، سەروەریی هەرێمێک و بوونی کوردێک بە سەرۆکی عێراق و بەرهەمی بودجەیەکی خەیاڵیی و سەروەریی زمان و ئازادیی ڕەها و مومارەسەی فکر و چالاکییە جیاجیاکانی کۆمەڵی مەدەنیی و خزمەتگوزاریی و دەرگاکردنەوە بۆ تەکنەلۆژیا بەخێراییەکی سەیر و لاوازبوونی شەڕی چینایەتیی و ڕاگرتنی بلانس و مووچەدان بە ڕێژەیەکی بەرچاو بە کۆمەڵانی خەڵک، ئەمانە هەمووی ئەو دەستکەوتانەن کە نەک مرۆڤی ئاسایی و نەوەی نوێ و خەڵکی سادە، بگرە خەریکە لەگەڵ دوژمنەکانیشماندا بەداخەوە هەندێک خوێندەوار و ڕووناکبیری ئەمڕۆی کورد بەهەندی ناگرن و پێیان وایە ئەم ئازادیی و بەرهەمە قۆناغێکی ئاسایی و سووڕێکی ئاسایی هەر کۆمەڵگایەکە و ئەگەر هەوڵیش نەبایە هەر دەست دەکەوت، کە ئەمە ئەوپەڕی نەزانی و خۆخەڵەتاندنە، چونکە ئەگەر ئیرادە و هەڵوێست و هێز و یەکڕیزیی و پێشمەرگە و بڕوابوون بە پرس و ڕۆحی کوردایەتیی و ئینتیمای شۆڕشگێڕایەتیی نەبایە، ئێستا هەر وەک جارانی ژێر هەژموونی دەسەڵاتە تۆتالیتار و مۆنۆپۆلگەرەکەی بەعسی عەرەبی لەناوچوو، دەبوایە گۆڤاری (ڕەنگین)مان بخوێندایەتەوە و (زێڕە. سەددام زێڕە)مان بوتایەتەوە و خوشک و دایک و شەرەفیشمان لە کووچەکانی بەغدا ومیسر بایە و کوڕە خێرلەخۆ نەدیوو و پیاوە بە جوامێرەکانیشمان یان زیندانی هەتایی، یان لە ژێر خاک، یان بە کەژ و کۆسارانەوە لە چاوەڕوانیی مەرگێکی هێمندا بوونایە.

لە بابەتی باس و ڕۆژەڤی ئەم وتارەم لامدا بۆ ئەوەی خوێنەری هۆشیار تێبگات دەمەوێت بڵێم چی، ئەوەی میدیای کوردی دروست کرد ئەم کەین و بەین و چکلوبیکان و شۆڕش و مردن و ژیانەی ناو دێرەکانی سەرەوە بوو، نەک تویتەر و شۆڕشی ڕاپ و نەوەی بێئاگای فەیسبووک و گۆرانیی و سەمای بێ گیان. ئەوەی میدیای کوردی دروست کرد، خوێن بوو نەک جوێن، پێشمەرگە بوو نەک نانخۆری بەردەم سپلێتی قسەکەر. ئومێد و ئاسۆی هەزاران خەڵک و خوای ئەم گوند و شارە خاپوورانە بوو نەک نەزیلەزلیی و جەهلزەدەیی ئەمڕۆی بەر شاشە موزەییەفەکان، باڵ بوو نەک مااڵی ئەتەکێت و پەڕی لە فەنتازیا دروستکراو.

بەڵێ ئەمڕۆ کورد پاش ئەو هەموو تێپەڕینی قۆناغە ناهەموارانەی ژیانیی سیاسیی و ئەو هەموو ڕشتنی عارەق و خوێنە گەشتە ئاسۆیەکی ڕوون، سەرباری دەیان کەموکوڕیی و لاوازیی و بێ ئەزموونیی و فەساد و ئیختیلاس و سەرەڕۆیی، ئێستا کورد خاوەنی میدیایە، میدیایەک بە بەراورد لەگەڵ دەوڵەتانی پێشکەوتوو و وڵاتانی ئیقلیم جیاوازیی زەوی و ئاسمانە و ئەوەی لەم هەرێمەدا هەیە لە ئازادی بیرکردنەوە و کاری ڕۆژنامەگەریی و چەمکە مرۆییەکان و بەرفراوانیی دنیای چاپ و وەشاندن و بڵاوکردنەوەی ئەوەی مەبەستە لە سەرجەم

کایەکان و دەرچووادنی گۆڤار و ڕۆژنامە و بڵاوکراوە و بوونی کەناڵی ئاسمانیی و بەرفراوانیی ڕەهەندە ڕۆژنامەنووسییەکان بە تەواوی جۆرەکانییەوە، لە دنیای دەرەوەی خۆماندا نییە و تەنانەت نەک دەست بۆ بردنیشی بگرە بیرکردنەوەش لێی یاساغ و بڤەیە، بەڵام لێرە تا بێت ئەم پانتاییە فراوان دەبێت و کورد بە تەواوی بیر و بۆچوونە جیاوازەکان و ئاین و ئاینزا توخم و چینە جۆراوجۆرەکانیەوە لە مومارەسەی ئازادیگەرایی خۆیاندان و نەشمان دی ڕۆژێک نەک بەرتەسک بێتەوە بگرە یاسایەک دابنرێت بۆ ڕێککاریی کە بۆنی سڕبوونی لێوەبێت.

میدیای کوردی ئەمڕۆ لە سەردەمی زێڕینی خۆیدایە، کێ هەیە ئەوەی لە دڵیدایە نەیخاتە سەر پەڕە و لە کەناڵەکانەوە نەیڵێت، بە هەموو جۆر و شێوازی نەخشەیەکەوە ڕۆشنبیر و ڕۆژنامەنووس و ڕاگەیاندنکار و دەزگای ڕاگەیاندن خەریکی چالاکیی خۆیانن. ئەم بەرفراوانییە گەیشتۆتە ئاستێک کە زۆرجار لە خەون دەچێت و ئەوانەشی لەم مەیدانەدا کاردەکەن بڕوای پێناکەن و بە مەهزەلە دێتە پێش چاویان، واتە ئەم پانتاییە لە چالاکیی ڕۆژنامەگەریی کوردیی بەرفراوانییەکەی لە ئاستێکدایە کە ئەوەی بیەوێت پڕ لە نیشانەی ئامانج دەپێکێت و ئەوەی مەبەستییەتی ئەدای ئەکات و دەگاتە لووتکەی بەرژەوەندییەکانی خۆی ئیتر بەرژەوەندیی تاک بێت یان سیاسەت یان حیزب یان بازرگانی یان هەر جۆرە بەرژەوەندییەکی دیکە.

هەر حیزبێک دەبینیت دەیان کەنڵ و سەکۆی هەیە بۆ قسەکردن و بڵاوکردنەوەی سیاسەت و نەخشە و گوتاری خۆی، هەر چەند ڕۆژنامەنووسێک، ڕۆژنامەیەکیان هەیە و ئەوەی دەیانەوێ بە ئاشکرا دەیڵێن، هەر دەزگایەک و چەندین کەناڵی هەیە، هەر کۆمپانییایەک و دەیان کەنڵ، کە ئەمە ئاماژەیەکی زۆر باشە بۆ ئەو بەرفراوانییەی کە دەمانەوێت باسی بکەین.

جۆراوجۆری کایەی میدیایی، لە تەواوی ڕەهەندەکانییەوە، نیشانەیەکی دڵخۆشکەرە بۆ ئەو پێشکەوتنە نەوعیی و خێرایەی میدیای کوردی، کە دواجار پیشاندانی ئەو بەرهەمەیە، کە بەداخەوە دیسانەوە خەڵک نایبینێت و بەردەوام ڕەخنە و زەمی خۆی فڕێ دەداتە ناو شەقام و بەردەم کۆمەڵگە و هێشتا هەر ناڕازییە و بە حاڵەتێکی بچووک لێی دەڕوانێت.

ئەم بەرهەمەی میدیای کوردی تا ئێرە دروستە و جێی دڵخۆشییە، کە وڵات هەیە سێسەدساڵە دەوڵەتە، کەچی هێشتا ڕێگە نادرێت نەتەوە ژێردەستەکانی نەک ڕۆژنامە دەربچوێنن بگرە بە زمانی دایک فێری (ئەلفبێ) ببن، جێی شانازیی و خۆهەڵکێشانە، کە ئەم گەلە لە مایەی وردوخاش بووەوە بگاتە ئەو بەرهەم و بەهاری ڕۆژنامەگەرییەی کە لە پێناو بەدەستهێنانی بچووکترین ماف تا دەگاتە گەورەترین، قسە بکات و لێدوان بدات و لێپرسراوی گەنە و گەندەخۆر و گەندەڵ بخاتە بەردەم لێپرسینەوە و بەردەوام ئەسپی سەرکەشی زمان تاو بدات و ئازادییەکانیشی پارێزراوبن، پێویستیش بە نموونە ناکات کە بیهێنینەوە. ئەوەتا نزیکەی (٧٠٠) کەناڵی بینراو و بیستراو و نووسراو لە کوردستان هەن، جگە لە پێگە و وێبسایتە ئەلەکترۆنییەکان، بە جۆرەکانی میدیای حکوومیی و حیزبیی و ئەهلیی و سێبەر و لاوەکیی و بازرگانیی و بازاڕ و تەنانەت میدیا هەیە ناونراوە (میدیای پۆز) کە ئەمە لە هەمبانەی هیچ میدیایەکی دنیادا شتی وا نەبووە و تا سەدساڵی دیکەش هیچ گەل و نەتەوە و وڵاتێک ڕێی ناکەوێتە ئەو جۆرە میدیایە.

بەڵام ئیتر دەکرێت بگەینە وشەیەک و زاراوەیەک کە ئەمەیان پێویستییەکی حەتمییە و هەمیشەش پاش لووتکە پێویستیمان یان بە وەستان هەیە یان گلۆربوونەوە و سەفەری دیکە، کە ئەویش ئەوەیە لەم کاروانەی ئەمڕۆی میدیای کوردیدا گەشتوونەتە (بیماری)!!، کە ئەم زاراوە و وشەیە دەبێت هەموو کەسێکی هۆشیار و خەڵکێکی ئەکادیمیی و تێگەشتوو بەتایبەت ڕۆشنگەری ڕۆژنامەنووس بوەستێنێت و لێی بکۆڵێتەوە، من بەش بە

حاڵی خۆم نااڵێم با دەســەڵات تەحەکوم بکات و هێزی پۆلیسیی بەکار ببات و دەستوەردات لــەو کاڵوڵیی و بیمارییەی کــە ئەمڕۆ میدیا و ڕۆژنامەنووســی تێکەوتــووە، پێــم وایە ئێتر کاتی ئەوە هاتووە ڕۆژنامەنووسی خزمەتکار و ئینسانیەتی خۆی بەربگرێ لەم نەخۆشییە، دەزگاکان خۆیــان بگــەن بــە قەناعەتــی کفر نەکردنــی میدیایی، ڕۆشــنبیر خــۆی نەیەڵێت دۆخ بگاتە ئاستی تەقینەوە و فەوتان.

ئەو بیمارییەی کە هەیە بە چاوخشاندنێکی خێــرای ڕۆژنامەکانــی ئەمــڕۆدا بە ئاشــکرا دەبینرێــت، بیمارییەکە لــە ڕۆحێکی بیمارەوە هەڵدەقوڵــێ، مــن نااڵێــم دنــەی دەوڵەتــان و دەستلەپشــتدان، کــە دەکرێــت لــە شــوێنی دیکــەدا بە بەڵگەوە بیســەلمێنم کە بڵاوکراوە هەیــە پــارەی کاش لــە دەوڵــەت و لایەنــی ســیخوڕیی وڵاتانەوە وەردەگرێت، بەاڵم پێم وایە ئــەم هەوکردنەی ئێســتە ئێتر بەرەبەرە لــە دنیای جوانی ئــەم بەرفراوانییەی ئازادیی ڕۆژنامەگەریــی و دنیــای جوانــی میدیــای کوردیی دەخوات، دووروونزیک پەیوەســتە بە عەقــڵ و هــۆش و بیرکردنەوە و هەڵوێســتی خــودی ڕۆژنامەنووســی کــورد خۆیــەوە، ڕۆژنامەنووس ئەگەر خاوەنی خۆی بێت و بە کارتێک یان پارچەزەوییەک یان دەستخۆشیی دەوڵەتێــک یان بەڵێنــی ســەفەرێکی دەرەوە هەڵنەخەڵەتــێ، دەیــان دەوڵــەت و حیــزب و بــازرگان ناتوانــن ڕاپۆرتێکی شــیکاریی یان هەواڵێکــی پێ داگرێت تا خــۆی بە دیققەت و ڕەوشت و شەرەفەوە کاری لەسەر نەکردبێت و سوور نەزانێت ڕاســت و دروستە، ئەوەی ئەمــڕۆ دەبینرێت لە ململانێ و چنگ خســتنە گیانی یەکتر و ناوزڕاندن و تەشهیر و کێبەرکێ لەســەر بابەتــی وروژێنــەری گەنجەفانەی ناکوردانە و لێدان لەم ئاین و ژێرپێ خســتنی ئــەو مەزهــەب و ســووکایەتیی پێکــردن بە یەکتریی و شەڕەدەنووک و لەکەدارکرن، ئەو بیماریــیەیە کە دەبێت بە هەر میکانیزمێک بووە بــەری لێبگیرێت و نەهێڵرێت گەشــە بکات و ئاریشەی زیاتر بخولقێنێت، چونکە بەردەوامیی بیماریی و کوشــندەیی ئەم تەوقە نائەخلاقیی و ناتەندروســتییە مەرگ و هەڵوەشــانەوەی لەدوایە و ئەوەنەمان زانی دەستی هەموومان لە بنی هەمانەکەوە دەرچوو، ئەوە هۆشیاریی ڕاگەیانــدن و ئاوەزی سەررِاســتانەی خودی ڕۆژنامەنووسە کە دەتوانێت لەم هەلومەرجەدا ڕەوتی ڕۆژنامەگەریــی بە دیوە ئەرێنیوکەیدا بئاژوێ و بەربگرێت لە ساختەی کاری پیرۆزی ڕۆژنامەنووسی و هەوڵە ئابڕووبەر و هەنگاوە موخابەراتییەکان بۆ لێدان لە شکۆی میللەت و کۆمەڵگە خســتنە ژێر پرسیارەوە، کە ئەمەش دوو دیوی هەیە، یەکێک بە دەســت ئەنقەست و بــە تاکتیک و نەخشــەڕێگا و ماســتەرپلان ئــەم هەوڵــە دەدات و مەبەســت و ئامانجــی هەیە و هەشە گێڵگێڵێ پێی ناوەتەبەر و خۆی بارکــردووە لــە گواســتنەوەی بارێک کە هی ئەو نییە و نەزانانە بۆ دەســت و دەســەڵاتێک گەرمیان و کوێستان دەکات.

دواجــار ماوەتــەوە بڵێم کــورد جوانترین میدیــای هەیــە، بەاڵم ئــەم میدیایە تووشــی نەخۆشــیی بــووە، هــەم جوانییەکــەی لــە پەرەســەندنداید و هەم نەخۆشییەکەش، بەاڵم لــە ئاکامی دەستنەخســتنی دەرمانێک بۆ ئەو بیماریــی و نەخۆشــییە، دەســتمایە و مایــە گەورەکــەی جوانیــی ئــەو میدیایە لەدەســت دەدەیــن و دوو کەس قازانــج دەکات و یەک زیــان، ئەوەی زیــان دەکات گەلــی کوردە و ئەوانــەش کە قازانــج دەکەن، یەکــەم ئەوەی کەوشــەیە و هێشــتا بە لاقیتە دەڵــێ لافیتە و دووەمیــش ئەوەیە کە بــە بەرنامە لە مەرگی ئازادیی کوردستان دەڕوانێت و قاقا پێدەکەنێت دوور و نزیک!!.

*** ئەندامی ئەنجوومەنی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان.**

ویستگەی

هەوالنامەی کتێب

ژمارەی متمانەو متمانەی سەندیکا

سەرنووسەر

پێدانـی ژمارەی متمانە بـەو بڵاوکراوانەی لە هەرێمـی کوردسـتانی عێـراق دەردەچن، بە پێی ماددەی سـێیەم لە برگەکانی (١، ٢، ٣، ٤، ٥، ٦)، یاسـایی رۆژنامەگەریی لە کوردستان ژمارە (٣٥١)، کە لە ٢٠٠٨/٩/٢٣، لە پەرلەمانی کوردستانی عێراق دەرچووە، ئێستا سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان ژمارەی متمانە دەداتە ئەو گۆڤار و رۆژنامە و بڵاوکراوانەی لە کوردستان دەردەچن. لە بەرامبەر مۆڵەتی پێشـوو، کە وەزارەتی رۆشـنبیری و لاوانی حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان دەیـدا. لەو رووەوە ئـەوا ژمـارە(١)ی متمانە بە گۆڤاری (الصحفـی)دراوە، کـە خـاوەن ئیمتیـازی سـەندیکای رۆژنامەنووسـانی کوردستانە و سەرنووسەرەکەشـی ئـازاد حەمەدەمین، کە پێشـتر فەرهاد عەونی سەرنووسەری بووە، بڵاوکـراوەی سـەندیکای رۆژنامەنووسـانی کوردسـتانە و تـا هەنووکـە ژمـارە(٥٣٥) ژمارەی متمانە دراوە، کە گۆڤاری (الصحفي) ژمـارە (١) دەسـتپێدەکات و دوا ژمـارەی متمانـەش رۆژنامەی (رای خەڵک)ە بە (٥٣٥) کۆتایی دێت. هەر بەپێی یاسـایی ناوبراویش، دەرکردنـی رۆژنامە پێویسـتی بـەم مەرج و رێککارانەی خوارەوە هەیە:

ماددەی سێیەم:

یەکەم:

خـاوەن ئیمتیـاز، یـان دامەزرێنەرەکـەی راگەیاندنێـک لـە دوو رۆژنامـەی رۆژانـەی هەرێـم بڵاوبکاتـەوە، کـە نـاو و نازنـاو و ڕەگەزنامە و شـوێنی نیشتەجێبوونی خاوەن ئیمتیاز یاخود، دامەزرێنەر و ناوی رۆژنامەکە و ئـەو زمانەی کە پێی بڵاودەکرێتەوە، لەگەڵ نـاوی سەرنووسـەر و مـاوەی دەرچوونـی تێـدا بنووسـرێ. راگەیاندنەکەش بـە بەیانی دەرکردنی رۆژنامە دادەنرێ.

دووەم:

دەشـێ خـاوەن هـەر بەرژەوەندییـەک لـە دەرکردنـی رۆژنامەکـە نـارازی بـێ و بۆی هەیـە لـە مـاوەی (٣٠) رۆژ لـە مێـژووی بڵاوبوونەوەی راگەیاندنەکەوە لە لای دادگای تێهەڵچوونـەوەی ناوچەکـە لـە هەرێـم بـە سـیفەتی پێداچوونەوە ناڕەزایی تۆمار بکات و بە پێچەوانەوەش دەرکردنی رۆژنامەکە بە پەسندکراو دادەنرێ.

سێیەم:

پێویستە خاوەن ئیمتیاز یان دامەزرێنەرەکەی،

بەیاننامەی دامەزراندن پێشکەش و لە سەندیکای رۆژنامەنووسان تۆماری بکا، لەگەڵ بەدەرخستنی سەرچاوەی ئەو لایەنەی داراییەکەی لێ دابین دەکات و سەندیکاش وەزارەتی رۆشنبیریی لێ ئاگادار بکاتەوە.

چوارەم:
ئەو کەسەی کە نیازی دەرکردنی رۆژنامەی هەیە، دەبێ لە ڕووی یاساییەوە شایستەیی (ئەهلییەت)ی تەواوی هەبێ.

پێنجەم:
نابێ لە هەرێمدا دوو رۆژنامە بەیەک ناو دەربچن.

شەشەم:
پێویستە خاوەن ئیمتیاز یان دامەزرێنەرەکە لە شوێنێکی دیاری رۆژنامەکە بە شێوەیەکی ڕوون ناوی خۆی و سەرنووسەر و شوێن و مێژووی دەرچوونی رۆژنامەکە و ناوی ئەو چاپخانەیەی کە لێی چاپ دەکرێ، بڵاو بکاتەوە و ڕاگەیاندنێک لە هەر گۆڕانکارییەک، یان هەموارکردنێک لەسەر ناوەڕۆکی بەیانی دامەزراندن ڕووبدات لە ماوەی (٣٠) سی ڕۆژ لە ڕێککەوتی گۆڕانکارییەکە، یان هەموارکردنەکەدا بڵاو بکاتەوە.
*ژمارە (١)ی متمانە دراوە بە گۆڤاری (الصحفي)کە بە زمانی عەرەبی دەردەچێ، خاوەن ئیمتیازی (الصحفي) سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانەو سەرنووسەرەکەی فەرهاد عەونی بوو، پاش کۆنگرەی سێیەمی سەندیکای رۆژنامەنوسانی کوردستان ٢١-٢٠١١/٧/٢٣ خاوەن ئیمتیازی (الصحفي) سەندیکای رۆژنامە نووسانی کوردستانە، و سەرنووسەرەکەی بوەتە ئازاد حەمەدەمین.
*ژمارە (٢٦٣)ی متمانە درا بە گۆڤاری «رۆژنامەنووس» بە زمانی کوردی کەسەندیکای رۆژنامە نووسانی کوردستان دەری دەکات جاران خاوەن ئیمتیازی (فەرهاد عەونی) و سەرنووسەرەکەی عەبدوڵڵا زەنگەنە بوو لە پاش کۆنگرەی سێیەمی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان لە ٢١-٢٠١١/٧/٢٣) خاوەن ئیمتیاز بووەتە ئازاد حەمەدەمین و سەرنووسەرەکەیشی بۆتە حەمید ئەبوبکر بەدرخان.
ئەگەر سەیری ژمارەی متمانەکان بکەین کە لە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بۆ ئەو رۆژنامەو بڵاوکراوانە وەرگیراون، هەندێکیان بەردەوامەو هەندێکیشیان وەستاون و ناوی خاوەن ئیمتیازو سەرنووسەرەکانیشیان گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە، لە ژمارەکانی دیکەی (رۆژنامەنووس) بابەتێک بخوێنەوە.

هەواڵنامەی رۆژنامەنووس

ژمارەی متمانە	ناوی (رۆژنامە-گۆڤار)	ناوی سیانی خاوەن ئیمتیاز	ناوی سیانی سەرنووسەر
1	گۆڤاری الصحفی	سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان	فەرهاد عەونی
2	رۆژنامەی کوردستانی نوێ	د.فواد مەعسوم	کاوە محەمەد
3	رۆژنامەی ڕێگای کوردستان	کەمال شاکر	هەندرێن ئەحمەد عبدالله
4	رۆژنامەی خەبات	عەلی عبدوڵڵا	نەژاد عزیز قادر
5	رۆژنامەی یەکگرتوو	زوهیر محمد ئەمین	عبدالکریم احمد قادر
6	رۆژنامەی راستی(الحقیقه)	خسرو عبدالله اسماعیل	عبدالکریم یونس کریم
7	گۆڤاری تیشك	کۆمسیۆنی لێکۆڵینەوەی فێرکردنی ح.د.ك	مستەفا قادر حەسەن
8	گۆڤاری ژنان	یەکێتی ژنانی دیموکراتی کوردستان	نەسرین حەسەن زادە
9	گۆڤاری لاوان	یەکێتی لاوانی دیموکراتی رۆژهەلاتی کوردستان	عەبدوڵڵا عەبدوڵڵا پور
10	رۆژنامەی کۆمەڵ	حیزبی کۆمەڵی ئیسلامی	تۆفیق کەریم سالح
11	رۆژنامەی ئاکرێ پاراگراف	ئەسکەندەر غەریب سلێمان	مەهدی ئیسماعیل عەلی
12	رۆژنامەی ئاژیر	ڕێکخراوی سابات	شادیە حەسەن محەمەد
13	گۆڤاری راڤە	میقداد ئیبراهیم محەمەد	میقداد ئیبراهیم محەمەد
14	گۆڤاری ڕێدار	مسلح مستەفا محەمەد	جەمال رەمەزان ئەحمەد
15	رۆژنامەی گەرمەسێر	ئیسماعیل ئیبراهیم رەزا	ئەکرەم یاوەر حەسەن
16	رۆژنامەی کوردستان	کۆمسیونی چاپەمەنی ح.د.ك. ئێران	قادر فەتاح ئەحمەد
17	گۆڤاری رەنگ	رەنگین محمد صالح سعدالله	رەنگین محمد صالح سعدالله
18	گۆڤاری کوردیکاتۆر	رەنگین محمد صالح سعدالله	رەنگین محمد صالح سعدالله
19	رۆژنامەی یاد	ماهیر موحسین مستەفا	ماهیر موحسین مستەفا
20	گۆڤار دوبان	محەمەد عزەت محەمەد	لوقمان حوسێن عەلی
21	رۆژنامەی رووبەر	ئیبراهیم ئیسماعیل عەباس	ئیبراهیم ئیسماعیل عەباس
22	رۆژنامەی میدیا	غەفور تاهر سەعید	حەمید نادر قادر
23	گۆڤار شەڤدەر	زریان جەمیل کەریم	ژیان نەجمەدین حەسەن
24	گۆڤاری کوردڤێن	بێکەس حەمە قادر	هەمزە حەمە قادر
25	گۆڤاری چرای رۆناکی	د. ئەحمەد محەمەد	ئیدریس کەریم کاریتاکی
26	گۆڤاری دنیای گشت و گوزار	موسا محەمەد تۆفیق	هەردی ئەسعەد قادر
27	جریده المرأه	سکینه عەلی کەریم	سکینه عەلی کەریم
28	گۆڤاری چاو	عومەر شەریف کەریم	ئارام ئیکرام عەلی

29	گۆڤاری (K21)	زیلان ممتاز حیدەری	ممتاز حیدەری عاصم
30	رۆژنامەی بۆچوون	بابارسولّ ابراهیم	اسعد علی اسماعیل
31	گۆڤاری پێشەنگی مندالآن	تاریق خورشید سالّح	شێرزاد رسولّ فقی
32	گۆڤاری پەپوولە	هێرۆ ابراهیم احمد	یاسین قادر نارد
33	گۆڤاری هاڤیبوون	عبدالرحمان علی غیاس الدین نەقشبەندی	سالم جاسم حاجی
34	رۆژنامەی چەرمۆ	شێرزاد حەسەن رەزا	بارام صبحی شکور
35	گۆڤاری ئەندازیاران	یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان	نەوزاد عوسمان عبدالرحمان
36	گۆڤاری ئادم گەزین	گۆران سەباح غفور	گۆران سەباح غفور
37	گۆڤاری شەقام	قەدریە حەمید سلیمان	فەرهاد حەسەن ئەحمەد
38	گۆڤاری شیاو	ئەنوەر سمایل میرزا	سامان سەفەر حمد ئەمین
39	رۆژنامەی سینەما کوردیکا	بێخالّ سباح محمد	عەدنان عوسمان عەلی
40	رۆژنامەی رۆژ	خلو رفی دهار	ئیبراهیم خدر عبدولّلآ
41	رۆژنامەی رەسەن	سامی عبدالله ئەتروشی	نازم سالّح رێکانی
42	گۆڤاری سامال پوست	سەرکەوت رسولّ ئەحمەد	رسول حوسێن رسول
43	گۆڤاری هباوی مندالآن	شلیمون ایشو خۆشلیا	رۆنی بترس ایرمیا
44	گۆڤاری زانست	عەلی رەشید ئەحمەد	عەلی رەشید ئەحمەد
45	گۆڤاری مەعەلتا	عودیشو ملکو اشیپا	سۆزان یوسف القصرانی
46	گۆڤاری کۆری	شاخەوان حسن سابیر	حەسەن سالّح مەحمود
47	گۆڤاری پەنجەرە	سەنتەری چالاکی لاوان	گۆران عەباس حەمەمراد
48	گۆڤاری بینا	رڤند مۆیە حسین	رەوەند سردار ئەحمەد
49	گۆڤاری خازر	خەسرۆ عبدولّلآ ئیسماعیل	سەعید عەزیز مەحمود
50	رۆژنامەی زیباسازی شار	نەوزاد ئەدهەم بەهرام	سۆران ئەسود مستەفا
51	گۆڤاری رێگا	خەسرەو عەبدولکەریم محەمەد	محەمەد سالار قادر
52	گۆڤاری هونەر	تەمەر رەمەزان فەتاح	سیروان شاکر رەشید
53	رۆژنامەی تویشوو	ئەبوبەکر ئەمین عەلی	عبدالسلام سەعید محەمەد
54	گۆڤاری پەرستیار	کۆمەڵەی زانستی پەرستارانی کوردستان	شالاّو فارس ئەحمەد
55	رۆژنامەی پێگە	کاروان جەلال عەلی	بەناز رسولّ حەمە ئەمین
56	گۆڤاری خێزان	هیوا مەحمود غفور	ئارام عوسمان حەمە فەرەج
57	رۆژنامەی کوردستان الیوم	فەرهاد عەونی	شێرکۆ عومەر حەبیب

هەواڵنامەی کێبڕکێ

58	گۆڤاری ژینو	فەرهاد عەونی	شێرکۆ عومەر حەبیب
59	رۆژنامەی بەهدینان	سدیق عەلی ئامێدی	جلال مستەفا
60	گۆڤاری نوژین	سەنتەری گەنجان لە ئامێدی	عەلی مستەفا ئۆرەماری
61	گۆڤاری هێڤی	غەریب خورشید ئەبوزید	غەریب خورشید ئەبوزید
62	مجله زهره نیسان	غسان سالم الیاس	غسان سالم الیاس
63	رۆژنامەی شارستانیەت	عیدو بابا شێخ	عزیز شمعوالیاس
64	گۆڤاری رامان	شەوکەت شێخ یەزیەدین محەمەد	ئازاد عبدالواحید حەمە سدیق
65	گۆڤاری نەوالّەی نوێ	هۆشیار نوری رەفیق	ئاری ئاغۆك نادر
66	گۆڤاری ١٤٠	حسیب عوسمان حسین رۆژبەیانی	حسیب عوسمان حسین رۆژبەیانی
67	گۆڤاری بزاڤی دەریا	تالب غالب حمه شین	زاهیر ئەنوەر ئەحمەد
68	رۆژنامەی پرس	ئومێد عبدالرحمان حسن	ئاڤان حەمە سالّح
69	گۆڤاری بابان	جەمال عبدالقادر عەزمی بابان	کامەران جەمال حوسێن
70	گ. رۆژنامەوانی کوردی	هێمن حوسێن محمد	بلّند مستەفا عومەر
71	گۆڤاری هەنار	بەرێوەبەری چاپ و بلّاوکردنەوەی سلێمانی	محمد کوردو
72	رۆژنامەی جیای شنگال	عبدالخالق رشید عزیز هەرکی	حسین درمان اسماعیل الخالتی
73	گۆڤاری هەناسە	سیروان رەزا محمود	ئیدریس جمال رەئوف
74	گۆڤاری ژین	بنکەی ژین	سدیق سالّح ئەحمەد
75	گۆڤاری کۆدەنگ	ئاری فروق حوسێن	قاسم حوسێن محی الدین
76	گۆڤاری ستاندەر	مسعود عبدالخالق محمد ئەمین	رێبوار حمه سەلیم لەتیف
77	رۆژنامەی ستاندەر	کۆمپانیای ستاندەر	مسعود عبدالخالق محمد ئەمین
78	گۆڤاری تاو	رزگار عبدال محمود	سۆنیا سدیق خلیل
79	گۆڤاری نووهات	سەیران حمید حسین	سینا حمید حسین
80	گۆڤاری هەڵبوون	کاروان احمد حوسێن	هاوار احمد علی
81	رۆژنامەی ئایندە	بەیان نوری تۆفیق	هەڵاّله محمد ئەڵماس
82	گۆڤاری ئاوێتە	رێبوار مارف سالّح	شیلان یاسین خزر
83	گۆڤاری فشار	هێمن کەریم عبدالکریم	هێمن کەریم عبدالکریم
84	گۆڤاری گەپ	ئیسماعیل ئەنوەر شەفیق	محمد قادر تەها
85	گۆڤاری راستەرێ	فریاد حەسەن ئەحمەد	فریاد حەسەن ئەحمەد
86	گۆڤاری بازرگانی و پیشەسازی	ژوری بازرگانی و پیشەسازی سلێمانی	ئاراس عبدالکریم معروف

87	ڕۆژنامەی گوڵزار	وارتکیس موسیس سرکیس	زیاد عابد سلیم
88	گۆڤاری پیدیا	دانا ئەحمەد محەمەد	عەدنان بورهان قادر
89	ڕۆژنامەی دەستوور	کۆمپانیای سۆلی تیلیگراف	خالید ئەحمەد شەریف
90	گۆڤاری مێرگ	سەرکیس ئاغاجان	محمد حسین تەها
91	گۆڤاری شێوەکار	سەرکیس ئاغاجان	قەرەنی جەمیل
92	گۆڤاری لڤینی نوێ	ئەحمەد میرە	ئەحمەد میرە
93	گۆڤاری تەمەن	سەراج ئەحمەد محەمەد	ئادەم عبدالجبار عبدالله
94	ڕۆژنامەی پەیامی بازرگانی	پشتیوان محمود فەتاح	ڕۆشنا محمود فەتاح
95	ڕۆژنامەی ڕێبەری کرین	بەرزان اورحمان توفیق	شاهۆ اورحمان تۆفیق
96	گۆڤاری هەل	ڕێکخراوی کار بۆ پەرەپێدان	نەرمین نزار محەمەد شەریف
97	ڕۆژنامەی ڕزگاری	شوان سدیق عوسمان	حەمە ئەحمەد حمەڕەش
98	ڕۆژنامەی ئێف وەن	مەلّبەند غازی سلێمان	مەلّبەند غازی سلێمان
99	ڕۆژنامەی زاری کرمانجی	بەدران ئەحمەد حەبیب	ئیسماعیل براهیم خزر
100	گۆڤاری کۆوار	بەدران ئەحمەد حەبیب	محەمەد کەریم سەعید
101	گۆڤاری بڕیار	مسعود تاهر یونس	عادل محمد علی
102	گۆڤاری ئاشتی	سۆزان ڕەمەزان محەمەد	ژیان عزیز ئەحمەد
103	گۆڤاری ژینگەھ	گورگیس شلیمون خائی	ادریس علی ابوزید
104	گۆڤاری پەیامی راستی	محمد فەرەج ئەحمەد	عەلی سالّح کەریم میران
105	گۆڤاری جگەرگۆشەکان	حامد محمد عەلی	علی سالّح میران
106	گۆڤاری شمشاره	دانا قادر عمر	اسماعیل محمد علی
107	گۆڤاری تەوار	یەکێتی ژنانی کوردستان	ڕێواز فائق
108	ڕۆژنامەی ئاراس	شەوکەت شێخ یەزیەدین محەمەد	بەدران ئەحمەد حەبیب
109	ڕۆژنامەی ژیانەوە	ڕاگەیاندنی یەکێتی ژنانی کوردستان	سەیوان ڕۆستەم ئەفراسیاب
110	ڕۆژنامەی ڕۆژانەی سلێمانی	عومەر عبدالرحمان رحیم	ئەحمەد محمد ئایلاز
111	گۆڤاری کلیل	ئارام محمد رشید	هێمن کەریم عبدول
112	گۆڤاری هۆنیا	ئارام محمد رشید	سیروان سلیمان حسین
113	گۆڤاری کورد کۆمپیوتەر	ئارام محمد رشید	ئارام علی مجید
114	گۆڤاری جوجەلّە	ئارام محمد رشید	ئارام محمد رشید
115	ڕۆژنامەی نرگاڵ	شوان داودی	فواد عودیشو داود

هەواڵنامەی کتێب

116	رۆژنامەی اینا	شوان حوێز فریق(شوان داودی)	احمد محمد بکر سالّح
117	رۆژنامەی هەوالّ	شوان حوێز فریق	شوان حوێز فریق
118	رۆژنامەی النبأ	شوان حوێز فریق	جلیل ابراهیم محمود
119	گۆڤاری نما	ئیسماعیل محمد سالّح کورده	سلیمان رەسول ئیسماعیل
120	رۆژنامەی ئالّای ئازادی	حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان	نوزاد جلال ابراهیم
121	رۆژنامەی ئالّای ئازادی	مەکتەبی راگەیاندی ح.ز.ك	ئاریان محمد خدر
122	رۆژنامەی ژیانی نوێ	رێبوار سابر حوێز	زیرەك مام قادر خزر
123	رۆژنامەی بارزان	عبدالقادر محمد امین مستەفا	غازی حسن
124	گۆڤاری ڤین	لیلی افدل نوری رێکانی	ایاد عزیز جمیل النبأ
125	گۆڤاری الصراحه	نەجات حسن کەریم	سامان نجم الدین امین
126	رۆژنامەی کەرکوکی نوێ	مەلّبەندی کەرکوکی ی.ن.ك	یاسین عزالدین محمود
127	مجله الایمان	حسام الدین جودت عمر	محمد رشید عبید
128	گۆڤاری رێبەری شار	بەرزان اورحمان توفیق	سنگەر محمد فارس
129	رۆژنامەی ژیانی نوێ(قادر عەزیز)	ئاسۆ مجید سالّح	ئاسۆ مجید سالّح
130	رۆژنامەی دایك	یەکێتی رۆشنبیرانی نەتەوەی کورد	عەدنان ئەنوەر حەمەد
131	رۆژنامەی پارێزگاران	نەجات عمر سورچی	ئارام محمد سعید
132	گۆڤاری سلێمانی	قادر حمه جان عزیز	محمد نوری تۆفیق
133	رۆژنامەی ئاوێنه	کۆمپانیای ئاوێنه	شوان محمد محمود
134	گۆڤاری ئاوێنەکان	کۆمپانیای ئاوێنه	زانکۆ ئەحمەد محەمەد
135	رۆژنامەی ئاوێنه سپۆرت	کۆمپانیای ئاوێنه	هیوا محمد قادر
136	گۆڤاری پەیامی تەکنیکی	رۆستەم عزت تاهر	حسن محەمەد عمر قەرەداغی
137	رۆژنامەی بەهره	بەختیار رەشید محمد	شاخەوان علی حمد
138	رۆژنامەی روناکی کەرکوك	رابەر عارف حەسەن	فائز ئیبراهیم سەمین
139	رۆژنامەی پردی ئازاد	سەنتەری رۆشنبیری پردێ	رابەر رەشید سالّح
140	گۆڤاری والا press	دەزگای والا	عەدالەت عبدالله محمد
141	رۆژنامەی نەوشار	شێرزاد فاتح محمد	شوان محمد کریم
142	رۆژنامەی باسك	د.ئەحمەد ئیبراهیم عەلی وەرتی	د. نوری ئەحمەد بازیانی
143	گۆڤاری دوغرو	جودت جرجیس لتیف	زکریا احمد معروف
144	گۆڤاری لالش	خدر سلێمان خەلیل	رێسان حەسەن جندی

145	گۆڤاری هێلین	ڕێکخراوی دیاکونیای سویدی بۆ گەشەپێدان	چنار علی مندی نیروەیی
146	گۆڤاری شێخانی	سەنتەری گەنجان لە شێخان	اومر رشید اودی
147	ڕۆژنامەی بەدرخان	حەمید ئەبوبکر ئەحمەد	حەمید ئەبوبکر ئەحمەد
148	ڕۆژنامەی سیما	نەقشبەندی ئیبراهیم عەزیز	نەقشبەندی ئیبراهیم عەزیز
149	گۆڤاری هاوبەشی	بەناز جعفر مجید	محمد جعفر مجید
150	ڕۆژنامەی چاودێر	حیکمەت محمد کەریم (مەلا بەختیار)	حیکمەت محمد کەریم
151	گۆڤاری مەدەنیەت	مەکتەبی ڕێکخراوە دیموکراتیەکان	حیکمەت محمد کەریم
152	ڕۆژنامەی ڕەوشەن	سەنتەری زاخۆ	سەگڤان ئیسماعیل حاجی
153	گۆڤاری سیلاف	محمد محسن صباح ئامێدی	خالد محمد محمد علی
154	گۆڤاری چرسیك	ئالان سلێمان خزر	شێروان خدر حلف
155	گۆڤاری سنیلە	ئنستوتا دهوك بۆ ڕۆشنبرە	عبدالعزیز محسن عبدالرحیم
156	ڕۆژنامەی ئەڤرۆ	فەهیم عبدالله حەمو	بەهجەت محمد محمد (بەهجەت هروری)
157	ڕۆژنامەی پروشە	کاوە عبدالله احمد علی	عبدالله حمد عبدالله احمد
158	گۆڤاری بیت نهرین	ازریا ادم یوخنا	فرید یعقوب ایلیا
159	ڕۆژنامەی ڕووداو	نورالدین سعید ویس	عمران محمد علی محمد
160	ڕۆژنامەی ڕووداوی وەرزشی	عمران محمد علی محمد	احسان تاهیر محمد
161	گۆڤاری ئەستێرە	دیار بەکر محمد	کۆچەر عومەر عبدالله
162	گۆڤاری چاوگ	پێشرەو سەدرەدین	کەیوان سەعید
163	گۆڤاری پزیشکی نوێ	سەندیکای پزیشکانی کوردستان لقی سلێمانی	د.تەها عوسمان ئەسعەد مەحوی
164	گۆڤاری گیرفان	تەحسین ئیبراهیم بابان	تەحسین ئیبراهیم بابان
165	گۆڤاری سی فۆر کورد	فاتح ابراهیم مجید	هێمن فاتح ابراهیم
166	گۆڤاری وەشت	چاپخانەی بابان سلێمانی	محمد عەتا رشید عبدالرحمن
167	گۆڤاری شەیدا	ئازاد جەمیل حەسەن	منیر ڕەمەزان یاسین
168	گۆڤاری زەنگ و بەنگ	بەیان احمد حسن	ئەدریس غازی سالّح
169	گۆڤاری ڕیبار	محمد محمد سالّح محمد	محمد عبدالله ئامێدی
170	ڕۆژنامەی ڕێوان	ڕۆناك ڕەئوف سعید	هانا شوان حەسەن
171	گۆڤاری اور	غزوان رزق الله الیاس قس یونان	مسعود میخائیل یوسف صنا
172	گۆڤاری پەیڤ	حەسەن عەلو حەسەن	ناجی تەها بەرواری
173	گۆڤاری سیپە	عبدالخالق عبدالسلام مستەفا	شەمالّ ئیسماعیل درویش

هەواڵنامەی گیتی

174	ڕۆژنامەی قارداشلق یولو	ولید محمد محمد صالح	تارق صفر عبدالرحمن حلوب
175	گۆڤاری کورد تایمز	خانەی هزر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە	هیدایەت ئیبراهیم قادر
176	گۆڤاری سیروان	دیاری حسین عوسمان	محمد عزیز احمد
177	گۆڤاری زنار	ئەردەلان یوسف محمد	قادر ئەحمەد عومەر
178	گۆڤاری علیموثا	لیدن صلاح خزر	فائق برایموك باسا
179	گۆڤاری نێوەند	ئاسۆ عوسمان حەمەلاو	کاروان ئەحمەد عەلی
180	گۆڤاری برین	سەنتەری ئەنفال ئۆفیسی دهۆك	عەلی محمد عەلی
181	گۆڤاری ژینی نوێ	عەلی ئیبراهیم حەسەن	قاسم عەزیز عەلی
182	گۆڤاری القانون	ئومێد محەمەد ئەسود	عەدنان عەبدوڵڵا رەشید
183	گۆڤاری ڤالا	سروود حاتەم حەسەن	گۆران سالح عەبدوڵڵا
184	گۆڤاری دیمەن	سابر ئەحمەد بەکر	سامان حەمەدەمین عەلی
185	ڕۆژنامەی تریفەی زانکۆ	کۆلیژی بەرێوەبردن و ئابووری/زانکۆی سەلاحەدین	وریا حەمەکەریم حەمەسالح
186	گۆڤاری بانکی زانیاری	سەعدیە سەعید سەدیق	یوسف ئەحمەد رەشید
187	گۆڤاری ئابوری سیاسی	سەرکیس ئاغاجان	سەروەر کەمال رەحیم
188	گۆڤاری پەروەردانوو	ویسی سلێمان عەلی	ئەحمەد یاسین ئەحمەد
189	گۆڤاری حەمرین	شەکر مەجید عەلی	شەکر مەجید عەلی
190	گۆڤاری شانۆ	ئەحمەد سالار عبدولواحید	ئەرسەلان ئەحمەد دروێش
191	گۆڤاری ئیسرائیل ناسی	عبدوڵڵا ئەحمەد محەمەد	ماجید خەلیل فەتاح
192	گۆڤاری رایز	یوسف محەمەد وەلی	یوسف تەلال عبدوڵڵا
193	ڕۆژنامەی هەڵشۆی نوێ	بنکەی ڕۆشنبیری هەڵشۆ	راستی خدر ئیبراهیم
194	ڕۆژنامەی هەڵگورد	خضر مستەفا خضر	ئیسماعیل ئەحمەد خچر
195	ڕۆژنامەی سۆپەر ریکلام	حەسەن محەمەد ئەحمەد	حەسەن محەمەد ئەحمەد
196	گۆڤاری زانکۆی جیهان	د.نەوزاد یەحیا سەعید باجگر	د. ئەمجەد سایر سەعید
197	گۆڤاری سکرین	زانا حەمە غەریب	زانا حەمە غەریب
198	گۆڤاری سەرچاوە	ئاوات جناب نوری	مەجید سالح عەزیز
199	گۆڤاری شەقلاوە	سەرباز مەجید عومەر	کاوە عبدالقادر حسن
200	گۆڤاری مێژوو	ئەرسن موسا رەشید	محەمەد عبدالله کاکە سور
201	گۆڤاری بزنس تودەی	أریس فریش سرکیس	جیهاد عبدالله عمر
202	گۆڤاری زانکۆ پریس	ئەحمەد ئەنوەر ئەمین دزەیی	حەیدەر ڕەحمان مامە

203	گۆڤاری سیهشا	سرکیس اغاجان ماماندو	شلیمون ایشو خوشابا
204	گۆڤاری نوێبوون	مەڵبەندی ١ی ڕێکخستنی سلێمانی	ئەنوەر سالّح عزیز
205	مجلة الاحكام القضائية	وریا حمه کەریم عەلی	نزار غنی عبدالله
206	گۆڤاری کوردی ڕەسەن	دخیل سەعید خزر	هەڤاڵ دخیل سەعید
207	ڕۆژنامەی چاڤدێر	مەکتەبا ڕێکخراوین دیموکراتی ی.ن.ك	عبدالرحمن بامەرنی
208	گۆڤاری جیهانی سینەما	ئەبوبەکر ڕەشید موحەمەد	ئەبوبەکر ڕەشید موحەمەد
209	گۆڤاری کۆماری ڕۆژ	دەزگای ڕۆژ	فازڵ عوسمان ڕەسوڵ
210	گۆڤاری ژیار	باغەوان مەجید کەریم	رزگار عەبدوڵڵە حەسەن
211	ڕۆژنامەی الافق الجدید	جەلال الدین نجم الدین	صهیب خضر
212	ڕۆژنامەی چەتر	کەمال حەسەن حمه ڕەزا	کاروان سالار عبدالله
213	ڕۆژنامەی پاداشت	عبدالخالق محمد حسن	نهرۆ عەلی حمد
214	جریدة طریق السلام	ناطق قریاقوس فرلنسي	عصام شابا فاضل
215	ڕۆژنامەی ئەمرۆی زانکۆ	مەتین دلۆڤان ئیدریس بارزانی	هێمن خەسرو محەمەد
216	ڕۆژنامەی دنیای منداڵان	ناوەندی منداڵپارێزی ڕۆژهەڵاتی کوردستان	عوسمان ڕەسوڵ حوسێن
217	گۆڤاری هاوچەرخ	عبدالکریم عبدالله تەها	ئارام سالّح ئەحمەد
218	گۆڤاری سێ کان	دڕوار فایەق غەفور	سەردار ڕەزا قادر
219	گۆڤاری دۆز	لەتیف فاتح فەرەج	لەتیف فاتح فەرەج
220	گۆڤاری چلاواز	وەزیری ڕۆشنبیری	وریا ئەحمەد محەمەد
221	گۆڤاری باوەش	کۆمپانیای ئارت کەلەرس	فەرسەت مستەفا عومەر
222	گۆڤاری کەسێتی سەرکەوتوو	ئاوات نسرالله احمد	ئاوات نسرالله احمد
223	گۆڤاری لور	سەنتەری هاوبەشی لور	جەبار یاوەر مەندە
224	گۆڤاری ڕێنوین	هێمن عەلی حەمە محەمەد	پێشەوا عومەر محمود
225	گۆڤاری دکتۆر	وەلید جەمیل عومەر	حمزە محەمەد عەلی جهور
226	گۆڤاری هێڵین بزنز	هێڵین حەجی محەمەد	سامان حوسێن حەسەن
227	گۆڤاری سروشت	عبدالله عبدالصمد عبدالله	سیروان ابوبکر عزیز
228	گۆڤاری خونچە	خیاب حبیب محەمەد	هدی حبیب محمد
229	گۆڤاری بایت	شەمالّ سالّح عبدالله	دارا قادر سلّاح
230	گۆڤاری ئایندە	حسین عارف عبدالرحمن	دڵشاد عبدالله خزر
231	گۆڤاری سەردەم	شێرکۆ فائق عبدالله	ڕئوف صابر سعید

هەواڵنامەی کتێب

232	گۆڤاری زانستی سەردەم	شێرکۆ فائق عبدالله	سۆزان جەمال محمد امین
233	گۆڤاری سەردەمی عەرەبی	شێرکۆ فائق عبدالله	رەئوف صابر سعید
234	گۆڤاری رۆڤار	دڵشاد عبدالله خزر	دڵشاد عبدالله خزر
235	گۆڤاری مندالّی سەردەم	شێرکۆ فائق عبدالله	هەڵکەوت عبدالله رۆستەم
236	رۆژنامەی (Aui - svoice)	زانکۆی ئەمەریکی لە سلێمانی	دانا نەوزەر عەلی
237	گۆڤاری فریا	جەمال جەلال حسین	گیلان کمال انور
238	رۆژنامەی گەشەپێدان	نەریمان مەجید سعید	سامان سالح فرجە
239	گۆڤاری دەنگدان	مەکتەبی هەڵبژاردنی ی.ن.ك	شۆرش اسماعیل عبدالله
240	رۆژنامەی نم نم	کۆمپانیای رووداو	شوان ئادەم وسیم
241	رۆژنامەی تروسکە	ئەستێرە عبدالجبار محەمەد نوری	رابعە عباس قاسم
242	گۆڤاری هونەر مەگەزین	پۆلاّ رۆستەم جەمیل	پۆلاّ رۆستەم جەمیل
243	گۆڤاری (Central)	سامان عبدالرحیم محمد	بەختیار ئازاد حسن
244	گۆڤاری مالّی سمۆرە	وەزارەتی رۆشنبیری	دڵشاد غفور محمود
245	گۆڤاری هەودا	گروپی پەیامی بازرگانی	هەودا غەفور بابەکر
246	رۆژنامەی ڕۆژ پرێس	نیاز عەلی محمود	نیاز عەلی محمود
247	گۆڤاری خۆشناوەتی	عبدالله اسماعیل عزیز	توانا مصلح محمد
248	رۆژنامەی داهێنان	سۆران غەفور سەلیم	شوان مدحت محمد امین
249	گۆڤاری تراسنا الشعبی	سرکیس اغاجان ماماندو	بنیامین میخا یوسف
250	گۆڤاری میلا کان	اسماعیل ابراهیم رەزا	اکرم یاور حسن
251	رۆژنامەی ئاشتی نامە	خدر قادر خدر	نەهرۆ جەلال عوسمان
252	گۆڤاری سپۆرت	احمد کریم احمد	قادر احمد عومەر
253	گۆڤاری هەژان	تەحسین حمە سەعید شمس الدین	تەحسین حمە سەعید شمس الدین
254	گۆڤاری هێشتا	سەنتەری گەشەپێدانی چالاکی لاوان	سەلمان نادر عبدالرحمان
255	رۆژنامەی بیت نەهرێن	رۆمیۆ حزیران نیسان	جرجیس یونان خۆشابا
256	رۆژنامەی لۆمۆند دیپلۆماتیك	کۆمپانیای رووداو	نەزەند حەمە سدیق عبدالله
257	گۆڤاری پەیامی کەم ئەندامان	کامەران محمد قادر(بێباك)	کامەران محمد قادر(بێباك)
258	گۆڤاری گوڵەکان	عزت عبدالقادر علی	زرار علی حسن
259	رۆژنامەی کەپیتالّ	ئەمیر احمد فەندی	ئەمیر احمد فەندی
260	گۆڤاری چایخانە	سباح عبدولعەزیز محمد سالح	سباح عبدولعەزیز محمد سالح

261	گۆڤاری نیڤین	دڵشاد ابراهیم علی	خالد حسن قاسم
262	گۆڤاری زریموك	فاخیر علی عارف	مبەشەر حسن خدر
263	گۆڤاری رۆژنامەنووس	فەرهاد عەونی	عەبدوڵڵازەنگەنە
264	گۆڤاری نویژیار	عەلی حەیدەر حوسێت	ئیحمەد حەمە ئەمین
265	مجلة نوافذ اقتصادية	عصام عبدالستار ئەحمەد حەسەن	عصام عبدالستار ئەحمەد حەسەن
266	گۆڤاری شارەکەم	دەوەند ئازاد مستەفا	سامی عزالدین عبدالله
267	گۆڤاری دوانگە	ئەحمەد مستەفا شافعی	مستەفا غەفور محەمەد
268	گۆڤاری فلیم	جەمال محەمەد سەوزە	کەریم غەفور فەتاح
269	گۆڤاری چەکوشی یاسا	ئاسۆ هاشم رۆستەم	ئاسۆ هاشم رۆستەم
270	رۆژنامەی ئیشق نیوسلێتەر	زانکۆی ئیشق	د. ڤولکان یوسف چیچك
271	گۆڤاری شاخ	ئەنوەر عەلی محەمەد	سەفەر کەریم حەمە رحیم
272	گۆڤاری مەحفەل	ریان حەسەن جوندی	گۆڤان ریان حەسەن
273	رۆژنامەی بزاو	بەدران ئەحمەد حەبیب	عەوف عبدالسەمەد عەبدوڵڵا
274	رۆژنامەی دەنگی پەنابەران	رەبیع حەسەن محەمەد سالّح	رەبیع حەسەن محەمەد سالّح
275	گۆڤاری تات	بەهێز ئەحمەد مەحمود	بەهێز ئەحمەد مەحمود
276	گۆڤاری پنار	ئەحمەد محەمەد بەکر	ئەحمەد محەمەد بەکر
277	رۆژنامەی ڕێبازی ئازادی	عەبدوڵڵا مەحمود محەمەد	ئەنوەر عەبدوڵڵا عەبدوڵڵا
278	گۆڤاری پزیشك	ئازاد سەعدی سەعید مەنتك	ئازاد سەعدی سەعید مەنتك
279	گۆڤاری دەنگ	دانا سلێمان حەسەن	دانا سلێمان حەسەن
280	رۆژنامەی باس	کۆمپانیای ڤێرسای	بەرهەم عەلی
281	رۆژنامەی نگرە سەلمان	عەلی مەحمود محەمەد	زاهیر مەجید ئەمین
282	گۆڤاری تۆپزاوە	عەلی مەحمود محەمەد	زاهیر مەجید ئەمین
283	گۆڤاری گولان	شەوکەت شێخ یەزیەدین محەمەد	فەرهاد محەمەد حەسەن
284	رۆژنامەی گەرمیان پۆست	سەیوان عومەر ئەحمەد	سەیوان عومەر ئەحمەد
285	رۆژنامەی جارە	غازی عەبدولسەمەد قادر	کاروان مەحمەد ڕەسوڵ
286	گۆڤاری CG SAZ	فواد عەزیز ڕەحمان	کاروان کازم خزر
287	گۆڤاری سوت سارخ	ئەریشیە عقرە واالزیبار	یوحنا عیسا یوسف
288	رۆژنامەی الامل	شلال حەسەن سلێمان	شلال حەسەن سلێمان
289	گۆڤاری هیزل	سرکیس ئاغا جان	گۆڤان حوسێن عوسمان

هەواڵنامەی کێبڕکێ

290	رۆژنامەی ریفرۆم	عەبدولقادر ئەکرەم جەمیل بازرگان	مەحەمەد سعدالدین ئەنوەر
291	گۆڤاری الاصوال الشخصیه	وریا حەمە کەریم علی	خالد محەمەد سالّح عەلی
292	گۆڤاری نیرۆژ مەگەزین	رەعد ئەحمەد عبدالرەحمان	عەبدولکەریم عەبدولغەفور محەمەد
293	گ. زانکۆی شاهانەی بەریتانی	زانکۆی شەهانە	د.سەمیر خیری توفیق
294	گۆڤاری واتە	بەدران ئەحمەد حەبیب	یوسف لوتفی محەمەد
295	گۆڤاری رێجکە	یادگار سەعید محەمەد	سەلاحەدین محەمەد عبدولرەحمان
296	رۆژنامەی گەلیار	سادق حەسەن سالّح	سادق حەسەن سالّح
297	گۆڤاری دەنیا	سەروەر رەحمان عەلی	سەروەر رەحمان عەلی
298	رۆژنامەی ڤیکتۆریا	د.سلاح خدر عەولاّ	بژار حەکیم
299	گۆڤاری راکۆ	سەردار حەسەن تەها	فەریبا یوسف کەریم
300	گۆڤاری پەکی تاژان ئارا	کۆمپانیای تاژان ئارا	عەدنان حەسەن نەجمەدین
301	گۆڤاری جیهان	نەبەز اقبال (نەبەز گۆران)	نەبەز گۆران
302	رۆژنامەی نما کورد	رێکخراوی قوتابیانی کوردستان لە رانیە	هەردی عومەر ئەیوب
303	گۆڤاری نۆار	عیرفان عزیز عزیز	کارزان صباح حمە صالح
304	گۆڤاری نوێسازی	د.محمد شەریف ئەحمەد	د.محمد شەریف ئەحمەد
305	گۆڤاری هاودەم	بەهرۆز حەسەن بابەکر	رێکان سەباح رەشید
306	گۆڤاری پەیام	اکبر صبیع محمد	امیر احمد عبدالقادر
307	گۆڤاری قەلاّ	عبدالله حەمە کاکەرەش	سەروەر ئەحمەد کەریم
308	رۆژنامەی حەوت هونەر	جەمال جەلال عبدالله	جەمال جەلال عبدالله
309	گۆڤاری گزنگی نوێ	کەریم حسن حمد امین	کلسوم سمایل عزیز
310	گۆڤاری نەوە	فەهد قادر ئەحمەد	خەلیل حەبیب قاسم
311	گۆڤاری ئەمریکا جۆرنالّ	جێرمی کێرتن	چیایی کوردی(تەوار رەشید)
312	رۆژنامەی بیث عنکاوا	پولص شمعون اسعاق قاشا	جنان پولص کورکیس بیتون
313	جریده المجتمع المدنی	سکینه عەلی کەریم	سکینه عەلی کەریم
314	گۆڤاری هونەری نوێ	جەلیل عزیز ئۆمەر	سةفةر كةريم حةمة رحيم
315	گۆڤاری رۆدستیر	رائید حەمە صالّح	رائید حەمە صالّح
316	گۆڤاری مازی	مشهود امین حاجی	هۆشیار نصرالدین عبدالله
317	رۆژنامەی رەنگ ریکلام	رەنگین محمد صالّح سعدالله	کاوە کافی حاجی
318	رۆژنامەی شانەدەر	حسن عبدالکریم رەمەزان	پیشوار محمد سعید

319	گۆڤاری هەوین	د.عبدالله نزار شاکر	فیسەڵ الله محمد رسول
320	گۆڤاری چرا	هیشام عبدالکریم احمد	هیشام عبدالکریم احمد
321	گۆڤاری تورکیا ناسی	سلێمان رسول ئیسماعیل	شوان عەلی محەمەد
322	رۆژنامەی یاسا	راگریەتی کۆلیژی یاسا	سەنگەر سەعید قادر
323	گۆڤاری یوگا	کۆمەڵەی یوگای گۆسومی	هاوبیر کامەران حمد امین
324	گۆڤاری ئامێز	وەرزیر جەزا حمە حارس	ئازا ابراهیم زۆراب
325	رۆژنامەی دیمکرات	علی محمد صالح شمدین	علی محمد صالح شمدین
326	رۆژنامەی نوێگەری	ناوەندی پشدەری ر.ق.ك	حکیم حمد احمد
327	مجله الصواب	عبدالقادر بشیر پیرداود	عبدالقادر بشیر پیرداود
328	گۆڤاری بوار	عومەر عەلی کەریم	تارق راورحمان حمە صالح
329	رۆژنامەی سەرای	عماد رفعت جمیل	عماد رفعت جمیل
330	گۆڤاری ئاماژە	ناصر یوسف محی الدین	فاخر حسن خانو کرمانجی
331	گۆڤاری دادپەروەر	وریا حمە کەریم سیوەیلی	شەمالّ عومەر قادر
332	گۆڤاری ئومێد	جەمال عوسمان(جەمال مورتکە)	عمر یابە جەمیل
333	گۆڤاری ئێوە	چیا محمد اسعد	شێرزاد عمر محمود
334	گۆڤاری لێوان	سەفین قانع مارف	نزار عارف حەمە امین
335	گۆڤاری ڕێ	هەڵۆ ئەحمەد عبدالله	نیازی حەمە عەزیز
336	رۆژنامەی ئاسۆی ژینگە	حسین نوری حسین	رسول ئۆمەر رسول
337	گۆڤاری ستارت کوردستان	پەروین عبدالعزیز صالح	ڕەقیب محمود ئەحمەد
338	گۆڤاری لنك	حەیدەر عەلی حەسەن	یەردار حاجی ئیبراهیم
339	گۆڤاری بەڵگە	جەمال عبدالله عارف	جەمال عبدالله عارف
340	گۆڤاری ڕێبەری کوردستان	بەختیار احمد عەلی	تەها احمد مستەفا
341	گۆڤاری کورد دیکۆ مینتار	د. گیان کامل بعید	نازم حسین حسن
342	گۆڤاری مەقلوب	بەشار مشیر ئیسماعیل	مەروان مەحەمەد مستەفا
343	رۆژنامەی ڕۆشن	یەکێتی خوێندکارانی ل.پ.ك	مستەفا حاجی محی الدین
344	رۆژنامەی دەنگی مەخمور	جەمیل محمد قادر	بەختیار محمد قادر
345	رۆژنامەی ڕۆشنبیری یاسایی	وریا حمە کەریم علی	شەمالّ عومەر قادر
346	گۆڤاری نڤار سپۆرت	عرفان عزیز عزیز	عیشان علی حمد امین
347	گۆڤاری دیبلو ماسیەت	شڤان احمد عبدالقادر	شڤان احمد عبدالقادر

هەواڵنامەی کێبڕکێ

348	گۆڤاری رانما	عوسمان فرج قادر	صلاح الدين باقر عيدول
349	گۆڤاری كورد فليم	هاوده‌نگ محمد فرج	زانا حمه غريب رسول
350	گۆڤاری پشده‌ر	محمد علی حسين	محمد علی حسين
351	گۆڤاری كاری كوك	ئاری بهجت حسن	ئاری بهجت حسن
352	گۆڤاری دادوه‌ری القازی	يه‌كێتی دادوه‌رانی كوردستان	شوان محی الدين علی
353	گۆڤاری زمان ناسی	سه‌لام ناوخۆخۆش بكر	نه‌ريمان عبدالله كه‌ريم
354	گۆڤاری ئوتوبای	كۆمپانيای ئوتوبای	شاكر سليمان محمد
355	گۆڤاری كاغه‌ز	تريفه صابر عومه‌ر	عبدالخالق صابر سعدون
356	گۆڤاری وارڤين	له‌نجه عبدالله محمد	تامان عبدالله شاكر
357	گۆڤاری كۆنترۆڵ	نيازی علی محمود	نيازی علی محمود
358	گۆڤاری كوردستان مارت	عه‌لی محمد صالح مسته‌فا	صباح عبدالعزيز محمد صالح
359	گۆڤاری ئيسرائيل كورد	داود باغستانی	مه‌لود ئاڤه‌ند
360	گۆڤاری فه‌رمانبه‌ر	يه‌كێتی فه‌رمانبه‌رانی كوردستان	ئه‌حمه‌د ئه‌مين ره‌شيد
361	گۆڤاری مه‌لۆ	سامان تۆفيق محمد	فاتح سه‌لام محمد
362	رۆژنامه‌ی پێداويستيه گشتيه‌كان	خالید محمد امين حسن	ئيبراهيم علی اكبر
363	گۆڤاری په‌يامی بازرگانی	محمد خالید حه‌مه كه‌ريم	پشتيوان مه‌حمود فه‌تاح
364	گۆڤاری پێوه‌ر	سۆران عبدالقادر كۆسته	هونه‌ر فتاح حسن
365	گۆڤاری ده‌نگی زه‌لال	سه‌نته‌ری گه‌نجان له خانكی	بركات يزدين خليل
366	گۆڤاری رۆك	محمد فه‌ريق علی	كه‌لسوم محمد مسته‌فا
367	رۆژنامه‌ی په‌يامی كه‌ركوك	لقی ٣ی پارتی ديموكراتی كوردستان	لوقمان عبدالتيف مدحت
368	گۆڤاری چركه	كالێ وسو ئه‌حمه‌د	محمد فه‌ريق علی
369	رۆژنامه‌ی ساندیده	ئه‌رسه‌لان ئه‌فراسياو فتاح	ئه‌رسه‌لان ئه‌فراسياو فتاح
370	گۆڤاری پێشانگاكان	دلشاد عبدالله فرج	دلشاد عبدالله فرج
371	گۆڤاری پرد	عبدالرحمن صديق كريم	حيدر جميل محمد
372	رۆژنامه‌ی وار	ته‌مه‌ر ره‌مه‌زان فوتاح	فازل عومه‌ر سالح
373	گۆڤاری سه‌كۆ	سه‌رخێل جمال فقێ	سه‌رخێل جمال فقێ
374	گۆڤاری سۆز	حبيب محمد سعيد	نازم ره‌ئوف عبدالرحمان
375	گۆڤاری ئوتومۆل	غريب حسو احمد	غريب حسو احمد
376	رۆژنامه‌ی دوين	فائق رفيق توفيق	دلێر مغديد عمر

377	گۆڤاری لڤین	ئەحمەد محمد رشید میرە	ئەحمەد محمد رشید میرە
378	گۆڤاری شەن	ڕێبین شێرکۆ ئەحمەد	عەلی فەتاح مەجید
379	گۆڤاری پەیامی مرۆڤایەتی	مەکتەبی ماف مرۆڤ ی.ن.ك	جمیلە محمود کەریم
380	گۆڤاری سامان	دارا جەلیل خەلیل خەیات	عبدالملك یونس محمد
381	گۆڤاری تەندروستی و جوانی	د.سامان واحد عبدالرحمان بۆسکانی	د.سامان واحد عبدالرحمان
382	گۆڤاری ئاونگ	زانائەحمەد نوری	زانائەحمەد نوری
383	گۆڤاری نۆهەدرا	رائد جرجیس اوراها	هشم بطرس شمعون
384	گۆڤاری سڤیل	بێستون نوری سابیر	بێستون نوری سابیر
385	گۆڤاری پرێس	ئاری عبدول لەتیف مولود	ئارام ناجی محمد فتاح
386	گۆڤاری ئاوێزان	کارزان ڕەسوڵ قادر	زریان جەمیل کەریم
387	گۆڤاری امل الشباب	سەنتەری لاوانی سنونی	عجاج سلێمان خدر
388	گۆڤاری خەرامانی گۆران	سەنتەری ڕۆشنبیری گۆران	فخرالدین نوری غفور
389	گۆڤاری شەمالك	ریسان حسن جندی	سامان مستەفا مەحمود
390	ڕۆژنامەی ڕۆمانێ نیوز	عبدالله حمد عبدالله	ئەرسەلان محمود خدر
391	ڕۆژنامەی زانستگۆ	تەحسین خالید حمد	نهرۆ شریف علی
392	گۆڤاری گارە	رزا زبیر محمود	ابراهیم ئیسماعیل حسن
393	گۆڤاری میتولوژیا	خالد مولود احمد	خالد مولود احمد
394	ڕۆژنامەی بازرگانی سەردەم	دارا جەلیل خەیات	عبدالواحد تەها عزیز
395	گۆڤاری لاوان	دارا خالص ئەحمەد محمد	گەلاوێژ لوقمان خورشید
396	گۆڤاری ئەزمەر	فازڵ ڕەووف سالّح	مستەفا ئیبراهیم سالّح
397	گۆڤاری فەنەر	محمد خالد محمد عەلی	علی صدیق ابراهیم
398	گۆڤاری داهێنان	ئەردەلان موحەمەد ئابوور	کیڤی عبدالرحمان حسین
399	گۆڤاری پیشەسازی پەلەوەر	صلاح مستەفا بەکر	موسی محمد تۆفیق
400	گۆڤاری سروش	ڕەفعت سعید حمد امین	فریدون احمد مولود
401	گۆڤاری شۆك	کامیل ئەحمەد نەسروڵڵا	زمناکۆ بورهان محەمەد قانع
402	گۆڤاری ململانێ	بڵند مستەفا عومەر	بڵند مستەفا عومەر
403	گۆڤاری ڤایە	سەبیع عوسمان ئەحمەد بارزانی	هۆگر محەمەد حوسێن
404	ڕۆژنامەی تیشك	ئالان جەمال وەلی	وریا حەمەکەریم حەمەسالّح
405	گۆڤاری حاجیلە	بەدران ئەحمەد حەبیب	محەمەد سەعید زەنگەنە

هەواڵنامەی کتێب

406	رۆژنامەی بارین	ڕەنجدەر ئیبراهیم ئەحمەد	ڕەنجدەر ئیبراهیم ئەحمەد
407	گۆڤاری کۆمەڵگە	ڕێکخراوی ئاوەدانکردنەوە	دانا حەسەن محەمەد
408	گۆڤاری ڕای گشتی	نیازی عەلی محمود	نیازی عەلی محمود
409	موتوا عمایا	المجلس الشعبی ك.س.ش	بهنام عبو یونو
410	رۆژنامەی سورا	المجلس الشعبی ك.س.ش	شمس الدین گورگیس زیا
411	گۆڤاری صوت الاخر	محفوز عبدالسمەد ئەحمەد	ماجد نورەدین عەبدولرەزاق
412	گۆڤار شبیبه الموسڵ	ئومێد عەبدولرەحمان حەسەن	کاوە سەعید سلێمان
413	گۆڤاری کات	هەڵمەت ئەبوزید کەریم	هەڵمەت ئەبوزید کەریم
414	گۆڤاری ئاوەر	دانا عەزیز محەمەد سەعید	ئومێد محەمەد حوسێن
415	گۆڤاری کوردستان توریست	جەعفەر سوڵتان ئولو	موحسین کەماڵەدین عەبدولقادر
416	گۆڤاری کەلتور	ئەکادیمیای هۆشیاری/ ی.ن.ك	فەرید ئەسەسەرد
417	گۆڤاری ڕۆنانا	صلاح بشار	صلاح بشار
418	گۆڤاری ئاراستە	هێڤرش ئەحمەد حەمە کەریم	هێڤرش ئەحمەد حەمە کەریم
419	گۆڤاری سایە	ڕێکخراوی خوشکانی ئیسلامی	سەرگوڵ ڕەزا حەسەن
420	گۆڤاری ئاگا	سراج جیهاد اسماعیل	مزەفەر عزیز حمد
421	گۆڤاری ٢٣ی ئەدەبی	سیروان عبدالکریم علی	گۆران ڕەسوڵ خزر
422	گۆڤاری (real akis)	ئاری بابەکر حمە ئاغا	ئاری کمال مجید
423	گۆڤاری ژیکەڵە	محمد مجید محمد	محمد مجید محمد
424	رۆژنامەی ریکلام	شریکة ریکلام للطباعة والنشر والاعلان	نبیل نشأت طلعت
425	رۆژنامەی هاوپشتی کرێکاری	شەمالّ یەحیا نەجم	حسن حسین حسن
426	رۆژنامەی مێرگەسۆر	ڕەواج حاجی احمد	کوردۆ احمد شیمت
427	رۆژنامەی گاف	ماجد احمد شعبان	ایهم احمد فندی
428	گۆڤاری ڕێبەری زانیاری پیتەکان	کۆمپانیای سکیچ تیم	یونس محمد عبدالرحمن
429	گۆڤاری جودی	سلام کریم سیدان	حسن امین محمد
430	گۆڤاری هەفتانە	خەندان بۆ پەخش و وەشاندن	خالد سلێمان عیسا
431	گۆڤاری کورد فۆتۆ	ئازاد لەشکری عزیز	ئاشتی محمود عبدالله
432	رۆژنامەی ئاسۆ	خەندان بۆ پەخش و وەشاندن	عارف کەریم قوربانی
433	گۆڤاری ڕەوشت	جزا نوری سالّح	جزا نوری سالّح
434	گۆڤاری العلوم القانونیه	وریا حمەکەریم سیوەیلی	خەلیل تالب سمین الوندی

435	گۆڤاری هیوای نوێ	نەوزاد جلال حمد امین	هۆگر چەتۆ شێخە
436	رۆنامەی هیوا	نەوزاد جلال حمد امین	عبدالله خالد عمر
437	رۆژنامەی لێرەو لەوێ	اسماعیل عوسمان صابر	اسماعیل عوسمان صابر
438	گۆڤاری الصحه للجمیع	د.صدیق عمر رسول	حسین سایو حسین
439	گۆڤاری پرسیار	پشتوان مەحمود فەتاح	ئاکام محەمەد رەئوف
440	گۆڤاری صۆفیا	خانەی حیکمەت	فاروق رەفیق حەمە کەریم
441	رۆژنامەی هاولاتی	تارق فاتح حسن	کەمال رەئوف رحیم
442	گۆڤاری پێشمەرگە	جەعفەر مستەفا عەلی	عوسمان محمد مستەفا
443	گۆڤاری هاوبیر	نزار محمد	نزار محمد
444	گۆڤاری لەیلا قاسم لەیلا ژانا	مومتاز حیدەری	مومتاز حیدەری
445	گۆڤاری راز	سامان عبدالله محمد	سامان عبدالله محمد
446	گۆڤاری ولات	پ.چ.د.ك	اکبر شمس الله جهانگیر
447	گۆڤاری هەواڵی خۆش	صابر احمد رسول	صابر احمد رسول
448	گۆڤاری Amazing	دیاری جنید نوری	دیدار جنید نوری
449	رۆژنامەی رۆژەڤ Rojev	عەزیز وەجدی عەلی	عەزیز وەجدی عەلی
450	گۆڤاری ئەنتەرنێت	نزار محمد شێخ حمد	نزار محمد شێخ حمد
451	رۆژنامەی ژێوای	امین عبدالکریم	امین عبدالکریم
452	گۆڤاری ئەلکترا	اسماعیل سلیمان اسماعیل	هەڵکەوت ئیدریس عابد
453	گۆڤاری روون	سەنتەری گەشەپێدانی چالاکی لاوان	جمیل عوسمان ئەحمەد
454	گۆڤاری گەشتیار	موحسین کەماڵەدین عەبدولقادر	موحسین کەماڵەدین عەبدولقادر
455	گۆڤاری وەشان	محەمەد هاشم رۆستەم	محەمەد هاشم رۆستەم
456	گۆڤاری تۆلاز	ئاشتی کەریم محەمەد	ئاشتی کەریم محەمەد
457	گۆڤاری ئاوێزە	دەرون نوزاد مەجید	مەریوان عەلی سالح
458	گۆڤاری ناوزەنگ	پێشمەرگە دێرینەکانی ی.ن.ك	هێرش محی الدین ئیبراهیم
459	گۆڤاری نیکۆ مەگەزین	شفان جمیل حاجی	سەردار حمدامین عبدالله
460	گۆڤاری هایدار	عبدالله حسن عبدالله	لوقمان حسن علی
461	گۆڤاری برەو	نوزاد سلام ابراهیم	یاسین احمد عبدل
462	گۆڤاری دیا	فخری کەریم خان	دڵشاد هاشم محمود
463	گۆڤاری هاوردەو هەناردە	مستەفا عبدالصمد عبدالله	بەختیار مەلا ئەحمەد

هەواڵنامەی کتێب

464	گۆڤاری کۆنێست	سلیمان رسول اسماعیل	کاروان محمود محمد(رامیار)
465	گۆڤاری F.C.O Koya	F.C.O Koya	رزگار سەلیم قادر
466	رۆژنامەی تایم	ئاسۆ مەجید سالّح	ئاسۆ مەجید سالّح
467	گۆڤاری گەمەکەر	محمد سالّح بلگین	شیبان فرهاد محمد
468	گۆڤاری زام	کۆمەڵەی پێشمەرگە کەمئەندامەکانی سەنگەر	نەسرەدین حمد امین رەزا
469	گۆڤاری چوارستار مەگەزین	کۆمپانیای چوار ستار مەگەزین	کاروان فەرەیدون نوری
470	رۆژنامەی العادل المتحده	رشدی سعید قادر	سامی سعید قادر
471	گۆڤاری ژیندۆست	تارق نامق حسن	تارق نامق حسن
472	گۆڤاری چرپە	کۆمپانیای دابان	هێمن حسین ئەحمەد
473	گۆڤاری دەلیل	ازهار عبدالحسین عبدالامیر	ازهار عبدالحسین عبدالامیر
474	گۆڤاری وەفا	ئارام جلال عزت	ئارام جلال عزت
475	گۆڤاری باشور	شێروان امین نعو	شێروان امین نعو
476	رۆژنامەی قویامن	نمرود بیتو یوخنا	هنری سرکیس الیاس
477	رۆژنامەی سوپاس	راستی فهمی اسکندەر	پەیام ئەدهەم عەلی
478	گۆڤاری وچان	هەردی عبدالستار فاتح	محمد کمال احمد
479	گۆڤاری داریوش شاه	هیوا محمد قادر	مامز عمر اسماعیل
480	رۆژنامەی دەنگی پارێزەر	سەندیکای پارێزەرانی کوردستان	عەلی ئەحمەد گردەسۆری
481	گۆڤاری ریکلام سپۆرت	احمد نەجات اغۆك	سەرهەنگ نجم الدین خلیل
482	رۆژنامەی بازار	کۆمپانیای فەخری بۆ بازرگانی گشتی	شکار عفان عوسمان
483	رۆژنامەی گشتی	زانیاری کەمال نامق	زانیاری کەمال نامق
484	رۆژنامەی گۆپتەپە	پێشەوا رەئوف حامد	پێشەوا رەئوف حامد
485	گۆڤاری فرۆش ریکلام	نزار تلعت احمد	نزار تلعت احمد
486	چرکەی نوێ	تۆری میدیا	کالێ وسو ئەحمەد
487	رۆژنامەی گۆران	مەریوان جلال رحیم	مەریوان جلال رحیم
488	گۆڤاری تروپك	د.ئازاد حمد شریف	د.ئازاد حمد شریف
489	گۆڤاری شرۆڤە	د.عبدالله ئاگرین	نەورسی رەشید عبدالرحمن
490	رۆژنامەی هەوێن	رێکخراوی گەشەپێدانی قوتابیانی کوردستان	حیدر محمد عوسمان
491	رۆژنامەی K.sport	کۆمپانیای K.sport	ئەرسەلان عبدالله عزیز
492	رۆژنامەی رۆژنامە	کۆمپانیای وشە	مەم بورهان محمد قانع

493	گۆڤاری باو	شکار جمال حەمە فەرەج	پەرێز سابیر حەمە سالّح
494	گۆڤاری وێنا	دلاوەر حیدەر عبدالحمید	دلاوەر حیدەر عبدالحمید
495	گۆڤاری الحکیم	خلف خدر مرزا	حسین مهدی محمد
496	گۆڤاری K.H.C	خلف خدر مرزا	حسین مهدی محمد
497	گۆڤاری ژوولین	محمد وەلی حمد	محمد وەلی حمد
498	گۆڤاری ریکلام بۆ هەموان	بەختیار مستەفا قادر	ئاسۆ خەلیل محمد
499	گۆڤاری لیبرالّ	غازی حەسەن محیّدین	غازی حەسەن محیّدین
500	گۆڤاری شووت	غازی حەسەن محیّدین	غازی حەسەن محیّدین
501	ڕۆژنامەی خەرێنە	گروپی ڤی	دلّزار حەسەن قادر
502	گۆڤاری ئایدیا والاّ	دەزگای والاّ	ئەنوەر حوسێن سەعید
503	گۆڤاری کرکوك الجدیده	مەلّبەندی ٢ی ڕێکخستنی کەرکوك	عامر فوزی عباس
504	ڕۆژنامەی یاری وەرزشی	کۆمپانیای سولی تەلەگراف	دانەر کەریم اسماعیل
505	گۆڤاری خود	ئازاد محمد امین محمد	ئازاد محمد امین محمد
506	ڕۆژنامەی شەمامە	شەیدا مەعروف محمود	زانکۆ سەردار ڕەزا
507	ڕۆژنامەی کوردمێگا	ڕەمزی حەجی عەزۆ	ڕەمزی حەجی عەزۆ
508	گۆڤاری ریکلامی لۆلان	قانع ابراهیم خەڤۆ	عبدالله حسین هزرت
509	گۆڤاری پۆلی تەکنیك	کوتەر عەزیز احمد	نەجیب توما بتو
510	گۆڤاری ماجدی مۆلّ	هەڤۆ احمد قادر	ڤیان فاروق
511	گۆڤاری پۆستە بەران	کۆمەلّەی پۆستە بەرانی کوردستان	خەسرەو ئەحمەد سالّح
512	گۆڤاری پێل	سەباح ملحم محی	ئەمیر محەمەد قادر
513	گۆڤاری ئوتومبێل	موراد قادر ڕەحیم	موراد قادر ڕەحیم
514	ڕۆژنامەی کوردیش گلۆپ	جواد قادر عەلی	جواد قادر عەلی
515	ڕۆژنامەی هەولێر	ئاریان فەرەج عبدالله	جواد قادر عەلی
516	گۆڤاری بۆتۆ	نامیق شفیع اللهکرم(نامق هەورامی)	نامیق شفیع اللهکرم
517	گۆڤاری کچان	جلال ئەحمەد کاکەمین	جلال ئەحمەد کاکەمین
518	گۆڤاری قەلەندەرخانە	حسین سابیر غفور(حسین بەفرین)	حسین سابیر غفور(حسین بەفرین)
519	گۆڤاری سەکۆی تۆ	هێرش محمد سالّح	شێرزاد عبدالرحمان مامه
520	گۆڤاری ویندۆ	گروپی هانه	سامر عبدالستار جبار
521	ڕۆژنامەی ڕۆژی نوێ	ڕێکخراوی کارکردن له پێناو ئاشتی	حسن احمد مراد

هەواڵنامەی کتێب

522	گۆڤاری بەختەوەری	کەنعان نجم الدین احمد	سهیب جمیل علی
523	گۆڤاری هەڵبژاردن	خسرو گۆران	قەرەنی قادری
524	گۆڤاری ترافیك	قادر صدیق محمود	یوسف محمد شکر بازیانی
525	گۆڤاری زانیاری شار	حەسەن محمد احمد	حەسەن محمد احمد
526	رۆژنامەی دێنی	زمناکۆ مستەفا حمزە	خالد محەمەد حمزە
527	گۆڤاری شەپۆل	بایز عبدالله همزه	ستیڤان احمد علی
528	گۆڤار رەڤەند	سەنتەری رەڤەندانی کوردستان	عبدالرحمن علی غیاس الدین
529	گۆڤاری نووسین	عوسمان ئەحمەد حەسەن	عوسمان ئەحمەد حەسەن
530	گۆڤاری سەدا	رزگار عزالدین محەمەد	کەنار تاریق زەوقی
531	گۆڤاری گزنگی پەروەردە	بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی دەربەندیخان	عومەر محەمەد ئەمین رەزا
532	رۆژنامەی تۆپ گیر	کاوە عبدالقادر محمد	زهور خالد خلف
533	گۆڤاری مۆزیك	هاوکار عەزیز مەحمود	هاوکار عەزیز مەحمود
534	گۆڤاری سیدەکان	قاسم عبدالحق محمد ئەمین	خالید خورشید خدر
535	رۆژنامەی رای خەڵك	عومەر کەریم ئەحمەد	سەردار نامق عەلی

«رۆژنامەڤانی - رۆژنامەنووسان - رۆژنامەنووس» راستکردنەوەی هەڵەیەک

خالید بەکر ئەیوب*

هەولێر

لە ژمارە دوانییەکەی گۆڤاری (رۆژنامەنووس) (٢٣-٢٤)دا، بابەتێکی نووسەر (ئازاد عەبدولعەزیز)، بە ناوونیشانی (گۆڤاری رۆژنامەڤانی - لێکۆڵینەوەیەکی شیکارییە)، بڵاوکراوەتەوە.

لە بڕگەیەکی ئەم بابەتەدا لە ژێر ناوونیشانی (گۆڕینی ناوی - رۆژنامەڤانی - بۆ رۆژنامەنووس) لە لاپەرە (١٤)دا، نووسەر ئاماژە بە دەرچوونی گۆڤاری (رۆژنامەڤانی) لە هەولێر و گۆڤاری (رۆژنامەنووسان) لە سلێمانی دەکات.

هەروەها باس لە تێکەڵکردنەوەی مالّی رۆژنامەنووسانی کوردستان و بڕیاردان بە دەرچوونی گۆڤاری (رۆژنامەنووسان). وەک جێگرەوەیەک بۆ گۆڤاری (رۆژنامەڤانی) دەکات و لە پەراوێزێکدا سەبارەت بە چۆنیەتی گۆڕانی ناوی گۆڤارەکە لە (رۆژنامەنووسان) هوە بۆ (رۆژنامەنووس) دەدوێ و لەسەر زاری برای بەڕێز عەبدوڵڵا زەنگەنە سەرنووسەری گۆڤاری (رۆژنامەنووس) ئەمەی خوارەوە دەخاتە ڕوو:

«ماوەی دوو مانگێک بیرم دەکردەوە، کارێکی وا بکەم خۆمان لەم ناوە رزگار بکەین (مەبەست ناوی رۆژنامەنووسان)ە، کە ناوی ئەم گۆڤارە بووە و لە سلێمانی دەرچووە...خ). ئەوە بوو رۆژێک سەبارەت بەم بابەتە لەگەڵ (خالید بەکر ئەیوب)، کە ئەوسا بە سکرتێری نووسینی گۆڤارەکە دانرابوو، لەسەر لیستی یەکێتی بوو، باسم کردەوە، بەپێی وتەکانی (عەبدولّلا زەنگەنە) ئەو (مەبەستی خالید بەکر ئەیوب)ە، لەم بە پەرۆشتر بووە، بۆ گۆڕینی ناوەکە، دوای ئەوەی لەگەڵ دەستەی نووسەرانی گۆڤارەکە کۆبوونەوە و وەرگرتنی را و سەرنجی ئەوانیش، پاش رەزامەندی ئەوان، یادداشتێک بۆ ئەم مەبەستە درا بە ئەنجوومەنی سەندیکا، ئەوە بوو ئەنجوومەنی بەڕێزیش لە رۆژی (٢٩)ی شوباتی (٢٠٠٤) دا(١٦)، بەبێ گرفت، رەزامەندی پیشاندا

ناوەکە بکرێتە (رۆژنامەنووس)».

تا ئێرە، قسەکانی هاوکارمان (زەنگەنە) بە کۆتا دێت، بەڵام. (بەڵامێکی گەورە)، وەکو تێبینی دەکرێت، پەراوێزێک کە ژمارە (١٦)ی هەڵگرتووە، دانراوە، بە داخەوە ئەم پەراوێزە راستییەکانی شێواندووە، ئەمەی خوارەوەش دەقەکەیەتی:

«ئەگەر چی سەبارەت بەمە بابەتێک لە ژێر ناوی (بەرێزان ئەنجوومەنی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان، لە ژمارە (١)ی گۆڤاری (رۆژنامەنووس)، کە لە (٢٠٠٤/٤/٢٢) دا، لە هەولێر دەرچووە، لە لاپەڕە (٥)دا خراوەتە روو، بەڵام لە چاوپێکەوتنێک، کە لێکۆڵەر لەگەڵ عەبدوڵڵا زەنگەنە، لە رێکەوتی (٢٠١٠/٣/٢) سازکراوە، وتی ئەوەی لە گۆڤاری (رۆژنامەنووس)دا هاتووە، راستی مەسەلەکە نییە، بەڵکو ئەم ناوونیشانە پێشنیازی (خۆمان) بووە، دوای پرس و راگۆڕینەوە لەگەڵ چەند رۆژنامەنووسێک و شارەزای زمان، ناوەکەیمان هەڵبژارد بوو، لە (رۆژنامەنووس) دا وامان نیشانداوە، کە پێشنیازی گۆڕینەکە هی (سکرتێری نووسین)ی گۆڤارەکەمان بووبێت، بەڵام لە راستیدا، وەک چۆن بۆت باس دەکەم ئاوەها بوو».

بۆ زێدەتر روونکردنەوە. بە کورتی و کرمانجی. دەمەوێ بڵێم. بە پێی پێشنیازی (سکرتێری نووسین/ خالید بەکر ئەیوب)، ناوی گۆڤاری (رۆژنامەنووسان)، کە بەنیاز بوو لە جیاتی (رۆژنامەڤانی) دەربچێت، کە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان دەریدەکرد، لە (رۆژنامەنووسان)ەوە بۆ (رۆژنامەنووس) گۆڕدرا، ئەو یادداشتەی کە لە ژمارە (١)ی گۆڤاری (رۆژنامەنووس)یشدا بڵاوکراوەتەوە، بە ئاشکرا و بە روونی ئەم راستییە دەسەلمێنێت، ئەمەش بەڵگەنامەیەکی نووسراوە و لە بەرامبەریدا (قسەی زارەکی) دەبەزێت و بایەخێکی زانستی نابێت، ئەم یادداشتەش خودی کاک عەبدوڵڵا زەنگەنەی سەرنووسەر لە جیاتی دەستەی نووسەران ئیمزای کردووە و پێشکەش بە ئەنجومەنی کردووە.

پێم سەیرە. ئەم هێنان و بردنە و ئەم بگرە و بەردەیە و ئەم پەراوێز و پەراوێزکارییە. بۆچی...؟!، تەنیا بۆنی شێواندنی راستییەکانی لێدێت و چیتر نا..!!، هەر تەنیا بۆ ئەوەیە. کە بە شێوەیەک لە شێوەکان بسەلمێندرێت، کەوا (خالید بەکر ئەیوب) خاوەنی پێشنیازی گۆڕینی ناوی گۆڤارەکە نییە، نازانم بۆ و.. لە بەرچی..؟!

دوای ئەوەی ئەم لێکۆڵینەوەم خوێندەوە، رووبەڕوو لەگەڵ برای رۆژنامەنووس عەبدوڵڵا زەنگەنە «کە زێتر لە (٧) ساڵ، وەک (سکرتێری نووسین) و دواتر (جێگری سەرنووسەر)ی گۆڤاری (رۆژنامەنووس) لە گەڵیدا کارم کردووە»، سەبارەت بە بابەتەکە دوام، بەرێزیان نکۆڵی لە راستی مەسەلەکە نەکرد و گوتی: «رەنگە لێکۆڵەرەوەی بەڕێز ئازاد عەبدولعەزیز، بە تەواوی نەچووبێتە نێو وردەکارییەکانی بابەتەکە، من گوتوومە، کە من پێش (خالید) ئەم بیرۆکەیەم هەبووە و بیرم لێکردبۆوە» ئەمە کورتەی قسەکانی برای بەرێز (زەنگەنە)یە، گەر بە هەڵەدا نەچووبم، چونکە (قسە). رەنگە دیقەتێکی تەواوی نەبێت.

لەم روانگەیەوەش.. روو لە برای بەرێز لێکۆڵەرەوە دەکەم، دەبوایە. بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوەکەی زانستی و هەمەلایەنە بێت، یادداشتەکەی دەستەی نووسەرانی (رۆژنامەنووس)ی، وەک بەڵگەنامەیەک بخستایە روو، هەروەها پشتی بە وتەی لایەنی پەیوەندیدار ببەستایە، وەک چۆن قسەی لەگەڵ (زەنگەنە)دا کردووە، ئاواش پەیوەندی بە خاوەنی پێشنیاز بکردایە، قسەکانی ئەویشی تۆمارکردایە.

جا. لە بەر ئەوەی لێکۆڵەرەوە، ئەم کارەی نەکردووە، من زانیاری زیاتر دەخەمە روو، بەو هیوایەی تۆێژەری بەرێز، گەر جارێکی دیکە، بابەتەکەی بڵاوکردەوە، بەڵگەنامەکە (یادداشتەکە) و قسەکانی منیش بخاتە سەر لێکۆڵینەوەکەی، بۆ ئەوەی تێر و تەسەلتر بێت...

لەم بارەیەوە دەڵێم: لە نێوان

بەڕێز ئە نجوومەنی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان

پێشەکی سوپاستان دەکەین بۆ ئەو متمانەیەی پێتان داوین بۆ ڕاپەڕاندنی کارویاری کۆڤاری سەندیکا، جا بۆیە دەستەی نووسەران لەم ناوانەی خوارەوە:

- عەبدوڵڵا زەنگەنە — سەرنووسەر
- خالید بەکر ئەیوب — سکرتێری نووسین
- ئازادعوبێد — ئەندام
- ئیسماعیل عەلی — ئەندام

بێجگە لە ئەندامان:

- ئەکەد مراد — هەولێر
- ئەنوەر حسێن — سلێمانی
- سۆزان مامە — سلێمانی
- ئیسماعیل بادی — دهۆك

بە مەبەستی تاوتوێ کردنی کارەکانمان، لە ڕۆژی ٢٠٠٤/٢/١٢دا لە بارەگای سەندیکا کۆبوونەوە، بۆ ئەوەی خۆ ئامادە بکەین بۆ ٤/٢٢ ژمارەیەکی کۆڤارەکە دەربکەین. یەکێ لە پێشنیازەکانی (سکرتێری نووسین) ئەوە بوو داوا لە بەڕێزتان بکرێت بڕیار بدەن ناوی کۆڤارەکە بکرێتە (رۆژنامەنووس)، چونکە ئەم ناوەیان کوردیتر و جوانتر و لێوەشاوەترە و لە زمانی کوردیدا "ئاوەڵناوی بکەری لێکدراو"ە بۆ تاك و کۆ بەکار دەبرێ، هەرچی ناوی (رۆژنامەنووسان)ە ئەوە مۆرکی زمانێکی دیکەی بە سەرەوەیە و وەکو بڵێی تەرجەمەی (الصحفیون) بێت، بۆیە ئێمە پێشنیازەکەیمان بە هەند هەڵگرت و تێکڕای ئامادەبووان بە پەسندیان زانی بخرێتە بەردەم ئەنجوومەنی بەڕێز.

پێویستە ئەوەش بڵێم تێکڕای ئەو ڕۆشنبیر و مامۆستایانەی زانکۆ کە پەیوەندییان بە زمانی کوردییەوە هەیە، لەم ماوەیەی دوایی پرس و ڕامان، لەسەر شێوەی دەرکردنی کۆڤارەکە لەگەڵ گۆڕینەتەوە، ناوی (رۆژنامەنووس) یان بۆ کۆڤاری سەندیکا بە پەسەندتر و لێوەشاوەتر داناوە.

ئیتر ئومێدەوارین بە هەموو لایەکمان رۆژنامەنووسیی کوردی بەتایبەتی و رۆژنامەنووسیی هەموو لایەنەکان بەگشتی پاك و بێگەرد ڕابگرین.

لەگەڵ ئەوپەڕی ڕێزماندا

عەبدوڵڵا زەنگەنە

لەجیاتی دەستەی نووسەران

(بڕیار وابوو دوای یەکگرتنەوەی رۆژنامەنووسانی باشووری کوردستان، لە ژێر چەتری یەك ڕێکخراودا، هەردوو کۆڤاری (رۆژنامەڤانی)و (رۆژنامەنووسان) بەم ناوەی دوابیانەوە دەربچێت، بەڵام بە ماوەیەك پێش گرێدانی کۆنگرەی گشتی ئاگامان لێبوو زۆر (رۆژنامەنووس) حەزیان دەکرد کاریگەری رۆژانی پێشوویان لەسەر نەمێنێ، ئەوەبوو چەند کەسێکیان بە تەمابوون ئەو خاڵە لە رۆژانی کۆنگرە بوروژێنن، بەڵام ئەو پێشنیازەیان لەبەر چەند هۆیەك و لەگەڵ خۆشیی گرتنی دیکتاتۆر لە بیرکرا بخرێتە بەردەم کۆنگرە، بۆیە دەستەی نووسەران خۆی یادداشتێکی دایە ئەنجوومەن. ئەوەی سەرەوە دەقی ئەو یادداشتەیە، بە مەبەستی ناو گۆڕینی گۆڤارەکەمان لە (رۆژنامەنووسان)ەوە بۆ (رۆژنامەنووس) دراوەتە ئەنجومەنی سەندیکا، ئەوەبوو ئەنجوومەنی بەڕێزیش لە ڕۆژی (٢٩)ی شوباتدا وەکو پێشنیاز ڕەزامەندی پیشاندا و دوا بڕیاریشی بۆ دەستەی نووسەران جێهێشتبوو، دەستەی نووسەرانیش لە ڕۆژی ٢٠٠٤/٣/١٣دا بە تێکڕای دەنگ بڕیاری لەسەر گۆڕینی ناوەکە دا، ئەنجومەنیش لە کۆبوونەوەی ڕۆژی (٤/٨)دا بڕیاری خۆی بە تەواوی لەمەڕ گۆڕینی ناوەکە دا).

(رۆژنامەنووس)

دەقی یادداشتی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری رۆژنامەنووس

(۱۳-۲۰۰۳/۱۲/۱۵)دا، کۆنگرەی یەکگرتنەوەی هەردوو ڕێکخراوی رۆژنامەنووسانی کوردستان، لە هەولێر بەسترا، لەم کۆنگرەیەدا، لیستێکی ئیئتلافی سەرکەوتنی بەدەستهێنا، منیش لەم لیستەدا بووم و وەک ئەندامی ئەنجومەن هەڵبژێردرام، لە یەکەم کۆبوونەوەی ئەنجومەندا، کاروبارەکانی سەندیکای رۆژنامەنووسان دابەشکرا و لێپرسراوەتی راگەیاندن و ڕۆشنبیری سەندیکام پێسپێردرا، هەروەها باس لە گۆڤاری (رۆژنامەنووسان) کرا، کە فیدراسیۆنی هەردوو ڕێکخراوەکە بڕیاری دابوو، بەم ناوە دەربچێت، لە کۆبوونەوەکەدا. ئاراستەکە وابوو. من ببمە سەرنووسەری گۆڤارەکە و کاک عەبدوڵڵا وەکو (سکرتێری نووسین) بمێنێتەوە، بەڵام کاک فەرهاد عەونی نەقیبی رۆژنامەنووسانی ئەوسا، گوتی: من وەعدی سەرنووسەریم بە کاک عەبدوڵڵا داوە، ئەنجوومەن ڕێزی لە قسەکەی کاک فەرهاد گرت و کاک عەبدوڵڵا وەک سەرنووسەر و منیش وەک سکرتێری نووسین دەستنیشان کراین.

لە یەکەم دانیشتنی دەستەی نووسەرانی گۆڤارەکەدا، چەندین بابەت تاوتوێکران، گرنگترینیان: گۆڤارەکە هەر تەنیا ئەرشیفی نەبێت، بەڵکو بایەخ بە بابەتی سەردەمیانە سەبارەت بە رۆژنامەگەریی بدات، لە بیرمە لە ساتەکانی دوایی دانیشتنەکەدا، پێشنیازم کرد، کەوا گەر بکرێت ناوی گۆڤارەکە لە (رۆژنامەنووسان)ەوە بکرێت بە (رۆژنامەنووس)، هەر لەگەڵ تەواوکردنی قسەکانم، بۆ ماوەیەک ئەندامانی دەستەی نووسەران بێدەنگ بوون، وا تێگەیشتم پێشنیازەکەم جێگەی خۆی نەگرتبێت، پاش کەمێک، هەریەک لە لایەک پشتگیری پێشنیازەکەیان کرد، ئەوەی لە رووی ڕێزمانییەوە لێکیدایەوە، ئەوەی لە رووی جوانکارییەوە، کاک (عەبدوڵڵا)ش گوتی: (پێشنیازێکی جوانە، منیش لە خەمی ئەوە دابووم، کارێکی وابکرێت، بەڵام ئەو گۆڕینە لە دەسەڵاتی دەستەی نووسەراندا نییە، من یادداشتێک بەو مانایە بۆ ئەنجوومەن دەنووسم)، منیش گوتم: (لە ئەنجوومەنیش من پشتگیری لە یادداشتەکە دەکەم).

لە کۆبوونەوەی ئەنجومەندا، کاک مستەفا سالح کەریم، کە ئەو کات جێگری نەقیب بوو، نارەزایی دەربڕی و گوتی: ئەمە بڕیاری فیدراسیۆنە. ناکرێت دەستکاری بکرێت، لە بەرامبەردا من بۆچوونی خۆم و دەستەی نووسەرانم ڕوونکردەوە، کە ئەم گۆڕینە لە خزمەتی گۆڤارەکەدایە، نەقیب و ئەندامانی ئەنجوومەنیش پشتگیریان کردم، لە ئەنجامدا کاک مستەفاش رازی بوو.

ئەوە بوو لە (۲۹)ی شوباتی (۲۰۰٤) دا، ئەنجوومەن ڕەزامەندی دەربڕی و لە (۲۰۰٤/۳/۱۳)دا، دەستەی نووسەران بڕیاری گۆڕینی ناوەکەی دەرکرد، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، نەک تەنیا پێشنیازەکە هی من بووە، بەڵکو بە پشتگیری منیش پەسەند کراوە.

ئەوە بوو، بە کورتی بەسەرهاتی گۆڕینەکە، خوازیارم لێکۆڵەرەوەی بەڕێز، گەر لێکۆڵینەوەکەی دووبارە لە شوێنێکی دیکەدا بڵاوکردەوە، زانیارییەکانی کاک (عەبدوڵڵا) و ئەو زانیاریانەی منیش و یادداشتەکەی دەستەی نووسەرانی گۆڤارەکەش بخاتە سەر (کە فۆتۆکۆپییەکەی لەگەڵ ئەم گوتارەدا بڵاوکراوەتەوە)، بۆ ئەوەی زێدەتر دەوڵەمەند بێت.

سەیریش لەوەدایە، کە ئەم لێکۆلینەوەیە لە ژمارە (۲۳ و ۲٤) رۆژنامەنووسدا بڵاوکراوەتەوە، من جێگری سەرنووسەر بووم، وەکو نەریتێکیش سەرنووسەر و جێگرەکەی و سکرتێری نووسین بە بابەتەکاندا دادەچوونەوە، بەڵام نازانم چۆن ئەم بابەتە بەبێ خوێندنەوەی من دزەی کردووە و بڵاوبۆتەوە.

لەگەڵ ڕێزم، بۆ برای بەڕێز کاک عەبدوڵڵا، کە سالانێکی دوور و درێژ پێکەوە شەونخوونیمان (بۆ دەرچوونی گۆڤارەکە بە ڕێکوپێکی) کردووە.

گلەییەکی دیکە

کاک فەرهاد عەونی نەقیبی پێشووی رۆژنامەنووسانی کوردستان، بە زنجیرە بیرەوەرییە رۆژنامەگەرییەکانی، بە ناوونیشانی (ئەزموونی رۆژنامەگەریم)، بە زنجیرە لە گۆڤاری (رۆژنامەنووس) دا بڵاوەکردەوە، لە ئەلقەی هەشتەمی ئەم بیرەوەرییانەدا، کە لە ژمارە (۹)ی رۆژنامەنووسدا بڵاوکراوەتەوە، کە باس دێتە سەر رۆژنامە ـ گۆڤاری (الصحفی)، کە بە زمانی عەرەبی لە لایەن سەندیکاوە دەردەچێت، باس لە رۆژنامەنووسانی ئەم گۆڤارە دەکات و دەڵێت: (رۆژنامەنووس خالید بەکر ئەیوب. گۆشەیەکی هەیە بە ناوی (إکلیل) و کاری هەڵەچنیش دەکات).

راستە من کاری هەڵەچنیم لەم رۆژنامە و گۆڤارەدا دەکرد، بەڵام لەگەڵ دەرچوونی یەکەم ژمارە لە (۲۰۰۵/۳/۲۰)دا، کە هاوکارم (تاریق ئیبراهیم شەریف)، سکرتێری نووسین بوو، من وەک نووسەر تیایدا کارم کردووە، دوای ئەوەی بۆ بەڕێزیش (تاریق)، پاش دەرچوونی چەند ژمارەیەکی کەم لە رۆژنامەکە، بە هۆی تایبەتەوە، رۆژنامەکەی جێهێشت، من لە (۹۵٪) کارەکانی رۆژنامەکەم بەڕێوە دەبرد، بە دارشتنی هەواڵ و راپۆرتە هەواڵ و هەڵەچن و خوێندنەوەی بابەتەکان و دووبارە دارشتنەوەیان و کاری وەرگێڕان و لەگەڵ بەدواداچوونی کاری نەخشەسازیدا.

کە لە (تەمووزی ۲۰۰۷)یش بوو بە گۆڤار، تا هاتنی برای بەڕێز (قاسم محەمەد عەلی) کە وەک سکرتێری نووسین دەست نیشانکرا، بەم شێوەیە بەردەوام بووم، تەنانەت بە هاتنی ئەویش بەشی هەواڵەکان من سەرپەرشتیم دەکرد، کاتێ ئەم راستییانەم بە بیر کاک فەرهاد هێنایەوە، کە خۆشی لە نزیکەوە ئاگاداریان بوو، چونکە (سەرنووسەر) بوو، لە ئەلقەی کۆتایی (۹)ی بیرەوەرییەکانیدا، کە لە ژمارە (۱۰)ی گۆڤاری ناوبراودا بڵاوکرایەوە، سەرنجێکی بەم شێوەیەی خوارەوە نووسی:

«لە ئەلقەی پێشوودا، ناوی رۆژنامەنووس (خالید بەکر ئەیوب) وا هاتووە، کەوا کاری هەڵەچنی لە رۆژنامەی (الصحفی)دا دەکات، بەڵام لە راستیدا ناوبراو، سەرەرای ئەم کارەی نووسەرێکی سەرەکی رۆژنامەکەیە / فەرهاد عەونی».

رەنگە ئەم سەرنجە. کەمێک لە هەقەکەمی گەڕاندبێتەوە، داخی گرانم، کاتێ ئەم بیرەوەریانە، لە دووتوێ کتێبێکدا بە ناوونیشانی (ئەزموونی رۆژنامەوانیم) کۆکرایەوە و لە ساڵی (۲۰۱۱)دا لە هەولێر چاپکراوە، نە ناوەرۆکی ئەم ئاماژەیە و نە سەرنجەکەشی تیا بڵاونەکراوەتەوە، من لەم بڕوایەدام کاکە فەرهاد بیری چۆتەوە، بەڵام بۆ روونکردنەوە و جێگیرکردنی راستی، ئەم روونکردنەوەیەم بە پێویست زانی.

* سکرتێری نووسینی گۆڤاری (الصحفی)

فەلەکەدین کاکەیی:
ئەوەندەی دەیبینم سەندیکا بە گوێرەی توانا هاتۆتە وەڵام و بەرگری لە ئازادی رۆژنامەنووسان و لە بیرورِاکانیان کردووە

سازدانی: ئومێد عەلی

«رۆژنامەنووس» لەم ژمارەیە و لە ژمارەکانی داهاتوودا هەر جارە و رۆژنامەنووسێکی بە ئەزموون لە بواری نووسین و کاری رۆژنامەنووسی دەدوێنێ و راشکاوانە باس لە ئەزموونی ژیانی رۆژانەی خۆی و ئەو شەو و رۆژانەی لە کاری رۆژنامەنووسی بەسەربردووە. بۆ ئەم ژمارەیە میوانداری نووسەر و رۆژنامەنووس و روناکبیری بە ئەزموونی کورد «فەلەکەدین کاکەیی»مان کردووە، کە ئەو سەردەمانێک لە شاخ بۆ کورد و کوردستان و پێشمەرگەی دەنووسی، لە کاتێکدا لەژێر بۆردوومانی دڕندانەی رژێمە یەک لەدوای یەکەکانی عیراق، بە ئاگر و ئاسن وەڵامی داخوازییەکانی گەلی کورد دەدرانەوە، کاکەیی دەینووسی و دەینووسی و دەینووسی، تا لە بەهاری ساڵی ١٩٩١دا راپەڕینی گەلی کوردستان بەرپا دەبێ و ئەویش وەکو دەیان نووسەری شاخ و شۆڕش لە حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە دوو کابینەی جیاوازدا دەبێتە وەزیری رۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان. لەو روانگەیەوە بەردەوام لە کۆڕ و کۆبوونەوە و رووپەڕی رۆژنامە و گۆڤارەکان و تەلەفزیۆن، بە نووسین و چاوپێکەوتن و لێدوان، ئامادەگی بەرچاوی هەبووە، بۆیە «رۆژنامەنووس» پرسیاری کرد و گوتی: کەی تێکەڵ بە دونیای نووسین و خوێندنەوە بووی؟



فەلەکەدین کاکەیی: وەکو هەر گەنجێک پێش هەموو شتێک لە ڕێگەی شیعرەوە دەستم پێکرد، بەڵام لەسەر شیعر نەڕۆیشتم، تەماشام کرد ڕەنگە نەتوانم ببمە شاعیرێکی دیار، بەڵام بۆ دونیای نووسین خولیای نووسینم هەر هەبووە پێش ئەوەی شیعریش بنووسم، بەڵام ئەو سەردەمەی کە ئامادەیی بەشی زانستیم تەواو کرد لە کەرکووک، ئیتر وردە وردە دەستم کرد بە نووسین، لە ١٩٦٤ بە زمانی عەرەبی، پێشتر و لە ١٩٦٢ بە زمانی کوردی دەستم بە نووسین کردبوو، یەکەم بابەتیشم لە رۆژنامەدا بڵاو بووبێتەوە، چیرۆکێک بوو بە ناوی خۆشم بڵاوم نەکردەوە، بەڵکو ناوێکی

خـوازراوم بەکارهێنـا، ناوەکـە (لاو) بـوو لە ١٩٦٢.

رۆژنامەنووس : زۆرن ئـەو چیرۆکانـەی کـە نووسیوتن؟

فەلەکەدیـن کاکەیی: خۆی لە بنەڕەتدا حەزم لە نووسـینی چیرۆک و بابەتی ئەدەبی بوو، بەڵام کە دەسـتم دا رۆژنامەنووسی، لەبەر ئـەوەی لەو دونیایەدا رۆژانە دەنووسـی و بڵاو دەکەیتەوە، زیاتر ئینسـان رادەکێشـێ و هانـی دەدا وەک بڵێی فەزایەکە ئامادەت دەکات بـۆ نووسـینی زیاتـر و لـە چەنـد بواریـک، دەرفـەت هەبـوو بۆ نووسـین، لەوانـەش سیاسـی و کۆمەڵایەتـی و مێژوویـی و ئەدەبی و زۆر جـار بابەتی ئەدەبی کوردیم وەردەگێڕا بۆ سەر زمانی عەرەبی و لـە رۆژنامەی (التآخی) بڵاوم دەکردەوە لە ١٩٦٧.

کاکەیی لەگەڵ باوکیدا لە تەمەنی ١١ ساڵیدا

رۆژنامەنووس : تـۆ کە ئەزموونی جیاجیای شـیعر و چیـرۆک و رۆژنامەنووسـیت تاقـی کردۆتـەوە بـۆ ئـەوەی دواجار ڕێچکـەی خۆت بگـری، لەو ماوەیەی زەمەنی سـەرەتای لاویدا ویست و ئاواتت بوو دواجار وەک چی دەربکەوی؟

فەلەکەدین کاکەیی: زیاتر حەزم لە نووسینی چیرۆک و رۆمان دەکـرد، ئەوەبـوو لـە ١٩٦٧ هەوڵمـدا و رۆمانێکم بـە زمانی عەرەبی نووسی و بڵاویشم کردەوە، دوای ئەوەش رۆمانێکم بە زمانی کوردی نووسـی، بەڵام نوسخە ئەسڵییەکەی لە ناوچوو نـەم دۆزییەوە، بـەڵام عەرەبییەکە هەر مـاوە و لەم دواییەش دەزگای ئـاراس جارێکـی دیکە چاپ و بـڵاوی کردەوە، لەوێدا پێشـەکییەکم بۆ نووسـیوە و ڕوونم کردۆتـەوە، کە چۆن ئەم رۆمانەم نووسـیوە، ئەوەش بۆ خۆی داسـتانێکە. بۆیەش ئەم رۆمانەم بە عەرەبی نووسـی، لەبەرئەوەی تا ساڵی ١٩٦٩ یش نووسـین بە زمانی کوردی قەدەغە بوو، ئەگەرنا حەزم دەکرد هەر بە زمانی کوردی بنووسم، هەرچەندە ئەو کات کوردییەکەم زۆر بـاش نەبوو، چونکە ئێمە لە کەرکووک خوێندنمان هەر بە عەرەبـی بوو، ئەوەش هۆکارێک بوو، کە شـێوەی نووسـینی عەرەبی بە سەرمدا زاڵ بێت.

رۆژنامەنووس: تۆ گوتت لەو سەردەمە حەزت لێ بووە چیرۆکنووس یان رۆمانننووس بیت، ئایا قەت ئاواتەخواز بوویت وەک کەسێک بیت، بەو ڕادەیە پێی سەرسام بیت؟

فەلەکەدین کاکەیی: بەڵێ، لە رۆمانننووسـە ڕووسـەکاندا وەک تورجنێـف، دیستۆیۆفسـکی، تۆلسـتۆی و مەکسـیم گۆرگـی



کاکەیی لە هەڕەتی لاویدا

و ئەمانە زۆر سەرنجیان رادەکێشام، لە عەرەبەکانیشدا نەجیب مەحفوز، هەتا لە ١٩٦٥ چیرۆکێکم بە زمانی عەرەبی نووسی و لە ڕێگەی پۆستەوە ناردم بۆ گۆڤاری (الرسالة) لە قاهیرە - میسر نووسیبووم (پێشکەشە بە نەجیب مەحفوز) بە هەمان شێوەی، کە نووسیبووم بڵاویان کردبووەوە.

ڕۆژنامەنووس: دەچینە سەر دونیای ڕۆژنامەنووسی کوردی و لە ڕۆژنامەی (کوردستان)ەوە دەپرسم، بۆچی سەرەتای ڕۆژنامەنووسی کوردی لە خانەوادەی بەدرخانییەکانەوە دەستپێدەکات لە کاتێکدا (میقداد مەدحەت بەدرخان) ئەزموونێکی پێشووتری لە بواری کاری ڕۆژنامەنووسیدا نەبووە و ئەوان نەوەی پیاوێک بوون، کە میر بووە و سەرقاڵی کاری سیاسی و بەڕێوەبردن و خەبات بووە؟

فەلەکەدین کاکەیی: ئەوان خانەوادەیەک بوون خەباتێکی دوورودرێژیان کردووە و گرنگترین شت لە مێژووی ئەم بنەماڵەیەدا ئەوە بووە، کە گرنگیان بە بناغەی ڕۆشنبیری داوە، من لە هەشتاکانەوە دەنووسم و دەڵێم یەکێک لە هۆکارەکانی دواکەوتنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد تا ئەمڕۆش ئەوەیە کەوا بناغەی ڕۆشنبیری لاوازە و ئێستاش هەروایە، مەبەستم ئەوەیە بیری سیاسی وەکو پێویست پێشنەکەوتووە و بەرپرسە سیاسییەکانمان زۆر کەم خوێندوویانەتەوە، تەنانەت ڕۆژنامەش ناخوێننەوە، لە کاتێکدا سیاسی دەبێت بایەخ بدات بە مێشکی خۆی، پێش هەموو شتێک مێژوو و کولتووری میللەتەکەی خۆی، پاشان باس لە سیاسەت بکات، بەڵام ئەو بنەماڵەیە لە سەردەمێکدا بوون،کە کولتووری عوسمانییەکان زاڵ بووە، ڕاستە عوسمانییەکان کوردستانیان دابەش کردووە و زۆڵمیان هەبووە، بەڵام وەک خۆیان کولتووریکی دەوڵەمەندیان هەبووە، جا هەر کەسێک لە ئەستەنبوڵ با، یان لەژێر ڕکێفی ئەواندا ژیابا، ئەوا فێر دەبوو، خۆ زۆربەی زۆری ئەو کەسانەی دوای دروست بوونی دەوڵەتی عێراق ڕۆڵیان بینی، لە عێراق بە تایبەت کوردەکان دەرچووی قوتابخانەی عوسمانی بوون لە ئەستەنبوڵ و لەو شوێنانە ژیاون. بەدرخانییەکانیش هەر لەوێ ژیاون و لە بەر ئەوەش بەدرخانییەکان ئۆپۆزسیۆنی عوسمانی بوون و ئۆپۆزسیۆنیش هەمیشە لە بەرامبەر ئەوی دەسەڵاتداردا بەهێزدەبێت، من هەمیشە دەڵێم ئۆپۆزسیۆن



کاکەیی لە شاخ پێشمەرگەیە

ڕەنگدانەوەی حوکمە، کە خەلافەتی عوسمانی هەبووە، ئۆپۆزسیۆنی هەبووە و کەسێک بیەوێت ئۆپۆزسیۆن بێت، دەبێت لەو بەهێزتربێت و لەم ڕوانگەشەوە بایەخیان داوە بە بابەتی ڕۆشنبیری، هەر بۆ نموونە یەکەم کچی کورد، کە لە نواندنی سینەما و باڵێی بەشداری کرد لە ئەوروپا، نەوەی بەدرخانییەکان بوو کەناوی (لەیلا بەدرخان) بوو، میقداد پاشاش لە بۆشاییەوە نەهاتووە و لەو کولتوورە گرنگەوە هاتووە، ڕاستە کەسێکی سیاسی بووە، بەڵام لە بەر چالاکییە سیاسییەکانی لە ئەستەنبوڵ ڕاویان نا، دەیانویست بیگرن، ئەو وەختە حیزبێکیان دانابوو بە ناوی حیزبی (ئیتیحاد و تەرەقی) ئەم کۆمەڵەیە هەموو ئەو نەتەوانەی تیا بەشدار بوو، کە لە ژێر دەسەڵاتی عوسمانییەکاندا چالاکییان هەبوو، تەنانەت تورکیشی تیا بووە و میقداد پاشاش لەو تەنزیمە بووە، کە دەربەدەر کرا، هات بۆ قاهیرە و لەوێش ژمارەیەکی زۆر عەرەبی میسری نیشتمانی هەبوو، پشتیوانییان لێ کرد، چونکە بیروبۆچوون و بەرژەوەندییان لە یەکەوە نزیک بوو، ئەوان جێگەیان کردەوە و پاراستیان و یارمەتیان دا ڕۆژنامەکە دەربچێت، هەتا ئەو چاپخانەیەش، کە ڕۆژنامەی کوردستانی لێ چاپ کراوە چاپخانەی (دار الهلال)ی میسرییە.

ڕۆژنامەنووس: بە ڕای تۆ ڕۆژنامەی کوردستان ئاستێکی وای هەبووە، کە هاوشان بێت لە گەڵ ئەو ڕۆژنامانەی دیکە، کە لەو سەردەمەدا بڵاو دەکرانەوە؟

فەلەکەدین کاکەیی: بەڵێ، بە ڕای من ئاستی ڕۆژنامەی ئەو سەردەمەی هەبووە، یانی ئەوکات ڕۆژنامە لە ناو ئەو وڵاتانەی لە ژێر دەسەڵاتی عوسمانییەکاندا بوون، پێشنەکەوتبوو، بەڵام ئەم پێشکەوتنە زیاتر لە ئەوروپا بەدی دەکرا، لە دەوڵەتی عوسمانیدا هێشتا چاپخانە قەدەغە بوو، دەیانوت ئەمە دژی ئیسلامە، چاپخانە یان لە ئەوروپا یان لە ناو کەنیسەکان هەبووە، بەڵام ئەو کات میسر چاپخانەی هێنابوو، چونکە میسر بە تەواوی لە ژێر دەسەڵاتی عوسمانییەکاندا نەبووە، هەمیشە میسر بۆ خۆی سەربەخۆییەکی هەبووە، بۆ یەکەم جاریش کە چاپخانەیان هێنایە تورکیا، لە ڕێگەی کەنیسەیەکەوە و لە ناو کەنیسەی ئەرمەنییەکاندا دانرابوو، میقداد پاشا هات سوودی لەو چاپخانەیە وەرگرت، کە لە میسر هەبووە و بە هەمان

"یەکەم کچی کورد، کە لە نواندنی سینەماو باڵێی بەشداری کرد لە ئەوروپا، نەوەی بەدرخانییەکان بوو کەناوی (لەیلا بەدرخان) بوو"

ئاستی ئەو رۆژنامانەی ئەو کات لە میسر دەردەچوون، رۆژنامەکەی دەردەکرد، لە ئەوروپاش هەروا بوو، ئەگەر بێت و رۆژنامەی کوردستان بە رۆژنامەکانی ئەوکاتی ئەوروپا بەراورد بکەیت، ئەوا رۆژنامەی کوردستان ئاستێکی زۆر باشی هەبووە هەرچەندە ئەم بەراوردە زۆر کەم کراوە و منیش لێکۆڵەرێکی مێژوویی نیم، بەڵام بە گوێرەی زانینی خۆم و بۆ وەڵامی پرسیارەکەی تۆ لە ئاستی رۆژنامەکانی عەرەبی ئەگەر باشتر نەبووبێ کەمتر نەبووە و لە ژێر دەسەڵاتی عوسمانییەکانیشدا رۆژنامەی وا نەبووە، بە نسبەت ئەو سەردەمە زۆر باش بووە، هەم لە نەخشەسازی و هەم لە ناوەرۆک و شێوەی زمانەوانیشی.

کاکەیی لەگەڵ زەعیم عەلی هاوخەباتیدا

رۆژنامووس: ئەی لە سەردەمی ئینگلیزەکان و خەباتی شێخ مەحموودی حەفیددا رۆژنامەگەریی کوردی توانیویەتی رۆڵێکی جددی بگێڕێت، کە لە ئاست خواست و گۆڕانکارییەکانی ئەو سەردەمەدا بێت؟

فەلەکەدین کاکەیی: لە رۆژگاری شێخ مەحموودی نەمر، رۆژنامەی خۆی هەبووە، یانی رۆژنامەی حکومەتی کوردستان هەبووە، بە تایبەت ئومێدی ئیستقلال و چەند رۆژنامەیەکی دیکە، ئەمە وەکو رۆژنامەی حکومی، بەرامبەر بەمەش ئۆپۆزسیۆنیش هەبووە و هەرچەندە ئەوانە رۆژنامەی خۆیان نەبووە، بەڵام دەیاننووسی و بە شێوەیەکی دیکە بیروڕاکانیان دەردەبڕی و بڵاوکراوەی رێکخراو و بەیاننامەیان بڵاو دەکردەوە.

رۆژنامووس: ئۆپۆزسیۆن مەبەستت ئەوانەیە، کە دەیانویست کورد لە گەڵ ئینگلیزەکاندا بێت نەک لەگەڵ عوسمانییەکان؟

فەلەکەدین کاکەیی: تەنیا مەسەلەی ئینگلیز و عوسمانییەکان نەبوو، بەڵکو ئەوە یەکێک بوو لە تەوەرەکان، جگە لەوە قسە لەسەر شێوازی حوکمڕانی بوو، یانی تا ئێستاش لەم وڵاتانە و بە وڵاتانی عەرەبیشەوە لە مەسەلەی حوکمڕانیدا شتێک هەیە پێی دەگوترێت پەیوەندی کۆمەڵایەتی، کە سەرکردەیەک دێت و زیاتر خزم و کەسوکارەکەی لە دەوری خۆی کۆ دەکاتەوە و خەڵکی دیکە دەخاتە لاوە، ئیتر ئەو کەسە چەندە بلیمەت و لێهاتووش بێت پەراوێز دەخرێت، بە کوردی و بە کورتی ئەمە هۆکار بووە و لە سەردەمی شێخ مەحموودیشدا هەمان شت هەبووە و تا ئێستا کەم باس کراوە، رەنگە لە بەر ئەوە بووبێ کەسانێک پێیان وایە نابێ رەخنە لە مێژوو بگیرێت، من دەڵێم

شێخ مەحموودی نەمر، رۆژنامەی خۆی هەبووە، یانی رۆژنامەی حکومەتی کوردستان هەبووە، بە تایبەت ئومێدی ئیستقلال و چەند رۆژنامەیەکی دیکە، ئەمە وەکو رۆژنامەی حکومی، بەرامبەر بەمەش ئۆپۆزسیۆنیش هەبووە و هەرچەندە ئەوانە رۆژنامەی خۆیان نەبووە، بەڵام دەیاننووسی و بە شێوەیەکی دیکە بیروڕاکانیان دەربڕی و بڵاوکراوەی رێکخراو و بەیاننامەیان بڵاو دەکردەوە



با ڕەخنە بگرین، چونکە ئێمە وا بووین، ڕاستە شێخ مەحموود قارەمان بوو، بەرگری دەکرد و بریندار کراوە و نەفی کراوە بۆ هیندستان و چەندین جار ناوچەکەی بۆردوومان کراوە، بەڵام ئەم شتەشی هەبووە. دەبێ بەردەوام ئەوەمان لە بەر چاو بێت، کە چاکی هەر کەسێک هەرچەندە چاک بێت، پاساوی خراپییەکەی و کەموکورتییەکانی نییە و بە پێچەوانەشەوە، کە کەموکوڕییەک هەبوو مانای ئەوە نییە هەموو چاکەکانی بسڕیتەوە، ئێمە لە هەڵەداین بە یەک لا تەماشا دەکەین، یان ئەمە دەبینین یان ئەوە، من دەڵێم بەڵێ لە ڕۆژگاری شێخ مەحموود ڕۆژنامەی حکومی هەبووە، بەڵام لە ئاستێکی باشدا نەبووە، بەر لەو ڕۆژنامانە، ئینگلیز ڕۆژنامەیەکی بە ناوی (تێگەیشتنی ڕاستی) دەرکردووە، ژمارە (١)ی لە ١ی کانوونی دووەمی ١٩١٨ دەرچووە و دواژمارەشی (٦٧) ە، کە لە ٢٧ی کانوونی دووەمی ١٩١٩ لە بەغدا دەرچووە، ئەوە کاریگەرییەکی زۆری هەبوو لە ناو ڕۆشنبیراندا، ئەم ڕۆژنامەیە زۆر خەڵکی بۆ خۆی ڕاکێشاوە، تەنانەت دکتۆر کەمال مەزهەر کتێبێکی هەیە بە ناوی (تیگەیشتنی ڕاستی و شوێنی لە ڕۆژنامەنوسیی کوردیدا) کە لە بڵاوکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٨.

ئینگلیز ڕۆژنامەیەکی بە ناوی (تێگەیشتنی ڕاستی) دەرکردووە، ژمارە (١)ی لە ١ی کانوونی دووەمی ١٩١٨ دەرچووە و دواژمارەشی (٦٧)ە، کە لە ٢٧ی کانوونی دووەمی ١٩١٩ لە بەغدا دەرچووە

ڕۆژنامەنووس: لە وەڵامەکانتدا وا تێگەیشتم کە لەو سەردەمانەدا ئەگەر چی کورد لە ڕووی شۆڕش و خەباتی چەکداریەوە چالاک بووە، بەڵام لە ڕووی ڕۆشنبیری و کاری ڕۆژنامەنووسییەوە لەو ئاستەدا نەبووە؟

فەلەکەدین کاکەیی: ئەوەی تۆ دەیڵێیت هەمووی لە یەک شتدا کۆ دەبێتەوە، ئەویش ئەوەیە کەم بایەخ بە ڕۆشنبیری دراوە، بایەخ نەدانەکەش لەوێوەیە، کە پێویستە کەسی یەکەم یان دەسەڵات یان کەسانی هەڵبژاردە، ڕۆشنبیری گەورە بن، ئێستا بۆ نموونە لە میژوودا دەتوانین بڵێین بنەماڵەی بەدرخانییەکان ڕۆشنبیر بوون.

ڕۆژنامەنووس: ئایا هێنانی چاپخانە لە لایەن حوسێن حوزنی موکریانییەوە بۆ ڕەواندز، هیچ تەکانێکی نەدا بەم بابەتە؟

فەلەکەدین کاکەیی: هەرچەندە ئەو چاپخانەیە درەنگ هات، بەڵام لە ناوچەی باکووری باشووری کوردستان کاریگەریی باشی هەبوو، هەرچەندە زۆر لەوەوپێش چاپخانە هات بۆ سلێمانی، بەڵام حوسێن حوزنی موکریانی یەکەم کەس بوو،

کــە چاپخانەیەکی هێنا پێتی کوردی لێ ســاز کــرد، بەڵام پێش ئــەوە جگە لە ســلێمانی، لە کەرکووکیــش چاپخانــە هەبــووە، بــەڵام لە کەرکــووک هــی شــارەوانی بــووە و زۆر رۆشنبیر کاریان پێ کردووە و رۆژنامەیەک دەردەچوو، منیش لە ســاڵی ١٩٦٥ بە زمانی عەرەبی شــتم تیا نووسیوە و رۆژنامەکەش بە نــاوی (کەرکــووک) بووە، ژمــارە (١)ی لە ١٢ی تشــرینی یەکەمــی ١٩٢٦ بە زمانی تورکی دەرچووە، ئەمانە بە نۆرە بەڕێوەیان بردووە، (وەجــدی ئەفەندی، هیجری دەدە، عەبدولڕەحمــان بەکر، جەمــال یەعقوبی)، دواژمارەشــی (٢٠٣٦) لــە ٢٠ ئابی ١٩٧٢ دەرچووە، لە چاپخانەی شــارەوانی چاپ کــراوە، کەم نووســەری ئەو ســەردەمە هەیە لەو رۆژنامەیە شتیان نەنووسیبێ.

رۆژنامەنووس : چــی دەڵێــی لــە بــارەی کاری راگەیاندن لە ســەردەمی کۆماری کوردستان لە مەهابادا؟

فەلەکەدیــن کاکەیــی: بــۆ یەکــەم جــار کــورد راگەیاندنی ڕێکخســت، کــە ئەویش لە ســەردەمی کۆماری (کوردســتان)دا بوو، کە خستیانە قاڵبێکی ڕێکوپێکەوە، بە سیســتەمێکی زۆر بــاش، قازی توانی ســەرەتا وەزارەتێک دابنێت و پاشان ئەو ڕۆشنبیرانەی لەو سەردەمەدا هەبوون لە دەوری خــۆی کۆی کردنەوە، هەندێک لەوانەش ناســراون، بۆ نموونــە مام هەژار، هێمن و کەســانی دیکــەش، من ژمارەیەک لەو ڕۆشــنبیرانەم دیــوە، ئەمانەیان کۆکردەوە و دەســەڵات و ئازادیــان پێیان دا، هەتا ئێســتاش نەمبیســتووە لــە یەکێک لە رۆژنامەکانی سەردەمی کۆماردا، شیعرێک یان نووسینێک یان هەر بابەتێکی دیکە سانسۆری خرابێتە سەر و بڵاونەکرابێتەوە و گلەییشــم لە کەســیان نەبیســتووە، ئازاد بوون و گۆڤاریان هەبــوو، رۆژنامەیەکــی ڕێکوپێکیــان هەبــوو، ئینجــا چەندیــن رۆژنامەیــان دەرکــرد، رۆژنامــەی بۆ منــداڵ، رادیۆیان دانا و لە هەمان کاتیشدا ســیمیناری ڕۆشنبیریان ڕێکەخست، ئەمە بوو وای کرد کۆماری کوردســتان ڕوویەکی ڕۆشنبیری چاک پیشــان بدات، ئەمەش لە بەر ئەوەبوو قازی بۆ خۆی کەسێکی ڕۆشنبیر بوو، ئەگەر تەماشــای کتێبخانەکەی بکەیت، کە کاتی خۆی ئێمە لە وەزارەتی ڕۆشنبیری قیستیڤاڵێکی گەورەمان بۆی ڕێکخســت، چونکە کتێبخانەکەی هەر مابوو، کەسوکاری قازی محەمەد هێنایان بۆ ئێرە، لەوێدا و لەو کتێبخانەیە دەردەکەوێ ئاســتی ڕۆشــنبیری ئەو چەند باڵا بووە و چــی خوێندوەتەوە،

بۆ یەکەم جار کورد راگەیاندنی ڕێکخســت، کــە ئەویــش لــە ســەردەمی کۆماری (کوردستان) دا بوو، کە خســتیانە قاڵبێکی ڕێکوپێکــەوە، بە سیســتەمێکی زۆر باش، قازی توانی ســەرەتا وەزارەتێک دابنێت و پاشان ئەو ڕۆشــنبیرانەی لەو ســەردەمەدا هەبــوون لــە دەوری خــۆی کۆی کردنەوە

بـە زمانەکانـی کـوردی، عەرەبـی، فارسـی، تورکـی، رووسـی، ئینگلیـزی، فەرەنسـیش کتێبـی خوێندۆتـەوە و هەموو ئـەو زمانانەی زانیـوە، هەندێک کتێبی هەبووە لە میسـرەوە پێشکەشـی کراوە، لە تاران و لە بەغداشـەوە بـە هەمـان شـێوە. سـەرباری بایەخدانی بە لایەنی رۆشنبیریی قازی محەمەد، شانبەشانی خوێندن، بایەخی بە لایەنی پەروەردەش داوە، لە بابەتە زانستییەکان و کردنەوەی قوتابخانە، هەرچەنـدە مـاوەی حوکمڕانییەکەی زۆر کەم بـووە، بـۆ ماوەی سـاڵێک لـە ١٩٤٦/١/٢٢ تا ١٩٤٦/١٢/١٧، بـەڵام ئـەم ماوەیـە بـە تەنیـا حیسـاب ناکرێ، خۆی لە راسـتیدا کۆمارەکە لە ١٩٤٣ەوە زەمینەسـازی بـۆ کرابوو، یانی کیانێـک هەبـوو، بـەڵام وردە وردە ئەم کیانە بوو بە کۆمار، لە دروسـتبوونی (ژ.ک)ەوە، کە دواتر بوو بە حیزبی دیموکراتی کوردستان و چەندین چالاکی رۆشنبیری و رۆژنامەگەرییان هەبووە.

رۆژنامە : ئایـا رۆژنامەی (کوردسـتان) بە هەمـوو گیروگرفتەکانییەوە، کە وای لێکردبوو بە پچـڕ پچڕی رۆژێک لێـرە و رۆژێک لەوێ دەربچـێ، بووبـە بناغەیەکـی راسـتەقینەی رۆژنامەگەریی کوردییان لە سەردەمی کۆماردا ئەم بناغەیە بە دروستی دانراوە و تا ئەمڕۆش ئەم مێژووە درێژەی هەیە؟

فەلەکەدیـن کاکەیـی: رۆژنامەی کوردسـتان توانیویەتـی ببێتـە بناغـە بە بەڵگـەی ئەوەی هەرشـتێک دەرچـوو، لـەوەوە دەرچـوو، هەوڵەکانی سـەردەمی کۆماری کوردستانیش لـە بـواری رۆژنامەگەریـدا جیـا نەبـوو لەو رێچکەیەی کە میقداد بەدرخان بناغەی بۆ دانا، من دەڵێم دەتوانین بڵێین لە سەردەمی کۆماری مەهاباد رۆژنامەی کوردستان نوێ کرایەوە و بە شێوەیەکی دیکە دایانڕشتەوە، ناکرێت ئێمە مێـژووی لەوەو پێشـی رۆژنامەگەری بە کەم بایـەخ بزانین بە دەلیلی ئەوەی لە سـەردەمی نێوان دەرچوونی یەکەم رۆژنامەی کوردی تا سەردەمی کۆماری مەهاباد لەو ماوەیەدا دەیان هەوڵ و تەقەلای رۆشـنبیری و رۆژنامەگەری هەبووە لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا، من دەڵێم ئەگەر ئەزموونی رۆژنامەی کوردستان نەبـا لـە سـەردەمی کۆمـاری کوردسـتاندا نەیاندەتوانـی بـەو رێکوپێکییـە لـە بـواری رۆژنامەگەریـدا کار بکەن، هەتا لە رۆژهەڵاتی کوردستان و پێش کۆماری کوردستان چەندین رۆژنامە و گۆڤار دەرچووە.

رۆژنامە : ئایـا رۆژنامـە و ئۆرگانی حیزبی مێژووەکەی بە دروسـتی بۆ کەی دەگەڕێتەوە و کام لـەو حیزبـە کوردیانـە توانیویانـە لەم بوارەدا پێشەنگ بن؟

فەلەکەدین کاکەیی: سـەرەڕای ئەوەی حیزبی دیموکـرات و ژێ کاف ئۆرگانیـان هەبووە لە باشـووری کوردسـتان لێرە حیزبی هیوا، کە بەلای منـەوە گەورەترین حیزبـی دیموکراتی بـوو لە پێش ئەوەی پارتی دابمەزرێت، حیزبی هیـوا تا ئێسـتاش لـە رووی مێژوویـیەوە ئەو وەزن و بایەخـەی پێنـەدراوە کە هەیەتی و لە بنەڕەتدا پارتی دیموکراتی کوردسـتان لەوێوە پەیدا بوو، یانی ئەو حیزبە زەمینەیەکی دروست کـرد بۆ ئەوەی پارتی دروسـت بێت و حیزبی هیوا سەرانسەری کوردستانی گرتەوە بەر لەو هیچ حیزبێکی دیکە نەیتوانیبوو سەرانسـەری بێت، سـەرەڕای ئەوەش حیزبـی هیوا حیزبی رۆشنبیرانی کوردستان بوو و جوڵانەوەیەکی رۆشنبیریش بوو، حیزبێکیش کە لەو سەردەمەدا بە پەیـڕەو و پرۆگرامێکی تۆکمەوە دروسـت بێت، حیزبی دیموکراتی ئێران بوو، کە لە ئاستی حیزبەکانی دیکەدا ئەو سەردەمەدا بوو کە هەر لەو کاتەدابوو لە میسـر و سـووریا و چین و هیندستان و لە کۆریاش حیزب دامەزرا، بەڵام دیموکراتییەکەی بە مانا شۆڕشگێڕییەکەی بوو، نەک بـە مانا لیبراڵییەکـەی، پارتی دیموکراتی کوردستانیش بە هەمان شـێوەیە، یانی لایەنە کۆمەڵایەتییەکەشی لەگەڵ دایە، نەک لیبراڵییەکە، ئەگـەر نا ئێمە هـەر زوو پێش دەکەوتین، ئیتر پارتی دیموکراتی کوردسـتان لە ١٩٤٦ هەمان پەیـڕەوی حیزبـی دیموکراتی ئێرانـی هەبوو هەندێک جیـاوازی لە ناوەکانیاندا هەیە. ئەگەر تەماشـا بکەیت ئەساسـنامەی هەردوو حیزب یەک شتە و لەوەش گرنگتر پەیڕەوی ناوخۆی هـەردوو حیزب لە هەمـان چاپخانە چاپکرا*،

کە لە کەنیسەیەکی ئەرمەنیدا بوو لە تەبریز، حەسەن قزڵجی چیرۆکنووس، کە لە گەڵ قازیدا بوو، وتی ناردوومانە لە تەبریز چاپکراوە و دواتر ناردمان بۆ بەغدا و لەوێ بڵاو کرایەوە، مەبەستم لەم روونکردنەوەیە ئەوەبوو بڵێم کە ئەو قاڵب وەرگرتنە حیزبییەی کە ئێستاش هەیە لە ساڵی ١٩٤٦ هوە سەرچاوەی گرتووە و پێش حیزبی دیموکرات و پارتی دیموکراتی کوردستان تەنیا حیزبەکانی هیوا و ژێ کاف هەبوون هەموو حیزبەکانی دیکە تا ئێستاش لە سەر ئەو بناغەیە دروست بوون.

ڕۆژنامەنووس : بە رای تۆ ڕۆژنامەگەری لەو سەردەمانەدا زیاتر لەوەی کار بۆ بواری ڕۆشنبیرییەکان بکەن کاریان بۆ سیاسەت نەکردووە؟

فەلەکەدین کاکەیی: خۆی مەبەستم لە ڕۆشنبیری بواری گشتییەکەیەتی، یانی بیری سیاسی و پڕۆپاگەندەی حیزبی، بێگومان بەشێکە لە ڕۆشنبیری، جاران بەیاننامەیەک بڵاو دەکرایەوە بە شەو، ئەویش چالاکییەکی ڕۆشنبیری و فکری بوو، بەڵام من مەبەستی سەرەکیم لە ڕۆشنبیری بە مانا تایبەتییەکەی ئەوەیە، کە هەموو لقەکانی ڕۆشنبیری بگرێتەوە، ئەگەر نا ڕۆژنامەکان بۆ خۆیان تا ئەمڕۆش بەشێکن لە بزووتنەوەی ڕۆشنبیری کوردی، بەڵام بۆ ئاگاداریت لەوەتەی حیزبەکان دروست بوون لە ژێ کافەوە تا سەردەمی کۆمار و دواتر سەردەمی شاخ و پاش ڕاپەڕین و تا دەگاتە ئێستاش، هەموو ناوەڕۆکی ڕۆژنامەکانیان حیزبییە، حیزبی سەرف، مەبەستیان پڕۆپاگەندەی حیزبییە و ئەمەش لە دونیادا باو بوو، کە ڕۆژنامە ئامڕازێک بووە بۆ کۆکردنەوەی خەڵک بۆ ڕێکخستن و حیزبەکان، ڕێکخستن و دیسپلین و لق و ناوچەی هەیە ئەمانە بە ڕۆژنامە و گۆڤار و بە پڕوپاگەندە ڕێک دەخرێن.

ڕۆژنامەنووس : تۆ مەبەستت ڕاگەیاندنە حیزبییەکانە، یان بە شێوەیەکی گشتی باسی لێوە دەکەیت؟

فەلەکەدین کاکەیی: بەڵێ هەموو بەشێکن، تۆ هەرچی ناوێکی لێ دەنێی، هەندێک هەیە ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیری لەیەک جیا دەکاتەوە، لە هەندێ ڕووەوە جیان، بەڵام لە ڕووی گشتییەوە هەمووی خزمەتی بزووتنەوەی ڕۆشنبیری دەکەن، چونکە ڕۆشنبیری فراوانترە لە ڕاگەیاندن .

ڕۆژنامەنووس : بەڵام ئایا کاریگەریی حیزب نەبووەتەوە هۆی قەتیسکردنی عەقڵییەتی ڕۆژنامەگەری، بۆ نموونە ڕۆژنامەی خەبات،کە تۆ زەمەنێکی دوورودرێژ کارت تیایدا کردووە؟

فەلەکەدین کاکەیی: ڕۆژنامەی ئۆرگانی پارتی وەکو هەر حیزبێکی دیکە هەر سەردەمێک کێ بەرپرسی بووە مۆرکی ئەوەی وەرگرتووە، بۆ نموونە لە ٤٦ دروست بوو بە ناوی (ڕزگاری) بوو، دواتر و لە پەنجاکان کرا بە (خەبات) جا ئەو سەردەم کێ بەرپرسی بوو کاریگەری لەوەوە وەرگرتووە. دوای ئەوە گۆڕا، کە لە ١٩٥٩ بۆ یەکەم جار بە ئاشکرا دەرچوو، ئەو کات مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد و چەند کەسێک سەرپەرشتیان دەکرد، خەڵکی دیکەش تیایدا دەینووسی، بەڵام زیاتر ڕەنگدانەوەی بیروبۆچوونەکانی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد بوو، دوای ئەوەش هەر ماوەیەک کەسێک سەرنووسەر بوو ماوەیەک حەبیب محەمەد کەریم و ماوەیەک سالح یوسفی و ماوەیەک سامی عەبدولڕەحمان سەرنووسەری بووە، تەماشا دەکەی هەر کەسێک سەرپەرشتیاری بووە، کاریگەریی بیروبۆچوونەکانی ئەوی لە سەر بووە.

ڕۆژنامەنووس : ئەم ڕەنگدانەوەیە کاریگەرییەکی باشی لە سەر ڕەوتی ڕۆژنامەگەریی ڕۆژنامەکە هەبووە یان خراپ؟

فەلەکەدین کاکەیی: تۆ ناتوانی بڵێی باش یان خراپ، چونکە ڕۆژنامە وەکو ئامراز بووە، نەک بڵێی ئامانجێکی سەرەکی، دەبوایە ڕۆژنامەیەکت هەبێ، کە دەنگی خۆت بگەیەنی و دواتر ئامانجەکان ڕوون بکەیتەوە، سروشتی ئیشەکە وا بووە و ئەمڕۆش وایە، دواتر کە من بۆ ماوەی نزیکەی ١٥ ساڵ بوومە سەرنووسەری خەبات لە هەشتاوە تا دەوروبەری ١٩٩٢، بڕۆ بیخوێنەرەوە هەمووی

نووسینی منە و کاریگەریی منی لەسەرە و ئەمەش شتێکی ئاساییە.

رۆژنامەنووس : یانی رۆژنامەیەک کە مولکی گشتییە، ئەگەر مۆرکی بیروبۆچوونی کەسێک بگرێت، ئەمە شتێکی ئاساییە؟

فەلەکەدین کاکەیی: خۆی ئەوە رۆژنامەنووس بەڕێوەی دەبات، من بەر لەوەی لە خەبات بووبم پێش بیست ساڵ رۆژنامەنووس بووم، بەڵام ئەو رۆژنامانە سیاسەت دەیانبرد بەڕێوە، پەیوەندی بە کاری رۆژنامەنووسییەوە نەبوو، لە بارەی پیشەییەوە، رۆژنامەنووسی کە لە ئەورووپا دامەزرا بۆ کاری ریکلام بوو، بنچینەکەی بۆ ئەمە بووە، بەڵام کە لە ئەورووپا تازە پیشەسازی پێشدەکەوت و بازاڕ پەیدا بووبوو، پێویستی بە ریکلام بوو، دوایی وردە وردە شتی کۆمەڵایەتیش بەڵاو دەبووەوە، پاشان هەندێک رووداویش بەڵاو دەکرایەوە. لە (١٨٥٠)ەوە وردە وردە رۆژنامە بوو بە سیاسی، یانی ئەو حیزبانەی ئەو وەختە دادەمەزران، بیریان کردەوە بۆچی رۆژنامە بۆ سیاسەت بەکارنەهێنن و شتی خۆیان بڵاو بکەنەوە، بە بەڵگەی ئەوەی کە رۆژنامەی کوردستان دامەزرا، بەدرخان دوور نەبوو لە سەردەمی خۆی، بیری دەکردەوە خەڵک لە ڕێگەی رۆژنامەوە ئامانج و ئاواتی میللەت دەبەنە پێش، ئەویش بۆ ئەو مەبەستە دایمەزراند. بۆ نموونە حیزبە کۆمۆنیستەکان لە هەمووان زیاتر دەستیان کرد بە بایەخدانێکی زۆر گرنگ بەم بواڕە، بە تایبەتی لە ١٨٩٠ بەدواوە، کە حیزبە بەلشەفییەکان دامەزران ئەو بیروبۆچوونانە بوو بە شتی بنەڕەتی لە رۆژنامەکاندا و لەو ڕێگەیەوە سیاسەتی خۆیان بەڵاو دەکردەوە. حیزبەکانی دیکەش بە هەمان شێوە و حیزبەکانی کوردستانیش هەر لە سەر ئەو بناغەیە بیریان کردەوە، کە دەبێ رۆژنامەیەک یان بڵاوکراوەیەکت هەبێت، سیاسەت و بیروباوەڕ و هەڵوێست و ئامانج و پڕوپاگەندەکانی خۆت بڵاو بکەیتەوە بۆ هۆشیارکردنەوەی ئەندام و لایەنگرانی و تێگەیاندنی کەسانی دیکە و تەنانەت گەیاندنی پەیامەکان بە دەوڵەتانی دیکە.

رۆژنامەنووس : ئایا رۆژنامەگەریی کوردی توانیویەتی بە گوێرەی پێویست پەیامە نیشتمانییەکان بگەیەنێتە دەوڵەتان و میللەتانی دیکە؟

فەلەکەدین کاکەیی: خۆی ئەوە یەکێکە لە ئامانجەکانی رۆژنامەگەری، بەڵام لێرەدا بابەتی زمان هەیە، کە تۆ بە زمانی خۆت تەنیا بۆ خۆت قسە دەکەیت، کاتێکیش لێرە بە زمانی کوردی شتەکان بڵاوکراونەتەوە، مەبەست لەوە بووە، کە سەرەتا خۆت و میللەتەکەت تێبگەیەنی، لێرەدا دەچینەوە سەر یەکێکی دیکە لە رۆڵ و گرنگییەکانی کارەکانی بەدرخان، ئەویش ئەوەیە کە توانی رۆژنامەیەک دابنێت بە زمانی کوردیش بێت، بەڵام هەندێک جار بەر لە رۆژنامەی کوردستان و دوای ئەوەش کورد ناچار بووە بە زمانی دیکە رۆژنامە دەربکات، لێرەدا تەماشا دەکەیت، لە ١٩٥٩ کە یەکەم دەرفەت ڕەخسا بۆ دەرچوونی رۆژنامەی خەبات بە ئاشکرا بە زمانی عەرەبی دەرچوو، خۆ ئەوانەی دەریان دەکرد دەیانتوانی بیکەنە کوردی و پاشانیش وایان لێکرد رۆژێک بە کوردی دەردەچوو، رۆژێک بە عەرەبی و جاری واش هەبووە هەر بە کوردی بووە، بەڵام مەبەستە سەرەکییەکە، کە بۆچی بە عەرەبی دەرچوو، ئەویش ئەوەیە کە تۆ باست کرد دەبێ کاریگەریی لە سەر بەرامبەرەکەت دروست بکەیت و بەرامبەرکەشمان عەرەب بوو و میللەتی عێراق و دەوڵەتە عەرەبییەکانە و عەرەبیش زمانێکی فراوانترە لە زمانی کوردی، لە لایەکی دیکەوە حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان هاوشانی زمانی کوردی بە زمانی فارسیش رۆژنامەیان دەردەکرد، باکووری کوررستانیش بە هەمان شێوە بە زمانی تورکی نووسین و رۆژنامەیان بڵاو کردۆتەوە.

رۆژنامەنووس : ئێمە باسی رۆڵی رۆژنامەگەری دەکەین و پرسیارێک لێرەوە سەردەردێنێ و دەڵێ ئایا لە سەردەمێکدا تۆ سەرنووسەری رۆژنامەی خەبات بوویت و چەندین رۆژنامەی دیکەش لە شاخ دەرچووە و لە بەرامبەر ئەمەشدا لە شاریش چەندین گۆڤار و رۆژنامە

بـە زمانی کوردی لـە لایەن بەعسـییەکانەوە دەرچوون، بە رای تۆ رۆژنامەیەک لە شـاخ و ئۆرگانی حیزبێکی نیشـتمانی بوو، گاریگەرتر بوو، یان رۆژنامەیەکی وەک (هاوکاری)، کە لە لایەن بەعسەوە سەرپەرشتی دەکرا و لە شار دەردەچوو؟

فەلەکەدیـن کاکەیـی: دوو لایـەن هەیـە وەکو لایەنـی سیاسـی و نیشـتمانی، بێگومـان ئەو رۆژنامانـەی بـە نهێنی لە چیـا دەردەچوون، کاریگەریـی راسـتەوخۆیان هەبـوو، لـەم رووەوە رۆژنامەی هاوکاری و هاوشێوەکانی کاریگەرییەکی ئەوتۆیان نەبوو، بەڵام سوودیان هەبـوو ئەویش ئەوەبـوو هەندێک رۆشـنبیر تیایدا دەیاننووسـی و لەوێـوە دەرکەوتن، بۆ نموونـە گۆڤـاری (کاروان)، ئەگەر تەماشـای ژمارەکانـی ئـەو سـەردەمەی بکەیـت، چەند لاپەڕەیەکی سەرەتای تایبەت بوو بە سەدام و لاپەڕەکانی دیکەی شتی رۆشنبیری باش بوون و هەموو رۆشـنبیرە باشـەکانی کوردسـتان تیایدا نووسـیویانە، لە بەر ئەوەی ئێمە لە چیا بووییـن و هەموو کـەس ناتوانێت ئـەو جۆرە خەباتە بکات، بۆیە لە شار نووسینەکانیان بڵاو دەکردەوە و ئەو کەرەسـتانەش لە بەردەستی ئێمەدا نەبوو، کە بتوانین گۆڤارێکی رێکوپێک لە چیا دەربکەین، ئەم شتانە زەحمەت بوون، هەتا چەنـد جارێک بە نهێنی لە ئێـران رۆژنامەمان چـاپ کرد، برادەرێکمان گیـرا خەریک بوو لە سـێدارەی بدەن و منیش فەرمانی لە سـێدارە دانـم بۆ دەرچوو، لە سـەر ئەوەی ویسـتمان ژمارەیەکـی لـە تاران چـاپ بکەیـن. بۆیە لە رووی نەخشەسـازی و زۆر شـتی دیکـەوە رۆژنامەکانـی چیا لەو ئاسـتەدا نەبـوو، هەتا دەبوایـە بە قەبارەیـەک بوایە کە پێشـمەرگە بتوانێ لە شوێنێکەوە بە نهێنی بیباتە شوێنێکی دیکـە و لە نـاو شـار و گوندەکاندا دابەشـی بکات، جا ئەمەیە رۆژنامەگەری لەو سەردەمە پەیوەندی بە رێکخستنەوە هەبووە. ئێمە زیاتر پشـتمان بە رادیۆ دەبەست، کە(رادیۆی دەنگی کورسـتان) بوو، چونکە خەبات مانگی جارێک دەردەچـوو، کە زۆر درەنگ دەگەیشـت و بە هەموو کەسـێکیش نەدەگەیشـت، بـەڵام هەر ئـەو ژمارەیـەی رۆژنامەکەمـان دەردەچوو، هەموومـان لە رادیۆ دەخوێندەوە و لێرەوە بە ئاسانی دەگەیشتە لای خەڵکی، کەواتە ئۆرگانی ئەسڵی رۆژانەی ئێمە رادیۆ بوو.

رۆژنامەنووس : خەڵکێکی زۆر گلەیی هەیە لەوەی کە ئەو کەسـانەی لە سەردەمی بەعسدا قەڵەم و نووسـەری ئـەو رژێمـە بـوون، لـە دوای راپەڕینـەوە هاتـن و بوونە شـەریکە بەشـی ئەوانەشی کە خەباتکاری شاخ و قەڵەمی نەتەوە و شـۆڕش بوون، تەنانەت ئەو سەردەمەشـی کە تۆ وەزیری رۆشـنبیری بوویت، بۆ ئەمە چ قسەیەکت هەیە؟

فەلەکەدین کاکەیی: ئەوانەی کە لە سـەردەمی سەدامدا نووسیویانە دوو بەشن، ئەوەی کە لە سـەر شانۆ یان رۆژنامەگەری یان هونەر یان بابەتی ئەدەبییان نووسـیوە، من باسی ئەوانە ناکـەم و دەبێت جیایـان بکەینـەوە و هەموو نووسینەکانیان بە نرخە، بۆ نموونە لێکۆڵینەوەی ئەدەبـی و مێژووییە، یـان کاری وەرگێڕانیان کـردووە، ئەمانە دەبێت جیا بکرێنەوە لەوانەی پڕوپاگەنـدەی سیاسـییان کـردووە، ئەوانەی کە بە شـان و باڵـی ئەو رژێمەیانـدا هەڵداوە و پەسـەندیان کـردووە، ئەمـە کارێکـی زۆر دزێو و بە راسـتی ناشـیرینە و ئێمەش کە لە چیـا بووین، هەمـوو گۆڤارەکانمان بۆ دەهات و ئێسـتەش بـە دروسـتی دەزانیـن کێن ئەو شـتانەیان نووسیوە، ئەم جۆرە نووسەرانە لە دوای راپەڕینەوە هەندێکیان بە راسـتی بەڕێز بوون و خۆیان نزیک نەبوونەوە و لە پەنایەکدا مانەوە بـە بێدەنگی، هەندێکی دیکەیان ئێسـتا خۆی لە من و ئەوی دیکە پێ پاکترە و کە وەک ئەوەی هیچ نەبووە، جا بەشـێکیان بە تایبەتی لە شـەڕی ناوخـۆدا جێگەی خۆیـان کردەوە، هەندێکـی دیکەشـیان بە سـوودوەرگرتن لەو هەلومەرجەی کە لە عێراقیشـدا هەیە، هاتنەوە ناو بوارەکە، بە من بێ قەیناکا با بیاننووسیایە، ناکرێـت تـۆ لە هەموو شـتێکی دابـڕی، بەڵام نەدەبوو هەرگیز جێگەیان بکەینەوە .

رۆژنامەنووس : بەڵام لەو سەردەمەی کە تۆ وەزیر بوویت، جێگەت بەم کەسـانە دا و لە شوێن و مەقامی زۆر باشیشدا دانراون؟

تامـان شـاکر: مـن پێـم وایـە ژنـان کـەم دەخوێننـەوە و ئەو شتانەشـی دەیخوێنەوە شـتی سـادە و سـاکارن و ناشـچنە نـاو قوواڵایـی بابەتەکانەوە، ئێمە هەمووشـمان بە دەسـت کۆمەڵێک گیروگرفتـەوە دەنااڵێنین، با مـن نموونەی خۆمت بـۆ بێنمەوە، من بەیانی زوو دێمـە دەرەوە، ئێـش دەکەم، دوای ئەوە دەبـێ ئیشـی ماڵ بکەم و بچمـە بازاڕ و غاز پـڕ بکەمەوە و بۆڕی دەشـکێ دەبێ من بچم وەسـتا بێنم چاکی بکاتەوە، ڕۆژانە کۆمەڵێک بەرپرسـیارێتیت لـە سـەر شـانە و ڕەنگـە دەرفەتـی ئەوە نەبێت لـە هەفتەیەکدا کتێبێک بخوێنمەوە، میوان هەیە، کۆڕ هەیە و سمینار هەیە، زۆرێک لـە کاتەکانم دەبات، بەڵام پیاو ئیشـی ماڵەوە ناکات و دەچێتە ماڵەوە هەموو شتێکی بۆ ئامادەیە، کەواتە ئەو دەرفەتەی بۆ پیاو دەڕەخسـێ بۆ ئافرەت ناڕەخسێ، پیاوی ئێمە هەمیشە ماڵەکەی وەک ئوتێل و شتی وا بە کار دێنێ، بەڵام منی ژن دەبێ ئەو ئیشـانە هەمووی بکەم، من ئەگەر خۆم ماڵەکەم خاوێن نەکەمـەوە کـێ ئەو کارەم بۆ بـکات ئەوەندە دەوڵەمەندیش نیم بڕۆم کەسـێک بێنم ئیشـم بـۆ بکات و ئەوەش هۆکارە سـەرەکییەکەیە، کە ڕێگە نادات ژنان وەکو پیاوان بن.

هەوڵدەدەی کتێب

* «خەبات» نەزانراوە ژمارە (سفری)ی هەبووبێت لەو ڕۆژگارەدا.

حەسەن ئەلعەلەوی لەڕۆژنامەنووسیدا

لەنیشتمانێکی بێ ڕاگەیاندن. بۆ ڕاگەیاندنێکی بێ نیشتمان

قاسم محەمەد عەلی*
و: ڕۆژنامەنووس

دیمانە و چاوپێکەوتن لەگەڵ نووسەر و ڕۆژنامەنووسیی ناودار (حەسەن ئەلعەلەوی) ڕووبەڕووی گەلێ بابەت و هزر و بیرمان دەکات، لەبەر ئەوەی بەڕێزیان لە بیرەوەریی ئێراقیدا خاوەن ئەزموونێکی سیاسی دەوڵەمەندە، ئەزموونەکەش هەر بە تەنیا لەگەڵ پێوەندی بەهێزی لەگەڵ دیکتاتۆر سەددام حوسێن دەستی پێنەکردبوو، تەنانەت بەیاخیبوونیش لە دژی سەددام و ڕاکردنی بۆ دەرەوەی ئێراق و پێوەندیکردنی بە ئۆپۆزسیۆن کۆتایی بەئەزموونەکەی نەهات. لە ئاستی ڕاگەیاندنیشدا، خاوەن ئەزموونێکی ڕۆژنامەگەریی گەورەیە. بۆ ماوەیەک، یەکێک بوو لە دیارترین ئیعلامییەکانی دەزگای ڕاگەیاندنی رژێمی پێشووی. لە وەزارەتی ڕاگەیاندنیش بەڕێوەبەری ڕۆژنامەگەریی بوو. هەروەها سەرنووسەری گۆڤاری (ئەلیف با)ی هەفتانەش. ئەو گۆڤارەی کە لە گشت گۆڤاری ئێراقییەکانی دیکە بەناوبانگتربوو و خوێنەرێکی زۆریشی لە دەوری خۆ کۆکردبۆوە. جگە لەمەش ئەزموونێکی ڕاگەیاندنیی دیکەشی هەیە بەهۆی کارکردنی لە ڕۆژنامەگەریی ئۆپۆزسیۆنی دژ بە رژێمی جارانی ئێراق و ڕووناکبیرو نووسەرێکی گەورەشە و هەردەم هەوڵێ داوە لەڕێی کتێبەکانی و بەردەوامیشە لەسەر هەوڵەکانی لە پێناو دانانی تیۆرێکی نوێ لە مێژووی سیاسی و کۆمەڵایەتی عەرەبی و ئیسلامی بە پێداچوونەوەو ڕاستکردنەوەی چەندین شتی بە هەڵە بڕوا پێکراو لەو مێژووەدا. وێڕای ئەوەی باسمان کرد، (عەلەوی) ئەندامی پەرلەمانی ئێراقییەو دامەزرێنەری لیستی ئێراقییەی سپییە. بەرامبەر ئەو پیاوە خاوەن ئەو هەموو ئەزموونە دەوڵەمەندە، پەشۆکاوی و شاش بوون دایگرتم، بەتایبەتی کاتێ بۆم دەرکەوت سازدانی دیمانە بەنیوکاتژمێر سنووردارە یەکجار کەمە و ئەمەش پێچەوانەی ئارەزووەکەم بوو، نیوەی وەختەکەم بە فیڕۆ چوو، بەڵام لە کۆتاییدا، بە پەسندم زانی ئەزموونی ڕاگەیاندنیی هەڵبژێرم، کە بەڕێزیان شێرەسواڕە لە بوارەکەیدا. ئەو یەکێک بوو لە دامەزرێنەرەکانی ڕاگەیاندنی سەر بەرژێمی جاران و پاشان لە دژی وەستاو خەباتی کرد. ئەو هەڵبژاردنەش لەلایەک تیشک دەخاتە سەر قۆناغێک لە مێژووی ڕاگەیاندنی ئێراقیدا و لەلایەکی دیشکەوە لەگەڵ ڕەوت و تایبەتمەندیی گۆڤارەکەمانیش کۆکە.



حەسەن ئەلعەلەوی

رژێم سەربەستی هاوواڵاتیانی لە سێدارە دەدا، داهێنانی دەخنکاند، سەروەت و سامانی زەوت دەکرد، تا ئەو رۆژەی رژێم کۆتایی پێ هات و کەسیش نەبوو بەرەڤانی لێ بکات

کەسایەتییەکی یاخیبوو

رۆژنامەنووس : ئەزموونێکی تایبەتمەندت لەگەڵ راگەیاندنی رژێمی جاران هەبوو. لە سەرنووسەریی گۆڤاری (ئەلیف با)ی هەفتانەو، تا یاخیبوونت دژ بەرژێمەکەو پێوەندیکردن بە ئۆپۆزسیۆن، دەمانەوێت شتێک دەربارەی ئەزموونی راگەیاندنیت لەم دیمانەیەدا بزانین.

حەسەن ئەلعەلەوی: راگەیاندن، دوو راگەیاندنە، سۆسیالیستی و سەرمایەداری، دیکتاتۆری یان ئازاد، ئەمەش باشترین پێناسەیە. بۆ چەند ساڵێک کارم لەگەڵ راگەیاندنی شمووڵی کرد، بەڵام ئەو راگەیاندنە، نەیتوانی لە بەرگ و چوارچێوەی خۆی بم تاوێنێتەوە بەشێک نەبووم لە راگەیاندنی شمووڵی، بەڵکو هەمیشە بەشێک بووم لە راگەیاندنی ئێراقی، چونکە کەسایەتیی راگەیاندیم و رۆشنبیریم ملکەچ بوونی رەت دەکردووە. هەتا(سەددام حوسێن) جارێکیان پێی گوتم: (تۆکەسایەتییکی زۆرانبازیی ئەمەش لە گۆڤاری (ئەلف با) دا نووسراوە، بەڵێ کەسایەتێکی بەرخودانیم نەک ملکەچی، راگەیاندنی شمووڵیش پێویستی بە کەسایەتییکی ملکەچ بوو هەیە، ملکەچی فەرمانەکانی بێت و لەقسەی دەرنەچێت بەدرێژایی ژیانم وتارێکم لەسەر حزبی بەعس نەنووسیوە، کە حزبێکی گەورەو جەماوەرییەو . هتد، لەم جۆرە کەلیشانە، من هیچ وتارێکم بەم ئاراستەیە نەنووسیوە، بیرۆڕا لەسەر خەڵک دەنووسم، لەسەر دەوڵەت و رژێمیش، بۆیە دووچاری چەندین رووبەروو بوونەوە لەگەڵ نووسینگەی رۆشنبیری و راگەیاندن لە ئێراق، نووسینگەیەک بوو، سەربەستی هاوواڵاتیانی لە سێدارە دەدا، داهێنانی دەخنکاند، سەروەت و سامانی زەوت دەکرد، تا ئەو رۆژەی رژێم کۆتایی پێ هات و کەسیش نەبوو بەرەڤانی لێ بکات، پسوولەی نەوت بۆ دەرەوە دەڕۆیشت، چەند لووتکەیەکی لە دامەزراوەی رۆژنامەگەریی و تەلەفزیۆنیی لە (بەیروت) و (پاریس) و (لەندەن) پێکهێناو کردەوە، لە ئێراقیش چش. ئەو دامەزراوانەی دروستی کردبوون پێوەندییان بە رژێمەوە نەما، ئەوە بوو دەستبەجێ هەر لەدوای داخستنی کەناڵەکانی بانقی ناوەندیی ئێراقی لە دوای گەمارۆدان، چوون لە دەرگاکانی کەنداویان دا، هەمان

دیمەنێک لە سیمیناری حەسەن ئەلعەلەوی

ئەو رۆژنامە و گۆڤار و پیاوانەی دەژیان وەستیان، کاتێ لە ئۆپۆزسیۆن بووین، لەبەر ئەوەی بەرگریان لە رژێمی سەددام حوسێن دەکرد، ئەوانە سەنگەری سەددامیان جێهێشت و خۆیان گەیاندە دەوڵەتەکانی کەنداو، رژێمی جاران لە کڕین و وشەو قسەی بۆش و پووچ و بێ بنەما راهاتبوو. من لەسەر رژێمی شمووللی لە قەڵەم نادرێم، کەسایەتیی من، بۆ ئەو جۆرە کارە، پالێوراوم ناکات. رێگەم پێنادات ئەرکی ئاوا ئەنجام بدەم، ئەوەی وتارەکەی منی لە (ئەلف با) ی ژمارە (٥٥٤)ی ئایاری١٩٧٩ لە بەرگی دووەمیدا بخوێنێتەوە، وای بۆ دەچێت وەک بەیاننامەیەک بێت لە لایەن حزبی شیوعیی ئێراق یان باڵی چەپی حزبی بەعس دژ بە رژێم دەرچووبێت.

بازاڕی وشەی بۆش و گەندەڵ

لە دوای ئەو پێکهاتنەی وەزیری راگەیاندن(تاریق عەزیز) کە لەگەڵ (وەلید ئەبو زەهر) واژۆی کردبوو، ئەم وتارەم نووسیبوو،(وەلید ئەبو ذەهر) خاوەنی گۆڤاری (ئەلوەتەنو لعەرەبی) بوو، کە لەلایەن ئێراقەوە دەردەکرا (هەموو دانە نێردراوەکانی بۆ ئێراق گەڕاندنەوەی بۆ نەبوو، گۆڤارەکە لە رێگای هێڵەکانی ئاسمانی ئێراقی بە خۆڕای دەگواستەوە، بە دراوی گران و زەحمەت (العملة الصبة) دەگەیێندرایە بازاڕ، رچاوی ئیعلاناتیش بۆ گۆڤارەکە بەشێوەیەکی سەرەکی دەکرا). ئێراق ملیۆنێک و دوو سەد هەزار دۆلاری لەسەر گۆڤارێک خەرج دەکرد کە (١٠) کەس نەیدەخوێندەوە (لەیەک ژمارەیدا، یان لە مانگێک. یان. بۆیە لە ژێر ناوونیشانی (بازاڕی قسەی بۆش و گەندەڵ) نووسیم: مێک و میراج و تۆپی دوورهاوژ و گشت چەکێک بۆ بەرگریکردن لە نەتەوە دەکڕدرێن، میراجیش رەوشتی بە (بریجیت باردۆ) و (سیمۆن دی بۆ ڤوار)نەبوو، تۆپەکە بیرو هزری وەستاکەی پێوەنەبوو. لە باشووری لوبنان کرێگرتە بە کلاشینکۆف شەڕیان دەکرد. تێکۆشەڕانی (ڤێتنام)یش بە چەکی ئەمەریکی شەڕیان دەکرد.

وشەش چەکە، بەڵام نەدەکڕدرێت و نە دەفرۆشرێت، ئەوانە وشە دەکڕن بە هەڵە چوونە و ئەوانەی دەشیفرۆشن هەڵەیان گەورەتر. وشەش وەک تۆپ نییە. چونکە گیانی وەستاکانی پێوە دیارە

وشــەش چەکــە، بــەڵام نەدەکرێدرێــت و نە دەفرۆشــرێت، ئەوانە وشــە دەکرێن بە هەڵە چوونــە و ئەوانەی دەشیفرۆشــن هەڵەیان گەورەتر. وشــەش وەک تۆپ نییە. چونکە گیانــی وەســتاکانی پێوە دیــارە، هەروەها بەهای رەوشــتی وشەرەف و مێژووشیان ئێمە بەسامانی منالّە برسییەکانی ئێراق و بەزەردەخەنەیان دەکڕین. ئەویش چەکێکە نــەک وەکــو بــازاڕی وشــەش بــازاڕی شەرەف و خوێنە، بازاڕی مێژوو زمان و دڵی زەحمەتکێشانە، ئەوانەی وشەشیان کــڕی، بۆیــان دەرکــەوت تاریکیــان بە رووناکــی کڕی. هەر بۆیەش بازرگانیان شکســتی هێنــا، ئەوانــەی وشەشــیان فرۆشت خۆیان لە خانووی لەشفرۆشی دۆزییەوە وەک چۆن ئافرەتی لەشفرۆش خۆی تیایدا دەدۆزێتەوە، هیچ نرخ نییە هەرزانتریــن وشــەش لەگــەڵ نرخــە، خراپترین ووشــەش ئەو وشەیەی بە پارە دەفرۆشێت، تەنها وشەی بە نرخ، نرخی لەسەر نییە.

گۆڕەپانــی تێکۆشــەرانیش وەک خوێنــی شــەهیدانە، چونکە نەو وشــە دەفرۆشــن و نە دەشیکڕن، لــە کاتێکــدا بــازاڕی وشــەو قســەی بێ کەڵــک و گەندەڵ تا ئێستا بــە قازانجــە. ئەمەیان بەیاننامەیەکە، لە بەرڤانیکردن لــە رۆژنامەگەریی سەربەســت و شەریف، ئەمەش لە ساڵی ۱۹۷۹ بوو.

ئەزموونی ونبوو

ســەیرە، جیهانی ســێیەم، میزاج و قەڵــەم دەکڕی، وەک چۆن گەنــم و پەرتووک دەکڕدرێتن. ئەگەر شــارەزایانی راگەیاندن مومارەسەی پرۆسەی پەردە راماڵین لەسەر چەکی گەندەڵ و بێ کەڵک کردبێت، شارەزای راگەیاندن تا ئیستا لەم ئەزموونە دوورن، ئەمــەش جێی داخــە، بازرگانیش بــە چەکی گەندەل و خــراپ وەک جــاران بازرگانییەکی بە قازانــج نییە، ئەمەش لــە جەنگەکانی (ئەلفــا لوجــە) و دوای هاتنی (عەبدولناســر) بــە دەرکــەوت و کەشــف بــوون کەچــی بــازاڕی وشــەی گەنــدەڵ و تــا ئێســتاش قازانجی هەیە. ئەو بــازاڕەش لەگەڵ پــەردە راماڵین لەســەر بازاڕی وشــەی گەنــدەڵ بووژایەوە. لــە (بەیــروت) خانووی گەورە دروســت کرا ئــەو خانوانەش جەســتەی خۆیــان بەکڕیارو خاوەن پارە بەخشــی. لە وانەی پــارە لە خوێنی خەڵــک وەردەگرن و دەدەن. نــاوی هەندێک لە بازرگانەکانی وشــەی بێ کەڵــک و مایە پووچ لێرەو لەوێ بڵاوبوونەتەوە، بەڵایانەوە رووخانی ویژدان شوورەیی نەبوو. لە دانیشتنەکانیشیان ئاخاوتن لەسەر ئەوەی وەردەگرێت یان دەیدات ئاشــکرایە. بەڵام ئێمە ئەی رۆژنامەنووسانی ئێراق لە برسیەتیی منالّانمان بەڵگەنامە هەیە، لە بەندیخانەکانمان بەڵگە

نامە هەیە. وشەکانیشمان خوێنی موقەتتەیی رەنگاورەنگی لێ دەچۆڕێتەوە، پیتەکان بە جل و بەرگی شەهیدان خۆیان دەڕازێنەوە، گۆڕەپانی تێکۆشەرانیش وەک خوێنی شەهیدانە، چونکە نەو وشە دەفرۆشن و نە دەشیکڕن، لە کاتێکدا بازاڕی وشەو قسەی بێ کەڵک و گەندەڵ تا ئێستا بە قازانجە. ئەمەیان بەیاننامەیەکە، لە بەرقانیکردن لە رۆژنامەگەریی سەربەست و شەریف، ئەمەش لە ساڵی ١٩٧٩ بوو.



رۆژنامەنووس : مەبەست لە پرسیارەکەم، گومان کردن یان کەمکردنەوە لە کەناڵێک لە کەناڵەکان نەبوو، مەبەستم لە پرسیارەکە، دەکرێ سوود لە ئەزموونەکەت لە بواری کارکدن لەگەڵ رۆژنامەگەریی رژێمی جاران وەربگرین؟.

حەسەن ئەلعەلەوی: لەو بڕوایەدام، شارەزایی و ئەزموونی سنووردار نییە، پارەیان هەیە، ئەزموون و شارەزایش بە لایەنەوە گرنگ نییە، پارەیان هەیە، بە پارەش شارەزایی و ئەزموون دەکڕدرێت، تاوەکو رێ بۆ پرۆژە و نەخشەکانیان خۆش بکەن، ئەگەر بڕوای بە شارەزایی رۆژنامەگەریی خۆی بە تواناو رۆژنامەنووسانی خۆی هەبوایە، پارەی بە فرۆشیارانی وشە لە لوبنان و پاریس و لەندەن نەدەدا.

لە سەردەمی شا غازی و لەسەردەمی عەبدولکەریم قاسمیش چەند مانگێک، واتە مانگەکانی رۆژنامەگەریی لە ئێراقدا زۆر کورت بوون، سەرکردە(عەبدولکەریم قاسم)، چ جیاوازیەکی لەگەڵ دیکتاتۆرە عەرەبەکانی دیکە نەبوو، (نووری سەعید) پیاوێکی شۆڕشگێڕ بوو پرۆژەکەشی شۆڕشگێڕانە بوو

رۆژنامەگەریی نیوە لیبرالی

رۆژنامەنووس: بە بەراوردکردن لەگەڵ ئاژاوەی رۆژنامەگەرییانەی کە لە دوای گۆڕانکاریدا زاڵ بوون.

حەسەن ئەلعەلەوی: شتێکی سروشتی بوو، ئێراق ئاشنایی لەگەڵ قۆناغی گەشەسەندنی لیبردالی نەبوو، یان قۆناغێکی لیبراڵییانە لە راگەیاندن، تەنیا مانگێک، لەسەر دەمی شافەیسەل و چەند مانگێکیش لە سەردەمی شا غازی و لەسەردەمی عەبدولکەریم قاسمیش چەند مانگێک، واتە مانگەکانی رۆژنامەگەریی لە ئێراقدا زۆر کورت بوون، سەرکردە(عەبدولکەریم قاسم)، چ جیاوازیەکی لەگەڵ دیکتاتۆرە عەرەبەکانی دیکە نەبوو، (نووری سەعید) پیاوێکی شۆڕشگێڕ بوو پرۆژەکەشی شۆڕشگێڕانە بوو، رۆژنامەو ئەنجومەنی نوێنەرانی داخست، دەستووری پەک خست، وەک هەموو



شۆرشگێڕێکی کودەتاچی ڕەفتاری کرد.
ڕۆژنامەگەریی ئێراقی بوژاندنەوەی لیبرالی لە هیچ کات و ساتێکیشدا بەخۆیەوەی نەبینی بوو.
سەرمایەش بۆی وەبەر نەهێنرا، سەردەمێک هەندێ لە پیاوانی ڕاگەیاندن لە بنەماڵەی (جبران ملکون) و (روفائیل بەتی) و خاوەنی ڕۆژنامەی (ئەلشەعب)و تەوفیق سەمعانی) دامەزراوێکی ڕۆژنامەگەرییان دروست کرد، بەڵام ڕۆژنامەکانیان نیوە لیبرال بوو، خاوەنەکانیان کەسانێک بوون، بەڵام خزمەتی خواست و ئامانجی حکومەتیان دەکرد، راستە دەوڵەت ڕۆژنامەی هەبوو، سەر بەسیاسەتی دەوڵەت بوون،

سەربەستییەکان لە کوێوە دێن؟.

ساڵی ٢٠٠٣ لە پڕو لە ناکاو هات، ئەویش لە دوای چەوساندنەوەیەکی دوورو درێژ. خەڵکی لە دوای ئەو هەموو ناخۆش و چەوسانەوەیان، لە دوای مێژوویکی درێژ لە دادگاییکردنی ڕۆژنامەگەری لەوە حاڵی بوون، کە دەتوانن گوزارشت لە خۆیان بکەن. بەڵام نازانن چۆن، ئەزمونێکی پێشوەختیان لا نییە، ئایا خەڵکی دەزانن بەندە سەرنووسەری گۆڤاری(ئەلیف با) بوو؟ بەهۆی وتارێکی کە بە پێچەوانەی بیرو هزری ڕێبازیان بوو، سێ جار درامە دەستەی ناوەندی بۆ لێکۆڵینەوە، ئەوەی لێکۆڵینەوەشی لەگەڵم کرد (سەمیر عەبدولوەهاب شێخلی) سەرۆکی دەستەی ناوەندی و ئەمینداری پایتەختیش بوو، بەڵام کاری ڕاستەقینەی سەرۆکایەتیی دەستەی ناوەندی بۆ لێکۆڵینەوە بوو.

> **ڕاگەیاندنی شمووڵی ڕاگەیاندن نییە، بەڵکو بەیاننامەی ڕەسمییە، بە جۆرێ لەگەڵ فەرمانەکانی میری جیاوازیان نییە، ڕاگەیاندنی ڕاستەقینە، ڕاگەیاندنی لیبرالە، کە هەواڵی شاژن لە دوا هەواڵەکان بڵاودەکاتەوە**

ڕاگەیاندنی شمووڵی ڕاگەیاندن نییە، بەڵکو بەیاننامەی ڕەسمییە، بە جۆرێ لەگەڵ فەرمانەکانی میری جیاوازیان نییە، ڕاگەیاندنی ڕاستەقینە، ڕاگەیاندنی لیبرالە، کە هەواڵی شاژن لە دوا هەواڵەکان بڵاودەکاتەوە، ئەو ڕاگەیاندنە کە ڕۆژنامەنووس، لێپرسینەوە لەگەڵ سەرۆک وەزیران دەکات، هەروەک چۆن لەگەڵ هاوواڵاتییەکی ئاسایی دەکرێت، وەک چۆن ڕۆژنامەنووس لە کاغەزەکانی خۆی دەکۆڵتەوە و دەپشکنی، چۆن بیەوێت لە کاغەزەکانی بەرپرسەکانیش، لە سیستمی لیبرالیدا، مافی پشکنینی لە بەڵگەنامەکانی ژووری نووستنیانیش هەیە، نە ئێراق و نەهیچ دەوڵەتێکی عەرەبیی دیکەش، نەگەیشتوونەتە پەراوێزی و لێواری ئەو سیستمە.



ئێستا ئێراق لە تەرەوی ئەزموونەکە دەژیت، پێویستە بەشێوەیەکی بەرەللایانە یان ئاژاوەییانە رەفتار بکات. تاوەکو بوونی خۆی بسەلمێنێ و قەرەبووی ساڵانی درێژی رابردوو بکاتەوە. رۆژنامەنووسانی ئێراقیم لە بواری ئازادی، لەوانەی بایەخ بە سیاسەت دەدەن، دەسەڵاتیان وەرگرت. لە مەسەلەی ئازادی بە پەراوێزکراوەکان لە سیاسەتدا شوبهاندووە، کاتێ پەراوێزکراو دەسەڵاتە وەردەگرێت، لە زۆربەی حاڵەتەکاندا تۆڵە دەستێنەتەوە و بریندارش دەکات، لە تاکە حاڵەتێکدا و بەدەگمەن لە دەوڵەتانی جیهاندا پەراوێزکراو تۆڵەی نەسەندۆتەوە. جگە لە دوو شوێن، لە باشووری ئەفریقیای (نیلسۆن ماندیلا) و لە ئەزموونی کوردستانیش، من بە ئیدارەی کوردی ناوی نابەم، بەڵکو بەسەرکردایەتی ناوی دەبەم. لە ژێر دەسەڵاتی دادگاکانی لێکۆڵینەوە و پشکنین و دادگاکانی تۆڵە و دادگاکانی میللی دژی نەیارانی ئۆپۆزسیۆن. سەری هەڵنەداو نەهاتۆتە کایەوەو تۆڵەیان نەسەندەوە، بۆیەش باخێکی جوان و قەشەنگ و رەنگاوڕەنگ لە ئاوەدانی و بتنیاتنان پێکهێنرا، بەڵام سەرەڕای ئەمەش پێویستی بەهەندێ سەربەستی هەیە.

لە ئەزموونی کوردستانیش، من بە ئیدارەی کوردی ناوی نابەم، بەڵکو بەسەرکردایەتی ناوی دەبەم. لە ژێر دەسەڵاتی دادگاکانی لێکۆڵینەوە و پشکنین و دادگاکانی تۆڵە و دادگاکانی میللی دژی نەیارانی ئۆپۆزسیۆن. سەری هەڵنەداو نەهاتۆتە کایەوەو تۆڵەیان نەسەندەوە

وێنەیەکی کاریکاتێری تەنگژەیەک دروست دەکات

رۆژنامەنووس : لە ژێر سێبەری سیستمی شموولیی لەناوچوو، رۆژنامەی ئۆپۆزسیۆن، وەک (ئەلتەئاخی) و (تەریقولشەعب)، هەبوو چۆن ئەزموونی (ئەلتەئاخی) لە ژێر دەسەڵاتی سیستەمەکە دەخوێنییەوە؟

حەسەن ئەلعەلەوی: ئەوکات بەڕێوەبەری رۆژنامەگەریی بووم، بەڕێوەبەرایەتیی چاودێریشم بە سەرپەرشتیی من بوو، تێبینیم کرد، بەڕێوەبەرایەتی چاودێری بە مووچە خۆرو گشت پێکهاتەکانییەوە چاودێریی دوو رۆژنامەیان دەکرد و بەس. (ئەلتەئاخی) و ئینجا (تەریقولشەعب). بەشێک لە وەزارەتی راگەیاندن ئیشوکاری بریتی بوو لە چاودێریکردنی فیلمەکان. چونکە رۆژنامەمان نەبوو، رۆژنامەکانی حزب و حکومەت چاودێریی لەسەر نەبوو، بۆیە نووسەر ئازادییکی گەورەو زەمانەتێکی گەورەی هەبوو کاتێ لە رۆژنامە حکومییەکاندا

دەینووسی، نووسینەکانم لە (ئەلیف با)، ئەگەر بهاتبایە لە (ئەلتەئاخی) بڵاوکرابایەوە، یەکسەر لەکار دوور دەخرامەوە، نیازی ناپاک هەبوو. جارێکیان (ئەلتەئاخی) کاریکاتێرێکی بڵاوکردەوە دونیای هەژاند، دەوڵەت لەژێر کاریگەریی کاریکاتێرەکە پەشۆکا. لە کاریکاتێرەکەدا (ئۆتۆمبێلێکی دەسەڵات، لە ئۆتۆمبێلە رەنگ رەشەکانی یەکێ لە هاووڵاتییان بە تەعلیقەوە: جانم لەسەرەخۆبە، شەقام هەر بۆ تۆ نییە) کاریکارتێریستەکەیان دەستگیر کردوو رەخنە و گلەیی لە پارتی بەهۆی کاریکاتێرەکە لە پارتی گیرا، دەوڵەت نەیتوانی لە کاریکاتێر بگات.

نووسینگەی رۆشنبیریی و راگەیاندن. ئەرکێکی ئاساییشی

هۆیەکەشی حکومەت نووسینگەی رۆشنبیری و راگەیاندنی هەبوو، ئەو نووسینگەیەش ئەرکەکەی ئەمنی بوو، نەک رۆشنبیریی، نووسینگەی رۆشنبیریی و راگەیاندن لە هیچ رۆشنبیرێک نزیک نەدەبۆوە، چاوی بە رۆشنبیر نەدەکەوت، رۆشنبیرانی ئێراقی لە ئێراقدا نەدەناسی، بەپێچەوانەوە و گەورە رۆشنبیرانی راوەدوونا، لێرەدا دەستم شەڕم کرد لەگەڵیان.

بەندە ئەندامی نووسینگەی رۆشنبیری و راگەیاندن نەبووم، بەڵکو ئەندامی کۆبوونەوەی فراوان بووم، مەرجەکانی ئەندام بوونم لە نووسینگەکە نەبوو، ئەندامی فیرقەی حزبی نەبووم. هەردەم لە دژیان دەوەستام. دوو شتم کرد، یەکەمیان: (ئەلیف با)م کرد بە بنکەیەکی رۆشنبیری کە حزب دانی پێ نەدەنا.

دووەمیان: (ئەحمەد حەسەن ئەلبەکرم) هاندا: (سەیرکە ئەوانە نووسینگەی رۆشنبیریی و راگەیاندن، لوبنانیین یان سووریین، ئەوانە چلکاو خۆرن سوالکەرن، نازانن مێژوومان چییە، کامەیان (سدیقە لمولایە) دەناسن یان (خزێری ئەبو عەزیز) کامەیان (محەمەد بەهجەت لئەسەیی) دەناسن، تەمەنی (٢٤) ساڵە و موبایەعەی زانایەک لە زاناکان دەکات یان نووسەرێک لە نووسەران، لە دوای مردنی شێخەکەی (مەحموود شەفیق ئالوسی) گوتی: (چ بکەین)؟. گوتم: (دووبارە کۆڕی زانیاریی زمانەوانی ئێراقی دادەمەزێنینەوە) گوتی: (رازیم) ناوەکان بنووسە) ناوی (گۆرگیس عەواد) و (میخائیل عەواد)م نووسی پاشان ناوی (بابا دەللی) و چوار مەسیحیی دیکەش، هەروەها سەرۆک کۆمارم گەیاندە قەناعەت، موچەیان لە قەسرەوە بۆ ببڕتەوە، لەگەڵ ئیزافەکردنی (١٠٠) دینار بۆ سەر موچەی خانەنیشیان بۆ کۆمەڵێک لە نووسەرە گەورەکان لە وانەی بە شێخی ئەدەب ناویان دەبردرێت، ئەمەش بەبێ ئاگاداریی نووسینگەی رۆشنبیری و راگەیاندن کە لە راستیدا پۆلیس و ئەمن بوون. هەر ئەوان بوون (عەزیزو لەسەیید) جاسمیان) کوشت نەک هەوالگری. هەوالگری نەیدەزانی (عەزیزولسەیید جاسم) چ دەنووسی، شتی دژ بە دەوڵەتی نەنووسی بوو نەدەنووسی، بایەخی بە نووسینی ناوەڕۆک ئایدیۆلۆژی دەدا. من چاوم بە عەزیزولسەیید جاسم نەکەوتبوو، بەڵام زۆر بەرەڤانیم لێی دەکرد. کە تووشی ناخۆشی بوو، تا کوشتیان، ئەوەی کوشتی نووسینگەی رۆشنبیری و راگەیاندن بوو نەک هەوالگریی ئێراقی. ئەو نووسینگەیە رێگەی بەهیچ ئەزموونێک نەدا سەرهەڵ بدات، یان پەرە بستێنێ، نە (ئەلتەئاخی) و نە (تەریقولشەعب) بۆیە هەنگاوێکی دیکەم هاویشت. من لەم بڕوایە دام هیچ رۆژنامەیەک لە ئێراق سەنگی نییە، ئەگەر نووسەری شیوعی تێیدا کار نەکات، چونکە بەعسییەکان خەڵکیان رۆشنبیر نەدەکرد، رۆشنبیری مولکی شیوعییەکان و نەوەی کلاسیکیەکانی وەک: (محەمەد بەهجەت و ئەلئەسەری) و (مستەفا جەواد) و (عەلی ئەلوەردی) و (جەواهیری).

ئەلیف با ماڵی رۆشنبیرییەکی بەپێچەوانە

بۆیە لە گۆڤاری (ئەلیف با) (١٧) نووسەرو شاعیری شیوعیم لە ئامێز گرت. فەرمانی گواستنەوەیان دەرچوو، رام گرت، چونکە بەگوێرەی دابونەریت، سەرنووسەر پێشنیازی ناوەکان دەکات. سەددام بەدوامیدا

نـارد و گوتـی: (ئەوا تـۆ دەوڵەتێکـت لە ناو ئەلیف با) دامەزراندووە، بۆچی ئەو شیوعیانە نەقـڵ ناکەیـت؟) لە نێوانیانـدا دوو قەومیش هەبـوون. بـە سـەددامم گوت: (مافـی خۆتە بەعسیەک بێنی لەگەڵ شیوعییەکاندا کاربکات تاوەکو تێکۆلێکی بدات لێپرسـینەوە لەگەڵ شـیوعییەک مەکە کـە خزمەتی حزبی بەعس دەکات، ئەوانە لە رۆژنامە بۆ حزبی شـیوعی دەنووسـن یان بۆ دەوڵەت دەنووسن، ئەوانە پـردی رۆشـنبیرین، چۆن دەوڵـەت قوربانی بەوانـە دەدات؟ ئەوانـە بەهـاو هێـزو توانـا بەگۆڤارەکـە دەدەن، بەعسـییەکان نووسـەر نین، نووسـەری بەعسیمان نییە). گوتی: (پێت دەڵێـم، ئەوانە چـۆن بڕیارەکەیـان دەرکرد، وازیـان لـێ بێنـە، چیان لەسـەر نییـە)، تاقە رۆژنامەیـەک شـیوعییەکانی دەرنەکردبێـت، گۆڤـاری (ئەلیـف بـا) بـوو. خوالێخۆشـبوو (سـعوود ئەلناسـری) لـە کۆنگرەیەکـدا لـە لەندەن، لەگەڵ برادەری خۆشەویستم (سادق ئەلسائیغ) دانیان پێ نابوو. (هادیا حەیدەریش) لە یادداشتەکانیدا نووسیویەتی و دەڵێت: (من لەلایەن نووسـینگەی رۆشنبیری و راگەیاندن و بەبڕیارێکـی سـەددام حوسـێن دەرکـرام، بـەڵام کاتـێ (حەسـەن عەلـەوی) پێزانـی دەسـتبەجێ چووە لای سـەددام حوسـێن و پاشـان هاتە مالّمان و گوتـی: (بگەڕێوە). بەر لـە ئەلتەئاخی) رۆژنامەی (ئەلنـوور) هەبوو، ئەو کاتە بەڕێوەبەری رۆژنامەگەریی بووم لە (ئەلنووریش) دەمنووس. باشترین وتارەکانم لـە (ئەلنـوور) بڵاودەکـردەوە، کاتێ ژمارەی یەکەمـی رۆژنامەی ئەلزەورامـان دۆزییەوە کـە بـۆ ماوەیـەک ونبـوو، بـۆ رۆژنامـەی (ئەلنـوور)م بـردو هەواڵـی دۆزینەوەکـەی لەگـەڵ وێنەکەی لە (ئەلنـوور) بڵاومکردەوە، ئـەو کارەش سەرئێشـەیەکی زۆری بـۆ دروسـتکردم: (تـۆ رووت لـە رۆژنامـەی ئەلنوور) کـردو لە (ئەلجەمهووریيە)و (ئەلیف بام بڵاونەکردووە).

بەدەرەوشتیی رژێم

رۆژنامەنووس : دەتوانیـن بڵێیـن، نووسـینگەی رۆشـنبیریی و راگەیانـدن روو راسـتەقینە ناشرینەکەی رژێم بوو؟

حەسـەن ئەلعەلەوی: ئەو بەدەرەوشـتی رژێم بـوو، دەزگای ئەمنیی رژێم بوو، ئەو بیروڕاو فیکـری هەنجـن بەهەنجـن دەکـردن ئەوانە دەبـێ یەکە یەکە دادگایی بکرێن. من دادگایی سـەرکردەیەکی سـەربازی ناکەم، کە ئەرکی خـۆی جێبەجـێ دەکـرد، ئـەو رۆشـنبیرەی کارەکەی کوشـتنی رۆشـنبیر نەبـوو، چۆن گەمـارۆی رۆشـنبیرانی دا. چـۆن پـارەی ئێراقـی دوور لـە بەرپرسـییەتی لـە سـەر رۆژنامەنووسـان لە لوبنان خەرج کردووە بە فیرۆیـدا و بۆچی رژێم کۆتایـی هات، کەچی رۆژنامەیەکی ئێراقیمان نییە؟

رۆژنامەنووس : چۆن بـاری راگەیاندنـی ئێراقی لەم کاتەدا دەخوێنییەوە؟

حەسەن ئەلعەلەوی: راگەیاندنی ئێستای ئێراقی لـە بارودۆخێکی لێڵ و نامۆو تەمومژاویی پڕ لە تـرس و تۆقاندن هاتەکایـەوە، ئەو وەختە لـە دەرەوە بووم، لە جەژنـی رۆژنامەگەری سڵاوێکم ئاراسـتەی ئەو رۆژنامەنووسانەی بەرەڤانیان لە رژێـم دەکرد، گوتم: ئەگەر من لەگەڵیان دەبووم وەک ئەوانم دەنووسی. ئەو بابەتەیـان دەنووسـی، کە بـڕواو قەناعەتیان پێی نەدەهات، منیش ئەو شتەی بڕوام پێیەتی و قەناعەتم پێی هەیە دەنووسـم، ئەوانە وەک منن بەڵگەشـم، ئەوانەی هەر کە لە سنووری ئـەردەن یان سـووریا دەپەڕنەوە، یەکسـەر لـە نووسـەر بۆ رژێـم دەبن بە نووسـەری ئۆپۆزسـیۆن، ئـەوەش ئـەوە دەگەیێنـێ کە لـە باریکـی دەروونیی بە زەحمـەت و ئاڵۆز دەژیان، ئەو لە ئێراق دژی خۆی دەنووسی و لەگەڵ رژێمدا نەبوو.

خزمەتکردنی تەووزیمی (سەربازگری بەزۆر)

رژێمـی ئێراقـی دوو سیسـتمی بـۆ خزمەتکردنـی تەووزیمـی (سـەربازگری بـەزۆر)دا. خزمەتکردنی ئیجباری لە جەنگ و خزمەتکردنـی ئیجباری لـە راگەیاندن، منیش سەیری نووسـەر دەکەم وەک سـەربازێکی



بەڕێوەبەرایەتیی خزمەتکردنیش لێرەدا نووسینگەی رۆشنبیری و راگەیاندنە، کە هەزرو راو سامانی موسادەرە دەکرد، سەربەستیی موسادەرە دەکرد و تاقمێکی چەپەڵیشی لەوانەی لە مێژووی ئێراق ناگەن کردنی بەنووسینگەی رۆشنبیریی و راگەیاندن. تەنانەت کوردێک چییە لە ناویاندا نەبوو. ئەو کوردەی هاوکاریشی دەکردن. چلکاوخۆرو دژی کورد کاری دەکرد. نووسینگەی رۆشنبیری و راگەیاندن نموونەی فاشییەت و قەدەغەکردنی هزرو سەربەستی بوو، بە ئارەزووی خۆی سامانی بە فیڕۆ دەدا، بۆگەن و گەندەڵ بوو. جێی داخە راگەیاندنی ئێراقی لە دوای ئەم قۆناغە راگەیاندنێک بوو پێوەندیی بەهیچ سیفەت و بەهایەکی بەرز نەبوو، راگەیاندنێکی بێ پێناسەیەکی ئێراقی بوو. راگەیاندنێک بوو لە گۆڕانکارییە سەلبییەکەدا ڕێک و تەبا بوو.

نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان گوتی: ئەو کاتەی هەست بە ئێراقیبوونم دەکەم ئەو کاتەیە کە تۆ دەدوێی، بۆچی هەستی نیشتمانی و نیشتمانپەروەری لە راگەیاندنی ئێراقی بەدی ناکرێتن، چونکە راگەیاندنێکی سوننی شیعییە، راگەیاندنێکی تەسکە

نیشتمانی بێ ئازادی و ئازادیی بێ نیشتمان

لەسەردەمی سەددام حوسێندا نیشتمانێکی بێ ئازادی بووین، لە دوای سەددام حوسێن، دووپات لە سەر ئازادی کراو نیشتمانیشمان لەبیر کرد، ئازادیی بێ نیشتمان، ئازادیی بێ نیشتمانیش ئەمەیە، سیفەت و روخسارو مەرجەکانی، نموونەیەکم بۆ بێنە لەسەر یەکێک لە راگەیاندنکارەکانی باسی شتێک بکات ناوی ئێراق بێت، نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان دوێنێ گووتی: ئەو کاتەی هەست بە ئێراقیبوونم دەکەم ئەو کاتەیە کە تۆ دەدوێی، بۆچی هەستی نیشتمانی و نیشتمانپەروەری لە راگەیاندنی ئێراقی بەدی ناکرێتن، چونکە راگەیاندنێکی سوننی شیعییە، راگەیاندنێکی تەسکە، راگەیاندنێکی هەرێمییە، ئەمە بەرگری بە فلانە دراوسێ دەکات، ئەوەی دیکەش بەناوی فلانە دراوسێ دەدوێت، لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەنووسی لە لوبناندا، سەرۆک کۆماری لوبنان (شاری ئەلحلو) وتی: (لە وڵاتی دووەمتان لوبنان بەخێرهاتنتان دەکەم، هیوادارام لە لوبنان رۆژنامەیەکی لوبنانی بخوێنمەوە، چونکە رۆژنامەکانی لوبنان مولکی دەوڵەتانی دیکەیە)، منیش ئێستا هیوادارم رۆژنامەیەکی ئێراق لە ئێراقدا بخوێنمەوە.

شۆڕش و هۆنراوە

چۆن رۆژنامەگەریی کوردستانی :

هەڵدەسەنگێنێ؟

حەسەن ئەلعەلەوی: کورت و کرمانجی، پێت دەڵێم: هەنگاوەکانی کردەوەی سیاسی لە کوردستان، بەرین و فراوانتر لە خەونی نووسەران. لە حاڵەتی راپەڕینی شۆڕشگێڕی و نەتەوەیی، بە زۆری نووسەر لە بزاڤی گۆڕانکاری لە دەوڵەتداو لەسەر ئەرزی واقیعدا دوادەکەوێت، هەر لەبەر ئەوەش، جەواهیری رووی لە عەبدولکەریم قاسم کرد و پێی گوت: تۆ قسەت بڕی و برد، قسەی منیش لە حزوورتدا بێ بەهایە، لە راستیدا شۆڕش لە هۆنراوە گەورەتر بوو، کرداری سیاسیش، ئەمڕۆ لە کوردستان هەموو قسەیەکی بڕیوەو بردووە، کات و رۆژیشی پڕ کردۆتەوە لە هەر وتارۆیکدا لە هەر رۆژنامەیەک گەورەترە هەروەها لە تەعلیقێکی سیاسی و راگەیاندنی هەر سەتەلایتێکدا.

ژیاننامەی عەلەوی

- لە ساڵی ١٩٣٤ لەگەڕەکی (کەرادەی مەریەم) لە بەغدای پایتەختی عیراق، لە دایک بووە.
- لە ساڵی ١٩٥٩ کۆلێژی ئادابی لە زانکۆی بەغداد تەواو کردووە.
- لە ساڵی ١٩٥٥، لە بواری رۆژنامەگەرییدا، دەست بەکاربووە.
- لە سەرەتای پەنجاکانی سەدەی رابردوو، چووتە ڕیزی حیزبی بەعس و چەندین پلەی حیزبی و کارگێڕی بەدەست هێناوە، لە بواری راگەیاندنی ئەو حیزبە چالاکانە کاری کردووە.

گرنگترینیان پلەکانی لە بواری راگەیاندن ئەمانەی خوارەوە بوونە:

یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتی ئاژانسی هەواڵەکانی عیراق، سەرنووسەری گۆڤاری (ئەلف با)، ئەندامی نووسینگەی راگەیاندنی نەتەوەیی کە سەدام حوسێن سەرۆکایەتی دەکرد، بەڕێوەبەری هەڵمەتی راگەیاندن بەسەرۆکایەتی سەدام حوسێن.

- لە ساڵی ١٩٧٩ لە ریزەکانی حیزبی بەعس دەرکرا، ئەمەش دوای لە سێدارەدانی عەدنان حەمەدانی خاڵی منداڵەکانی کە ئەندامی سەرکردایەتی بەعس بوو، بەتۆمەتی بەشداربوون

لە راستیدا شۆڕش لە هۆنراوە گەورەتر بوو، کرداری سیاسیش، ئەمڕۆ لە کوردستان هەموو قسەیەکی بڕیوەو بردووە، کات و رۆژیشی پڕ کردۆتەوە لە هەر وتارۆیکدا لە هەر رۆژنامەیەک گەورەترە هەروەها لە تەعلیقێکی سیاسی و راگەیاندنی هەر سەتەلایتێکدا

لـە رووداوی مانگی تەممـووزی ١٩٧٩، ئەم رووداوەش بووە چۆن بۆ بەجێهێشتنی عیراق و کارکـردن لە ریزەکانی ئۆپۆزسـیۆن دژی رژێمـی پێشـوو، وەک سەرپەرشـتیاریش لە چەندین رۆژنامەی ئۆپۆزسیۆن کاریکردووە.
- دوای رووخانی رژێمی دیکتاتۆری لە ساڵی ٢٠٠٣ بڕیـاری دامەزراندنـی وەک باڵیـۆزی عێـراق لـە دیمەشـقی پایتەختـی سـووریا دەرچوو، بـەڵام وەک نارەزاییـەک بەرامبەر هەڵنەکردنـی ئاڵای عیراق لەسـەر باڵەخانەی ئەم باڵیۆزخانەیە، ئەم پلەیەی رەتکردۆتەوە.
- لـە هەڵبژاردنەکانـی ئاداری سـاڵی ٢٠١٠، وەکو ئەندام لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عیراق لەسەر لیستی (ئەلعراقییە) هەڵبژێردرا.

چاپکراوەکانی عەلەوی:

١- عزیـز علی. اللحن السـاخر- عەزیز عەلی ئاوازێکی گاڵتەئامێز.
٢- دمـاء علـی نهـر الکرخـا.. خوێن لەسـەر رووباری کەرخا.
٣- عبدالکریـم قاسـم – رؤیة بعد العشـرین – عەبدولکەریم قاسـم. رانینێک. دوای بیست ساڵ.
٤- التأثیـرات التركیـة فـي المشـروع القومي العربي. کاریگەریی تورکی بەسـەر پرۆسەی نەتەوەیی عەرەب.
٥- فرائـد السـلطان... شـتە دەگمەنەکانـی سوڵتان.
٦- الجواهـري دیـوان العصـر.. جەواهیـری دیوانی سەردەم.
٧- الشیعة والدولة القومیة في العراق... شیعەو دەوڵەتی نەتەوەیی لە عێراقدا.
٨- دوله المنظمة السریة.. دەوڵەتی رێکخراوی نهێنی.
٩- دولـة الاستشـارة القومیـة. دەوڵەتـی خواستراوی نەتەوەیی.
١٠- اسـوار الطیـن. شـورە لـە قـورِ دروستکراوەکان
١١- بقیة الصوت .. پاشماوەکانی دەنگ.
١٢- العراق الامریکي.. عیراقی ئەمەریکی.
١٣- عمر والتشییع – عومەر و شیعەگەرایی.
١٤- شـیعة السـلطة وشـیعة العـراق صراع الاجناس.. شیعەی دەسەڵات و شیعەی عیراق ململانێگەری و چەندین چاپکراوی دیکەش.

*** ئـەم دیـداره ٢٠١١/٩/١٥ له نێو ماڵەکـەی خۆیدا له هەولێر له گونـدی (ئیتاڵی) له لایەن بەڕێوەبەری نووسینی گۆڤاری (الصحفی) به زمانی عەرەبی ئەنجامدراوه، گۆڤاری «رۆژنامەنووس» وەریگێڕاوەتەوه سەر زمانی کوردی، شایەنی گوتنیشه ٢٠١١/٩/٣٠ م. حەسـەن ئەلعەلەوی له ئوتێلی (اربیل روتانا) سـەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان کۆڕێکی بۆ ئەنجامدا..**
له کۆڕەکەدا به دەنگێکی بەرز، داوای دروست بوونی دەوڵەتی کوردی کرد و بارودۆخەکەی به گونجاو زانی بۆ ئەم داوایەی که سەدان ساڵە مافی کوردانەو خەونی پێوه دەبینن.

حەمید بەدرخان - سەرنووسەر
٢٠١١/٩/٢٥

خوێندنەوەیەک بۆ هەندێ چاپەمەنی دنیای رۆژنامەگەریی جیهانی

خوێندنەوە: رابەر ئازاد

- فەرهەنگیلەی زاراوەکانی راگەیاندن عەرەبی- فەرەنسی – ئینگلیزی:
نووسینی د.ئیبراهیم سامەرایی، خانەی لوبنان لە بەیروت لە ساڵی ١٩٩٩ بڵاوی کردۆتەوە.
لە پێشەکیدا باسی زمانی راگەیاندن دەکات، ئینجا لە زمانی عەرەبی و ئامرازەکانی راگەیاندن دواوە، تێیدا چەند لا باسێکی زمانی عەرەبی و راگەیاندنی بەسەر کردۆتەوە، پاشان وشەکانی فەرهەنگەکە دەست پێ دەکات.
ئەم جۆرە کتێبانە بایەخی خۆیان بۆ شارەزا بوون لە زاراوەکانی راگەیاندن زۆرە، یارمەتی کەسانی ئەم بوارە دەدات.

- تاریخ الرقابة على المطبوعات – مێژووی سانسۆر لەسەر چاپەمەنییەکاندا:
لە نووسینی روبرت نیتز و وەرگێرانی د.فوئاد شاهین، ئەم کتێبە بە زمانی فەرەنسی لە فەرنسا لە ساڵی ١٩٩٧ دەرچوو و لە هەمان ساڵیشدا چاپی عەرەبی خانەی کتێبی نوێ لە لوبنان بە (١٦٠) لاپەڕەی قەوارە بچوک دەرچووە.
ئەو کتێبە وێرای پێشەکی نووسەر بۆ چاپی عەرەبی و پێشەکی وەرگێر، لە پێشەکییەک حەوت بەش و پوختە و پەراوێز و سەرچاوە پێک هاتووە.
ئەم کتێبە مێژووی سانسۆر بەسەر چاپەمەنییەکان و لە فەرەنسا هەر لەسەر سەدەی (١٥)ەو تا سەدەی (٢٠) بەسەر دەکاتەوە.
سانسۆری سەرچاپکراوکان، سەروکارێکی توندوتۆڵی بە

بەرەوپێشچوونی ئازادییەکانەوە هەیە، ئەویش نەک لەسەر ئاستی پێرەوی سیاسی، بەڵکو لەسەر ئاستی بارودۆخ و بیرەوەری کۆمەڵایەتییەوە هەیە.

- تاریخ الصحافة العالمية – مێژووی رۆژنامەوانیی جیهانی:

لە نووسینی د.تودوروف، وەگێڕانی ئەدیب خەزور، چاپی دووەمی لە ساڵی ٢٠٠٩ لە دیمەشق بە (٢٣٢) لاپەڕە دەرچووە.

ئەم کتێبە لە چوار بەشی سەرەکی پێکهاتووە و هەر بەشەش بۆ چەند تەوەرەیی دیکە دابەش دەبێت.

سەرەتا بە سەرناوی (سەرەتای رۆژنامەوانیی خوولەکی (دوری) لە وڵاتانی ئەلمانیا، ئینگلتەرا، فەرەنسا، ولایەتە یەکگرتووەکان، دەدوێت.

بەشی دووەمیش بە پەرەسەندنی رۆژنامەوانیی رۆژئاوا هەر لە سەرهەڵدانی رۆژنامەوانیی خوولی یەکەمی تا سەرهەڵدانی شۆڕشی مەزنی فەرەنسا لە ١٧٨٩ تێدا لە هەمان ئەو وڵاتانە دەدرێت، کە لە بەشی یەکەمدا ناویان هاتووە.

بەشی سێیەم بە ناوونیشانی هەواری بەر لە سەرهەڵدانی سەرمایەداری قۆرخکاری هەر لە سەرهەڵدانی شۆڕشی فەرەنساوە تا کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم، تێدا لە چەندین سەرباسی لاوەکی جیا جیا لە رۆژنامەوانیی وڵاتانی ناوبراو داوە.

چوارەم بەسەردێری رۆژنامەوانیی رۆژئاوایی لە سەروو ئیمپرالیزم، چۆن بۆرجوازی قۆرخکاری توانی دەست بەسەر رۆژنامەوانیدا بگرێت.

لێرەشدا بە چەند سەرباسی لاوەکی باسی رۆژنامەوانی لە وڵاتانی ناوبراودا کراوە.

ئەم کتێبە سەرچاوەیەکی گرنگە لە مێژووی جیهاندا.

- الانترنيت اعلام ضد الاعلام - ئینتەرنێت و راگەیاندن دژی راگەیاندن:

لە نووسینی عەبدولحەلیم حمود، چاپی یەکەمی لە ساڵی ٢٠٠٨ لە دەزگای خانەی هادی چاپ و بلاوکردنەوە و دابەشکردن لە بیروت بە (١٧٢) لاپەرە دەرچووە. ئەم کتێبە چەندین سەرەناوی لە خۆ گرتووە.

لە کۆمپیوتەرەوە بۆ ئینتەرنێت، پاشان گوگول، بازاڕی ئینتەرنێت، راگەیاندنی ئینتەرنێت دژی راگەیاندن، هەموومان راگەیاندنکارین، ئاگاداری چەتەبە ژمارەی عەرەبی، شەرەکانی ئینتەرنێت، ئاسۆی سەبەینێ ئەم سەرناوانەش دابەشی چەند سەرناوی دیکە بوونەتەوە.

- المبادئ الاساسية للصحافة - لە بنەما سەرەکییەکانی رۆژنامەوانیی:

لە نووسینی بیل کوفانش و توم روز نشتیل و وەرگێڕانی فایزە حەکیم و ئەحمەد مونیب. لە بڵاوکراوەکانی خانەی نێو دەوڵەتی وەبەرهێنانی رووناکبیریی لە ساڵی ٢٠٠٦ لە قاهیرە لە میسر بە (٢٦٣) لاپەڕە دەرچووە.

ئەم کتێبە دە سەرباسی لە خۆگرتووە، سەرەتا بە پێشەکی دەست پێ دەکات ئینجا ئەم سەرناوانەی تێدان: ئامانج لە رۆژنامەوانیی چییە؟ راستی و راستگۆیی یەکەمین بنەمان و لە هەمووشیان پتر تەومژاوییە، رۆژنامەنووسان بۆکێ کار دەکەن، رۆژنامەوانیی لێکۆلینەوە، سەربەخۆیی لە حزبایەتی، چاودێری کردنی دەسەڵات و دەنگدان بەو کەسەی دەنگی نییە، رۆژنامەوانیی سەکۆیەکی گشتی، وروژاندن و پابەندبوون بە بابەت، دەبا هەواڵ گشتی بی و لەگەڵ گرنگی بابەتەکەدا گونجاو بێت، ویژدان بەرپرسیاریەتی رۆژنامەنووسانە، ئەم بابەتەتانە هەر هەموویان، پێویستن بۆ ئەوەی رۆژنامەنووس بتوانێ کاری رۆژنامەوانی پیشەییانە بەرێوە ببات.

- الصحفي العالمي – رۆژنامەنووسی جیهانی:

لە نووسینی دیفید راندال، گەورە رۆژنامەنووسی هەواڵ لە ئیندپندنت، موعین ئیمام بۆ عەرەبی وەریگێڕاوە و چاپی یەکەمی لە ساڵی ٢٠٠٧ لەکتێبخانەی عەبیکان بە (٣٥٦) لاپەڕە دەرچووە، ئەم کتێبە لە ٢٠ بابەتی جۆربەجۆر پێک هاتووە، وێرای دەروازە و سەرچاوە بابەتەکانی ئەمانەن:

ئەوە چییە پەیامنێری باش دروست دەکات، سنووری رۆژنامەوایی و کۆتوبەندەکان، هەواڵ چییە؟، چیرۆکە هەواڵی باش لە کوێوە دێت؟ ، تۆژینەوە، خۆت بەسەرچاوەکاندا زاڵ بە، لێ نەگەڕێی سەرچاوەکان بەسەرت دا زاڵ بن، لێپێچینەوە، نووسینی ئەو راپۆرتانەی کە ژمارە و ئاماریان تێدایە ، گەڕان بە دوای تۆڕی ئەلیکترۆنی، نووسینی راپۆرت و ریپۆرتاژی رۆژنامەوانیی دانسقە، چۆن رووداوە گەورەکان رووماڵ دەکەی؟ هەڵە، راست کردنەوە، بنەماکانی ئکار، نووسین بۆ رۆژنامەکان، پێشەکییەکانی بەرای، بیناو وەسف، مامەڵەکردن لەگەڵ شایەتەکان، شێوازە جیاوازەکانی گێڕانەوەی چیرۆکە هەواڵ، لێدوان، مەبەست و نامەبەست، رۆژناومەوانی لەسەر تۆڕی ئەلیکترۆنی.

یەکێکە لە کتێبە زۆر بایەخدارەکانی بواری رۆژنامەوانیی و کارێکی تابلێی شایەنە و پێویستە بخوێندرێتەوە.

الصورة والجسد، دارسات نقدية في الاعلام المعارصر- وێنە و لاشە، لێکۆلینەوەیەکی ڕەخنەیی لە ڕاگەیاندنی هاوچەرخ:

نووسینی د.محەمەد حسامەدین ئیسماعیل، لە بڵاوکراوەکانی مەڵبەندی لێکۆلینەوەی یەکێتی عەرەبە، چاپی یەکەمی لە ٢٠٠٨ لە بیروت بە (٢٥٤) لاپەڕە دەرچووە.

ناوەڕۆکی ئەم کتێبە لە چوار بەش پێک هاتووە. بەشی یەکەم: ڕاگەیاندنی و دوا بە دوای نوێخوازی، هەڵکشانی وێنە و کەوتنی وشە.

بەشی دووەمیش: گۆرانییە عەرەبیە هاوچەرخەوێنەدارەکان. بەشی سێیەمیش: ئابووری سیاسی و ڕۆشنبیری وێنە. بەشی چوارەمیش: شیکردنەوەی ڕۆشنبیری بۆ ڕووتی ڕاگەیاندن (التحليل الثقافي للعرى الاعلامي)، ئەوبەشانەش هەر هەمویان دابەشی سەر سەردێرەی دیکە دەبن و ئەو سەردێرانەش دیسان دابەشی سەرناوی لاوەکی دیکە دەبن و زانیاری و وردکاری زۆر لایەنی ڕاگەیاندن و وێنەو لاشەی لە خۆ گرتووە.

دراسات سوسيو اعلامية- لێکۆڵینەوەی سۆسۆلۆژیای ڕاگەیاندن:

ئەم کتێبە لە نووسینی (د.محەمەد عەلی بەدەوی)یە و لە زانکۆکانی ئەسکەندەرییە و بەیروتی عەرەبی، بەشی سۆسۆلۆژیای کۆلیژی ئاداب دەخوێندرێ، لە دووتویی (٣٠٢) لاپەڕەی قەبارە (١٧سم بە ٢٤سم) چاپی یەکەمی لە ساڵی ٢٠٠٦ لە لوبنان چاپکراوە، لە بڵاوکراوەکانی (دار النهضة العربية)یە لە لوبنان.

ناوەڕۆکی ئەم کتێبە لە چەند بەشێک پێکهاتووە، لەوانە: باسی لە پەیوەندییەکانی ڕاگەیاندن و چۆنیەتی دروستبوون و گەشەکردنی پەیوەندییەکان دەکات.

هەروەها ئەم کتێبە لە جۆرەکانی پەیوەندی و بنەما سەرەکییەکانی دەکۆڵێتەوە، سەرەڕای چەندین بابەتی دیکە و تەوەری دیکە.

ئەم کتێبە یارمەتی ڕاگەیاندنەکان دەدات بۆ ئەوەی لە بواری سۆسۆلۆژیای ڕاگەیاندن بە شێوەیەکی زانستی و ئەکادیمی سوودی لێوەربگیرێت.

بۆ یەکەمین جار لە بەریتانیا خوێندکارێکی کورد لە میدیای کوردیدا بڕوانامەی دکتۆرا بە ناوونیشانی

(کارتێکردن و بەریەککەوتنی یاسای رۆژنامەگەری لەسەر رۆڵی رۆژنامەنووسی لە هەرێمی کوردستاندا) وەرگرت

ئامادەکردنی: سینەم حەمید

نووسەر و رۆژنامەنووس سامان جەلال، رۆژی ٢٠١١/٧/١٤ لە زانکۆی (برادفۆرد) لە وڵاتی بەریتانیا، لەسەر: بەرەنگاربوونەوە و دەرفەتەکان لە میدیای کوردیدا لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ و کارتێکردن و بەریەککەوتنی یاسای رۆژنامەگەری لەسەر رۆڵی رۆژنامەنووسی لە هەرێمی کوردستاندا، دوای سێ سەعات لە گفتوگۆ و بەرگریکردن لە نامەی دکتۆراکەی، لە لایەن لیژنەی هەڵسەنگاندنی ناوخۆ و دەرەکی (External and Internal examiners)، بڕوانامەی دکتۆرای بەسەرکەوتوویی پێبەخشرا.

لیژنەی هەڵسەنگاندن ئەمانە بوون:

سەرپەرشتیاری یەکەم:

دکتۆر بێن رۆبێرتس

سەرپەرشتیاری دووەم:

دکتۆر دەیڤد رۆبیسۆن

بڕیاردەری دەرەکی:

پرۆفیسۆر کرستین ئالیسن

بڕیاردەری ناوخۆیی:

دکتۆر مارک گۆدەڵ

ناوەرۆکی نامەی ئەم دکتۆرایە، بەشوێنداگەران و دۆزینەوەی رێگا چارەسەرییە بۆ رێکخستنە یاساییەکان لە میدیای کوردیدا، کەوا هەم یاسای کاری رۆژنامەنووسیی پێویستی بە بینینەوە و

د. سامان جەلال

رێکخستنەوە هەیە و هەم تەواوی شێوازەکانی میدیای کوردی پێویستیان بە چەندین بۆدی «جەستە» چاودێری هەیە، بەشێوەیەک هەموو ئەو بۆدیانە لە لایەن یاساوە بناسرێن و پالپشتی یاساییان لە لایەن پەرلەمانی کوردستانەوە بەدەست هێنابێ، هەروەها هەر بۆدییەک خاوەن دەستوری تایبەت بەخۆی بێت. لە لایەکی دیکەوە ئەو برگانەی



نامەی ماستەری سامان جەلال

پەیوەندییان بە ئاسایشی نەتەوەیی و مافی زانیین هەیە، پێویستە لە یاسای گشتی هەرێمی کوردستاندا جێگایان بکرێتەوە، کە بۆ هەموو هاوڵاتییەک وەک یەک بێت بە رۆژنامەنووسانیشەوە.

هەر لەم نامەیەدا گرنگی و پێویستی رێکخستنە یاساییەکان لەمیدیای کوردی بۆ هەرێمی کوردستان بە وردی باسی لێوە کراوە، بە شێوەیەک ئەم رێکخستنانە بوونیان دەبێتە هێنانەکایەی «بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی زیاتر و بەهێزبوونی پیشەییبوون و مسۆگەرکردنی هاوسەنگییەکی وێژدانی لە نێوان ئازادی رادەربڕین و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ» لە لایەن رۆژنامەنووسان و دەزگاکانی راگەیاندن لە هەرێمی کوردستاندا.

هەر لە نامەکەدا هاتووە، کەوا سروشتی کاری میدیا و رۆژنامەنووسان لە قۆناغی سەرهەڵدانی دیموکراسیی ئێستای هەرێمی کوردستاندا، بابەتیی بوون و وردی لە زانیاری و نەشونماپێکردنی دیموکراسییە. لە وەڵامی پرسیارێکی گۆڤاری «رۆژنامەنووس»دا سەبارەت بە ئامانجی نامەی دکتۆراکەی د.سامان جەلال، بەم شێوەیە ئامانجی نامەکەی لە دووتوێی چەند خاڵێکدا بۆ خوێنەرانی «رۆژنامەنووس»ی روونکردەوە:

- بەدواگەڕان و تێگەیشتنێکی ورد، لە ئێستای میدیای کوردی و بە دیاریکراوی لە دوای ساڵی ٢٠٠٣.
- شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی رێکخستنە یاساییەکانی میدیای کوردی لە هەرێمی کوردستان، لە رێگەی لێکۆڵینەوە و بەدواداگەڕان و وردبوونەوە لە یاسای کاری رۆژنامەنووسی.
- بەدواداگەڕان و لێکۆڵینەوەیە لە رۆڵی میدیا لە قۆناغی سەرهەڵدانی دیموکراسی و پەیوەندی نێوان کاری رۆژنامەنووسی و یاساکانی راگەیاندنا.
- لەم نامەیەدا بە وردی باس لە باکگراوەندی کورد لە هەرێمی کوردستان و کوردستان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کراوە، بە شێوەیەک تا چەند میدیای کوردی توانیویەتی رۆڵ و کاریگەری خۆی بنوێنێ لە قۆناغ و سەردەمە جیاوازەکاندا و تا چەند مێژوو و باکگراوەندی کورد لە میدیای کوردی کاریگەرییان لەسەر ئێستای میدیای کوردی بەجێهێشتووە.
- هەر لەم دکتۆرایەدا چەندین ریبازی لێکۆڵینەوە بەکارهاتووە، لەوانە بەکارهێنانی چاوپێکەوتن و شیکردنەوەی ناوەرۆک، هەروەها یاسای کاری رۆژنامەنووسی وەک نموونەیەکی سەرەکی لەم تێزەدا وەرگیراوە.

سروشتی کاری میدیا و رۆژنامەنووسان لە قۆناغی سەرهەڵدانی دیموکراسیی ئێستای هەرێمی کوردستاندا، بابەتیی بوون و وردی لە زانیاری و نەشونماپێکردنی دیموکراسییە



سەبارەت بە دەرەنجامەکانی نامەی دکتۆراکە گوتی:

بۆ شیکردنەوە و لێکۆڵینەوەیەکی دروست، دیارخستنی دەرئەنجامی روون، میدیا لە قۆناغی سەرهەڵدانی دیموکراسی شیکراوەتەوە کە تیایدا هاتووە میدیا ئەرک و ئامانجی لە قۆناغی سەرهەڵدانی دیموکراسیدا جیاوازترە و پێویستە رۆڵی جیاوازتریش ببینێت، چونکە سروشتی سیستەم و قۆناغی سەرهەڵدانی دیموکراسی هەڵگری هەندێک گرفت و کێشەیە، لەوانە گرفتەکانی بەردەم ئازادی رادەربڕین و ئازادی چاپەمەنی، پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و گەیشتن و دەستکەوتنی زانیاری، کە ئەو کێشانە کۆسپن لەبەردەم میدیا و رۆژنامەنووسان و تەنانەت یاساکانیشدا.

هەروەها تیادا هاتووە میدیا ناتوانێت دیموکراسی بەرهەم بێنێت لە شوێنێکدا دیموکراسی بوونی نەبوو، یان بە تەواوی جێگیرنەبوو، بەڵام میدیا هەمیشە دەتوانێ یارمەتیدەرێکی کارا بێت بۆ نەشونما پێکردنی دیموکراسی، بۆیە لە هەرێمی کوردستانیش میدیا دەخوازێ رۆڵ و ئەرکی جیاوازتر ببینێت.

لە دوای ساڵی ٢٠٠٣:

- چاپەمەنییەکان و بواری پەخش بە تایبەتی بەرەو پێشچوون بەهۆی گەیشتنی تەکنەلۆژی نوێ.
- تێگەیشتنی زیاتر بۆ (ئازادی چاپەمەنی و ئازادی رادەربڕین و دیموکراسی و سیاسەت و پەروەردە) دروست بوو.
- میدیای سەربەخۆ گەشەی زیاتری کردووە و لەگەڵ ئەوەشدا لە هەندێک حاڵەتدا گرژی لە نێوان میدیای سەربەخۆ و میدیای ئۆپۆزسیۆن و میدیای دەسەڵات رووبداوە.
- یاسای رۆژنامەگەریی لە کوردستان، ژمارە ٣٥ لە پەرلەمانی کوردستان لە ٢٠٠٨ دەرچووە.
- زیادبوونی ژمارەی رۆژنامەنووسان، کە ئەندامن لە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان.
- بەرەو پێشچوونی راهێنانی ژمارەیەک لە رۆژنامەنووسان بەرەو پیشەیی کردنیان لە رێگەی ناوەندە ئەکادیمییەکانەوە.

هەر لە رێگەی ئەم دیدارەوە د.سامان جەلال کەموکوڕییەکانی یاسای کاری رۆژنامەگەریی دەدۆزێتەوە و دەستنیشانیان دەکات، لەوانە:

- زۆری سزای دارایی.
- خراپی سزاکان.

میدیا ناتوانێت دیموکراسی بەرهەم بێنێت لە شوێنێکدا دیموکراسی بوونی نەبوو، یان بە تەواوی جێگیرنەبوو، بەڵام میدیا هەمیشە دەتوانێ یارمەتیدەرێکی کارا بێت بۆ نەشونما پێکردنی دیموکراسی، بۆیە لە هەرێمی کوردستانیش میدیا دەخوازێ رۆڵ و ئەرکی جیاوازتر ببینێت

لە راستەوە: د.سامان جەلال، پرۆفیسۆر کرستین ئالیسنProfessor Christine Allison، دکتۆر مارک گۆدەڵ Dr. Mark Goodall، دکتۆر بێن رۆبێرتس Dr. Ben Roberts، زانکۆی برادفۆر ٢٠١١/٧/١٤

– بەگوێرەی ئەم یاسایە، کە نابێ رۆژنامەنووس بکوژرێ، بگیرێ، برفێندرێ و بریندار بکرێت، لێی بدرێت، ون بکرێت یان لە ئیشەکەی دووربخرێتەوە و رووبەڕووی تووندوتیژی ببێتەوە، بەڵام لە هەرێمی کوردستان سستی و لاوازی ئەم یاسایە بۆتە هۆی بوونی هەموو ئەو کەم و کورتیانە.

– هەروەها لە ناوەڕۆک و لە بواری جێبەجێکردنیشدا ئەو یاسایە هەڵگری کەموکورتی و گلەیی زۆرە، بۆیە لە دەرەنجامی ئەم نامەیەدا هاتووە، کە ئەم یاسایە بەپەلە پێویستی بە پێداچوونەوە و بینینەوە و هەموارکردن هەیە، چونکە هەندێک لە ماددە و بڕگەکەکانی پێویستییان بەپەلە گۆڕین و دەستکاری کردن هەیە، تاوەکو لەگەڵ ڕەوشی کاری ڕۆژنامەنووسی کۆک و گونجاو بێت.

پێویستە یاسای کاری ڕۆژنامەگەری ئاماژە و بڕگەی دروست زیاد بکات بۆ ئەوەی ڕۆژنامەنووسان لە مامەڵەکردنیان لەگەڵ منداڵان ڕێگای یاسایی و شێوازی دروست بگرنەبەر

هەر لەم نامەیەدا هاتووە کەوا:

– ڕۆژنامەنووسان دووركەونەوە لە خۆخەریک کردن بەهەراسان کردن.

– ڕۆژنامەنووسان مامەڵەی تەندروست بکەن، لەگەڵ ڕەوشی ماتەمینی و ڕووداوە دڵتەزێنەکان.

– لە پەیوەندی کردن، پێویستە یاسای کاری ڕۆژنامەگەری ئاماژە و بڕگەی دروست زیاد بکات بۆ ئەوەی ڕۆژنامەنووسان لە مامەڵەکردنیان لەگەڵ منداڵان ڕێگای یاسایی و شێوازی دروست بگرنەبەر.

– هەروەها ئەم یاسایە ئاماژەی نەکردووە لە بەکارهێنانی شایەدی بە پارەگیراو.

د. سامان لەکاتی تەوقەکردن لەگەڵ سەرۆکی زانکۆی شیفڵد هەلام لەکاتی وەرگرتنی تیزی ماستەر ٢٠٠٨.

هەروەها لەم نامەیەدا هاتووە:

- رۆژنامەنووسان پێویستە بزانن، کەوا مافی بێ سنووریان نییە لە چوونە نێو شوێنە گشتییەکاندا، وەکو نەخۆشخانە و خوێندگا و بەندیخانەکاندا، بەبێ مۆڵەت و ڕەزامەندی.
- ئەم یاسایە بە شێوەکی گشتی وەکو پێویست لە لایەن حکومەت و پارتە سیاسییەکان و دادوەرەکان جێبەجێ نەکراوە.
- بەتەنگەوەهاتن بۆ تەواو ئازادی چاپەمەنی و دەستکەوتنی زانیاری لە هەرێمی کوردستان، کە هەردووکیان دوو کلیلی گرنگن بۆ بەرەو پێشبردنی میدیای کوردی.

هەر لەم دکتۆرایەدا هاتووە، کەوا رۆڵی رۆژنامەنووسان لە هەرێمی کوردستاندا، لە قۆناغی سەرهەڵدانی دیموکراسیدا پێویستە بەم شێوەیە بێ:

- وردبوون لە زانیاری.
- لێکۆڵینەوە لە هێزی سەرچاوەکان.
- شیکردنەوەی ڕووداوە سەرەکییەکان.
- دابینکردنی دیالۆگ لەنێوان هاوڵاتیاندا.
- هەستکردن بەهەستی کەسانی دیکە.
- دادگا سەرپشک بێت لە کێشەکان.
- بێ لایەنی و بابەتی بوون لە کاری میدیادا.

هەموو ئەمانە لەبەرچاو بگرین و هەنگاوەکان پەیڕەو بکرێن.

بەڵام لە قۆناغی ئێستای هەرێمی کوردستاندا، کە قۆناغی سەرهەڵدانی دیموکراسی و میدیایە، بێگومان بەدەر نییە لە هەندێک گرفت، وەکو:

- نا وردی لە زانیارییەکان لە لایەن سەرچاوە

ڕەسمییەکانەوە.
- بە قورسی گەیشتن بە زانیاری.
- پێدانی زانیاری بێ شومار لە ڕووی چەندایەتییەوە و هەندێک جار ئاڵۆزی ئایدییەکان، کە هەموویان نوێن بۆ هاوواڵاتی لە قۆناغی سەرهەڵدانی دیموکراسی دروست دەبێ.

لەم کارنامەی دکتۆرایەدا هاتووە، پێویستە ڕۆژنامەنووسانی کوردستان هاوسەنگی بکەن لە نێوان ئازادی و ڕادەربڕین و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ.

*** دکتۆر سامان جەلال**

- لە ١٩٧٤/٣/١ لە شاری هەولێر لە دایک بووە.
- خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لە شاری هەولێر تەواوکردووە.
- لە ساڵی ١٩٩٧ بەشی میکانیک لە پەیمانگای تەکنیکی سلێمانی تەواو دەکات.
- لە ساڵی ٢٠٠١ بەشی ڕۆژنامەنووسی لە پەیمانگای تەکنیکی سلێمانی تەواو کردووە.
- لە ساڵی ٢٠٠٥ بەشی ڕاگەیاندن لە کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان لە زانکۆی سلێمانی تەواو دەکات.
- لە ساڵی ٢٠٠٦ لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی ناردن و پەیوەندییە ڕۆشنبیرییەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ خوێندنی ماستەر و دکتۆرا، نێردراوە بۆ بەریتانیا.
- سەرەتای ساڵی ٢٠٠٨ خوێندنی ماستەر لە بواری (پەخشی ڕۆژنامەوانی نێودەوڵەتی) لە زانکۆی شەفیڵد هەلام sheffield Hallam لە وڵاتی بەریتانیا تەواو دەکات.
- هەر لەوڵاتی بەریتانیا لە مانگی تەمووزی ٢٠١١ خوێندنی دکتۆرا لە بواری میدیای کوردی لە زانکۆی برادفۆرد Bradford بە ناوونیشانی: (کارتێکردن و بەریەککەوتنی یاسای ڕۆژنامەگەری لەسەر ڕۆڵی ڕۆژنامەنووسی لە هەرێمی کوردستاندا) تەواو دەکات.

* پاش وەرگرتنی بڕوانامەی دکتۆرا، گەڕاوەتەوە کوردستان و لەهەردوو زانکۆی سەلاحەددین و کۆیە، دەستبەکار بووە.

هەوالنامەی کێبڕکێ

RJA ŢəZə

ڕیا تازە (R’YA T’EZE)
بەتەمەنترین ڕۆژنامەی زیندووی کوردی

دیمانە: سەرباز سیامەند

«ڕۆژنامەی ڕێیا تازە لە ئێستا بە هۆی خراپی ڕەوشی ئابووریيەوە مانگی یەک ژمارەی لێ دەردەچێت.»

سەرنووسەری ڕۆژنامەی ڕێیا تازە (R’YA T’EZE) تیتالێ کەرەم:

ڕۆژنامەی ڕێیا تازە (R’YA T’EZE)، بەتەمەنترین ڕۆژنامەی زیندووی کوردییە، کە تا ئێستا لە چاپکردن و دەرچوون بەردەوامە. دواین سەرنووسەری ڕۆژنامەکە تیتالی کەرەم لە دیمانەیەکی تایبەتدا باس لە بارەی مێژووی کارکردن و کار و خەباتی ڕۆژنامەکە و ئاستەنگییەکانی بەردەم ڕۆژنامەکە دەکات:

تیتالێ کەرەم
سەرنووسەری (ڕیا تازە)

رۆژنامەی ڕێیا تازە تەمەنی ٨١ ساڵە

Proletarë nëna dashuje ku punë!

RJA Ţəzə

Organ qëndror mujor i Komisariatës së Arsimit Ermetor dhe Komitetit Qëndror të Partisë së Punës së Shqipërisë

Nr. 1

"Əlifbaje təzə I şərqe inglabəkə məzbnə„

Inglaba oktjabre u əlbf-baje təzə

TƏBRIK

TƏBRIK

Salevasta mazn

کۆنترین رۆژنامەی کوردی کە تا ئێستا زیاتر لە ٨١ ساڵە لە چاپ و بڵاوکردنەوە بەردەوامە رۆژنامەی ڕێیا (R'YA T'EZE)یە، کە هەر لە ساڵی ١٩٣٠ یەوە تا ئێستاش لە ئەرمەنستان دەردەچێت. یەکەمین رۆمانتووسی کورد عەرەبێ شەمۆ خاوەنی رۆمانی (شڤانێ کورد)، ناوبراو کە لە (١٨٩٨/١٠/٢٣ دایکبووە و تاکو ١٩٧٨/٤/٢١) ژیاوە، یەکێک بوو لە دامەزرێنەران و سەرنووسەری رۆژنامەی ڕێیا تازە. سەرنووسەری ئێستای رۆژنامەی ڕێیا تازە (R'YA T'EZE) تیتالێ کەرەم، کە دەکاتە هەشتەمین سەرنووسەری رۆژنامەکە ئەو لەم دیمانەیە تایبەتەدا لە بارەی مێژووی دەرچوونی رۆژنامەکە بۆمان دوا و گوتی: «یەکەم ژمارەی رۆژنامەی ڕێیا تازە (R'YA T'EZE) لە ٢٥ ئاداری ١٩٣٠ بە شێوەی هەفتانە دەرچووە. هەر هەفتەی ژمارەیەک تا دوو ژمارەی ٤ لاپەڕەیی بە قەبارەی ١٢،٠ بە ١٦،٨ ئینچ (٣٠ بە ٤٢ سانتیمەر)ی لێ بە چاپ گەیشتووە. یەکەمین رۆژنامەی کوردییە، کە لە (جاوجاسو) بە ئەلفوبێی لاتینی و بە کوردی دەرچووە. رۆژنامەکە رۆژنامەیەکی کوردییە و بە زمانی کوردی و بە پیتی لاتینی و بە زاراوەی کرمانجی سەروو لەم شوێنانە چاپکراوە: رەوان (یەریڤان)، جاوجاسوس، ئەرمینا و سۆڤیەت، ئێستاش لە ئێریڤانی ئەرمەنستان دەردەچێت و تا ئێستا بەردەوامە.»

کۆنترین رۆژنامەی کوردی کە تا ئێستا زیاتر لە ٨١ ساڵە لە چاپ و بڵاوکردنەوە بەردەوامە رۆژنامەی ڕیا تازە (R'YA T'EZE) یە، کە هەر لە ساڵی ١٩٣٠ یەوە تا ئێستاش لە ئەرمەنستان دەردەچێت

قەبارەکەی گەورەتر کرا

تیتالێ کەرەم ئەوەشی گوت: «رۆژنامەکە یەکەم ژمارەی کە لە ساڵی ١٩٣٠ دەرچوو تاکو ساڵی ١٩٣٨ بەردەوام بوو. تەواوی ئەو ماوەیە بە کوردی و بە پیتی لاتینی دەرچووە، بەڵام لە سەردەمی رژێمی ستالین، رۆژنامەکە بۆ ماوەیەک تاکو ساڵی ١٩٥٥ راگیرا و نەیان هێشت دەربچێت. رۆژنامەکە سەرەتا لە گەورە شاری ئەرمینیا لە ئێریڤان بە تیراژی ١٠٠٠ دانە تاکو (١٩٣٨)ەوە لە لایەن کوردەکانی سۆڤیەت دەرچووە. رۆژنامەکە قەبارەکەشی گەورەتر کراوە بە تایبەتی دوای مردنی ستالین لە ١٩٥٥دا رۆژنامەکە دیسان دەستی بە پەخشی خۆی کرد، بەڵام ئەمجارە بە ئەلفوبێی کریلی دەست بە چاپ و بڵاوکردنەوەی کرا.»

خراپ بوونی ڕەوشی ئابووری ڕۆژنامەکە

تیتالێ کەڕەم گوتیشی: «ڕۆژنامەکە تاکو هەڵوەشانی یەکێتی سۆڤیەت (١٩٩١) دەوڵەت هاوکاری مادی پێشکەش بە ڕۆژنامەکە دەکرد. چونکە ڕۆژنامەکە وەکو ئۆرگانی (حیزبی کۆمۆنیستی کۆماری ئەرمەنستان)ی نێو سۆڤیەت هەژمار دەکرا. بەر لە لەبەریەک هەڵوەشانی یەکێتی سۆڤیەت، ڕۆژنامەکە کەوتە نێو ڕەوشێکی تەنگ ماددی خراپەوە، هەر بۆیە وڵاتپارێزە کوردەکان هاوکاری ڕۆژنامەکەیان کرد تاکو ڕۆژنامەکە دانەخرێت، بەهۆی خراپبوونی توانای ئابوورییەوە. هەر لە ١٩٩١ەوە ڕۆژنامەکە تاکو ٢٠٠٦ بە هاوکاری وڵاتپارێزە کوردەکان لەسەر پێی خۆی وەستا».

R'YA T'EZE

N: 8 (1863)
YEKŞEM
(AVGÛST)
SALA 2011
JI SALA 1930 -ê
NEXŞÎ DIBE

ARMANC VALAKIRINA QENDÎLÊYE

SERKWESÎYA R'ÊXISTINÊN K'URDÊN ERMENÎSTANÊ

R'OJA BÎRANÎNA CANGORYAN LI MALA ÊZDIYAN

Banga Serokê Herêma K'urdistanê birêz Mesûd Barzanî

لە (٢٠٠٠)ەوە دیسانەوە بە پیتی لاتینی دەردەچێت

تیتالێ کەڕەم وەها درێژەی بە ئاخاوتنەکانی دا: «ڕۆژنامەی ڕیا تازە لە ساڵی ٢٠٠٠ جارێکی دیکە بە ڕێنووسی لاتینی چاپ و بڵاوکردنەوەی خۆی بەردەوام کرد کە هەر لە سەرەتا دا لە ١٩٣٠ تاکو ١٩٣٨ بە ئەلفوبێی لاتینی دەرچووبوو. بۆیە هەر لە ساڵی ٢٠٠٠ەوە تاکو ئێستا ڕۆژنامەکە بەردەوامە و بە پیتی لاتینی و بە کرمانجی سەروو چاپ و دەردەچێت.

سەرنووسەری ڕۆژنامە و ٢٠ ساڵ خەباتکاری ڕادیۆی ئێریڤان

تیتالێ کەڕەم باسی لەوە کرد، کە ڕۆژنامەیەک بەو تەمەنەیەوە چەندین سەرنووسەری بینیوە و گوتی: «ڕۆژنامەکە هەر لە ساڵی (١٩٣٠)یەوە تاکو ئێستا ٨ سەرنووسەری هەبووە، بەڵام دوای مردنی حەوتەمین سەرنووسەری ڕۆژنامە (گریشیاریێ مەمێ) لە تشرینی دووەمی ٢٠١٠ من (تیتالێ کەڕەم) بە هەشتەمین سەرنووسەری ڕۆژنامەی ڕیا تازە هەڵبژێردرام و تاکو ئێستا لەو ئەرکە بەردەوامم. لە هەمان کاتیشدا لە ڕادیۆی فەرمی ئەرمەنستان لە بەشە کوردییەکەی، کە دەکاتە ڕادیۆی ئێریڤان ماوەی ٢٠ ساڵە لەو ڕادیۆیەش کار دەکەم.»

ڕۆژنامەکە تاکو هەڵوەشانی یەکێتی سۆڤیەت (١٩٩١) دەوڵەت هاوکاری مادی پێشکەش بە ڕۆژنامەکە دەکرد. چونکە ڕۆژنامەکە وەکو ئۆرگانی (حیزبی کۆمۆنیستی کۆماری ئەرمەنستان)ی نێو سۆڤیەت هەژمار دەکرا

ئێستا، کە بە هۆی خراپی ڕەوشی ماددییەوە مانگی یەک ژمارەی لێ دەردەچێت

سەرنووسەرەکەی ڕۆژنامەی ڕیا تازە باسی لەوە کرد، خرابوونی ڕەوشی ئابووری ڕۆژنامەکە کاریگەری

خراپی لەسەر دەرچوونی ماوەی رۆژنامەکە جێهێشتووە و گوتی: «دەبێت ئەوەشمان لەبیر نەچێت، کە دوای لەبەر یەک هەڵوەشانی یەکێتی سۆڤیەت رەوشی رۆژنامەکە لە جاران زۆر خراپتر بوو. لە سەردەمی سۆڤیەتەوە تاکو ١٩٩٠ رۆژنامەکە هەر هەفتەی ٢ ژمارەی لێ چاپ دەکرا و جاریش هەبوو لە مانگێکدا ٤ ژمارەی لێ چاپ و بڵاودەکرایەوە. بەڵام دوای لەبەر یەکهەڵوەشانی یەکێتی سۆڤیەت و بڕینی ئەو هاوکارییەی بە راگەیاندنەکان دەدرا، رۆژنامەکە کەوتە نێو دۆخێکەوە کەوا لە حاڵێکی خراپدا بە چاپ دەگەیشت. بۆیە رۆژنامەکە تەنیا هەفتەی جارێک و پاشان لە دوو هەفتەدا واتە لە نیو مانگدا تەنیا یەک ژمارەی لێ چاپ دەکرا و دواتر لە مانگێکدا تەنیا یەک ژمارەی لێ چاپدەکرا و تا ئێستاش بە شێوەی مانگانە مانگی تەنیا یەک ژمارەی لێ دەر دەچێت».

رێیا تازە و ئینستیتۆی کورد لە برۆکسل (بەلجیکا)

سەرنووسەرەکەی رۆژنامەی رێیا تازە بەڕێز تیتالێ کەرەم، کە لە دایکبووی ١٩٦٥ی ئەرمەنستانە و کوردێکی باوەڕداری ئێزدییە، ناوبراو لە بارەی هاوکاریکردنی رۆژنامەکە لە حاڵی ئێستادا گوتی: «خۆشبەختانە سەرۆکی ئینستیتۆی کورد لە برۆکسل دەرویش فەرعۆ ئەرکی مادی رۆژنامەکەی لە ئەستۆ گرت. بۆیە تێچوو و ئەو باجەی کە پێویستە رۆژنامەکە بیداتە دەوڵەتی ئەرمەنستان ئینستیتۆی کورد لە برۆکسل بە ئەرکە ماددییەکەی لە ٢٠٠٥ەوە تاکو ٢٠١٢ لە ئەستۆی خۆی گرتووە و هاوکارمانە تاکو رۆژنامەکە لە چاپکردن نەوەستێت. بەڵام تاکو ئێستاش ئێمە لەنێو رەوشێکی مادی خراپدا رۆژنامەکە بە چاپ دەگەیەنین و بە تایبەت بۆ هاوکاریکردنی رۆژنامەکە لە ٢٠١٢ بەدواوە هیچ ئاسۆیەکی هاوکاری نییە».

دەستەی ئێستای رۆژنامەکە

تیتالێ کەرەم وەها لە بارەی دەستەی ئێستای رۆژنامەکە بۆمان دوا: «ئێستا ئێمە بە فەرمی ٣ کەس لە رۆژنامەکەدا کار دەکەین. من تیتالێ کەرەم سەرنووسەری رۆژنامەکە، مرازێ جەمۆ و خەباتکارێکی کۆمپیوتەرمان هەیە، کە هەندێکجار بێ بەرامبەر هاوکاریمان دەکات. بەڵام بە گشتی من و مرازێ جەمۆ کارەکانی رۆژنامە رایی دەکەین».

هاوارێک بۆ بیستن!

سەرنووسەری بەتەمەنترین رۆژنامەی زیندووی کوردی تیتالێ کەرەم وەها کۆتایی بە قسەکانی هێنا: «ئێمە هەمیشە بانگەوازیمان ئەوەیە، کە چ کەسانی وڵاتپارێز بن یان حکومەتی هەرێمی کوردستان هاوکاریمان بکەن تاکو رۆژنامەکە بەردەوام بێت و لە چاپ و بڵاوکردنەوە نەوەستێت. هەرچەند ئێمە چەندین جاری دیکە ئەو داواکاریەمان کردووە، بەڵام تا ئێستا هیچ وەڵامێکمان پێ نەگەیشتووە بۆ ئەوەی رۆژنامەکە نەوەستێت و لە چاپکردن بەردەوام بێت. رۆژنامەکە لە ١٩٣٠ یەوە تاکو ئێستا ٤ هەزار و ٨٦٣ ژمارەی لێ دەرچووە.»

الموسوعة الصحفية الكردية في العراق تاريخها وتطورها

ئینسکلۆپیدیای رۆژنامەگەریی کوردی لە عێراق مێژوو و گەشەسەندنی

هەژار خەیات



کتێبی (ئینسکلۆپیدیای رۆژنامەگەریی کوردی لە عێراق، مێژوو و گەشەسەندنی)، کە بە زمانی عەرەبی (الموسوعة الصحفية الكردية في العراق، تاريخها وتطورها) لە نووسینی (د.فائق بطي) یە و لە لایەن دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی (المدى) چاپ کراوە، لە دووتوێی (٨٨٤) لاپەڕەیە و بە قەبارەی (١٧×٢٤)سم و بە بەرگێکی پوخت خراوەتە بەردەستی خوێنەرانی.

ناوەرۆکی ئەم ئینسکلۆپیدیایە لە رووی مێژووی رۆژنامەگەریی کوردی و دابەشکردنی بە چەند قۆناغێک و هەروەها لە پێشەکییەکەیدا زۆر وردی باس لە مێژوو و سەرهەڵدانی رۆژنامەگەریی کوردی دەکات، ئینسکلۆپیدیاکەی لە هەشت بەش پێکهاتووە.

بەشی یەکەم: باس لە مێژووی کورد و یەکەمین رۆژنامەی کوردی (کوردستان) و گۆڤاری رۆژی کورد و بانگی کورد و تێگەیشتنی راستی و هتد. دەکات.

بەشی دووەمی: باس لە گەشەسەندنی رۆژنامەگەریی کوردی (١٩٤٨-١٩٩١) دەکات.

بەشی سێیەم: رۆژنامەگەری رێکخراو و کۆمەڵە و دەزگاکان، کە ئەو رۆژنامە و گۆڤارانە لەخۆ دەگرێت، کە لەلایەن دەزگایەک یان کۆمەڵێک دەرچووە، بەر لە ١٩٩١ و دوای ئەویش. لەگەڵ ئەوەشدا باس لە رۆژنامەگەریی خوێندکاران، کە رۆژنامەگەریی رێکخراو و قوتابخانە و زانکۆکان بە جیا باس دەکات.

بەشی چوارەم: رۆژنامەگەریی حیزبە سیاسییەکان پۆلین دەکات.

بەشی پێنجەم: رۆژنامەگەریی تاراوگە لە ١٩٧٥-٢٠٠٥.

بەشی شەشەم: رۆژنامەگەریی کوردی لە سایەی راپەڕین ١٩٩١-٢٠٠٣.

بەشی حەوتەم: رۆژنامەگەریی کوردی دوای رووخانی دکتاتۆریەت (٢٠٠٣).

بەشی هەشتەم: پێشەنگ و راگەیاندکارەکان لە رۆژنامەگەریی کوردی، هەر لە پیرەمێردی شاعیر و رۆژنامەنووس، حوسێن حوزنی موکریانی، مستەفا پاشا یامولکی، حوسێن نازم، سالح زەکی ساحێبقران و عەلی کەمال باپیر.. هتد

هەر لەو بەشەشدا شەهیدانی رۆژنامەگەریی کوردی دەخاتە نێو ئەو ئینسکلۆپیدیایە، لەوانە: مەعروف بەرزنجی و ئەنوەر مائی و نافیع یونس و سالح یوسفی و دارا تۆفیق.

لە کۆتایی بەشی هەشتەمدا دێتە سەر باسی گۆڤاری «رۆژنامەنووس»، کە لە لایەن سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانەوە دەردەچێت و رۆڵ و کاریگەری سەندیکا لە داکۆکیکردن لە رۆژنامەنووسان و پێکهاتەی ئەنجوومەنی سەندیکا و ئەو کۆنگرانەی بەستوویەتی، دەکات.

ئێـوارەی ڕۆژی ٢٠١١/٩/١٢ بیرمەنـدی سیاسی «حەسەن عەلەوی» سەرۆکی لیستی عیراقیەی سپی لە پەرلەمانی عیراق، سەردانی بـارەگای سـەندیکای ڕۆژنامەنووسـانی کوردستانی لە هەولێری پایتەخت کرد.
لە ڕێورەسمێکی شایستەدا لە لایەن هەر یەک لە ئازاد حەمەدەمین نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی کوردسـتان و شوان داودی جێگری نەقیب و سکرتێری سەندیکا و ژمارەیەک لە ئەندامانی ئەنجومەنـی سـەندیکای ڕۆژنامەنووسـانی کوردستان پێشوازییەکی گەرمی لێکرا.
مەبەسـت لـە سـەردانەکەی «عەلـەوی» پیرۆزباییکـردن بـوو لـە دەسـتەی نوێـی ئەنجومەنـی سـەندیکا، هەروەها سـەبارەت بە هەڵسـەنگاندنی ڕەوشـی سیاسی ئەمڕۆی کوردسـتان و عێـراق قسەوباسـی لەسـەر کـرا، سـەرەڕای ئـەوەش بـاس لـە جیهانی ڕۆژنامەنووسی عیراقی و کوردستان کرد.
بڕیـار درا لـە هەفتـەی ئایندەدا سـەندیکای ڕۆژنامەنووسـانی کوردستان سـیمینارێکی کراوە بۆ بەڕێزیان ببەستێ.

* * *

سەندیکا پشتیوانی لە لیژنەی رۆژنامەنووسانی سنوور دەکات

نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان و سکرتێری سەندیکا، رۆژی ٢٠١١/٩/١٩، کۆبوونەوەیەکیان لەگەڵ لیژنەی سنوور بۆ داکۆکیکردن لە ئازادی رۆژنامەنووسان لە بواری رووماڵکردنی رووداوەکانی سەرسنووری کوردستان، بەست.
لیژنەکە لە هاوکاران (ئاسۆ عەلی فەرەج، کاروان محەمەد سابیر، هیوا بەرزنجی، میران بەکر، هێمن رانیەیی، ریزیار سالّح، هۆشمەند قادر، عیماد نەجمەدین) پێکهاتبوو.
هەروەها لیژنەکە یادداشتێکیان سەبارەت داواکارییەکانیان پێشکەش بە ئەنجومەنی سەندیکا کرد، نەقیبی رۆنامەنووسانیش پشتگیری ئەنجومەنی سەندیکای بۆ لیژنەکە دەربڕی.

* * *

سەندیکا سیمینارێک بۆ سیاسەتمەداری عیراقی حەسەن عەلەوی رێکدەخات

سەر لە ئێوارەی رۆژی ٢٠١١/٩/٢٠، لە هۆڵی هوتێل رۆتانا لە شاری هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان، سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان، سیمینارێکی بۆ بیرمەندی سیاسی عیراقی حەسەن عەلەوی بە ناوونیشانی (تیرۆانینێک بۆ ستراتیژیەتی ناوچەکە و رەنگدانەوە کوردستانییەکانی) رێکخست.
لە دەستپێکی سیمینارەکەدا، بیرمەندی بەڕێز باسی لە ستراتیژیەتی ئەمریکا لە ناوچەکەدا، دوای رووداوی (١١ی ئەیلوول) دوا و جەختی لەوەش کردەوە، کەوا ئەم ستراتیژیەتە لەسەر بنەماکانی جەنگی ساردی پێش جەنگی دووەمی جیهانی، لە رووی ململانێیەکانەوە دامەزراوە.
بابەتەکەش چەندین تەوەری ورووژاند، وەک سیاسەتەکانی رژێمی دیکتاتۆری، کە چۆن (سەدام)، دۆزی کوردی بۆ خۆڕزگارکردن لە قەیرانەکانی حیزبی و کەسێتی بەکاردەهێنا، هەروەها سەبارەت بە زەمینەسازی بۆ راگەیاندنی دەوڵەتی کوردی لە کوردستانی عیراقدا دوا و گوتی: جەنگ دژی کوردەکان هەر لە ساڵی (١٩٢٤)وە دەستی پێکردووە و پشتگیری میللیشی بەدەستهێناوە و کوردەکان سوودیان لەو دەرفەتە زێڕینانە لەم بوارەدا وەرنەگرتووە و داواشی کرد زەمینەسازی بکرێت بە تایبەتی لە بواری راگەیاندنا، بۆ راگەیاندنی دەوڵەتی کوردی، هەروەها باسی لە هەڵوێستەکانی تورکیا و ئێران و سعوودیە و دەوڵەتانی دیکە، سەبارەت عیراق و کوردستان کرد.
لە کۆتایی سیمینارەکەدا، لە لایەن ئامادەبووانەوە چەندین را و سەرنج و تێبینی خرانە روو و گفتوگۆ لە بارەیانەوە کرا.

(١٠٪)ی کورسییەکانی بەشی راگەیاندن بۆ پالێوراوانی سەندیکایە

لە هۆڵی هوتێلی- رۆژتانا- لە شاری هەولێر و لە کاتی بەڕێوەچوونی سیمیناڕێک بە ناوونیشانی (تێڕوانینێک بۆ ستراتیژییەتی ناوچەکە و رەنگدانەوە کوردستانییەکانی) لە لایەن سیاسەتمەداری عیراقی (حەسەن عەلەوی) لە ڕۆژی ٢٠١١/٩/٢٠دا، وەزیری خوێندنی باڵا، ئەو ڕێککەوتنەی، کە لەگەڵ سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و وەزارەت کرابوو، ئاشکرا کرد. کە بە پێی ئەم ڕێککەوتنە لە (١٠٪)ی کورسییەکانی کۆلیژ و پەیمانگای راگەیاندن، بۆ پالێوراوانی سەندیکا تەرخان دەکرێت، ئەمەش بە پێی ڕێنمایی تایبەت و پشتگیری سەندیکا، کە ئەم پالێوراوانە زیاتر لە (٢) ساڵ کاری ڕۆژنامەوانی دەکەن و دەبێ لە ئەزموونێکی تواناسازی دەر بچن.

* * *

ئەنجومەنی سەندیکا.. یارمەتی بەسەر ڕۆژنامەنووسانی خانەنشین دابەش دەکات

ئێوارەی ڕۆژی ٢٠١١/٩/٢١ لە هۆڵی بارەگای ئەنجومەن، لە شاری هەولێر، بە ئامادەبوونی (ئازاد حەمەدەمین) نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و سکرتێر و ژمارەیەک لە ئەندامانی ئەنجومەنی سەندیکا لە ڕێوڕەسمێکدا، بڕی ٥٠٠،٠٠٠ پێنج سەد هەزار دینار وەکو یارمەتی بەسەر ڕۆژنامەنووسانی خانەنشین دابەش کرا.

لە ڕێوڕەسمەکەدا، کە ژمارەیەک لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن ئامادەبوون، نەقیبی ڕۆژنامەنووسان لە وتەیەکدا ئاماژەی بەوەدا، کە یەکێک لە دروشمەکانی سەندیکا هەوڵدانە لە پێناو دابینکردنی ماف و گوزەرانی شیاو بۆ ڕۆژنامەنووسان، هەر لەم ڕوانگەشەوە چەندین جارە سەندیکا لە بۆنە و یادەکاندا یارمەتی ماددی بەسەر ڕۆژنامەنووسانی خانەنشیندا دابەش کردووە و بە ئەرکی خۆی زانیوە.

جێگەی باسە تا ئێستا (٨) هەشت ڕۆژنامەنووس بەپێی یاسا خانەشین کراون، بەڵام بەداخەوە زیاتر لە ساڵێکە بە هۆی ئەوەی سندووقی خانەنشینی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان لە لایەن حکومەتەوە پارەی لێ بڕاوە، مووچەی ڕۆژنامەنووسانی خانەنشین خەرج نەکراوە، هەر بۆیەش سەندیکا دابەشکردنی ئەم یارمەتییەی بە پێویست زانی.

کۆبوونەوەی دەستەی نوێی گۆڤاری (الصحفي)

سەرلەئێوارەی ڕۆژی ٢٠١١/٩/٢١، بە سەرپەرشتی ئازاد حەمەدەمین نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، لە بارەگای ئەنجومەنی سەندیکا، کۆبوونەوەی دەستەی نوێی گۆڤاری (الصحفي) بەڕێوەچوو.
لەم کۆبوونەوەیەدا سیاسەتی گۆڤارەکە لە خوولی تازەیدا، لە بوارەکانی نووسین و کارگێڕیدا تاوتوێی کرا، هەروەها جەخت لەسەر ئەوە کرایەوە، بایەخ بە ڕۆشنبیری یاسایی و پیشەیی ڕۆژنامەنووسان بدرێت، دەرگای گۆڤار بە ڕووی هەموو دەزگاکانی ڕاگەیاندن کراوە بێت و دەزگاکانی ڕاگەیاندنی ئەهلی و ئۆپۆزسیۆن بایەخی پێبدرێت، کۆبوونەوەکە بە جەختکردن لەسەر کاری دەستەجەمعی بە لێکتێگەیشتن بە کۆتا هات.

* * *

نەقیبی ڕۆژنامەنووسان
لە کۆڕبەندی مافی بەدەستهێنانی زانیاریدا بەشدار دەبێت

ئازاد حەمەدەمین نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان لە کۆڕبەندێک سەبارەت بە پڕۆژە یاسایەک بۆ دابینکردنی مافی بەدەستهێنانی زانیاری، کە لە ٢٠١١/٩/٢٤، لە هۆڵی ئوتێلی شیراتۆن لە شاری هەولێر بەسترا، بەشداربوو.
کاروباری کۆڕبەندەکە بۆ دانیشتنی (بەیانی و ئێوارە) دابەش بوو و چەندین بابەتی لەخۆ گرتبوو، لە نێوانیاندا: پێشکەشکردنی پڕۆژە یاسایەکە، تاوتوێکردنی پڕۆژەکە، کە لە لایەن (براین جیاکومیتی) بەڕێوەبەری پڕۆگرامی ڕێکخراوی (NDI) پێشکەش کرا، ئەمە لە دانیشتنی بەیانی بوو، لە دانیشتنی ئێوارەش بەشی دووەمی پڕۆژەکە و پاراستنی ئەو کەسانەی گەندەڵی دەدۆزنەوە و هۆشیارکردنەوەی هاووڵاتیان خرانە ڕوو.

* * *

لەسەر بانگهێشتی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی ڕۆژنامەنووسان نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، لە وۆرک شۆپێکدا سەبارەت بە ئازادی ڕۆژنامەگەریی کە لە قاهیرە بەسترا.. بەشدار دەبێت

فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی ڕۆژنامەنووسان (IFJ)، بە هاوکاری یەکێتی ڕۆژنامەنووسانی عەرەب، لە ڕۆژانی (٢٩-٣٠/ ئەیلوولی /٢٠١١)، لە شاری قاهیرەی پایتەختی وڵاتی میسردا، وۆرک شۆپێکی هەرێمی لە بارەی ئازادی ڕۆژنامەگەریی سازکرد.
لەسەر بانگهێشتی ئەم ڕێکخراوە نێودەوڵەتییە، ئازاد حەمەدەمین نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و موئەیەد لامی نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی عێراقی، بەشداریان تێدا کرد.
هەر یەکە لە حاج ئەحمەد فاتح ئەمینداری گشتی یەکێتی ڕۆژنامەنووسانی سوودان و محەمەد یوسف سەرۆکی کۆمەڵەی

رۆژنامەنووسانی ئیماراتی و دهیران موتیری ئەندامی کۆمەڵەی رۆژنامەنووسانی کوێتی و محەمەد سالم سەرۆکی سەندیکای رۆژنامەنووسانی مۆریتانی و عومەر فاروق ئەمینداری گشتی یەکێتی رۆژنامەنووسانی سۆمالّ و نەجیبە حەمرونی سەرۆکی سەندیکای رۆژنامەنووسانی تونس و ئەحمەد جەبر ئەندامی ئەنجومەنی رۆژنامەنووسانی یەمەن و عیسا شایجی سەرۆکی کۆمەڵەی رۆژنامەنووسانی بەحرێن و نوێنەرانی سەندیکا و کۆمەڵەی رۆژنامەنووسان لە (مەغریب و عومان و جیبوتی و فەلەستین و میسر) و سەرەڕای جیم بۆمێلا سەرۆکی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی رۆژنامەنووسان و مونیر زەعرور ڕێکخەری کاروباری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهانی عەرەبی، لە فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی و سارا بوشتوب بەرپرسی پرۆژەکان لە فیدراسیۆن و ئیبراهیم نافیع سەرۆکی یەکێتی رۆژنامەنووسانی عەرەب و کرمیتین ئەستیر کرونی لە دەزگای پشتیوانکردنی راگەیاندنی نێودەوڵەتی.. لەم وۆرک شۆپەدا بەشدار بوون.

لە دانیشتنی بەیانی رۆژی یەکەم، بابەتێک لە بارەی چاکسازیکردن لە یاسا رۆژنامەگەرییەکان لە جیهاندا، لەگەڵ گوتەی سەرۆکی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی رۆژنامەنووسان و سەرۆکی یەکێتی رۆژنامەنووسانی عەرەب، پێشکەشکران.
هەر لەم دانیشتنەدا یونس موجاهید سەرۆکی سەندیکای رۆژنامەنووسانی مەغریب، بابەتێکی بە ناوونیشانی (پێوەرە بنچینەییەکانی ئازادی رۆژنامەگەریی و پرنسیپە جیهانییەکانی ئازادی رادەربڕین) پێشکەشکرد.
لە دانیشتنی ئێوارەشدا، راپۆرتە سەندیکاکییەکان، پێشکەشکرا.
لە دانیشتنی بەیانی .. رۆژی دووەم موحازەرەیەک لە لایەن مونیر زەعرور ڕێکخەری فیدراسۆنی نێودەوڵەتی رۆژنامەنووسان، لە ژێر ناوونیشانی (رایەڵەکانی گەیاندنی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی رۆژنامەنووسان و جیهانی عەرەبی) پێشکەش کرا، هەروەها سارا بوشتوب بەرپرسی پرۆژەکان لە فیدراسیۆندا، لە بارەی هەڵمەتی هەرێمی بۆ ئازادی رۆژنامەگەریی دوا.
لە کۆتاییدا گفتوگۆیەکی کراوە، سەبارەت سەرجەم بابەتەکان کرا.
لە نێوان ئەم موداخەلانەی، کە لە وۆرک شۆپێکدا کران، چەند موداخەلەیەکی نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان بوو، کە لە موداخەلەکەیدا ئاماژەی بەوە کرد، سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان، نوێنەرایەتی تویژی راگەیاندنکاران بە جیاوازی نەتەوەکان و ئاینزاکان دەکات، ئەم تایبەتمەندییەش رێگە پێنادات ببێتە ئەندام لە یەکێتی رۆژنامەنووسانی عەرەب، کە نوێنەرایەتی سەندیکاکانی عەرەبی دەکات، بەڵام ئەم راستییەش نابێت ببێتە هۆکارێک بۆ ئەوەی سەندیکای کوردستانی پەراوێز بخرێت و لە راپۆرتەکانی یەکێتی رۆژنامەنووسانی عەرەب، ئاماژە بە چالاکییەکانی نەکرێت، پێویستە ئەوەشیان بیر نەچێت، لە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان ماوەی چەندین ساڵە، ئەندامە لە فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی رۆژنامەنووسان و بە شێوەیەکی کارا لە چالاکییەکانی ئەم فیدراسیۆنە بەشداری کردووە.

لە موداخەلەیەکی دیکەشدا، بانگهێشتی ئەوەی کرد، کەوا فیدراسیۆنی نێو دەوڵەتی رۆژنامەنووسان، هەماهەنگی لەگەڵ سەندیکاکانی ئەندام لە فیدراسیۆندا بکات، بە مەبەستی ڕێکخستنی کۆڕ و سیمینار و وۆرک شۆپ لە بارەی یاسایی مافی بەدەستهێنانی زانیاری، ئاماژەی بەوەش کرد، کە لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان کۆربەندێک سەبارەت بە بابەتی ناوبراو بەسترا، نەقیبی رۆژنامەنووسان بە ڕۆژێک پێش سەفەرکردنی تێدا بەشدار بوو.
لە موداخەلەی سێیەمدا، جەختی لەسەر پێویستی گفتوگۆ کردن لە بارەی دۆزە نێودەوڵەتییەکان بە شێوەیەکی گشتی کردەوە.

هەروەها سەرۆکی یەکێتی رۆژنامەنووسانی عەرەب، لە گوتەکەیدا. ئاماژەی بە راپەڕینەکانی بەهاری عەرەبی کرد، کە هیوای دەرکەوتنی جیهانی عەرەبی نوێ لێدەکرێت، سەرەڕای ئەوەی یارمەتیدەرە بۆ شکاندنی پێوەندکان و چەسپاندنی ئازادی بیرو ڕا.

نەقیبی رۆژنامەنووسانی عێراقیش، ئاماژەی بە ئاڵۆزی کاری رۆژنامەگەریی لە عێراق کرد، دواتر گوتی: بەڵام لەم قۆناغەدا عێراق قۆناغە کۆنەکەی تێپەڕاندووە و بەرەو قۆناغی سەروەری یاسا هەنگاو دەنێت. لە کۆتاییدا وۆرک شۆپەکە، چەندین راسپاردەی پەسند کرد.

١- لە سەردەمە قەیراناوییەکاندا، پێویستە یارمەتی سەندیکاکان بدرێت، بۆ ئەوەی لە توانایدا هەبێت ئەندامەکانی بۆ ڕووبەڕووبوونەوە ئامادە بکات.

٢- پرۆگرامی سەلامەتی پیشەیی چڕ بکرێتەوە ئەوەشی لە ڕێگەی مەشقی پیشەیی و پێشکەشکردنی ڕێنمایی پێویست بۆ پاراستنی رۆژنامەنووسان.

٣- پەرەپێدانی توانا سەندیکاکان و گشتاندنی نوێنەرایەتی سەندیکاکان لەنێو دەزگاکانی راگەیاندنداو، سەندیکاکانیش پێویستە پێوەری دیموکراتییەکان لە کاروباری دارایی و سیاسییدا پەیڕەو بکەن .

٤- تازەکردنەوەی هۆیەکانی گەیاندنی فیدراسیۆنی نێو دەوڵەتی رۆژنامەنووسان، بە شێوەیەکی کاریگەر، لەگەڵ ئەو سەندیکایانەی ئەندامن تیایدا، بۆ ئەوەی لە ڕێکخستنە سەندیکاییەکان زیدەتر و کاراتر بەکاربهێنرێن.

هەروەها فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی رۆژنامەنووسان، ئەرکی جێبەجێ کردنی ئەم دەستپێشخەرییە هەرێمیانەی دەکەوێتە ئەستۆ، بۆ پشتیوانکردن لە تواناکان، لە پێناو سەرکردایەتیکردنی ڕێکخراوە سەندیکاییەکان لە ناوچەکەدا.

ئەنجومەنی سەندیکا لەگەڵ سکرتێری لقەکان و نووسینگەکان کۆدەبێتەوە

سەرلەبەیانی ڕۆژی ٢٠١١/١٠/٤، لە بارەگای سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان لە هەولێر، نەقیب و سکرتێری سەندیکا و ئەندامانی ئەنجومەن لەگەڵ سکرتێری لقەکانی سەندیکا و نوێنەرانی نووسینەگەکان کۆبوونەوە. لە کۆبوونەوەکەدا، چۆنیەتی خۆئامادەکردن و زەمینەسازی، بۆ هەڵبژاردنەکانی لقەکان و نووسینەگەکان تاوتوێ کرا، هەروەها باس لە شێوازی گونجاو بۆ هەڵبژاردنی هاوکاری شیاو بۆ کارگێڕی لق و نووسینەگەکان کرا.

سەرۆکی ئەنجومەنی کارگێڕی کەناڵی سۆمەرییە وەڵامی پرسەنامەکەی ئەنجومەن دەداتەوە

لە وەڵامی پرسەنامەیەکی ئەنجومەنی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان، بە بۆنەی کۆچی دوایی دایکیانەوە، بەڕێز شەفیق ئەلیاس سەرۆکی ئەنجومەنی کارگێڕی کەناڵی (سۆمەرییە)، ئەم نامەیەی خوارەوەی ئاڕاستەی نەقیبی رۆژنامەنووسان کرد:

بەڕێز ئازاد حەمەدەمین
نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان

سڵاو
بە سوپاس و پێزانینێکی زۆرەوە، پرسەنامەکەتانم بەدەست گەیشت، کە بە بۆنەی کۆچی دوایی دایکمانەوە، ئاراستەی ئێمەتان کردبوو، ئێش و ئازاری کەمکردینەوە لەم بۆنە غەمناکەدا، کاری لە دڵ و دەروونمان کرد.
دووبارە سوپاس و پێزانینم، بۆ ئەم دەستپێشخەرییە.
لەگەڵ فرە ڕێزمدا...

شەفیق ئەلیاس تابت
سەرۆکی ئەنجومەنی کارگێڕی کەناڵی سۆمەرییە

لقی بەغدا و سیمینارێک

لقی بەغدای سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان، سیمینارێکی بە ناوونیشانی (سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان، لە نێوان واقیع و تموحدا، لقی بەغدا وەک نموونە)، لە پایتەختی عیراقی فیدال لە بەغدا، ڕێکخست.
لە سیمینارەکەدا عەلی فەیلی سکرتێری لق، ئاماژەی بەوەکرد، کەوا پێویستە ئەنجومەنی سەندیکا خوێندنەوەیەکی نوێی بۆ ڕەوشی لقەکەی لە بەغدا هەبێت و جەختی لەوەش کردەوە، کە لە (٢٠٪)ی ئەندامانی لق لە دەرەوەی هەرێمن، هەروەها باسی لەوەکرد، کە لقی بەغدا ئامادەگی چالاکی لە سیمینارەکانی بەغدادا هەیە.
هەروەها لقی بەغدا، بڕیاری دا، کەوا ئەندامانی بۆ هەرێم بنێرێت، بە مەبەستی چارەسەرکردنی کێشەکانی لق و هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی مافەکانیان.
شایانی باسە، لقی بەغدا، دوای بەستنی کۆنگرەی یەکگرتنەوەی سەندیکا، دامەزراوە و هەموو ئەو ڕۆژنامەنووسە کوردستانییانەی لە بەغدا کار دەکەن، لەخۆدەگرێت.

کۆنفرانسی نووسینگەی سۆرانی سەندیکا بەڕێوەچوو

کاتژمێر ١٠ی سەر لەبەیانی رۆژی ١٥-١٠-٢٠١١، دووهەمین کۆنفرانسی نووسینگەی سۆرانی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان، بە ئامادەبوونی ئازاد حەمەدەمین نەقیبی رۆژنامەنووسان و هەندرێن ئەحمەد سکرتێری سەندیکا و جەمال حوسێن ئەندامی ئەنجومەنی سەندیکا و قائیمقامی سۆران و ژمارەیەک لە ئەندامانی پەرلەمانی کوردستانی و عێراقی دەڤەری سۆران و بە بەشداری ٨٨ ئەندامی کارا بەڕێوە چوو.

محەمەد حاجی کەریم سکرتێری پێشووی نووسینگەی سۆران، رایگەیاند: «ئەمڕۆ نووسینگەی سۆرانی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان، بە بەشداری ٨٨ ئەندامی کارا دووهەمین کۆنفرانسی خۆی گرێدا، تەنیا ئەو ئەندامانەش بەشداری کۆنفرانسیان کرد، کە ئابوونەی ساڵانەیان داوە».

هەروەها گوتی: «لە دوای سێیەمین کۆنگرەی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان، نووسینگەی سۆران، پێش هەموو نووسینگە و لقەکانی دیکە ئامادەکاری بۆ کۆنفرانس کرد».

لە سەرەتای کۆنفرانسەکە ئازاد حەمەدەمین نەقیبی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان گوتی: «ئەو کۆنفرانسە لە کاتێکدا دەبەسترێ، کە ئەمڕۆ ئەرکی رۆژنامەنووسانی کوردستان، لە قۆناغێکی جیاوازتردایە، بە دۆخێکی هەستیارتر تێدەپەڕێت، ئەگەر تا ئێستا کاری سەرەکی ئێمە تەنیا رۆژنامەنووسی بووبێ، ئەوە لە داهاتوودا ژیان و گوزەران و پاراستنی گیانی رۆژنامەنووسان و بەرگریکردن لە مافەکانیان ئامانجی سەرەکی ئێمە دەبێت».

دواتر کرمانج عزەت قایمقامی سۆران لە گوتەیەکدا باسی لە رۆڵی رۆژنامەنووسانی سۆران کرد و گوتی: «نووسەر و رۆژنامەنووسانی دەڤەری سۆران رۆڵێکی گرینگیان هەبووە، لە پێش خستنی دەڤەرەکە، ئەوان توانیان کەموکوڕییەکان بۆ ئێمە دەست نیشان بکەن، ئێمەش بەپێی توانا چارەسەریان بکەین».

زیاتر گوتی: «متمانەیەکی وا لە نێوان خەڵک و رۆژنامەنووسەکانی دەڤەرەکە دروست بووە، کە وای لێهاتووە، خەڵکەکە بۆ کێشە و گرفت و کەموکوڕییەکان، پەنایان بۆ دەزگەکانی راگەیاندن و رۆژنامەنووسان بردووە، لە هەمان کاتیشدا لە دەڤەری سۆران کەمترین تووندوتیژی بەرامبەر بە رۆژنامەنووسان کراوە، ئەوەش جێگەی دڵخۆشییە بۆ ئێمە».

دوای خوێندنەوەی راپۆرتی گشتی و راپۆرتی دارایی لە لایەن سکرتێر و ئەندامانی نووسینگەی سۆران، لە دانیشتنی کۆتایی، هەڵبژاردن بە شێوازی لیست بەڕێوەچوو، کە تێیدا بەبێ رکابەر لیستی ئازادی هەڵبژێردرا، کە لە ٥ رۆژنامەنووس پێکهاتبوو. ئەوانیش: ئیسماعیل ئیبراهیم خدر، هەژار ئیبراهیم رەسول، ئاکۆ حەمەد حەمەدەمین، مستەفا محەمەد، ئیڤان جانێ.

دوای تەواوبوونی کۆنفرانسەکەش، دەستەی نوێ لە کۆبوونەوەییاندا ئەرک و کارەکانیان دابەش کرد، بەم شێوەیە:

ئیسماعیل ئیبراهیم، سکرتێری نووسینگە، هەژار ئیبراهیم بەرپرسی بەشی دارایی، ئاکۆ حەمەد محەمەد ئەمین، بەرپرسی بەشی کارگێڕی، مستەفا محەمەد بەرپرسی راگەیاندن، ئیڤان جانی بەرپرسی پەیوەندییەکان.

نووسینگەی سۆرانی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان لە ٢٤ی ئابی ساڵی ٢٠٠٨ دامەزراوە، تا ئێستا ١٠٠ ئەندامی کارا و ٥٠ ئەندامی بەشدار و ١٥ ئەندامی دیکەی لە قۆناغی راهێنان دان، ئەوەش دووەمین کۆنفرانسییەتی دەیبەستێ.

* * *

دیدارێک لەگەڵ وەزیری شارەوانییەدا

بەمەبەستی تاوتوێکردنی ئەو تەگەرانەی دێنە بەردەم دابەشکردنی زەوی نیشتەجێبوون بەسەر رۆژنامەنووساندا، رۆژی ٢٠١٠/١٠/١٩، ئازاد حەمەدەمین نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان و هەندرێن ئەحمەد سکرتێری سەندیکا و ئەکەد مورادو هۆشیار عەزیز ئەندامانی ئەنجومەنی سەندیکا، سەردانی وەزارەتی شارەوانییان کرد و لە لایەن بەڕێز سەمیر عەبدوڵڵای وەزیری شارەوانییەوە پێشوازیان لێکرا و لە دانیشتنێکدا باس لە چۆنیەتی دابەشکردنی زەوی نیشتەجێبوون بەسەر رۆژنامەنووساندا، بە تایبەتی ئەو پارچە زەوییانە رەزامەندییان بۆ وەرگیراوە، کە بەسەر رۆژنامەنووسانی پارێزگای سلێمانیدا دابەش بکرێن.

هەردوو لا رێککەوتن بۆ ئەوەی میکانزمی گونجاو دابنرێت، بۆ تاوتوێکردنی ئەو مەسەلەیە و ئاسانکاری بۆ بکرێت.

* * *

سەندیکا رێوڕەسمێک بۆ چلەی ماتەمینی نووسەر و رۆژنامەنووس و رووناکبیری ناسراو مەحموود زامدار رێکدەخات

لە هۆڵی (پێشەوا) لە تەلاری وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان لە شاری هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان، لە ٢٠١١/١٠/٢٢، سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان، لەژێر ناوونیشانی (زامدار. چرایەکی هەمیشە داگیرساو)، رێوڕەسمێکی بۆ چلەی ماتەمینی نووسەر و رۆژنامەنووس و رووناکبیری ناودار مەحموود زامدار رێکخست.

د.کاوە مەحموود وەزیری رۆشنبیری، وەک نوێنەری هەردوو سەرۆکایەتی هەرێم و حکومەت و د.کەمال کەرکووکی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان و نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێر و ژمارەیەک لە کەسایەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ژمارەیەکی بەرچاو لە نووسەران و رۆژنامەنووسان، ئامادەی ریوڕەسمەکە بوون.

بەر لە دەستپێکردنی ڕێوڕەسمەکە، پیشانگایەکی فۆتۆگرافی، بە ناوونیشانی (زامدار لێرەیە) لە ئامادەکردنی هونەرمەند فارس سەعدی، لە کۆمەڵەی وێنەگرانی کوردستان کرایەوە. پیشانگایەکە چەندین وێنەی زامدار، لەگەڵ نووسەران و شاعیران و ئەدیبان و هونەرمەندانی کوردستانی و عیراقی لەخۆگرتبوو.

هەروەها نمایشێکی وێنەیی بە ناوونیشانی (مرۆڤێک لێرەیە)، کە هونەرمەند نایف شێخانی موزیکی بۆ دانابوو، مۆنتاژیش کاروان زامدار و دەرهێنانی سیڤەر زامدار ڕێکخرا.

دواتر لە سەعات چواری دوای نیوەڕۆ، بە گوتەیەکی ئازاد حەمەدەمین نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان ڕێوڕەسمەکە دەستپێکرد، لە گوتەکەیدا بەخێرهاتنی میوانەکانی کرد و ڕۆڵی زامداری لە بواری پێشخستنی ڕێڕەوی ڕۆشنبیری لە کوردستاندا بەرز نرخاند (دەقی گوتەکە لە کۆتایی ڕاپۆرتە هەواڵییەکەدایە).

بەڕێز وەزیری ڕۆشنبیریش وەک نوێنەری هەردوو سەرۆکایەتی هەرێم و حکومەت لە گوتەیەکیدا گوتی: شەرەفێکی گەورەیە، کە بە ناوی بەڕێز مەسعوود بارزانی سەرۆکی هەرێم و د.بەرهەم ئەحمەد سالح سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەم چلەی ماتەمینییەدا بەشدار بم، (زامدار) نووسەر و بیرمەند و ڕۆژنامەنووسێکی ناسراو بوو، لە هەموو ساتەکانی ژیانی ڕێچکەی تازەبوونەوەی دەگرت، لە کاتێکدا سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان وەک ڕۆژنامەنووسێک یادی دەکاتەوە، بەڵام ئەو تەنیا ڕۆژنامەنووس نەبووە، بەڵکو نووسەرێکی هەمەلایەنە بووە، زامدار هونەرمەند و نووسەر و ڕۆژنامەنووس بووە، هەرچەندە جێیهێشتین، بەڵام لەگەڵماندا ئامادەیە و چەندین بەرهەمیشی لە دوای خۆی جێهێشت، تاکو نەوەی نوێ سوودی لێوەربگرێت.

دواتر د.کەمال کەرکووکی سەرۆکی پەرلەمان، لە گوتەیەکیدا ئاماژەی بەوە کرد، کەوا (زامدار) شەهیدێکی زیندووە، لە ژیانیدا چەندین بەرهەمی بە نرخی بە چاپ گەیاندووە، چارەنووسی هەر مرۆڤێک مردنە، بەڵام گرنگ ئەوەیە لە نێوان ساڵانی تەمەنیدا، چی پێشکەش کۆمەڵەکەی کردووە، هەروەها گوتی: زامدار ئەستێرەیەکی پڕشنگدار بوو لە ئاسمانی کورددا، لە ئاسمانی ڕۆشنبیریدا، هیوادارم نووسینەکانی ببێتە هۆکاری یەکگرتنەوەی نەتەوەکەمان.

بەڕێز نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێریش، گوتەیەکی پێشکەشکرد و تێیدا گوتی: ژیانی (زامدار) پڕ لە داهێنان و بەرهەم بووە، ژیانی خۆی بۆ نەتەوەکەی تەرخانکردووە، ڕێڕەوی ژیانی پڕ لە بەخشش بووە و هەموو کاتێکیش پشتیوانی لە نووسەرە گەنجەکان کردووە.

شـاعیر و رۆژنامەنووس ئازاد عەبدولواحید جێگری سـەرۆکی یەکێتی نووسەرانی کورد، لە گوتەیەکیدا گوتی: بەر لە (٤٥) رۆژ، بالأیەکی بەرز لە بالأکانی ئەدەبی کوردی، جێیهێشتین، کە بە دریژایی نیو سـەدە لە پێشکەشـکردنی بەرهەمە ئەدەبی و رۆشنبیرییەکانی بەردەوام بـوو، زامـدار ناوێکـی ناسـراو و هێمایەکی رۆشـنبیری بـوو، بیروڕاکانی بە راشـکاوی دەخسـتە روو، هـەردەم گەنج و پشـتیوانی تووێژی گەنجان بـوو، داکۆکیکەرێکی بەهێزی داهێنان بوو.

هونەرمەنـد (نیاز نووری)یش، لە سـەندیکای هونەرمەندانی کوردسـتان، باسـی لەوەکرد، کەوا (زامدار) کەسایەتییەکی رۆشنبیری بوو، پیاوێکی رووح سـووک و هاوڕێیەکی خۆش مەحشـەر بـوو، شـوێنەوارێکی لـە یادگەی ئەدەبـی کوردیـدا بەجێهێشـت، کـە هەرگیز ناسڕێتەوە.

پاشـان شـێرکۆ بێکەسـی شـاعیر، پارچـە پەخشانێکی بە ناوونیشانی (پیاوێک تێکەڵ بە شیعر و بادە) پێشکەشکرد.

ئینجا بە ناوونیشـانی (سـۆزێک بـۆ زامدار) دوو گۆرانی بە سۆز پێشکەشکران، ئەوانیش (هاوڕێ) شـیعری: رەوەشت رەشید، دلاوەر قەرداغی، ئاواز: رەوەشـت رەشـید، موزیک: ماهیر، هۆگر، گوتنی: ماهیر. (نەمری) شـیعر: یوسـف دەرگەڵەیـی، لوقمـان فـازڵ، ماهیر، ئاواز: دێهاتی، موزیک، ماهیر، هۆگر، زیرەک، گوتنی: ماهیر.

لە بڕگەی بەر لە کۆتایشدا، شاعیر سەرکەوت رەسول، بەشێک لە قەسیدەی (پێ بەپێ لەگەڵ سێبەری مەولانا)ی پێشکەشکرد.

لە کۆتایی رێوڕەسمەکەدا، بە ناوی بنەماڵەوە، کوڕی نووسـەر (سیڤەر مەحموود زامدار)، لە گوتەیەکیدا گوتی: خۆشەویستی کۆچکردوو، ئێمـەی لێـرەدا کۆکردۆتەوە، بوونـی ئەو بۆ هەمووماـن گرنگ بوو، ئـەو مرۆڤێکی ئیلهام بەخـش بـوو، کۆچکردنـی بـۆ هەمووماـن گـران بـوو، ژیانی هەر نەتەوەیەک پشـت بە ئەزموونێکـی وەکـو (زامـدار) دەبەسـتێت، کتێـب و بیروڕاکانـی وەکـو رووبارێـک نەوەکانی ئێستا و داهاتوو ئاوی لێدەخۆنەوە، هەروەها سوپاسی ئامادەبووانی کرد، بۆ ئەم بایەخدانە.

دوای تەواوبوونـی رێوڕەسـمەکە، کتێبـی (ماجـەرای زامـدار)، کە لە لایەن سـەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردسـتان ئامادە کرابوو و بـە چـاپ گەیەنرابـوو، بەرهەمەکانـی نووسـەری تێـدا خرابوونـە روو، بەسـەر ئامادەبووانـدا دابەشـکرا. شـایەنی باسـە لە میانەی رێوڕەسـمەکەدا، چەندین بروسـکەی ماتەمینـی لە لایەنی رۆشـنبیری و ئەدەبی و رۆژنامەگەریـی بە دەسـت لیژنەی ئامادەکار گەیشـت، هەروەهـا لەسـەر گڵکـۆی زامدار، لـە سـەعات (٣)ی پـاش نێـوەڕۆ، بـەر لـە دەسـتێکردنی رێوڕەسـمەکە، سـروودێکی

هونەری بە ناوونیشانی (زایەڵەی دەنگ و مەرگی ئازیزان)، لە ئامادەکردنی هونەرمەند نایف شێخانی، پێشکەشکرا.

(دەقی گوتەکەی ئازاد حەمەدەمین نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان)

بەڕێز د.کاوە مەحمود نوێنەری سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران- وەزیری رۆشنبیری
بەڕێز د.کەمال کەرکووکی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان
بەڕێز نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێر
بەڕێزان نوێنەری حیزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان و عیراق
بەڕێزان ئەدیب و هونەرمەند و رۆژنامەنووسانی کوردستان
بەڕێز خانەوادەی خوالێخۆشبوو و نووسەر و رۆژنامەنووسی گەورە مەحموود زامدار
بەڕێزان میوانەکان

دەرفەتم پێبدەن، بە ناوی ئەنجومەنی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان و هەروا بە ناوی لیژنەی ئامادەکاری ئەم یادەوەرییە ماتەمینییە بەخێرهاتنتان بکەم، سوپاس بۆ ماندووبوونتان، سوپاس بۆ گەورەییتان و سوپاسیش بۆ ئامادەبوونتان.
بێگومان ئەوەی ئێمەی پێکەوە لێرەدا کۆکردۆتەوە، یادکرنەوەی نووسەر و رووناکبیر و رۆژنامەنووسی ناوداری گەلەکەمان (مەحموود زامدار)ە، ئەو پیاوەی تا دڵی لە لێدان کەوت، لە بەرهەم و داهێنان و نووسین و بەخشش نەکەوت، زامدار نوێخواز و رچەشکێن، شارەزا لە فیکر و کولتوور و ئەدەب و بەرهەمەکانی گەواهی دەدەن، کە بۆ خۆی ئینسکلۆپیدیایەک بوو، کام بواری مەعریفەت هەیە زامدار تۆێژینەوە و کتێب یان دەستنووسێکی لە بارەیەوە نەبێ. ئەوێ رۆژێ لەدوا ماڵئاواییدا لەسەر گڵکۆی زامدار گوتمان (درێژەدان بە کار و کاروانی رۆژنامەنووسییانەی مەحموود زامدار بە ئەرک دەزانین و بەڵێن دەدەین شەونخونییە رۆژنامەنووسییەکانی زامدار گەش و رووناک، لەبەرچاو بگرین). لەم سۆنگەیەوە، سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بە شانازییەوە ئەو یادکردنەوە ماتەمینییەی خستە ئەستۆی خۆی، چونکە پێمان وایە، خەسڵەتگەلە گەورەکانی زامدار.
لە داهێنان و کوردایەتی و مرۆڤدۆستی و دەستگرتنی نەوەی تازە و قوواڵکردنەوەی خۆشەویستی و تەبایی، قەتارێکی رۆشنگەرییە و دەبێ بەردەوام بێ، زامدار هێمایەکی نەک تەنیا کولتووری بەڵکو تێکۆشەرێکی دیاری بزاڤی سیاسی و نیشتمانی گەلەکەمان بوو، کە ئەوەمان لێدەخوازێ رێز لەو هەموو خەبات و شەونخونی و بەرهەم و بەخششەی

بگرین و دڵنیام قەڵەمە گەشەکانی داهاتوو باشتر، رۆڵی بوێرانەی ئەم کەڵە نووسەر و رۆژنامەنووسە، کە کەلێنێکی گەورەی دروستکرد، بە ئێمەی ئاشنا بکەن.

بێگومان لێرەوە جارێکی دیکە سوپاسی ئامادەبوونی هەمووان دەکەم و بە تایبەت ئەو مامۆستا و دۆستە خۆشەویستانەی زامدار، کە جگە لە هەولێر لە شارەکانی دیکەی کوردستانیشەوە هاتوون و ئامادەبوونتان نیشانەی لێپرسراوی و گەورەیی خۆتانە.

هەروا دەمەوێ سوپاسی لیژنەی ئامادەکاری ئەم یادەوەرییە بکەم، کە جگە لە بەندە بریتیبوون لە بەڕێزان (سیڤەر زامدار، حەمید بەدرخان، سالار عوسمان)، کە وێڕای هەوڵ و ماندووبوونیان بۆ ئەو ڕێوڕەسمە، توانییان لە ماوەیەکی قیاسی کورتدا کتێبێکی (٣٧٠) لاپەڕەیی بە ناوی (ماجەرای زامدار) ئامادە و چاپ بکەن، کە ئەمڕۆ دوای ڕێوڕەسمەکە بەسەر ئامادەبووانداد دابەش دەکرێت.

هەروا دەبێ سوپاسی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی کوردستان بکەم، کە پشتیوانمان بوو لەم یادەوەرییەدا.

ئەم بۆنەیەش بە درەفەت دەزانم بە ناوی لیژنەی ئامادەکار ڕوو بکەمە لایەنی بەرپرس لە حکومەت بە تایبەت بەڕێز پارێزگاری هەولێر پیشنیار دەکەین لە داهاتوودا شوێنێکی شایستە یان شەقام یان شوێنێکی دیاری شاری هەولێر بە ناوی مەحموود زامدارەوە بکرێت.



لە کۆتاییدا بەڵێن دەدەین وەک چۆن ئێستا لە حزوور یادی پڕوەفای گەورە ڕووناکبیرێکی گەلەکەمانین، هەروا سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان یادکردنەوە و بایەخدان بە بەرهەمی ڕۆژنامەنووسە بەنێوبانگەکانی گەلەکەمان بکاتە نەریتێکی بەردەوام.

جارێکی دیکە سوپاس بۆ هەموو لایەک، سوپاس بۆ ئامادەبوونتان، هەر بژین.

* * *

کۆبوونەوەیەک لەگەڵ لقی بەغدای سەندیکا

ڕۆژنامەنووس عەلی فەیلی سکرتێری لقی بەغدای سەندیکای ڕۆژنامەنووسان، بە هاوڕێیەتی ژمارەیەک لە ئەندامانی لق، ڕۆژی ٢٠١١/١٠/٢٢، سەردانی بارەگای ئەنجومەنی سەندیکای لە شاری هەولێر، کرد.

لە دیدارێکدا، هەردوولا گفتوگۆیان لە بارەی کۆنفراسی لقی بەغدا و ئەو کێشانەی دێنە بەردەم کاری سەندیکایی لە بەغدا، کرد.

نەقیبی ڕۆژنامەنووسان، جەختی لە گرنگی لقی بەغدا کردەوە، بە هۆی تایبەتمەندییەوە و ئامادەباشی ئەنجومەنی سەندیکاشی بە مەبەستی پێشکەشکردنی هەموو جۆرە هاوکارییەک دەربڕی.

بە بۆنەی دامەزراندنییەوە.. سەندیکا پیرۆزبایی لە رۆژنامەی (الاتحاد) دەکات

لــە کاتێکدا رۆژنامەی (الاتحاد) مۆمی بیســت ساڵەی پێدەکات، خۆشحاڵم بە ناوی ئەنجومەنی ســەندیکای رۆژنامەنووســانی کوردســتان و بەنــاوی خۆمــەوە، گەرمتریــن پیرۆزبایی پێشــکەش بــە سەرنووســەر و دەســتەی نووســەران و کارمەندانــی رۆژنامەکە بکەم، خوازیارم هەر لە پێشــکەوتندا بێت، لە بواری جێبەجێکردن و گەیاندنی پەیامە پیرۆزەکەی، بە مەبەستی ناســاندنی دۆزی کوردستان بە جیهانی عەرەبی و نێودەوڵەتی.

پیرۆزە. بە هیوای سەرکەوتن.

ئازاد حەمەدەمین

نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان

٢٠١١/١٠/٢٥

شاندێکی یەکێتی ئەدیبانی تورکمان سەردانی سەندیکا دەکات

شــاندێکی یەکێتی ئەدیبانــی تورکمان رۆژی ٢٠١١/١٠/٢٦، سەردانی بارەگای ئەنجومەنی ســەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانی لە شاری هەولێر کرد.

شاندەکە لە بەڕێزان ئەسعەد ئەربیلی سەرۆکی یەکێتیەکــە و جێگیرەکــەی و ژمارەیــەک لەدەســتەی کارگێــری پێکهاتبــوو و لە لایەن نەقیبــی رۆژنامەنووســان و ئەکــەد مووراد و جەمــال حوســێن و ئومێد خەلیفــە ئەندامانی ئەنجومەن، پێشوازییان لێکرا.

لە دیدارێکدا، کە لە نێوان هەردوو لا بەڕێوەچوو، شــاندەکەی تورکمانــی پیرۆزباییەکی گەرمی لە ئەنجومەنی نوێی ســەندیکا کرد، بە بۆنەی دەســتبەکاربوونەیانەوە، هەروەها گفتوگۆ لە بارەی چۆنییەتــی پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوولا کرا.

ئەنجومەنی سەندیکا و دەستەی نووسەرانی (الصحفی) و (رۆژنامەنووس) سەرەخۆشی لە جێگری نەقیب دەکەن

بــە داخ و پەژارەیەکــی زۆرەوە، ئەنجومەنی سەندیکا و دەستەی نووسەرانی (الصحفی) و (رۆژنامەنووس)، هەواڵی کۆچی داویی باوکی هاوکارمــان شــوان داودی جێگــری نەقیبــی رۆژنامەنووســانی کوردســتان و جێگــری سەرنووسەری (الصحفی)، پێگەیشت، بەم بۆنە خەمناکەوە پرسەی خۆمان بە هاوکاری ئازیز رادەگەیەنین، لە خوای میهرەبان دەپاڕێینەوە، خوالێخۆشبوو بە بەهەشتی بەرین شاد بکات و سەبووریش بە خێزانەکەی ببەخشێت.

ئەنجومەنی سەندیکا

دەستەی نووسەرانی گۆڤاری الصحفی و رۆژنامەنووس

٢٠١٠/١٠/٣٠

* * *

ئەنجومەنی سەندیکا پیرۆزبایی لە رۆژنامەنووسانی سریانی دەکات

بە بۆنەی (١٦٢)ەمین ساڵیادی رۆژنامەگەریی سریانی، کە دەکاتە ڕێکەوتی سێ شەممە ٢٠١١/١١/١، بەم بۆنەیەوە خۆشحاڵین بە ناوی ئەنجومەنی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان، جوانترین چەپکە گوڵ و پیرۆزبایی گەرمان ئاراستەی هاوپیشەکانمان لە رۆژنامەنووسانی سریانی لە هەرێمی کوردستان و عێراق بکەین، هیوای سەرکەوتن و بەردەوامییان بۆ دەخوازین، لە پێناو پێشە و کێشە ڕەواکانیان، کە لە کوردستاندا بە شانازییەوە هاوشانی رۆژنامەنووسانی دیکە لە کەشوهەوایەکی دیموکراتی زامنی مافەکانیان بە پێی یاسا کراوە و پیادەی پیشەیی خۆیان دەکەن.

جارێکی دیکە سڵاو و ڕێزمان قبووڵ بفەرموون و هەر سەرکەوتووبن.

ئازاد حەمەدەمین

نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان

* * *

بە بۆنەی رۆژی رۆژنامەگەریی سریانی یەکێتی ئەدیبان و نووسەرانی سریان دانیشتنێکی دایلۆگی ڕێکدەخات

یەکێتیی ئەدیبان و نووسەرانی سریان، بە هاوکاری کۆمەڵەی رۆشنبیری کلدان لەعەنکاوە و سەنتەری ئەکادیمی کۆمەڵایەتی. سەرلەئێوارەی رۆژی ٢٠١١/١١/١، دانیشتنێکی بیروڕاگۆڕینەوە، لە هۆڵی سەنتەری ئەکادیمی کۆمەڵایەتی لە عەنکاوە، بە بۆنەی رۆژی رۆژنامەگەریی سریانی ڕێکخست.

لەم دانیشتنەدا، ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان، دکتۆر سائر ئەبلحەد ئوغستین و بەڕێز سالم کاکو، ئامادەبوون.

هەروەها ئازاد حەمەدەمین نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان و فەرهاد عەونی نەقیبی پێشوو و ژمارەیەک لە دامەزرێنەرانی سەندیکا و ژمارەیەک لە ئەدیبان و نووسەران و رۆشنبیران و رۆژنامەنووسانی کلدو- سریانی- ئاشووری، بەشداریان لە دانیشتنەکە کرد.

لە دەستپێکی دانیشتنەکەدا، بەڕێز رەوەند پۆلس سەرۆکی یەکێتی ئەدیبان و نووسەران و سریان لە عێراقدا، بەخێرهاتنی ئامادەبووانی کورد و دواتر دەقیقەیەک بێدەنگی بۆ گیانی شەهیدانی رۆژنامەگەری راگەیەنرا.

دانیشتنەکەش لە لایەن بەڕێزان رەوند و ئەکەد مۆراد جێگری سەرۆکی یەکێتییەکە بەڕێوەچوو و چەندین بیروڕا و سەرنج و تێبینی، لەلایەن: حامید محەمەد عەلی/ ئەندامی پێشووی ئەنجومەنی سەندیکا و جەنان پۆلس و سالم کاکۆ و یونان هۆزیا و د.یوسف..) خرانە روو.

شایانی باسە ژمارەیەک لە کەنالەکانی ئاسمانی و هۆیەکانی راگەیاندن، ئەم چالاکییانەیان رووماڵکرد.

* * *

لە هەولێر. سیمینارێک بۆ دیالۆگ لە نێوان دادوەران و رۆژنامەنووسان بەڕێوەچوو

لەژێر دروشمی (سەروەری یاسایەکی دیموکراسی گرەنتییە بۆ ئازادی رۆژنامەنووسی). بەڕێوەبەرایەتی گشتی راگەیاندن لە وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان بە هەماهەنگی لەگەڵ ئینستویوتی کورد بۆ مافەکانی مرۆڤ (ئایریکس) و یەکێتی دادوەرانی کوردستان، لە رۆژی (١٨-٢٠١١/١١/١٩)، سیمینارێکی بۆ دیالۆگکردن لە نێوان دادوەران و رۆژنامەنووساندا، لە هۆڵی هوتێل (نۆبل) رێکخست.

مەبەستی سەرەکی لە بەستنی سیمینارەکە گفتوگۆکردن بوو لە بارەی ئەو پێشێلکارییانەی بەرانبەر بە رۆژنامەنووسان دەکرێن و چۆنیەتی جێبەجێکردنی یاسای رۆژنامەگەری لە کوردستاندا، هەوڵدان بۆ بەرفراوانکردنی ئازادی رۆژنامەگەری. وەزیری رۆشنبیری و ئازاد حەمەدەمین نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان و ژمارەیەک لە ئەندامانی ئەنجومەنی سەندیکای رۆژنامەنووسان و ژمارەیەکی بەرچاو لە رۆشنبیران و رۆژنامەنووسان ئامادەی سیمینارەکە بوون.

لە میانی سیمینارەکەدا، چەندین گوتار خوێندرانەوە. گوتاری د.کاوە مەحمود وەزیری رۆشنبیری، گوتاری (ئایریکس)، لە لایەن عەلی کەریم، گوتاری سەندیکای رۆنامەنووسانیش لە لایەن نەقیبی رۆژنامەنووسان، حاکم حوسێن گەرمیانیش گوتاری ئەنجومەنی دادوەری خوێندەوە. هەر هەموو گوتارەکان جەختیان لەسەر زمانی گفتوگۆ و دیالۆگ دەکردەوە، بەو مەبەستەی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوولا پتەوتربێت و جۆری پێشێلکارییەکان دەستنیشان بکرێن و هەوڵ بدرێت لێکتێگەیشتن لە نێوان دادوەران و رۆژنامەنووساندا بچەسپێت و یاسا جێبەجێ بکرێت و ئازادی رۆژنامەنووسان لە کوردستاندا فراوانتر بکرێت.

دەستەی نوێی لقی کەرکووکی سەندیکا هەڵبژێردرا

کۆنفرانسی سێیەمی لقی کەرکووکی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان، رۆژی ٢٠١١/١١/١٩، لە ژێر ناوونیشانی (نووسین ماف و ئازادییە)..

لە هۆڵی (لوبنان)، بە ئامادەبوونی نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان لە شاری کەرکووکدا، بەڕێوەچوو.

دەستپێکی کۆنفرانسەکە، ئازاد حەمەدەمین نەقیبی رۆژنامەنووسان، ئاماژەی بە تایبەتمەندی شاری کەرکووک کرد و جەختیشی لەسەر پێویستی فەراهەمکردنی هەموو جۆرە هاوکارییەک بۆ رۆژنامەنووسانی ئەم شارە، بە جیاوازی نەتەوە و بیروڕا سیاسییەکانەوە.. کردووە.

ئینجا لەتیف فاتیح فەرەج سکرتێری پێشووی لقی کەرکووک ڕاپۆرتی گشتی خوێندۆتەوە و بەڕپرسی دارایی لقیش ڕاپۆرتی دارایی پێشکەش کرد.

دواتر دەستەیەک بۆ سەرپشتیکردنی هەڵبژاردنی دەستەی کارگێری نوێی لق پێکهێنرا و هەڵبژاردنەکەش بە شێوەی (لیست) بەڕێوەچوو، لە ئەنجامدا، لیستی (تەبایی)، لەبەر ئەوەی لیستی بەرامبەری نەبوو، بە تەزکیە هەڵبژێردرا.

هەروەها لە میانی کۆنفرانسەکەدا، خەڵاتی ڕێزلێنان بەخشرایە هەریەک لە فەلەکەدین کاکەیی وەزیری پێشووی ڕۆشنبیری و عەبدولڕەحمان مستەفا پاریزگای پێشووی کەرکووک، بەرامبەر پشتیوانییەکانیان بۆ لقی کەرکووک لە ماوەی ڕابردوودا.

هەروەها کاتژمێر (١٥و٢) خوولەکی پاش نیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ٢٠١١/١١/٢٣ و بە ئامادەبوونی سەرجەم ئەندامانی لێژنەی نوێ، کە پێکهاتبوون لە:

١. مەهدی زریان
٢. رابەر رەشید
٣. ئەحمەد رەفیق
٤. رۆدی ئەنوەر
٥. عەبدولوهاب ئیسماعیل
٦. تەغرید النقشبندی
٧. عەبدولستار جەباری
٨. بورهان حاجی سلێمان
٩. سەمیرە ئەحمەد
١٠. سەوسەن خان.

شایانی باسیشە ئەمە یەکەم جاریشە، کە (٣) رۆژنامەنووسی مێیینە بۆ دەستەی کارگێری هەڵبژێردرێن.

دەستەی نوێی لق یەکەمین کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی لە بارەگای لق سازدا و دوای گفتوگۆیەکی بەرپرسیارانە دەرهەق بە ئیشوکارەکانی ئایندەی لقی کەرکووک و خستنەڕووی کۆمەڵێک راوپێشنیاری پیشەییانە و چۆنییەتی راپەڕاندنی ئیشوکارەکانی لقیش بە وردی قسەوباسیان لەسەر کرا، پاشان بەرپرسی بەشەکان بەم جۆرەی خوارەوە هەڵبژێردران:

١. ئەحمەد رەفیق – بەرپرسی بەشی دارایی
٢. رابەر رەشید- بەرپرسی بەشی راگەیاندن
٣. عەبدولوهاب ئیسماعیل – بەرپرسی بەشی کارگێڕی
٤. عەبدولستار جەباری – بەرپرسی بەشی پەیوەندییەکان
٥. بورهان حاجی سلێمان – بەرپرسی بەشی چالاکییەکان.
٦. سەمیرە ئەحمەد – بەرپرسی لێژنەی داکۆکیکردن لە رۆژنامەنووسانی مێیینە.

هەروەها لێژنەیەکی تایبەتیشیان بۆ وەرگرتنی ئەندامانی نوێ بۆ سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان پێکهێنا و هەر کاتێک لە ئەنجومەنەوە بڕیاری وەرگرتنی ئەندامی نوێ بۆ سەندیکا بدرێت، ئەو لێژنەیە دەسبەکاردەبن.

ئەندامەکانی دیکەش بەسەر بەشەکاندا دابەشکران. ئەمە و سەرجەم ئەندامانی لێژنەی نوێی لقی کەرکووک بەڵێنیان بەیەکتری دا، کە بەوپەڕی پیشەییانەوە لە خزمەتی رۆژنامەنووسانی کەرکووکدا بن.

لقی بەغدا و کۆڕێک

لە هۆڵی دەزگای (شەفەق) بۆ رۆشنبیری و راگەیاندنی کوردی فەیلی، لقی بەغدای سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان، کۆڕێکی بە ناوونیشانی (رۆژنامەگەریی عیراقی لەبەر سێبەری یاسایی مافی رۆژنامەنووسان)دا ڕێکخست.

لەمیانەی کۆڕەکەدا، عەلی حوسێن فەیلی سکرتێری لقی بەغدا، ئاماژەی بە پێویستی هەماهەنگی لە نێوان سەندیکای رۆژنامەنووسانی عیراقی و سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان کرد و جەختیشی کردەوە، کەوا جێبەجێکردنی یاسای مافی رۆژنامەنووسان لە دانانەکەی زەحمەتترە.

هەروەها ئیسماعیل زایەر سەرنووسەری رۆژنامەی (الصباح الجدید)، لە موحازەرەیەکدا، جەختی کردەوە، کەوا ئێمە پێویستیمان بە عەقڵێکی قبوولکردنی هاوبەشی هەیە و یاسای رۆژنامەنووسان بە هەنگاوێک بەرەو چارەسەرکردنی نەرێنییەکان دانا.

لە میانەی کۆڕەکەشدا، چەندین موداخەلە لە لایەن ئامادەبووانەوە کرا، جەختیان لە پێویستی تانەگرتن لە یاساکە لە دادگای فیدرالی، کردەوە.

لەکۆنفرانسی سێیەمیدا لقی موسڵ ناوی خۆی گۆڕی بۆ نەینەوا

رۆژی ٢٠١١/١١/٢٩، لەهۆڵی لالش، بەسەرپەرشتی نەقیبی رۆژنامەنووسان و ئەنجومەنی سەندیکا، لقی موسڵ بەبەشداری ٩٠ئەندام، کۆنفرانسی سێیەمی خۆی سازکردو دەستەیەکی نوێی بۆ لق هەڵبژارد.

سەرەتای کۆنفرانس، بەساتێک وەستان بۆ گیان پاکی شەهیدانی ئازادخوازی و شەهیدان رۆژنامەنووس دەستکرا بەکارەکان و لەدوای پێشکەشکردنی وتاری بەخێرهاتن لەلایەن غەسان سالم سکرتێری لقی پێشوو، وتاری نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان، لەلایەن کاک ئازاد حەمەدەمین پێشکەشکرا کەتێیدا جەخت لە وەکردەوە کەدەبوایە ئەم کۆنفرانسە لەناوجەرگەی شاری موسڵ سازبکرابایە ئەگەر باری ئەمنی رێگای بدابا، لەتەوەرێکی دیکەدا ئاماژەی بەپەیوەندی ئیجابی لەگەڵ نەقابەی رۆژنامەنووسانی عێراقدا کرد لەپێناو بەرەوپێشەوەبردنی ئازادی رۆژنامەنووسی لەعێراقدا، هەروەها وەک ئاراستەی سەندیکا، نەقیبی رۆژنامەنووسان جەختی لەسەر پیشەیی بوون کردو سوپاسی دەستەی پێشووی لقیشی کرد. پاشان بەسەرپەرشتی سکرتێری ئەنجومەن هەندرێن ئەحمەد و ٣ ئەندامی کۆنفرانس ئیدارەی بەڕێوەبردنی کارەکان کراو راپۆرتی گشتی لەلایەن غەسان سالم خوێندرایەوەو راپۆرتی دارایی لەلایەن محەمەد ئاکرەیی پێشکەشکراو نیسابی یاسایی کۆنفرانس وەرگیرا، ئینجا گفتوگۆی بابەتەکان کراو پاشان خرانە بەر دەنگدان و کۆنفرانس راپۆرتەکانی بەگۆڕانکارییەکانەوە قبول کرد.

کۆنفرانس، لەراسپاردەیەکدا، بەکۆی دەنگ بڕیاریدا ناوی لقی موسڵ بگۆڕدرێت بۆ لقی (نەینەوا)، ئەمەو پاشان هەڵبژاردن بۆ دەستەی نوێ دەستی پێکردو ئەم رۆژنامەنووسانە لەلیستی (من اجل مهنية الصحفية) هەلبژێردران (ئەکرەم سلێمان، محەمەد ئاکرەیی، تۆفیق سەعید، لەتیف پۆلا، زینە مەجید، عدی حسن، دعا مقداد)

پاشان لەیەکەمین دانیشتنی لقی نەینەوا، ئەکرەم سلێمان بووە سکرتێری لق و محەمەد ئاکرەی بەرپرسی دارایی و دعا مقداد بەرپرسی پەیوەندییەکان و زینە مەجید بەرپرسی داکۆکی لەرۆژنامەنووسان و تۆفیق سەعید بەرپرسی لیژنەی داخوازی و چاودێری و عدی حسن بەرپرسی لیژنەی رۆشنیری و راگەیاندن.

ڤیان عباس
بە سکرتێری لقی دهۆک هەڵبژێردرا

رۆژی ٢٠١١/١٢/٤ لقی دهۆک بەئامادەبوونی ١٠٤ ئەندام و سەرپەرشتی نەقیب و جێگری نەقیب و سکرتێری ئەنجومەن و ژمارەیەک لەئەندامانی ئەنجومەنی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان، کۆنفرانسی پێنجەمی خۆی گرێدا.

کۆنفرانسەکەی لقی دهۆک لە ناو یانەی رۆشنیری نوهدرا سازکرا کە بەر شاڵاوی سووتاندن لەشەوی پێشتردا، کەوتبوو، کەلەلایەن کۆمەڵێک کەسی نامەسئول و وەک درێژبوونەوەی رووداوەکانی زاخۆ هێرشیان کراوەسەرو سووتێنرا.سەندیکاش وەک هاوپشتی لە یانەکەو بزاڤی رۆشنیری و پێکەوە ژیان کارەکانی لەوێ بەڕێ کرد.

سەرەتا بەساتێک بۆگیانی پاکی شەهیدان، کۆنفرانس دەستی بەکارەکانی کردو لەدەستپێکدا نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان ئاماژەی بەو ئاشتەوایی و پێکەوەژیانەی کەلەکوردستاندا هەیە کردو تێیدا جەختی لەسەر بوار رەخساندنی ژیانی یەکسان و رادەبڕینی یەکسان بۆ پێکهاتەکانی کوردستان کردو لەوەشەد پشتگیری خۆی بۆهاوکاریکردنی یانەی نوهدرا وەک ناوەندێکی رۆشنبیری و ئازادی رادەبڕین راگەیاند.

دوای وەرگرتنی نیسابی یاسایی، کۆنفرانس دەستی بەکارەکانیکردو تێیدا هەردوو راپۆرتی گشتی و دارایی لەلایەن ئیسماعیل تاهیر پێشکەشکراو پاشان لیژنەیەکی یاسایی سەرپەرشتی هەڵبژاردنی دەستەی نوێی کردن بۆ ئەمەش کۆنفرانس بڕیاریدا کە هەڵبژاردن بەلیست بێت و بۆ ئەوەش تەنهایەک لیست خۆیان پاڵاوت بەناوی لیستی پیشەیی، کەتێیدا رۆژنامەنووس ڤیان عباس عمر بووە سکرتێری لقی دهۆک و ویلیم تیۆدۆر و هەیسەم پەترۆس و رەقیب مەحمودو شڤان محمد سلیم و سەیدۆ چتۆ و کاک نادیار) هەریەک لەوانەش بوونە ئەندامی لق ءئەمەو پاشان دەستەی نوێ کارەکانی لەنێوان خۆیان لەیەکەمین کۆبوونەوەدا دابەشکرد.

لەدوای رووداوەکانی دهۆک شاندێکی باڵای سەندیکای رۆژنامەنووسان سەردانی کەناڵی سپێدە دەکات

رۆژی ٢٠١١/١٢/٤ شاندێکی باڵای سەندیکا کەپێکهاتبوو لە شوان داودی جێگری نەقیبی رۆژنامەنووسانی و هەندرێن ئەحمەد سکرتێری ئەنجومەن و حەمید بەدرخان ئەندامی ئەنجومەن و بەرپرس رۆشنیری سەردانی کەناڵی سپێدەیان کرد، بەمەبەستی راوەستان لەسەر رووداوەکان و گیرانی رۆژنامەنووسانی کەناڵی سپێدە، لەو سەردانەدا، جێگری نەقیب باسی لەهەوڵوکۆششی سەندیکا ئەو بەیاننامەی لیژنەی داکۆکی لەئازادی رۆژنامەنووسی کرد سەبارەت بەسووتانی کەناڵەکان و گیرانی رۆژنامەنووسانی یەکگرتوو، کرد و داوای راپۆرتێکی تەواوی لەسەر سووتان و گیراوەکان و سکاڵای ئەوان کرد بۆ سەندیکای بنێرن، لەبەرامبەردا کاک ئیحسان بەرپرسی نووسنگەی سپێدە لە دهۆک سوپاسی هەوڵ و کۆششی سەندیکای کردو باسی لەرووداوەکە کرد.

* * *

ئەمەل باجەلان
بە سکرتێری نووسینگەی خانەقین هەڵبژێردرا

سەعات ١١ی پێش نیوەڕۆی رۆژی ٢٠١١/١٢/٨، نووسنگەی خانەقین لەژێر دروشمی «خانەقین، سەنگەری پێشەوەی نووسینمان» سێیەمین کۆنفرانسی خۆی سازکرد، دوای بەخێرهاتن، لەلایەن سکرتێری ئەنجومەنی سەندیکا، وتاری ئازاد حەمەدەمین

نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان پێشکەشکرا، کەتێیدا جەختی لەسەر ڕەوشی رۆژنامەنووسانی ناوچەکە کردو هەروەها جەختی لەسەر ڕۆڵی رۆژنامەنووسانی ئافرەت کرد.

پاشان کاک شوان داودی جێگری نەقیبی رۆژنامەنووسان لەگەڵ ٤ کەس لە ئەندامانی کۆنفرانس (حسن،شیلان،علی مراد، عادل) سەرپەرشتی کارەکانی کۆنفرانسیان کردو پاش گفتوگۆ خرانە دەنگدانەوە،ڕاپۆرتەکان قبول کران بۆ ئەوەی ئەنجومەنی سەندیکا هەڵسەنگاندنی بۆ بکات، ڕاپۆرتی گشتی لەلایەن ئیبراهیم باجەلانی سکرتێری نووسینگەی خانەقین خوێندرایەوە، ڕاپۆرتی داراییش لەلایەن ئیبراهیم حەواس خوێندرایەوە.

ئینجا لەلایەن لیژنەیەکی یاسایی، لەئیدارەی خانەقین هەڵبژاردنی کۆنفرانس سەرپەرشتیکرا، تێیدا لیستی پیشەیی، کەپێکهاتبوو لە بەڕێزان (ئەمەل باجەلان بۆ سکرتێری نووسنگەو شیرکۆ تۆفیق و سالح ئیبراهیم و شیرین جەلال و حەسەن هەیاس بۆ ئەندامێتی نووسنگەی خانەقین هەڵبژاردنەکەیان بردەوەو بەکۆی دەنگ دەنگیان پێدرا.

رۆژنامەنووسانی گەرمیان کۆنفرانسی نووسینگەکەیان سازدەکەن

لەژێر دروشمی (لەپێناو دەستەبەرکردنی ئازادی و مافەکانی رۆژنامەنووسان)، ڕۆژی ٢٠١١/١٢/٤ لە هۆڵی کتێبخانە گشتییەکانی کەلار، نووسینگەی گەرمیان، سێیەم کۆنفرانسی خۆی بەسەرپەرشتی نەقیب و جێگری نەقیب و ئەندامانی ئەنجومەنی سەندیکا بەڕێوە چوو.

کۆنفرانسەکە بەبەشداری ٨٨ رۆژژنامەنووس دەستی بەکارەکانی کرد، دوای بەخێرهاتن لەلایەن کاک مەلاتەحسین سکرتێری نووسینگە، وتاری نەقیبی رۆژنامەنووسان کاک ئازاد حەمەدەمین پێشکەشی کرد، کەتێیدا جەختی لەسەر ئاراستەی ئەنجومەنی

نوێ بۆ هێنانەپێشەوەی رۆژنامەنووسانی مێیینە لەسەرجەم کەناڵەکانی سەندیکادا کردو سوپاسی دەستەی رابردوو کردو ئاماژەی بەروورداوەکانی بادینان کرد، کە هەندێک کەناڵی راگەیاندنی سەر بە یەکگرتوو سووتێنرا، کەئەمە ئاماژەیەکی خراپە لەسەر رەوشی رۆژنامەگەری لەکوردستان، چونکە رەوشەکە بەرەو بواریکی باش بەڕێوەچووە، بەم رووداوانە تێبینی و کاری زۆری دەوێ بۆ ئەوەی جارێکی دیکە رەوشەکە ئاسایی بکرێتەوەو نابێت لەکوردستاندا لەسایەی بوونی یاسای ژمارە ٣٥ی رۆژنامەگەری، رۆژنامەنووس بەهەر بیانووێک بێت فشاری بخرێتەسەر یان بارەگای کەناڵەکان بسووتێنرێن.

لەپاشاندا راپۆرتی گشتی لەلایەن مەلاتەحسین خوێندرایەوەو راپۆرتی دارایش پێشکەشکران، دوای گفتوگۆ لەگەڵ هەندێک تێبینی، کۆنفرانس پەسنی هەردوو راپۆرتی کرد بۆئەوەی ئەنجومەنی سەندیکا هەڵسەنگاندنی بۆ بکات.
ئینجا لەرێگای لیژنەیەکی ئەنجوومەنی سەندیکا کە لە هەندرێن ئەحمەد و حەمید بەدرخان و ئاری عەبدوللەتیف، سەرپەرشتی هەڵبژاردن کرا، بۆ دەستەی نوێ، ئەوەبوو تەنهایەک لیست بەناوی لیستی دەستەبەرکردنی ئازادی و مافی رۆژنامەنووسان خۆیان پاڵاوت، تێیدا بەڕێزان (ئارام ئیکرام و عومەر عەبدولکەریم و سەلاح گەرمیانی و دلێر کەریم و محەمەد حەسەن و گوڵەباخ حەسەن و وەفا مەجید) بەئەندامانی دەستەی نوێ دەرچوون.

دەزگای بەدرخان
زەبووری حەقیقەت دەدۆزێتەوە

هەواڵنامەی کتێبی

راگەیاندنی دەزگای بەدرخان:
پاش ئەوەی دەسنووسی کتێبی یارسانەکان (زەبووری حەقیقەت) لەلایەن نووسەرو هونەرمەندی شێوەکار فەرهاد باپیر لە نەرویج ئەو شاکارە گرنگەی لای بنەماڵەی یارسانەکان (بەهرۆز خەلیفە) دەبینێ و ئەویش لە دڵسۆزی بۆ مێژووی کوردو کتێبخانەی کوردی پەیوەندی بە حەمید بەدرخان بەرپرسی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان دەکات، حەمید بەدرخان دەچێتە نەرویچ بۆ ئەومەبەستە ٢٠١١/١٠/٣٠ کاتژمێر ٨:٤٢ دەقیقەی شەو، لەشاری درامن لەگەڵ بەهرۆز خەلیفە و سەردار کەریم و هاوڕێ محەمەد زادە کۆدەبنەوەو دەستنووسە ڕاستەقینەکەی زەبووری حەقیقەتی کاکەییان نیشان دەدەن و هەروەک لەوێنەکان دیاردەکەوێت.
زەبوری حەقیقەت کتێبی یارسانەکانە لەلایەن یار موڕاد خەلیفە لە ئەشکەوتی (دالاهو)ی کرمانشان نووسراوەتەوە، کتێبەکە بریتیە لە ٢٠٩٢ لاپەڕە بەقەبارە ٣٣سم بە٢١سم کە بە دەستوخەتی یار موڕاد خەلیفە نووسراوەتەوە بۆیە لەکاتی قسەکردندا لەگەڵ خاوەنی ئەم دەست نوسە، وتی ئەمدەستنوسە هی باپیرەمە پاراستومە بەمیرات بۆ ئێمە ماوەتەوە دەخوازم کوردی بەشەڕەف سوودمەند بێت لێی تا بەچاپ دەگات من بەرپرسیارم لەو دەستنووسە بۆیە من مەبەستم نییە بازرگانی بەو دەستنووسەوە بکەم، بەڵکو ئەمە مێژووی میللەتی کوردە سوپاسی بێ پایانم ئاراستەی مامۆستا فەرهاد باپیرو حەمید بەدرخان دەکەم کە هانیان دام بۆئەوەی لەچاپێکی قەشەنگ و پرۆفیشنالدا هەموو ماڵی کورد دانەیەک لەوکتێبەی بەرکەوێت.
بەهیوایین مامۆستایانی پسپۆر لەمێژووی و کۆن و ئیسلام بتوانن لێکۆڵینەوە لەسەر ئەودەستنووسە کوردییە بکەن.
بۆیە لەجێگای خۆیەتی دەسەڵاتی سیاسی کورد هەرچی زووە بودجەیەکی شیاو بۆ ئەو کارە مەزنە تەرخانبکات و لە ئایندەیەکی نزیکدا بەچاپی بگەیەنێ.

پیشەکەمان بەرەوکوێ؟

جێگری سەرنووسەر

رۆژنامەنووسی، کەئێستا بۆتە پیشەی هەزارانمان، ئایا بەراست وەک پیشەیەک مامەڵەی لەگەڵ دەکەین؟، یان ئەوە بژاردەیەکی (نوخبە) دیاریکراوە لە رۆژنامەنووسان یان ئەوانە بەشێوەیەکی گشتی لەبواری میدیا، بەپیشەی دەزانن و بژێویان لەسەر داهاتەکەیەتی و بژاردەبوونیشیان لەو رێگایەوەیە؟

لەماوەی ساڵانی ١٩٩٨وە بەشێوەیەکی کردەیی، سەندیکای رۆژنامەنووسان، بۆتە ئەو بازنەی –گروپەی بەرژەوەندی بۆ زۆرێک لەرۆژنامەنووسانی کوردستان، بەڵام لەراستیدا، بەشێکیش بەشێوەیەک لەشێوەکان هەر بەگومانەوە مامەلەی لەگەڵدا دەکەن، بیانووکەیان هەرچییەک بێت، بەبۆچوونی من، لەلایەک مافی خۆیانە چۆن لەئەندامانی هاوپیشەکەیان دەنواڕن، بەڵام لەلایەکی دیکەدا، دیارە جێگابوونەوەیان لەدەستەکانی سەندیکا کەمێک زەحمەتەو ئەوان لەسەر پرۆژەیەکی دیکە کاردەکەن،لەوەشدا ئازادن، بەڵام پرسیاری جەوهەری دووبارە دەکەمەوە، بەراستی وەک پیشەیەک مامەڵە لەگەڵ کارەکەی خۆمان دەکەین؟ بەراستی ئەوەندە کاریگەریمان هەیە کە مافی دەسەڵاتی چوارەم وەربگرین، یان ئەو شتە هەموو لەبنەڕەتدا ململانێی بژاردەی سیاسییەو پیشەکەی ئێمەش لەوچوارچێوەیەدایە و بەشێکی گرنگ و بگرە سەرەکی ململانێ جۆراوجۆرەکانی ناو کۆمەڵگایە؟.

ئەم پرسیارانە، نوێ نین، بەڵام کاتێک لەنێوەندە ئەکادیمییەکاندا، باس لەبابەتی بوون و بێلایەنی و گرنگی و بەرپرسیاریێتی..تاد، دەکرێت، باس لەهونەرە ستاندەرەکانی رۆژنامەنووسی دەکرێت و کەتیگۆرییەکانی و شێوەکانی بەکارهێنانی لەنووسین و دەرچوواندنی رۆژنامەو گۆڤارەکان...و لەولاشەوە سەرنجێکی خێرای کاری کەناڵەگەورەکانی میدیایی تەلەڤزیۆنی و تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانی ئەنتەرنێت دەدەین، لەبەراوردێکی خێرادا، پێشکەوتنەکانی تەکنۆلۆژیای بواری گەیاندنی جەماوەری، رووبەڕووی هەقیقەتێکمان دەکاتەوە، کە پیشەی رۆژنامەنووسیمان بەرەو لایەک رووەدکات، کەلەبەرامبەر شاشەی تیڤی و تۆڕەکانی کۆمەڵایەتی لەئەنتەرنێت و ئامێرێکی بچووکی وەکو مۆبایل کە رەنگە لەساڵێک یان چەند ساڵی دیکەدا، هەموو مواسەفاتەکانی نووسین و گفتوگۆی ڤیدیۆیی تایبەت بەمیدیا و بڵاوکردنەوەی راستەوخۆ بێ ئەوەی پێویستی بە سەنتەرێکی سەرپەرشتیار هەبێت، دووچاری قەیرانێکی گەورە بێت، کە ئێستا لەسەرەتای قەیرانەکەدایە، بۆ نموونە ئەو رووپێوەی کە رێکخراوی ئایرێکس لەسەرتاسەری عێراقدا لەبارەی چۆنییەتی بەکارهێنانی هەواڵ لەلایەن هاوواڵتیانی عێراق وکوردستانەوە سازیداوە، راستییەکمان نیشاندەدات، کە (رۆژنامە) لەدواوەی ئەو سەرچاوانایە کە ببێتە سەرچاوەی هەواڵ بۆ تاکەکان، لەکوردستانیشدا، لەگەڵ ئەوەی زێتر لە ٥٠٠ ناوونیشانی رۆژنامەوگۆڤارمان هەیە، بەڵام هیچ یەک لەو رۆژنامەوگۆڤارانە نەگەیشتوونەتە ئاستی ئەوەی کە تەلەڤزیۆنێکی لۆکاڵی نەک ئاسمانی، وەک سەرچاوەی هەواڵ بێت.

باشە، تا ئەو جێگایە، ئەم بەشێکە لەو راستیانەی کە لەرێگەی داتاوئاماراکانەو دەستمان دەکەوێت، کاتی ئەوە نەهاتووە، پرسیاری جدی لەخۆمان بکەین، کە پیشەی رۆژنامەنووسی کاغەزی بەرەوکوێ هەنگاو دەنێت، ئەوانەی لەوبوارەدا کاردەکەن، هەقی خۆیان نەی لەئایندەی پیشەکەیان بترسێن؟، لەگەڵ ئەوەشدا، سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان، کە زێتر سەندیکای رۆژنامەنووسانی سەرکاغەزە، پێویست نییە وەک کارەکتەرێکی کارا، لەفیدراسیۆنی رۆژنامەنووسانی جیهان لەرێگای وەرەقەیەکی ئامادەکراوەوە، کۆنفرانسێکی جیهانی بۆببەستێت و بەدوای پێنایەسەیەکی دیکەدا بگەڕێین بۆ پیشەکەمان و میکانزمەکانی بەرەوپێشچوونی شانبەشانی کەناڵەکانی دیکەی گەیاندنی جەماوەری ئەویش بەرەوپێشەوە بچێت؟.

مەبەست لەخستنە رووی ئەم بابەتە، هەرئەوەنییە کەباس لەبەراوردێک بکەین، چونکە زۆرێک لەرۆژنامەنووسان، راستی ئەم پرسە دەزانن، بەڵکو مەبەستی سەرەکی، رووبەڕووی خۆمان دەبێتەوە، بەوەی کە خودی سەندیکای رۆژنامەنووسان و پیشەی رۆژنامەنووسیمان لەژێر چەندین پرسیاری گەورەدایە، بەشێوەیەک ئەم پرسیارانە زۆر جار وەک خاڵی نەرێنی ئاراستەی سەندیکا دەکرێت، لەکاتێکدا، سەندیکا خۆی بەدوای چارەسەرییەکاندا دەگەڕێت، لەو واقیعەی لەکۆمەڵگای کوردستاندا هەیە، گەڕانەکەی بەو شێوەیە نییە کە بەردەوام بیر لەوە بکاتەوە کە چۆن چارەسەری هەموو ئەو تەحدیاتانە بکات، بەڵکو لەوەدایە کە هەرگرفتێکی لەنموونەی رۆژنامەی ئەلیکترۆنی دێتە پێش، کەلەیاسای کاری رۆژنامەگەری و یاسای سەندیکا جێگای نییە، چۆن چارەسەری بکات، کاتێک بۆ ئەوە دەچێت رووبەڕووی چەندین بەربەست دەبێتەوە، چونکە ئەگەر جیهان، جیهانێکی کراوە بێت، لەچین ویابانەوە تا مەکسیک، ئەوە بێگوومان بۆ ئێمە خەڵکی کوردستان، لەچوارچێوەدانی سەندیکایی ئەم پێشکەوتنانەی بواری تەکنۆلۆژیای گەیاندنی زانیاری و جەماوەری ئاسان نییە، لەگەڵیشیدا، پیشەی رۆژنامەنووسی لەقاوغە راستەقینەکەی خۆیدا نەماوەتەوە، بەرەو ئەوە چووە، کە ببێتە بەشێکی سەرەکی گۆڕانکاری لەهەمانکاتدا ببێتە پیشەیەکی بەرکراوە بۆ هەموو کەسێک، لەهەموکاتێک، لەهەر جێگایەک، کە کاری رۆژنامەنووسی بکات.

ROZHNAMANOOS

Aperiodical Magazine Specialized in Press
Issued by Kurdistan Journalist`s Syndicate
No. 25 Autumn 2011

زەبووری حەقیقەت دۆزرایەوە